چرپە

خەرمانێك لە ئامۆژگاری بۆ هاوسەران

دکتۆر حسان شەمسی پاشا

وەرگێڕانی
ئازاد عباس گلێجانی

بۆهاوسه ران Bo Hawsaran +9

بۆهاوسه ران Bo Hawsaran

پەیجێک بۆهاوسەرە خۆشەویستەکان بۆگەیاندنی ئامۆژگاری و?

لە لایەن پەیجی (بۆهاوسەران BoHawsaran) کراوە بە PDF

بەهاوکاری چەناڵی تلگرامی

(تەنیا حاجی Tanya Haji)

لە لایەن پەیجی (بۆهاوسەران BoHawsaran)
کراوە بە PDF بەهاوکاری چەناڵی تلگرامی
(تەنیاحاجی Tanya Haji)

دکتۆر حەسسان شەمسی پاشا

چـــرپـــە

خەرمانێك لە ئامۆژگاری بۆ هاوسەران

وەرگێڕانی
ئازاد عەبباس گلێجاڵی

ناوی کتێب: چـــرپـــه: خەرمانێک لە ئامۆژگاری بۆ هاوسەران
ناوی نووسەر: دکتۆر حەسسان شەمسی پاشا
وەرگێڕانی: ئازاد عەببباس گلێجاڵی
دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٠
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٤٩٦)ـی ساڵی (٢٠٢٠)ـی پێ دراوە.

خانەی بڵاوکار بە زمانی عەرەبی: دار القلم، سوریا

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی- بازاڕی ئاوباریک- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ- دوکانی ژمارە (٦٦)

پێڕست

پێشەکی وەرگێڕ ١٣

فەرهەنگۆک ١٥

شەوی (٥٤٨) هەڵوێستێک لەگەڵ چەند نایەتێکی قورئاندا (١) ٢١

شەوی (٥٤٩) هەڵوێستێک لەگەڵ چەند نایەتێکی قورئاندا (٢) ٢٥

شەوی (٥٥٠) خۆشەویستی لە مااڵی پێغەمبەر(ﷺ) (١) ٢٨

شەوی (٥٥١) خۆشەویستی لە مااڵی پێغەمبەر(ﷺ) (٢) ٣١

شەوی (٥٥٢) خۆشەویستی لە مااڵی پێغەمبەر(ﷺ) (٣) ٣٤

شەوی (٥٥٣) خۆشەویستی لە مااڵی پێغەمبەر(ﷺ) (٤) ٣٨

شەوی (٥٥٤) خۆشەویستی لە مااڵی هاوەاڵندا ٤١

شەوی (٥٥٥) کامتان نییەتی هێناوە؟ ٤٤

شەوی (٥٥٦) باوکە خەتکوژێنەوەت بۆ چییە؟ ٤٧

شەوی (٥٥٧) وتە و وشەی جوان خێرە و سەدەقەیە ٥٠

شەوی (٥٥٨) بە ڕێزەوە لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن ٥٣

شەوی (٥٥٩) ڕێزی ژنەکەت بگرە ٥٦

شەوی (٥٦٠) خۆت بڕازێنەوە بۆ ژنەکەت ٥٩

شەوی (٥٦١) تەنیا لە الی مەبە، لەگەڵیدا بە ٦٢

شەوی (٥٦٢) چەند کاتێکی گرنگ ٦٥
شەوی (٥٦٣) پیاوان چییان پێخۆشە؟ ٦٨
شەوی (٥٦٤) چاکەی خەڵکت بوێت ٧١
شەوی (٥٦٥) دیارە ژنان وەکو پیاو نین (١) ٧٤
شەوی (٥٦٦) دیارە ژنان وەکو پیاو نین (٢) ٧٧
شەوی (٥٦٧) چۆن مامەڵە لەگەڵ مێردەکەت دەکەیت؟ ٨٠
شەوی (٥٦٨) وشەکان و وشەکان ٨٣
شەوی (٥٦٩) چۆن کارێك دەکەیت ژنەکەت تۆی خۆش بوێت؟ ٨٦
شەوی (٥٧٠) ژیانێکی خۆش ٨٩
شەوی (٥٧١) ڕێز لە ژنەکەت بگرە ٩٢
شەوی (٥٧٢) کەرەکە تەڵاق بدە، دوایی بێرەوە بۆ لای من ٩٥
شەوی (٥٧٣) چاوەکانی بخوێنەرەوە ٩٨
شەوی (٥٧٤) نهێنیی ماڵەکەت بپارێزە ١٠١
شەوی (٥٧٥) نەو نهێنیانەی کە نابێت ناشکرا بکرێن ١٠٤
شەوی (٥٧٦) (نا)کان بۆ ژنان ١٠٧
شەوی (٥٧٧) (نا)کان بۆ پیاوان ١١٠
شەوی (٥٧٨) باشترین ژن بە ١١٣
شەوی (٥٧٩) ماڵەکەت باخچەی ناسوودەییە ١١٧
شەوی (٥٨٠) دەتەوێ دڵی مێردەکەت داگیر بکەیت؟ ١٢٠
شەوی (٥٨١) مێوینە بە ١٢٢
شەوی (٥٨٢) نزیکترین ڕێگا بۆ لای دەرگای دڵی مێرد ١٢٥
شەوی (٥٨٣) نەوین ناوی ژیانە ١٢٨
شەوی (٥٨٤) ڕۆژێك لە ژیانی ژنێکدا ١٣١
شەوی (٥٨٥) پێنج خاڵ لەنێوان ژن و مێرددا (١) ١٣٤
شەوی (٥٨٦) پێنج خاڵ لەنێوان ژن و مێرددا (٢) ١٣٧

شەوی (٥٨٧) شتە بێزارەکان ١٤٠
شەوی (٥٨٨) نامۆژگارییەکی جیاواز ١٤٢
شەوی (٥٨٩) ژنەکەم (١) ١٤٥
شەوی (٥٩٠) ژنەکەم (٢) ١٤٨
شەوی (٥٩١) ژنەکەم (٣) ١٥١
شەوی (٥٩٢) مێردەکەم نوێژی بەیانیان ناکات ١٥٤
شەوی (٥٩٣) بەڵێ بۆ نوێکردنەوەی خۆشەویستی و نەوین ١٥٧
شەوی (٥٩٤) بۆچی دەست لە خۆیان دەشۆنەوە؟ ١٦٠
شەوی (٥٩٥) واز لە سەرکۆنە بێنە ١٦٣
شەوی (٥٩٦) پیرێك نەویندارى پیرێتیەکەی خۆیەتی ١٦٦
شەوی (٥٩٧) کەمێك خۆڕاگری ١٦٩
شەوی (٥٩٨) هەستەکانی ژنەکەت ١٧٢
شەوی (٥٩٩) ژنەکەت خۆش بوێت ١٧٥
شەوی (٦٠٠) چاوپۆشی لە یەکتر بکەن ١٧٨
شەوی (٦٠١) بۆ نەوەی نەوین نەمرێت ١٨١
شەوی (٦٠٢) کەی دیاریت پێشکەشی ژنەکەت کردووە؟ ١٨٤
شەوی (٦٠٣) وەك مێشەهەنگوین بە ١٨٧
شەوی (٦٠٤) گونکەژمێری لە سۆزداریدا ١٩٠
شەوی (٦٠٥) بە گیان و دڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکە ١٩٣
شەوی (٦٠٦) نازاری خۆم و کوڕەکانمان دەدا ١٩٦
شەوی (٦٠٧) لەنێوان دایك و ژندا ١٩٩
شەوی (٦٠٨) کەسوکاری مێردەکەم ڕقیان لێمە ٢٠٢
شەوی (٦٠٩) دڵی ماڵە خەسوو بە دەست بێنە (١) ٢٠٤
شەوی (٦١٠) دڵی ماڵە خەسوو بە دەست بێنە (٢) ٢٠٧
شەوی (٦١١) چی بچێنی هەر ئەوە دەدوریتەوە ٢١٠

شەوی (٦١٢) چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسوکاری ژنەکەتدا دەکەیت؟ ٢١٣
شەوی (٦١٣) نامەیەك بۆ خەسووەکان ٢١٦
شەوی (٦١٤) خوشکەکەت خۆشەویستە ٢١٩
شەوی (٦١٥) یارمەتی مێردەکەت بدە بۆ سەرکەوتن (١) ٢٢٢
شەوی (٦١٦) یارمەتی مێردەکەت بدە بۆ سەرکەوتن (٢) ٢٢٥
شەوی (٦١٧) دایکی حەکیمی مەخزومی ٢٢٨
شەوی (٦١٨) کاتێك مێردەکەت رێبوارە ٢٣١
شەوی (٦١٩) پاداشتی مێردەکەت بدەرەوە ٢٣٤
شەوی (٦٢٠) ژنەکەم یان لە بازارە، یان لە گەڕانە ٢٣٧
شەوی (٦٢١) قسەی دڵیان کرد... لە یەکتر بووران ٢٤٠
شەوی (٦٢٢) خۆ خافڵاندن کاری بەڕێزەکانە ٢٤٣
شەوی (٦٢٣) چەند پەیامێکی خێرا ٢٤٦
شەوی (٦٢٤) شەش جۆر ژن ٢٤٩
شەوی (٦٢٥) چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنێکدا دەکەیت کە خۆشت ناوێت؟ ٢٥٢
شەوی (٦٢٦) نەمەکداریی دەگمەنەکان ٢٥٥
شەوی (٦٢٧) ناوا پێشوازی لە مێرد دەکرێت ٢٥٨
شەوی (٦٢٨) کێ سەرکردەیە؟ ٢٦١
شەوی (٦٢٩) نەو ژنانەی هەست بە بێزاری دەکەن ٢٦٤
شەوی (٦٣٠) خۆتان پشتگوێ مەخەن ٢٦٧
شەوی (٦٣١) گەڕانەوە بۆ نەوین ٢٧٠
شەوی (٦٣٢) لەگەڵیان باش بن ٢٧٢
شەوی (٦٣٣) ژیانی خۆتان بە هی خەڵکی مەچوێنن ٢٧٦
شەوی (٦٣٤) تۆ شاژنی ماڵی خۆتی ٢٧٩
شەوی (٦٣٥) کێ دەرگاکە دەکاتەوە ٢٨٢
شەوی (٦٣٦) لە ناست منداڵ سەری بەرز ناکاتەوە ٢٨٥

شەوی (٦٣٧) گوڵەکەت بە نیمان ناودێری بکە ٢٨٨
شەوی (٦٣٨) نزا و پاڕانەوە ٢٩١
شەوی (٦٣٩) ژیانم هەموو بۆ خودایە ٢٩٥
شەوی (٦٤٠) تەنیا پابەندبوونی پیاوان بەسە؟ ٢٩٨
شەوی (٦٤١) لە خۆشەویستی بێزار مەبن ٣٠٢
شەوی (٦٤٢) قسەی خۆش ناکات ٣٠٥
شەوی (٦٤٣) ژنێکی ژیر و ژنێکی گێل ٣٠٨
شەوی (٦٤٤) باشبوون لەگەڵ خێزاندا ٣١١
شەوی (٦٤٥) ئایا هاوسەرگیری گۆڕی ئەوین و خۆشەویستییە؟ ٣١٤
شەوی (٦٤٦) ئەوین چۆن لەناو دەچێت؟ ٣١٦
شەوی (٦٤٧) دوور لە بیابانی ژنومێردایەتی ٣١٩
شەوی (٦٤٨) کێ زیاتر بێدەنگە، پیاو یان ژن؟ ٣٢٢
شەوی (٦٤٩) چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوسەرێکدا دەکەیت کە خۆشت ناوێت؟ ٣٢٤
شەوی (٦٥٠) چۆن دڵی هاوسەرەکەت دەتۆرێنیت؟ ٣٢٧
شەوی (٦٥١) پیاو ڕقی لە چ جۆرە ژنێکە؟ ٣٣٠
شەوی (٦٥٢) ئەی ژنان ڕقیان لە چ پیاوێکە؟ ٣٣٣
شەوی (٦٥٣) کاتێك پیاوان دەتۆرێن ٣٣٥
شەوی (٦٥٤) ئاوا هەڵەکان لە بیر دەکرێن ٣٣٨
شەوی (٦٥٥) دوودڵ مەبە و داوای لێبووردن بکە ٣٤١
شەوی (٦٥٦) داوای لێبووردن هونەری دەوێت ٣٤٤
شەوی (٦٥٧) ڕێگاکانی داوای لێبووردنکردن ٣٤٧
شەوی (٦٥٨) بۆچی پیاو داوای لێبووردن ناکات؟ (١) ٣٥٠
شەوی (٦٥٩) بۆچی پیاو داوای لێبووردن ناکات؟ (٢) ٣٥٣
شەوی (٦٦٠) هەندێ پیاو زۆر دڵڕەقە ٣٥٦
شەوی (٦٦١) مێردەکەم کەمتەرخەمە ٣٥٩

شەوی (٦٦٢) پیاوێکم دەوێت ٣٦٢
شەوی (٦٦٣) یەکەمجار مێرد... دووەمجاریش هەر مێرد ٣٦٥
شەوی (٦٦٤) ژنەکەم خۆی دەکات بە نەخۆش و سکاڵای زۆرە ٣٦٨
شەوی (٦٦٥) مێردەکەم ناگۆڕێت ٣٧٢
شەوی (٦٦٦) مێردەکەم لە ماڵەوە دانانیشێت ٣٧٥
شەوی (٦٦٧) نازیزەکەم! بێرۆ بۆ ماڵ ٣٧٨
شەوی (٦٦٨) مێردەم لای هاوڕێکانیەتی ٣٨١
شەوی (٦٦٩) مێردەکەم بە هیچ ڕازی نییە ٣٨٤
شەوی (٦٧٠) غیرەت... دووکەڵی نەوین ٣٨٧
شەوی (٦٧١) غیرەی نێوان ژن و مێرد (١) ٣٩٠
شەوی (٦٧٢) غیرەی نێوان ژن و مێرد (٢) ٣٩٣
شەوی (٦٧٣) خۆڕاگری، یان ملکەچی ٣٩٦
شەوی (٦٧٤) کاتێ داوای شتی پێویستت لێ دەکەم ٣٩٩
شەوی (٦٧٥) مێردەکەم پیسۆکە (١) ٤٠٢
شەوی (٦٧٦) مێردەکەم پیسۆکە (٢) ٤٠٥
شەوی (٦٧٧) قەرزەکان کەڵەکە دەبن ٤٠٩
شەوی (٦٧٨) پیسۆکی کارەساتی لە شوێن دێت ٤١٢
شەوی (٦٧٩) ژنێکی سکاڵاکەر ٤١٦
شەوی (٦٨٠) کەللەڕەق مەبە ٤١٩
شەوی (٦٨١) ژنەکەم کەللەڕەقە ٤٢٢
شەوی (٦٨٢) من کەللەڕەقم ٤٢٥
شەوی (٦٨٣) لووتبەرزی کوشتمی ٤٢٩
شەوی (٦٨٤) مێردەکەم زوو هەڵدەچێت ٤٣٢
شەوی (٦٨٥) من زوو هەڵدەچم ٤٣٤
شەوی (٦٨٦) کاتێ مێردەکەت تووڕەت دەکات ٤٣٧

شەوی (٦٨٧) مێردەکەم تووڕەیە ٤٤١
شەوی (٦٨٨) زوو تووڕە دەبێت... زوو هێور دەبێتەوە ٤٤٤
شەوی (٦٨٩) سنوورێك بۆ کێشەکان ٤٤٧
شەوی (٦٩٠) چۆن گفتوگۆ لەگەڵ مێردەکەتدا دەکەیت؟ ٤٥٠
شەوی (٦٩١) بۆچی هەندێ پیاو لە ژنەکەی دەدات؟ (١) ٤٥٣
شەوی (٦٩٢) بۆچی هەندێ پیاو لە ژنەکەی دەدات؟ (٢) ٤٥٦
شەوی (٦٩٣) مێردەکەم تووڕەیە و بەردەوام لێم دەدات ٤٥٩
شەوی (٦٩٤) ژنەکەم لە من دەدات ٤٦٢
شەوی (٦٩٥) نەکەی بە ژنەکانان هەڕەشە لە ژنەکەت بکەیت ٤٦٥
شەوی (٦٩٦) مێردەکەم هەڕەشەی ژنەکانانم لێ دەکات ٤٦٨
شەوی (٦٩٧) با هیچ کەسێك نەزانێت ٤٧١
شەوی (٦٩٨) بۆچی خزم و کەسوکار دەکەونە نێوان ژن و پیاوەوە؟ ٤٧٥
شەوی (٦٩٩) نا بۆ دەستتێوەردان ٤٧٧
شەوی (٧٠٠) ڕاوێژکردن بە دەستەخوشکان ٤٨٠
شەوی (٧٠١) منالەکان مەخەنە ناو گێژاوی کێشەکانەوە ٤٨٣
شەوی (٧٠٢) لووتبەرزی سەرشۆڕی دێنێت ٤٨٦
شەوی (٧٠٣) نالەی پیاوان ٤٨٩
شەوی (٧٠٤) نالەی ژنان ٤٩٢
شەوی (٧٠٥) ژنانی بێچارە ٤٩٥
شەوی (٧٠٦) چۆن هەستە نەرێنییەکانت دەردەبڕی؟ ٤٩٨
شەوی (٧٠٧) نادێری درۆ ٥٠١
شەوی (٧٠٨) بۆچی ژن درۆ دەکات؟ ٥٠٥
شەوی (٧٠٩) مێردەکەم درۆزنە ٥٠٨
شەوی (٧١٠) مێردەکەم باشە، بەڵام سەیری شتی خراپ دەکات (١) ٥١١
شەوی (٧١١) مێردەکەم باشە، بەڵام سەیری شتی خراپ دەکات (٢) ٥١٤

شەوی (٧١٢) نایا نەم ژنە ژنی سەر زەوییە؟ ٥١٧
شەوی (٧١٣) مێردەکەم ناپاکیم لەگەڵ دەکات ٥٢١
شەوی (٧١٤) بە وردی لێی ورد ببنەوە ٥٢٤
شەوی (٧١٥) ژیان لەگەڵ پیاوی سەرخۆشدا دەچێتە سەر؟ ٥٢٧
شەوی (٧١٦) چۆن مێردەکەی ناچار دەکات؟ ٥٣٠
شەوی (٧١٧) ژنانی ناڕازی ٥٣٣
شەوی (٧١٨) پێش جیابوونەوە باش بیر بکەنەوە ٥٣٦
شەوی (٧١٩) ژنێك داوای جیابوونەوەی کرد ٥٣٩
شەوی (٧٢٠) لەسەر ڕێگای تەڵاقدان ٥٤٢
شەوی (٧٢١) مێردەکەم دەیەوێت تەڵاقم بدات ٥٤٥
شەوی (٧٢٢) بێفەڕترین حەڵاڵ (١) ٥٤٨
شەوی (٧٢٣) بێفەڕترین حەڵاڵ (٢) ٥٥٢
شەوی (٧٢٤) کاتێك لە خۆشەویستەکەت جیا دەبیتەوە ٥٥٦
شەوی (٧٢٥) دوای لە یەکتر جیابوونەوە ٥٥٩
شەوی (٧٢٦) نامۆزگاری پێش کۆتایی (١) ٥٦٢
شەوی (٧٢٧) نامۆزگاری پێش کۆتایی (٢) ٥٦٥
شەوی (٧٢٨) پیاو ناوا دەبێت ٥٦٨
شەوی (٧٢٩) دەبێت ژن ناوا بێت (١) ٥٧١
شەوی (٧٣٠) دەبێت ژن ناوا بێت (٢) ٥٧٣

پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز و هێژا...

کات کاتی کەرەنتینەیە و هەموو خەڵکی لە ترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا - کە دوای هەزاران جار گەورەکردن ئینجا بە حاڵ دەبینرێت - خزاونەتە ماڵەوە و بۆیان نییە بەبێ پرس، هاتوچۆ بکەن، ئەو هاتوچۆیەی کە جاران یەک کەس بیری لێ نەدەکردەوە و بە هیچی نەدەزانی، دەرکەوت کە یەکێکە لە ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە و مەزن ﴿فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ ۝٣ الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ ۝٤﴾ قریش: ٣ - ٤

دیسان بۆ زۆر کەس دەرکەوت کە خوگرتن بە کتێبخوێندنەوەوە یەکێکی ترە لەو ناز و نیعمەتە گەورانەی پەروەردگار...

کاری وەرگێڕانی ئەم کتێبە لەم ڕۆژانەدا بووە بە ئۆخژن بۆ من... با زیاتر لە سەری نەڕۆم... ئەمە چوارەمین کتێبە لە زنجیرە کتێبەکانی هەزار و یەکشەوەی بەڕێز دکتۆر حەسسان شەمسی پاشا... ئەم کتێبەیان زیاتر باس لە ژیانی نێوان ژن و مێردە، بۆیە پێویستە ژن و مێرد ئاگایان لەم کتێبە بێت و بیخوێننەوە و... من پێموایە کاتێک دوو گەنج هاوسەرگیری دەکەن و دەیانەوێت پێکەوە

ژیانی نوێ دەست پێ بکەن، وا باشە ئەم کتێبە بە وردی بخوێننەوە بۆ ئەوەی پیاو لە ژن تێبگات و ژنیش لە پیاو تێبگات... بەو جۆرە ژیانێکی خۆش و ئارام دەست پێ دەکەن...

هیوادارم وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، کەلێنێک پڕ بکاتەوە، هەم لە کتێبخانەی کوردی و هەم کەلێنی تێنەگەیشتنی ژن و پیاو لە یەکتر...

ئەمجارەیش وەک جارانی ڕابردوو وردە دەسکارییەکم هەر کردووە... بە خوێندنەوەی پێشەکی بەرگەکانی تر دەزانی مەبەستم لە دەسکاری‌کردن چییە...

زیاتر لە کاتی پیرۆزتان ناگرم بۆ ئەوەی زووتر بچنە ناو کتێبەکە و بابەتەکان بە چاوی خۆتان ببینن و بیخوێننەوە...

براتان

ئازاد عەباس عەبدولقادر گلێجالی

شارەزوور - گوندی قەرەگۆلی حاجی جەزا

یەکشەممە - ٥ - ٤ - ٢٠٢٠

فەرهەنگۆک

خوێنەری بەڕێز... لەوانەیە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەندێک وشە ببینیت و بە لاتەوە نامۆ بێت و ماناکەی نەزانی... ئەگەر تووشی وشەیەکی نامۆ هاتی لێرە بەدوای ماناکەیدا بگەڕێ...

ئادێر: ئافات، بەڵا.

ئامیان: هەوێن، مایە.

ئەشقاو: ئاوێک کە لە چووکی پیاو دەردەچێت لە کاتی نزیکبوونەوە لە ژنەکەی، مەنی.

باریک و بنیسی: لەڕی و کزی زۆر بەهۆی نەخۆشییەوە.

بالیک: وشەیەکە یانی ئاگاداربە! خۆت لادە!

بڕست: هێز، وزە، توانا.

بزۆز: جڕوجانەوەر، مێشومەگەز، حەشەرات.

بەرک: باخەڵ.

بەرەڵبینە: بەروانکە، ئەو قوماشەی لە کاتی کارکردن و چێشتلێنانداا نێوان کەمەر تا ئەژنۆی پێ دادەپۆشرێت.

بیور: تەور، ئامێری داربڕین.

پپلە: سسلە، زێڕ و سکەی ورد بە زنجیرەوەکردن بە مەبەستی خشڵ و ڕازاندنەوە.

پسمام: کوڕی مام، ئامۆزای نێرینە.

پەرا: سەلا، خزمەت، (لە پەراتدام: لە خزمەتتدام).

پەڵپگرتن: بیانووگرتن، گڕوگرتن.

پیر: پیاوی بەسالاچوو، پیاوی بەتەمەن.

پیرەک: ژن، مێوینەی مرۆڤ.

پیسۆک: قرچۆک، ڕەزیل، دژی سەخی و مالدار.

پێگرتن: بەرامبەری یەکتری گرتن، تطبیق.

پێگەڕ: سەیارە، ئۆتۆمۆبیل.

پێل: شەپۆلی دەریا.

پێودانگ: لەبەریەکتری ڕاگرتن، قیاس.

تراو: شل، بەرامبەری خەست.

تمەز: وادیارە.

تۆپزی: بە زۆر، بە خورتی، بە بەکارهێنانی هێز.

تەتکە: لەگەل مووروو دەگوترێ (تەتکە و مووروو) مووروو زەنگیانەی زۆر و جۆراوجۆر.

تەپکە: داوی بالدار و چۆلەکەگرتن، تەلە.

تەکوز: ڕێکوپێک، لەبار و بێ کەمایەسی.

تەوسانەوە: سڵکردنەوە، سڵەمینەوە.

تیفتیفە: خۆجوان و لووسکردن، ماکیاجکردن.

جەفەنگ: شۆخی و قسەی خۆش، جەفەنگلێدان: ڕابواردن و قسەی خۆشکردن. مامۆستا هێمن دەفەرموێت:

ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر ڕما
شەو لە بۆ کەیفی لە مالی خۆی نەما
بۆ دەبێت بێت و بکا مەیخانە تەنگ
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گالتە و جەفەنگ.

جەموجۆر کردن: کۆکردنەوە و ئامادە کردن.

جەوهەر: تراوێکە بۆ نووسین و ڕەنگ بەکار دێت، بە زۆری ڕەشە، مورەکەب، حیبر.

جینگڵدان: خەولێنەکەوتن و ئەمدیوئەودیوکردن لەسەر جێگا.

چاوۆکە: کۆڵەپشتی ژنانە، قوماشێک کە بۆ جوانی لە سەرەوەی جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکرێ، کۆڵوانە.

چەپەر: سەنگەر.

حولەمەرەسی: دووبارە هاتنەوە سەر کارێک کە پێشتر وازی لێهێنابوو.

خاپینۆک: دەسبڕ، فێڵباز.

خاپاندن: خەڵەتاندن.

خوسپ: خراپەوتنی کەسێک لە پاشملە، غەیبەت.

خوناوکە: ملوانکە، خشڵێکە ژنان لە ملی دەکەن.

خەسوو: دایکی مێرد، یان دایکی ژن.

خەنیم: دوژمن، نەیار.

درکەزی: درکێکی پڕ و چڕ کە دەکرێت بە پەرژین.

دروشم: نیشانەی تایبەتی.

درێنەوە: کردنەوە، چاودرێنەوە.

دزێو: ناحەز، ناشیرین، ناخۆشتەڤی.

دش: خوشکی مێرد.

دەستەمۆ: ئاژەڵێک کە ڕام بووبێت و زوو بگیرێت.

دیل و داو: چەقەقە و هەرا، دەنگەدەنگ.

زگورد: مرۆڤی بێهاوسەر، کوڕی بێژن و کچی بێ مێرد، ئەمڕۆ ئەم وشەیە خەریکە دەیمرێنن و لەجیاتی ئەم وشە کوردییە پەتییە وشەی (سینگڵ)ـی بێگانە بەکار دێنن.

زۆجکردن: خەڵەتاندن، خاپاندن.

ژێرچەنە: زنجیرێک، یان پەتێک کە بە سکە و موورووە ڕازێنراوەتەوە لەم نەرمە گوێ تا ئەو نەرمەگوێ بەژێر چەناکەدا دەبرێ بۆ ئەوەی فێس بە باشی خۆڕاگرێت و نەجوولێ و نەکەوێت.

ژنبرا: برای ژنی کەسێک بۆ ئەو کەسە دەبێت بە ژنبرا.

ساچان: گونجان، سازش.

سسلە: پپلە (تەماشای وشەی پپلە بکە).

سکڵ: پشکۆ، ئەخگر، ڕەژووی تاوگرتوو.

سکەلێدان: دەوڵەمەندبوون، کەسێک بتوانێت پارە دروست بکات.

سوورەکوان: دوومەڵ، کونێر.

سەکەت: توپیو، کوژراو، دژی شەهید، سەکەتبوون: کوژرانی کەسێکی بێنرخ.

سەڵا: پەرا، خزمەت (لە سەڵاتدام: لە خزمەتتدام).

شایلۆغان: شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ.

شۆخی: گاڵتەکردن، قسەی خۆش و سوعبەتکردن.

شەوە: کابووس، مۆتەکە.

شیرازە: بن دوورینی پەڕی کتێب پێکەوە، جزووبەن (شیرازەتێکچوون: هەڵوەشانەوە).

غوڕڕاب: شیرینەخەو، خەوی قورس.

فێس: کڵاوێکی ڕەشە، ژنان لە سەری دەکەن و بە تەتکە و موورووە دەیڕازێننەوە و ژێرچەنەی بۆ دەکەن.

قنگی سەگ: بڕێتی لە هیچ (لە قنگی سەگ سوالکردن: بڕێتییە لە هەژاری زۆر هەژار، ئەو پیاوە ئەوەندە هەژارە لە قنگی سەگدا سوال دەکات).

قنیات: قەناعەت، بە بەشی خۆ ڕازیبوون.

قەلەپرۆز: سووتان و بوون بە خۆڵەمێش.

کاوەخۆ: لەسەرخۆ، بە هێمنی.

کڵبوون: لارەڕێ بوون، لە ڕێگەی ڕاست لادان، وێڵبوون، گومڕابوون.

کر: دروستکراو، مەخلوق.

کردگار: دروستکەر، خالق.

کرمەک: خشڵی ژنانە.

کۆڵوانە: چارۆکە.

کونێر: دوومەڵ، سوورەکوان.

کەکرە: گیایەکی زۆر تاڵ.

گادێری: شوێنی بەخێوکردنی مانگا، کێڵگەی مانگا.

گڕوگرتن: بیانووگرتن، پەڵپگرتن (شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانییە. م. هێمن).

گنج: چرچی ناوچەوان.

گونک: ئەندازیەکی خڕ و بچووک لە هەویر، بەشی یەک نان هەویر.

گونکەژمێر: بریتییە لە مرۆڤی زۆر پیسکە و چاوچنۆک.

گەف: هەڕەشە، ترساندن بە قسە.

گەمیە: کەشتی گەورە. گەمیەوان: کەشتیوان، ناخودا.

گەناوەر: بزۆز، حەشەرات.

لەپاش سالێک سڵا مالێک: بریتییە لە درەنگهاتن بە دەم کارێکەوە.

لەرزانە: خشڵێکی ژنانەیە.

لەیستۆک: کەلوپەلی یاری منداڵانە، لەعابە.

میچ: لای سەرەوەی خانوو، سەقف.

ناخون: نینۆک.

ناخون لەیەک سوین: ئەفسانەیەکە گوایە لە کاتێکدا دوو کەس خەریکە گرژی دەکەوێتە نێوانیانەوە ئەگەر کەسێکی تر پێی خۆشبێت

بەشەڕ بێن نینۆکەکانی دەستی ڕاستی لە نینۆکەکانی دەستی چەپی دەسوێت، ئیتر دوانەکە بە دڵنیاییەوە دەبێت بە شەڕیان.

وەج: ڕێز، حورمەت.

وەوی: بووک، ژنی کوڕ.

ویرەویر: قسەی بێتام و بێمانا، قسەی بێکەڵک زۆرکردن.

هاوێرکران: جیاکردنەوە، لەیەک جیاکردنەوەی گیاندار، یان مرۆڤ لە هاوڕەگەزەکانی.

هەل: چەل، جار، کەڕەت.

هەڵزنین: هەڵچوون بەرەو باڵا.

هەوە: ژنی شووی ژنێکی تر، پیاوی دوو ژنە ژنەکانی دەبنە هەویەی یەکتر.

هیم: بناغە، بادلۆ.

یاڵ: مووی ملی ئەسپ و شێر و...

***

هەڵوێستێك لەگەڵ چەند ئایەتێکی قورئاندا (١)

- ﴿لِّتَسْكُنُوٓاْ إِلَيْهَا﴾ الروم: ٢١ بۆ ئەوەی لە لایدا ئارام بگرن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓاْ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ الروم: ٢١ واتە: یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک کە بیر دەکەنەوە و تێدەفکرن.

ژن لە لای پیاوەکەیدا ئارام دەحەسێتەوە... پیاویش لە لای ژنی خۆی دەحەسێتەوە... خوای گەورە لە ئایەتێکدا ئاماژە بەم پەیوەندییە پتەوە دەدات و دەفەرموێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ البقرة: ١٨٧ واتە: ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەیش پۆشاکن بۆ ئەوان.

ژن بۆیە دروست کراوە ببێ بە هاوسەری پیاو، پیاو لە لایدا بحەسێتەوە... دڵنیا بێتەوە... ئاسوودە ببێت... خۆ ژن بۆ ئەوە نییە پیاو بە کرێکار و خزمەتکاری خۆی بزانێ و سووکایەتی پێ بکات و لێدانی بکا... بۆ ئەوە نییە خۆی بە گەورەی ئەو بزانێت و ئەو بە ژێردەستەی خۆی...

ژن پێویستی بە پیاوێکە بیپارێزێ... پیاویش پێویستی بە ژنێکە بیحەسێنێتەوە...

خەڵک هەموو دەزانێت کە هەستیان بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر چۆنە... ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا هەیە مێشکی

مرۆڤی پڕ کردووە، بەڵام بە دەگمەن بیر لەوە دەکەنەوە کە خوای گەورە هاوسەری بۆ ئەوان دروست کردووە... خۆشەویستی و پەیوەندی تووندوتۆڵی خستووەتە نێوانیانەوە... دڵیان لای یەک ئاسوودە دەبێت... ژیانیان جێگیر و ئارام دەبێت... پیاو چەندێ لای ژنی خۆی دەحەسێتەوە و ئارام دەبێتەوە، ژنیش بە هەمان شێوە ئەوەندە لە لای پیاوەکەی دەحەسێتەوە و ئارام دەبێتەوە...

- ﴿وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ﴾ البقرة: ٢٢٣ تۆشەیەک پێش خۆتان بخەن...

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٢٣﴾﴾ البقرة: ٢٢٣ واتە: ژنانی هاوسەرتان کێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن، جا بە هەر شێوەیەک دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە (بە هیوای بەرهەم) و بۆ خۆتان دەست پێشخەری بکەن. (سەرەتا هاوسەری خواناس و چاک هەڵبژێرن، لەوەودوایش دوعا و نزا و خواپەرستی بەردەوام فەرامۆش مەکەن) و لە خوا بترسن و خۆتان لە خراپە بپارێزن و چاک بزانن و دڵنیا بن کە بە دیداری خودا شاد دەبن و ئەم مژدەیەیش بدە بە ئیمانداران.

شێخی شەعراوی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: شتێک پێش خۆت بخە کە ئاسوودەت بکات، کاتێک چێژ لەو نیعمەتە وەردەگری و لێی نزیک دەبیتەوە، ئەو کارە بکە کە پێغەمبەر(ﷺ) فێری کردووین، ناوی خوای لێ بێنە و بڵێ: اللهم جنبني الشيطان، و جنب الشيطان ما رزقتني. واتە: خوایە شەیتانم لێ دوور بخەرەوە، شەیتان لەو شتە دوور بخەرەوە کە دەیکەی بە نسیبی من... ئەگەر مسوڵمان ئەم نزایەی لە بیر نەچێت و بیڵێ و خوای گەورە لەو نزیکبوونەوەیەدا منداڵی پێ بەخشین (ان شا الله)، شەیتان پێی ناوێرێت، چونکە ئەو کاتەی تۆ تووێکت وەشاندووە زیکر و یادی

ئەو کەسەت کردووە کە تۆوەکەت بۆ پەروەردە دەکات، دەیڕوونێنێ و بە خێوی دەکات، زیکری خوای گەورەت کردووە، بەو زیکرەی خوای گەورە قەڵا و شورەیەکی پتەوت بۆ منالەکەت دروست کردووە، هەتا هەتایە شەیتان ناتوانێت ئەو قەڵایە داگیر بکات، ئەو شورەیە بڕووخێنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر باوکێک ئەو نزایە نەخوێنێت و منالی بۆ پەیدا ببێت، ئەوا منالەکەی دەبێت بە نێچیری شەیتان.

وقدموا لأنفسكم: واتە: شتێک پێش خۆتان بخەن، بە دریژایی ژیان بۆتان بمێنێتەوە، چونکە ئەو دەمەی تۆ لە ژنەکەت نزیک دەبیتەوە و نیەت و مەبەستت ئەوەیە خوای گەورە منالێکتان پێ بدات و لەو کاتەدا ناوی خوای لێ دەبەی و زیکری خوا دەکەی و پەنای پێ دەگری، ئیتر خوای گەورەیش منالێکی باش و ڕاسالت پێ دەبەخشێت، ئەو منالە نزات بۆ دەکات، منالەکانی خۆیشی فێر دەکات بۆ ئەوەی نزای خێرت بۆ بکەن... منداڵی منداڵەکانیش... هەروا دەبێت بە زنجیرە و تابێت زیاد دەکات و کارە خێرەکەت بەرهەمێکی وای دەبێت هەتا ڕۆژی قیامەت بێ بەر نابێت...

- ﴿أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾ النساء: ٢١ ئێوە بە یەکەوە بوون و لە جێ و بانێکدا خەوتوون، خۆشیتان لە یەکتر دیوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٢١﴾﴾ النساء: ٢١ واتە: جا چۆن دروستە مارەییان لێ وەربگرنەوە، لە کاتێکدا ئێوە چوونەتە لای یەکتر و ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورە و گرنگیان لێ وەرگرتوون (لە کاتی مارەکردنیاندا).

خۆشیتان لە یەکتر دیوە... ئەو خۆشییە چییە؟

مرۆڤ ناتوانێت ئەو خۆشییە دیاری بکات، چونکە دانە و دوان

نییە... کاری شەو و ڕۆژێک نییە، لە ماوەی هاوسەرگیرییەوە دەست پێ دەکات تا مردن، یان لە یەکتر جیابوونەوە... خۆشیی سەیرکردنی یەکتر... خۆشیی خۆشەویستی... خۆشیی ئەوین و ئەویندارێ... خۆشیی دەستەیەکدان... خۆشیی هەست و سۆز... خۆشیی... تەنانەت خۆشیی ئەو ئێش و ئازارانەیش کە پێکەوە دەیچێژن... کاتێ یەکێکتان خەم و خەفەتێکی هەیە، یان ئێش و ئازارێکی هەیە و تەنیا نییە و ئەویتر هاوخەمیەتی...

❁❁❁

هەڵوێستێك لەگەڵ چەند ئایەتێکی قورئاندا (٢)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ البقرة: ٢٢٨ هەر وەک ئەرکی ژنانەیان لەسەر شانە، ژنەکانیش مافی ڕەوای خۆیان هەیە.

دەقی زۆر هەن کە باس لە مافی پیاوان دەکەن بە سەر ژنانەوە، تەنانەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا آمُرُ أَحَدًا أَنْ يَسْجُدَ لِأَحَدٍ وَلَوْ أَمَرْتُ أَحَدًا يَسْجُدُ لِأَحَدٍ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا». رواه الطبراني. واتە: من فرمان ناکەم بەسەر کەسدا سەجدە بە هیچ کەسێک ببات، خۆ ئەگەر فرمانم بەسەر کەسێکدا بکردایە سەجدە بۆ کەسێک ببا، ئەوا فرمانم دەکرد ژن سەجدە بۆ پیاوی خۆی ببات.

پێغەمبەر(ﷺ) هانی ئافرەتانی داوە -ئەگەر ستەمێکیشیان لێ کرا- خۆڕاگر بن، خەو لە چاویان نەکەوێت هەتا دڵی میردەکانیان ڕازی دەکەن... هەتا هەرچییەکیان لە دڵدایە لە دڵیان دەربچێت...

ئەگەر ئافرەت بە گوێی ئەو فرمانەی پێغەمبەری(ﷺ) کرد، ئەوا کارەکەی بەفیرۆ ناچێت، بەڵکوو لە بەرامبەردا ڕەزامەندی خوای گەورە بە دەست دەهێنێت... خوای گەورە سەرپشکی دەکات خۆی لە کام دەرگای بەهەشتەوە پێی خۆشە بچێتە ژورەوە... بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: إِذَا صَلَّتِ الْمَرْأَةُ خَمْسَهَا ، وَصَامَتْ شَهْرَهَا ، وَحَفِظَتْ فَرْجَهَا ، وَأَطَاعَتْ زَوْجَهَا قِيلَ لَهَا : ادْخُلِي الْجَنَّةَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتِ. رواه احمد والطبراني. واتە: ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزەکەی جێبەجێ کرد، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی گرت، داوێنی خۆی پاراست، گوێڕایەڵی میردەکەی بوو، پێی دەوترێت: لە کام دەرگای بەهەشتەوە پێت خۆشە، بچۆرە نێو بەهەشتەوە.

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: أَلا أُخْبِرُكُمْ بِنِسائِكُمْ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ؟ الوَدُودُ الوَلودُ العَؤودُ الَّتي إِذا ظُلِمَتْ قالَتْ: هذِهِ يَدي في يَدِكَ لا أَذُوقُ غَمْضاً حَتّى تَرْضَى. رواه الدارقطني و الطبراني. واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرووی: کورە پێتان بڵێم کام ژنانەی ئێوە لە بەهەشتدان؟ ئەو ژنانەی کە مێردی خۆیان خۆش دەوێ و لای مێردەکانیان خۆشەویستن، ئەوانەی کە منداڵیان دەبێت، ئەوانەی کە سوودیان بۆ مێردەکانیان هەیە، ئەوەی کە ئەگەر ستەمێکی لێکرا دەڵێ: ئەوە دەستمە لەنێو دەستندایە، نابێت خەو لە چاوم بکەوێ هەتا لەگەڵمدا ئاشت نەبیتەوە و لێم ڕازی نەبیت.

با بچینە خزمەت ئەم فەرموودە مەزنەکەی کە دایە عایشە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:

لَمَّا كَانَتْ لَيْلَتِي الَّتِي كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) فِيهَا عِنْدِي، انْقَلَبَ فَوَضَعَ رِدَاءَهُ، وَخَلَعَ نَعْلَيْهِ، فَوَضَعَهُمَا عِنْدَ رِجْلَيْهِ، وَبَسَطَ طَرَفَ إِزَارِهِ عَلَى فِرَاشِهِ، فَاضْطَجَعَ، فَلَمْ يَلْبَثْ إِلَّا رَيْثَمَا ظَنَّ أَنْ قَدْ رَقَدْتُ، فَأَخَذَ رِدَاءَهُ رُوَيْدًا، وَانْتَعَلَ رُوَيْدًا، وَفَتَحَ الْبَابَ فَخَرَجَ، ثُمَّ أَجَافَهُ رُوَيْدًا، فَجَعَلْتُ دِرْعِي فِي رَأْسِي، وَاخْتَمَرْتُ، وَتَقَنَّعْتُ إِزَارِي، ثُمَّ انْطَلَقْتُ عَلَى إِثْرِهِ، حَتَّى جَاءَ الْبَقِيعَ فَقَامَ، فَأَطَالَ الْقِيَامَ، ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ انْحَرَفَ فَانْحَرَفْتُ، فَأَسْرَعَ فَأَسْرَعْتُ، فَهَرْوَلَ فَهَرْوَلْتُ، فَأَحْضَرَ فَأَحْضَرْتُ، فَسَبَقْتُهُ فَدَخَلْتُ، فَلَيْسَ إِلَّا أَنِ اضْطَجَعْتُ فَدَخَلَ، فَقَالَ: «مَا لَكِ؟ يَا عَائِشُ، حَشْيَا رَابِيَةً» قَالَتْ: قُلْتُ: لَا شَيْءَ، قَالَ: «لَتُخْبِرِينِي أَوْ لَيُخْبِرَنِّي اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ» قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي، فَأَخْبَرْتُهُ، قَالَ: «فَأَنْتِ السَّوَادُ الَّذِي رَأَيْتُ أَمَامِي؟» قُلْتُ: نَعَمْ، فَلَهَدَنِي فِي صَدْرِي لَهْدَةً أَوْجَعَتْنِي، ثُمَّ قَالَ: «أَظَنَنْتِ أَنْ يَحِيفَ اللهُ عَلَيْكِ وَرَسُولُهُ؟». رواه مسلم. واتە: شەوێک سەرەی من بوو پێغەمبەر (ﷺ) لە لام بێت، پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە بۆ ماڵ، کەواکەی داکەند، نەعلەکانیشی لە پێ داکەند، لە لای پێی خۆیدا داینا، لایەکی سەڵتەکەی

خۆی لەسەر جێگاکەی ڕاخست و لەسەری ڕاکشا، زۆری پێ نەچوو وایزانی من خەوتووم، بە ئەسپایی کەوایەکەی هەڵگرت و بە ئەسپایی نەعلەکانی لەپێ کرد، دەرگاکەی کردەوە و لەماڵ دەرچوو، دوایی بە ئەسپایی دەرگاکەی داخستەوە، منیش کراسێکی خۆمم لە سەرم پێچا، دەموچاوی خۆم داپۆشی، جلوبەرگەکەی خۆمم لەبەر کرد، دوایی شوێن پێغەمبەر(ﷺ) کەوتم، تا پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە -گۆڕستانی- بەقیع، زۆر ڕاوەستا، دوایی سێ جار دەستەکانی بەرز کردەوە، دوایی گەڕایەوە -پێش ئەو- منیش گەڕامەوە، بە خێرایی دەستی بە ڕۆیشتن کرد، منیش خۆمم خێرا کرد، دەستی کرد بە گورگەلۆقە ، منیش دەستم کرد بە گورگەلۆقە، ئەو گەیشتە ماڵ و منیش گەیشتمە ماڵ، بەڵام من پێش ئەو کەوتم، هیچم پێ نەکرا ئەوەندە نەبێ ڕاکشام و ئەویش خۆی کرد بە ژووردا، فەرمووی: ئایشێ ئەوە چییە وا هەناسەبڕکێتە و زگت بەرز دەبێتەوە؟ منیش وتم: هیچ نییە... فەرمووی: پێم دەڵێی یان خوای زانا و میهرەبان پێم بڵێت؟ منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بە خۆم و دایک و باوکمەوە بە قوربانت بین... دوایی هەموو ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: ئەوە ئەو تاپۆ ڕەشە تۆ بووی کە لە پێشمەوە بوو؟ منیش وتم: بەڵێ... سیخورمەیەکی وای کێشا بە سینگمدا ئێشم پێ گەیشت، دوایی فەرمووی: وا گومان دەبەی کە خوا و پێغەمبەری خوا ستەمت لێ بکەن؟

بەڵێ... پێغەمبەر(ﷺ) نە لێی تووڕە بوو، نە لێی تۆرا، بەڵکوو پێی ڕاگەیاند کە نە ئێستا و نە لە داهاتوویشدا ستەمی لێ ناکات... دڵی خۆش کرد و بە نیوە ناویش بانگی کرد و پێی فەرموو: عائیش – ئایشێ- ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر(ﷺ) پڕ بوون لە سۆز و ئەوین و خۆشەویستی و نەرمونیانی بۆ ژنەکەی.

خۆشەویستی لە مالّی پێغەمبەر(ﷺ) (١)

پێغەمبەر(ﷺ) بە شێوەیەکی زۆر جوان لەگەڵ خێزانەکانیدا مامەڵەی دەکرد... لەوپەڕی نەرمونیانیدا بوو...

- بە دەستی خۆی خواردنی دەکرد بە دەمیانەوە و ئاوی پێ دەدان:

بەڵێ... لەوانەیە تۆی مێرد ئەم مامەڵەیەت پێ سەیر بێت، بەڵام ئەوە ڕاستییە و خەون و خەیاڵ و درۆ نییە...

عن سعدبن أبي وقاص قَالَ مَرِضْتُ بِمَكَّةَ مَرَضًا فَأَشْفَيْتُ مِنْهُ عَلَى الْمَوْتِ فَأَتَانِي النَّبِيُّ(ﷺ) يَعُودُنِي، فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ لِي مَالاً كَثِيرًا وَلَيْسَ يَرِثُنِي إِلاَّ ابْنَتِي، أَفَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثَيْ مَالِي قَالَ: لاَ، قَالَ : قُلْتُ فَالشَّطْرُ؟ قَالَ: لاَ، قُلْتُ: الثُّلُثُ قَالَ الثُّلُثُ كَبِيرٌ إِنَّكَ إِنْ تَرَكْتَ وَلَدَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَتْرُكَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ وَإِنَّكَ لَنْ تُنْفِقَ نَفَقَةً إِلاَّ أُجِرْتَ عَلَيْهَا حَتَّى اللُّقْمَةَ تَرْفَعُهَا إِلَى فِي امْرَأَتِكَ. رواه البخاري. واتە: سەعد دەفەرموویت: لە شاری مەککە نەخۆش کەوتم، وام لێهات خەریک بوو بمرم، پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هات بۆ سەردانم، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من دەوڵەمەندم و سەروەت و سامانم زۆرە، جگە لە کچەکەم کەسیشم نییە میراتم لێ ببات، پێت چۆنە لە سێ بەش دوو بەشی بکەم بە خێر؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نا -واتە: زۆرە- منیش وتم: ئەی نیوەی؟ فەرمووی: نا -واتە زۆرە- وتم: ئەی سێیەک؟ فەرمووی: سێیەک پاداشتی زۆرە، تۆ ئەگەر منالەکەت بە دەوڵەمەندی بەجێبهێلیت لەوە باشترە بە هەژاری بەجێیان بهێلی و دەست لەم و لەو پان بکەنەوە، تۆ هەر شتێک بدەی بە مال و منداڵت پاداشتی لەسەر وەردەگریتەوە، تەنانەت ئەو پارووە خواردنەی دەیکەی بە دەم ژنەکەتەوە.

بەڵێ... پارووپـەک ژن و پیـاو لـە یـەک نزیـک دەکاتـەوە... بـەو پـارووە دەحەسێنەوە...

پارووپـەک نـە کـەس تێر دەکات، نـە کەسـیش برسـی، بـەڵام ئـەوە دەربڕینـی هەسـتە... خـۆش ڕەفتاریـیـە... دڵنەرمییـە... خۆشەویستییە... گرێدانی دڵەکانـە بـە یەکـەوە...

- لەگەڵ ژنەکانیدا لە یەک جام ئاوی دەخواردەوە:

بەڵێ... بـەو جامـە ئـاوی دەخـواردەوە کـە ژنەکـەی ئـاوی پـێ خواردبوویـەوە...

گوێ لە دایە عایشە بگرە، بزانە چی دەفەرموێت:

دایـە عایشـە دەفەرموێت: «كُنْـتُ أَشْرَبُ وَأَنَـا حَائِـضٌ، ثُـمَّ أُنَاوِلُـهُ النَّبِـيَّ(ﷺ) فَيَضَـعُ فَـاهُ عَـلَى مَوْضِـعِ فِيَّ، فَيَـشْرَبُ، وَأَتَعَـرَّقُ الْعَـرْقَ وَأَنَـا حَائِـضٌ، ثُـمَّ أُنَاوِلُـهُ النَّبِـيَّ(ﷺ) فَيَضَـعُ فَـاهُ عَـلَى مَوْضِـعِ فِيَّ». رواه مسلم.

واتـە: مـن لـە سـووڕی مانگانـەدا بـووم، ئـاوم دەخـواردەوە و دوایـی جامـە ئاوەکـەم دەدایـە پێغەمبـەر(ﷺ)، پێغەمبـەر(ﷺ) دەمـی لەسـەر جێگا دەمـی مـن دادەنـا و ئاوەکـەی دەخـواردەوە... لـە سـووڕی مانگانـەدا بـووم، ئێسکم دەکڕاندەوە و دوایی دەمدایە پێغەمبـەر(ﷺ)، ئەویش دەمـی لـە سـەر جێگا دەمەکـەی مـن دادەنـا و دەیکڕانـدەوە.

کـوا کـەی پێغەمبـەر(ﷺ) ئێمـەی فێری ترسـان کـردووە لـە ژنەکانمـان بترسـین و خۆمانـی لـێ دوور بخەینـەوە و بڵێیـن: لـە سـووڕی مانگانـەدان نابێت لێیـان نزیـک بکەوینـەوە؟

کوا پێغەمبەر(ﷺ) لە کوێ و ئێوە لە کوێ؟

پیاوێک دەیگوت: بەخوا من هەرکاتێ ژنەکـەم لـە کاتی بۆگەنیدا بێت -واتـە: سـووڕی مانگانـە- وەک نەیناسـم وایـە، لـە پێشـەوەی سـەیارەکەم سـواری ناکـەم، ئەیخەمـە دواوە، مـن لـە ژوورێک و ئـەو لـە ژوورێکـی تـر دەخەوین!

دایە عایشە دەفەرموێت: لَقَدْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ) «يَضَعُ رَأْسَهُ فِي حِجْرِي، وَأَنَا حَائِضٌ، وَيَقْرَأُ الْقُرْآنَ». رواه ابن ماجه. واتە: من لە سووڕی مانگانەدا بووم، پێغەمبەر(ﷺ) سەری دەخستە سەر کۆشی من و قورئانی دەخوێندەوە.

دیسان دەفەرموێت: كُنْتُ أُرَجِّلُ رَأْسَ رَسُولِ اللهِ(ﷺ) وَأَنَا حَائِضٌ. رواه البخاري. واتە: من لە سووڕی مانگانەدا بووم و سەری پێغەمبەرم(ﷺ) دادەهێنا و شانەم دەکرد.

دایە (ئوممووسەلەمە) دەفەرموێت: بَيْنَا أَنَا مَعَ النَّبِيِّ(ﷺ) مُضْطَجِعَةً فِي خَمِيلَةٍ حِضْتُ فَانْسَلَلْتُ فَأَخَذْتُ ثِيَابَ حِيضَتِي فَقَالَ: أَنُفِسْتِ؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، فَدَعَانِي فَاضْطَجَعْتُ مَعَهُ فِي الْخَمِيلَةِ قَالَتْ وَ أَنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) كَانَ يُقَبِّلُهَا وَهُوَ صَائِمٌ وَكُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَالنَّبِيُّ(ﷺ) مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ مِنَ الْجَنَابَةِ. رواه البخاري. واتە: من لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بووم، لەژێر مەجێکدا (چەرچەف) ڕاکشابووین، من کەوتمە سووڕی مانگانەوە، پۆشاکی تایبەت بە سووڕی مانگانەم لەبەر کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەوتیتە سووڕی مانگانەوە؟ منیش وتم: بەڵێ... بانگی کردم و پێکەوە لەژێر مەوجەکەدا ڕاکشاین.

دیسان دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) بەڕۆژوو بوو ماچی دەکردم... هەروەها دەفەرموێت: من و پێغەمبەر (ص) لەشمان گران بوو لە یەک تەشتدا خۆمان دەشۆرد.

***

خۆشەویستی لە مالّی پێغەمبەر(ﷺ) (٢)

- بەڕۆژوو بوو، ژنی خۆی ماچ دەکرد:

پێغەمبەر(ﷺ) بەڕۆژوو بوو، ژنەکانی خۆی ماچ دەکرد...

دایە عایشە دەفەرموێت: كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) يُقَبِّلُنِي وَهُوَ صَائِمٌ، وَأَنَا صَائِمَةٌ. رواه احمد و ابوداود. واتە: پێغەمبەر(ﷺ) منی ماچ دەکرد و بەڕۆژوو بوو، منیش بەڕۆژوو بووم...

- پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام هاوکاری مالّ و منالّی خۆی دەکرد و کاری بۆ دەکردن:

بیر بکەوە... بەیانیان و ئێواران کاری بۆ ژنەکانی خۆی دەکرد... نەک بڵێی کاتێکی کورت، یان جارێک و دوو جار... بەردەوام، بە درێژایی ڕۆژ... بەیانیان و ئێواران... پێغەمبەر(ﷺ) گەورە و سەرۆکی گەل و وڵات و هەموو مسوڵمانان بوو، هەمیشە کاری هەبوو، لەگەڵ ئەم و ئەو گفتوگۆی دەکرد، کاری خەڵکی ڕادەپەڕاند، بانگەوازی دەکرد، کەچی لە مالّیشەوە کاری بۆ ژنەکانی خۆی دەکرد...

عَنِ الْأَسْوَدِ، قَالَ: «سَأَلْتُ عَائِشَةَ مَا كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَصْنَعُ فِي بَيْتِهِ؟ قَالَتْ: كَانَ يَكُونُ فِي مِهْنَةِ أَهْلِهِ بِمَعْنَى خِدْمَةِ أَهْلِهِ فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ». رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ. واتە: ئەسوەد دەفەرموێت: پرسیارم لە عایشە کرد، وتم: پێغەمبەر(ﷺ) لە مالەوە چی دەکرد؟ فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بە دەم کاری ژن و منالّی خۆیەوە بوو، یانی: کاری بۆ دەکردن، کاتێ کاتی نوێژ دەهات دەچوو بۆ نوێژ.

سُئِلَتْ عَائِشَةُ: مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) يَصْنَعُ فِي بَيْتِهِ ؟ قَالَتْ: كَانَ يُرَقِّعُ الثَّوْبَ، وَيَخْصِفُ النَّعْلَ أَوْ نَحْوَ هَذَا. رواه احمد. واتە: پرسیار لە دایە عایشە کرا: پێغەمبەر(ﷺ) لە مالەوە چی دەکرد؟ فەرمووی:

جلوبەرگی پینە دەکرد، نەعل و پێلاوی جوت و ڕێکوپێک دەکرد، ئا لەم جۆرە کارانەی دەکرد.

دەبێت شتێک ببێتە لەمپەر لە بەردەم ئەوەی تۆیش یارمەتی ژنەکەی خۆت بدەی و کاری بۆ بکەیت؟

خۆ یارمەتیدانی ژن خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد بەهێز دەکات... بەتایبەت ئەگەر ژنەکە لە ماڵەوە کاری زۆری بە سەردا کەوتبێت...

بێگومان کاری سەرەکی پیاو ئەوە نییە لە ماڵەوە یارمەتی ژنەکەی بدات، بەڵام بە یارمەتیدان ژنەکەت هەست بەوە دەکات کە تۆ گرنگی پێ دەدەی... ڕێزی دەگری... دەزانی کە ئەو ڕۆژانە لە ماڵدا خۆی ماندوو دەکات...

هەوڵ بدە هەمیشە داوای ئەوەی لێ بکەی کە پشوویەک بدا... پێی بڵێ: هەموو کارەکان مەخە ئەستۆی خۆت، هەندێکی بۆ من بەجێ بێڵە...

- لە کاتی سەفەردا هاوڕێی بوون:

پێغەمبەر(ﷺ) هەرکاتێ سەفەری بکردایە تیروپشکی لەنێو ژنەکانیدا دەکرد، هەرکەسێک دەربچوایە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ ئەو سەفەرە کە بۆی دەچو... هەروەها سەردانی ژنەکانی دابەش کردبوو... هەر ژنێک شەو و ڕۆژێکی هەبوو...

- لەبەر خاتری ژنەکانی ئارامی دەگرت:

عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ أَبَا بَكْرٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) دَخَلَ عَلَيْهَا وَعِنْدَهَا جَارِيَتَانِ فِي أَيَّامِ مِنًى تُدَفِّفَانِ وَتَضْرِبَانِ وَالنَّبِيُّ(ﷺ) مُتَغَشٍّ بِثَوْبِهِ فَانْتَهَرَهُمَا أَبُو بَكْرٍ فَكَشَفَ النَّبِيُّ(ﷺ) عَنْ وَجْهِهِ فَقَالَ دَعْهُمَا يَا أَبَا بَكْرٍ فَإِنَّهَا أَيَّامُ عِيدٍ وَتِلْكَ الأَيَّامَ أَيَّامُ مِنًى. رواه البخاري. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: هەزرەتی ئەبوبەکر -باوک-م هات بۆ لام، کات کاتی مینا بوو،

کاتێ حاجی لە مینادایە، سێ ڕۆژەکەی دوای جەژنی قوربان بوو، دوو کەنیزەم لابوو، دەفیان لێدەدا، پێغەمبەریش(ﷺ) بە پۆشاکەکانی خۆی داپۆشیبوو، حەزرەتی ئەبوبەکر تووڕە بوو دەری‌کردن، پێغەمبەر(ﷺ) پۆشاکەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد و فەرمووی: ئەبوبەکر لێیانگەڕێ! ڕۆژ ڕۆژی جەژنە... ئەو ڕۆژانە سێ ڕۆژەکەی دوای جەژنی قوربان بوو.

وَقَالَتْ عَائِشَةُ رَأَيْتُ النَّبِيَّ(ﷺ) يَسْتُرُنِي وَأَنَا أَنْظُرُ إِلَى الْحَبَشَةِ وَهُمْ يَلْعَبُونَ فِي الْمَسْجِدِ، فَزَجَرَهُمْ عُمَرُ فَقَالَ النَّبِيُّ(ﷺ) دَعْهُمْ أَمْنًا بَنِي أَرْفِدَةَ يَعْنِي مِنَ الْأَمْنِ. رواه البخاري. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) حەبەشیەکان لە مزگەوتدا یارییان دەکرد و هەڵدەپەڕین، منیش خۆم دابووە پاڵ پێغەمبەر(ﷺ) و سەیرم دەکردن، حەزرەتی عومەر قسەی پێ وتن و دەریکردن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لێیانگەڕێ... دەی گەلی ئەرفیدە مەترسن... واتە: خەریکی یاری و هەڵپەڕکێی خۆتان بن.

خۆشەویستی لە مالّی پێغەمبەر(ﷺ) (٣)

- پێغەمبەر(ﷺ) جوانترین نموونەی خۆشەویستی و ئەمەکداری:

با گوێ لە دایە عایشە بگرین بزانین لەم بارەیەوە چی دەگێڕێتەوە؟

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: اسْتَأْذَنَتْ هَالَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ أُخْتُ خَدِيجَةَ عَلَى رَسُولِ اللهِ(ﷺ) فَعَرَفَ اسْتِئْذَانَ خَدِيجَةَ فَارْتَاحَ لِذَلِكَ فَقَالَ: «اللهُمَّ هَالَةُ بِنْتُ خُوَيْلِدٍ» فَغِرْتُ فَقُلْتُ: وَمَا تَذْكُرُ مِنْ عَجُوزٍ مِنْ عَجَائِزِ قُرَيْشٍ، حَمْرَاءِ الشِّدْقَيْنِ، هَلَكَتْ فِي الدَّهْرِ فَأَبْدَلَكَ اللهُ خَيْرًا مِنْهَا. رواه الشيخان. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: هالەی کچی خووەیلید هات بۆ خزمەت پێغەمبەر(ص) و مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی خواست، پێغەمبەر(ﷺ) خەدیجەی بیر کەوتەوە -چونکە دەنگی هالە زۆر لە دەنگی دایە خەدیجە دەچوو - پێغەمبەر(ﷺ) زۆر دڵی خۆش بوو، فەرمووی: خوایە! هالەی کچی خووەیلید! ئیتر منیش پێم ناخۆش بوو، غیرەم کرد و وتم: ئەوە چییە ئەوەندە باسی ئەو پیرەژنە قوڕەیشییە دەکەیت؟ جگە لە سوورایی پووکی، دان لە دەمیدا نەمابوو، ئەوە چەندین ساڵە مردووە، خوای گەورە لەو باشتری پێ بەخشیوی.

لە ڕیوایەتی بوخاریدا لەجیاتی وشەی (فارتاح) وشەی (فارتاع) هاتووە، یانی لە خۆشیدا لەرزی و ڕەنگی گۆڕا.

جا تەماشا بکەن بزانن پێغەمبەر(ﷺ) چەندە بە ئەمەک بوو، دوای ئەو هەموو ساڵە ئاوا بیری دایە خەدیجەی لە دڵدا مابوو، بە هاتنی خوشکەکەی لە خۆشیدا گیانی هاتە لەرزە و ڕەنگی گۆڕا... ئەمەیش هەمووی وەک ڕێز و بیرکەوتنەوەی ئەو ڕۆژانەی کە دایە خەدیجە خێزانی بووە.

دیسـان دایـه عایشـه دەگێڕێتـەوە دەفەرموێـت: مَـا غِـرْتُ عَـلَى نِسَـاءِ النَّبِـيِّ(ﷺ) إِلاَّ عَـلَى خَدِيجَـةَ وَإِنِّي لَـمْ أُدْرِكْهَـا، قَالَـتْ: وَكَانَ رَسُـولُ اللـه(ﷺ) إِذَا ذَبَـحَ الشَّـاةَ، فَيَقُـولُ: «أَرْسِـلُوا بِهَـا إِلَى أَصْدِقَـاءِ خَدِيجَـةَ» قَالَـتْ: فَأَغْضَبْتُـهُ يَوْمًـا، فَقُلْـتُ: خَدِيجَـةَ فَقَـالَ: رَسُـولُ اللـه(ﷺ) «إِنِّي قَـدْ رُزِقْـتُ حُبَّهَـا». رواه مسلم. واتـه: من بەرامبـەر هیچ یـەک لـه ژنانـی پێغەمبـەر(ﷺ) غیـرەم نەبـوو جگـه لـه خەدیجـه، خۆ من خەدیجەیشم نەدیبـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) هەرکاتێک ئاژەڵێکی سـەربڕیبایە دەیفەرمـوو: بەشـی هاوڕێکانـی خەدیجـه ببـەن، بۆیـه منیـش ڕۆژێـک تـووڕه بـووم و وتـم: خەدیجـه! پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: بەڕاسـتی خۆشەویسـتی خەدیجـه ڕزق و ڕۆزییەکـه و پێمـدراوه.

بەڵێ... دایـه عایشـه ئەوەنـده لـه دڵـی پێغەمبـەردا(ﷺ) خۆشەویسـت بـوو کـه جگـه لـه دایـه خەدیجـه هیـچ ژنێکـی تـری پێغەمبـەر(ﷺ) وەک ئـەو خۆشەویسـت نەبـوو...

دایـه عایشـه دەفەرموێـت: لَـمَّا كَانَ لَيْلَـةٌ مِـنَ اللَّيَـالِي قَـالَ: يَـا عَائِشَـةُ ذَرِينِـي أَتَعَبَّـدُ اللَّيْلَـةَ لِـرَبِّي. قُلْـتُ: وَاللَّـهِ إِنِّي لَأُحِـبُّ قُرْبَـكَ وَأُحِـبُّ مَـا سَرَّكَ قَالَـتْ: فَقَـامَ فَتَطَهَّـرَ ثُـمَّ قَـامَ يُصَـلِّي. رواه ابـن حبـان. واتـه: شـەوێک لـه شـەوان پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: عایشـه! لێمگـەڕێ بـا هەسـتم ئەمشـەو خواپەرستی بۆ خـوای خـۆم بکـەم... منیـش وتـم: بەخـوا من پێم خۆشـه نزیکـت بـم، هەرچیـش دڵـی تۆ خۆش بکـات ئەوەیشـم پێ خۆشـه، ئیتـر پێغەمبـەر(ﷺ) هەسـتا و دەسـتنوێژی گـرت و دەسـتی کـرد بـه نوێژکـردن.

- پێغەمبـەر(ﷺ) لـه خێزانەکانـی تێدەگـەیشت:

عَـنْ عَائِشَـةَ قَالَـتْ قَـالَ لِي رَسُـولُ اللـه(ﷺ) إِنِّي لَأَعْلَـمُ إِذَا كُنْـتِ عَنِّـي رَاضِيَـةً، وَإِذَا كُنْـتِ عَـلَيَّ غَضْبَـى. قَالَـتْ: فَقُلْـتُ مِـنْ أَيْـنَ تَعْـرِفُ ذَلِـكَ؟ فَقَـالَ: أَمَّـا إِذَا كُنْـتِ عَنِّـي رَاضِيَـةً فَإِنَّـكِ تَقُولِـينَ لَا وَرَبِّ مُحَمَّـدٍ، وَإِذَا كُنْـتِ غَضْبَـى

قُلْتُ لاَ وَرَبِّ إِبْرَاهِيمَ قَالَتْ: قُلْتُ أَجَلْ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللهِ مَا أَهْجُرُ إِلاَّ اسْمَكَ. رواه الشيخان. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە منی فەرموو: بەڕاستی من دەزانم چ کاتێک لە من ڕازیت و چ کاتێ لێم تووڕەیت! منیش وتم: چۆن دەزانیت؟ فەرمووی: هەرکاتێ تۆ لێم ڕازی بیت دەڵێی: نە بە خوای موحەممەد و هەرکاتێکیش لێم تووڕە بیت دەڵێی: نا بە خوای ئیبراهیم... دایە عایشە دەفەرموێت: منیش وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)! بەخوا - کاتێ تووڕەم- هەر ئەوەندەیە ناوت نابەم.

عَنْ أَنَسٍ قَالَ: بَلَغَ صَفِيَّةَ أَنَّ حَفْصَةَ قَالَتْ لَهَا: ابْنَةُ يَهُودِيٍّ فَدَخَلَ عَلَيْهَا النَّبِيُّ(ﷺ) وَهِيَ تَبْكِي, فَقَالَ(ﷺ): وَمَا يُبْكِيكِ؟ قَالَتْ: قَالَتْ لِي حَفْصَةُ: إِنِّي بِنْتُ يَهُودِيٍّ, فَقَالَ النَّبِيُّ(ﷺ): إِنَّكِ لَابْنَةُ نَبِيٍّ وَإِنَّ عَمَّكِ لَنَبِيٌّ وَإِنَّكِ لَتَحْتَ نَبِيٍّ فَبِمَ تَفْخَرُ عَلَيْكِ", ثُمَّ قَالَ(ﷺ): اتقي الله يا حفصة!. رواه ابن حبان والطبراني. واتە: ئەنەس دەفەرموێت: صەفیەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) بیستی کە حەفصەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) پێی وتووە: کچی جوولەکە! -صەفیە کچی حوییەی بوو، حوییەی گەورەی جوولەکەکان بوو- پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشت بۆ لای صەفیە، تەماشا دەکات صەفیە دەگری، فەرمووی: ئەوە چی تۆی گریاندووە؟ دایە صەفیە فەرمووی: حەفصە بە منی وتووە: من کچی جوولەکەم!. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ کچی پێغەمبەرێکی -چونکە دایە صەفیە لە نەوەی حەزرەتی هارونی برای حەزرەتی موسا بوو-مامت پێغەمبەر بووە- مەبەست حەزرەتی موسایە، ئەوەتا ژنی پێغەمبەرێکیشیت، ئیتر -حەفصە- بە چ شتێکدا خۆی هەڵدەکێشێت و ناز بەسەر تۆدا دەکات؟ دوایی پێغەمبەر(ﷺ) بە دایە حەفصەی فەرموو: حەفصە لە خودا بترسە!

- پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستی و ئەمەکداری خۆی بۆ خێزانەکانی دەردەخست:

فەرموودەیەکی دووروودرێژ هەیە کە باسی یانزە ژن دەکات کە دانیشتوون و هەریەکەیان باسی مێردەکەی خۆی کردووە ،یەکێک لەو ژنانە ناوی (ئوممو زەرع) بووە، باسی چاکەی (ئەبو زەرع)ی کردووە، زۆر باش بووە بۆ ژنەکەی، بەڵام قەزاوقەدەر ئەبو زەرع ژنەکەی تەڵاق داوە و لێی جیا بووەتەوە... جا کە ئەمەمان زانی با تەماشای ئەم فەرمودوەیە بکەین: «يَا عَائِشَةُ كُنْتُ لَكِ كَأَبِي زَرْعٍ لِأُمِّ زَرْعٍ، إِلَّا أَنَّ أَبَا زَرْعٍ طَلَّقَ، وَأَنَا لَا أُطَلِّقُ». رواه الطبراني. واتە: عایشە! ئەبو زەرع چۆن بوو بۆ ئوممو زەرع، منیش ئاوام بۆ تۆ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەبو زەرع ئوممو زەرعی تەڵاق دا، بەڵام من تۆ تەڵاق نادەم!

پێغەمبەر(ﷺ) باسی ئەوەی بۆ دایە عایشە کرد کە زۆری خۆش دەوێت و ئەمەکدار دەبێت بۆی... دایە عایشە فەرمووی: کورە خۆم و دایک و باوکم بە قوربانت بین، تۆ زۆر لە ئەبو زەرع باشتری!

***

خۆشەویستی لە مالّی پێغەمبەر(ﷺ) (٤)

- هەموو کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) خۆی بۆنخۆش دەکرد بۆ خێزانەکانی:

عَنْ عَائِشَةَ ، قَالَتْ : كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى وَبِيصِ الْمِسْكِ فِي رَأْسِ رَسُولِ اللهِ(ﷺ) . رواه مسلم. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: من شوێنەوار و بریقەی میسکم بەسەر سەری پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەبینی...

- پێشبڕکێ و یاری لەگەڵدا دەکردن:

دایە عایشە دەفەرموێت: لە سەفەرێکدا لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووم، من ئەو کاتە گەنج بووم، قەڵەو نەبووم، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو: ئێوە پێش بکەون و بڕۆن... دوایی بە منی فەرموو: وەرە با پێشبڕکێیەک بکەین... پێشبڕکێمان کرد و من بردمەوە... دوای ماوەیەک - من قەڵەو ببووم و لاشەم قورس بوو -دووبارە لە سەفەرێکی تردا لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووم، دیسان بە هاوەڵانی فەرموو: ئێوە لە پێشەوە بڕۆن... دوایی بە منی فەرموو: وەرە با پێشبڕکێ بکەین، من ئەوەی پێشووم لەبیر چووبوویەوە، قەڵەو ببووم، وتم: خۆت دەزانی من چۆنم! چۆن پێشبڕکێت لەگەڵدا بکەم؟ فەرمووی: نا دەبێت هەر بیکەی... پێشبڕکێمان کرد و پێغەمبەر(ﷺ) بردیەوە، دەستی کرد بە پێکەنین و فەرمووی: ئەمە لەجیاتی ئەوەی پێشوو -واتە: پاک لە پاک-.

- ڕێزی خۆشەویستی و غیرەی دەگرتن:

عَنْ أَنَسٍ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) عِنْدَ بَعْضِ نِسَائِهِ فَأَرْسَلَتْ إِحْدَى أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ بِصَحْفَةٍ فِيهَا طَعَامٌ فَضَرَبَتِ الَّتِي النَّبِيُّ(ﷺ) فِي بَيْتِهَا يَدَ الْخَادِمِ فَسَقَطَتِ الصَّحْفَةُ فَانْفَلَقَتْ فَجَمَعَ النَّبِيُّ(ﷺ) فِلَقَ الصَّحْفَةِ ثُمَّ جَعَلَ يَجْمَعُ فِيهَا الطَّعَامَ الَّذِي كَانَ فِي الصَّحْفَةِ وَيَقُولُ: «غَارَتْ أُمُّكُمْ» ثُمَّ حَبَسَ الْخَادِمَ حَتَّى أُتِيَ بِصَحْفَةٍ مِنْ عِنْدِ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا فَدَفَعَ الصَّحْفَةَ الصَّحِيحَةَ إِلَى

الَّتِي كُسِرَتْ صَحْفَتُهَا وَأَمْسَكَ الْمَكْسُورَةَ فِي بَيْتِ الَّتِي كَسَرَتْ. رَوَاهُ الْبُخَارِيّ.
واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە لای یەکێک لە خێزانەکانیدا بوو، یەکێک لە دایکانی ئیمانداران قاپێک خواردنی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) نارد، ئەو خێزانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵیدا بوو -غیرەی کرد و پێی ناخۆش بوو هەویەکەی خواردنی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ناردووە- بۆیە دای لە دەستی خزمەتکارەکە و قاپەکەی پێ خستە خوارەوە و شکا، پێغەمبەر(ﷺ) لەتە قاپەکانی کۆ کردەوە و دوایی ئەو خواردنەی کۆ کردەوە کە لە قاپەکەدا بوو، فەرمووی: دایکتان غیرەی کرد... دوایی خزمەتکارەکەی گیر دا تا لە ماڵی ئەو خێزانەی کە لێی بوو قاپێکی ساغی هێنا، دای بە خزمەتکارەکە بۆ ئەوەی بیباتەوە بۆ ئەو خێزانەی کە خواردنەکەی بۆ ناردبوو، قاپە شکاوەکەی لای ئەو خێزانەی دانا کە قاپەکەی شکاندبوو.

عَنْ عروة، أَنَّ عَائِشَةَ قَالَتْ لِلنَّبِيِّ(ﷺ): كُلُّ نِسَائِكَ لَهَا كُنْيَةٌ غَيْرِي، فَقَالَ لَهَا النَّبِيُّ(ﷺ): «اكْتَنِي أُمَّ عَبْدِ اللهِ» - و في رواية: فَاكْتَنِي بِابْنِكِ عَبْدِ اللهِ بْنِ الزُّبَيْرِ- فَكَانَ يُقَالُ لَهَا أُمُّ عَبْدِ اللهِ، حَتَّى مَاتَتْ وَلَمْ تَلِدْ قَطُّ. رواه احمد والطبراني. واتە: عوروە دەفەرموێت: دایە عایشە بە پێغەمبەری(ﷺ) وت: هەموو خێزانەکانت سەر ناوێکیان -کونیە-یان هەیە من نەبێت... پێغەمبەر(ﷺ) فەرموێت: دەی تۆیش بە ناوی عەبدوڵڵای کوڕتەوە با سەرناوەکەت (دایکی عەبدوڵڵا) بێت... ئیتر هەتا مردن بە دایە عایشەیان دەگوت: دایکی عەبدوڵڵا... کەچی خۆیشی منداڵی هەر نەبووبوو. -عەبدوڵڵا خوشکەزای بوو، خوشکەزایش وەک منداڵ وایە، لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «الْخَالَةُ بِمَنْزِلَةِ الْأُمِّ». رواه البخاري. واتە: پوور -خوشکی دایک- لە جێی دایکە...

- بەختوەری لە ماڵی پێغەمبەردا(ﷺ):

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: «كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) إِذَا صَلَّى رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ، فَإِنْ كُنْتُ

مُسْتَيْقِظَةً حَدَّثَنِي، وَإِلَّا اضْطَجَعَ». رواه البخاري و مسلم. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) عادەتی وابوو کاتێک دوو ڕکاتە سوننەتەکەی پێش نوێژی بەیانی دەکرد، ئەگەر من بەخەبەربام ئەوا تا قامەت دەکرا قسەی لەگەڵ منداد دەکرد، ئەگینا ڕادەکشا.

عَنْ يَحْيَى بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّ عَائِشَةَ قَالَتْ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) بِخَزِيرَةٍ طَبَخْتُهَا لَهُ فَقُلْتُ لِسَوْدَةَ وَالنَّبِيُّ(ﷺ) بَيْنِي وَبَيْنَهَا فَقُلْتُ لَهَا: كُلِي فَأَبَتْ فَقُلْتُ: لَتَأْكُلِنَّ أَوْ لَأُلَطِّخَنَّ وَجْهَكِ فَأَبَتْ، فَوَضَعْتُ يَدِي فِي الْخَزِيرَةِ فَطَلَيْتُ بِهَا وَجْهَهَا، فَضَحِكَ النَّبِيُّ(ﷺ) فَوَضَعَ فَخِذَهُ لَهَا وَقَالَ لِسَوْدَةَ الْطَخِي وَجْهَهَا فَلَطَّخَتْ وَجْهِي فَضَحِكَ النَّبِيُّ(ﷺ) أَيْضًا، فَمَرَّ عُمَرُ فَنَادَى يَا عَبْدَ اللَّهِ، يَا عَبْدَ اللَّهِ، فَظَنَّ النَّبِيُّ(ﷺ) أَنَّهُ سَيَدْخُلُ، فَقَالَ: «قُومَا فَاغْسِلَا وُجُوهَكُمَا»، قَالَتْ عَائِشَةُ فَمَا زِلْتُ أَهَابُ عُمَرَ لِهَيْبَةِ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) إِيَّاهُ. رواه ابوبکر الشافعي في الغيلانيات. واتە: یەحیا دەفەرموێت: دایە عایشە فەرمووی: گوشتاو و ئاردم لێنابوو، هەندێکم برد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەر(ﷺ) لەنێوان من و سەودەدا وەستا بوو، بە سەودەم وت: لێی بخۆ، بەڵام سەودە لێی نەخوارد... پێموت: لێی دەخۆی یان دەموچاوت هەمووی پێوە بدەم؟ هەر نەیخوارد... منیش دەستم کرد بە خواردنەکەدا و جوان دەموچاوی سەودەم پێ سواخ دا، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی کرد بە پێکەنین و دوایی بە سەودەی فەرموو: دەی تۆیش دەموچاوی ئەو سواخ بدە... ئەویش دەموچاوی منی سواخ دا، دیسان پێغەمبەر(ﷺ) دەستی کرد بە پێکەنین، عومەر لەوێوە تێپەڕی و وتی: ئەی بەندەی خوا! ئەی بەندەی خوا... پێغەمبەر(ﷺ) وایزانی داوای مۆڵەت دەکات و دەیەوێ بێتە ژوورەوە، فەرمووی: دەی هەستن دەموچاوتان بشۆن... عایشە دەفەرموێت: لەو ڕۆژە بەولاوە عومەر زۆر هەیبەتی هەبوو لە بەرچاوم، چونکە لە بەرچاوی پێغەمبەر(ﷺ) هەیبەتی هەبوو.

خۆشەویستی لە ماڵی هاوەڵاندا

- حەزرەتی ئەبوبەکر لە سەرەمەرگدا بوو، وەسیەتی کرد فەرمووی: ئەگەر مردم با ئەسمای ژنم بمشۆرێ، پیاوێک لێی پرسی: بۆ؟ فەرمووی: بە دڵ ئەوەم پێ خۆشە... بەڵێ... دوای ئەوەی حەزرەتی ئەبوبەکر وەفاتی کرد ئەسمای خێزانی شۆردی...

حەزرەتی ئەبوبەکر کاتێ لە سەرەمەرگدا بوو دەیزانی کە ئەسمای ژنی هەموو ڕۆژێک بەڕۆژووە و ڕۆژووی سوننەت دەگرێ، بەزەیی پیا دەهاتەوە ئەو بمرێ و ئەویش بەڕۆژوو بێت و برسێت و تاقەتی لێ ببڕێ...

کاتێ حەزرەتی ئەبوبەکر وەفتای کرد ئەسما شتێکی گرنگی بیر هاتەوە، مێردەکەی سوێندی دابوو کە ڕۆژووەکەی بشکێنێ... ئەویش پێش هەموو شتێک هەستا و ڕۆژووەکەی شکاند...بۆ ئەوەی سوێندەکەی نەشکێنێت...

بەڵێ... ئەسما لە دوای مردنی مێردەکەی ئاوا گوێڕایەڵی مێردەکەی بوو، ئەی دەبێت لە کاتی ژیاندا چەندێ گوێڕایەڵ بووبێت؟

ئای لەو ژنە چەندێ ئەمەکدارە... مێردەکەی زیندوو بێت یان مردوو بێت ئەو قسەی ناشکێنێت... فرمانەکانی جێبەجێ دەکات... لە سنووری شەرع لانادات...

- حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب دەفەرموێت: ژنەکەم لێم زوویر بوو، دوایی هات لەگەڵمدا ئاشت ببێتەوە، من ئاشت نەبوومەوە، پێی وتم: دەی بۆ ئاشت نابیتەوە؟ بەخوا خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لێی زوویر دەبوون و ئەویش بە لایەوە ئاسایی بوو، لێیان زوویر نەدەبوو زوو لەگەڵیاندا ئاشت دەبوویەوە...

- حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ خاتوو فاتیمەی خێزانی بە داری ئەراک سیواک لە دەم و دانی وەردەدا... دوو بەیت شیعری جوانی بە سەردا هەڵدا و فەرمووی:

ئەی چیلکەی ئەراک چەندە خۆشبەختی دەچیە دەمیەوە و لە من ناترسی!

گەر گیانت تیا با ئەوا دەمکوشتی تەنیا تۆ وەک من زارت ڕامووسی!

لە دوو بەیت شیعری تردا حەزرەتی عەلی خۆشەویستی خۆی بۆ خاتوو فاتیمەی خێزانی دەردەبڕێت و دەفەرموێت:

کیژی پێغەمبەر لانە و پەنامە

گۆشتی گۆشتمە گیانی گیانمە

کچەزای حەزرەت کوڕانی منن

بەشی کێ وەکو بەشەکەی منە؟

- عەبدوڵڵای کوڕی حەزرەتی ئەبوبەکر ژنێکی هەبوو ناوی عاتیکە بوو، زۆر زۆری خۆش دەویست، هەموو شتێکی لەبیر چووبوویەوە جگە لە عاتیکە... حەزرەتی ئەبوبەکر ویستی وانەیەکی فێر بکات کە نابێت مرۆڤ هەر ژنەکەی ببینێت و هەموو کارێکی خۆی لەبەر ژنەکەی پەک بخات و لە مال نەیەتە دەرەوە، بۆیە پێی فەرموو: ژنەکەت تەڵاق بدە...

عەبدوڵڵا عاتیکەی تەڵاق دا، دوایی ئەو شیهرانەی بەسەردا دەگوت:

عاتیکە دڵ و جەرگ و هەستم بوو

گیانم لای گیانی، گیانی لای من بوو

قسەی خۆش، ڕەفتار جوان و بەڕەوشت

بە شەرم و حەیا، دەلال و جوان بوو

کێ جیا دەبێتۆ لە ژنێکی وا؟
ئەو پشتیوان و مآڵ و سامان بوو

دوای ئـەوەی حەزرەتـی ئەبوبەکـر ئـەو شـیعرانەی لـە عەبدوڵـلا بیسـت بەزەیـی پیـا هاتـەوە و ڕۆیشـت و عاتیکـەی بـۆ هێنایـەوە...

عاتیکـە هاتـەوە بـۆ لای هاوسـەرە ئەویندارەکـەی... عەبدوڵـلا لـە خۆشـی ئـەوەی کـە عاتیکـە هاتووەتـەوە کۆیلەیەکـی کـڕی و ئـازادی کـرد...

- دوای ئەوەی حەزرەتی عوسمان شەهید کرا، موعاوییە داخوازی نائیلەی خێزانی حەزرەتی عوسمانی کرد

(قسـە دێ قسـە ئەبڕێ نائیلە یەکێک بوو لـە ژنـە هـەرە جوانەکانی عـەرەب، جوانییەکـەی ناوبانگی دەرکردبوو.)

نائیلـە بـە نوێنەرەکـەی موعاوییـەی وت: مـن تـازە دوای عوسـمان مێرد بـە هیـچ پیاوێک ناکـەم! سـڵاوی مـن بـە موعاوییـە بگەیـەنـە و پێی بڵێ: ژن زۆرە داخـوازی یەکێکی تر بکات!

نوێنەرەکەی موعاوییە وتی: بەڵام ئەو داوای تۆی کردووە!

نائیلە وتی: دڵی لە کوێی من چووە داوای کردووم؟

نوێنەرەکە وتی: ئەو ددانانەی پێشت زۆر جوانن!

نائیلـە هەسـتا و ئـەو ددانانـەی هەمـوو هەڵکێشـا و دای بـە پیاوەکـە و وتـی: ئەوانـە بـەرە بـۆ موعاوییـە و پێی بڵێ: نائیلـە دوای عوسـمان مێرد بـە هیـچ پیاوێک نـاکا!

❁❁❁

کامتان نێتی هێناوە؟

کامتان لە کاتی هاوسەرگیریدا هەموو ئەو نیتانەی هێناوە؟ خۆ نیتهێنان سەرەتا و بناغەی هەموو کارێکە... هەر بە گوێرەی نیتەکە کارێک باشە یان خراپە، یان باشترینە یان خراپترینە... هەر بە نیتهێنانە کە کاری ئاسایی دەگۆڕێت و دەبێت بە خواپەرستی... خوای گەورە بە گوێرەی نیتی ناو دڵی مرۆڤەکان پاداشتیان دەداتەوە...

دەی هەردووکتان نیتێکی باش بێنن و بەو هاوسەرگیرییەتان مەبەستتان ئەم شتانەی لای خوارەوە بێت:

- وەڵامدانەوە و جێبەجێکردنی فرمانی پێغەمبەر(ﷺ) کە هانی گەنجانی داوە هاوسەرگیری بکەن...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاء. رواه البخاري. واتە: هۆ گەنجەکان! هەرکەسێ توانای ژنهێنانی هەیە با ژن بهێنێت، ژنهێنان چاو دەپارێزێت، دەبێتە شورە و قەڵا بۆ عەورەتی مرۆڤ، هەرکەسێکیش توانای ژنهێنانی نییە با بەڕۆژوو بێت، ڕۆژووگرتن ئارەزووی مرۆڤ کەم دەکاتەوە و دەیپارێزێ.

- خۆپاراستن لە هەر شتێکی ناڕەوا و حەرام، کە مرۆڤ بەهۆی نەبوونی هاوسەرەوە تووشی دەبێت... ئەگەر کوڕ و کچ بەم نیتەوە هاوسەرگیری بکەن، ئەوا خوای گەورە بەڵێنی داوە کە هاوکاری ئەم جۆرە کەسانە بکات...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللَّهِ عَوْنُهُمْ: الْمُكَاتَبُ الَّذِي يُرِيدُ الْأَدَاءَ، وَالنَّاكِحُ الَّذِي يُرِيدُ الْعَفَافَ، وَالْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ». رَوَاهُ النَّسَائِيُّ. واتە: سێ چین هەن خوای گەورە بڕیاری داوە هاوکارییان بکات،

ئەو کۆیلەیەی کە بەڵێننامەی بۆ نووسراوە و ئەیەوێ قەرزەکانی ببڕێرێ و ئازاد بکرێ، ئەو کەسەی بە مەبەستی داوێنپاکی دەیەوێ هاوسەرگیری بکات، ئەو کەسەی لە پێناوی خودای گەورەدا تێدەکۆشێ و جیهاد دەکات.

دەی کێ وەک خوای گەورە بەڵێنی خۆی جێبەجێ دەکات؟

- بە نیەتی ئەوەی مااڵێکی خواناس بونیاد بنێت.

- بە نیەتی ئەوەی خوای گەورە منداڵی باش و چاکی پێ ببەخشێ... بە پەروەردەیەکی شەرعیانە پەروەردەیان بکات، بەڵکوو ئەوە خوایە لە نەوە و نەتیژەی ئەو خوای گەورەیە کەسانێک بەدی بهێنێت کە ڕاگەیاندنی ئەم ئایینە پاکە بگرنە ئەستۆ، یان ببن بە زانا و دانای لێهاتوو، یان ببن بە تێکۆشەر و پاڵەوان بۆ خزمەتی ئایین.

- بەنیەتی بەخێوکردنی ژن و منداڵ، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: إِذَا أَنْفَقَ الرَّجُلُ عَلَى أَهْلِهِ يَحْتَسِبُهَا فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ. رواه البخاري. واتە: هەر پیاوێک ژن و منااڵی خۆی بەخێو بکات و مەبەستی پێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، ئەوا خوای گەورە هەموو ئەو شتانەی کە دەیکاتە خەرجی بۆ ژن و منداڵەکانی بە خێر و سەدەقە بۆی دەژمێرێت.

- دەستکەوتنی پاداشتی هاوکاری لە کاروباری ئایینداا:

وەک هاوکاریکردن بۆ شەونوێژ... ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) بە گوێی هەموو ژن و مێردێکدا دەدات و دەفەرموێت: «رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّى وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ فَصَلَّتْ فَإِنْ أَبَتْ نَضَحَ فِي وَجْهِهَا الْمَاءَ، رَحِمَ اللَّهُ امْرَأَةً قَامَتْ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّتْ وَأَيْقَظَتْ زَوْجَهَا فَصَلَّى فَإِنْ أَبَى نَضَحَتْ فِي وَجْهِهِ الْمَاءَ» . رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَالنَّسَائِيّ. واتە: سۆز و بەزەیی خوا بڕژێ بەسەر ئەو پیاوەدا کە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەکات و پاشان ژنەکەی هەڵدەسێنێ، ئەگەر هەڵنەسا ئاو دەپڕژێنێ بە سەروچاویدا، سۆز و بەزەیی خوا بڕژێ بەسەر ئەو ژنەدا کە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەکات و پاشان مێردەکەی هەڵدەسێنێ، ئەگەر هەڵنەسا ئاو دەپڕژێنێ بە سەروچاویدا.

خۆش بە حاڵی ئەو ژن و مێردەی شەوانە هەڵدەسن و شەونوێژ دەکەن و دەست بەرز دەکەنەوە و لە خوا دەپارێنەوە... خوای گەورە لە ڕیزی ئەو کەسانەدا ناویان تۆمار دەکات کە هەمیشە زیکری خوا دەکەن...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «إِذَا أَيْقَظَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّيَا أَوْ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ جَمِيعًا كُتِبَا فِي الذَّاكِرِينَ وَالذَّاكِرَاتِ». رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَابْن مَاجَه والطبراني. واتە: ئەگەر پیاو ژنەکەی خۆی بەئاگا هێنایەوە و نوێژیان کرد، یان پێکەوە دوو ڕکات نوێژیان کرد، ئەوا خوای گەورە لە ڕیزی ئەو پیاو و ژنانەدا ناویان تۆمار دەکات کە بەردەوام زیکری خوا دەکەن.

- یارمەتیدان بۆ خێر و سەدەقە:

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «إِذَا أَنْفَقَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ طَعَامِ بَيْتِهَا غَيْرَ مُفْسِدَةٍ كَانَ لَهَا أَجْرُهَا بِمَا أَنْفَقَتْ وَلِزَوْجِهَا أَجْرُهُ بِمَا كَسَبَ وَلِلْخَازِنِ مِثْلُ ذَلِكَ لَا يَنْقُصُ بَعْضُهُمْ أَجْرَ بَعْضٍ شَيْئًا». متفق علیه. واتە: هەرکاتێ ژن لە خواردەمەنی ماڵەوەی کرد بە خێر و زیادەڕەوی نەکرد، ئەوا خوای گەورە پاداشتی ئەو خێرەی بۆ دەنووسێت، هەروەها پاداشت بۆ مێردەکەیشی دەنووسێت، چونکە ئەو پەیدای کردووە، هەروەها پاداشت بۆ ئەو کەسەیش دەنووسێت کە هەڵیگرتووە، هیچیان نابنە هۆی ئەوەی لە خێر و پاداشتی یەکتری کەم بکەنەوە.

هەرکاتێ ژنومێرد بەم نیتە پاکانە گرێبەستی هاوسەرگیرییان واژوو کرد... ئەوا هەموو چرکەیەکی ژیانیان بە خواپەرەستی بۆ دەنووسرێت و خوای گەورە پاداشتیان دەداتەوە...

ئای ئەم پاداشتانە چەندێ گەورەن... خۆزگە هەموو کوڕ و کچێک بەو نیتانەوە هاوسەرگیری دەکرد و ئەو پاداشتە گەورانەیان لەدەست خۆیان نەدایە...

❁❁❁

باوکە خەتکوژێنەوەت بۆ چییە؟

- گەنجێک ژنی هێنا، باوکی ڕۆیشت بۆ مالی کوڕەکەی بۆ پیرۆزبایی...

باوکەکە بە کوڕەکەی وت: کوڕم! قەڵەمێک و کاغەزێک و خەتکوژێنەویەکم بۆ بێنە...

کوڕەکە وتی: بۆچیتە باوکە؟

باوکەکە وتی: تۆ بیهێنە و هەقت نەبێت...

کوڕەکە قەڵەم و کاغەزی هێنا، بەڵام خەتکوژێنەوەی دەست نەکەوت...

کوڕەکە ڕۆیشت بۆ بازاڕ و خەتکوژێنەیەکی کڕی... هاتەوە و لای باوکیدا دانیشت...

باوکەکە وتی: دەی کوڕم! بە کەیفی خۆت ڕستەیەک بنووسە...

کوڕەکە ڕستەیەکی نووسی...

باوکی وتی: دەی بیکوژێنەوە...

کوڕەکە ڕستەکەی کوژاندەوە...

باوکەکە جارێکی تر وتی: دەی کوڕم ڕستەیەکی تر بنووسە...

کوڕەکە وتی: باوکە توخوا مەبەستت چییە؟

باوکەکە وتی: تۆ بنووسە...

کوڕەکە ڕستەیەکی تری نووسی...

باوکی دیسان وتی: بیکوژێنەوە...

کوڕەکە دیسان کوژاندیەوە...

ئەمجارەیش باوکەکە وتی: دەی کوڕم بنووسە...

کوڕەکە وتی: دەی توخوا باوکە پێمبڵێ مەبەستت چییە؟

باوکەکە وتی: کوڕم بنووسە و هەقت نەبێت...
کوڕەکە ئەمجارەیش ڕستەیەکی نووسی...
باوکەکە وتی: بیکوژێنەوە...
کوڕەکە دیسان کوژاندیەوە...
باوکی دەستێکی کێشا بەسەر شانی کوڕەکەیدا وتی: ڕۆڵە... ژنهێنان پێویستی بە خەتکوژێنەوەیە...

ئەگەر لە ژیانی هاوسەرگیریدا خەتکوژێنەوەیەکت بە دەستەوە نەبێت و هەموو ئەو هەڵوێستانەی ژنەکەتی پێ نەکوژێنیتەوە کە بە دڵت نییە، ئەگەر ژنەکەیشت خەتکوژێنەوەیەکی پێ نەبێ و هەموو ئەو هەڵوێستانەی تۆی پێ نەکوژێنێتەوە کە بە دڵی نییە، ئەوا دوای چەند ڕۆژێکی کەم لاپەڕەی هاوسەرگیری ڕەش دەبێتەوە و تەواو دەبێت...

نابێت ژن و مێرد وەک ڕاوچی لە بۆسەدا بن بۆ ئەوەی هەڵەی یەکتر ڕاو بکەن... دەبێت چاوپۆشی لە یەکتر بکەن... بەدوای ناتەواوی یەکتردا نەگەڕێن... بیر لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بکەنەوە کە دەفەرموێت: أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا ، وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِكُمْ. رواه الترمذي و ابوداود. واتە: کاملترین ئیماندار لە ڕووسی ئیمانەوە ئەو کەسەیە جوانترین ڕەوشتی هەیە، باشترینتان ئەو کەسانەن کە باشترینن بۆ ژنەکانتان.

- لێبوورەیی و چاوپۆشی چەندێ جوانە... چەند جوانە ئەو دەمانەی ژن و مێرد لە لای یەکتردا دادەنیشن و ناکۆکی لە بیر دەکەن و پشتگوێی دەخەن... بێتاوان لە تاوانبار دەبووریت... جگە لە خۆشەویستی بەرامبەر نەبێ ئیتر هیچ لە دڵیدا ناهێڵێتەوە... پەیوەندی نێوانیان گەورەتر لە هەموو کێشە و ئاریشەیەک دەزانێت... ئەو کاتانە مال پڕ دەبێت لە خۆشەویستی و ئەوین و بەختەوەری...

- عوسمانی کورِی زائیدە دەڵێ: بە پێشەوا ئەحمەدم وت: خۆشگوزەرانی دە بەشە، نۆ بەشی لە خۆخافڵاندنە لە کێشەکان... پێشەوا ئەحمەد فەرمووی: نەخێر! خۆشگوزەرانی دە بەشە... هەر هەمووی لە خۆخافڵاندندایە لە کێشەکان.

وتە و وشەی جوان
خێرە و سەدەقەیە

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ النساء: ١٩
واتە: بە تەرزێکی جوان و ڕەوا لەگەڵیاندا بجوولێنەوە...

گەورەترین جوانی قسەیەکی خۆش و جوانە کە بچێتە نێو دڵی ژنەوە و دڵی پێی خۆش ببێت...

بەڵام داماو ئەو کەسەیە کە قسەی خۆشی پێ نییە و هەستێکی ویشکی هەیە... نە دەزانێ قسەیەکی خۆش بکات و نە بزەیەک بێنێتە سەر لێو...

کاتێ تۆ قسەیەکی خۆش و جوان دەکەیت... ئەوە تۆ کلیلی گەنجینەیەکی گەورەت دەست کەوتووە، کەسی بەرامبەر دڵخۆش دەکەی... خوای گەورە لە خۆت ڕازی دەکەی...

لە هەموو قسەیەکدا سوور بە لەسەر ئەوەی کە قسەی جوان بکەی... یەکەم کەسێک کە بەر ڕێزنەی ئەو قسانە بکەوێ خۆتی...

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾﴾ إبراهيم: ٢٤ - ٢٥
واتە: ئایا نەتانبینیوە و نەتانزانیوە چۆن خوا نموونە دەهێنێتەوە بە گوفتاری چاک و پاک، کە وەک درەختی چاک و بەردار وایە، ڕەگی بە تۆندی داکوتاوە لە زەویدا، لق و پۆپەکانیشی بە ئاسماندا بڵاو بوونەتەوە... ئەو درەختە هەموو کات و دەمێک بەروبوومی (پاک و جوان و بێگەردی) دەبەخشێت بە ویستی پەروەردگاری، جا خوای پەروەردگار ئەم نموونانە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی، بەڵکوو یادەوەری وەرگرن.

پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەوەی دڵی دایە عایشە خۆش بکات بە نیوەناو بانگی دەکرد و دەیفەرموو: عائش... سەرناوی بۆ دادەنا و پێی دەفەرموو: دایکی عەبدوڵڵا...

خۆ ئەم کارانە نە گرانن نە پارەی دەوێ نە ئەرک و ماندووبوون... ئەمانە چەند قسەیەکی خۆش و ئاسانن... دڵی بەرامبەر خۆش دەکات...

- هەر لە سەرەتای هاوسەرگیریتانەوە ژنەکەت وا ڕابێنە کە قسەی پاک و جوان بێت... قسەی جوان و پاک وەک خۆراکە بۆ ژیان... وشەی جوان و پاک خێرە...

- دەموچاو گەشی... ڕووخۆشی... بزە و خەندە، هەمووی خێرە و سەدەقە...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: تَبَسُّمُكَ فِي وَجْهِ أَخِيكَ صَدَقَةٌ. رواه الترمذي و ابن حبان. واتە: بزە و زەردەخەنە بە ڕووی برادەرەکەتدا خێر و سەدەقەیە.

هەروەها دەفەرموێت: «لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلِيقٍ». رَوَاهُ مُسْلِمٌ. واتە: هیچ چاکەیەک بە کەم مەزانن، ئەگەرچی بە دەمی بە بزە و خەندەوە ڕووبەڕووی برادەرەکەت ببیەوە.

- سڵاوکردن خێرە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا النَّاسُ، أَفْشُوا السَّلَامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصَلُّوا وَالنَّاسُ نِيَامٌ تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ. رواه الترمذي. واتە: هۆ خەڵکینە! سڵاو لە یەکتر بکەن و سڵاوکردن بڵاو بکەنەوە، نان بدەن بە هەژاران، لەکاتێکدا خەڵک نووستون نوێژ بکەن، با بە خۆشی و سەلامەتی بچنە بەهەشتەوە.

- تەوقەکردن گوناە هەڵدەوەرێنێت... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا لَقِيَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ فَأَخَذَ بِيَدِهِ تَحَاتَّتْ عَنْهُمَا ذُنُوبُهُمَا، كَمَا

تَتَحَاتُ الْوَرَقُ مِنَ الشَّجَرَةِ الْيَابِسَةِ فِي يَوْمٍ رِيحٍ عَاصِفٍ، وَإِلَّا غُفِرَ لَهُمَا، وَلَوْ كَانَتْ ذُنُوبُهُمَا مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ». رواه الطبراني. واتە: بەڕاستی کاتێک مسوڵمان بە برای مسوڵمان دەگات و دەستی دەگرێ و تەوقە دەکەن، ئەوا گوناهەکانیان هەڵدەوەرێ، وەک چۆن گەڵای وشکەوەبووی دار بە ڕەشەبا هەڵدەوەرێت، خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت، ئەگەرچی گوناهەکانیان وەکو کەفی دەریا زۆر بێت.

- باشە ژن و مێرد هونەری قسەی چاو دەزانن؟ لە شێوازی دەنگ تێدەگەن؟ بە ڕووخساردا لە یەکتر تێدەگەن؟

ئەوانە وەک جادسو کار لەسەر دڵ دەکەن...

پیاوێک لەگەڵ ژنەکەیدا بوو بە کێشەیان، ژنەکە تووڕە بوو، جلوبەرگەکانی پێچایەوە و خستیە بوخچەیەکەوە بۆ ئەوەی بتۆڕێ و بڕواتەوە بۆ ماڵی باوکی...

پیاوەکە هەستی کرد ژنەکەی دەیەوێ بتۆڕێ... بەپەلە ڕۆیشت بۆ لای ژنەکەی، پێکەنی و دوو قسەی خۆشی بۆ کرد... دوایی لێی پرسی: ئەوە چی دەکەیت؟

ژنەکەی وتی: جلوبەرگی هاوینە هەڵدەگرم و جلوبەرگی زستانە دەردێنم...

ئەها چەند بە ئاسانی لە تۆران پەشیمانی کردەوە... بە دوو قسەی خۆش... تەنیا بزەیەک و دوو قسەی خۆش...

* * *

بەڕێزەوە لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن

هەر لە کۆنەوە وتراوە: جوانی ئافرەت ها بە زمانیەوە... کەسایەتی پیاویش ها بە هەڵسوکەوتەوە.

زۆر ئافرەتی جوان هەیە بەهۆی زمانی ناشیرینی خۆیەوە جوانیەکەی فەوتاوە... نازانێ وەک ژن لەگەڵ مێردەکەیدا هەڵسوکەوت بکات...

زۆر پیاوی جوانخاسیش هەیە کەسایەتی خۆی لەدەست داوە، چونکە لەگەڵ ژنەکەیدا زۆر خراپە...

جا کەوابوو هەتا هەڵسوکەوتتان جوان و لەبار بێت... هەتا پێکەوە تەبا بن و قسەتان نەرم و شیرین و خۆش بێت... ئەوەندە خۆشەویستی نێوانتان زیاتر دەبێت، ئەوەندە چێژ لە ژیان وەردەگرن...

هەمیشە بەدوای ئاکار و ڕەفتاری جواندا بگەڕێن... بە دەستەواژەی جوان لەگەڵ یەکدا قسە بکەن، بۆ نموونە ئەم دەستەواژانە بەکار بێنن: بە یارمەتیت... زەحمەت نەبێت... ئەگەر پێت باشە... بە ئەرک نەبێت...

هەندێک پیاو لە مالدا بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین بانگی ژنەکەی دەکات، بۆ نموونە پێی دەڵێ: ئامە... سەلە... ڕابە... زەکل...[1]

یان هەر پێی شوورەییە ناوی بێنێ و کاتێک بانگی دەکات دەڵێ: هۆو... هێی...

---

١ ئامە، کورتکراوەی ناوی ئامیەنە، سەلە، کورتەی ناوی سەلمایە، ڕابە، کورتەی ناوی ڕابیعایە، زەکل، کورتەی ناوی زەینەبە. ناو کورتکردنەوە ئەگەر بە مەبەستی خۆشەویستی بێت ئەوە سوننەتە، وەک پێغەمبەر(ﷺ) بە دایە عایشەی فەرمووە: یا عائش! بەڵام ئەگەر بۆ سووکایەتی بێت، ناڕەوایە.

باشە کوا ڕێز؟ کوا ئەدەب؟

هەرکاتێ ڕێز و خۆشەویستی لەنێوان هاوسەرەکاندا نەما، ئەوە ئیتر نوێژی مردوو لەسەر ژیانیان دابەستە...

ئەگەر ڕێز نەما... ئیتر وشەی ڕەق و زبر دێتە پێشەوە... قسەی ناخۆش... پێکهەڵشاخان... تەوس و توانج... ڕک و لاساری... کێشە و بەزمی ڕۆژانە...

بەڵکوو کار دەگاتە ئەو شوێنەی کە لە بەرچاوی کەسوکاری یەکتردا، تەنانەت لە بەرچاوی بێگانەشدا بە ڕەقی و زبری لەگەڵ یەکدا دەدوێن...

ئەگەر ڕێز و خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێرددا نەما، ئیتر ئەو ماڵە وەک پاوانێکی مێنڕێژکراوی لێ دێت...

مێرد دەبێت بە مێردەزمە... ژن دەبێت بە ژان... هەر زمانە و درێژ دەبێت... هەر دەنگە و بەرز دەبێتەوە... هەر وشەی تازە کوڕەی ڕەق و ناشیرینە لە کل دێتە دەرێ...

ژیانی ئەو ماڵە دەبێت بە دۆزەخ... دەی کەوایە هەتا ئەتوانن ڕێز لە یەکتری بگرن...

ئالای خۆشەویستی بەرز بکەنەوە، بەخوا خۆشەویستی چاکە و خێر نەبێت هەرگیز شتی خراپ لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت...

- ڕێز لە خزم و کەسوکاری یەکتر بگرن:

بۆ ئەوەی خۆشبەختی هەمیشە یار و یاوەرتان بێت، لەگەڵ کەسوکاری یەکتر باش بن و ڕێزیان بگرن...

زۆربەی کێشەی خێزانی لەوەوە سەر هەڵدەدا لایەک ڕێزی کەسوکاری لایەکەی تر ناگرێت... لەگەڵ خزم و کەسوکاری یەکتردا باش نین...

لە سەرەتای ژیانەوە هەردوولا بە باشە باسی خزم و کەسوکاری

هاوسەرەکەی دەکات... دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کەم ئەو باشە باسکردنە دەبێت بە خوسپ و زەم و بە خراپە باسکردن...

پیاوەکە باسی خراپەکانی خەزووری دەکات...

ژنەکە لای هەموو کەس و ناکەسێکدا بە خراپە باسی خەسووی دەکات...

ئەمیان دەڵێ: کەسوکاری تۆ خراپن...

ئەویان دەڵێ: کەسوکاری تۆ نەفامن!

هەردوو لا هەمیشە بەدوای کەمایەتی کەسوکاری یەکتردا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بە ناوچاوی بەرامبەریدا بدەنەوە...

جا ئەگەر ئەم کێشەیە لەنێوان ژن و پیاودا بەردەوام بێت، ئەوا سەر دەکێشێت بۆ جیابوونەوە و تەلاق...

دەی کەوایە هەرگیز بە خراپە باسی کەسوکاری یەکتر مەکەن... تانە و تەشەر لە خەسوو و خەزووری خۆتان مەدەن...

بە خراپە باسی هێوەر و دش و ژنبرا و ژن خوشکی خۆتان مەکەن...

ئەگەر کەسوکار هەڵەیەکیان هەیە باسی مەکەن، بەڵکوو ئەگەر دەتوانن چاکیان بکەن، ئەگینا وازیان لێ بێنن...

هەمیشە بە بەختەوەری بژین... بمێنن بە خێر و خۆشی...

***

ڕێزی ژنەکەت بگرە

- ڕێزی بگرە... ژنەکەت:

یەکەم: مرۆڤە و خودا ڕێزی لێ گرتووە...

دووەم: هاوسەرتە... لەنێوان هەموو ژنانی دونیادا تۆ خۆت ئەوت هەڵبژاردووە...

سێیەم: دایکی کوڕ و کچەکانتە...

چوارەم: پارێزەری هەموو نهێنی و چاکە و خراپەیەکی تۆیە...

پێنجەم: چاودێری ماڵ و خێزانەکەتە، بەڕێوەبەرە... لای ئەو نەبێت لە هیچ شوێنێک ئارام ناگرێت...

- دکتۆر ئەنوەر وەردە دەڵێت: جارێک شێخ عەبدولغەنی باوکم لەگەڵ کۆمەڵێکدا دانیشتبوو... هەندێکیان باسی هاوسەرگیری و ژنیان هێنایە ناوەوە... یەکێکیان وتی: کورە ژن پێڵاوە... دەبێت پیاو چوار پێنج ژمارە بگۆڕێ تا بزانێ کامەیان پڕ بە پێیەتی...

ئامادەبوان هەموویان سەیری باوکی منیان کرد... وەک بڵێی هەموویان بەو سەیر کردنە لێیان پرسیبێت: ڕای تۆ چییە؟

باوکم فەرمووی: ڕاستە... قسەکەی زۆر تەواوە... هەرکەسێک خۆی بە قاچ بزانێت، ژن وەک پێڵاوە... هەرکەسێک خۆی بە سەر بزانێ، ژن وەک تاجە... بڕا سەرکۆنەی ئەم کاکەیە مەکەن، ئەمە خۆی بە پێ دەزانێت، نەک بە سەر...

زۆر بە داخەوە... هەندێ کەس ئێستایش بەو چاوە نزمەوە سەیری ژن دەکات... جا قسەکەی شێخ عەبدولغەنی زۆر تەواوە، هەرکەسێ بە چاوی سووک و نزمەوە لە ژن بڕوانێ، ئەوە بێگومان خۆی سوک و نزم و گرگنە...

ئێستایش هەندێ کەس وەک سەردەمی نەفامی لەگەڵ ژن و ئافرەتدا مامەڵە دەکات... تەنانەت پیاوی بە ناو پیاوی وا هەیە ژن بە کاڵا و شتومەک دەزانێت...

کورە با خۆم نەکوژم... ئێستایش پیاوی وا هەیە لەناو پیاواندا کاتێک ناوی ژنەکەی دەبات دەڵێ: دوور لە ڕووتان دایکی منداڵەکانم...

دەڵێی: ناوی شتێکی خراپ و پیسی بردووە!

ئەگەر پێی بڵێن: پرسێک بە ژنەکەت بکە... شێت و هار دەبێت، دەڵێ: پیاو ئەگەر پیاو بێت پرس بە ژن ناکات...

دەرگای پرس و ڕاوێژ لای ئەو داخراوە...ژن نابێت پرسی پێ بکرێت... دەبێت کاری پێ بکرێت... تەنانەت دڵنیا بێت کە ژنەکەی ژنێکی زۆر ژیر و لێزانە، هەر پێی ناخۆشە و بە سووکایەتی دەزانێ کە پرسی پێ بکات...

حەزرەتی عومەر دەفەرموێت: بەخوا ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا ژنمان بە هیچ نەدەزانی، تا خوای گەورە ئەو ئایەتانەی لە بارەی ژنانەوە دابەزاند و ئەو مافانەی بۆ دیاری کرد کە بۆی دیاری کردووە...

- براکەم! پرس و ڕاوێژ بە ژنەکەت بکە... ڕێزی بگرە...

پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) کاتێک لە ئەشکەوتی حیرا گەڕایەوە پرسی بە ژنەکەی خۆی کرد، پرسی بە دایە خەدیجە کرد... دایە خەدیجە پێغەمبەری(ﷺ) برد بۆ لای ورەقەی کوڕی نەوفەل...

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕووداوی ئیفکا لە بارەی دایە عایشەوە پرسی بە یەکێک لە خێزانەکانی خۆی کرد، ئەویش دایە زەینەب بوو... ئەویش فەرمووی: جگە لە خێر و چاکە هیچم لە عایشە نەدیوە...

لە کاتی (سولحی حودەیبیە)یشدا پرسی بە دایە ئوممووسەلەمەی خێزانی خۆی کرد... ئەویش فەرمووی: تۆ خۆت بڕۆ و سەرت بتاشە و قوربانی بکە، ئیتر هاوەڵانیش خۆیان ئەو کارە دەکەن...

پێغەمبەر(ﷺ) بە قسەی کرد و خۆی هەستا و سەری تاشی و قوربانییەکەی خۆی سەربڕی... هاوەڵانیش بە بینینی پێغەمبەر(ﷺ) هەموویان هەستان و سەریان تاشی و قوربانی خۆیانیان سەربڕی...

شێخ حەسەنی بەسری دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) پێویستی بە ڕاوێژکردن بە ئوممووسەلەمە نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵک چاوی لێبکەن و پرس بە ژنی خۆیان بکەن، پرسی پێ کرد... بۆ ئەوەی بە خەڵک بفەرموویت: زۆر ئاساییە، تەنانەت وا باشە پیاو پرس بە ژنی خۆی بکات...

شەوێک حەزرەتی عومەر گوێی لێبوو کە ژنێک ئەم شیعرانەی دەگوت:

دۆستم لام نییە کەمێک ڕابوێرین
شەوگار درێژە، چاوم پڕ ئەسرین
بەخوا ئەگەر خوا چاودێرم نەبا
نوێن و بانەکەم هەموو هەڵەفڕین
ترسی خوا و ڕێزی مێرد و شکۆی خۆم
بوونەتە لەمپەڕ بۆ منی بەدین

حەزرەتی عومەر پرسی بە دایە حەفصەی کچی خۆی کرد و فەرمووی: ڕۆڵە ژنان تا چەند بەرگەی دووری مێردەکانیان دەگرن؟

دایە حەفصە لە شەرمدا سەری داخست و دوایی بە ئاماژەی دەست فەرمووی: شەش مانگ، یان چوار مانگ...

حەزرەتی عومەر فەرمووی: نابێت هیچ سەربازێک زیاتر لە چوار مانگ لە سەربازگەدا بمێنێتەوە...

خۆت بڕازێنەوە بۆ ژنەکەت

- خوای گەورە سروشتێکی وای بە مرۆڤ بەخشیوە کە مرۆڤ حەزی لە جوانییە... پیاو پێی خۆشە ژنەکەی جوان بێت... چێژ لەو سروشتە وەردەگرێت... تەنانەت مرۆڤی هان داوە بۆ ئەوەی لە کاتی هاوسەرگیریدا ئەو سروشتە لە خۆیاندا زیندوو بکەنەوە و خۆیان بڕازێنەوە و خۆیان بۆنخۆش بکەن...

پێغەمبەر(ﷺ) بە حەزرەتی عومەری فەرموو: أَلاَ أُخْبِرُكَ بِخَيْرِ مَا يَكْنِزُ الْمَرْءُ ؟ الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ، إِذَا نَظَرَ إِلَيْهَا سَرَّتْهُ، وَإِذَا أَمَرَهَا أَطَاعَتْهُ، وَإِذَا غَابَ عَنْهَا حَفِظَتْهُ. رواه ابوداود. واتە: ناتەوێ پێتبڵێم باشترین گەنجینە چییە بۆ پیاو؟ ژنی باش، -ئەوەندە باش بێت- کاتێک سەیری دەکات دڵی پێی خۆش بێت، کاتێ داوای شتێکی لێ دەکات گوێڕایەڵی بکا، کاتێ لە ماڵەوە نەبێ شکۆ و کەسایەتی و ماڵی بۆ بپارێزێت.

بێگومان یەکێک لەو شتە مەزنانەی کە ئافرەت دەتوانێت دڵی مێردەکەی پێ خۆش بکات خۆڕازاندنەوە و خۆبۆنخۆش کردنە... خۆڕازاندنەوە زۆر سەیر کار لە دڵی پیاو دەکات... کەچی بەداخەوە زۆربەی ژنان تەمبەڵی دەکەن و تەنیا کاتێک خۆیان دەڕازێننەوە کە دەچنە دەرەوە... دواییش پرتە و بۆڵە دەکەن و دەڵێن: پیاوەکەمان ڕووی خۆش نییە... شەڕ دەفرۆشێت... پێی خۆش نییە لە ماڵەوە دانیشێت...

ژنی وا هەیە ئەوەندە شپرزە و جلوبەرگی ناشیرین و ناخاوێنە کە بوون و نەبوونی وەک یەکی لێ هاتووە و پیاوەکەی گوێی پێ نادات...

- پیاوێک سوور و ساف بە منی وت: زۆر جار دەچمەوە بۆ ماڵەوە کاتێ دەبینم ژنەکەم گوێم پێ نادات و هیدفۆنەکەی گوێی لانابات، ئیتر من دێمە ژێر سفرەوە، بەڵام هەر ڕۆژێک خۆی بڕازێنێتەوە و گوێم پێ بدات و خێراتنم بکات، ئیتر ئەو ڕۆژە وادەزانم پاشای سەر زەوی خۆمم...

خوشکی بەڕێز... ئەوە کەمێک کاتی دەوێت... دەستێک جلوبەرگی پاکوخاوێن لەبەر بکە و فستێک بۆنی خۆش لە خۆت بدە و شانەیەک بێنە بە قژتدا...

- زۆر سەیرە! ژنی وا هەیە یەک تۆز خۆی بۆ مێردەکەی جوان ناکا... بە دەگمەن نەبێ بۆنێکی خۆش لە خۆی نادا، بەڵام کاتێ دەچێت بۆ شایی و تەنانەت شیوەنیش! لە بەردەم ئاوێنەکەدا کاتژمێرێک خەریکی خۆڕازاندنەوە دەبێت... وەک ئەو شەوەی گواستیانەوە خۆی دەڕازێنێتەوە... مێردەکەی ببینێت بە حاڵ دەیناسێتەوە...

دەی با ئەو خوشکە بەڕێزانە لە خۆیان بپرسن: ئەگەر مێردەکەم بەم شێوەیە بمبینێ چۆن بیر دەکاتەوە؟ باشە ئەگەر پێی وابێ خۆم بۆ خەڵک جوان دەکەم ناهەقیەتی؟

باشە ئەگەر خۆت بۆ مێردەکەت بڕازێنێتەوە چ دەبێت؟ وەکو کورد دەڵێ: خۆ کابە کەچ نابێت...

ملوانکەیەکی جوان لە مل بکە... ئەو شتەی کە ئەو بە دیاری بۆی هێناوی بە کاری بهێنە... پیاو زۆری پێ خۆشە کاتێک شتێک دەکاتە دیاری بۆ ژنەکەی، بەکاری بێنێت و خۆی پێ بڕازێنێتەوە...

لە ماڵەوەیش خۆت بڕازێنەوە... با ئەگەر مێردەکەت لە بازاڕ و ڕێگەوباندا چاوی پێت کەوت بتناسێتەوە... دڵی پێت خۆش بێت...

- لە سەردەمی پێشینە باشەکانی ئیسلامدا ژنان زۆر بە دوای شتومەکی جوان و بۆنی خۆشدا دەگەڕان... بۆ ئەوەی لە ماڵەوە خۆیان بۆ مێردەکانیان بڕازێننەوە...

با گوێ لەم بەسەرهاتە بگرین:

عـن بَكْـرَة بنْـتُ عُقْبَـة : أَنَّهـا دَخَلَـتْ عَـلَى عَائشَـة وَهـيَ جَالسَـةٌ في مُعَصْفَرَة ، فَسَأَلَتْهَا عَـن الْحنَّـاء فَقَالَـتْ : شَـجَرَةٌ طَيِّبَـةٌ وَمَـاءٌ طَهُـورٌ ، وَسَـأَلَتْهَا عَـنِ الْخُفَـاف ، فَقَالَـتْ لَهَـا : إِنْ كَانَ لَـكِ زَوْجٌ فَاسْتَطَعْتِ أَنْ تَنْزِعـي مُقْلَتَيـكِ فَتَصْنَعيهمَـا أَحْسَـنَ مِـمَّا هُـمَا، فَافْعَـلِي. رواه ابن سعد فى الطبقات. واتـه: بەکرەی کچی عوقبە هات بۆ لای دایە عایشە، دایە عایشە لە ماڵەوە دانیشتبوو -سەری یان دەستی- لە خەنە گرتبوو، بکرە لە بارەی خەنەوە لە دایە عایشەی پرسی، دایە عایشە فەرمووی: گیایەکی بۆنخۆش و ئاوێکی پاکە... دوایی بەکرە لە بارەی مولابردنەوە پرسیاری لە دایە عایشە کرد، دایە عایشە فەرمووی: ئەگەر مێردت هەیە، دەتوانی مووی دەوروبەری چاوت لابەی و چاوت لە ئێستا جوانتر بکەی، ئەوا بیکە!

پێغەمبەریش(ﷺ) ژنانی هان داوە بۆ ئەوەی خۆیان بۆ مێردەکانیان برازێننەوە...

عـن عائشـة قالـت: «أَوْمَـتْ امْـرَأَةٌ مِـنْ وَرَاءِ سِـتْرٍ، بِيَدِهَـا كِتَـابٌ إِلَى رَسُولِ اللَّـه(ﷺ) فَقَبَـضَ النَّبِـيُّ(ﷺ) يَـدَهُ. فَقَـالَ: مَـا أَدْرِي أَيَـدُ رَجُـلٍ أَمْ يَـدُ امْـرَأَةٍ؟ قَالَـتْ: بَـلْ يَـدُ امْـرَأَةٍ، قَـالَ: لَـوْ كُنْـتِ امْـرَأَةً لَغَيَّرْتِ أَظْفَـارَكِ. يَعْنِـي الْحِنَّـاءَ» . رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ، وَالنَّسَـائِيُّ. واتـه: دایە عایشە دەفەرموێت: ژنێک لە پشت پەردەوە دەستی دەرهێنا و نامەیەکی بە دەستەوە بوو بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی نەدایە و فەرمووی: نازانم ئەم دەستە دەستی پیاوە یان هی ژنە؟ ژنەکە وتی: دەستی ژنە -یانی: من ژنم!- پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی ئەگەر ژنی بۆ نینۆکەکانت بە خەنە ڕەنگ نەکردووە؟

تەنیا لە لای مەبە، لەگەڵیدا بە

- جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەوەی کە ژن لای مێردەکەی بێت، لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ مێردەکەیدا بێت...

ئەگەر ژن لای مێردەکەی بوو یانی تەنیا بۆ ژیان بەسەربردن و خواردن و خەوتن لە لایەتی...

بەڵام ئەگەر لەگەڵیدا بوو یانی هاوبەشی مێردەکەیەتی... بە بیروباوەڕ... لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیدایە و بە دڵ و گیان پێکەوەن.

هاوکاری مێردەکەیەتی... کێشە و ئاریشەکانی بۆ ئاسان دەکات... قورسایی ژیانی لەگەڵدا هەڵدەگرێت...

پیاو ئەگەر ژنێکی هەبوو کە خەمی بۆ بخوات... خۆشی بوێت... گوێی پێ بدات... لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵیدا بێت، ئەوە ئیتر بەختەوەرە و ژنی خۆی دەستکەوتووە...

خوشکی بەڕێز... هەمیشە لەگەڵ مێردەکەتدا بە...

هاوڕێی بە... ژنی بە... خۆشەویست و ئەویندارێ بە...

ژیر بە... بزانە چی پێخۆشە و چۆنی پێخۆشە ئاوا بە...

ئەگەر ژن بەو جۆرە بێت ئەوا پیاویش هەست دەکات کەسێک خەمخۆریەتی... هاوڕێ و هاوسەریەتی... هاوبەشی ژیانیەتی... پشت و پەنایەتی...

دەزانێت کە کەسێک لە ژیانیایە ئەوی دەوێت... کەسێک نییە تەنیا بۆ نان و ئاو و خواردن و جلوبەرگ ئەوی بوێت...

- پیاوێک لە دانایەکی پرسی: چۆن بزانم ژنەکەم هەر لە لام نییە، بەڵکوو لەگەڵیشمدایە؟

داناکە فەرمووی: ئەگەر ئەم دە خاڵەی تیابوو ئەوە دڵنیا بە کە هەم لە لاتە و هەم لەگەڵتدایە...

١- ئەگەر هەوڵی دا کارێک بکات کە تۆ پێی دڵخۆش بیت، لەو کارانە دوور کەوتەوە کە تۆ قەڵس دەکات...

٢- ئەگەر لە ڕا و بۆچوونداپێچەوانەی ئەو بیت تووڕە نابێت...

٣- ئەگەر لە ماڵەوە نەبیت نیگەران دەبێت... ئەگەر گەڕایتەوە دڵخۆش دەبێت...

٤- ئەگەر خەمبار بووی ئەویش خەم دەخوات... ئەگەر تووڕە بوویت خەمبارتر دەبێت...

٥- ئەگەر دیارییەکی بچووکیشی بۆ ببەی دڵی پێی خۆشە و سوپاست دەکات...

٦- ئەگەر هەژار بیت پرتەوبۆڵە ناکات... هەر کارێکت هەبێ ئەو پێی سەربەرزە...

٧- گرنگیت پێ دەدات... لە بیروڕادا هاوکارتە... کاتێک لە کارێکدا سەردەکەوێت دڵخۆش دەبێت...

٨- ئەگەر ویستی برپارێک بدا پرست پێ دەکات...

٩- ئەگەر تۆ هیچ قسەیەکت بۆ کردن پێ نەبو، ئەو بابەتێک دروست دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن...

١٠- هەمیشە بەدوای ئەو کارانەدا دەگەڕێ کە دڵت خۆش دەکات.

- خوشکی ئازیز! تۆیش لە خۆت بپرسە... ئایا لە لای مێردەکەتی، یان لەگەڵیدای؟

ئافرەتی سەرکەوتوو... ژنی لێزان دەبێت ئەو دە خاڵەی تیابێت بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی و خۆشی لەگەڵ مێردەکەیدا بژی...

ئەوە کەی ژیانە ژن و پیاوێک بە لاشە لە لای یەک بن و بە دڵ هەریەک لە شوێنێکی تر بن...

(شێخ ابو السعید ابوالخیر خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت:

گ-ر در یمنی چوو با من-ی پیش منی

گ-ر پیش منی چوو بی منی در یمنی

م-ن ب-ا ت-و چن-ان-م ای نگار یمن-ی

خود در غلطم که من توام یا تو منی

واتە:

گەر لە یەمەن بیت دڵت لە لام بێت تۆ لە لای منی

گەر لە لای منی دڵت لام نەبێت، تۆ لە یەمەنی

س-ەرم ل-ە ڕێت-ە دڵم داب-ە ت-ۆ بت-ی ی-ەم-ەن-ی

سەرم لێ شێوا ئێس-تا من ئەتۆم یا خۆ تۆ منی. (وەرگێڕ)

ژنێک دەڵێت: بیرم کردەوە بزانم چ شتێک دەبێتە چرای بەختیاری مێرد، بۆ ئەوەی بتوانم ئەو چرایە بە داگیرساوی بهێڵمەوە و نەیکوژێنمەوە، دوایی بۆم دەرکەوت نەوتی ئەو چرایە ئەم شتانەیە: تێگەیشتن لە بەرامبەر... خۆڕاگری... ئارامی... هێمنی... بەخشین و لەخۆبووردەیی.

❁❁❁

چەند کاتێکی گرنگ...

- بە گاڵتەوە لێی پرسی: هیچ ژنێک هەیە لە من جوانتر بێت؟
بێدەنگ بوو... دوایی وتی: نازانم...
وتی ئەی ژن هەیە لە من باشتر بێت؟
دیسان وتی: نازانم...
وتی: هیچ ژنێ هەیە لە من دڵنەرمتر بێت؟
وتی: پێم وتی: نازانم...
ژنەکە وتی: چۆن نازانی؟
پیاوەکە وتی: ئێ نازانم... تا تۆ ژنی من بیت، من چۆن تەماشای ژنێکی تر ئەکەم تا بزانم لە تۆ جوانترە یان نا؟
من چۆن بزانم تۆ جوانترین ژنی... خۆ من جگە لە تۆ ژنێکی تر نابینم...
چۆن بزانم کێ لە تۆ باشترە؟ خۆ لە تۆ باشترم نەدیوە...
چۆن بزانم کێ لە تۆ دڵنەرمترە؟ خۆ من جگە لە دڵی تۆ دڵی هیچ کەسێکی تر لە دڵمدا نییە...
ئیتر چوزانم ژنەکە! بۆ واز ناهێنی؟ تۆ لە ژیانمدای ئیتر من هەست بە هیچ ژنێکی تر ناکەم...
تۆ هەموو هەستێکی منت بۆ خۆت دزیوە... ئەوینی تۆ دڵی منی داگیر کردووە...
- دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاوێک زۆر باسی جوانی ژنەکەی خۆی دەکرد... ژنەکەی وتی: تۆ زێدەڕەوی دەکەی، من هێندە جوان نیم... ئەوەتا دراوسێکانمان پێیان وایە من ژنێکی ئاساییم، نە جوانم نە ناشیرین...

پیاوەکە وتی: ئەوانە بە چاوێک سەیری تۆ دەکەن کە دڵی ئەو چاوە خۆشەویستی تۆی تیا نییە، بەڵام دڵی چاوەکانی من پڕن لە ئەوینی تۆ...

- پیاوێکی وابە کە جار جارە - وەک ئەمڕۆ باوە و دەڵێن- سوپرایزت بۆ ژنەکەت هەبێت...

بزانە چی پێخۆشە بۆی بکە بە شتێکی کتوپڕ و سوپرایز... دیاری لەناکاو و چاوەڕواننەکراو...

بزانە چ کەسێکی خۆی خۆش دەوێت، تۆ پێی بڵێ: با بچین سەردانی بکەین...

بزانە چ شوێنێکی پێ خۆشە، ببە بۆ ئەو شوێنە...

هەمیشە پێی بڵێ: خۆشم دەوێیت... پێی بڵێ: بێ تۆ ژیانم ناوێ... ناتوانم بەبێ تۆ بژیم...

کاتێ دێیتەوە بۆ ماڵەوە سڵاوی لێ بکە... دوو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکە... شۆخی و گەپ و گاڵتەی ماقوڵ لەبیر مەکە...

هەمیشە ڕووخۆش و دەموچاو گەش بە...

ئەگەر ژنەکەت وتی: نا... تۆ پێی بڵێ: باشە... پێی بڵێ: قسەی تۆ هەر شتێک بێت بۆ من خۆشە... کاتێ بڕۆت دێنیتە یەک و دەیکەی بە شکڵی (لا) و بە بڕۆ دەڵێی (نا) ئەو کاتە من بۆت شێت دەبم...

شیعرەکەی نالی بە سەردا بخوێنە و پێی بڵێ:

بڕۆت هێنایە یەک وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێزارم...

ژن بەو قسانە دڵی خۆش دەبێت و میردەکەی هەرچی بڵێت پێی ڕازی دەبێت...

- بزانە پێغەمبەر(ﷺ) چەندێ لەگەڵ ژنەکانی خۆیدا باش بووە، تۆیش هەوڵ بدە وەک ئەو بیت... لەگەڵ ژنی خۆتدا باش بە...

عن عائشة قالت: ... و كَانَ يَوْمَ عيد يَلْعَبُ السُّودَانُ بالدَّرَق وَالْحِرَاب فَإِمَّا سَأَلْتُ النَّبِيَّ(ﷺ) وَإِمَّا قَالَ تَشْتَهِينَ تَنْظُرِينَ فَقُلْتُ نَعَمْ فَأَقَامَنِي وَرَاءَهُ خَدِّي عَلَى خَدِّهِ وَهُوَ يَقُولُ دُونَكُمْ يَا بَنِي أَرْفِدَةَ حَتَّى إِذَا مَلِلْتُ قَالَ حَسْبُكِ قُلْتُ نَعَمْ قَالَ فَاذْهَبِي. رواه البخاري. واتە: ڕۆژی جەژن بوو، سودانییەکان بە تیر و شیر و مەتاڵ یارییان دەکرد... نازانم یان من داوام لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە سەیری بکەم یان خۆی فەرمووی: پێتخۆشە سەیر بکەیت؟ منیش وتم: بەڵێ... پێغەمبەر(ﷺ) منی لە دواوەی خۆی ڕاوەستاند، کوڵمم لەسەر کوڵمی بوو، دەیفەرموو: دەی نەوەی ئەرفیدە یاری بکەن... تا من بێتاقەت بووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەسە؟ وتم: بەڵێ... فەرمووی: دەی بڕۆ!

پیاوان چییان پێخۆشە؟

- گرنگترین شتی ژن لای پیاو ئەوەیە کە ژنەکەی دڵی پاک و خاوێن بێت... دەی هەوڵ بدە دڵت هەمیشە پاک و خاوێن بێت...

- پیاو ئەو ژنانەی خۆش دەوێت کە بە لێبوردەییەوە کار دەکەن... ڕاستگۆن...

کاتێ کە لەگەڵیاندا دەژین وا دەزانن ژیانیان لەگەڵیاندا وەکو کتێبێکی کراوەیە...

- پیاو ژنێکی خۆش دەوێت مێردەکەی بۆ کاری چاکە هان بدات و لە کارەکان ساردی نەکاتەوە... ژنەکەی پێی بڵێ: ڕەفتاری جوانی تۆ دەتگەیێنێ بە لووتکە...

- ژنێکی خۆش دەوێت، گرنگی پێ بدات... پێی بڵێ: ئەمڕۆ هیچ کارێکت بە من هەیە؟ چیم لە دەست دێت بۆت بکەم؟

- ژنێکی خۆش دەوێ لە هەموو سووچێکی ژیندا هاوبەشی بێت... خەمخۆری بێت... هەر چاوی لە کەیف و شادی نەبێت... هەر بەدوای خۆشیدا نەگەڕێت...

- ژنێکی خۆش دەوێت متمانەی بە خۆی هەبێت...

- ژنێکی خۆش دەوێت شانازی بە مێردەکەیەوە بکات... پێی خۆشە لە ژنەکەی ببیستێت پێی بڵێ: من شانازی بە تۆوە دەکەم... تۆ مێردێکی جیاوازی...

هەموو مێردێک پێی خۆشە ژنەکەی شانازی پێوە بکات...

- ژنێکی خۆش دەوێ گوێڕایەڵ بێت... کارێک بکات مێردەکەی لە خۆی ڕازی بکات، چونکە ئەوە خۆشەویستی نێوانیان زیاتر دەکات... پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ مَاتَتْ وَزَوْجُهَا

عَنْهَا رَاضٍ دَخَلَتِ الْجَنَّةَ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ. واتە: هەر ژنێک بمرێ و مێردەکەی لێی ڕازی بێت دەچێتە بەهەشتەوە.

- ژنی ڕووخۆشی خۆش دەوێت... زۆرجار پیاو لە دەرەوە ماندوو دەبێت... تووشی قسەی ناخۆش و ڕەق دەبێت... جاری وا هەیە لە گیانی خۆی بێزار دەبێت... ئەگەر هاتەوە بۆ ماڵ و لە ماڵەوەیش ژنەکەی دەموچاوی دابوو بە یەکدا و خێراتنی نەکرد و قسەی خۆش نەبوو، ئیتر تەواو لە گیانی خۆی بێزار دەبێت، بەڵام ئەگەر ژنەکەی بە ڕووی خۆشەوە خێراتنی کرد و دوو قسەی خۆشی لەگەڵدا کرد، خەم و ناخۆشی و ناڕەحەتی دەرەوەی لەبیر دەچێتەوە.

- ژنی ئارام و هێمنی خۆش دەوێت... دەنگی نزم و لەسەرخۆ بێت... قیژە و چیقەی نەبێت... کارێک نەکات منالەکانیش بەرامبەر باوکیان بوەستنەوە.

- ژنێکی خۆش ناوێت زۆر زۆر بچێتە دەرەوە... ئەوەندەی لە دەرەوە بایەخ بە ڕوالەت و پاکوخاوێنی دەدات، کەچی لە ماڵەوە وانەبێت... ماڵەکەی خۆی بە زیندان بزانێت و پێی خۆشبێت بەردەوام لە دەرەوە بێت.

- ژنێکی خۆش ناوێ بەردەوام دوای شت بکات و بە هیچ ڕازی نەبێت... کاتێ بە ماندوویی لە دەرەوە دەچێتەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی یەکسەر بەرۆکی بگرێ و بڵێ: برۆ بۆ بازاڕ و ئەوە و ئەوە بکڕە...

- ژنێکی خۆش ناوێت نیوەڕوان لە خەوی بەیانی هەستێت... مێردەکە لە دەرەوە بێتەوە بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخوا، کەچی ژنەکەی پرخەی دێ و هێشتا لە خەو هەڵنەساوە... ئەو پیاوەی کە وا ڕاهاتووە بەیانیان زوو دایکی پێش ئەو لە خەو هەڵدەستا و نان و چای بەیانی ئامادە دەکرد و دوایی منالەکانی بەئاگا دەهێنایەوە

و بەڕێی دەکردن بۆ کاری ڕۆژانەی خۆیان، بە ژنێک ڕازی نابێت بەیانیان نان و چایەکی پێ نەدات و نیوەڕوانیش بێتەوە سەر سفرەی ساردوسڕ...

- ژنێکی خۆش ناوێت کە هەتا مێردەکەی نەیەتەوە ماڵەوە گسک لێنەدا و پاکوخاوێنی نەکاتەوە.

***

لە لایەن پەیجی (بۆهاوسەران BoHawsaran)

کراوە بە PDF بەهاوکاری چەناڵی تلگرامی

(تەنیاحاجی Tanya Haji)

Bo Hawsaran
بۆ هاوسەران

چاکەی خەڵك بوێت...

- پیاوێک ژنەکەی برد بۆ بازارێک و وتی:
ئەمەوێ دیارییەک بۆ دایکم بکڕم، تۆ دەستنیشانی بکە!
ژنەکە لە دڵەوە پێی ناخۆش بوو.
دیارییەکی زۆر هەرزان و کەم نرخی هەڵبژارد!
پیاوەکەیش دیارییەکەی کڕی و لە پاکەتی گرت!
ئیوارە هاتەوە بۆ لای ژنەکەی خۆی و دیارییەکەی پێدا و وتی:
پێم خۆش بوو ئەو دیارییەی کە ئەمەوێ بۆت بکڕم خۆت دەستیشانی بکەیت!
ژنەکە تووشی شۆک بوو... ئاخر ئەگەر کەمێک ویژدانی هەبا ئێستا دیارییەکی جوانی بۆ دەهات...
- چاکەت لە بەرچاو بێت...
جاری وا هەیە پیاو هەڵەیەک دەکات... ئیتر ژنەکەی پێی دەڵێت: تۆ هەمیشە هەروا بووی... هێشتا چاکەیەکت بۆ من نەبووە...
پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «إِيَّاكُنَّ وَكُفْرَ الْمُنَعَّمِينَ» فَقَالَتِ امْرَأَةٌ: أَعُوذُ بِاللهِ يَا رَسُولَ اللهِ مِنْ كُفْرَانِ نِعَمِ اللهِ قَالَ: «إِنَّ إِحْدَاكُنَّ يَطُولُ أَيِّمَتُهَا ثُمَّ يَرْزُقُهَا اللهُ الْبَعْلَ، وَتُفِيدُ الْوَلَدَ وَقُرَّةَ الْعَيْنِ، ثُمَّ تَغْضَبُ الْغَضْبَةَ فَتُقْسِمُ بِاللهِ مَا رَأَيْتُ مِنْهُ سَاعَةَ خَيْرًا قَطُّ، فَذَلِكَ مِنْ كُفْرَانِ نِعَمِ اللهِ، وَذَلِكَ مِنْ كُفْرَانِ نِعَمِ اللهِ، وَذَلِكَ مِنْ كُفْرَانِ نِعَمِ اللهِ». رواه احمد والطبراني و اللفظ له. واتە: ئەی چینی ئافرەتان! خۆتان لەو ناشوکرییە بپارێزن کە وەک ناشوکری ئەو کەسانەیە کە خۆش دەژین... ژنێک وتی: پەنا دەگرم بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ناشوکریکردنی نیعمەتەکانی خوای گەورە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

ئافرەتی واتان تێدایە ماوەیەکی زۆر بێ مێرد بووە، ماوەیەک قەیرە کچ بووە، دوایی خوای گەورە مێردی پێ دەبەخشێت، منالّی پێ دەبەخشێت... ئەوەی کە پێی خۆشە و پێی دڵخۆش دەبێت پێی دەبەخشێت... دوایی یەکجار تووڕەبوو سوێند دەخوا و دەڵێ: هێشتا کەمێک خۆشیم لەم مێردەم نەدیوە... ئەوە ناشوکریکردنی نیعمەتەکانی خوایە... ئەوە ناشوکریکردنی نیعمەتەکانی خوایە... ئەوە ناشوکریکردنی نیعمەتەکانی خوایە.

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: أُرِيتُ النَّارَ فَإِذَا أَكْثَرُ أَهْلِهَا النِّسَاءُ يَكْفُرْنَ قِيلَ: أَيَكْفُرْنَ بِاللَّهِ قَالَ: يَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ وَيَكْفُرْنَ الإِحْسَانَ لَوْ أَحْسَنْتَ إِلَى إِحْدَاهُنَّ الدَّهْرَ ثُمَّ رَأَتْ مِنْكَ شَيْئًا قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ مِنْكَ خَيْرًا قَطُّ. رواه البخاري. واتە: ئاگرم پێ پیشان درا، زۆربەی زۆری دۆزەخییەکان ئافرەت بوون، ناشوکری دەکەن. وترا: ناشوکری خوا دەکەن؟ فەرمووی: ناشوکری خزم و کەسوکار دەکەن، ناشوکری بەرامبەر چاکە دەکەن، ئەگەر بە درێژایی ڕۆژگار چاکە لەگەڵ یەکێکیان بکەی، دوایی یەک شتت لێ ببینێت دەڵێ: هەرگیز چاکەم لە تۆ نەدیوە!

- نەکەن منەتکار بن...

ژنی وا هەیە خزمەتی مێردەکەی و منداڵەکانی دەکات... هەرچی لە دەست بێ دەیکات، بەڵام دوایی منەت بەسەر مێردەکەیدا دەکات... هەرچی چاکەی کردووە هەمووی بە نێوچاوی مێردەکەیدا دەداتەوە...

خوای گەورە پێی ناخۆشە مرۆڤ چاکەکانی خۆی بە نێوچاوانی بەرامبەردا بداتەوە، بۆیە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ﴾ البقرة: ٢٦٤ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن خێر و پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەتی نان و دل ئازاردانی (هەژاران).

پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: الْمَنَّانُ الَّذِي لَا يُعْطِي شَيْئًا إِلَّا مَنَّهُ، وَالْمُنَفِّقُ سِلْعَتَهُ بِالْحَلِفِ الْفَاجِرِ، وَالْمُسْبِلُ إِزَارَهُ. رواه مسلم. واتە: سێ چین هەن خوای گەورە لە ڕۆژی پەسڵاندا گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکات، ئەو منەتکارەی کە هیچ شتێک بەبێ منەت نابەخشێت، ئەو کەسەی کەلوپەلی خۆی بە سوێندی درۆ ساغ دەکاتەوە... ئەو کەسەی جلوبەرگی لە سنووری خۆی شۆڕتر دەکات.

ئیبنوعەببباس دەفەرموێت: چاکە بە سێ شت تەواو دەبێت: بە پەلەکردن، بە کەمزانینی ئەو چاکەیە، بە شاردنەوەی... ئەگەر بەپەلە چاکەکەی کرد پێی دڵخۆش دەبێت، ئەگەر بە کەمی زانی لای خوا گەورە دەبێت، ئەگەر شاردیەوە کارەکەی بە تەواوی و ڕێکوپێکی کردووە.

***

دیارە ژنان وەکو پیاو نین (١)

- کاتێک ئافرەت سکاڵا دەکات:

کاتێک ژن قەڵس دەبێت... پێویستە قسەی لەگەڵدا بکرێت... دەیەوێ لەوە دڵنیا بێتەوە کە بەرامبەر بە باشی گوێی بۆ دەگرێت... سروشتی ئافرەت وایە پێی خۆشە باسی ئاریشە و کێشەکانی خۆی بکات... ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ هێورببوونەوەی ئافرەت...

کاتێ پیاو بە جوانی گوێ دەگرێ بۆ ژن و ژن دەردەدڵیی خۆی لا دەکات... پیاو وادەزانێت ئەو ژنە داوای ئەوەی لێدەکات کێشەکانی بۆ ئاسان بکات و کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ژن هەر ئەوەی دەوێ کە بە جوانی گوێی بۆ بگیرێت و لێی تێبگەن و کەمێک سۆزیان پێ بدەن...

بەڵام پیاو هەرگیز باسی کێشەکانی ناکات، مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە داوای هاوکاری بکات... ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کاتێک ژن لای پیاو باسی کێشەیەکی خۆی دەکات یەکسەر پیاو لەجیاتی گوێگرتن ڕێگەچارەی بۆ دادەنێ و ئامۆژگاری دەکات... ئیتر ژنەکە بێزار دەبێت و سکاڵاکەی دەگۆڕێ بۆ ئەوەی کە پیاوەکە گوێی بۆ ناگرێ... پیاویش وا دەزانێ بەو ئامۆژگاریانەی دەتوانێ دەسکاری سروشتی ژنەکە بکات و بیگۆڕێ...

کاتێکیش ژن دەیەوێ کێشەی پیاو چارەسەر بکات، پیاو وا هەست دەکات کە ژنەکە توانای چارەسەری نییە و متمانەی پێ نییە... زۆر گرنگی بەوە نادا کە ژنەکەی گوێی بۆ بگرێ...

جا هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە پیاو ئەو جۆرە بیر کردنەوانەی خۆی بگۆڕێ... ئەوەندە ئامۆژگاری نەکات...

هەنگاوی دووەمیش ئەوەیە کە: بە جوانی گوێ بۆ ژنەکەی بگرێ...

هەرچی هەنگاوی سێیەمیشە ئەوەیە کە: کاتێکی شیاو دەستنیشان بکا بۆ چارەسەری کێشەکان...

سکالای یەکەمی ژنان لە دەست پیاوان ئەوەیە کە دەڵێن: من وا هەست دەکەم پیاوەکەم گوێم بۆ ناگرێ... کەس نییە گوێم بۆ بگرێ...

- کاتێک پیاوان سکالا دەکەن:

کاتێک ژن پیاوەکەی خۆش دەوێ وادەزانێ بەرپرسی ئەوە... بۆیە هەوڵ دەدا هەمیشە یارمەتی بدا بۆ ئەوەی کارەکانی بە جوانی جێبەجێ بکات... ئیتر پیاویش سکالا لە دەست ژن دەکات و دەڵێ: ئەو دەیەوێ من بگۆڕێ...

ژن وا گومان دەبا کە کاتێ پیاوەکەی هەڵەیەک دەکات دەبێت بیگۆڕێ... وادەزانێ ئەو بەرپرسە لەوەی کە مێردەکەی بگۆڕێ... بۆیە بەبێ ئەوەی مێردەکەی داوای ئامۆژگاری بکات، ئەم لەولاوە لەخۆوە دەست دەکات بە ئامۆژگاری...

ئیتر نازانێت بەو کارەی چەندێک ڕەخنەگرانە دێتە پێشچاو... بۆیە پیاوەکەیش گوێ بە ئامۆژگارییەکانی نادات... خۆی لێ کەڕ و نەبیست دەکات... دواتر ژنەکە وا هەست دەکات کە توانای بەسەریدا نییە، بۆیە متمانەی پێ نامێنێت...

خوشکی بەڕێز! خۆت ڕابگرە و بەبێ ئەوەی داوات لێ بکرێ ئامۆژگاری پێشکەش مەکە... بەو قسانە پیاوەکەت ڕاست نابێتەوە، بەڵکوو زیاتر وەڵامت دەداتەوە...

لە ڕاستیدا پیاو لەژێر فشاری کۆمەڵێک گیروگرفتدایە... لەنێو ئەو هەمووە گیروگرفتەدا تەنیا بیر لە یەکێکیان دەکاتەوە... ئەوانیتر

لەبیر خۆی دەباتەوە، بەڵام ژن بە پێچەوانەی پیاوەوەیە، بە جارێک بیر لە هەزارویەک گیروگرفت دەکاتەوە...

پیاو تەنیا یەک قسە دەکات، مەبەستی لەو قسەکردنەیش ئەوەیە کە بزانن کێشەی هەیە و بەس، بەڵام ژن دەیەوێ بە جۆرەها قسەکردن کێشەکەی خۆی ئاسان بکات...

دیارە ژنان وەکو پیاو نین (٢)

زمانی جیاواز:

ژنان و پیاوان زمانی جیاوازیان هەیە، جیاوازییەکە لە جۆری وشەدا نییە، بەڵکوو لە جۆری مانادایە...

کاتێک ژن دەڵێ: (ئێمە هەرگیز ناچینە دەرەوە)، ئەوە مەبەستی ئەوەیە کە (دەمەوێ پێکەوە بچینە دەرەوە، من کاتێک لەگەڵ تۆدا دەچمە دەرەوە هەست بە بەختەوەری دەکەم)، کەچی پیاو ئەو قسەیە بە گوێرەی زمانەکەی خۆی وەردەگێڕێ و ئاوا دەڵێ: (تۆ وەک پێوست داواکانی من جێبەجێ ناکەیت)، (تۆ هەمیشە کەمتەرخەمی).

کاتێک ژن گلەیی دەکات ئەوە مانای وا نییە کە سەرکۆنەی پیاو دەکات...

- پیاو لە پەنای خۆیدا:

کاتێ پیاو تووشی کێشەیەک دەبێت کەم باسی دەکات... خۆی پەنا بۆ خۆی دەبات...

کاتێ دەیەوێ باسی ئەو کێشەیە نەکات، ژن وا گومان دەبات کە پیاوەکە گرنگی پێ نادات و نایەوێ هیچی لە لا باس بکات... پیاو سەرنج دەداتە بابەتەکە... ژنیش بە گشتی لێی دەڕوانێت... جا ئەگەر ژن چاوی کەوت بە مێردەکەی بە تاقی تەنیا دانیشتووە و بیر لە شتێک دەکاتەوە، نابێت لێی زوویر بێت... ئەوە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی پیاوان... هەر ئەوەندەیە ئەو قۆناغەی بەکۆتا گەیاند ئیتر دێتەوە بۆ لای ژن و پێکەوە بڕیار دەدەن...

بەڵام ژنان بە دەنگێکی بەرز بیر دەکەنەوە... زۆر بە ئاسانی

بێدەنگی پیاوان بە خراپ لێکدەدەنەوە... خەیاڵی خراپ لە بارەی پیاوانەوە دەکەن... جا دەگونجێ ژن ئاوا بە مێردەکەی بڵێ: کاتێ حەزت لە قسەکردن بوو پێم بڵێ، پێمخۆشە هەندێک گفتوگۆ بکەین، خۆ دەتوانی ئاگادارم بکەیتەوە؟

پیاوان تەنیا کاتێک ئامۆژگاری و یارمەتیان دەوێ کە خۆیان نەتوانن کێشەکەیان چارەسەر بکەن، دوای ئەوەی ماوەیەکی باش بە تەنیا بیریان کردەوە و بۆیان چارەسەر نەکرا، ئیتر دێن و داوای هاوکاری دەکەن...

بەڵام ئەگەر پێش ئەوەی خۆیان داوای هاوکاری بکەن، یەکێک ویستی هاوکارییان بکا، یان ئامۆژگاری کردن، ئیتر خۆیان هەست بە بێهێزی و تەمبەڵی دەکەن... متمانەیان بە خۆیان کەم دەبێتەوە...

پیاو هەندێ جار ئەوەندە کێشەی هەیە ناتوانێت گوێ بگرێ... بۆیە دەکرێ زۆر بە نەرمی بڵێ: (من ئێستا کاتی گونجاوم بۆ گوێگرتن نییە... دوایی پێکەوە قسە دەکەین). کاتێک پیاو کاتی ئەوەی نییە گوێ لە ژن بگرێ، بەڵام ژن پێداگری دەکات کە دەبێت هەر گوێی لێ بگرێ، ئا لەو کاتانەدا پیاو هەندێ قسە دەکات کە دوایی لێی پەشیمانە...

پیاو پێی ناخۆشە یەکێک بەزەیی پێدا بێتەوە... کەچی ژن بە پێچەوانەوە، کاتێک پیاو بەزەیی پێیدا دێتەوە زۆر خۆشحاڵ دەبێت... ژن دەیەوێ کاتی خۆی نیگەرانە، مێردەکەیشی نیگەران بێت...

پیاو کاتی دەوێ، بەڵام ژن تێگەیشتن...

- پیاوان و ژنان تووشی ئەو هەڵەیە دەبن کە وا دەزانن بەرامبەر وەک خۆیانە... پیاو وا تێدەگا ژنیش وەک پیاوە، ژنیش وا تێدەگات پیاویش وەک ژنە... ئەمەیش وا دەکات کە هیچیان لەویتر ڕازی نەبێت...

بەڵام کاتێ ژن و پیاو لە یەکتر تێدەگەن و دەزانن شێوازی بیر کردنەوەی هەر یەکەیان جیاوازە و سروشتیان وەک یەک نییە، ئەو کاتە دەتوانن بە خۆشی پێکەوە بن و لە یەکتر زوێر نەبن...

چ پیاو و چ ژن زۆریان دەوێت، بەڵام پیاو زانیاری و هەقیقەتی زۆر دەوێت، کەچی ژن هەست و سۆزی زۆر دەوێ.

چۆن مامەڵە لەگەڵ مێردەکەت دەکەیت؟

- لە بارودۆخی مێردەکەت تێبگە... تێگەیشتن کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوت و هەستی مێردەکەت دەبێت... کاریگەری لەسەر پەیوەندیت بە مێردەکەت و بە خەڵکیشەوە دەبێت...

- یەک نموونە وەرمەگرە ئیتر هەر بەو پێودانگی ئەو نموونەیە مێردەکەت بپێوی... ئەوە وادەکات کە مێردەکەت لێت ڕازی نەبێت، چونکە ئەو کاتە تۆ وا دەزانی ئەو زۆر ناتەواوە و ناتەواوییەکی زۆری بەرچاو دەخەی...

- هەرچەندە کەموکوڕیشی تێدابێت، بەڵام لێی ڕازیبە... هیچ پیاوێک لەم دونیایەدا تەواو کامڵ نییە... دڵنیابە ئەو شتەی تۆ دەتەوێ لە مێردەکەتدا هەبێ و بەڵام نییە، خوای گەورە لە شتێکی تردا تۆڵەی بۆ تۆ کردووەتەوە، ئیتر یان هەر لە دونیادا تۆڵەکەت بۆ دەکاتەوە، یان لە پەسڵاندا...

- هەمیشە بە پیاوی بزانە... بەو وشانە پەسنی بدە کە مانای پیاوەتی تێدایە... وەک: بەهێزی... پیاوەتی... ماڵداری... دڵێری... ڕاستگۆیی... لێوەشاوەیی... ئەمەکداری... بەرپرسیارێتی... ناوداری و...

- با لەمەڕ شتە گشتییەکاندا ڕۆشنبیریت هەبێت... ژنی ڕۆشنبیر هەمیشە جیاوازە، بەڵام ژنی نارۆشنبیر وا دەکات کە پیاوەکەی هەمیشە هەر گوێ بگرێت... کەچی پیاوەکەیش هەست دەکات بابەتێکی ئەوتۆ نییە کە لەگەڵ ژنەکەیدا باسی بکات...

- هەندێک ژن کاتێ هەست دەکەن پیاوەکەیان گوێیان پێ نادا، ئیتر سیناریۆیەکی درۆینە ساز دەکەن، هەرگیز لەو جۆرە

سیناریۆیانە ساز مەکە، چونکە ئەوە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو تەواو بێهێز و لاواز دەکات...

- ئەوەت لەبیر بێت کە مێردەکەت قوربانیی زۆری داوە لەپێناو ئەوەدا کە تۆ لەگەڵیدا بیت... قوربانی بۆ بەختەورەی تۆ داوە... دەی ئیتر تۆیش ئەوین و خۆشەویستی خۆتی بۆ دەربخە...

- هەوڵ بدە ژیانی خۆت لەگەڵ مێردەکەتدا جوان بکەی و بیرازێنیتەوە... مێردەکەت دونیای نوێی تۆیە... ئەو ئێستا و داهاتووی تۆیە...

- باسی هەموو خراپە بچووکەکانی مێردەکەت مەکە... نە لای دایکت، نە لای خوشکت، چونکە بەو کارە تۆ شێوەیەکی ناشیرینی مێردەکەت پیشانی ئەوان دەدەی، شێوازێکی ناشیرینی ژیانی خۆتان پیشان دەدەی... خۆت دوایی ئەو قسانەت لەبیر دەچێتەوە، بەڵام دایک و خوشکت لەبیریان ناچێتەوە...

- هەرگیز باسی خراپەی کەسوکاری خۆتی لا مەکە، چونکە خۆت پێی سووک دەبیت... جگە لەوە کەسوکاریشت پێی سووک دەبن...

ژنێک دەڵێ: من هەمیشە باسی خراپی دایکم لەگەڵ باوکمدا بۆ مێردەکەم دەکرد... دەمگوت: هەڵەی دایکم بوو بۆیە باوکم ژنی بەسەردا هێنا... دوای چەند ساڵێک مێردەکەم هەمووی بە ناوچاوی خۆمدا دایەوە و پێی دەگوتم: تۆیش ڕێک وەک دایکتی... دەبێت هەمان چارەنووسی ئەویشت هەبێت -یانی: ئەها ژنی دووەم دێنم-

- بڕیارێک مەدە کە مێردەکەتی پێ تاوانبار بکەی، ئەگەر مێردەکەت هەڵەیەکی کرد مەڵێ: هەمووی تاوانی تۆ بوو، ئەگەر تۆ وات نەکردبا ئێمە تووشی ئەمە نەدەبووین...

- ئەوەت لە بیر بێت کە مێردەکەت زۆر شتی تۆی داپۆشیوە...

ئارامی گرتووە... ئەوەیش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە تۆی خۆش دەوێت... تۆیش ئەو ئەوین و خۆشەویستییە مەکە بە ناخۆشی و ڕق...

- لە بەرچاوی کەسوکاری مێردەکەتدا وەسفی مێردەکەت بکە و وەک پاڵەوان پیشانی بدە... ئەوە زۆر کاریگەری لەسەر مێرد هەیە و دڵی پێی خۆشە...

- ژنی ژیر ئەو کەسەیە کە بەدوای هەڵدا ناگەڕێ بۆ ئەوەی خۆی بەسەر مێردەکەیدا زاڵ بکات، بەڵکوو -وەک خوا داینـاوە- دەسەڵاتی ماڵداری بۆ مێردەکەی دەهێڵێتەوە... بۆ ئەوەی بزانێت کە مێردی بە پیاوێک کردووە کە بە تەواوی پیاوە... بەو جۆرە بەختیار دەبن...

وشەکان و وشەکان...

- نزای خێر بۆ ژنەکەت بکە، بەڵام بە دەنگی بەرز با ئەویش گوێی لێبێت... بۆ نموونە دوای نوێژ دەستت بەرز بکەرەوە و بڵێ: خوایە! من چەندێک لە ژنەکەم ڕازیم تۆ سەد هێندە لێی ڕازیبە...

نەکەی لای ژنەکەتدا بە دەنگی بەرز بڵێی: خوایە! ڕەفتاری ژنەکەم جوان بکەیت... چاکی بکەیت... وای لێ بکەی گوێڕایەڵی من بێت...

یان نەڵێی: خوایە سەبرم پێ ببەخشی بتوانم بەرگەی ژنەکەم بگرم...

- هەرکاتێ ژنەکەت نەخۆش کەوت دەست بێنە بە سەریدا و لە خوا بپارێوە شیفای بدات... هەرگیز نەڵێی: دەی ئەوە چیبوو؟ دەی ئێتر هەڵسەوە، وایش نەخۆش نیت کە تۆ دەیڵێیت... هیچت نییە...

- ئەگەر ژنەکەت پێی وتی: دایکم نەخۆشە... تۆ بڵێ: دەی برۆ سەری لێ بدە و لای بمێنەوە، ئێستا ئەو پێویستی بە تۆیە... من خۆم ئاگام لە مال و منالەکان دەبێت...

ئەوە پەیوەندی نێوانتان بەهێز دەکات... هەر گرژییەک هەبێت لایدەبات... هەرگیز نەڵێی: دەی با خوشکەکانت لای بمێننەوە، خۆ دایکی ئەوانیشە...

- ئەگەر ژنەکەت پێی وتی: کورەکەمان پێی خۆشە وەک تۆ بخوێنێتەوە... تۆیش بڵێ: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە کەسێکی پێ بەخشیوین حەزی لە زانستە و سوودی بۆمان دەبێت... پێی نەڵێی: سوپاس بۆ خوا وەک دایکی نەبوو... تۆ لە ژیانی خۆتدا یەک لاپەڕەت نەخوێندووەتەوە...

- ئەگەر ژنەکەت خواردنی بۆ دانای، بڵێ: ئای چێشتی دەستی تۆ چەندێ خۆشە... لە خواردنی خواردنگەکان زۆر خۆشترە...

ئەو قسەیە وا دەکات کە ژنەکەت هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی بکات...

کورەکانت فێر بکە کە لە داهاتوودا پەسنی خواردنی دەستی ژنەکانیان بدەن...

ئەگەر خواردنەکەتان سوێر بوو، یان کەمخوێ بوو، هەرگیز نەڵێی: خۆزگا دەمزانی کەی فێری چێشتلێنان دەبیت؟

- ئەگەر پلاکێک یان گلۆپێک سووتا و ژنەکەت پێی وتی: فلان شت سووتاوە... مەڵێ: هەمووی تاوانی ئێوەیە! چەند جار وتم ئەوەندە کارەبا بەکار مەهێنن؟

بەڵکوو بڵێ: بە قوربانی ئێوە بێت، ئێوە خۆشبن... ئەو پلاکە کۆنە هەر دەبوو بیگۆڕین...

ئەو قسە خۆشانە دەبێتە فێنکایی بۆ خانەوادە و خۆشی و ئاسودەیی دەخاتە نێو خێزانەوە...

- ئەگەر ژنەکەت بە دڵی خەمبارەوە هات و وتی: فلان هاوڕێم لای هاوڕێکانی تردا بە خراپە باسی منی کردووە، پێی بڵێ: دەی خەم مەخۆ... ئەو چاکەی خۆی داوە بە تۆ و لە خراپەکانی تۆی بردووە بۆ خۆی...

نەکەی پێی بڵێی: ئێوەی ژنان هەروان... هەمیشە کارتان ئەوەیە بە خراپە باسی یەکتر بکەن...

- ئەگەر بەهۆی کارێکەوە بێتاگا بووی لە ژنەکەت، بۆ نموونە: خەریکی مامەڵەیەک بووی، یان خەریکی خوێندن بووی، یان هەر کارێکی گرنگ، ئەوا پێی بڵێ: پشت بە خوا لە داهاتوودا تۆڵەت بۆ دەکەمەوە...

ئەو قسەیە دڵی ژنەکەت ئاسوودە دەکات و ئیتر دڵنیا دەبێت لەوەی کە تۆ گرنگی پێ دەدەیت...

هەرگیز نەڵێی: ئەی نامبینی دەستم گیراوە؟ ئیتر بۆ داوای فلان شت و فیسار شت دەکەیت؟ کاتم نییە...

تۆ هەرگیز لە من تێناگەی... من ئیستا کاتی سەر خوراندنیشم نییە...

ئەم قسانە دڵی ژنەکەت سارد دەکاتەوە و هەست بە بێزاری دەکات و وا دەزانێ تۆ ئەوت ناوێ... وا تێدەگات هەموو شتێک لای تۆ لەو گرنگترە...

- ئەگەر ژنەکەت قسەیەکی بۆ کردی و پێشتر بیستبووت، پێی مەڵێ: بیستوومە... با دڵی لە خۆی دانەمێنێ...

ئەم شتانە سادە دەکەونە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا ئێش و ئازاری زۆری لەنێو تونیکانی خۆیدا حەشار داوە...

***

چۆن کارێك دەکەی ژنەکەت تۆی خۆش بوێت؟

- خۆشەویستی جوانترین وشەیە لەنێوان ژن و مێرددا... ئەگەر خۆشەویستی و ئەوین لەنێوان هەموو تاکەکاندا هەبوایە، ئیتر مرۆڤ پێویستی بە قانوونی دەستکرد نەدەبوو...

چۆن دەتوانی نمرەی ئەوین لە دڵی ژنەکەتدا بەرز بکەیتەوە؟ چۆن دەتوانی کارێک بکەی ژنەکەت بە دڵ و گیان تۆی خۆش بوێت؟

پێش هەمو شت داوا بکەی لە خوای گەورە خۆشەویستی تۆ بخاتە نێو دڵی ژنەکەتەوە، خۆشەویستی وەک نان و ئاو و ڕزق و ڕۆزییە و خوا دەیدا بە مرۆڤ...

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: مَا غِرْتُ عَلَى نِسَاءِ النَّبِيِّ(ﷺ) إِلَّا عَلَى خَدِيجَةَ وَإِنِّي لَمْ أُدْرِكْهَا، قَالَتْ: وَكَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) إِذَا ذَبَحَ الشَّاةَ، فَيَقُولُ: «أَرْسِلُوا بِهَا إِلَى أَصْدِقَاءِ خَدِيجَةَ» قَالَتْ: فَأَغْضَبْتُهُ يَوْمًا، فَقُلْتُ: خَدِيجَةَ فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ(ﷺ) «إِنِّي قَدْ رُزِقْتُ حُبَّهَا». رواه مسلم. واتە: من بەرامبەر هیچ یەک لە ژنانی پێغەمبەر(ﷺ) غیرەم نەبوو جگە لە خەدیجە، خۆ من خەدیجەیشم نەدیبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەرکاتێ ئاژەڵێکی سەربڕیبایە دەیفەرموو: بەشی هاوڕێکانی خەدیجە ببەن، بۆیە منیش ڕۆژێک تووڕە بووم و وتم: خەدیجە! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خۆشەویستیی خەدیجە ڕزق و ڕۆزییەکە و پێمدراوە.

بەڵێ... خۆشەویستی ڕزق و ڕۆزییە لە ئاسمانەوە دێ... لەنێوان بەندەکاندا دابەش دەکرێت... بە هەوڵدان و نزا و پاڕانەوە مرۆڤ خۆشەویستی پێ دەدرێت...

- دەی هەمیشە داوا لە خوای گەورە بکەن خۆشەویستی نێوانتان زیاد بکات...

- ئەوەت لەبیر بێت ئەو کارە بچووکانەی لەگەڵ ژنەکەتدا دەیکەی، شوێنەواری گەورەی لێ بەجێ دەمێنێت...

خۆ پێویست ناکات بۆ ئەوەی خۆشەویستی نێوان تۆ و ژنەکەت زیاد بکا، کاری گەورە گەورە بکەی، دەتوانی بە کارێکی بچووکیش ئەو ئەوینە زیاتر بکەی...

- بە ئاماژەی جوان... قسەی خۆش... ئەوینی خۆتی بۆ دەربڕە... ماچی بکە... کاتێ لە دەرەوە دێیتەوە بۆ ماڵ ماچێکی بکە... کاتێ لە ماڵ دەردەچی ماچێکی بکە...

پێغەمبەر(ﷺ) زۆر جار خێزانەکانی خۆی ماچ دەکرد...

- لە کاتێکدا لەسەر کاری، هەڵێک بقۆزەوە و بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە بکە و پێی بڵێ: بیرت دەکەم...

- ئەوەت لەبیر بێت کە دواکەوتن بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە زۆر نیگەرانی دەکات... ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دواکەوتی پێش ئەوەی ئەو نیگەران بێت پێی بڵێ: ئەمڕۆ دوا دەکەوم...

- کاتێ دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە پێش هەموو شتێک هەواڵی ئەو بپرسە... بە وشەیەک خۆشەویستی خۆتی بۆ دەربخە... ئەوە دڵنیایی زیاتری پێ دەبەخشێت...

- هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت کە تۆ مێردی... ئامۆژگاری... دادوەر و لێکۆڵەر نیت... گوێڕایەڵی ژنەکەت دەبێت لە سنووریکدا بێت کە ژیرانە بێت، نابێت لە تام دەری بکەی و سنوور ببەزێنی...

- وای لێ بکە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات... گرنگی پێ بدە، ئەو کارانە تۆ وەک پیاوێکی پاڵەوان دەخاتە بەرچاوی ئەو... دەبێتە پاڵەوانی خەونەکانی... ژن هەمیشە پێویستی بە کەسێکە

چاودێری بکات... سەرپەرشتی بکا...

- پێویستە ڕێزی یەکتر بگرن، کاتێ ژن دەبینێ مێردەکەی لە بەرچاوی کوڕ و کچەکانی ڕێزی ئەم دەکرێت، ئیتر هەست بە شادومانی دەکات... تۆ بەو کارانە دەتوانی ژنەکەت بکەی بە دیل و یەخسیری جوانییەکانت...

- ناوە ناوە لە پڕیکدا دیاریەکی بۆ بێنەوە... ئیتر بە بۆنە بێت یان بێ بۆنە... گرنگ ئەوەیە تۆ دیاری بۆ بێنیت... دیاری خۆشەویستی و ئەوین زیاد دەکات... دەبێتە بیرەوەری بۆ ڕۆژانی پیری و هەر باسی دەکات...

***

ژیانێکی خۆش...

- لەنێو سنووری ڕاستیتیدا بژی... گۆڵ و فریوی ئەو فیلمانە مەخۆ کە لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا پەخش دەکرێن... ئەو فیلمانە هیچی ڕاست نین... دروست کراون... تەنیا فرتوفێڵی دەرهێنەرە...

ژنەکەت لەوە تێبگەیەنە کە تۆ جگە لەو هیچ ژنێکی ترت پێ ناێ و تەواو نییە ئەو نەبێت...

ژن دەیەوێ مێردەکەی بە چاوی ڕازیبوونەوە سەیری بکات، نەک بە چاوی ڕەخنەوە... دەیەوێ کەسایەتی ئەو لای مێردەکەی کەسایەتییەکی گەورە بێت... دەیەوێ بە جۆرێک بێت کە وێنەی ئەو لای مێردەکەی دووبارە نەبێتەوە... هەرگیز هەوڵ مەدە کەسایەتی ژنەکەت بگۆڕی... کەسایەتی بکوژێنیتەوە...

ئەوە یەکەم هەڵەی زۆربەی پیاوانە... وا دەزانن مافی ئەوەیان هەیە ئەلف تا یای ژنەکانیان بگۆڕن... وەک قوڕێکی شێلاوی ئامادەکراو وابن، پیاوەکە چۆنی بوێ ئاوا دروستی بکاتەوە... ئیتر گوێی لە کەسایەتی و مرۆڤایەتی ژنەکەی نییە... وا دەزانێ ژنەکەی میکانۆیە، چۆنی بوێ ئاوا دروستی دەکات...

زۆرێک لە پیاوان ڕاستەوخۆ دوای ژنهێنان ئەو بڕیارە دەدەن... ژنەکانیان دەڕووخێنن و سەرلەنوێ ژنێکی تازەی لێ ساز دەکەن... ئیتر جیاوازی ناکەن لەنێوان ژنێکدا کە لەبەر خۆشەویستی و لەبەر جێبەجێکردنی فرمانەکانی خوای گەورە ڕێزی مێرد دەگرن، لەگەڵ ژنێکدا کە وەک کۆیلە و دیلی بەردەستیانە و هیچی پێ ناکرێ...

- با پەیوەندیی نێوانتان لەسەر بناغەی دەستووری ئیسلام بێت... ئەو دەستوورەی کە خوای گەورە دایڕێژاوە و پێی ڕازییە... یەکێک

لەو دەستورانە ئەوەیە کە سەرپەرشتی مال بە دەست پیاوانەوە بێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ﴾ النساء: ٣٤ واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ڕێز و زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بە هەندێک بەسەر هەندێکی تردا (سەرەڕای ئەوەی) کە پیاوان لە مال و سامانیان خەرج دەکەن (لە پێناوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا)، لەولایشەوە ئافرەتانی ژیر و دیندار و گونجاو هەمیشە گوێڕایەڵی میێردەکانیانن، نهێنی نێوان خۆیان و میێردەکانیان دەپارێزن (بەتایبەت ئەو نهێنیانەی خوا دەیەوێت پارێزراو بن) بەهۆی ئەوەی کە خوا مافەکانی ئەوانی پاڕاستووە.

ئەو سەرپەرشتییەیش دەبێت بە شێوەیەکی جوان بێت... سەرپەرشتییەکی ڕێکوپێک بێت، خراپ و وشک و لاواز و ناشیرین نەبێت...

- با ژن و میێرد، هەردوولا ئاگایان لە مافەکانی بەرامبەر بێت... تەنیا مافەکانی خۆی لەبەرچاو نەگرێت و ئەوەی بەرامبەر فەرامۆش بکات...

- دەرگای گفتوگۆ و لە یەکتر تێگەیشتن بکەنەوە...

دەگێڕنەوە دەڵێن: دوو هاوڕێ هەبوون، هەر یەکەیان پێویستی بە پرتەقاڵێک بوو، کەچی بە هەردووکیانەوە یەک پرتەقاڵیان هەبوو، پرتەقاڵەکەیش بەشی هەردووکیانی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی زۆر یەکیان خۆش دەویست هیچیان ئامادە نەبوون ئەویتر بێبەش بێت، بۆیە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بیکەن بە دوو کەرتەوە، هەر یەکە و کەرتێکی برد... یەکیان دەیوست بە تۆپکڵەکەی مورەبا دروست بکات، ئەویتر دەیویست شەربەتەکەی بگرێ... دوای ئەوەی هەریەکە

و لەتێکی برد، نە بەشی مورەبای کرد و نە بەشی شەربەت... بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر سەرەتا لە یەکتر تێگەیشتبان و نیتی خۆیان دەرخستبا، پرتەقاڵەکە بەشی هەردووکیانی دەکرد، چونکە ئاوەکەی بۆ یەکێکیان و تویکڵەکەی بۆ ئەویتر، بەڵام نە ئەم قسە و نە ئەو قسە... هیچیان سوودیان لێ نەبینی...

- هەوڵ بدەن کێشەکان کۆن نەبن و زوو چارەسەریان بکەن... هیچ کێشەیەک نییە مەگەر ئەوەی کە دەبێت هەریەک لە لای خۆیەوە چاوپۆشی لە هەندێ مافی خۆی بکات... بۆیە تا زووە کێشەکان چارەسەر بکەن... ئەگینا تا کۆن بێت خەستتر و قوڵتر دەبێت...

- ئەوەتان لە بیر بێت کە ژیانی هاوسەرێتی پێویستی بە لەیەکتێگەیشتن هەیە... پێویستی بە چاوپۆشی هەیە... پێویستە هەرەیەکە و خەتکوژێنەوەیەک بگرێ بە دەستەوە و هەرچییەکی شیاو نەبوو بیکوژێنێتەوە... بۆ ئەوەی کەڵەکە نەکەن بە سەر یەکدا...

دەبێت لە هەڵە و کەموکوڕی یەکتر ببوورن... ئەوەی کە هەڵەی کردووە هەوڵ بدات دووبارەی نەکاتەوە...

- ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە مێردەکەت مەگرە... ئەوە وای لێدەکات متمانەی نە بە خۆی بمێنێ نە بە تۆ... وای لێدەکات توانای بڕیاردانی نەمێنێت... ئەگەر تێبینییەکت لەسەر هاوسەرەکەت هەیە ناڕاستەوخۆ بیڵێ: بۆ نموونە ئەگەر ماوەیەکی زۆرە هاوسەرەکەت دیاریی بۆ نەکڕیوی بڵێ: ئای هاوڕێیەکم هەیە چەند داماوە، ئەوە سااڵێکە هاوسەرەکەی دیاری بۆ نەکڕیوە...

- لە بەرچاوی منااڵەکانتان ڕەخنە لە مێردەکەت مەگرە... وشەی نەشیاو بەکار مەهێنە... بۆ نموونە مەڵێ: یارۆ هاتەوە...

ئای لە دەست تۆ! تۆ هەمیشە خەم و خەفەتی بۆ من...

ڕێز لە ژنەکەت بگرە...

- کاکی برا! ئاگات لە خۆت بێت... ژن لە پەراسووی تۆ دروست
کراوە... بۆ ئەوەی لای تۆ بێت و تۆیش ئاگات لێی بێت... بۆ ئەوەی
بەسەر دڵی تۆدا بچەمێتەوە و بیپارێزێ... تۆیش ئەو دڵەت پڕ بک
لە خۆشەویستی ئەو...
دەبێت بزانی ژن زۆر گەورەیە...
لە منالّیدا ... دەبێتە هۆکاری کرانەوەی دەرگای بەهەشت ب
دایک و باوکی...
لە گەنجیدا... دین و ئیمانی مێردەکەی کامڵ دەکات...
لە کاتی دایکیدا... بەهەشت لەژێر پێیەتی...
- دەگێڕنەوە دەڵێن: گفتوگۆیەک لەنێوان پیاوێکی کارمەند
پزیشکێکدا بەم ئاوایە ڕوویداوە:
کارمەندێکی بانک هەستی بە ماندووبوونێکی زۆر کرد.
یەکێک لە هاوڕێکانی وتی: بۆ سەرێک لە پزیشک نادەی؟
کارمەند سەری لە نۆڕینگەی پزیشک دا...
پزیشک پێی وت: کێشەت چییە کاکە!
کارمەند: ڕۆتیناتی فەرمانگە و ماندوبوون!
پ: کارت چییە؟
ک: ژمێریاری بانک!
پ: ژنەکەت چ کارەیە؟
ک: هیچ ناکات، ژنی مالّە!
پ: بەیانیان کێ تۆ و منالّەکانت بەئاگا دێنێ و نان و چا
پێ دەدا؟

ک: ژنەکەم! چونکە ئەو بێکارە!

پ: بەیانیان تۆ و ژنەکەت کاتژمێر چەند لە خەو هەڵدەسن؟

ک: من کاتژمێر حەوت و ژنەکەم کاتژمێر پێنج! چونکە ئەو بێکارە بەیانییان نان و چا بە منداڵەکان دەدا و ئامادەیان دەکا بۆ قوتابخانە!

پ: کێ منداڵەکانت ئەگەیێنێتە قوتابخانە؟

ک: ژنەکەم! چونکە بێکارە!

پ: دوای ئەوەی ژنەکەت منداڵەکانی گەیاندە قوتابخانە چی دەکا؟ تۆ چی ئەکەی؟

ک: دێتەوە و خواردنی بەیانی بۆ من ئامادە ئەکات و جلوبەرگ ئەشوات و ماڵ پاکوخاوێن دەکاتەوە و دواتریش چاوەڕێی گەڕانەوەی منداڵەکانە، چونکە ئەو بێکارە!

منیش ئەچم بۆ بانک و تا کاتژمێر سێ لەوێ دەبم و کاری ئەم و ئەو بەڕێ دەکەم!

پ: دوای ئەوەی لە بانک گەڕایتەوە تۆ چی ئەکەی و ژنەکەت چی ئەکا؟

ک: من نان ئەخۆم و پاشان کەمێک ئەخەوم و ژنەکەشم یارمەتی منداڵەکان ئەدا بۆ ئامادەکردنی وانەی ڕۆژانەی قوتابخانە و دوایی چا ئامادە دەکات و من بەئاگا دێنێتەوە و بە یەکەوە چا ئەخۆینەوە!

پ: ئێواران تۆ چی ئەکەی و ژنەکەت چی ئەکا؟

ک: من هەندێ ڕۆژنامە ئەخوێنمەوە و کەمێک تەماشای تیڤی ئەکەم بۆ ئەوەی بزانم دەنگوباسی دونیا چییە و ئەویش نانی ئێوارە ئامادە ئەکا و دوایی مەتبەخەکە خاوێن ئەکاتەوە و ناومال گەسک ئەدا و منداڵەکان ئەخەوێنێ، ئەو وەک من نییە بێکارە!

پ: تۆ هەفتەی چەند ڕۆژ مۆڵەتت هەیە؟

ک: یەک ڕۆژ!

پ: ئەی ژنەکەت؟

ک: کاکی دکتۆر پێموتی ئەو بێکارە، پشووی چی!

پ: دەی براکەم! ژنەکەت بۆ ئەوەی ژن بێت هیچ بڕوانامەیەکی دونیایی پێویست نییە، بەڵام لە ڕاستیدا کارەکانی ئەو لە کارەکانی تۆ گرنگترە... ئەو خەریکی دروستکردنی گەلێکە پڕن لە کارمەندی وەک تۆ و لە تۆیش گەورەتر...

کەرەکە تەڵاق بدە،
دوایی بێرەوە بۆ لای من...

- دەگێڕنەوە دەڵێن: گەنجێک ژنی گواستەوە... یەکەم شەو بە ژنەکەی وت: بە یارمەتیت هەندێ کارم هەیە و دوایی دێمەوە!

ژنەکە لە دڵی خۆیدا وتی: بێگومان دیارییەکی گەورە و جوانی بۆ من ئامادە کردووە و بۆم دێنێت...

پاش ماوەیەک زاوا هاتەوە و هەندێ پووشوپەڵاش و کا بە سەر و چاویەوە بوو...

ژنەکە وتی: ئەوە لەکوێ بووی؟

پیاوەکە بزەیەکی ساردی کرد و وتی: وەڵڵا لە بیرم چووبوو کا و جۆ بە کەرەکەم بدەم، ڕۆیشتم کا و جۆم پێدا و هاتمەوە...

ژنەکە بێدەنگ بوو... هیچی نەگوت...

بەیانی زوو کاکی زاوا لەخەو ڕاپەڕی و پێش ئەوەی بە تازە بووک بڵێ: بەیانیت باش... هاواری کرد وتی: کەرەکە! کەرەکە... خۆر کەوتووە و هیچم پێ نەداوە... ئێستا برسییەتی...

مانگی هەنگوینی تەواو بوو... هەموو خەمێکی کاکی زاوا هەر کەرە شین بوو... سەری زمان و بنی زمانی کەرەکە بوو... خۆزگا دەمزانی کەرەکەم چی دەکات؟ تۆ بڵێی کەرەکەم برسی نەبێت؟ ئەوە تەویلەی کەرەکەت خاوێن کردووەتەوە؟ ئەوە کەرەکەم بۆ وا دەزەڕێنێت؟ با بچم بزانم کەرەکەم چی دەکات.

ژنی داماو هەستی دەکرد شووی بە پیاو نەکردووە، بەڵکوو شووی بە کەرەکە کردووە و بووەتە خزمەتکاری کەرەکە... بۆیە جلوبەرگی پێچایەوە و تۆزرا... داوای جیابوونەوەی لە میردەکەی کرد...

خەڵکی کەوتنە نێوانەوە و وێستیان ئاشتی بکەنەوە... پیاوەکەیان تێگەیاند کە دەبێت گرنگی بە ژنەکەی بدات، نەک بە کەرەکەی... دەبێت کەرەکە لە بیری خۆی بەرێتە دەرەوە...

پیاوەکە بەڵێنی دا کەرەکە لە مێشکی خۆی بکاتە دەرەوە... ڕۆیشت بۆ مااڵی خەزوری بۆ ئەوەی ژنەکەی ئاشت بکاتەوە و بیهێنێتەوە...

پیاوەکە لە ڕێگا دواکەوت و درەنگ گەیشتە ماڵە خەزووری...

ژنەکەی وتی: ئەوە بۆ وا دواکەوتی... خۆ بڕیار وابوو تاقی بەیانی بێی؟

پیاوەکە بە خەم و خەفەتێکەوە سەری بادا و وتی: بەداخەوەم شەمەندەفەرەکە دواکەوت... بەخوا ئەگەر بە کەرەکە بهاتمایە زووتر دەگەیشتمە ئێرە...

ژنەکە قیژاندی و وتی: دەی هەر بەو شەمەندەفەرە بگەڕێوە و چاوم بە ناو چاوت نەکەوێت...

- لەم چیرۆکەدا (کەر) بووە بە نیشانەی گوێنەدانی مێرد بە ژنەکەی، بەاڵم لە ڕاستیدا ئەوە وەک نموونەیەک باس کراوە... ئێستا لەو جۆرە کەرانە زۆر زۆرن... مۆبایل کەرە... کۆمپیوتەر کەرە... سەیارە کەرە و...

هەندێ پیاو هەن ئەگەر ژنەکەیان نەخۆش بکەوێت ئەوەندەی هاندەکەیان گرنگی پێ نادەن، ئەگەر هاندەکەیان خراپ ببێت دەیبەنە الی دە وەستا، بەاڵم ژنەکەیان نەخۆش بکەوێت نایبەنە الی یەک پزیشک...

- پیاوێک دەناسم پیازفرۆشە، سەری زمانی و بنی زمانی الی ژنەکەیدا هەر پیاز بوو... پیاز ئەوەندە جۆری هەیە... ئاوا و ئاوا چاکە... ئەمڕۆ کیلۆی بەوەندە بوو... ئەمڕۆ پیاز لە بازاڕدا کەم بوو و...

ژنەکەی تەواو بێزار بوو... پێی خۆش نەبوو تەنانەت پیاز ببینێ و ناوی ببیستێ... لە کۆتاییدا ژنەکە لە مێردەکەی جیا بوویەوە...

پیاوەکە دوای دە دوانزە ژنی کرد، بەڵام بە نسیبی نەبوو... پێش ئەوەی ژنێکی دەست بکەوێ کە عاشقی پیاز بێت، مرد...

چاوەکانی بخوێنەوە...

- ژنێکی هەستیار بە...

یەکێک لەو شتە جوانانەی کە پیاو خۆشی دەوێ، ئەوەیە کە ژنەکەی هەستیار بێت، لە ئاماژە و جوولەی مێردەکەی تێبگات... هەستی مێردەکەی بخوێنێتەوە... بزانێ چی مەبەستە... بەبێ ئەوەی قسە بکات لە جوولە و ئاماژەی تێبگات...

قسەی دڵ بۆ دڵ زۆر کاریگەرە
زمان بۆ کەسێ کە ناهەستیارە

شێخ عوسمان سیراجەدینی تەوێلە ئەفەرموێت:

هرجا که من و یار به هم باز رسیدیم
از بیم بد اندیش لب خویش گزیدیم
بی واسطه گوش و زبان از طرف دل
بسیار سخن بود که گفتیم و شنیدیم

واتە:

لە هەر جێگەیەک یار بە من ئەگەیشت
لە ترسی بەدکار زوو لێومان ئەگەست
بێ گوێچکە و زمان هەر بە هێما و دڵ
قسەمان ئەکرد، پەیمانمان ئەبەست

ژن ئەو ژنەیە کە خۆشی، خەم و خەفەت، خۆشەویستی، ڕقلێبوونەوە... هەموو ئەمانە لە دەموچاوی مێردەکەیدا بخوێنێتەوە...

خوای گەورە لە دایە عایشە ڕازی بێت، ئەو خۆشەویستترین مرۆڤ بوو بە لای پێغەمبەرەوە(ص)، لە قسە و مەبەست و داوای

پێغەمبەر(ﷺ) تێدەگەیشت... ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) قسەیشی نەکردایە ئەو لێی تێدەگەیشت...

شاعیرێک دەڵێ:

لە نیگای چاوت، هەر زۆر جوان دیارە
دڵت خۆشحاڵە، یاخود خەمبارە

زۆر ناخۆشە پیاو ژنێکی گێل و گێژی هەبێت و لە هیچ شتێکی تێنەگات... نەزانێ پیاوەکەی چی پێ خۆشە... چی پێناخۆشە... لە هەستی پیاوەکەی تێنەگات...

پیاوەکە بە دڵێکی خۆشەوە بێتەوە کەچی ئەو دەموچاوی ترشابێت... ناوچەوانی پڕ کردبێت لە چرچولۆچ...

یان پیاوەکەی خەفەتبار بێت، کەچی ئەم قاقا پێبکەنێ و نەزانێ مێردەکەی خەمبارە...

جا هەتا ژن زیاتر لە پیاو تێبگات و لە ئاماژە و دەموچاویدا شتەکان بخوێنێتەوە، ئەوەندە لای مێردەکەی خۆشەویست و ماقوڵ دەبێت... ئەوەندە جێگای خۆی لە دڵی مێردەکەیدا دەکاتەوە...

- خۆت ڕۆشنبیر بکە...

بۆ ئەوەی هونەری ژیانی ژنومێردی فێر بیت... خۆت ڕۆشنبیر بکە...

بۆ ئەوەی بزانی منداڵ بەخێو بکەیت و پەروەردەی بکەیت، هەندێک کتێب سەبارەت بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ بخوێنەوە...

بۆ ئەوەی کەسایەتیت بەهێز بێت و بتوانی لە کۆڕ و کۆمەڵدا دابنیشی و تێنەگەوی... بە ڕۆشنبیری و زانیاری، خۆت پڕ چەک بکە...

هەموو ژنێک بەشی ئەوەندە کاتی هەیە بتوانێ گرنگی بەو شتە گرنگانە بدات...

بۆ نموونە چ دەبێت ئەگەر ژن هەوڵ بدات زمانێکی جگە لە زمانی دایکی خۆی فێر ببێت؟

بۆ دەبێت ژن سەری لە ئامێرەکانی ئەم ڕۆژگارە دەرنەچێت؟

بۆ دەبێت ژن ڕۆژانە هەندێ نەخوێنێتەوە؟

ژنی ژیر ئەو ژنەیە سەری لە ئامێرەکانی سەردەم دەردەچێت... لەپێناو ئەو شتانەیش مااڵ و منااڵی خۆی پشتگوێ ناخات...

ژنی ژیر و زیرەک دەتوانێ چەند ڕۆڵی جیاواز ببینێت... ژن بێت، دایک بێت، خوێنەر بێت، وەستا بێت، قسەزان بێت، لێزان بێت...

ژن دایکە، منااڵەکەی بە باشی پەروەردە دەکات...

ژن ژنە، مافی میێردەکەی دەدات...

ژن هاوڕێیە، جگە لەوەی ژنی میێردەکەیەتی، هاوڕێ و هاودەمیەتی...

ژن کەسە بۆ میێرد و منااڵەکانی...

جا ژن هەتا بتوانێت ڕۆڵی زیاتر ببینێ، زیاتر لای میێردەکەی خۆشەویست و بەختەوەر دەبێت...

بەاڵم ئەگەر ژن هەر چێشتلێنەر بێت و مااڵ پاککەرەوە بێت، ئەوا زۆر لایەنی ژنایەتی فەوتاندووە... بۆیە دوور نییە میێردەکەی بۆ پڕ کردنەوەی لایەنەکانی تر پەنا بۆ کەسێکی تر ببات...

❁❁❁

نهێنی ماڵەکەت بپارێزە...

- پاراستنی نهێنییەکانی ژنومێردایەتی...

ڕۆژێک کێشەیەک کەوتە نێوان ژن و پیاوێکەوە... ژنەکە دەستی کرد بە گریان...

لەتاکاو زەنگی دەرگا لێدرا... خزم و کەسوکاری ژنەکە بوون، وتیان: ئەوە بۆ دەگریت؟ چی بووە؟

ژنەکە وتی: یا خوا بەخێر بێن، بیری ئێوەم دەکرد، ئەوە چۆن هاتن؟ ڕاستە دەڵێن: دل ئاگای لە دڵە...

پیاوەکە گوێی لە قسەکانی ژنەکەی بوو، ژنەکەی زۆر لە جاران لە لا بەڕێزتر بوو، چونکە نهێنی نێوان خۆی و ئەوی نەدرکاند...

نهێنی نێوان خۆت و مێردەکەت بپارێزە... هەر کێشە و ئاڕێشەیەک هەیە لە بیری خۆتی ببەرەوە...

نەکەی کێشەی نێوانتان لای خۆشەویستترین کەسیشت باس بکەی، تەنانەت لای دایکت باسی مەکە... لای خوشکت باسی مەکە...

هەندێ ژن لە تەلەفۆندا کاتژمێرێک لەگەڵ خزمێکیدا، یان هاوڕێیەکیدا قسە دەکات و باسی ورد و درشتی کێشەکانی خۆیانی بۆ دەکات...

هەرچی کێشەی بچووکیش هەیە دەیڵێ... لە هیچ ناپرینگێتەوە و هیچ ناشارێتەوە...

پیاوێک وتی: من هیچ کارێم نەکردووە کە ژنەکەم لای خەڵک و دەرودراوسێدا باسی نەکردبێت...

لای خوشکەکانی... لای دایکی... لای هاوڕێکانی... ئیتر کاری دەرەوە بێت، یان کاری ماڵەوە، مووبەموو باسی کردووە... هەموو

کەسێکی نزیک لە ئێمە وەک خۆم نهێنییەکانی مالّی ئێمە دەزانێت...

زۆر جار ئامۆژگاری ژنەکەم کرد کە واز لەو کارانە بێنێت، بەلّام بێسوود بوو... هەستم دەکرد ژیانم مەترسی لەسەرە...

کورە تەنانەت چۆن چۆنی سەرجێییمان دەکرد، لای هاوڕێکانی ئەوەیشی باس کردووە...

- بۆ نهێنییەکانی خۆتان دەدرکێنی؟

١- ئارامنەگرتن بەرامبەر ئەو کێشانەی ڕوو لە ژنومێرد دەکەن، هۆکارێکە بۆ ئەوەی نهێنی نێوانیان بلّاو ببێتەوە، جا ئەو ژنەی کە باسی ئەو نهێنیانە دەکات، یان ئەوەتا بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێ، یان بەو باسکردنە دەردەدڵ دەکات و کەمێک لە خەم و خەفەتی خۆی بە با دەدات...

٢- زۆر قسەکردن... زۆر قسە کردن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە نهێنی پێ بلّاو دەبێتەوە، ژنی وا هەیە ئەوەندە قسە دەکات و ئەوەندە دەڕێسێت تا وای لێدێت بەبێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێت، کاتێک دەزانێت هەندێ نهێنی خۆیانی درکاندووە...

٣- خۆبەگەورەزانین... یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە مایەی نهێنی درکاندن.

- درکاندنی نهێنی لە دەرەوەی سنووری خێزان، دەبێتە هۆکارێک بۆ خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی... ئەوەندە نهێنی دەدرکێنێت وەک ئەوەی نەوتێکی زۆر بکەی بە هەندێ پشکۆدا... دووکەڵێکی سپی و چڕی لێ بەرز ببێتەوە و لەناکاو کڵپە بکات و ئاگرێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە... جا ئەو کاتە ناکۆکییەکان گەورەتر و سەختتر دەبن و چارەسەر ناکرێن...

پیاوان بە گشتی ژنێکیان خۆش دەوێت دەم وەستاو بن، یانی نهێنی خۆیان لای کەس نەدرکێنن...

جەریری گەورە شاعیری عەرەب لە بەیتێک شیعردا باسی گەورەیی و دەموەستاوی ژنەکەی خۆی دەکات و دەڵێ:

ئەوەندە پاک بوو، نهێنییەکانی
سەر جێگەی لەسەر جێگە دادەنا

دەروونناسان دەڵێن: هەر کەسێک نهێنی مالی خۆی لە دەرەوە باس بکات، ئەوە کەسێکی کەم حەوسەڵە و کەم جیقلدانەیە...

شاعیرێک دەڵێ:

کەسێک نهێنیی درکاند بە زمان
ئەوە ئەحمەقە، نەفامە و نەزان
گەر خۆی نەتوانێ لای خۆی گیر بدا
ئیتر چاوەڕێی چی لە ئەو دەکات؟

ئەو نهێنیانەی کە نابێت ناشکرا بکرێن...

پێغەمبەر(ﷺ) زۆر بە توندی هەڕەشەی لەو پیاو و ژنانە کردووە کە نهێنییەکانی خۆیان لە دەرەوە باس دەکەن... بۆیە دەفەرموێت: «إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الرَّجُلُ يُفْضِي إِلَى امْرَأَتِهِ وَتُفْضِي إِلَيْهِ ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا». رَوَاهُ مُسْلِمٌ. واتە: بەڕاستی یەکێک لە خراپترین کەسەکان لە لای خوای گەورە ئەو پیاوەیە کە لە ژنی خۆی نزیک دەبێتەوە و ژنەکەیشی لێی نزیک دەبێتەوە و پاشان نهێنی نێوان خۆی و ژنەکەی لای خەڵک باس دەکات.

با بچینە خزمەت ئەم فەرموودەیەیش: عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ يَزِيدَ، قَالَتْ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الرِّجَالُ وَالنِّسَاءُ فَقَالَ: «عَسَى رَجُلٌ يُحَدِّثُ بِمَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَهْلِهِ، أَوْ عَسَى امْرَأَةٌ تُحَدِّثُ بِمَا يَكُونُ بَيْنَهَا وَبَيْنَ زَوْجِهَا» فَأَرَمَّ الْقَوْمُ فَقُلْتُ: إِي وَاللهِ يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّهُمْ لَيَفْعَلُونَ وَإِنَّهُنَّ لَيَفْعَلْنَ، قَالَ: «فَلَا تَفْعَلُوا، فَإِنَّ مَثَلَ ذَلِكَ مَثَلُ شَيْطَانٍ لَقِيَ شَيْطَانَةً فِي ظَهْرِ الطَّرِيقِ فَغَشِيَهَا وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ». رواه الطبراني. واتە: ئەسما دەفەرموێت: کۆمەڵێک پیاو و ژن لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووین، فەرمووی: لەوانەیە پیاو -لە دەرەوە- باسی ئەو شتانە بکات کە لەنێوان ئەو و ژنەکەیدا ڕووەدات، یان لەوانەیە ژن -لە دەرەوە- باسی ئەو شتانە بکات کە لەنێوان ئەو و مێردەکەیدا ڕووەدات!. خەڵکەکە هەمووی بێدەنگ بوو، من وتم: ئەرەوەڵڵا ئەی پێغەمبەری خودا -وایە کە تۆ دەفەرموی- پیاوان باسی خۆیان و ژنەکانیان لە دەرەوە دەکەن و ژنانیش باسی خۆیان و مێردەکانیان لە دەرەوە دەکەن! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی کاری وا مەکەن، ئەو کارە وەک ئەوە وایە شەیتانێکی نێر لە چەقی ڕێگادا بە شەیتانێکی مێ بکات و لەگەڵیدا جوت ببێت و هەموو خەڵکی سەیریان بکات.

بەڵام ئەوەندە هەیە لە هەندێ کاتدا دروستە مرۆڤ باسی نهێنی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی بکات، وەک پرسی شەرعی لەمەڕ بابەتێکی نێوان ژن و مێرد، یان بۆ چارەسەری پزیشکی... ئەوانەیش هەر کاتە و بە گوێرەی پێویست...

جا هەر ژنێک نهێنیی مالی خۆی بە گشتی و نهێنی نێوان خۆی و مێردەکەی بە تایبەت پاراست، ئەوە نیشانەی ژیری و ماقوڵی ئەو ژنەیە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ﴾ النساء: ٣٤ واتە: ئافرەتانی ژیر و دیندار و گونجاو هەمیشە گوێڕایەڵی مێردەکانیانن، نهێنی نێوان خۆیان و مێردەکانیان دەپارێزن (بەتایبەت ئەو نهێنیانەی خوا دەیەوێت پارێزراو بن) بەهۆی ئەوەی کە خودا مافەکانی ئەوانی پارستووە.

ئەو نهێنیانە هەموو نهێنییەک دەگرێتەوە، بە تایبەت ئەو نهێنیانەی کە تەنیا لەنێوان ژن و مێرددان، وەک سەرجێیی ژن و مێرد...

بەڵکوو ئەو ئافرەتانەی نهێنی نێوان خۆیان و مێردیان باس دەکەن ئەم باسە ببیستن ئیتر واز لەو کارە خراپە بێنن...

- هەندێک وردەکاتری لەمەڕ ژیانی هاوسەری...

عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ أَبِي قَيْسٍ، قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ، عَنْ وِتْرِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَذَكَرَ الْحَدِيثَ قُلْتُ: كَيْفَ كَانَ يَصْنَعُ فِي الْجَنَابَةِ؟ أَكَانَ يَغْتَسِلُ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ؟ أَمْ يَنَامُ قَبْلَ أَنْ يَغْتَسِلَ؟ قَالَتْ: كُلُّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ، رُبَّمَا اغْتَسَلَ فَنَامَ، وَرُبَّمَا تَوَضَّأَ فَنَامَ، قُلْتُ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَعَلَ فِي الْأَمْرِ سَعَةً. رواه مسلم. واتە: عەبدوللا دەفەرموێت: لەبارەی نوێژی وێتری پێغەمبەر(ﷺ) پرسیارم لە خاتوو عایشە کرد، باسی نوێژەکەی بۆ کردم، دوایی وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر لەشی گران بوایە چی دەکرد؟ پێش خەوتن خۆی دەشۆرد؟ یان پێش ئەوەی خۆی بشۆری دەخەوت؟ دایە عایشە فەرمووی: هەردوو جۆرەکە ڕووی دەدا، جارجار خۆی دەشۆرد پاشان

دەنووست، جارجاریش دەستنوێژی دەگرت پاشان دەنووست. عەبدوللا دەفەرموێت: منیش وتم: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کارەکەی بۆ ئاسان کردوین.

تەماشا بکەن... پرسیارەکەی عەبدوللا بە گوێرەی پێویست بوو، زیاتری نەپرسی، وەلامەکەی دایە عایشەیش هەر بە گوێرەی پێویست بوو، زیاتر وردەکاتری باس نەکرد...

عَنْ عَائِشَةَ، زَوْجِ النَّبِيِّ(ﷺ) قَالَتْ: إِنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ(ﷺ) عَنِ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ هَلْ عَلَيْهِمَا الْغُسْلُ؟ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ): «إِنِّي لَأَفْعَلُ ذَلِكَ، أَنَا وَهَذِهِ، ثُمَّ نَغْتَسِلُ». رواه مسلم. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: پیاوێک لە پێغەمبەری(ﷺ) پرسی: پیاوی وا هەیە لەگەڵ ژنەکەیدا جوت دەبێت، دوایی پێی نامێنێت -یانی: ئاوی نایەتەوە- ئایا ئەوانە خۆشۆردنیان لە سەرە؟ -لەو کاتەدا دایە عایشەیش دانیشتبوو- پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: منیش واملێدێ، من و ئائەمە -واتە: دایە عایشە- دوایی خۆمان ئەشۆرین.

خۆ ئەگەر مرۆڤ پێی شەرم بێت ناوی خۆی بهێنێت، ئەوە دەتوانێت بە شێوازی شاردنەوە (تەوریە) پرسیارەکەی بکات... وەک ئەوەی کە حەزرەتی عەلی کردی... عَنْ عَلِيٍّ قَالَ: كُنْتُ رَجُلًا مَذَّاءً وَكُنْتُ أَسْتَحْيِي أَنْ أَسْأَلَ النَّبِيَّ(ﷺ) لِمَكَانِ ابْنَتِهِ فَأَمَرْتُ الْمِقْدَادَ بْنَ الْأَسْوَدِ فَسَأَلَهُ فَقَالَ: «يَغْسِلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوَضَّأُ». رواه مسلم. واتە: حەزرەتی عەلی دەفەرموێت: من پیاوێک بووم کە ئەشقاوم (مەذی) زۆر بوو، من پێم شەرم بوو لە پێغەمبەر(ﷺ) بپرسم، چونکە کچەکەی ژنی من بوو، بە میقدادی کوڕی ئەسودم وت پرسیارم بۆ بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: -خۆشۆردنی ناوێت، بەڵکوو تەنیا- زەکەری بشوات و دەستنوێژ بگرێت.

بەڵێ... شەرم و حەیا لە هەموو کارێکدا جوانە و پێویستە...

❁❁❁

(نا)کان بۆ ژنان...

خوشکی بەڕێز... ئاگاداری سروشتی مێردەکەت بە... لە کەسایەتی ئەو تێبگە... بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش پێکەوە بەسەر بەرن...

- نا... هەرگیز ئەو وەک خۆت مەزانە، چونکە سروشتی پیاو لە سروشتی ژن جیاوازە...

- نا... هەرگیز گۆشەنشینی لە مێردەکەت تێک مەدە... جاری وا هەیە پیاو لە دەرەوە تووشی هەزار و یەک ئاریشە و کێشە دەبێت... خەم و خەفەتێکی زۆر بەرۆکی دەگرێت، پێی خۆشە لە مالەوە کەمێک بە تەنیا لە سووچێکدا دابنیشێت...

- نا... سوکایەتی پێ مەکە... سروشتی پیاو وایە کەمێک توند و تووڕەیە... تۆ تووڕەی مەکە...

- نا... هەمیشە چاوەڕێ مەبە کە بزانی تۆ چیت پێخۆشە ئەو ئەوە بکات، چونکە جارجار مێرد کاری ژنەکەی پێ ڕاست نییە، یان بۆی ناکرێ داخوازی ژنەکەی جێبەجێ بکات...

- نا... بیروڕای خۆت بەسەر مێردەکەتدا مەسەپێنە... هەر مێردێک زانی کە ژنەکەی خۆویستە و گوێ بۆ قسەی مێردەکەی ناگرێ، ئیتر لەو ژنە تووڕە دەبێت...

- نا... قسە زۆر مەکە... زۆربڵێ مەبە... پیاو ڕقی لە ژنی زۆربڵێیە...

- نا... هەمیشە چاوەڕێی ئەوە مەبە کە مێردەکەت پێت بڵێ: ببووڕە، چونکە هەندێ پیاو هەرگیز پێیان خۆش نییە ڕاستەوخۆ داوای لێبووردن بکەن... ئەگەر بیانەوێ داوای لێبووردن بکەن ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای دەکەن...

- نا... وا خۆت دەرمەخە کە پێویستت بە مێردەکەت نییە، چونکە ئەگەر ئەو هەست بکات کە تۆ پێویستت بەو نییە، ئیتر گوێی لە تۆ نامێنێ...

- نا... قسەیەک مەکە کە بە دڵی ئەو نەبێت، چونکە ئەوە ئازاری دەدات...

- نا... ئەو کارەی کە بۆ تۆ و منداڵەکانی دەکات بە کەمی مەزانە... بۆ ئەوەی ئەو کەمەیش لە دەست نەدەی...

- نا... لای خزم و کەسوکار و هاوڕێکانیدا ڕەخنەی لێ مەگرە... ئەو کاتە ئەو وا هەست دەکات کە تۆ ڕەخنە لە پیاوێتی ئەو دەگریت...

- نا... کاتێک دەچێتە دەرەوە زۆر لێی مەپرسە کە: بۆکوێ دەچی و بۆچی دەچی؟ پیاو ژنێکی خۆش ناوێ کە پرسیار زۆر لە مێردەکەی بکات و لێی بکۆڵێتەوە...

- نا... لە کاتی سەرجێیدا قسەی ناخۆش مەکە، چونکە ئەوە وا دەکات کە مێردەکەت بێزار ببێت و چێڕ لەو سەرجێیە وەرنەگرێ...

- نا... نهێنی نێوان خۆت و مێردەکەت لای کەس باس مەکە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) پێی ناخۆشە... پیاو بە زۆری نهێنی نێوان خۆیان و ژنەکانیان دەپارێزن... کورد دەڵێ: قسە کەوتە زاری دەکەوێتە شاری... با نهێنییەکانتان لە شاردا بڵاو نەبێتەوە...

- نا... داواکاری زۆرت لە مێردەکەت نەبێت... ژنێکی بە قنیات بە... پیاوان ئەو ژنانەیان خۆش دەوێ کە داوای شتی زۆر ناکەن... پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمویەتی: وَكُنْ قَنِعاً تَكُنْ أَشْكَرَ النَّاسِ. رواه البيهقي. واتە: کەسێکی بە قنیات بە دەبێتە سوپاسگوزارترین کەس.

- نا... خۆت وا پیشان مەدە کە تۆ لەو باشتری... بۆ ئەوەی خۆشەویستی تۆی لە دڵ دەرنەچێت...

- نا... خۆشەویستی خۆتی بۆ کەم مەکەرەوە... بۆ ئەوەی هەمیشە لە تۆ ڕازی بێت...

- نا... هەمیشە چاوەڕێی ئەوە مەبە کە مێردەکەت دەستپێشخەری بکات... تۆ جارجار دەستپێشخەر بە...

- نا... کاتێ بایەخ بە منالەکانت دەدەی لە بایەخی مێردەکەت کەم مەکەرەوە... پیاو پێی خۆشە ئەو لە مالدا یەکەم کەس بێت کە بایەخی پێ بدرێت...

- نا... دەنگ بەسەر دەنگی مێردەکەتدا بەرز مەکەرەوە... زۆر شورەییە پیاو لەسەر خۆی قسە بکات و ژنەکەی بچیقێنێت... پیاو زۆری پێ ناخۆشە ژنەکەی لای ئەودا بچیقێنێ و لای پیاوی تردا بە ناسکی قسە بکات... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ﴾ الأحزاب: ٣٢ واتە: قسە بە ناسکی و شێوەیەک مەکەن، نەوەکو ئەوەی دڵی نەخۆشە بوروژێت و نیازی خراپ بکات.

***

(نا)کان بۆ پیاوان...

- نـا... هەرگیـز چاوەڕوانـی ئـەوە نەبیـت کـە ژنەکـەت وەک تـۆ هەڵسوکەوت بکات... ژن ژنە و پیاوایش پیاو... سروشتیان جیاوازە...

- نـا... نەکـەی ئەوین و خۆشەویستی و سـۆزی پـێ نـەدەی، چونکـە سروشـتی ژن وایـە پێویستی بـە سـۆز و ئەوینـە...

- نـا... گاڵتـە بـە سـکاڵاکانی مەکـە... ژن تەنانـەت سـکاڵا لـە دەسـت شـتێکی دەروونـی خۆیشـی دەکات...

- نـا... نەکـەی دیـاری بـۆ ژنەکـەت نەکـڕی... ژنـان پیاوێکیان خـۆش نـاوێ کـە دیـاری بـۆ ژنەکانیان ناهێنن... نـاوە نـاوە، بـە تایبـەت کاتێک لـە سـەفەرێک دێیتـەوە، دیـاری بـۆ ژنەکـەت بێنـەوە...

- نـا... نەکـەی نەچیتـە مـاڵی بـاوک و خـزم و کەسـوکاری ژنەکـەت... ژنـان زۆر پەیوەسـتن بـە خـزم و کەسـوکارەوە...

- نـا... نەکـەی بـە هیـچ شـێوەیەک غیـرە لـە ژنەکـەت بکـەی... جارجار غیـرەی لـێ بکە، ئـەوە ژن خۆشـحاڵ دەکات...

- نـا... ڕەخنـەی نابەجێـی لـێ مەگـرە... بـە ئاشـکرا باسـی کەموکوڕییەکانـی مەکـە، چونکـە ژن پێـی ناخۆشـە سـوور و سـاف باسـی کەموکوڕییەکانـی بکـەی...

- نـا... هەرگیـز خیانـەت لـە ژنەکـەت نەکـەیت... قورسـترین شـت بـە لای ژنـەوە ئـەوەیـە کـە خیانـەتی لـێ بکرێـت...

- نـا... گاڵتـە بـە خـۆی مەکـە... گاڵتـە بـە هەسـتەکانی مەکـە... ژن بوونەوەرێکی ناسکە... بەرگـەی هێندێک گاڵتـە و سـووکایەتی ناگرێـت...

- نـا... داواکارییەکانیت لەبیر نەچێـت... ئەگـەر لـە بیرت چوو، ئـەو وا هەسـت دەکات لای تـۆ هیـچ نرخێکی نییـە...

- نـا... سـەرشـۆڕی مـەکـە... ژن پێویستی بـە پیاوێکە متمانـەی پێی هـەبێت... پاڵپشتی بێت.

- نـا... کارەکانـی مـاڵـەوە پشـتگوێ مـەخـە... پشتگوێخسـتنی کاری مـاڵـەوە ژن قـەڵس و تـووڕە دەکات...

- نـا... گاڵتـە بـە ڕا و بۆچوونەکانـی مـەکـە... ئـەوە وا دەکات ئـەو هـەست بـکا کـە هیـچ گرنگییەکـی نەمـاوە...

- نـا... چـاوەڕێ مـەبـە هـەمـوو کێشـەکان ژیرانـە چارەسـەر بـکات، چونکـە ژن زۆر جـار کێشـەکان بـە پێی هـەست و ڕەنگدانـەوەی نێو دڵی خـۆی چارەسـەر دەکات...

- نـا... لـە کاروبـاری مـاڵـەوە زۆر خـۆت هـەڵمـەقورتێنـە... متمانـەت پێی هـەبێت... ئـەگـەر متمانـەت پێی هـەبـوو ئیتـر ئـەو وا دەزانـێ لـە مـاڵـەکـەی خـۆیـدا شـاژنە و تاجـی لـە سـەرە...

- نـا... هـەرگیـز ئـەوەت لـەبیـر نـەچێت کـە جارجـار بـە شـان و باڵیدا هـەڵبدەیت... پـەسـنی جلوبـەرگی بدەی... لـە چێشت و نانی ڕازی بیت... ئـەوە وا دەکات لـە ژنێتی خـۆی ڕازیبێت و ژیانێکی خـۆشـت پـێ ببـەخشـێ...

- نـا... ئـەوەت لـەبیـر نـەچێت کـە ژن بـە هـەندێ قـۆناخدا تێدەپـەڕێت زۆر سـەختن، وەک سـووڕی مانگانـە، دووگیانـی، منداڵبـوون... ئـەو دەمانـە ژن زۆر هـەسـت بـە بێـزاری دەکات... دەبێت پیـاو زۆر دڵی ڕابگـرێ...

- نـا... لـەنـاو چوارچێـوەی شـەرعدا ئـازادی ژنەکـەت سـنووردار مـەکـە... بـە تایبـەتـی پـەیوەنـدی کۆمـەڵایـەتـی... سـروشـتی ژن وایـە کۆمـەڵایـەتییـە... حـەزی لـەوەیـە زووزوو سـەر لـە هاوڕێکانـی بـدات...

- نـا... ئـەوەت لـەبیـر نـەچـێ کـە لـە کاروبـاری مـاڵـدا یارمـەتـی ژنەکـەت بـدەی... ئـەوە وا دەکات کـە تـۆی زۆر خـۆش بوێت...

حەسەنی کوڕی سالح کچێکی هەبوو دای بە شوو... زاواکەی کچەکەی بردەوە بۆ ناو خزم و کەسوکاری خۆی... لە نیوەی شەودا ژنە هەستا و بە پیاوەکەی وت: پیاوەکە هەستە کاتی نوێژە...

پیاوەکە وتی: بانگی بەیانی دراوە؟

ژنەکە وتی: بۆ تۆ تەنیا نوێژە فەرزەکان دەکەیت؟

پیاوەکە وتی: بەڵێ...

ژنەکە بەیانی زوو گەڕایەوە بۆ مالی باوکی... بە باوکی وت: باوکە! تۆ منت داوە بە کەسێک نوێژە فەرزەکان نەبێت ئیتر هیچ نوێژێکی تر ناکات...

- دەڵێن: ژنی باش گەنجینەیەکە هەرگیز کۆتایی نایەت... دەوڵەمەندییەکە هەرگیز هەژاری بەدوادا نایەت...

بەڵام ژنی خراپ هەژارییەکە هەرگیز دەوڵەمەندی لەگەڵدا نییە... ترسێکە دڵنیایی لەگەڵ نییە... بەدبەختییەکە خۆشبەختی لەگەڵدا نییە...

- حەزرەتی عومەر دەفەرموێت: لە دوای بڕوابوون بە خوای گەورە، هیچ نیعمەتێک هێندەی ژنی باش گەورە نییە...

خۆش بە حاڵی ئەو کەسە ژنی باشی هەیە... یاخوا پیرۆزی بێت... خوا سەبووری ئەو کەسانە بدات کە ژنی خراپیان هەیە...

خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی مێردی باشی هەیە... یاخوا پیرۆزی بێت... خوا سەبووری ئەو کەسانە بدات کە مێردی خراپیان هەیە...

باشترین ژن بە...

- ئەگەر دەتەوێت باشترین ژن بیت، ئەوا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بە... لەگەڵ مێردەکەتدا خۆڕاگر بە...

ڕاستگۆ بە... لەسەرخۆ بە... تووڕە مەبە... بە کەم ڕازی بە...

ئەگەر مێردەکەت لە مال نەبوو، خۆت و منالەکانت بپارێزە... ئەگەر لە مال بوو زمانی خۆت لە قسەی خراپ و ڕەق بپارێزە...

- دڵنیابە قورستترین وشە لە لای پیاو ئەوەیە پێی بڵێ: بێنە، بمدەرێ...

لەوانەیە بڵێی: دەی پێویستە پیاو شت بدا بە ژنەکەی و داواکانی جێبەجێ بکات!

منیش دەڵێم: ڕاستە، بەڵام دەبێت ژن لێزان بێت بزانێ چ کاتێک کاتی ئەوەیە داوای شت لە مێردەکەی بکات... بە چ شێوەیەک داوای دەکات...

- زۆر غیرە لە مێردەکەت مەکە... با ژیانت نەبێت بە دۆزەخ...

ئەگەر ئەم ئامۆژگارییانە لە گوێ بگری، ئەوا ژنێکی بەختەوەر و خۆشەویستت دەبێت...

- ژنێک وتی: من بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێردەکەمدا شێوازێکم دیاری کردبوو... ئاوا بوو:

خۆشەویستی بێسنوورم بۆی نەبێت... زۆر غیرەی لێ نەکەم...

خۆشەویستی بێسنوور و غیرەی زیاد لە سنوور زۆر جار پێچەوانەی ئەوە بەرهەم دەدەن کە ژن چاوەڕێی دەکات...

من بەهۆی خۆشەویستی زۆرەوە بارگرانی بۆ مێردەکەم دروست ناکەم... وەک ڕەشەبا و دێوێکە بە دەوریدا خول ناخۆم و

ژیانی تێکنادەم... هەندێ ژن وادەزانن ئەو کارانە زۆر باشن، بەڵام لە ڕاستیدا زەرەری زۆرترە...

هەندێ ژن هەیە مێردەکەی زۆر زۆر خۆش دەوێت... ئەو خۆشەویستییە وای لێدەکات کە بە هەق و ناهەق غیرەی لێ بکات... دوایی ئەو هەمووە خۆشەویستییە دەگۆڕێتەوە بە کارێکی نەشیاو کە مێردەکەی پێی ڕازی نەبێت... با هەمیشە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرمان(ﷺ) لەبیر بێت کە فەرموویەتی: أَحْبِبْ حَبِيبَكَ هَوْنًا مَا عَسَى أَنْ يَكُونَ بَغِيضَكَ يَوْمًا مَا، وَأَبْغِضْ بَغِيضَكَ هَوْنًا مَا عَسَى أَنْ يَكُونَ حَبِيبَكَ يَوْمًا مَا. رواه الترمذي . واتە: هاوڕێکەت بە جۆرێکی وا خۆش بوێ کە زیادەڕەوی تێدا نەکەی؛ چونکە لەوانەیە ڕۆژێک ببێت بە نەیارت، بە جۆرێک ڕقت لە دوژمنەکەت بێت کە زیادەڕەوی تێدا نەکەی، چونکە لەوانەیە ڕۆژێک ببێت بە هاوڕێت.

- ئەو ژنەی کە مێردەکەی خۆی خۆش دەوێ گوێڕایەڵیەتی... کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکات... هەوڵ دەدات کارێکی وا بکا دڵی مێردەکەی خۆش بکات... هەر شتێک مێردەکەی زوێر بکات لێی دوور دەکەوێتەوە...

دەگێڕنەوە کە لە دایە عایشەیان پرسی: کام ژنە لە هەموو ژنێک باشترە؟ فەرمووی:

ئەو ژنەی کە قسەی خراپ نازانێت (واتە: جوێنفرۆش نییە... توک لە کەس ناکات... زمان درێژ نییە)

لە فێڵی پیاوان دوورە (واتە: بە تەواوی دوورە لەو جۆرە پیاوانەی کە بە فرتوفێڵ ژنان دەخاپێنن و دڵیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن).

دڵی جگە لە مێردەکەی هیچی تری تیا نییە، (واتە: چاولەدەر نییە، بیری هەر لای مێردەکەی خۆیەتی).

- بۆ مانەوەی پاریزگاری:

ژنێک دەڵێ: پیاوەکەم بە تووڕەییەوە وتی: دوایی لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەچمە دەرەوە، هیچت پێویستە؟

منیش وتم: زۆرباشە، بەڵام زوو بێرەوە، چونکە کارەبا دەبڕێت!

· پیاوەکەم زۆر سەری سووڕما و گەڕایەوە بۆ لای من و وتی: کێ پێی وتی: کارەبا دەبڕێت؟

منیش وتم: هەرتۆ لە ماڵ ڕۆیشتیتە دەرەوە ئێتر کارەبای ئێمە دەپچڕێت... تا تۆ نەیەیتەوە کارەبا نایەتەوە... ماڵەکەم بە تۆوە ڕۆشنە...

پیاوەکەم بزەیەکی کرد و لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە و هەر پەلەی بوو کەی بگەڕێتەوە بۆ لای من و منالەکان!

پرسیار لە حەزرەتی عەلی کرا: باشترین ژن کێیە؟

فەرمووی: ئەو ژنەی خوا لە خۆی ڕازی دەکات... ڕووی خۆش بە مێردی خۆی دەدا... هەرگیز ماڵ بەجێ ناهێڵێت... پێنج فەرزەکەی خۆی دەکات... لەناو خزم و کەسوکاردا سەربەرزە... خۆی بە کەم دەزانێت و خاکییە... دایکێکی باشبێت بۆ منداڵەکان... بەهەشتێک گەورە بێت بۆ ماڵەوە... ئەگەر چاکەی لە مێردەکەی بینی سوپاسی بکات... ئەگەر خراپەی لێ بینی خۆڕاگربێت... کاتێک مێردەکەی دەبینێت دڵی خۆش ببێت و بزەی بۆ بکات... کاتێ مێردەکەی لە ماڵ دەردەچێت بیری بکاتەوە... ئەگەر مێردەکەی تووڕە بوو خۆڕاگر بێت و هەڵنەچێت... کارێک بکات مێردەکەی بە بینینی سەرسام بێت... ئەگەر مێردەکەی لە ماڵ نەبوو پاریزگاری لە ماڵ و منال بکات... ئەگەر عەیبێکی لە مێردەکەی بینی بیشارێتەوە و لای کەس باسی نەکات... ئەگەر لەسەر شتێک مێردەکەی داوای لێبوواردنی لێکرد، لێی ببووڕێت.

دوایی لێیان پرسی: خراپترین ژن کێیە؟

فەرمووی: خراپترین ژن ئەو ژنانەن کە:

هەمیشە خۆی بە نەخۆش پیشان دەدات... ئەو ژنەی بەبێ هۆ بگری... بەبێ هۆ پێبکەنێت... ئەگەر لە مال ڕۆیشتە دەرەوە سەر و ملی خۆی ڕووت بکات... لە ماڵەوە شپرز و ناشیرین بێت... قسەکانی هەر بەلێن بن... دەنگی بەرز بێت... چاکەی مێردی لەبەرچاو نەبێت... خراپەی مێردەکەی لای ئەم و ئەو باس بکات... خۆڕاگر نەبێت... یارمەتی مێردەکەی نەدات... ڕەخنە زۆر لە مێردەکەی بگرێت... کاتێک مێردەکەی دێتەوە ئەو لە ماڵەوە نییە... کاتێ مێردەکەی لە دەرەوەیە ئەو بێتەوە بۆ ماڵەوە... ئەگەر مێردەکەی لێی نزیک بوویەوە ئەو پشت هەلبکات... پرتەوبۆڵەی زۆربێت... زوو تووڕە ببێت و هەلچێت... منالەکانی برسی بن... نوێژەکانی نەکات... خوا لە خۆی بڕەنجێنێ... مێردەکەی لێی پەشیمان بێت... شەیتانی لێ ڕازی بێت... زماندرێژ بێت... جلوبەرگی کورت بێت... گوێ بە ناومال نەدات... قسەی ڕەق بێت... ڕوتەق و بێشەرم بێت.

ماڵەکەت باخچەی ئاسوودەیی...

خوشکی بەڕێز! چاک بزانە تۆ چەپکەگوڵ و ڕێحانەی ماڵەوەی... کاتێک مێردەکەت دێتەوە کارێک بکە بۆنی ئەو گوڵ و ڕێحانەیە هەڵمژێت...

- بە گوێرەی ئەوەی مێردەکەت دەیەوێ ماڵەوەی بۆ ڕێکوپێک بکە... بێزاری خۆت دەرمەبڕە...

- جارجارە خافڵگیری بکە و جێژنێکی بچکۆلانەی خێزانی ساز بدە، بەڵام با کاتەکەی گونجاو بێت...

- نەکەی لە کاتی گەڕانەوەی مێردەکەتدا دەست بکەی بە سکاڵاکردن و پرتەوبۆڵە... ئەگەر زۆریش ناڕەحەتی دان بە خۆتا بگرە و ئەو سکاڵا و شتانە هەڵگرە بۆ کاتێکی گونجاو... کاتێک کە مێردەکەت بتوانێت و پێی خۆش بێت بە دڵ و گیان گوێت بۆ بگرێ...

- لە بیرت نەچێت تۆ ژنی... ژنێتی خۆت بپارێزە... کارێک مەکە کە مێردەکەت پەی بەوە ببا کە تۆ تەنیا لە کاتی چوونەدەرەوەدا خۆت تیفتیفە دەدەیت و ئیتر لەوەولا دەموچاوێکی ترشاو و قژێکی ئاژڵکاو...

- ئەوەت لەبیر نەچێت کە گرنگی بە پاکوخاوێنی لاشەت بدە... با بۆنت خۆش بێت... با بۆنێکت لێ نەیەت کە مێردەکەت پێی ناخۆش بێت...

- گرنگی بە جلوبەرگی مێردەکەت بدە، ئەگەرچی ئەو خۆی وا دەربخات کە گرنگی پێنادا، بەڵام تۆ گرنگی پێبدە...

- هەمیشە هەوڵ بدە لە هەموو کارێکدا نوێگەری بەدی بێنیت...

بـا ڕۆژەکانـت لـە یەکتـر جیـاواز بـن... نـاوە نـاوە شـکڵ و شـێوەی کەلوپەلـی ماڵەوە بگـۆڕە... شـێوازی جلوبەرگـی خـۆت بگـۆڕە... تەنانەت شـێوازی خـواردن بگـۆڕە...

- هەرگیـز وانەزانـی کـە خـۆشەویستی و ئەوینـی تـۆ بـۆ مێردەکـەت زۆر گەورەیـە... تەمـەن هەچەندێ هەڵگشـێ دڵ لـە جێـی خـۆیەتـی، هـەر گەنجـە... بـا منـاڵ و ماڵەوە مێردەکـەت لەبیـر نەبەنـەوە...

- هەمیشـە وا خـۆت دەبخـە کـە بەبـێ مێردەکـەت ناتوانـی بژیـت... هەندێـک ژن وا دەزانـن ئەگـەر بـە شـێوەیەک خـۆیان پیشـان بـدەن کـە ئاتاجـی مێردەکانیـان نیـن، ئـەوە لـە کەسـایەتی و شـان و شـکۆی خـۆیـان دابەزانـدووە، بـەڵام ئـەوە هەڵەیەکـی زۆر گەورەیـە... دەبێـت پیـاو هەسـت بـەوە بـکات کـە ژنەکـەی ئاتاجیەتـی...

- ڕێـز لـە دۆسـت و بـرادەی مێردەکـەت بگـرە... ئەگـەر زۆر سـەردانی مێردەکەتیـان دەکـرد ناڕەزایـی دەرمەبـڕە، بەڵکـوو لەبـەر خاتـری مێردەکـەت ڕێزیـان بگـرە...

- منـاڵەکانت وا ڕابێنـە کـە لـە پەنـا باوکیان ئاسـوودە و دڵنیـا و ئارخەیـان بـن... زۆر سـوپاسی خـوا بکەن بـۆ ئـەو باوکەی پێی بەخشـیون...

- نێـوان خـۆتـان و خـوای خـۆتـان خـۆش بکـەن، خـوای گـەورە نێـوان ئێـوە خـۆش دەکات... زۆر خێـزان هەیـە بەهـۆی گونـاە و تاوانـەوە لێـک پچـڕان... بەهـۆی تاوانـەوە زۆر ژیانـی خـۆش بـوون بـە زەهـری مـار-

ئیبراهیمـی کـوڕی ئەدهـەم دەفەرمـوێـت: مـن هەرکاتێـک گونـاە و تـاوان بکـەم، سـزای ئـەو تاوانـە لـە ئەسـپەکـەم و ژنەکـەمـدا دەبینمـەوە -یانـی: ژنەکـەی و ئەسـپەکەی گوێڕایەڵـی نابـن و ئـازاری دەدەن-

- هەتـا ژن و پیـاو نزیـک بـن لـە خـوای گـەورەوە و ملکەچـی فرمانەکانـی بـن، ئـەوا خـوای گـەورە زیاتـر بەختەوەریـان دەکات و پێکـەوە دەیانسـاچێنێت...

ژنەکە قورئانی دەخوێندەوە... لێی ڕادەما... ئەو لێڕامانە بە دەموچاویدا دیار بوو...

مێردەکەی لێی نزیک بوویەوە... بە بێدەنگی لە تەنیشت ژنەکەیدا دانیشت... ژنەکە زانی مێردەکەی هات بۆ لای، قورئانەکەی دانا... بزەیەکی کرد و وتی: خۆشەویستەکەم! شتێکت دەوێ؟

چاوی مێردەکە پڕ بوو لە ئاو... شانازی بە ژنەکەیەوە دەکرد و وتی: بەڵێ... ئازیزەکەم... دەمەوێ... دەمەوێ لە بەهشتدا پێکەوە بین... بەڵێنم پێ دەدەی؟

ئای ئەوین و خۆشەویستی ڕەوا و حەڵاڵ چەندێ خۆش و مەزنە... لە دونیا دەست پێ دەکات و لە بەهەشتدا بە بەردەوامی دەمێنێتەوە...

دەتەوێ دڵی میێردەکەت داگیر بکەیت؟

- پێش هەموو شتێک لە میێردەکەت تێبگە... بزانە چی پێخۆشە... ڕقی لە چییە... ئارەزووی چییە...تێکەڵاوی زۆر هەموو شتێک دەرناخات... دەبێت ژیری بخەیتە کار... چاوت بکەیتەوە... مێشکت والا بکەی... ئەو کاتە هەموو ئەوانەت ڕێکوپێک کرد، هەموویان لە شتێکدا ڕەنگ دەدەنەوە کە پێی دەوترێت: ئەوین...

- کاتێک لەگەڵ میێردەکەتدا قسە دەکەی، وەک کەسێک قسەی لەگەڵدا بکە کە زۆر لە مێژە پێتخۆشە ببینیت و قسەی لەگەڵدا بکەی... ئەگەر ڕا و بۆچوونێکت هەیە مەڵێ: من پێموایە، بەڵکوو بە جۆرێکی تر بڵێ... بۆ نموونە بڵێ: ئەگەر ئەوە بکەی، یان بڵێ: باشتر وا نییە ئاوا بێت؟ پیاو پێی خۆش نییە ژن ڕای خۆیی بە سەردا بسەپێنێت... تەنانەت ئەگەر ڕای ژنەکەیشی پەسەند و دروست بێت، ئەو پێچەوانەکەی پێ باشترە...

- کاتێ قسە لەگەڵ میێردەکەتدا دەکەیت، هەست دەکەی کە هەندێ وشەی پێناخۆشە... زۆر جار خۆی پێت دەڵێ: فڵان وشە و فیسار وشەم پێناخۆشە... بۆ ئەوەی وەک خۆت بە جوانی و خۆشەویستی لە دڵی میێردەکەتدا بمێنیتەوە، خۆت بە دوور بگرە لەو وشانە و بەکاریان مەهێنە.

- زۆر لێپرسینەوەی لەگەڵدا مەکە... بە تایبەت کاتێک لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، چونکە ئەو لێپرسینەوەیە میێرد بێزار دەکات و دەیخاتە سەر دووڕێیانێک، ڕێگای یەکەم ئەوەیە کە ئەو وا هەست دەکات تۆ غیرەی لێ دەکەیت... دڵت لێی پیس بووە و هەمیشە چاودێری دەکەیت... ڕێگای دووەمیش ئەوە کە ئەو وا هەست دەکات تۆ ئەو بە منداڵ یان بە گێژوحۆڵی دەزانیت... بۆیە ئاوا لێی دەپرسیتەوە و دەتەوێ هەموو شتێکی ئەو بزانیت...

- کاتی سکاڵا و گلەیی و قسەی خۆش و... بزانە. کاتێک ئەو لە دەرەوە

دێتەوە تۆ یەکسەر سکاڵای لە لا مەکە... چاوەڕوانی ئەوە مەبە مێردەکەت ڕۆڵی پۆلیس ببینێت و منداڵەکان بگرێ و دارکارییان بکات... کاتێ پیاو لە دەرەوە دێتەوە هەندێک ئاریشە و کێشە و خەم و خەفەتی لەگەڵدایە -ئەگەرچی کەمیش بێت-.

کاتێک مێردەکەت بە دیار شتێکەوە دانیشتووە بە دڵ و گیان گوێی بۆ دەگرێت یان سەیری دەکات، تۆ لەو کاتانەدا گلەیی مەکە و سکاڵای خۆت تۆمار مەکە، چونکە لەوانەیە ئەو ئاگای لە قسەکانی تۆ نەبێت، یان لێیان بێزار بێت و بگەنە بنبەست... کەواتە: گفتوگۆ و قسەکردن هونەری تایبەت بە خۆی هەیە...

- بۆ ئەوەی دڵی مێردەکەت بە لای خۆتدا ڕابکێشیت، هەمیشە پرسیاری ئەو شتانەی لێبکە کە نایزانی... تەنانەت ئەگەر ئەو شتانە پەیوەندی بە پیاوانیشەوە نەبێت... وای تێبگەیەنە کە تۆ زۆر شت لەوەوە فێر بووی... ئەوە دڵی مێرد بۆ لای ژن ڕادەکێشێت...

- ژنی زیرەک و ژیر لە کتوپڕێکدا دونیای دەرەوە لە مێردەکەی قەدەغە ناکات... ماوە بە مێردەکەی دەدات هەندێک جار وەک کوڕ مامەڵە بکات و لەگەڵ دۆست و برادەرەکانیدا بچێتە دەرەوە، بەڵام زۆری پێناچێت کە پیاو خۆی لەو چوونەدەرەوانە بێزار دەبێت و زیاتر حەزی لە دانیشتن لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خێزانی خۆیەتی...

- پیاو پێیخۆشە ژنەکەی دایکایەتی تێدابێت... تۆ وەک دایک بە بۆ ئەو، تا ئەویش وەک باوک و برا و کوڕ بێت بۆ تۆ... جارجار پیاو لای ژنەکەیدا ناز دەکات و خۆی بە هیلاک و ماندوو دەردەخات... تۆیش وا خۆت پیشان بدە کە لەبەر ئەو پەشێو و بێتاقەتی... گرنگیدان بە مێرد دڵی مێرد ڕاگیر دەکات...

- گرنگی بە شتە بچووکەکانی بدە... تۆ سەرچاوەی میهرەبانی و ئەوین بە بۆ مێردەکەت... ئیتر ئەو وادەزانێت تۆ هەموو دونیای...

مێوینە بە...

- مێوینە بە... بە پاکێتی دڵەکەت... بە داوێنپاکی و باڵاپۆشییەکەت...

- مێوینە بە... بە ئاکار و ڕەفتارت... بە شەرم و حەیا و ڕێکردنت...

- مێوینە بە... بە لەسەرخۆیی و دەنگی ناسکت...

- مێوینە بە... بە خۆپاراستنی گیانت...

- مێوینە بە... بووکەڵە مەبە... خۆت مەدە دەست هیچ کەسێکەوە... تەنیا بۆ مێردەکەت بە...

- مێوینە بە بۆ مێردەکەت، ئەو جێگای هەموو پیاوانی سەر زەویت بۆ دەگرێتەوە...

- یەکێک لەو شتانەی کە نابێت بە هیچ شێوەیەک لە دەستی بدەی، شەرمە بەرامبەر بە مێردەکەت...

با لە دەموچاو و هەلسوکەوتتدا شەرم و حەیا دیار بێت...

جار جار وەک ئەو دەمانە سەیری مێردەکەت بکە کە یەکەمجار بینیت و شەرمت لێ کرد... ئەوە زۆر لەسەر دڵی پیاو کاریگەرە...

لە قسە و ڕوانیندا شەرم بەکار بهێنە... لە جووڵە و ڕێکردندا بە کاری بهێنە...

تەماشاکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ﴾ القصص: ٢٥ واتە: بە شەرمەوە ڕێی دەکرد... تەماشا ئەو پەسنە چەندێ جوانە... دەڵێ لەسەر زەوی ڕێی نەکردووە، بەڵکوو لەسەر شەرم و شکۆ ڕێی کردووە...

ژنی پاکوخاوێن کاتێک ڕێ دەکات بە شەرمەوە ڕێ دەکات... ناز و فیز و لار و لەنجە ناکات... ئەو کچە هات بۆ لای حەزرەتی موسا

بۆ ئەوەی پەیامێکی باوکی پێ ڕاگەیەنێت... بە کورتترین وشە پەیامەکەی گەیاند... خوای گەورە ئەو پەیامە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا﴾ القصص: ٢٥ واتە: - کچەکە وتی -باوکم بانگت دەکات، تا بۆ ئەو ئاوەی بۆ ئێمەت هەڵێنجاوە کرێت پێ بدات-.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بەشەرم و حەیا بوو، پەیامەکەیشی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو... پێچ و پەنای تێدا نەبوو... بەڵێ... سروشتی کچان وایە کاتێ قسە لەگەڵ پیاودا دەکەن، بە شەرم و حەیاوە قسە دەکەن، بەڵام چونکە متمانەی بە خۆیەتی و دەزانێ پاکوخاوێنە، بۆیە ناشڵەژێ و دەمی ناپێچێت بە یەکدا و دەتوانێت قسەی خۆی بکا... بە ئەندازەی پێویست قسەکەی بە ڕوون و ڕەوانی و بێ پێچوپەنا دەکات...

شەرم و حەیا نابنە لەمپەڕ لە بەرامبەر قسەی هەق و ڕاستیدا، یان فێربوونی زانست، یان پیشاندانی ڕێگای ڕاست و دروست...

ئەوەتا شەرم و حەیا نەبووە لەمپەر لە بەرامبەر ئوممو سولەیمی ئەنصاریدا بۆیە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری خۆی کرد... عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ قَالَتْ جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ إِلَى رَسُولِ اللهِ(ﷺ) فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ فَهَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا احْتَلَمَتْ قَالَ النَّبِيُّ(ﷺ) إِذَا رَأَتِ الْمَاءَ. رواه البخاري.

واتە: ئوممو سەلەمە دەفەرموێت: ئوممووسولەیم هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! خوای گەورە شەرم لە قسەی هەق ناکات... ئەگەر ژنان شەیتانی بوون دەبێت خۆیان بشۆرن؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ... ئەگەر ئاویان هاتەوە...

بەڵێ... شەرم و حەیا نەبووە لەمپەر لە بەردەم ئوممووسولەیم بۆ ئەوەی پرسیارێکی گرنگ بکات و فێر ببێت... دیسان نەبووە لەمپەر

لە بەرامبەر پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەوەی وەڵامی ڕاست و دروست بداتەوە...

جارێک حەزرەتی عومەر وتاری دەدا... باسی مارەیی ژنانی کرد و ڕەخنەی لە مارەیی گرت کە زۆر بووە... ژنێک هەستایەوە و وتی: عومەر! خوا پێمان دەبەخشێت و تۆ دەتەوێ نەیهێڵی؟ مەگەر خوا نەیفەرموە: ﴿وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْـًٔا﴾ النساء: ٢٠ واتە: ئەگەر کلورێک دراوتان پێدابێ، نابێت لێیان بسێننەوە...

بەڵێ... شەرم و حەیا نەبووە لەمپەر لە بەرامبەر ئەو ژنە و قسەی ڕاستی کرد... دیسان شەرم و حەیا نەبووە لەمپەر لە بەرامبەر حەزرەتی عومەر بۆ ئەوەی داوای لێبووردن بکات، بۆیە یەکسەر فەرموی: هێی عومەر! هەموو ئەو خەڵکە لە تۆ شارەزاترن... ئەو ژنە پێکای، عومەر بە هەڵەدا چوو...

ناز و فیز بە جوانی و سەروەت و سامانەوە مەکە... ناز و فیز بە باب و باپیرانەوە مەکە... ئەوانە هیچیان دەستکردی تۆ نین...

باش ئەوەیە کە خەڵک بە باشە باست بکەن... نەک خۆت بە شان و باڵی خۆتدا هەڵدەی... هەرکەسێک خۆی بە شان و باڵی خۆیدا هەڵبدات، خەڵک پێی دەڵێن: لەخۆبایی... فیزن... لووتبەرز...

حەزرەتی عومەر دەفەرموێت: هەرکەسێک لە ناخەوە خۆبەگەورەزانینی هەبێت، ئەوە لە ناخەوە ناتەواوییەکی هەیە...

* * *

نزیکترین ڕێگا بۆ لای دەرگای دڵی مێرد...

- نزیکترین ڕێگا بۆ لای دڵی مێرد کاتە...

بەڵێ وا دەڵێن... تەماشا ئومامەی کچی حارس بکە بزانە چۆن ئامۆژگاری کچە دەزگیراندارەکەی دەکات...

کچم! هەمیشە بزانە کاتی نانخواردن و خەوتنی مێردەکەت چ کاتێکە لە بیری مەکە... برسێتی ئاگر لە گیانی پیاو بەردەدا... کەمخەوی و درەنگ خەوتن تووڕەی دەکات...

ئەو ژنەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە خواردنی جۆراوجۆر بۆ مێردەکەی ئامادە بکات و بە دەستڕەنگینی خۆی هەرجارە و بە شێوەیەکە -ئەگەرچی کەمیش بێت- خواردنەکان دەگۆڕێت... ئەوە شایانی ئەوەیە کە دڵی مێردەکەی بەدەست بێنێت... بەڵێ... دڵی مێردەکەی بەدەست دێنێت... مێردەکەی لای خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی خۆی پەسنی دەستڕەنگینی و چێشتەکانی ژنەکەی دەدات...

ئەمەیش مانای وا نییە کە ژن زۆربەی کاتەکانی خۆی لەپێناو چێشتلێنان بەسەر ببات، یان ئیسراف و زیادەڕەوی بکات و لە یەک ژەمدا چەند جۆرێک خواردن ئامادە بکات، بەڵکوو سەیر دەکات بزانێت مێردەکەی چی پێخۆشە ئەوەی بۆ ئامادە دەکات... دەستڕەنگینی خۆی لە ئامادەکردنی ئەو خۆراکەدا دەردەخات...

کاتێ پیاو لە دەرەوە دێتەوە و برسییەتی... ئەگەر مال پاکوخاوێن بێت و خواردن ئامادە بێت، لە هەر سووچێک بۆنی خۆش بێت... ببینێ ژنەکەی چاوەڕێی ئەوە بۆ ئەوەی بێتەوە و پێکەوە نان بخۆن... ئەوە ئیتر ئا لەو کاتانەدا خوای گەورە پیت و فەڕ دەخاتە

نیو ئەو ژیانەوە... ئەو ژن و مێردە لای یەکتر خۆشەویست دەبن...

بەڵام جاری وا هەیە هەندێک لە پیاوان بە زگی برسی دێنەوە...

تەماشا دەکەن ژنەکەیان هیچی ئامادە نەکردووە، چونکە بۆی نەکراوە، یان بە دیار منداڵە نەخۆشەکەیەوە بووە... کەچی پیاوەکە تووڕە دەبێت و دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات... سووکایەتی بە ژنەکەی دەکات... ئەو جۆرە پیاوانە پیاوێکی خراپن... دەبێت خۆیان بگۆڕن و خۆیان بێننەوە سەر ڕێگای ڕاست...

هەر پیاوێک پیاوێکی باش و دڵنەرم و خۆشڕەفتار بێت ڕەچاوی بارودۆخی ژنەکەی دەکات...

کاتێ ژنەکەی نەیپەرژاوە خواردنی بۆ ئامادە بکات تووڕە نابێت، بەڵکوو بە ژنەکەی دەڵێ: کارت بە سەر خواردنەوە نەبێت، دەچم لە دەرەوە خواردن دێنمەوە...

بەڵێ بەڕێزان... پێتان سەیر نەبێت زۆرێک لە پیاوان زۆر تاڵ و بەدڕەفتارن... هیچ ڕەچاوی بارودۆخی ژنەکانیان ناکەن... چاوپۆشییان نییە...

خۆ پەیوەندی ژن ومێرد تەنیا خواردن نییە... پەیوەندی ڕێکوپێک هونەرە... داهێنان و نوێگەرییە...

- ژن و مێردێک ڕۆیشتن بۆ باخچەی ئاژەڵان... چاویان کەوت بە مەیموونێک یاری لەگەڵ جووتەکەی خۆیدا دەکات...

ژنەکە وتی: ئای کە چیرۆکێکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییە...

کاتێ گەیشتن بە لانەی شێر... تەماشا دەکەن شێر بە بێدەنگی لێی پاڵکەوتووە... جوتەکەیشی کەمێک لە دوورەوە پاڵکەوتووە...

ژنەکە وتی: ئای کە چیرۆکێکی پڕ لە خەمە...

پیاوەکە وتی: دەی تۆ ئەم بوتڵە بەتاڵە بگرە شێرە مێنگەکە، بزانە نێرەکەی چی دەکات؟

ژنەکە بوتڵە بەتاڵەکەی گرتە شیرە مێنگەکە... شیرە نێرەکە ئاگری تێ بەربوو... ئەینەڕاند... وەختە بوو شوڵی قەفەسەکەی بشکێنێ و بێتە دەرەوە...

دوایی پیاوەکە ژنەکەی بردەوە بۆ لای مەیموونەکان... بە ژنەکەی وت: دەی ئێستا بوتڵێکی بەتاڵ بگرە مەیموونە مێنگەکە...

ژنەکە بوتڵێکی بەتاڵی گرتە مەیموونە مێنگەکە... کەچی مەیموونە نێرەکە ڕایکرد بۆ ئەوەی بوتڵەکەی بەر نەکەوێ...

پیاوەکە بە ژنەکەی وت: هەرگیز بە دیمەن فریو مەخۆ... زۆر کەس هەیە بە ناوی خۆشەویستی و ئەوینەوە ژنان فریو دەدەن... گاڵتە بە عەقڵیان دەکەن... سووکایەتیان پێ دەکەن.

زۆر کەسیش هەیە ئەوین و خۆشەویستی لەنێو دڵیاندا وەک بوخچەی نەکراوەیە، کەس نایبینێت...

ئەوین ئاوی ژیانە...

- ئەوین ئاوی ژیانە... نەک هەر ئاو، بەڵکوو نهێنی ژیانە... بە ئەوینەوە ژیان خۆش و بێپەڵە دەبێت... مرۆڤ لە هەڵەکان دەبوریت...

شێخ عەلی تەنتاوی دەڵێ: ئەوین هیچ کێشەیەکی تێدا نییە... کێشەکە لەوێدایە کەسێک لەبەر ئەوین دینی خۆی بدۆڕێنێت... ئاکاری خۆی تێک بدا... پیاوەتی خۆی لە دەست بدا... لەبەر خۆشییەکی کەمی دونیا خۆی تووشی ئێش و ئازاری هەزار ساڵەی دۆزەخ بکا.

- خۆشترین و پاکترین ئەوین لەنێو ژن و پیاودا ئەو ئەوینەیە کە دەکەوێتە دوای هاوسەرگیرییەوە... گرنگی بە یەکتر دەدەن... لەپێناو یەکدا قوربانی دەدەن...

ئەو ئەوینانە لە کاتی ڕەزامەندی و تووڕەبوونداد دەردەکەوێ... لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا دەردەکەوێ... لە کاتی گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەردەکەوێ...

جاری وا هەیە ڕۆژی ڕووناک لە پیاو ئەبێ بە شەو... ژنی لێزان بە بزە و خەندەیەک وەک خۆر هەڵدێ و شەوی لێدەکات بە ڕۆژ...

جاری وا هەیە شەوان پڕن لە مەینەتی و خەم و خەفەت بۆ پیاو... کەچی ژنەکەی وەک شەونمی سەر گوڵان دەتکێتە سەر لێوی دڵی پیاوەکەی... خەم و خەفەتی لە بیر دەباتەوە...

دایە عایشە ئاو دەخواتەوە... پێغەمبەریش(ﷺ) جامەکەی لێ وەردەگرێت و بەسەر لێویدا دەیسووڕێنێتەوە بۆ ئەوەی دەمی بکەوێتە سەر جێگە دەمی خێزانی...

پێکەوە دەچنە سەفەر... لە رێگادا پێشبڕکێ دەکەن... پێدەکەنن... گاڵتە و قسەی خۆش دەکەن...

پێغەمبەر(ﷺ) بە پیاوان ڕادەگەیەنێ کە دەبێت مافی ژنان بدەن و لەگەڵیاندا چاک بن... بۆیە دەفەرموێت: وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ، إِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ، اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا». رواه مسلم. واتە: لە بارەی ژنانەوە داوای ئامۆژگاری بکەن -واتە: خۆتان فێری مامەڵەکردن بکەن لەگەڵ ژناندا- بەڕاستی ژن لە پەراسوو دروست کراوە... بەڕاستی لارترین و کەجترین شوێنی پەراسوو لای سەرەوەیە... ئەگەر بچیت و بتەوێ ڕاستی بکەیتەوە دەیشکێنی... ئەگەریش لێیگەڕێی وەک خۆی بە لاری دەمێنێتەوە... دەی سەبارەت بە ژنان داوای ئامۆژگاری چاکە بکەن.

- ژن ئاتاجی مێردە... مێردەکەی ببێتە ئاسمانێکی، ببێتە سێبەر بەسەر سەریەوە... ببێ بە زەوییەکی پڕ پیت و فەڕ بۆی... پێی ببەخشێت...

ژن تەنیا ئاتاجی یەک شتە... ئەوین، بەڵام ئەوینێکی ڕاستەقینە و بێ فرتوفێڵ و درۆ...

ژن ئاتاجی ئەوەیە کە پیاو هەستەکانی لە بەرچاو بگرێت و ڕەچاوی بکات...

ئەگەر پیاو بەو جۆرە بوو کە ژن دەیەوێ... ئەوا ژنیش دەبێتە هاوسەر و هاوڕێ و هاوەبەشی ژیانێکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی... ئەگەر دونیا و تاموچێژی دونیا بخەنە تای تەرازوویەک و تۆیش بخەنە تاکەی تر، بێگومان تۆ هەڵدەبژێرێت... لا بە لای دونیا و خۆشی دونیادا ناکاتەوە...

تا ئێستا بیرت لە خۆت کردووەتەوە؟ خوانەخواستە ئەگەر ڕۆژێک ژنەکەت نەخۆش بکەوێت و لە نەخۆشخانە بیخەوێنن و تۆیش بێیتەوە بۆ ماڵەوە... ماڵێکی ساردوسڕ... شپرز و پیسوپۆخڵ... لە لایەک خواردن ئامادە نییە... لە لایەک کەلوپەل هەمووی لەو ناوەدا کەوتووە... لە لایەک منداڵ خۆی پیس دەکات... جا وەرە بەرگەی ئەو هەمووە ناخۆشییە بگرە...

با بزانم تۆ چۆن خواردن ئامادە دەکەیت؟ چۆن ماڵ گسک دەدەی؟ چۆن منداڵەکانت خاوێن دەکەیتەوە؟ چۆن خواردنیان پێ دەدەی؟ ئەوە هیچ خواردنەکەت هێلکەوڕۆنە، ئەویش یان دەسووتێت، یان بە خاوی دەیخۆی... ماڵەکەت بۆ خاوێن ناکرێتەوە... منداڵەکانت بۆ بەخێو ناکرێ...

بۆ بەیانی زوو چۆن منداڵەکانت دەخەیتە ڕێ بۆ ئەوەی بچن بۆ قوتابخانە؟ چۆن جلوبەرگی خاوێنیان لەبەر دەکەیت؟

توخوا ئەگەر پیاوێک ئەوە بار و گوزەرانی بێت، هیچ کەسێک هەیە لەم دونیایەدا ئێرەیی پێ ببا؟ بێگومان نەخێر...

دەی ئیتر بزانە کە ژنەکەت چەندێ کاری کەوتووەتە سەرشان... بزانە چ کۆلەکەیەکی گەورەیە و ماڵەکەتی ڕاگیر کردووە...

بەڵێ... ژنی باش گەورەترین ناز و نیعمەتی پەروەردگارە بۆ پیاو...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ». رواه مسلم. واتە: دونیا هەمووی مایەی خۆشی و چێژە، گەورەترین خۆشی دونیا بریتییە لە ژنی دامەزراو و چاک و گونجاو.

❁❁❁

ڕۆژێك لە ژیانی ژنێكدا...

- میێردەكە لە كار هاتەوە... دەبینێ هەر سێ منداڵەكەی لە بەردەرگا دانیشتوون... هێشتا جلوبەرگی خەویان لەبەردایە و دەستیان لە خۆڵ و قوڕایە و یاری دەكەن...

دەرگای پێشەوەی ماڵەوە كرابوویەوە... لە حەوشەكەدا هەندێك قاپی سەفەری دانرابوو... ئەو كاغەزانەی كە قاپەكانی پێوە پێچرابوو لەو ناوە بڵاو ببوونەوە...

ناوەوەی ماڵ هەرایەك بوو مەپرسە... داری بە سەر بەردەوە نەمابوو...

چراكە شكابوو... دەنگی تەلەفزیۆنەكە ئەوەندە بەرز بوو گوێی مرۆڤی كاس دەكرد...

میكانۆ و یاری منداڵان لەو ناوە ڕژابوو... جلوبەرگ هەر پرزەیەكی لە شوێنێك كەوتبوو...

حەوزی سنگی ئاشپەزخانەكە پڕبوو لە قاپی چەور و پیس... خواردنەكەی ئێوارە هێشتا لەسەر میێزی نانخواردن كەوتبوو...

دەرگای بەفرگرەكە كرابوویەوە و كەوتبووە سەر پشت...

پیاوەكە بەپەلە ڕۆیشتە ژوورەوە و بەناو میكانۆ و یاری و جلوبەرگەكاندا تێپەڕی و گەڕا بەدوای ژنەكەیدا...

تووشی دڵەڕاوكێ بوو... نەكا ژنەكەی شتێكی لێهاتبێت...

كاتێ بەلای دەرگای گەرماوەكەیاندا تێپەڕی تەماشا دەكات تەڕە... تەماشایەكی ناو گەرماوەكەی كرد خاوللییەكان بە تەڕی كەوتبوونە سەر زەوی...

پیاوەكە بەپەلە بەرەو ژووری نوستن ڕایكرد... تەماشا دەكات

ژنەکەی لەسەر پشت ڕاکشاوە و ڕۆمان دەخوێنێتەوە...

ژنەکە بە سیلەی چاو سەیرێکی پیاوەکەی کرد و بزەیەکی لێهات و وتی: دەنگوباس؟

پیاوەکەیش بە سەرسوورمانێکەوە لێی پرسی: ئەوە چی قەوماوە؟

ژنەکە جارێکی تر بزەی لێهات و وتی: ئەوە تۆ هەموو ئێوارەیەک لە کار دێیتەوە بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز بە من دەڵێی: ها ئەمڕۆ بە درێژایی ڕۆژ چیت کردووە؟

ئەی وا نییە؟

میردەکەی وتی: با بەرەوەڵڵا...

ژنەکە وتی: دەی زۆر باشە... من ئەمڕۆ تەنیا کاری یەک ڕۆژم نەکردووە...

- هەرگیز وا خەیاڵ نەکەی کە تەنیا تۆ کار دەکەیت... ماف بە هەموو خاوەن مافێک بدە...

کاری خەڵک بە فشە مەزانە... بە چاوی سووک سەیری کارەکانیان مەکە... وا مەزانە خۆت نەبێت کەس هیچی نەکردووە... ئەوەت لەبەرچاو بێت کە خەڵکی تریش چۆن کاتی خۆیان لە کارکردندا تێدەپەڕێنن... کاری ژنەکەت لەبەرچاو بێت با ئەوینی نێوانتان بەردەوام بێت...

- حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب وەک ڕێزێک بۆ کار و ماندووبوونی خاتوو فاتیمەی خێزانی، دەفەرموێت:

ئەوەندە دەستاڕی کردووە دەستی بلۆقەی کردووە...

ئەوەندە بە مەشکە ئاوی هێناوە سینگی تووشی ژان بووە...

ئەوەندە ماڵەوەی گەسک لێداوە جلوبەرگەکانی تەپوتۆزاوی بوون...

ئەوەندە ئاگری کردووەتـەوە بـۆ نـان و چێشـت... پریشـکی ئاگر جلوبەرگەکانـی کونکـون کـردووە...

تووشی نارەحەتی و ناخۆشی بووە.

ئای ئـەو پیاوانـەی کـە هـەسـت بـە ماندووبوونـی ژنـەکانیـان دەکـەن، چەندێ پیـاون...

پێنج خاڵ لەنێوان ژن و مێرددا (١)

- زۆر جار ژنان بە جۆرێک کار دەکەن پیاوان لێیان تێناگەن...

زۆر جار پیاوان گاڵتەیان بە هەندێ کاری ژنان دێ و بە هیچی دەزانن...

بەڵام ئەگەر هۆکاری ئەو کارانەی ژنان بزانن ئیتر گاڵتەیان پێناکەن...

ژن بەو پێیە کار دەکات کە سروشتی خۆی دەیەوێ... سورشتی پیاو و ژنیش زۆر لە یەکتر جیاوازن...

جاری وا هەیە ژن و پیاو پێکەوە تەبان... ئەوەندە بە یەکەوە گونجاون دەڵێی یەک کەسن... جاری وایش هەیە ئەوەندە ناکۆکن دەڵێی هەرەیەکەیان لە ئەستێرەیەکی تر هاتووە و لێرە یەکیان ناسیوە...

پێنج خاڵ هەیە دەبێت پیاوان بیزانن، بۆ ئەوەی لە ژنان تێبگەن و لە کێشە و ئاریشەکان دوور بکەونەوە و پەیوەندی نێوانیان بە بەهێزی بمێنێتەوە...

- خاڵی یەکەم:

زۆر جار پیاو لە دەرەوە دێتەوە بۆ ماڵ... یەکسەر ژنەکەی دەست دەکات بە سکاڵاکردن لە دەست منالەکانی... لە دەست شکانی گسکی کارەبایی... لە دەست خاڵیبوونی بتڵی غازەکەیان و...

بە دەنگێکی پڕ لە خەمەوە ئەو باسانە بۆ میردەکەی دەکات...

بێگومان پیاویش وا تێدەگا کە ژنەکەی مەبەستی ئەوەیە کە پیاوەکە تاوانبارە... جا لەبەر ئەوە یەکێک لەم دوو کاردانەوەیەی دەبێت:

یەکەم: داکۆکی لە خۆی دەکات، ئەو یەک بڵێ، ئەم دەیکات بە دوو...
دووەم: مارل بەجێدێڵێت و تا درەنگانێک نایەتەوە...
دواتر ژنەکەیش لەو کارەی پیاوەکەی سەری سوور دەمێنێت و ئیتر کێشە و لە یەک تێنەگەیشتن دەست پێ دەکات...
لە ڕاستیدا لە کاتێکی وەهادا ژن مەبەستی ئەوە نییە کە پیاوەکەی تاوانبار بکات، بەڵکوو تەنیا دەردەدڵی لە لا دەکات... باسی خەم و خەفەتی خۆی دەکات... بۆیە دەبێت پیاوەکە بیدەنگی هەڵبژێرێ... دوایی دەستی بگرێ و بڵێ: خۆشەویستەکەم! من دەزانم تۆ چەندێ ماندوو و هیلاکی... کارەکانت بەرز هەڵدەسەنگێنم، بەڵام ئیتر ئەوە ژیانە، خۆشی و ناخۆشی تێدایە... ماندووبوونێکی زۆری دەوێ...
ئیتر ئەو قسانە وەک گۆچانەکەی حەزرەتی موسا کاری خۆی دەکات و ژنەکە هێور دەبێتەوە و بە مێردەکەی دەڵێ: کێشە نییە پیاوەکە! هەرچی بکەم بۆ تۆ هێشتا کەمە...

- خاڵی دووەم:

لە سەرەتای ژیاندا پیاوەکە لە دەرەوە دێتەوە، ژنەکە هەموو شتێکی بۆ ئامادە کردووە... زانیویەتی حەزی لە چییە بۆی ئامادە کردووە... ماڵەکەی بە دڵی ئەو ڕێکوپێک کردووە... هەردەم دەم بە بزە و خەندەیە...
بەڵام دوای تێپەڕینی ماوەیەک ئەو شتانەی بەرچاو ناکەوێ... هەست دەکات ژنەکەی گوێی ناداتێ... بزە و خەندەی جارانی نەماوە... ماڵەکەی بە دڵی ئەو ڕێکوپێک نەکردووە...
باشە دەبێت چی قەومابێت؟
کاتێ پیاوەکە لە ژنەکەی دەپرسێ کە چی قەوماوە؟ ژنەکەی سەرەتا پێکەنینێکی گەرمی بۆ دەکات... دواتر سارد و دواتر دەیگۆڕێ بە زارخەندە و نێش خەندە...

هۆکارەکەیش ئەوەیە ژن وا ڕاهاتووە کە هەر لە خۆوە ببەخشێت، بیلێ، بیکا... وەک پیاو نییە... پیاو هەرشتێکی بەلاوە گرنگ نەبێت نایبەخشێ... نایلێ... نایکا...

دوای ماوەیەک ژن هەست دەکات کەس نییە ڕێز لە بەخشینەکانی بگرێ، بەڵام لە ناخدا هەر دەبەخشێت... ئەوە ن‌هێنیی زارخەندەکەیەتی...

کاتێکیش پیاو ئەو زارخەندەیە دەبینێ ماڵەوە بەجێ دێلێت...

دەبێت ئا لەو کاتانەدا پیاو و ژن بێ پێچ و پەنا قسەی دڵی خۆیان بکەن...

دەبێت پیاو یارمەتی ژنەکەی بدات و هەندێ ئیش و کاری ناومالی لە کۆل بکاتەوە...

دەبێت پێی بڵێ: تۆ پشوویەک بدە من خۆم کارەکان دەکەم...

❁❁❁

پێنج خاڵ لەنێوان ژن و مێرددا (٢)

- خاڵی سێیەم:

دوای ماوەیەک پیاو هەست دەکات ژنەکەی گۆڕاوە... هەوڵێری گوتەنی: کڕە... هەمیشە لەنێو بیر و خەیاڵدایە... پێیخۆشە گوێشەگیر بێت...

زۆر کەس پێیانخۆشە قسەی دڵی خۆیان بکەن، بەڵام ژنی وا هەیە پێیخۆشە گوێشەگیر بێت، یان بقیژێنێت بەسەر مێردەکەیدا و پێی بڵێ: تۆ منت خۆش ناوێت... ئا لەو کاتانەدا پیاوەکەیش تووڕە دەبێت و لە مااڵ دەچێتە دەرەوە...

هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت کە ئەم جۆرە ڕووداوانە ئاساییین... ئەمەیش سووڕێکی سروشتییە، ژنان تێیدا تێپەڕ دەبن... جا ژنی وا هەیە خوو و خدەی بە ئەوینی مێردەکەیەوە گرتووە... ترسێکی شاراوە لە گیانیدا هەیە... دەترسێ مێردەکەی ئەوی بە دڵ نەبێت... ئەو ژنانە بە چەند بەرزایی و نزماییەکی عاتیفیدا هەڵدەزنێن و شۆڕ دەبنەوە... شەپۆلی ئەوین بە سەریاندا زاڵ دەبێت...

جاری وایش هەیە لەنێو گۆماوی ترس و بێبڕواییدا نوقم دەبێت... لە کۆتاییدا تووشی خەمۆکی و گۆشەنشینی دەبێت...

زۆر جار ژن پێی شەرمە لە لای مێردەکەیدا باسی ئەو ترسانەی خۆی بکات... بۆیە ئەوەندە بێدەنگ دەبێت تا مێردەکەی وەڕز دەبێت و تووشی نیگەرانی دەبێت...

پێویستە پیاو ڕەچاوی ئەو جۆرە بارودۆخانە بکات... ئەوەندە ئەوین و خۆشەویستی خۆی بۆ ژنەکەی دەربخا تا ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێ و کۆتایی پێدێنێت...

جاری وا هەیە ئەو قۆناغە لە دوو ڕۆژەوە تا حەفتەیەک بەردەوام دەبێت...

بەڵام دەبێت ژنیش وشیار و ژیر بێت، بە قەستی ئەو ماوەیە درێژ نەکاتەوە...

- خاڵی چوارەم:

کاتێ ژن لێکۆڵینەوە لەگەڵ پیاودا دەکات و چەلەحانێی لەگەڵدا دەکات، پیاو هەست بە برینداربوون دەکات...

ژن دەڵێ: تۆ هەرگیز لەگەڵ منداقسە ناکەی... ئێمە لە کەیەکەوە پێکەوە دانەنیشتووین... تۆ بە هیچ شێوەیەک ڕێزم ناگری...

هەندێک پیاو نازانن کە پیاوان بە گشتی لەسەر هەندێ شتی سنووردار قسە دەکەن، بەڵام ئافرەت پێی خۆشە بە گشتی قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات... ئیتر وردەکاری تری زۆری ناوێت... زۆر جار ئەو قسەیەی کە دەیکات مەبەستی نییە... تەنیا دەیەوێ قسە بکات...

زۆرێک لە ژنان سەرەتا بیر ناکەنەوە، بیرکردنەوەکەیان لە کاتی قسەکردندایە، بەڵام پیاوان پێش قسە کردن ماوەیەکی باش بیر دەکەنەوە...

دەی تۆی پیاو بەو سروشتەی ژن ڕازیبە... ئەگەر بتەوێ قسە و گفتوگۆی ژنەکەت سنووردار بکەی و لەمەڕ یەک بابەت لە گەڵیدا بدوێی، بۆت دەردەکەوێت کە ژنەکەت ئەو شتەی مەبەست نییە، تەنیا قسەکردنی دەوێت...

- خاڵی پێنجەم:

ژن پێویستی بە چاودێری و گرنگیپێدان هەیە... ئەگەر بە پرسیارێکی زۆر ئاساییش بێت وای تێبگەیەنە کە تۆ گرنگی پێ دەدەی، بۆ نموونە لێی بپرسە: ئەوە نانی ئێوارەت خواردووە؟

دەرمانەکانت خواردووە؟ ئەگەر نەخۆشە پێی بڵێ: ئێستا چۆنی؟

کاتێ ژن هەست بکات کە مێردەکەی گرنگی پێدەدات ئیتر ئەویش هەرچی پێ بکرێ بۆ مێردەکەی دەکات...

هەرگیز گاڵتە بە ئارەزووەکانی ژنەکەت مەکە... هەموو مرۆڤێک بە جۆرێک لە جۆرەکان دل و دەروونی خۆی ئارام دەکاتەوە... کاتەکانی خۆی پێ پڕ دەکاتەوە... هەندێ خوێندنەوەی پێخۆشە... هەندێ گوێگرتن لە شتێک و...

ئاساییە کە هەر ژن و پیاوێک ئارەزوویەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت... ئیتر خوێندەوەیە یان وێنەکێشان یان گوێگرتن لە شتێکی بەسوود... جا ئەگەر ئەو ئارەزووانە لە چوارچێوەی شەرعی ئیسلامدا بوو و زەرەر و زیانی بۆ بەرامبەر نەبوو، ئەوا لێگەڕێ با ئارەزووەکانی خۆی بەکار بێنێت...

شتە بێزارەکان...

- ئەو شتەی کە پیاو زۆر بێزار دەکات داواکاری زۆر و تووڕەیی و بەدگومانییە...

زۆرێک لە پیاوان ئەگەر بزانن ژنەکانیان لێیان بە گومانن، ڕکەبەرایەتیان لەگەڵدا دەکەن... بۆ نموونە: ئەگەر ژن هەمیشە لێکۆڵینەوە لە مێردەکەی بکات بۆ ئەوەی بزانێ لە دەرەوە چی کردووە، لەگەڵ کێ قسەی کردووە، بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ پیاوەکە لە ڕقدا و بە قەستی وەڵامێک دەداتەوە کە ژنەکەی پێ قەڵس ببێت...

زۆر جار شەوانە نایەتەوە بۆ ماڵەوە... لەگەڵ هاوڕێکانیدا خۆی سەرگەرم دەکات بۆ ئەوەی لە ماڵ خۆی بدزێتەوە...

هەندێ پیاویش ئەگەر بچووکترین گومانیان لە ژنەکانیان هەبێت بە خەستی لێکۆڵینەوە دەکەن، بۆ نموونە: بە ناوی یەکێکی تر و بە ژمارەیەکی تر تەلەفۆن بۆ ژنەکەی خۆی دەکات و دەنگی خۆی لێ دەگۆڕێت... چاودێری دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی... زوو زوو تەماشای مەسیج و وێنە و پەیوەندییەکانی دەکات... سەر و بنی هاندەکەی دەپشکنێت... هەموو ئەمانە بە پێی فەرموودەی خوای گەورە حەرام و ناڕەوان، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا﴾ الحجرات: ١٢ واتە: لە کار و باری یەکتر مەکۆڵنەوە... گومانی خراپ ماڵی زۆر کەسی وێران کردووە... دڵی زۆر کەسی تۆراندووە...

- ماڵەکەت بکە بە لانە و پەنا و پەسیو بۆ مێردەکەت... بیکە بە بەهەشتی سەر زەوی...

- گفتوگۆی لەگەڵدا بکە و لەیەک تێبگەن... بە قسەی خۆش و پڕ لە ئەوینەوە بە یەکەوە قسە بکەن...

- کارێک مەکە مێردەکەت چاوی لە کەسێکی تر بێت... بێگومان زۆربەی ژنان وەک یەکن، بەڵام دەبێت تۆ هێندە ژیر و لێزان بیت، کارێک بکەی مێردەکەت چاوی لە هیچ کەسێکی تر نەبێت...

- بە قسەی خۆش و ئەویندارانە دەتوانی هەموو پرسیارێک لە مێردەکەت بکەی... هەموو شتێکی لە بارەوە بزانی...

- با بزانێ ئەگەر ماوەیەک لە ماڵ دوور کەوتەوە تۆ ترست لێ دەنیشێت و پێتخۆشە کە بزانی بۆ کوێ دەڕوا... نەک لەبەر ئەوەی کە تۆ لێی بەدگومانی... ئەگەر هەست بە بەدگومانی بکات هەرگیز ڕاستیت پێ ناڵێت...

- ناوە ناوە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا بکە... با بزانێت کە تۆ بیری دەکەیەوە... چاوەڕوانی ڕۆیشتنەوەی ئەوی، بەڵام زۆریش تەلەفۆنی بۆ مەکە و زیاد لە پێویست قسەی لەگەڵدا مەکە... بە تەلەفۆن سکاڵا لە دەست منداڵەکانت مەکە... بێزاری خۆت دەرمەبڕە... با وا نەزانێت بۆیە تەلەفۆنی بۆ دەکەیت کێشەیەکی لە کۆڵ بکەیتەوە و مەبەستت خۆشەویستی نییە...

- کاتێ لە ماڵ دەچێتە دەرەوە تا دەرگای دەرەوە لە گەڵیدا بڕۆ... بزە و خەندەیەکی بۆ بکە... بۆ ئەوەی بە تاسەوە چاوەڕوانی گەڕانەوە بێت بۆ لای تۆ...

- منداڵەکانت وا ڕابێنە کە ئێواران لە کاتی خۆیدا بخەون... لە گەڵیدا دابنشیە و قسەی خۆشی لەگەڵدا بکە بۆ ئەوەی لە دەرەوە بیری گفتوگۆی نێوان خۆی و تۆ بکات...

- کاتێک پێشوازی لێدەکەیت و بە نەرمونیانی لەگەڵیدا دەدوێی... هەموو شتێکی بە دڵی خۆی بۆ ئامادە دەکەیت... خۆتی بۆ دەڕازێنیتەوە... بزە و خەندەی بۆ دەکەی... ئیتر چیت دەوێ دەتوانی لەودا بەدی بهێنی...

❁❁❁

ئامۆژگارییەکی جیاواز...

- کاتێ وەختی گواستنەوەی (ئوممو ئەیاس) هات بۆ (حاریسی کوڕی عەمر) پاشای کندە، (ئومامەی کچی حاریس) کە دایکی (ئوممونەیاس) بوو، بانگی کچەکەی کرد و ئامۆژگاری کرد... ئەو ئامۆژگارییە پڕە لە بناغە و هیمی ژیان... پڕە لە بەختەوەری- ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی ژن بزانێت مێردەکەی چی دەوێ؟ چی پێویستە لەسەر ژن...

ئەو ئامۆژگارییە گەورەیی ئەو ژنە دەردەخات... ژیری و زیرەکی ئەو دەخاتە ڕوو... بە خوێندنەوەی ئەم ئامۆژگارییە مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ژنە چەندێک بە ئەزموون و لێزان بووە- فەرموون لەگەڵ ئەو ئامۆژگارییە:

(کچی خۆم... ئەگەر کچان پێویستیان بە مێرد نەبوایە و بە زەنگینی و دەوڵەمەندی دایک و باوک تێر ببوایە، ئەوا تۆ هەرگیز پێویستت بە مێردکردن نەبوو، بەڵام وا نییە... ژن بۆ پیاوان دروست کراون... پیاوانیش بۆ ژنان دروست کراون...

کچی خۆم... ئەوا تۆ ئەو شوێنە بەجێ دێڵیت کە تێیدا گەورە بووی... ئەو لانەیە بەجێدێڵی کە تێیدا لە دایک بووی... دەچیتە لانەیەکی تازەوە... تا ئێستا ئەو لانەیەت نەدیوە... دەبی بە هاوسەری کەسێک کە خووت پێوە نەگرتووە... ئیتر ئەو دەبێتە پادشای تۆ-

تۆ وەکو کەنیزەک بە بۆ ئەو... ئەویش وەک کۆیلە دەبێت بۆ تۆ...

دە خاڵ هەیە ئاگات لێبێت... ئەگەر ڕەچاویان بکەی بە قازانجی خۆتە:

١ و ٢- گفتوگۆ بە قەناعەتەوە دەبێت... هەڵسوکەوتیش بە گوێگرتن و گوێڕایەڵی...

٣و ٤- دوو شت زۆر گرنگن، دیمەن و بۆن... با هەرگیز مێردەکەت بە دیمەنی ناشیرینەوە نەتبینێت... هەرگیز بۆنی ناخۆشت هەڵنەمژێت...

٥و٦- کات لە کاتی خواردندا، هێمینیش لە کاتی خەودا... برسێتی پیاو شێت دەکات... خەوزڕان تووڕەی دەکات...

٧و٨ - پاسەوانی ماڵەکەی بە... چاودێری خزمەتکار و منداڵەکانی بە... ئەوی یەکەمیان بە ڕێزگرتن دەبێت، ئەوی دووەمیشیان بە ڕێکخستن...

٩و١٠- هەرگیز نهێنی ئەو لە لای کەسدا باس مەکە... سەرپێچی فرمانەکانیشی مەکە...

ئەگەر نهێنییەکانی ئاشکرا بکەی ئیتر متمانەی پێت نامێنی... ئەگەریش سەرپێچی بکەی دڵی لە خۆت دەڕەنجێنیت...

کاتێ ئەو خۆشحاڵە تۆ بە خەمباری خۆت پیشانی ئەو مەدە... کاتێکیش ئەو خەمبارە ئەگەر زۆریش دڵخۆش بیت، خۆت بە خەمبار پیشان بدە...

هەتا تۆ ئەو بەگەورە بزانی، ئەویش ئەوەندە ڕێزت لێ دەگرێ...

هەتا تۆ لەگەڵ ئەودا تەبا بیت... ئەویش ئەوەندە لەگەڵتدا دەبێت...

ئەوەیش بزانە هەرگیز ناگەی بە مراز و دڵخوازی خۆت هەتا ڕەزامەندی ئەو پێش ڕەزامەندی خۆت نەخەی...

هەتا ئارەزووی ئەو پێش ئارەزووی خۆت نەخەی...

دەی خوا چاکت بۆ بکات و بە خوام سپاردی).

- ئەم دایکە ویستوویەتی غەریبایەتی لە بیر کچەکەی ببات‌ەوە... خۆشەویستی لەنێوان ئەو و مێردەکەیدا دروست بکات... بۆیە

ئەو ئامۆژگارییە جوانەی بۆ کردووە و دوای لێکردووە جێبەجێیان بکات...

ئەو خەسووە زاواکەی زۆر ڕێزدار پیشان داوە... بەڕاستی زاوایەکی خۆشبەخت بووە...

لەبەر ڕەزامەندی خوا کچەکەی خۆی وەکو کەنیزە پیشانی زاواکەی داوە... بۆ ئەوەی زاواکەی ببێ بە کۆیلەی کچەکەی.

ئەو ژنە ژنێکی ماقوڵ و ژیر و لێزان بووە... مایەی شانازی بووە بۆ مێردەکەی... سەرشۆڕ و نەفام و دەبەنگ نەبووە...

دەی ئیتر مافی خۆیەتی مێردەکەیشی وەک کۆیلەی ئەو خۆی پیشان بدا...

* * *

ژنەکەم[٢] (١)

برادەرێکم هەیە، بەینی خۆمان بێت مێشکی زۆر وێشکە، هەر شوێن دابونەریتی کۆن کەوتووە، ترسی لەوە هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو دابونەریتە کۆنە لابدات، یان کەمێکی لێ زیاد یان کەم بکات... ڕۆژێک وتی: ئەوە تۆ باسی ژنەکەی خۆت دەکەیت؟ لە بارەی ئەوەوە دەنووسی؟پەسنی دەدەی و دەڵێی: ژنێکی زۆر ژیرە؟

برا تا ئێستا کەست بینیوە باسی ژنی خۆی بکات؟ کوا شتی وا لەناو عەرەبدا نەبووە! هەرگیز ناوی ژنی خۆیان نەهێناوە... ئەوەتا جەریر ئەو شاعیرە گەورەیە کاتێک شیعرێکی گەورەی بۆ مردنی ژنەکەی نووسی پێی عەیب بوو ناوی بهێنێ... هەرگیز بە ئاشکرا سەردانی گۆڕەکەی نەکرد، هەر بە دزییەوە سەردانی دەکرد... برا دونیا هەروا بووە... نە پیاوێکی گەورە نە سەرۆکهۆزێک، نە کوێخایەک، نە ئاغایەک، یەک کەس ناوی ژنەکەی نەهێناوە، تەنانەت نەیانوتووە: ژنەکەم... هەر وتویانە: دایکی فلانکەس، ماڵەوەمان، دایکی منداڵەکان... بەوجۆرە ناوی ژنەکانیان بردووە... ئێستا جەنابت هیچ شەرم ناتگرێ و دەڵێی: ژنەکەم! حەی حەی! هەر ئەمەمان مابوو... بەخوا جوانە...

منیش وتم:

بەڵێ... لە پەسنی ژنەکەمدا بابەت دەنووسم... بۆچی شوورەییە؟ باشە بۆ ئەوێندارێک بەسەر گراوێەکەی خۆیدا هەڵدەدات و بۆیشی حەڵاڵ نییە، عەیب نییە، بەڵام پیاوێک بەسەر ژنەکەی خۆیدا، کە حەڵاڵی خۆیەتی، هەڵبدات و شتی لەسەر بنووسێت عەیبە؟

---

٢ ئەم باسە و دوو باسەکەی کە دی، نووسینی ژانای گەورە مامۆستا مەلا شێخ عەلی تەنتاوییە، نووسەر لەوی وەرگرتووە و کەمێک کورتی کردووەتەوە.

باشە بۆ باسی ژنەکەم نەکەم و پەسنی نەدەم بۆ ئەوەی گەنجان هان بدەم ئەوانیش بچن ژن بێنن؟

بۆ بابای ئەویندار باسی هەموو شتێکی گراویەکەی دەکات پێتان عەیب نییە، بەڵام عەیبە پیاو باسی ژنی خۆی بکات؟

شەو و ڕۆژ خەڵک بابەت لەسەر خراپییەکانی هاوسەرگیری دەخوێنەوە... ئەی بۆ چوار بابەتیش لەسەر ناز و نیعمەتی هاوسەرگیری نەخوێنەوە؟

تا ئێستا گوێم لە پیاوێک نەبووە بڵێ: لە ژیانی هاوسەرم ڕازیم و بەختەوەرەم... مرۆڤ زۆر سپڵەیە... هەتا ناز و نیعمەتەکانی لە دەست نەدات نازانێت لە چ خێر و خۆشییەکدا بووە... مرۆڤ تێرخواردنی بۆ نییە... بەرچاوتەنگە... کاتێک ناز و نیعمەتێکی دەست دەکەوێت، چاوی لەوەیە دیسان زیاتری دەست بکەوێ... بەو ناز و نیعمەتەی هەیەتی ڕازی نابێت، هەر لەبەر ئەوە چێژیشی لێ نابینێت... هەر لەبەر ئەوەیە پیاوان هەمیشە پرتەوبۆڵەیان دێ و لە ژنەکانیان ڕازی نین، هەتا ژنەکانیان نەمرن نازانن چ ناز و نیعمەتێکی گەورەن... دوای مردن دەزانن چییان لە دەست داوە... ژنەکانیان چ شووڕە و قەڵایەکی سەخت و پتەو بوون بۆیان...

بەڵام لە خوا بەزیاد بێت من وا نیم، ئێستا ژنەکەم ماوە و لە خۆم ساغترە و دان بە گەورەیی ئەو ناز و نیعمەتەدا دەنێم کە خوا پێی بەخشیوم... من زۆر بەختەوەرم کە ژنم هێناوە... زۆر ئاسوودەم...

چەند شتێک یارمەتی داوم بۆ ئەوەی ئەو بەختەوەرییەم بە نسیب بێت، هەرکەسێک حەزی لە هاوسەرگیری بێت دەتوانێ ئەو شتانە بەکار بێنێت... من ئەزموونەکانی خۆم باس دەکەم بۆ ئەوەی گەنجی تازەژنهێناو سوودی لێ وەربگرێ...

یەکەم: من ژنم لە بنەماڵەیەک نەهێناوە کە پێشتر نەمناسیبن... ژنم لە بنەماڵەیەک نەهێناوە کە پێشتر پەیوەندیمان پێکەوە نەبووبێت... هەرچیم لە بارەی خزم و کەسوکاریەوە زانیوە هەر ئەوە بووە و دواتر هیچی تازەم نەزانیوە، چونکە پێشتر باش هەموویانم ناسیوە... وەک وتم: من ئەوانم ناسیوە، ئەوانیش منیان ناسیوە... دەمزانی لە ماڵەوە چۆن دەژین... ئەوانیش دەیانزانی من لە ماڵەوە چۆن دەژیم... زۆر پیاو هەیە خەڵک دەڵێن: قسەخۆشترین مرۆڤە... ڕووگەشترین و لێوبەبزەترین کەسە... کەچی لە ماڵەوە مۆنترین کەسە... زۆر کەس هەیە لە دەرەوە باش دیارە کەچی لە ماڵەوە خراپە... لە دەرەوە زۆر سەخی و دڵاوایە، کەچی لە ماڵەوە زۆر قرچۆک و پیسە... زۆربەی خەڵک بە ڕووکەش هەڵخەڵەتاون... فریویان خواردووە... خاپێنراون...

من کچی پیاوێکم هێناوە ئامۆزای دایکمە... کچی مامۆستای گەورە سەلاحەدینی خەتیبم هێناوە... خەسووم کچی فەرموودەناسیی بەنێوبانگی سووری، زانای مەزن شێخ بەدرەدینی حەسەنییە... ژنەکەم هەم لە سەری باوکەوە و هەم لە سەری دایکەوە بنەماڵەدارە... لە هەردوو سەرەوە بەناوبانگ و خواناس و چاک و پاکن...

ژنەکەم (٢)

- دووەم: من کچی مالێکم هەڵبژاردووە کە ئاستی کۆمەڵایەتییان وەک ئاستی کۆمەڵایەتی خۆمانە... باوکی هاوڕێی باوکم بووە... قازی بوون... منیش خۆم قازیم... جۆری ژیانی ئەوان لە جۆری ژیانی ئێمەوە زۆر نزیکن و لە یەک دەچن... ئەوە پایەی یەکەمی خۆشبەختییە لە هاوسەرگیریدا... هەر لەبەر ئەوەیشە کە لە شەرعدا باس لە (کەفائەت) دەکرێت... واتە: باری کۆمەڵایەتی و دینداری کوڕ و کچ وەک یەک بێت...

- سێیەم: کاتێ من داخوازیم کرد کەمێک فێری خوێندن و نووسین کرابوو... دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە... لە ژنە نەخوێندەوارەکان جیاواز بوو... ئێستا دوای سیانزە ساڵ هاوسەرگیری بووە بە خوێندەوارێکی باش... زۆر بە باشی لە من تێدەگات... زۆر باشتر لە مامۆستاکانی قوتابخانە لە کتێب و ڕۆژنامە و نووسین و خوێندنەوە تێدەگات... ئێستا هیچ مامۆستایەکی قوتابخانە شان نادا لە شانی...

من هەرگیز دژی ئەوە نیم کە پیاوان بچنە داخوازی ئەو کچانەی کە مامۆستان، بەڵام بەداخەوە جۆری خوێندنەکەیان زۆر خراپ بووە... زۆر ئاکار و ڕەفتاری کچانی تێکداوە... تەنیا شتێکی ڕووکەشی فێری ژنان کردووە و ئێتر لە ناوەڕۆکدا زۆر وێرانە... شتێکی ئەوتۆ فێر نەکراون... ئەوەندە فێر نەکراون لە ژیاندا سوودی لێ وەربگرن... بتوانن فێری ماڵداری ببن... ئەو خوێندنە نە سوودی بۆ خۆیان هەیە نە بۆ هاوسەرەکانیان نە بۆ کەسوکاریان... گرنگترین شت بۆ ئافرەت ئەوەیە کە ببێت بە ژنێکی بەختەوەر لای مێردەکەیدا و ببێت بە دایکێکی نموونەیی...

- چـوارەم: مـن جوانیـم نەکـرد بـە مەرجـی سـەرەکی، وەک مامۆسـتایانی بیـرکاری دەیڵێـن: مەرجـی تـەواو و پێویسـت نەبـوو، چونکە من دەمزانی جوانی کاتییە... تا ماوەیەکە... پیاو ژنی ژیر و دانامـەی دەوێ... ژنێکـی دەوێ لێی تێبگات... ئەوەتـا زۆر ژنـی زۆر جوان تـەڵاق دراون، خـۆ ئەگـەر جوانـی مـەرج و هـۆکاری سـەرەکی بێت، نابێت هیـچ ژنێکـی جـوان تـەڵاق بدرێت...

لـە شـەرعی ئیبلیس و شـەیتاندا قسـەیەکی فەرەزدەقی سـەرکردەی خراپەکان، کراوە بـە پێوەر و قاعیدە، ئەویش ئەوەیـە کـە فـەرەزدەق بـە نـەواری ژنـی خـۆی وتـووە: ئـای بـە حـەرامـی چەندێ خـۆش بـووی، بـە حـەڵاڵی چەند بێتامی...

- پێنجـەم: پەیوەندی مـن بـە کەسـوکاری ژنەکەمـەوە لـە پەیوەندی ئاسـایی تێنەپەڕیـوە... خـۆشەویسـتی... ڕێـز... سـەردان... ئێتـر وەک هەندێ کەس نەبووین کـە کەسـوکاری ژنەکـە لـە ورد و درشتی ماڵی زاوا خۆیـان هەڵدەقورتێنـن و قسـەیان هەیـە...

مـن و ژنەکـەم وەک هەمـوو پیـاو و ژنێکی تر جاری وا هەبووە زۆر لـە یەکتـر ڕازی بووین و جـاری وایـش هەبـووە کێشـەمان هەبـووە... تا ئێستا یـەک کـەس لـە خۆشـی و ناخۆشی ئێمـەدا بەشدار نەبـووە... هەرچـی هەبـووە پێکـەوە چارەسـەرمان کـردووە و نەمانهێشـتووە کـەس بکەوێتـە نێوانمانـەوە...

من خـۆم باسـی بیسـت هەزار کێشـە و ئاڕێشـەی نێوان هاوسـەرانم خوێندەوە... بەرهەمـی ئـەو خوێندنەوەیـە ئـەوە بـوو کە ئـەو ئەزموونەم پەیـدا کـرد و دڵنیـا بوومـەوە کـە ئەگـەر هیـچ کەسـێک لەنێوان ژن و مێرددا خـۆی هەڵنەقورتێنێت و کـەس نەچێتـە نێوانیانـەوە، نـە دایـک و بـاوک و نـە منداڵ، ئـەوا خۆیـان دەتوانـن سـێ چارەکـی کێشـەکانیان چارەسـەر بکـەن...

- شەشەم: ئێمە وەک زۆربەی هاوسەران مانگی یەکەمی سەرەتای ژیانمان نەکردە مانگی هەنگوینی و ئیتر ئەویتر بکەین بە گوژاڵکی... من وام بە ژنەکەم پیشان دا کە ئەو ڕۆژی یەکەمەی پێکگەیشتنەم ناخۆشترین ڕۆژی ئەو بێت... بۆ ئەوەی ئەگەر خۆی ڕاگرت و پێی ڕازی بوو، ئارامی گرت، ئەوە ئیتر لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕادێ... هەر بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی هاوسەریمان خۆشتر دەبوو...

- حەوتەم: ژنەکەم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خۆی نەهێنا... ئەوە من بە مەرجم گرتبوو، چونکە پێموایە زۆرترین کێشە کە دەکەوێتە نێوان ژن و مێرد، لەسەر ئەو شتومەکانەیە کە بووک لە ماڵی باوکیەوە دەیهێنێ بۆ ماڵی نوێی خۆی...

- هەشتەم: هەرچی پەیوەندی بە قەیسەرەوە بوو بۆ قەیسەرم بەجێهێشت... من هەرگیز خۆم لە کاروباری ڕێکخستنی ماڵەوە هەڵناقورتێنم... پەروەردەکردنی منااڵەکانم بۆ ژنەکەم بەجێهێشتووە... ئەویش ئەو شتانەی پەیوەندی بە منەوە هەیە بۆ منی بەجێهێشتوە... چاودێرییان دەکەم و ئاگام لێیانە...

ژنەکەم (٣)

- نۆیەم: من هیچ شتێک لە ژنەکەم ناشارمەوە، ئەویش هیچ شتێ لە من ناشارێتەوە... درۆی لەگەڵ ناکەم، درۆم لەگەڵدا ناکات، هەموو شتێکی خۆمی لە لا باس دەکەم... دەیبەم بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە خۆم بۆی دەچم... ئەویش بڕوا بۆ هەر شوێنێک من ئاگادار دەکاتەوە... منداڵەکانی وا ڕاهێناوە کە هەمیشە قسەی ڕاستی بکەن و قسەکانیان پێچوپەنای تیا نەبێت... درۆ خۆی چەندێ ناشیرین و کرێتە، ئەوەندەی تر ناشیرین و کرێتی کردووە لە بەرچاوی منداڵەکان...

بەخوا ئەوەندە دڵپاکی و نێتپاکی و ڕاستگۆیی و ژیری و دانایی و لێوەشاوەیی کە ژنەکەم هەیەتی، من هەرگیز لەوە زیاترم ناوێ و پێویستم نییە... ئەو وەکو ژنێکی ڕۆژهەڵاتی دەژی... بۆ پەروەردەکردن و بەڕێوەبردنیماڵ و منداڵی خۆی دەژی... بۆ خۆی و خۆڕازاندنەوە و پۆزلێدان و خۆ گیفکردنەوە ناژی... ئەو خۆی برسی دەکات بۆ ئەوەی ئێمە تێر بخۆین... خۆی نانوێ هەتا ئێمە نەنوین... خۆی ماندو دەکات بۆ ئەوەی ئێمە ئاسوودە بین... خۆی دەکات بە قوربانی بۆ ئێمە... ئەو یەکەم کەسە لەو ماڵەدا لە خەو هەڵدەستێت... ئاخر کەسە کە دەنوێ... ماڵ پاکوخاوێن دەکاتەوە... درومان دەکات... منداڵ پەروەردە دەکات... زۆر هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی من بەختەوەر بم، ئاسوودە بم، ئەگەر من نووسینم هەبێت، یان خەوتبم، ناهێڵێ منداڵەکان دەنگەدەنگیان لێوە بێت... لەو دوو کاتەدا ماڵەکەمان دەڵێی هیچ کەسێکی تێدا نییە... هەرشتێک مرۆڤ بێزار بکات ئەو لە ماڵدا بنبڕی کردووە...

من هەرکەسێکم خۆش بوێ ئەویش خۆشی دەوێ، ڕقم لە هەرکەسێک بێت ئەویش ڕقی لێیەتی... ژنان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان خەڵک لە خۆیان ڕازی بکەن، بەڵام ئەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە من لە خۆی ڕازی بکات... خەونی ژنان خشڵ و زێڕ و زیوە... دەرمان و شتی ژنانەیە، بەڵام خەونی گەورەی ئەو خانوویەکی خشپیلانەیە بۆ ئەوەی لە دەست کرێچێتی ڕزگارمان ببێت... کەسوکاری منی خۆش دەوێ... هەر چاکەیەکیان لێ ببینێت کتوپڕ بۆ منی باس دەکات... ئەگەر من کەمترخەرمی لە سەردان یان هەواڵپرسینی کەسێکم بکەم، ئەو هانم دەدات و داوام لێدەکات سەردانی بکەم یان هەواڵی بپرسم... ئەگەر شتێکم لەبیر بچێت، بیرم دەخاتەوە... من زۆر بە وردی گوێقوڵاخی ئەوە بووم کە بزانم لەگەڵ خوشکەکەمدا ناکۆکییەک دەکەوێتە نێوانیانەوە؟ بەڵام خوا نەکا، هەرگیز شتی وام نەدی و نەبیست... هەمیشە نێوانیان خۆشە... ڕێزی یەک دەگرن... کەیفیان بە یەک دێ... سەردانی یەکتر دەکەن...

بەڵێ... ژنەکەم نموونەی ژنێکی ڕۆژهەڵاتییە... گرنگی بە ماڵ و مێرد و منداڵی خۆی دەدا... وەک ئەو ژنانە نییە کە لە ژیان و ماڵی خۆیان بێزارن و حەزیان لە ئەوروپایە... یەکێکە لەو ژنانەی کە گەنجی خۆمان لەو جۆرە ژنانەیان بە لاوە پەسەند نییە، بەڵکوو دەچنە ڕۆژئاوا و ئەورووپا... لەوێ هەندێ شت فێر دەبن و دێنەوە... ژنێکیان لە بن دەستە و کاغەزێکیان بە دەستە... ژن چی؟ نە جوانییەکی زۆر جوان... نە ژیری و ڕەوشت... نە هەستکردن بە دەوروبەر... نە گرنگیدان بە مێرد و ماڵ... ئەوە چییە... کابرا ڕۆیشتووە لە ئەمریکا ژنی هێناوە... ژن چی؟ کارەکەرێکی نێو سینەما، یان پاککەرەوەی هوتێلێکی هێناوە و خۆیشی بە زانا و لێزان دەزانێت...

ژنی لای خۆمان باشترین ژنانی سەرزەوین... بەئەمەکترین ژنن بۆ مێردەکانیان... بەسۆزترین دایکن بۆ ڕۆڵەکانیان... پاکداوێنترین ژنن لە جیهان... گوێڕایەڵترین ژنن... هەموو قوربانییەک لەپێناو مێرد و ماڵ و منداڵی خۆیان دەدەن...

من باسی ژنەکەی خۆمم کرد و بە نموونەم هێنایەوە... ئەو ژنەی من وێنای ژنی مسوڵمانی لای خۆمان دەکات... لای خۆمان لەو جۆرە ژنانە زۆرن، بەڵام لە ڕۆژئاوا و ئەورووپا ژنی وا زۆر زۆر دەگمەنە و دەتوانم بڵێم هەر دەست ناکەوێ...

دەی بەڵکوو ئەوە خوایە ئەگەر گەنجێک ئەم نووسینەی منی خوێندەوە دڵی لەسەر ئەوە دابمەزرێ کچێکی دیندار و بەئەمەک و ڕێکوپێکی خۆمانە بهێنێ و بیر لە کچانی بێگانە و ڕۆژهەڵاتی و ئەورووپایی نەکاتەوە...

مێردەکەم نوێژی بەیانیان ناکات

- خوشکێک دەڵێ: من کاتێک دەمبینی مێردەکەم لە غورابی خەودایە و کورەوکاڵی ئەو خەڵکە لە مزگەوتن، گریانم دەهات، بەڵام خۆم ڕادەستی ئەو کارەی ئەو نەکرد... بڕیارم دا هەوڵ بدەم بۆ ئەوەی بیگۆڕم... جا ئیتر دوور یا نزیک ئەوە کێشە نییە... گرنگ ئەوەیە ئەویش بەیانیان بڕوا بۆ نوێژکردنی بەیانی...

جا بۆ ئەو مەبەستە دەمزانی مرۆڤ هەتا خۆی چاک نەکات و لە خۆیەوە دەست پێ نەکات، ناتوانێت خەڵکی تر چاک بکات و دەست بە چاکسازی بکات... بۆیە بەڵێنم بە خودای خۆم دا کە خۆم لەسەر ئەوە ڕابێنم نوێژی بەیانیان لە کاتی خۆیدا بکەم...

دەستم پێ کرد... ناوی خوام لێهێنا... دام لە دەرگای سۆز و میهرەبانی خوای گەورە... لێی لاڵامەوە... کڕوزامەوە... زۆر لێی پاڕامەوە...هەموو کاتێک دەپاڕامەوە...

هەموو بەیانییەک خۆم بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەسام... دەستم دەهێنا بە نێوچاوانی مێردەکەمدا بۆ ئەوەی ئەویش بەئاگا بێتەوە...

بەڵام هەموو جارێک دەیگوت: وازم لێبێنە... ئەگەر من زۆرم لێ بکردایە دوو سێ جوێنی گەرموگوڕی پێدەدام...

جار جار نەک هەر قسە پێوتن، بەڵکوو زلەیەکیشی لێدەدام، یان پاڵێکی بەهێزی پێوە دەنام... دەیکردمە دەرەوە...

زۆرم بەزەیی پیادا دەهاتەوە... زۆر زۆر گریام، بەڵام هەرگیز نائومێد نەبووم... هەرگیز دەم و لچم لێ هەڵنەقورتاند... وەک جاران و بگرە زیاتریش ڕێزم لێدەگرت...

هەموو بەیانییەک کاتژمێر حەوتی بەیانی بە لێوێکی بە بزەوە بەئاگام دەهێنا بۆ ئەوەی هەستێت و نان و چا بخوات و بچێ بۆ دەوام... هەموو بەیانییەک جلوبەرگەکانیم بۆ ئوتوو دەکرد... خواحافیزیم لێدەکرد و نزای خێرم بۆ دەکرد... داوای سەرکەوتنم بۆ دەکرد... دەتگوت ڕۆژێک لە ڕۆژان هیچ کێشەیەکمان نەبووە... هیچ ئازارێکی منی نەداوە...

من دەمزانی کە بە ڕەوشتی باش و نەرمونیانی نەبێت ژن ناتوانێت مێردەکەی بگۆڕێ... ناتوانی کاریگەری لە سەری هەبێت... دەبێت گرنگی بە خۆم و نێوماڵ و شێوە و جلوبەرگی خۆم و ڕازاندنەوەی ماڵەوە بدەم...

ناوە ناوە باسی گەورەیی نوێژی بەیانیم بۆ دەکرد، بەڵام تەنیا کاتێک بانگ دەدرا و کاتی نوێژێک دەهاتە پێشەوە، ئەو باسەم لە لا دەکردەوە... هەوڵم دا، هەندێ وتاری تۆمارکراوم لەسەر گەورەیی نوێژ پەیدا کرد... باسی مردن و باسی نەکردنی نوێژ و... هەموو جارێک لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکەماندا کاسێتکم لەو کاسێتانە دەخستە سەر بۆ ئەوەی گوێی لێبگرێ...

هەمیشە لە نزیک مێردەکەوە هەندێ نامیلکە و فەتوای زانایانم سەبارەت بە نوێژ و گرنگی نوێژ، لا دادەنا بۆ ئەوی بیخوێنێتەوە، بەڵام هەرگیز پێمنەدەگوت: گوێ لەو کاسێتە بگرە، یان ئەو نامیلکەیە بخوێنەوە... بۆ ئەوەی وا هەست نەکات من ئەو بە تاوانبار دەزانم... پیاوان بە زۆری وان، ئامۆژگاری ژنان لە گوێ ناگرن... پێیان خۆش نییە ژن ئامۆژگارییان بکات...

بەڵام دەبێت ژنیش ئەوە بزانێت کە ئامۆژگاریکردنی پیاو زۆر جیاوازترە لە ئامۆژگاریکردنی خەڵکی تر... پیاو مافی زۆری هەیە... نابێت ژن دەنگی بەسەردا بەرز بکاتەوە... نابێت مافەکانی پێشێل

بکات... دەبێت بە نەرمونیانی قسەی لەگەڵدا بکات... نابێت وا خۆی وێنا بکات کە لە مێردەکەی باشترە... نابێت وا وێنا بکات کە مێردەکەی تاوانبارە... نابێت ڕاستەوخۆ باسی گوناهی لە لا بکات، بەڵکوو دەبێت ناڕاستەوخۆ باسی بکات...

ساڵێکی ڕێک تێپەڕی... من هەموو ڕۆژێک ئەو شتانەی کە باسم کردن، بۆ مێردەکەم دووبارە دەکردەوە... تاقە ڕۆژێک نەبووە من پێش ئەو لە خەو هەڵنەسم و نان و چای بەیانیانی بۆ ئامادە نەکەم و بەڕێی نەکەم...

ئێستا لە پاش تێپەڕینی یەک ساڵ -زۆر سوپاس بۆ خوا- مێردەکەم پێش من هەڵدەستێ بۆ نوێژی بەیانی...

بەڵێ بۆ نوێکردنەوەی خۆشەویستی و ئەوین...

ڕوو دەکەمە خوشک و برایان و پێیان دەڵێم:

- مەڵێ: تەمەنمان تێپەڕێ و پیر بووین، بووینە پیر و پیرەک... ئەوین پیرێتی ناناسێت...

- مەڵێ: کارم زۆرە و نامپەرژێ... ژنەکەت لە هەموو کارێک گرنگترە...

- مەڵێ: هەژارم... خۆشەویستی و ئەوین پارە و سەروەت و سامانی ناوێ...

- ئەگەر لە مااڵ ڕۆیشتیتە دەرەوە، بە لێوێکی بە بزەوە خواحافیزی لە ژنەکەت بکە...

- کاتێ دێیتەوە لەپڕدا خۆت مەکە بە ژووردا... با ئەو ئاگادار بێت بۆ ئەوەی پێشوازیت لێ بکا... نەکا شێوە و ڕووخساری بە جۆرێک بێت پێی خۆش نەبێ تۆ بەو جۆرە ببینی... بە تایبەت ئەگەر لە سەفەری دوورەوە هاتیتەوە... هەوڵ بدە ئاگاداری بکەیتەوە... ئەمڕۆ زۆر ئاسانە، پێش ئەوەی بچیتەوە بۆ مااڵ، بە تەلەفۆن ئاگاداری بکە...

- بە قسەیەکی خۆش، یان یارییەکی ژیرانە گاڵتەیەکی خۆشی لەگەڵدا بکە...

- هەرزەتی عومەر، ئەو پیاوە توندوتۆڵ و بە سام و هەیبەتە دەفەرموێت: دەبێت پیاو لە مااڵدا وەک منااڵ بێت -یانی لە نەرمونیانی و خۆشەویستیدا- جا ڕۆیشتە دەرەوە ئیتر ببێ بە پیاو!

ژنێک دەڵێ: دوای هەژدە ساڵ هاوسەرگیری و چێشتلێنان... بۆ جارێک ئێوارەخوانێکی خراپم ئامادە کرد... گۆشتەکە سووتا...

شلەکە تێکچوو... زەلاتەکە خوێی زۆر بوو...

لە کاتی نانخواردندا مێردەکەم بێدەنگ بوو... دوای نانخواردنێکی سوێر و سووتاو وام هەست دەکرد قیامەت دەست پێ دەکات و مێردەکەم بە هیچ شێوەیەک هێور نابێتەوە... وامزانی مێردەکەم مێزەکە دەشکێنێ و دەڕوا...

قاچەکانم دەشۆری... لەناکاو مێردەکەم لە دواوە باوەشی پیاکردم و ماچێکی کردم... وتم: ئەوە چییە بۆ ماچم دەکەیت؟

وتی: چێشتەکەت وەک چێشتی تازەبووک بوو... بۆیە منیش مامەلەی تازەبووکت لەگەلدا دەکەم...

ئەو پیاوە تووڕە نەبوو، بەڵکوو ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی کەشێکی نوێ ساز بکات... زیاتر لە ژنەکەی نزیک بێتەوە... لە ترشی و تونیەتی شیرینی دروست کرد... ئەوە ئەو کارە بوو کە زۆربەی پیاوان پێویستە بیکەن...

ئەم پیاوە لەکوێ و ئەو پیاوە لە کوێ کە ژنەکەی پێی وت: پیاوەکە ئەو شووشەیە چاک بکەرەوە با دەرودراوسێ نەمبینن...

پیاوەکەی وتی: لێگەڕی با بتبینن، با خۆیان لەسەر حیسابی خۆیان چاکی بکەنەوە -یانی: تۆ ئەوەندە دزێو و ناشیرینی ئەگەر بتبینن خۆیان دێن شووشەکە چاک دەکەنەوە بۆ ئەوەی نەتبینن-

- تۆ پێتخۆشە ژنەکەت چۆن بێت بۆ تۆ، دەی تۆیش بۆ ئەو ئاوا بە...

- ئەگەر هەستت کرد مێردەکەت سارد... پەنا بۆ ئەو شتانە ببە کە ئەو ساردی و سڕییە لادەبەن... ژیان خۆش دەکەن...

کاغەزێک بێنە و چەند گەلایەکی لێ دروست بکە و بیکە بە گول... لەسەر هەر گەلایەک وشەیەکی جوان و ئەویندارانە بنووسە و لە نزیک مێردەکەتدا دانێ...

- ژنێک چەند ساڵێک خۆی لە مێردەکەی نزیک دەکردەوە... مافەکانی جێبەجێ دەکرد... منداڵەکانی بەخێو دەکرد... تاکە ئاواتی ئەوەبوو یەک جار سەفەرێکی لەگەڵدا بکات...

ڕۆژێک لەپڕ مێردەکەی هاتەوە و وتی: ژنەکە! بەیانی سەفەرێک دەکەین و هەوایەک دەگۆڕین...

لە فڕۆکەدا لە تەنیشت مێردەکەیدا دانیشتبوو... خۆی پێ نەگیرا گریا... وتی: ئای هەواگۆڕین چەند خۆشە... بە مەرجێک پێکەوە بین...

❁❁❁

بۆچی دەست لە خۆیان دەشۆنەوە؟

- بۆچی هەندێ ژن دەست لە خۆیان دەشۆنەوە؟ جلوبەرگی ناشیرین لەبەر دەکەن... هیچ گرنگییەک بە خۆیان و جلوبەرگی خۆیان نادەن...

وەرن با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... بۆ ماڵی دایە عایشە... با بزانین ئەو چی دەکرد...

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ قَالَ: «دَخَلَتِ امْرَأَةُ عُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ عَلَى نِسَاءِ النَّبِيِّ(ﷺ) فَرَأَيْنَهَا سَيِّئَةَ الْهَيْأَةِ فَقُلْنَ لَهَا: مَا لَكِ؟ مَا فِي قُرَيْشٍ رَجُلٌ أَغْنَى مِنْ بَعْلِكِ؟ قَالَتْ: مَا لَنَا مِنْهُ مِنْ شَيْءٍ أَمَّا نَهَارُهُ فَصَائِمٌ وَأَمَّا لَيْلُهُ فَقَائِمٌ. فَدَخَلَ النَّبِيُّ(ﷺ) فَذَكَرْنَ ذَلِكَ لَهُ. قَالَ: فَلَقِيَهُ النَّبِيُّ(ﷺ) فَقَالَ: يَا عُثْمَانُ أَمَا لَكَ فِيَّ أُسْوَةٌ؟ قَالَ: وَمَا ذَاكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فِدَاكَ أَبِي وَأُمِّي. فَقَالَ: أَمَا أَنْتَ فَتَقُومُ بِاللَّيْلِ وَتَصُومُ بِالنَّهَارِ، وَإِنَّ لِأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقًّا فَصَلِّ وَنَمْ وَصُمْ وَأَفْطِرْ. قَالَ: فَأَتَتْهُمُ الْمَرْأَةُ بَعْدَ ذَلِكَ عَطِرَةً كَأَنَّهَا عَرُوسٌ فَقُلْنَ لَهَا: مَهْ. قَالَتْ: أَصَابَنَا مَا أَصَابَ النَّاسَ». رواه ابويعلى و الطبراني.

واتە: ئەبوموسای ئەشعەری دەفەرموێت: ژنەکەی عوسمانی کوڕی مەزعون ڕۆیی بۆ لای هەندێ لە خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، دەبینن زۆر شکڵ و شێوەی ناشیرین و خراپە...

پێیان وت: ئەوە چیتە؟ -بۆ ئاوای؟- خۆ لە قوڕەیشا هیچ پیاوێک هێندەی پیاوەکەی تۆ دەوڵەمەند نییە...

ژنەکە وتی: دەی خۆ ئێمە هیچ خێرمان لێ نەدیوە... بە ڕۆژ بەڕۆژووە... شەوانیش تا بەیانی شەونوێژ دەکات...

پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هاتەوە، ژنەکانی ئەو بەسەرهاتەیان بۆ گێڕایەوە...

ئەبوموسا دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) گەیشت بە عوسمان... فەرمووی: ئەوە عوسمان بۆ چاو لە من ناکەی؟

عوسمان وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! خۆم و دایک و باوکم بە قوربانت بین، مەبەستت چییە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ شەوانە تا بەیانی شەونوێژ دەکەیت و هەموو ڕۆژێکیش بەڕۆژووی... بەڕاستی ژنەکەت مافی هەیە بەسەرتەوە... لاشەت مافی هەیە بەسەرتەوە... نوێژ بکە و بخەوە... ڕۆژێک ڕۆژوو بگرە و ڕۆژێک بەڕۆژوو مەبە...

ئەبوموسا دەفەرموێت: دوای -ماوەیەک- ژنەکەی عوسمان هاتەوە بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆنێکی خۆشی لە خۆی دابوو -وا خۆی ڕازاندبوویەوە- دەتگوت تازەبووکە...

خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان فەرموو: ها ئەوە چییە -خێرە-؟

ژنەکەی عوسمان وتی: ئەوەی کە خەڵکی دەستی کەوتووە، ئێمەیش دەستمان کەوت.

کتێبە میژوونووسەکان دەڵێن: ئەو ژنە ناوی (خەولەی کچی حەکیمی سولەمی) بوو، ژنێکی جوان و شۆخوشەنگ بوو... زۆر گرنگی بە خۆی دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچی لە میردەکەی نەدی و نەبووە هاندەری دەستی لە خۆی بەردا.

دایە عایشەیش بە لایەوە ئاسان نەبوو ئەو هاوەڵە بەڕێزە هەروا بە شڕ و شپرزی بمێنێتەوە و میردەکەی گوێی پێنەدا... هەستی کرد ئەو خێزانە لە مەترسیدان... تێگەیشت کە بۆچی وای بەسەر خۆی هێناوە... بۆیە ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و باسەکەی بۆ گێڕایەوە بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە...

پێغەمبەریش(ﷺ) کارەکەی بە سادەیی وەرنەگرت... بۆیە داوای لە عوسمان کرد کە ماف بە ژنەکەی و تەنانەت بە جەستەی خۆیشی

بدات... بەو شێوەیە ڕۆحی ژنێکی لەگەڵ مێردەکەیدا ئاشت کردەوە...

جوانی ئافرەت بەندە بە گرنگیپێدانی پیاو بە ژنەکەیەوە... ئا لەبەر ئەوە ئەگەر پیاو خۆی و ژنەکەی پشتگوێ خست، ئەوا ژنەکەیشی خۆی پشتگوێ دەخات... گوێ ناداتە جوانی و لەشولاری خۆی...

- کاتێک پیاو پەسنی ژنەکەی دەدات و لە بەرامبەر پەروەردەکردنی منالەکانی دەستخۆشی لە ژنەکەی دەکات، ئەوا ژنەکەیش زیاتر سوور دەبێت لەسەر پەروەردەکردنێکی دروستی منالەکانی... نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدا جۆرەها هونەری پەروەردەیی بەکار بێنێت...

کاتێک پەسنی خواردنەکانی دەدا، یان پەسنی کارکردنی نێوماڵی دەدا، ژنەکە وای لێدێ کە زیاتر گرنگی بە خواردن و ڕێکوپێککردنی ماڵەوە بدات...

جا دواتریش کە -پشت بە خوا- منالەکان گەورە دەبن، ژنەکە هەوڵ دەدا زیاتر لە جاران گرنگی بە منالەکانی بدات...

کاتێ پیاو سەرسامی خۆی لە هەمبەر جوانی و ڕێکوپێکی ژنەکەی دەردەبڕێت، بێگومان ئەوە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی ژنەکە زیاتر گرنگی بە خۆی بدات...

ژن هەمیشە حەزی لەوەیە کە یەکێک دەستخۆشی لێبکا، بە تایبەت مێردەکەی...

زۆر لەو ژنانەی کە دەستیان لە خۆیان و ماڵ و منالیان بەرداوە، بە بیانووی ئەوە دەستیان بەرداوە کە مێردەکانیان هاوکاریان نین- دەی با هەموو پیاوێک وریا بن و گرنگی بە ژنەکانیان بدەن، ئیتر لە بەرامبەردا ژنەکانیان گرنگی بە مێرد و منال و ماڵەوە دەدەن...

واز لە سەرکۆنە بێنە...

ئەوەت لەبیر نەچێت کە ژنەکەت خزمەتی تۆ دەکات... پێویستییەکانت جێبەجێ دەکات... منالەکانت پەروەردە دەکات... نەک هەر ئەوە، بەڵکوو گرنگی بە دایک و باوک و خوشک و برا و خزمەکانیشت دەدا...

ژن بەبێ ژمارە و بێسنوور پێتدەبەخشێت... جا تۆیش زۆرجار بە سەرکۆنەکردن وەڵامی دەدەیتەوە... بە ناڕەزایی ڕووبەڕووی دەبیتەوە...

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنەکەت کەمتەرخەمییەکی کرد سەرکۆنەی مەکە... دەرگای سەرکۆنە و سەرزەنشتی بەسەردا مەکەرەوە... قسەی ناخۆشی لەگەڵدا مەکە... لە بۆسەدا دامەنیشە هەر چاوەڕێ بێت هەڵەیەک بکات و لێی بکەی بە هەرا...

سەرکۆنەی مەکە، کەمێ خۆڕاگرە کێ دەڵێ بیانووی زۆر بەجێی نییە؟

تۆ خۆت بیانوو بۆ ژنەکەت بێنەوە... زۆر جار ژنان هۆرمۆنیان دەگۆڕێ... لە کاتی هۆرمۆن گۆڕاندا ئەویش هەڵسوکەوتی دەگۆڕێ...

لە وتاری حەجی مالئاواییدا پێغەمبەر(ﷺ) بە گەرمی داوای لە پیاوان کرد کە ئاگایان لە ژنان بێت، چونکە دەیزانی ژنان لە ڕووی جەستەییەوە لاوازن و وەک پیاوان بەهێز نین...

ژن هەرچەندێ خوێنەوار بێت، بڕوانامەی گەورە گەورەی هەبێت... دەوڵەمەند بێت... قسەزان و هونەرمەند بێت... کەچی هێشتا پێویستی بەوەیە لەژێر سایەی میێرددا بژی... قسەی خۆشی بۆ بکا... دڵی بداتەوە... بەسۆز و میهرەبان بێت بەرامبەری...

تۆ تەماشای ژیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە... بزانە چۆن بووە لەگەڵ خێزانەکانیدا... پێغەمبەر(ﷺ) هەمیشە کاری بۆ خێزانەکانی دەکرد... هەرگیز ڕەخنەی لە خواردن نەدەگرت... ژنەکانی دەمەقاڵێیان لەگەڵدا دەکرد، کەچی تووڕە نەدەبوو...

هەندێ پیاو دەیەوێ خۆی بەختیار و خۆشبەخت بێت... ئێتر گوێ ناداتە ژنەکەی و بەختیاری و خۆشبەختی بۆ ژنەکەی بە ڕەوا نازانێ... ئەوەی لە بیر چووە کە بەخشین لە وەرگرتن زیاتر بەختیاری و خۆشبەختی دەهێنێ...

کاکی خۆم، تەماشایەکی خۆت بکە... لەوانەیە تۆ دەستپێشخەریت کردبێ و سەرەتا تۆ کەموکوڕیت هەبێت... لەوانەیە ئەو هەمیشە بیانوو بۆ تۆ بێنێتەوە و سەرکۆنەت نەکا...

وەک پیاو لەگەڵ پیاودا مامەڵە لەگەڵ ژندا مەکە... ژن ژنە خۆ پیاو نییە... وەک پیاو لەگەڵ ژندا مامەڵەی لەگەڵدا بکە...

وەک پێغەمبەر(ﷺ) مامەڵە لەگەڵ ژناندا بکە:

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ، قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) فِي سَفَرٍ ، وَكَانَ مَعَهُ غُلاَمٌ لَهُ أَسْوَدُ يُقَالُ لَهُ أَنْجَشَةُ يَحْدُو فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) وَيْحَكَ يَا أَنْجَشَةُ رُوَيْدَكَ بِالْقَوَارِيرِ. رواه البخاري. واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە سەفەرێکدا بوو... کۆیلەیەکی ڕەشی لەگەڵدا بوو ناوی (ئەنجەشە) بوو... ئەنجەشە لە وشترەکانی دەخوڕی -ژنان سواری وشترەکان بوون، ئەنجەشەش بە خێرایی لە حوشترەکان دەخوڕی - پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا خراپت بۆ نەکا ئەنجەشە! لەسەر خۆت لێبخوڕە -لەگەڵ ژناندا نەرمونیان بە-.

کەوایە تۆیش وەک پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ ژناندا ڕەفتار بکە- سەرکۆنەی ژنەکەت مەکە... ئەگەر لە ماڵەوە یان لە پەروەردەکردنی

منالەکاندا کەموکوڕییەکی لێدەرکەوت، ئەوا تۆ کارێکی گرنگتر لە کارەکەی ئەوت لەسەر شانە...

نەرمونیان بە... بە لێبوواردەییەوە قسەی لەگەڵدا بکە... خۆتی لێ تووڕە مەکە...

تۆ تەماشای مێرووڵە بکە... بزۆزێکی بچکۆلانەیە... نە ئەوەندەی مرۆڤ هێزی هەیە نە ئەوەندەی مرۆڤ ژیری هەیە... دەی تەماشای بکە بزانە چەندێ بە نیزام و تەکوزن... چەندێ ژیری بەکار دێنن... گوێ بگرە بزانە خوای گەورە چی لەسەر زاری ئەم گیانەوەرە وردیلەیەوە دەگێڕێتەوە؟

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٨﴾

النمل: ١٨واتە: هەتا گەیشتە دۆڵی مێرووڵە، مێرووڵە مێچکەیەک (هاواری کرد) و وتی: ئەهای مێرووڵەینە، بچنەماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن، لە کاتێکدا هەستتان پێناکەن.

ئەها بزانە مێرووڵەکە چی وت: (لە کاتێکدا هەستتان پێ ناکەن)... کەواتە سەرکۆنەی مرۆڤەکانی نەکرد... بیانووی بۆ هێنانەوە و وتی: هەستتان پێ ناکەن، چونکە دەیزانی ئەندامەکانی ئەو سوپایە بە لاشە گەورەن و خەریکی کارێکی گرنگن... بێئاگان لەو گیانەوەرە وردیلانەی کە لەسەر ڕێگان...

مرۆڤی ئەمڕۆ ئامادە نین ئاوا بیانوو بۆ یەکتر بێننەوە... کورە پیاو بیانوو بۆ ژن و هاوسەر و هاوبەشی شەو و ڕۆژی خۆی ناهێنێتەوە! ئیتر ماوتە؟

پیرێ ئەویندارى پیرییەکەى خۆیەتى...

پیرەکێکى پیر و دانا پیرەکەى زۆرى خۆش دەوێت... نەک هەر ئەوە بەڵکوو شیعرى ئەویندارانەى بۆ دەڵێ...

- لە پیرەکەیان پرسى: ئەوە نهێنى ئەو ئەوینە چییە؟ جوانییە یان دەستڕەنگینى؟ خواردنى خۆشە یان ماڵ و منداڵ؟

پیرەک وتى: خۆشەویستى -لەدواى پشتبەستن بە خواى گەورە- بە دەست ژنەوە...

ژن دەتوانێ ماڵى مێردى بکا بە بەهەشت و فیردەوس، یان بیگۆڕێ بیکا بە دۆزەخ و ئاگر...

هەرگیز مەڵێ: پارە و سامان... زۆر کەس هەیە دەوڵەمەندە، بەڵام بەدبەختە...

هەرگیز مەڵێ: ماڵ و منداڵ... زۆر ژن هەیە دایکى دەیان کوڕوکاڵ و نەوە و کچ و کچەزایە... کەچى لاى مێردەکەى سوکە...

زۆر ژن هەیە لە چێشتلێنان هێندە شارەزا و دانایە وەستاى زۆرباشى ناگاتێ... کەچى مێردەکەى بە دەستى ئاکار و ڕەفتارى بەدى خەفەت دەخوا... جوولەکەى پێ مسوڵمانە...

- ئەى کەوایە نهێنى ئەو ئەوینەتان لە کوێدایە؟

وتى: کاتێ مێردەکەم لێم تووڕە دەبێت، من بێدەنگى هەڵدەبژێرم... ڕێزى دەگرم، بەڵام نەکەى لە کاتى بێدەنگى خۆتدا بە جۆرێکى وەها سەیرى بکەى ئەو هەست بکات گاڵتە و فشەى پێ دەکەى، چونکە پیاو ژیرە و لە نیگاى ژنەکەى تێدەگات...

لێیان پرسى: ئەى بۆ نەدەچوویتە ژوورێکى تر؟

وتى: نەکەن... ئامان شتى وا نەکەن... ئەوە ئەو کاتە مێردەکەت

وا دەزانێت لێی هەڵدێن و ناتانەوێ گوێی لێ بگرن، بەڵکوو هەر لای خۆیدا بە بیدەنگی دابنیشە تا ئەو هێور دەبێتەوە... من وام دەکرد... دوای ئەوەی تووڕەییەکەی دادەمرکایەوە منیش بەجێم دەهێشت و دەچووم خەریکی مال و منالەکان دەبووم...

ئەویش بە تەنیا دەمایەوە و ئەو جەنگەی کە لەگەڵ منداد دەیکرد بەرۆکی خۆی دەگرت...

لێیان پرسی: ئەی هەرگیز بۆ ماوی ڕۆژێک یان دوو یاخود زیاتر دەنگت لێ وەرگرتووە؟

وتی: نەخێر... نەکەن ئەو چەکە دوو دەمە بەکار بێنن، بەڵێ... ئەوە وەکو شمشێر وایە بە هەردوو لادا دەبڕێ... کاتێ حەفتەیەک یان زیاتر یان کەمتر دەنگ لە مێردەکەت وەردەگری... ئەوە لە سەرەتادا بە لایەوە زۆر گرانە... جا وردە وردە پێی ڕادێ... ئەمجارە تۆ حەفتەیەک دەنگی لێ وەربگری، ئەو دوو حەفتە دەنگت لێ وەردەگرێ...

دەبێت تۆ وا مێردەکەت ڕابێنی وای لێبکەی وابزانێ تۆ ئەو هەوایەی کە هەڵیدەمژێ... ئەو ئاوەی کە دەیخواتەوە...

دەبێت وای لێبکەی وابزانێ بەبێ تۆ ناتوانێت بژی... تۆ وەک شنەبا بە... نەک ڕەشەبا... وەکو ئاوی گەوارا بە! نەک وەکو قوڕاو و زەلکاو...

ئەی دوای ئەوە چی دەکەیت؟

دوای دوو کاتژمێر یان زیاتر یان چایەکی بۆ لێدەنێم یان قاوە، یان شەربەتێکی بۆ ئامادە دەکەم... جا پێی دەڵێم: فەرموو بنۆشە...

چونکە ئەو کاتانە زۆر پێویستی بە خواردنەوەیەکی خۆشە... جا دواتر بە شێوەیەک قسەی لەگەڵدا دەکەم وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت... ئیتر ئەویش بە گەرمی لێم دەپرسێت: لێم تووڕەی؟

منیش دەڵێم: نەخێر... هەرگیز...

ئیتر ئەویش داوای لێبوردنم لێدەکات... هەندێ قسەی خۆشم بۆ دەکات...

دەی تۆ بڕوا بەو داوای لێبوردنە و بەو قسە خۆشانە دەکەیت؟

بێگومان بەڵێ، چونکە من گێل نیم، متمانەم بە خۆمە... بۆ تۆ دەتەوێ لە کاتێکدا تووڕەیە و نازانێت چی دەڵێ بڕوای پێبکەم، بەڵام کاتێک هێمنە و لەسەرخۆیە بڕوای پێ نەکەم؟

من یەکسەر داوای لێبوردنەکەی لێ وەردەگرم... لێی دەبوورم... هەموو قسە ناخۆشەکان لە بیر خۆم دەبەمەوە...

بەڵێ... نهێنی خۆشبەختی بەندە بە ژیری و لێزانی ژنەوە... بەندە بە زمانی ژنەوە...

کەمێك خۆڕاگری...

- فێری خۆڕاگری بن... خۆڕاگری ڕۆشناییە... فەر و خۆشی و بەرەکەتە...

فێربن بەرگەی سروشتی یەکتر بگرن...

بەرگەی پەروەردەکردنی منالەکانتان بگرن... پەروەردەکردن لەم سەردەمەدا زۆر ئەستەمە...

خۆڕاگر بن لە بەرامبەر ئەو شتانەی لە خزمانی دەبینن...

خۆڕاگر بن لە بەرامبەر نەخۆشی و ناخۆشی... لە بەرامبەر چۆرتم و نەهاتی...

خۆڕاگر بن لە بەرامبەر زەرەر و زیان...

حەزرەتی ئیبراهیم لە بەرامبەر ئاگر بەرگەی گرت... بەرگەی فەرمانی سەربڕینی کوڕەکەی گرت...

حەزرەتی یەعقوب ئەوەندە گریا چاوەکانی سپی بوون...

حەزرەتی موسا بەرگەی دڵڕەقی فیرعەون و هامان و قارونی گرت...

حەزرەتی ئەییوب بەرگەی نەخۆشی و ناخۆشی گرت...

پێغەمبەری خۆمان بەرگەی زۆر ناخۆشی گرت... تووشی زۆر شت هات...

دەی مزگێنی بۆ خۆڕاگران نەبێت ئیتر بۆ کێیە؟

مەگەر خوای گەورە بەڵێنی نەداوە بە خۆڕاگران و نەیفەرموە: ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾﴾ البقرة: ١٥٥ واتە: مۆژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن...

خۆڕاگری کلیلی گوشادییە... گوشادی هاوتەریبی خۆڕاگرانە...

دەی برا و خوشکی بەڕێزم! خۆتان لە سکالاکردن بپارێزن...

سکالای خۆتان بۆ لای خوای خۆتان بەرز بکەنەوە... کلیلی هەموو خێر و خۆشی و گوشادییەک بە دەست ئەوە...

خوشک و براکان! هاوسەرە بەڕێزەکان! ئەی ئەوانەی بەڵا و چۆرتمتان بە سەردا دەباریت! خۆڕاگر بن، خوا دەفەرموێت: ﴿اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾﴾ آل عمران: ٢٠٠ واتە: خۆگربن و خۆڕاگریی و ئارامگریی بەسەر خۆتاندا بهێنن، نەبەزن لە خۆگری و مانەوەتان لە سەنگەردا، هەوڵ بدەن هەمیشە لە سەنگەری خەبات و کۆششدا بن، لە خوا بترسن و پارێزکاربن بۆ ئەوەی سەرفرازیی (هەمیشەیی) بەدەست بهێنن.

ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) وەبیر خۆتان بهێنەنەوە کە دەفەرموێت: إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا سَبَقَتْ لَهُ مِنَ اللهِ مَنْزِلَةٌ، لَمْ يَبْلُغْهَا بِعَمَلِهِ ابْتَلاهُ اللَّهُ فِي جَسَدِهِ، أَوْ فِي مَالِهِ، أَوْ فِي وَلَدِهِ...ثُمَّ صَبَّرَهُ عَلَى ذَلِكَ، حَتَّى يُبَلِّغَهُ الْمَنْزِلَةَ الَّتِي سَبَقَتْ لَهُ مِنَ اللهِ تَعَالَى. رواه ابوداود. واتە: بەڕاستی ئەگەر خوای گەورە شوێنێکی بۆ بەندەیەکی خۆی دیاری کرد و ئەو بەندەیە نەیدەتوانی بە کار و کردەوە بگات بەو شوێنە، ئەوا خوای گەورە یان خۆی تووشی بەڵا دەکات، یان مال و سەروەت و سامانی، یان منالەکانی... دواتر ئەو بەندەیە خۆڕاگر دەکات لەسەر ئەو بەڵایە... تا دەیگەیەنێ بەو شوێنەی کە خوای گەورە پێشتر بۆی دیاری کردبوو...

دەی خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی کە خۆڕاگرن... دان بە خۆدا دەگرن... سوپاسی خوای گەورە دەکەن...

- پیاوێک دەگێڕێتەوە دەڵێ: ژنەکەم ماوەی پێنج ساڵ لە جێگەدا کەوت... جگە لە سەر و چاوی، هیچ شوێنێکی نەدەجووڵا... لاشەیەکی بێ گیان و نەخۆش... نەخۆشی تەواو بڕستی لێ بڕیبوو...

دابوویە باریک و بنیسی... وەک پەڕۆ کۆنە کەوتبوو... لە نالە زیاتر هیچی پێ نەدەگوترا... نەخۆشی کەڕ و لاڵی کردبوو... من خۆم خزمەتم دەکرد... دەمشۆرد... نانم پێ دەدا... پاکم دەکردەوە... خۆم نەبێ نەمدەهێشت هیچ کەسێک ئەو کارانەی بۆ بکات... ئەو ژنە بیستوپێنج ساڵە ژنی منە... منداڵمان نییە... ئەوە پێنج ساڵە نەخۆشە.

سوێندتان دەدەم بە خوا... ئێوە چۆن بیر لەم ژنە دەکەنەوە؟ دوو چاوی ساغی هەیە... هۆشی بە خۆیەتی... ئەو هەمووە خەڵکە ساغ و سەلیمە دەبینێ دێن و دەچن... ئەویش لەسەر جێگە کەوتووە و هیچی پێ ناکرێ... جووڵەی لێ بڕاوە... تەنانەت توانای ئەمدیو و ئەودیوکردنیشی نییە...

توخوا پێم بڵێن: ئێستا شەیتان کەڵکەڵەی ئەوەی لا دروست نەکردووە کە ژنێکی بەدبەخت و چارە ڕەشە؟ مەگەر ئەو ژیانە ژیانێکی تاڵ نییە؟

لەگەڵ ئەوەیشدا تەماشای دەکەی دەبینێ بەو هەمووە نەخۆشی و ناخۆشییە ڕازییە و سوپاسی خوا دەکات... لە چاوەکانیەوە ئەوە دەخوێنیتەوە کە سوپاسی خوا دەکات... بە قەزا و قەدەر و چارەنووسی خوا ڕازییە... خۆڕاگرە...

دواتر تەماشای میردەکەی بکەن... بزانن چەندێ ئەمەکدارە... چۆن خزمەتی ژنە نەخۆشەکەی خۆی دەکات... چاکەی بیست ساڵەی ژنەکەی بە پێنج ساڵ لە بەرچاو نەکەوت...

❁❁❁

هەستەکانی ژنەکەت...

- لێگەڕێ با ژنەکەت هەمیشە لە ڕا و بۆچوونداا هاوبەشت بێت و گوێی بۆ بگرە، بە تایبەت لە بەرچاوی کوڕەکانت... ڕێز لە هەستەکانی بگرە، بە تایبەت لە بەرچاوی خەڵکدا...

- کاتێ دوا دەکەوێت، پەیوەندی پێوە بکە و پێی بڵێ: کەمێک دوا دەکەوم... کاتێکیش لە ماڵ دەردەچی لێی بپرسە و پێی بڵێ: چیت پێویستە؟ یا خود بڵێ: چ کارێک هەیە بەبێ من پێت ناکرێ، با پێش ئەوەی من بڕۆم پێکەوە بیکەین...

- ئەگەر گونجا لەسەر کار پەیوەندی پێوە بکە... هەواڵی خۆیی و منداڵەکان بپرسە... بە تایبەت ئەگەر منداڵێکی نەخۆشتان هەبێ، ئەوا ئەو کاتە کەمتەرخەمی نەکەی... ئیتر ئەو کاتە ژنەکەت دڵنیا دەبێتەوە کە دووری تۆ لە ماڵەوە بەهۆی کارەوەیە نەک بەهۆی گوێپێنەدانەوە...

- کاتێک ئەو باسی هەستەکانی خۆی بۆ تۆ دەگێڕێتەوە، تۆ سەیری کاتژمێرەکەت مەکە... ئەگەر پێشتر هەستێکی ئەوت بریندار کردووە، داوای لێبووردنی لێ بکە...

- کارێک بکە هاوسەرەکەت متمانەی بە خۆی هەبێت... وای لێ مەکە هەر شوێنکەوتەی تۆ بێت و بەدوای تۆدا بخولێتەوە و ئیتر خۆی بۆ خۆی هیچ شتێک نەزانێ، بەڵکوو هانی بدە با ئەویش کەسایەتی سەربەخۆی هەبێت... بیر و بۆچوونی سەربەخۆی هەبێت... بڕیاری سەربەخۆی هەبێت...

- لە هەموو کاروبارێکدا پرس و ڕوانڕی پێ بکە... قسەی لەگەڵدا بکە، بەڵام بە جوانترین شێوە... ئەگەر زانیت بڕیار یان

ڕایەکی ئەو پەسەندە و لەوەی تۆ جوانترە، پێت عەیب نەبێ و لە گوێی بکە و پێیشی بڵێ: ڕایەکەی تۆ، یان بڕیارەکەی تۆ لەوەی من باشترە... ئەگەریش ڕای خۆتت پێ پەسەند بوو ئەوا بە نەرمی وای لێ بکە ئەویش بێتە سەر ڕاکەی تۆ...

- کاتێ ژنەکەت کارێک دەکات و شایانی پیاهەڵدانە، هەندێ بە چاکە باسی بکە و پیایدا هەڵدە... پێغەمبەر(ص) دەفەرموێت: من لم یشکر الناس لم یشکر الله. رواه الترمذي. واتە: هەرکەسێک سوپاسی -چاکەی- خەڵک نەکات، سوپاسی خوای گەورەیش ناکات.

- نەکەی بەتەما بیت ژنەکەت هەر لە بواری ماڵداریدا سەرکەوتووبێت و بەس... بتەوێ بە باشی مال خاوێن بکاتەوە... چێشتی خۆش لێنێت... جلوبەرگ جوان بشوات... باش ئەوە بزانە سەرکەوتنی ژنەکەت هەم لە ڕووی ماڵداریيەوە و هەم لە ڕووی کەسایەتی خۆی و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەردا، بەسراوە بە پشتگیری و متمانەپێبەخشینی تۆوە... پەندێک هەیە دەڵێ: لە پشتی هەموو پیاوێکی مەزن، ژنێک هەیە. منیش دەڵێم: لە پشتەوەی هەموو ژنێکی مەزن پیاوێک هەیە...

- لەگەڵ ژنەکەتدا کار بکە و یارمەتی بدە... ئەو کار و یارمەتیدانە سبەی دەبێت بە یادگاری و پێکەوە باسی دەکەن و زیاتر خۆشەویستی لە نێوانتاندا دروست دەکات...

- یارمەتی بدە بۆ ئەوەی لە لای کوڕەکانتان زیاتر بتوانێ لایەنی زیرەکی و وشیاری خۆی دەربخات... ئەوە دەبێتە هۆی پەیوەندییەکی جوان لەنێوان دایک و کوڕدا... هێز و گوڕی زیاتری پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر و باشتر ڕۆڵ ببینێت، چونکە کوڕەکان بۆیان دەردەکەوێت کە دایکیان ژنێکی گەورە و دایکێکی گەورەیە...

ژنەکەت هەر ناکاریکی باشی هەبوو تویش هەول بدە ئەو ئاکارە باشانە لە خوتدا زیندوو بکەیتەوە... زور پیاو هەبووە بەهوی ژنەکەیەوە خوای گەورە رینوینی کردووە... پیاو هەبووە خوی نویژی نەکردووە، روژووی نەگرتووە، سەردانی کەسی نەکردووە، بەلام دوای ژنهینان ژنەکەی بینیوە نویژ دەکات، روژوو دەگری، سەردانی خەلک دەکات، نیتر ئەویش فیری نویژ و روژوو و سەردان بووە...

- لە کوتاییدا پیت دەلیم: ئاگات لە هەستەکانی ژنەکەت بیت... ئەوەتا ژنەکەی عومەری کوری عەبدولعەزیز رازی بوو لەگەل میردەکەیدا بە هەژاری بژین... هەرچەند ئەو ژنە کچی پادشایەک بوو... ژنی خەلیفە بوو، بەلام بە هەژاری رازی بوو... بەوە رازی نەبوو یەک رۆژ نەوین و خوشەویستی میردەکەی لە دلدا نەبیت... رۆژیک عومەر رویشت بو ئەوەی هەندی نویژ و پەرەستش بکات... ژنەکەی سی دیر شیعری بو نووسی... ئەو شیعرانە بەرد دەکەن بە ئاو...

بوی نووسیبوو:

ئەی سەروەری من! تۆ عەقڵی منت
کەمەندکێش کرد و بوومە یەخسیرت
لەگەڵ هەموو کەس باش و دادکەری
تەنیا بۆ من بوو جەور و ستەمت
هەموو شتێکت بە خەڵکی بەخشی
بۆ من بێداری بوو بە بەرهەمت

ژنەکەت خۆش بوێ...

- خۆشت بوێ وەک ئەوەی هەیە... خۆشەویستییەکی وا کە لە عەیب و ناتەواوییەکانی ئەو تێپەڕ بکات... لەو شتانەی ئەو کە بە دڵی تۆ نییە تێپەڕێت...

خۆشت بوێ بە گیان و دل... بە هەموو جۆرێک... بە بەهێزی و لاوازییەوە...

ئەوین و خۆشەویستی گەورەترین ناز و نیعمەتی پەروەردگارە لەنێوان ژن و مێرددا... سەرچاوەی هەموو ڕووبارێکی بەختەوەری و سەرکەوتنە...

- چاوپۆشی لە کەموکوڕی ژنەکەت بکە... هەرکاتێک کەمتەرخەمییەکی کرد، یەکسەر ئەو کاتانە بینە بەرچاوت کە کارێکی گەورەی بۆ تۆ کردووە...

هەرچەند خاڵی لاوازیشی هەبێ، بەڵام لێی ڕازیبە... لەسەر ئەم گۆی زەوییە تاکە ژنێکی کامڵ بوونی نییە... پیاوێکی کامڵ دەگمەنە... هەر ژنێک هەڵبژێری خاڵی لاوازی تێدایە... هەندێ ئاکاری هەیە کە بە دڵی تۆ نەبێت... ئەگەر هەموو ژنانی سەرزەوێت بۆ باس بکەن و کامەیانت پەسەند کرد پێت بدەن، هێشتا ناتوانی ژنێکی کاملت دەست بکەوێ...

کەوایە ڕازیبوون کلیلی خێر و خۆشییەکانە... لەوانەیە خاڵێکی وای تێدابێ کە تۆ بەدڵت نەبێت، بەڵام دوایی خوای گەورە ئەو خاڵە بە چاکە بۆ تۆ بشکێنێتەوە...

- هەرکاتێک بۆت کرا خۆشەویستی خۆتی بۆ دەربخە...

لێگەڕێ با هەست بە خۆشەویستی تۆ بکات... با بزانێ تۆ

ئەوت خۆش دەوێ... بە باشترین شێوە چاودێری بکە و ئاگات لێی بێت...

ئەگەر نەخۆش کەوت، سۆزی زیاتری پێ بدە... چاودێری بکە...

ئەگەر لەسەر شتێکی ڕەوا تووڕە بوو... هەوڵ بدە دڵی ڕازی بکەی و ئاشتی بکەیتەوە...

ئەو کارانە تۆ سووک ناکات، بەڵکوو هێندەیتر بەڕێزت دەکات...

پەلە مەکە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیدا... هێدی هێدی و لەسەرخۆ... بە کاوەخۆیی هەڵەکان ڕاست دەبنەوە...

هەندێ دابونەریت هەیە ماوەیەکی پێدەچێت تا بگۆڕێت... مەولەوی فراس دەفەرموێت:

مدتی این مثنوی تأخیر شد
مهلتی بایست تا خوش شیر شد
تا نزاید بخت تو فرزند نو
خون نگردد شیر شیرین خوش شنو

واتە:

موددەتێک من مەسنەویم تەعتیل بوو
زۆر دەچوو تا خوێن بە شیر تەبدیل بوو
بەختی تۆ گەر نەیبێ منداڵ کوا دەبێت؟
شیری شیرین چۆن لە خوێنی چا دەبێت؟[٣]

هەرکەسێ بیەوێ هاوبەشی ژیانی هیچ هەڵەیەکی نەبێت... هیچ کەموکوڕییەکی نەبێت... هەمیشە لەبەر دڵی ئەو بگەڕێ، ئەوە داوای مۆجیزە و پەرجوو دەکات...

- هەم ژنەکەت خۆش بوێ و هەم کەسوکارت... خۆشەویستی

---

٣ مەسنەوی مەعنەوی... وەرگێڕانی مامۆستا مەلا عبدالسلامی مودەڕیسی، بەرگی یەکەم، لا: ١٩٧.

لایەکیان لەبەر ئەویتر تێک مەدە...

- پێشەوای مەزن شافیعی دەفەرموێت: مرۆڤی ژیر و دانا ئەو کەسەیە لە هەندێ شت خۆ دەبوێرێ.

ئەم فەرموودەیەی پێشەوا هەرچەند شیاوی ئەوەیە مرۆڤ بۆ هەموو کاروبارێک و لە ئاست هەموو کەسێکدا بیکا بە دروشمی خۆی و کاری پێ بکات، بەڵام زیاتر شیاوی ئەوەیە مرۆڤ لە ژیانی هاوسەریدا کاری پێ بکات...

زۆر ئاسایی ناکۆکی و لەیەکتێنەگەیشتن هەر ڕوو دەدا... جاری وا هەیە ژن کارێک دەکات مێردەکەی بە دڵی نییە... جاری وا هەیە پیاو کارێک دەکات ژنەکەی پێی ناخۆشە، چونکە ژن و مێرد لە ماڵەوە جار جار بیر لە سەرئەنجامی هەندێ کار ناکەنەوە و دەیکەن، چونکە ماڵی خۆیانە...

جا دەبێت ژن و مێرد بە جوانی شتەکان بەبێ پێچوپەنا بخەنە ڕوو... ئەوەیش لە کاتی گونجاودا... بەبێ تووڕەبوون و هەڵچوون... جا هەر لایەک هەڵەی کردبوو ئەویتر چاوپۆشی لێ دەکات...

هیچ کێشە نییە با پیاو چاوپۆشی لە هەندێ شت بکات...

با ژن هەندێ شتی نابەدڵی خۆی لە بیر ببات‌ەوە و وابزانێ هیچ ڕووی نەداوە...

ئەگەر بەم ئاوایە بژین ئەوا ژیان ژیانە... ئەگینا ژیان ژانە...

چاوپۆشی لە یەکتر بکەن...

- وەک منال لەگەل یەکتریدا ڕەفتار بکەن... نەک وەک ژن و پیاو...

دەبێت لە کاتی کێشە و ئاڕیشەدا پیاو واز لە گەورەیی خۆی بێنێت... ژن واز لە ڕقایەتی بێنێت... وەک منال وابن. کەمێک دوای کێشە و ئاڕیشە پێکەوە ئاشت ببنەوە و هیچیان لە بیر نەمێنێ...

- پێکەوە ڕۆتینیاتی ژیان بکوژن... لە خواردن و خواردنەوەدا... لە پۆشین و قسەکردندا...

شێوازی قسەکردنی خۆتان بگۆڕن... کاکی بەڕێز! لەجیاتی ئەوەی بڵێی: ئا ژنەکە جامێ ئاوم بۆ بێنە... پێی بڵێ: بێزەحمەت جامێ ئاوم بدەرێ...

خوشکی بەڕێز! لەجیاتی ئەوەی بڵێی: دەبێت ئەو هەموو شتانە بکڕین... بڵێ: ئەو شتانەمان پێویستە، دەکرێ بیانکڕی؟

- بەڕاستی ژن و پیاو هەست بە تام و چێژی خۆشی سەرکەوتن ناکەن، هەتا پێشتر ئاخیان بۆ هەڵنەکێشابێت... هەست بە ئەوین و خۆشەویستی بۆ یەکتر ناکەن، هەتا بەناو کێشە و ئاڕیشەدا تێنەپەڕن... بێگومان ئەم قسەیە بۆ ئەوە ناکەم کە بڵێم: کێشە و ئاڕیشە شتێکی باشە، بەڵکوو بۆ ئەوە دەیکەم هەتا پیاو و ژن لە کاتی کێشە و ئاڕیشەدا لە یەکتر زوێر نەبن و هیوایان بە پێکەوەژیان بمێنێ... زێڕ کاتێ دەردەکەوێت پاک و بێخەشە زێڕینگەر بیخاتە بۆتەوە و بیتوێنێتەوە...

- بە زۆری ناتەواوی و کەموکوڕی ژن و مێرد لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیریدا دەرناکەوێت، چونکە لەگەڵ یەکتردا زۆر نەرمونیانن... دوای تێپەڕینی ماوەیەک لە کتوپڕێکدا بە کەموکوڕی یەکتر دەزانن... با ئەوەیش بزانن کە هیچ ژن و مێردێک بێ هەڵە و کەموکوڕی نین...

ژنێکت دەوێ هیچ هەڵەی نەبێت؟

هیچ کەس لە دونیا بێ هەڵە نییە

ژن و مێردی ڕاستەقینە و ژیر هەڵە و کەموکوڕی یەکتر چارەسەر دەکەن... دەبنە تەواوکەری یەکتری... مرۆڤی بەڕێز هەڵەی بەرامبەر چاک دەکات و دەیشارێتەوە و ناهێڵێ کەس پێی بزانێ، بەڵام مرۆڤی نابەڕێز فووی پیا دەکات و هێندەیتر زلی دەکات و چارەسەریشی لا نییە...

سڵاوی خوا لەو مێردە بێت هێدی هێدی هەڵە و کەموکوڕی ژنەکەی چاک دەکات و ناهێڵێ هیچ کەسێ پێی بزانێ...

سڵاوی خوا لەو ژنە بێت کە هێدی هێدی هەڵە و کەموکوڕی مێردەکەی چاک دەکات و ناهێڵێ هیچ کەسێ پێی بزانێ...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: وكَفَى بالمَرْءِ عَيْباً أَنْ يَكونَ فيه ثلاثَ خصالٍ أَن يَعرِفَ مِنَ النَّاسِ مَا يَجْهَلُ مِنْ نَفْسِهِ ويَسْتَحِي لَهُمْ مِمَّا هُوَ فِيهِ ويُؤْذِيَ جَلِيسَهُ. رواه عبد بن حميد في تفسيره - فيض القدير رقم ٤٠٣١. واتە: بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ کەسێکی عەیبدار بێت سێ خاڵی تێدابێت... ئەوەی کە لە خۆیدا نایبینێت لە خەڵکدا ببینێت - واتە: کەموکوڕی خۆی نەبینێ، بەڵام هی خەڵک ببینێ - شەرم لەو شتەی خەڵکی بکات کە خۆیشی تێیدایە... ئازاری هاوڕێکەیشی بدات.

ژنی دانا ئەو ژنەیە چاوی خەڵکی لە ئاست کەموکوڕی مێردەکەیدا دابخات... لە لای هیچ کەسێک باسی کەموکوڕی مێردەکەی نەکات...

- ژیانی ژنومێردایەتی بگرە و بێنەیە... خۆشی و ناخۆشییە... ترش و شیرینە... بەدبەختی و خۆشبەختییە...

بەختەوەرییەکی بەردەوام نییە، بەدبەختی بەردەوامیش نییە... لەو نێوانەدا یاری دەکات... هەندێ جار بە لای یەکێکیاندا دەشکێتەوە و هەندێ جاریش لەنێوان هەردووکیاندا وەستاوە...

هەر لەبەر ئەوەیە کە پیغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) ئامۆژگاری پیاوێک دەکات بۆ ئەوەی چاوپۆشی لە ژنەکەی بکات... پێی دەفەرموێت: «لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ». رواه مسلم. واتە: پیاوی مسوڵمان لەبەر کارێکی کرێت دڵی ژنی مسوڵمان ناتۆرێنێت... ئەگەر لە ئاکارێکی ناڕازی بێت، لە ئاکارێکی تری ڕازی دەبێت.

زانای مەزن قازی عیاز لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەدا دەفەرموێت: أَيْ لَا يَنْبَغِي لِلرَّجُلِ أَنْ يُبْغِضَهَا لِمَا يَرَى مِنْهَا فَيَكْرَهَهُ؛ لِأَنَّهُ إِنْ كَرِهَ شَيْئًا رَضِيَ شَيْئًا آخَرَ، فَلْيُقَابِلْ هَذَا بِذَاكَ. واتە: پێویست ناکات پیاو لەبەر ئاکارێکی کرێت دڵی ژنەکەی زوێر بکات، چونکە ئەگەر لە کارێکی ناڕازی بێت، خۆ لە کارێکیتری ڕازییە، دەی ئەمەیان ببەخشێ بە ئەوەیان...

زانای مەزن مەلا عەلی قاری حەنەفی دەفەرموێت: فِيهِ إِشَارَةٌ إِلَى أَنَّ الصَّاحِبَ لَا يُوجَدُ بِدُونِ عَيْبٍ فَإِنْ أَرَادَ الشَّخْصُ بَرِيئًا مِنَ الْعَيْبِ يَبْقَى بِلَا صَاحِبٍ وَلَا يَخْلُو الْإِنْسَانُ سِيَّمَا الْمُؤْمِنُ عَنْ بَعْضِ خِصَالٍ حَمِيدَةٍ فَيَنْبَغِي أَنْ يُرَاعِيَهَا وَيَسْتُرَ مَا بَقِيَهَا. واتە: ئەم فەرموودەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ کەسێکی نییە بێ کەموکوڕی بێت، ئەگەر کەسێک بەدوای هاوڕێ -یان هاوسەرێکی- بێ کەموکوڕییدا بگەڕێت، ئەوا بێ هاوڕێیی و -بێ هاوسەر- سەر دەنێتەوە، هەموو مرۆڤێک بە تایبەت مرۆڤی ئیماندار کۆمەڵێک ئاکار و سیفەتی چاکەی تێدایە، بۆیە پێویستە کەسی بەرامبەر دڵی ڕابگرێت و چاوپۆشی لەو ئاکارانە بکات کە بە دڵی نییە.

بۆ ئەوەی ئەوین نەمرێ...

هەندێ کەس دەڵێن: ئەوین و ئەویندارێ نێوان ژن و پیاو هەر ساڵێک، ئەوپەڕی دوو ساڵە...

ئیتر ئەو ئەوینە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەتوێتەوە، بە تایبەت دوای تەواوبوونی مانگی هەنگوینی...

چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو ئەوینە نەمرێ و گیانی دەرنەچێت؟

- تەنیا ئەوە گرنگ نییە کە تۆ مێردەکەت زۆر خۆش دەوێ... لەوە گرنگتر ئەوەیە کە مێردەکەت ئەوەندی تۆ ئەوت خۆش دەوێ، یان زیاتر لەوە، تۆی خۆش بوێ...

خۆت لەبەر دڵی مێردەکەت خۆشەویست بکە... گەشە بدە بەو ئەوین و خۆشەویستییە... مەهێڵە بمرێ...

چونکە پیاوان زوو زوو دەگۆڕێن... ئەگەر کەسێک نەبێ کە گەشە بەو ئەوینە بدات، ئەوا ئەوینی نێو دڵی ئەو دەمرێ...

نەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان چاو لەو ژنانە بکەی کە ماوەیەک دوای هاوسەرگیری ئیتر گوێ بە مێردەکانیان نادەن... دوای ئەوەیش کە ئەوینی نێو دڵیان مرد سەریان سوور دەمێنێ و دەڵێن: باشە بۆ پیاوەکەم منی خۆش ناوێ؟

لە ڕۆژانی سەرەتای هاوسەرگیریدا زۆر جار ژنان جلوبەرگی زۆر جوان لەبەر دەکەن... بە جوانترین شێوە خۆیان دەڕازێننەوە... دەموچاویان تیفتیفە دەدەن... پرچیان جوان دادەهێنن... بۆنی خۆش لە خۆیان دەدەن... قۆندەرەی تەقتەقیلە لەپێ دەکەن... مێشیان لێ دەخزێ... بە پلتۆک خۆیان دەتەکێنن... ڕازی نابن مێردەکەیان هەست بە هیچ کەموکوڕییەک بکات... نە لە شێوازی خۆیدا، نە

لە شێوازی ڕێکوپێککردنی ماڵدا... یەک قسەی ناخۆشیان لە دەم نایەتە دەرەوە... بەیانیان بە مێردەکەیان دەڵێن: بەیانیت باش... بزە و خەندەیان لە لێو و دەم نابڕێ... قسەی خۆش و نوکتەی پێکەنینئامێز هەر مەپرسە... ئەگەر تاقێک یان چەند کاژێرێک مێردەکەیان دیار نەبێ، دوایی پێیان دەڵێن: زۆرم بیر کردیت! ئای ئەگەر ئەو ژیانە هەر ئاوا بەردەوام بوایە چەندێ خۆش بوو...

پیاوێک دەڵێ: زۆر بە خێرایی هەموو ئەو ئەوین و خۆشەویستیانە لە کەل ئاوا بوون... ژنەکەم ئەو مرۆڤە نەرمونیان و پاک و خاوێن و قسە خۆشەی جاران نییە... تەنیا دەیەوێ من ئەوم خۆش بوێ، ئیتر مافی من لە کوولەکەی تەرپشدا ناوی نییە!

جاری وا هەیە پیاو لە کاتی ئاسایی خۆیدا دێتەوە بۆ ماڵەوە... کەچی دەبینێ ژنەکەی هێشتا لە غورابی خەودایە...

جاری وا هەیە ژنەکە نەخۆشە و کەتووە... کەچی پیاوەکەی خۆی تێک نادات و دەڵێی هیچ نەقەوماوە، لەگەڵ برادەرەکانیدا دەچێت بۆ سەیران و گەشتوگوزار و ژنەکەی بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێدێڵێ...

- جاری وا هەیە لە شوێنێکەوە پیاوەکە بانگێشت دەکرێ بۆ ژەمی نیوەڕۆ یان ئێوارە، پیاوەکەیش یەکسەر دەڵێت باش... ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە کە ژن و منالەکانی لەسەر سفرەن و چاوەڕێی ئەون بێتەوە و پێکەوە نانەکەیان بخۆن...

ژنێک دەڵێ: مێردەکەم هیچ گرنگییەکم پێنادا... خۆ من هیچ کەمتەرخەمی ناکەم... داواکارییەکانی ئەو جێبەجێ دەکەم، کەچی ئەو زۆر سروشتێکی سەیر و وشکی هەیە... ئاکاری خراپە... تووڕەیە... کاتێ لەگەڵ برادەرەکانیەتی زۆر ڕووخۆشە، بەڵام لە ماڵەوە ترش دەفرۆشێ... سەرکۆنەم دەکات... هەمیشە پرتەوبۆڵەی دێ.

- سەیر نییە ئەگەر ببیستین کە هەندێ لە هاوسەران ئەویندارەکەی خۆی پشتگوێ خستووە... لەبیری کردووە... لەگەڵیدا توندوتیژە... گوێی ناداتێ...

دەزانـن بۆچـی پـاش تێپەڕینـی سـاڵێک یـان دوو سـاڵ ئەوین دەمـرێ؟

لەبـەر گـوێ پێنـەدان... گـوێ بـە یەکتـر نـادەن... لەنێـو کێشـە و ئاریشـەدا ڕۆدەچـن... ئیتـر ئەوینـی دامـاو ناتوانێـت ملـی قـوت بکاتـەوە و بـە دەردی خۆیـەوە دەتلێتـەوە و دەگاتـە گیانەڵـلا... لـەو کاتەیشـدا یەکێـک نییـە ژیلەمـۆ وردەکان لـە بـن خۆڵەمێشـەکان بێنێتـە دەرەوە و فووپەکـی لـێ بکات و گەشـی بکاتـەوە... بۆیـە بـە خێرایـی خامـۆش دەبێـت و دەکوژێتـەوە...

کەی دیاریت پێشکەشی ژنەکەت کردووە؟

- یەک پرسیارت لێ دەکەم، لێت دەپرسم: کوتا جار کەی بووە کە دیاریت پێشکەشی ژنەکەت کردووە؟ ئیتر وەلامەکە بۆ خۆت بەجێدێلم...

- دیاری لەنێوان ژن و مێرددا نیشانە و دروشمی ئەوین و خۆشەویستییە... ناونیشان ئەمەکداریە...

هەستکردنە بە خۆشەویستی... نوێنەری هاودلییە... ئامیانی ئارامی و بەختەوەرییە...

مۆمی ئەوین و پاکی و دڵداریە...

نهێنی پاکێتی و خاوێنی و یەکتر ویستنە...

کاکی برا! چاک بزانە کەم شت هەیە وەک دیاری کار لە دڵی ژنەکەت بکا... ئیتر گرنگ نییە بچووک بێت یان گەورە... گرنگ ئەوەیە تۆ دیاریت بۆ هێناوە. دیاری گەورە بێت یان بچووک، هەر ناوی دیاریە...

دیار پێشکەشکردن وا دەکات کە ژنەکەت هەست بەوە بکات کە تۆ هەمیشە ئەوت لە دڵدایە... هەرگیز لە بیری ناکەی... خۆشت دەوێ...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: تهادوا تحابوا. رواه البخاري في الادب المفرد، والبيهقي. واتە: دیاری بۆ یەکتر ببەن با خۆشەویستیتان بۆ یەکتر زیاد بکات.

- ژیانی هاوسەری چەند شتێکی تێدایە کە لە هەردوو لاوە نزیکن... وەک پلەبەرزبوونەوە لە فەرمانگەدا... یادی لەدایکبوون... سالوەگەڕی هاوسەرگیری...

ئەو کاتانە بە دەرفەت بزانە و ترپەی ئەوینی ژنەکەتی پێ بەهێز بکە و دیارییەکی بۆ بکرە... بەو کارە زۆرێک لە خەم و خەفەتی ڕۆژگاری لەبیر دەبەیتەوە...

ئەو یادگاریانە بە دیارییەکی بچووکیش بێت، زیندوو بکەرەوە... ئیتر گرنگ نییە دیارییەکەت گرانە یان هەرزان... گرنگ ئەوەیە دیاری پێ ببەخشی... بەراستی دیاری وەک جادوو کار لە دڵی ژن دەکات...

- ئەگەر چوویتە سەفەر بەبێ دیاری مەچۆرەوە بۆ ماڵەوە... تەنانەت ئەگەر پاکەتێکی بچووک چوکلێت یان شیرینیت کڕیبێ، دیارییەک لەگەڵ دەستی خۆتدا ببەرەوە...

- جاری وا هەیە دیاری ماددی نییە، بەڵکوو هەر نیشانەیەکە... وەک سەردانێکی بچووک بۆ ئەو شوێنەی ئەو دڵی پێی خۆشە، یان وەک ڕێزگرتن لەو کەسانەی کە ئەو خۆشی دەوێن... بۆ نموونە: هاوڕێکانی...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر ڕێزی دایە خەدیجەی دەگرت و خۆشی دەویست... بۆیە دوای مردنی دایە خەدیجەیش دیاری بۆ هاوڕێکانی دایە خەدیجە دەنارد...

دایە عایشە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: مَا غِرْتُ عَلَى نِسَاءِ النَّبِيِّ(ﷺ) إِلَّا عَلَى خَدِيجَةَ وَإِنِّي لَمْ أُدْرِكْهَا، قَالَتْ: وَكَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) إِذَا ذَبَحَ الشَّاةَ، فَيَقُولُ: «أَرْسِلُوا بِهَا إِلَى أَصْدِقَاءِ خَدِيجَةَ» قَالَتْ: فَأَغْضَبْتُهُ يَوْمًا، فَقُلْتُ: خَدِيجَةَ فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ(ﷺ) «إِنِّي قَدْ رُزِقْتُ حُبَّهَا». رواه مسلم. واتە: من بەرامبەر هیچ یەک لە ژنانی پێغەمبەر(ﷺ) غیرەم نەبوو جگە لە خەدیجە، خۆ من خەدیجەشم نەدیبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەرکاتێ ئاژەڵێکی سەربڕیبایە دەیفەرموو: بەشی هاوڕێکانی خەدیجە ببەن، بۆیە منیش ڕۆژێک تووڕە بووم و وتم: خەدیجە!

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خۆشەویستی خەدیجە ڕزق و ڕۆزییەکە و پێمدراوە.

گوڵێک دەبێتە نیشانە و دروشمی ئەویندارییە... بە گوڵێک دەتوانی باس لە ئەوین و خۆشەویستی خۆت بۆ ژنەکەت بکەی... کڕینی گوڵێک پارەی زۆری ناوێ، بەڵام کاریگەری زۆری هەیە... دەی بۆ ناوە ناوە گوڵێک ناکڕی بۆ ژنەکەت؟

- دیاری زمانێکە و باس لە هەستە جوانەکان دەکات... دەرمانێکی خێرایە بۆ بەهێزکردنی گیانی ئەوین... ئاوی ڕۆح دەدات...

پیاوێک دەڵێ: ئەگەر کەسێک دیاری بۆ هێنایت و تۆ نەتتوانی دیاری بۆ ئەو بکڕێ، دڵخۆش بوون بەو دیارییە و سوپاسکردنی ئەو کەسەی دیارییەکەی پێ بەخشیوی، باشترین دیارییە بۆ ئەو...

- هەندێ شت هەیە نابێت لەبیری بکەی... بۆ نموونە: ئەگەر دیارییەکت کڕێ بۆ ژنەکەت، تەماشا بکە نەکا لەزگەیەکی بچووکی پێوە بێت و نرخەکەی لەسەر نووسرابێت، یا یەکسەر لێی بکەیتەوە...

لە بەرچاوی خەڵک دیاری پێشکەش مەکە... مەگەر ئەوەی کە شتێکی گرنگت مەبەست بێت...

باسی دیارییەکانی خۆتی لە لا مەکە... لای خەڵکیشدا باسی مەکە...

- نەکەی ئەو کاتانەی کە کاتی دیاری پێ بەخشینە، پشتگوێی بخەی بە بیانووی ئەوەی: سەردەمی گەنجی بەسەر چوو... تەمەن کۆتایی هات... ئێستا کاتی ئەوە نییە...

ئەو پشتگوێخستنە کۆتاییەکی باشی نابێت...

وەك مێشەنگوین بە...

- خوشکی بەڕێز... وەک مێشەنگوین بە... هەرجارێ لە پووڕەکەی بچێتە دەرەوە، کەشوهەوا هەرچۆنێک بێت، ئەو گوێی لێ نییە... شیلەی خۆی کۆ دەکاتەوە و دەیهێنێتەوە... چاوی ئەو تەنیا شیلە دەبینێ... وەرز هەر وەرزێک بێ، ئەو هەنگوین بەرهەم دێنێ...

وەک مێشەنگوین بە... خاڵە بەهێز و باشەکانی مێردەکەت ببینە... هەموو مرۆڤێک خاڵی باش و خاڵی نەباشی هەیە... ئێمە مرۆڤین... هیچ مرۆڤێک بێ کەموکوڕی نییە... کەس بێ هەڵە نییە... کێ هەیە هەڵە نەکات؟

- کارێ بکە مێردەکەت بزانێ کە لە لای تۆ گرنگە... بزانێ تۆ ئەوت پێویستە... بزانێ تۆ خەو و خۆراکی ئەوی...

هەرکاتێ پیاو هەستی بەوە کرد کە ژنەکەی ئاتاجی ئەوە، ئەویش خۆی لە ژنەکەی نزیک دەکاتەوە... زیاتر قوربانی لەپێناو ژنەکەیدا دەدات...

مێردەکەت وا تێمەگەیەنە کە پێویستت پێی نییە... با بەخشش و چاودێری مێردەکەت لەدەست نەدەی... هەر کاتێک مێردەکەت هەستی کرد پشتگوێی دەخەی و گرنگی پێنادەی، ئەویش ئاکار و ڕەفتاری خۆی دەگۆڕێت...

- قسەیەک مەکە پێی ناڕازی بێت، چونکە قسەی ناخۆش میزاجی پیاو تێک دەدا... لە بەرچاوی منالەکاندا لە نرخی کارەکانی دامەبەزێنە...

هەمیشە بە چاکە پەسنی بدە... پێی بڵێ: خوا سایەت لە سەر سەری من و منالەکان کەم نەکات... من هەرچیم پێوست بێت تۆ

بۆم جێبەجێ دەکەی... ئاخم بۆ شتێک هەڵنەکێشاوە و تۆ بۆم نەهێنیت...

بەو جۆرە دەتوانی دڵی مێردەکەت ڕام بکەی... بیخەیتە نێو دەست خۆتەوە... هەتا تۆ ژیر و لێزان بیت، ئەویش وەکو کۆیلە کارت بۆ دەکات... لەبەرت دەگەڕێت...

- پیاوێکی هەژار دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕۆژێک لەپڕ گەیشتم بە خەزوورم، بە منی وت:

زاوا گیان لە خوا بترسە! ئا هەندێ پاقلە و نان و پەنیر بۆ کچەکەم بکرە، ئەوەندە گۆشتی مەدەرێ... ئەوەندە میوەی دەرخوارد مەدە... ئەوەندە شتی چەوری پێ مەدە خراپە! با تووشی نەخۆشی نەبێت...

پیاوەکە دەڵێ: دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو! نەمدەزانی چی بڵێم... نەمدەزانی خەزوورم مەبەستی چییە... تا ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە و ژنەکەم بانگ کرد و پێم وت: ئەوە ئەمڕۆ گەیشتم بە باوکت ئاوا و ئاوی پی وتم، تۆ بڵێی مەبەستی چی بێت؟

ژنەکەم وەڵامی دامەوە... وەڵامێک زەوی لەژێر پێمدا هێنایە لەرزە... واقم ورمما...

تەز ژنەکەم هەرجارێک دەچێتەوە بۆ ماڵی باوکی و لەوێ گۆشت و میوەی بۆ دێنن دەڵێ: سوپاستان دەکەم، من حەزم لە گۆشت و میوە نییە، ئەگەر هەبێت حەزم لە نان و پەنیر و پاقلەیە... مێردەکەم ئەوەندە گۆشت و کەباب و چەوری دەهێنێتەوە بە بینینیان دڵم تێکدەچێت... خۆزگا جارێک نان و پەنیر و پاقلەیشی دەهێنایەوە...

لەڕاستیدا ئەو ماڵە هەژارە داماوە خواردنی ڕۆژانەیان نان و پەنیر و پاقلە بووە، ئەم جەژن بۆ ئەو جەژن گۆشتیان دیبوو،

چونکه پیاوەکه زۆر دەستتەنگ و هەژار بوو... توانای گۆشت و میوەکڕینی نەبوو، بەڵام ژنەکەی ئەوەندە ئەمەکدار و ئەویندار و باش بوو، مالّی باوکی وا تێگەیاندبوو کە مێردەکەی هەموو ڕۆژێک نان و کەباب و گۆشتی بۆ دێنێتەوە... شان و شکۆی مێردەکەی لە خواردن بە گرنگتر دەزانی... هەربۆیە مێردەکەی لە مالّی باوکیدا وەک پیاوێکی دەوڵەمەند پیشان دابوو...

ئەو ژنە بەرگەی برسێتی و بێ نانی و بێگۆشتی گرتبوو... پاداشتی ئەو خۆڕاگرییەی لە خوا دەویست بۆیە لای هیچ کەسێکدا سکاڵای نەکرد... بەڵێ، لە لای هیچ کەسێکدا، تەنانەت باک و دایک و خوشک بۆ خۆیشی...

خۆ بناغەی مالێکی بەختەوەر بە دار و پەردوو و بلۆک و چیمەنتۆ نییە، بەڵکوو ئەوینە ئەوین... ژنی باش و خواناسە... ژنی ئەمەکدار و ژیر و لێزانە... ئەگەر ژنی باش و ئەمەکدار و لێزانت هەبوو، هەموو دونیا هی تۆیە...

گونکەژمێری لە سۆزداریدا...

- کاتێک باسی ڕژدی و چاوچنۆکی پیاوێک دەکرێ، یەکسەر مرۆڤ وا گومان دەبا کە لە مالّەوە گونکی هەویر دەژمێرێ... با بزانین ڕژدی و چاوچنۆکی ئەوەیە؟

بەڵێ... کەس نالّێ ئەوە ڕژدی و چرووکی نییە، بەڵام لەوە ڕژد و چرووکتر ئەو کەسەیە کە گونکەژمێری لە سۆزداریدا دەکات... ڕژدی لە سۆزداریدا زۆر قرستر و خراپترە لە ڕژدی لە سەروەت و ساماندا... بێگومان ژن لە دەست ئەم دوو جۆرە ڕژدییە ئازار دەچێژێ، بەڵام لەوانەیە بەرگەی ئەو مێردە بگرێ کە لە بەرامبەر سەروەت و ساماندا ڕژدە، بەڵام بەرگەی ئەو مێردە ناگرێ کە لە سۆزداریدا ڕژد و چرووکە...

لەوانەیە ژنێک مێردەکەی لە سەروەت و ساماندا ڕژد بێت بتوانێ بە یارمەتی کەسوکار بژی، یان خۆی لە دەرەوە کارێک بکات و پێی بژی، بەڵام کێ دەتوانێ لەجیاتی مێردەکەی سۆزی بداتێ؟ کێ دەتوانێ لەجیاتی مێردەکەی نازی بکێشێ؟ سۆز و نازی هیچ کەسێک جێگەی سۆز و نازی مێرد ناگرێتەوە...

- زۆر سەیرە هەندێک پیاو هەیە بە تەنەکە باسی چاکەی خەڵکی دەکات، بەڵام لە بەرامبەر ژنەکەیدا دەڵێی لالّە... دەڵێی کوردی نازانێ... کورە دەڵێی زمانی نەگرتووە...

دێتەوە بۆ مالّ مالّێکی پاک و خاوێن... ژنێکی ڕووخۆش و بۆن خۆش و پاکوخاوێن... خواردنی خۆش و ئامادەکراو...

ژنەکەی چەند کاتژمێرێکە چاوەڕێیەتی بێتەوە...

بەڵام داخەکەم... نە دەستخۆشییەک... نە سوپاسێک... نە ماندوونەبوونێک...

نە لەبەرامبەر ئەو هەمووە خواردنە خۆشەدا سوپاسی دەکات... نە لە بەرامبەر پاکوخاوێنی ماڵەکەی و نە لە بەرامبەر خێراتن و خواحافیزیلێکردنی...

ئەو جۆرە پیاوانە هەست و سۆزیان مردووە و لە گۆڕ نراوە... مەگەر حەزرەتی مەسیح بێتە خوارەوە و زیندووی بکاتەوە...

- ژنێک لە خەو هەستا... تەماشا دەکات مێردەکەی دیار نییە...

بەپەلە جلوبەرگی لەبەر کرد و هەموو ژوور و حەوشوبان گەڕا بە دوایدا...

گوێی لە گریانێکی لەسەرخۆ بوو... وردە وردە ڕۆیشتە پێشەوە... تەماشا دەکات مێردەکەی سەجدەی بردووە و دەستی کردووە بە گریان...

ژنەکە گەڕایەوە بۆ سەر جێگاکەی... دەستی کرد بە گریان... بەزەیی بە خۆیدا هاتەوە، چونکە منالّی نەدەبوو...

پاش تاوێک مێردەکەیش هاتەوە و لە تەنیشتیدا ڕاکشا... ژنەکە خۆی کرد بە خەوتوو... لەبەر ئەوەی مێردەکەی نەزانێ ئەم پێی زانیوە...

بەڵام پیاوەکە زانی کە ژنەکەی گریاوە... دەستی برد و فرمێسکەکانی چاوی ژنەکەی سڕی... بە دەنگێکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییەوە وتی: خۆت نەهاتیتە ژورەوە، بەڵام بۆنە خۆشەکەت هات و زانیم تۆ هاتوویت...

ژنەکەیش وتی: منیش گوێم لە نزا و پاڕانەوەکانت بوو... بەداخەوەم من ناتوانم ئاواتی تۆ بەدی بێنم... ناتوانم منالّم ببێت و بتکەم بە باوک...

پیاوەکە بە چاوێکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییەوە سەیرێکی ژنەکەی کرد و پێی وت: دەی خۆ من بۆ ئەوە نەگریام... من خەوێکی ناخۆشم بینی بۆیە هەستام و دەستنوێژێکم گرت و سەجدەم برد و دەستم کرد بە گریان، لە خوا پارامەوە خەوەکەم وەک خۆی بەدی نەیەت... لە خەومدا شەوە گرتمی، تۆیشم بینی لە من دوور دەکەوتیتەوە...

دوام لە خوای گەورە کرد تۆم بۆ بهێڵێ و تا مردن لە تۆ دوور نەکەومەوە...

ئەوە ئەوینی ڕاستەقینەیە... ئەوە ئەوینی حەڵاڵ و ڕەوایە... خوا و پێغەمبەری خۆش دەوێ... بە شەرعی خوا و پێغەمبەر ژنەکەی خۆی خۆش دەوێ و ئامادە نییە بە هیچ جۆرێک لێی دوور بکەوێتەوە...

بە گیان و دڵ
مامەڵەی لەگەڵدا بکە...

- ئەوەت لە بیر بێت پەیوەندی نێوان تۆ و ژنەکەت پەیوەندییەکی زۆر نزیکە... زۆر تایبەتە... هاوسەرگیری مامەڵەیەک نییە بۆ ئەوەی پارە و پوولت دەست بکەوێ... چێژ و خۆشییەکی کاتی نییە... هاوبەشی و بەرپرسیاریتییە...

- لەگەڵ ژن و منداڵەکانتدا چاک و باش بە... ئەگەر تۆ چاکەیان لەگەڵدا بکەی، ئەوانیش چاکە لەگەڵ تۆدا دەکەن... ژیانی ناخۆش و پڕ لە دەردیسەریت بۆ خۆش دەکەن...

- کارێک مەکە وا هەست بکات کە کەسێکی بێگانەیە، یان کەسێکی پلە دووە... کارێک مەکە هەست بکات منداڵەکانی لە خۆی زیاتر بە لاتەوە گرنگن... هەست بکا کە تۆ قسەی منداڵەکانت ناشکێنی، بەڵام گوێ بە قسەی ئەو نادەی... کارێک مەکە داواکارییەکانی لە ڕێگەی منداڵەکانەوە بە تۆ بگەیەنێ... ئەو کارانە لە گەورەیی ژن کەم دەکاتەوە... هەست بە بچووکی و زەلیلی دەکات... هەست بە یەخسیری دەکات...

بەڵکوو کارێک بکە وا هەست بکات کەسی یەکەمە... قسەی ئەو لە قسەی هەموو کەسێکی تر بە لاتەوە گرنگترە... با منداڵەکان بچن بە دایکیان بڵێن کە تۆ داخوازییەکیان بۆ جێبەجێ بکەی... خۆشبەختی پیاو بەستراوە بە خۆشبەختی ژنەوە...

- بە گرنگییەوە گوێی بۆ بگرە... گوێگرتن لە ژن خەم و ناخۆشی لەبیر دەباتەوە... ژنی وا هەیە ناتوانێت بێدەنگ بێت، یان سەروبنی قسەکانی خوسپی خزم و کەسوکاری پیاوە... لەو کاتەدا بە قسەی خۆش و ئامۆژگاری جوان ڕووبەڕووی ببەوە...

- بە هەموو جۆرێک پێکەوە قسە بکەن... بە وشە... بە ئاماژە... بە نیگا... بە سیلەی چاو... بە هیچ شێوەیەک لە ئەوین و خۆشەویستیدا چرووکی مەکە... با ئەوینی تۆ وەک بارانی بەهار بڕژێ بەسەر ژنەکەتدا... بە قسەی خۆش... بە دەست... بە باوەش... خەم و خەفەتی لەبیر ببەرەوە...

- هەمیشە لەگەڵیدا ڕاستگۆبە... ڕوون و شەفاف بە... ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ژن و پیاودایە نابێت فێڵ و خەڵەتاندنی تیا بێت... لەوانەیە بچووکترین فێڵ و خەڵەتاندن ببێتە گەورەترین هۆکاری لێکترازان...

- لەگەڵ سۆزەکانیدا هاوبەش بە... لە کاتی سەیرکردنی دیمەنی دەریا، یان خۆرئاوابوون، یان هەر شتێک کە ئەو بە لایەوە جوان و چێژبەخش بێت...

- ڕژد و چروک مەبە... نە لە ڕووی دارایییەوە، نە لە ڕووی سۆز و میهرەبانییەوە... قسەی جددی و ڕاستی لە تایەکی ترازو دابنێ، گاڵتە و شۆخی و قسەی خۆشیش لە تاکەی تر... نەرمونیانی لە تایەک، توندوتۆڵی و سەختگیری لە تایەکەی تر... هێندە شیرین مەبە قوتت بدەن... هێندەیش تاڵ مەبە تفت بکەن... میانەڕەو بە... نەرمونیان بە...

- هەم لە ڕووی جەستەوە و هەم لە ڕووی ڕۆح و گیانەوە و هەم لە ڕووی سۆزەوە پشتگوێی مەخە... گوێپێنەدان هەموو پەیوەندییەکی جوان دەکوژێت... دەرگای ئاژاوە و لێکتۆران و خێزان تێکچوون دەکاتەوە...

- زیاد لە پێویست خۆت بە کارەوە خەریک مەکە، با غیرە بە کارەکەت نەبا... کاری مەکە هەموو کاتەکانی خۆت بۆ کار دابین بکەی... بە تایبەتی لە کاتی مۆڵەتوەرگرتن و ئەو ڕۆژانەی کە پشووە... لەو کاتانەدا زیاتر گرنگی بەو بدە... ئیتر لە ماڵەوە بێت، یان لە دەرەوە...

- جاری وا هەیە پێویستە تۆ قوربانی بدەی، واز لە هەندێ شتی خۆت بێنی... با وا هەست بکات ئەو لە لای تۆ لە هەموو شتێک گرنگترە... پلە یەکە...

- چەندێ گرنگی بە خۆت دەدەی، هێندەیش گرنگی بە ژنەکەت بدە... چیت بۆ خۆت پێخۆشە، بۆ ئەویشت پێ خۆش بێت... خۆوویست مەبە، هەموو شتەکان بۆ خۆت داگیر مەکە... هەموو شتێک لە بەرژەوەندی خۆتدا بەکار مەهێنە...

- خۆت بکە بە پێشەنگ، با ئەویش چاو لە تۆ بکات... کارێک بکە ئەو باسی گەورەیی تۆ بکات... باسی کەسایەتی بەهێزی تۆ بکات...

- لە هەموو خەم و خەفەتێکتدا ژنەکەت هاوبەش مەکە... هەوڵ بدە هەندێ خەم و خەفەتی خۆت لە دڵی خۆتدا بهێڵیتەوە و خۆت بە تەنیا چارەسەری بکەی، بەڵام لە هەموو خۆشی و شادییەکدا ئەو بەشدار بکە و لە هیچیان بێبەشی مەکە...

ئازاری خۆم و کوڕەکانمان دەدا...

- زۆرم ئامۆژگاری کردی و وتم: واز لەو کارە دزێوە بێنە...

پێموتی: ئەو کارە ئازاری من و کوڕەکانمان دەدا... نەک هەر ئەوە، بەڵکوو خۆت لە بەرچاومان سوک دەکەی...

خۆت نازانی چەندێ زیانت لێ دەدا، بەڵام من دەزانم زیانمان لێ دەدا...

ئەگەر کوڕەکەت بە لاڕێدا چوو، پێت سەیر نەبێت... تووڕە و قەڵس نەبیت، چونکە لە خۆت دەکەن...

عەدی وەک باوکی بەخشندە و چاکە هەرکەس لە باوکی بکات زۆر پاکە

- مەگەر پێم نەگوتی: جگەرەکێشان زیادەڕەوی و ئیسرافە؟ باشە بۆ ئەو پارە ئاگری پێوە دەنێیت و دەیکەیتە دووکەڵ و هەناوی خۆتی پێ ڕەش دەکەیتەوە، نایدەی بە ژن و منداڵەکانت؟

مەگەر پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرمووە: «دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ فِي رَقَبَةٍ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ. أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ». رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: دیناری لەپێناو خوادا بیکەی بە خێر و دینارێک بیکەی بە خێر بۆ ئەوەی کۆیلەیەگ پێی ئازاد بێنت و دینارێک خەرجی بکەی بۆ ژن و منداڵەکانت، باشترین و گەورەترینیان ئەوەیە کە خەرجت کردووە بۆ ژن و منداڵەکانت.

جگە لەوەیش خۆ زانایان دەفەرموون: جگەرەکێشان حەرامە... پیس و خراپە، ئەوەتا خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ ۚ فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ

تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾ المائـدة: ١٠٠ واتـه: (ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) پێیـان بڵـێ: پیس و پاک یەکسان نین، هەرچەندە زۆریەتی ئەو پیسە سەرنجی ڕاکێشـا بیت، کەواتـە ئـەی هۆشمەندان لـە خـوا بترسـن و پارێـزکار بـن، بـۆ ئـەوەی سـەرفراز و سـەرکەوتوو بـن.

کەوایـە جگەرەکێشـان مـاڵ بەفیڕۆدانـە... درەنـگ یـان زوو، وێرانکردنـی بونیاتـی لاشـەیە... بەخـوا وەک ئـەوە وایـە مـرۆڤ هێـدی هێـدی خـۆی بکـوژێ...

- ژنێک دەڵێ: نەک جارێک و دوو جار، بەڵکوو سەدان جار ئامۆژگاری مێردەکەم کرد بۆ ئەوەی واز لە جگەرەکێشان بێنێت... جارێ بە قسە... جارێ بە پێدانی کتێب و نامیلکە... جارێ بە وتاری تۆمارکراو... جارێ بە بێزاریدەڕبرین لە بۆنی ناخۆشی جگەرە... وام لێهات ئیتر خەریک بوو نائومێد دەبووم... لە دڵی خۆمدا وتم: با هەوڵێکی تر بدەم...

شـەوێک جوان جوان خـۆم ڕازاندەوە بـۆ مێردەکـەم... پێش ئەوەی ئەو بێتەوە پیازێکی تونـم لـەت کرد و بـە کاڵی و بەڕووتی خواردم...

مێردەکـەم هاتـەوە بـۆ مـاڵ... منیش پێشوازیم لێکرد و باوەشـم پیا کرد... بۆنی پیازەکە بێزاری کرد...

نەک جارێک چەند جارێک ئەو کارەم دووبارە کردەوە...

دوای ئـەوەی توانـای خۆڕاگـری نەمـا، ناوچاوانـی دا بـە یەکدا و وتـی: ئـەوە تـا کـەی پیاز ئەخـۆی؟ پیـاز... پیـاز... پیـاز... نەبڕایـەوە؟

منیش یەکسـەر وتـم: تاکەی جگەرە دەکێشی؟ دووکەڵ...دووکەڵ... دووکەڵ... نەبڕایەوە؟

هەر ئەو شەوە بەڵێنی دا کە ئیتر واز لە جگەرەکیشان بێنێت...

- ئەگـەر مێردەکـەت جگەرەکێشـە، تەنیا ئـەو کارە خراپـەی مەبینـە، بەڵکوو کارە چاکەکانیشی ببینـە... بـەو جـۆرە دەتوانـی خۆڕاگربیت و هێدی هێدی بتوانی جگەرەکێشانی پێ تـەرک بکـەی...

ئەوەیش لە بیر نەکەی کە ئەوەی بە نەرمی و دەمی بە بزە و پێکەنین و گلەیی دەکرێ، بە تووڕەبوون و تۆران و پرتەوبۆڵە ناکرێ... چاکە بە ڕووی خۆشەوە دەکرێ... بە قسەی خۆش دەکرێ... بەوە دەکرێ لە خۆشی و ناخۆشی مێردەکەتدا هاوبەش بیت...

لە کۆتاییدا: ئەوەت لەبیر نەچێ کە پەنا بەریتە لای خوا... لێی بپارێیتەوە... لە بیرت بێ کە خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا فەرموویەتی: «أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي فَلْيَظُنَّ بِي مَا شَاءَ». رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ وَالْحَاكِمُ. واتە: من لەگەڵ ئەو گومانەی بەندەکانی خۆمدام کە بە منی دەبەن، با بە ئارەزووی خۆیان گومان بە من ببەن.

دیسان دەفەرموێت: أنا عند ظن عبدي بي إنْ ظَنَّ خَيْراً فَلَهُ وَإِنْ ظَنَّ شرا فله. رواه احمد. واتە: من لەگەڵ ئەو گومانەی بەندەکانی خۆمدام کە بە منی دەبەن، ئەگەر گومانی باشیان بە من برد، ئەوە باشیان بۆ دەکەم، ئەگەریش گومانی خراپیان بە من برد ئەوە خراپیان بۆ دەکەم.

***

لەنێوان دایك و ژندا...

- ئەوەی کە ژن و خەسوو، ژن و دش، پێکەوە ناگونجێن، ئەوە شتێکی بەربڵاوە و مەشهورە... ئەوە بووە بە مۆتەکە و مێردەزمەی پیاوان...

جاری وا هەیە پیاو دەکەوێتە نێوان دوو بژاردە کە شیرینەکەیان وەک کەکرە تاڵە... لە لایەک دەیەوێ دڵی دایکی بداتەوە و ڕازیی بکا... لە لایەکیش بەختەوەری ژنەکەی دەوێ...

پیاو ئەگەر هەندێ خۆڕاگری و ژیری هەبێت دەتوانێ بەو ئامانجەی خۆی بگا... ئەو هەنگاوە گەورەیە بنێ... دەزانێ چۆن پێویستییەکانی دایکی جێبەجێ بکات و وەڵامی داخوازییەکانی ژنەکەیشی بداتەوە...

- باش لە هەڵوێستەکان تێبگە... بزانە هەستە ڕاستەقینەکانی ژنەکەت بەرامبەر دایکت چییە و چۆنە؟

- لە بەرچاوی دایکتدا هەموو شتێکی ژنەکەت پشتگوێ مەخە...

ئەگەر هەستت کرد بە هەبوونی دایکت نیگەرانە یان تووڕەیە، دەبێت سەرەتا هۆکارەکەی بزانی...

- لە لایەکی تریشەوە نابێت هەستەکانی دایکت پشتگوێ بخەی... لەوانەیە زۆر جار دایکت لەوە بترسێ کە تۆ گرنگی پێ نەدەی...

قسە لەگەڵ هەردووکیاندا بکە و گوێ لە هەستەکانیان بگرە...

- کاتێک پێکەوە سەردانی دایکت دەکەن -ئەگەر دەزانێ دایکت و ژنەکەت- پێکەوە تەبا نین و لە یەک دەخوێنن، ئەوا با سەردانەکانت کورت بێت... کەشێکی وا ساز مەدە کە بتوانن بە گژ یەکدا بچنەوە... وا مەزانە هەتا زیاتر بمێنیتەوە ئەوانیش زیاتر خوو بە یەکترییەوە دەگرن و نێوانیان خۆش دەبێت...

هەتا زیاتر دانیشی زیاتر ماوەیان پێ دەدەی بە گژ یەکدا بچنەوە...

- باسی گەورەیی و چاکی و دڵپاکی دایکت لە لای ژنەکەتدا بگێڕەوە...

- هەرگیز بیر و بۆچوونی خراپی دایکت لە لای ژنەکەتدا باس مەکە...

- با قسەی نێوانتان سوور و ساف و بێ پێچ و پەنا بێت...

- بواری ئەوە مەڕەخسێنە کە ئەمیان قسەی ناخۆش لەویتر ببیستێ و ئەویتر قسەی ترش و تاڵ لەم ببیستێت...

- مەهێڵە بە گژ یەکدا بچنەوە و قسەی ناشیرین بە یەکتر بڵێن، ئەوە کاری لە پێشینەی تۆیە...

- هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ناکۆکیدا، بەرەنگاریان بەوە، جارجار بە قسەی نەرم، بەڵام جار جاریش پێویست دەکات توند بیت...

- ئەگەر یەکێکیان زیاتر تووڕە بوو، ئەوا گوێ لە سکاڵاکەی بگرە، بەڵام بوار مەدە ورد و درشتی بەسەرهاتی کۆن و نوێ دووبارە بکەنەوە...

- بە تەنیا قسە لەگەڵ هەردووکیانا بکە... مەهێڵە لە بەرچاوی تۆدا شەڕە قسە بکەن...

- ژنەکەت وا تێبگەیەنە کە تۆ کەسێکی گرنگی لەنێو هەردوو بنەماڵەدا، بۆیە کارێک بکە کە ڕێزت بگرێ و سنوور تێنەپەڕێنێ...

- خۆت لە کێشەکان بە دوور بگرە، بەڵام چاودێری بکە... هەوڵ بدە بە جۆرێکی ژیرانە ئاگری تووڕەیی هەردولا بکوژێنیتەوە...

- زۆریان لێ مەکە یەکتریان خۆش بوێت...

- هەندێ قانون و یاسایان بۆ دابنێ... با دایکت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانتدا خۆی هەڵنەقورتێنێ... ژنەکەیشت کارێک نەکات کە منداڵەکانت سەردانی نەنکیان نەکەن...

- من نەخۆشێکم هەبوو... پیرەژنێکی بەتەمەنی پەککەوتە و بەسالاچوو بوو... پیاوێک و ژنێکی لەگەڵدا بوو، پیاوەکە کوڕی پیرەژنەکە بوو... مامۆستای زانکۆ بوو، ژنەکەیش بووکی بوو، ژنی ئەو پیاوە بوو... پیاوەکە وتی: ئەمە ژنەکەمە، چواردە ساڵە خزمەتی دایکم دەکات... نەیهێشتووە یەک شەو بە تەنیا بنوێ...

کەسوکاری مێردەکەم ڕقیان لێمە...

- خوشکێک نامەیەکی نووسیبوو، نامەکە سەبارەت بەوە بوو کە خزم و کەسوکاری مێردەکەی ستەمی لێدەکەن و ڕقیان لێیەتی...

نووسیبووی:

من هەمیشە چاکە لەگەڵ ئەواندا دەکەم، کەچی ئەوان بە خراپە وەڵامم دەدەنەوە...

زۆر جار لە هەڵە و خراپەکانیان دەبووڕم، بەڵام ئەوان بۆچوونیان سەبارەت بە من ناگۆڕن...

لە بەرچاوی مێردەکەم بە تەنیا بە هەموو جۆرێک خراپەم لەگەڵدا دەکەن هەرچیان لە دەست بێت دەیکەن...

خۆیان گومانی بەد بە من دەبن و دوایی بە مێردەکەم دەڵێن: ئەوە و ئەوەی کردووە، کەچی منیش بێئاگام...

لە ناخی دڵەوە بەشداری خۆشی و ناخۆشی ئەوانم کردووە، مەبەستیشم دووڕوویی و ڕیا و ڕووپامایی نەبووە...

تاکە کەسێکی ئەوان بەشداری خۆشی و ناخۆشی منی نەکردووە...

من مێردەکەم خۆش دەوێ... ئەویش منی خۆش دەوێ، بەڵام خراپەی کەسوکاری تەواو منیان بێزار کردووە...

مێردەکەیشم بەرگریم لێ ناکات...

هەمیشە بە ڕوویاندا پێدەکەنێت... سەریان لێ دەدات... قسەی لەگەڵ ئەواندا خۆشە... وەک بڵێی: هیچ ڕووی نەداوە...

- تۆ هەمیشە بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکە... بێزار مەبە... ئیمڕۆ یان سبەی ئەوان دەگۆڕێن...

- چاوپۆشی لە خراپەکانیان بکە... لە ڕابردوو خۆشبە... لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەرەوە... ڕێزیان لێبگرە...

- مەهێڵە سنوور ببەزێنن... مەهێڵە بێڕێزیت پێ بکەن...

- ئەگەر تۆ دڵنیای کە مرۆڤێکی باشی، مەهێڵە قسەی ئەوان کارت تێبکات...

- دەتوانی کەمێک سەردانیان کەم بکەیتەوە، باشتر وایە بەهێز بیت، خۆڕاگربیت، بە ئاکار و ڕەفتاری جوان ڕووبەڕوویان ببەوە، مەڕوخێ، خۆت بە لاواز پیشان مەدە...

- نێوان خۆت و دڵی کەسوکاری مێردەکەت بە کراوەیی بهێڵەوە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ٣٤﴾ فصلت: ٣٤ واتە: (تۆ ئەی باوەڕدار) بە جوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە و نادروستی ببەوە، ئەو کاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی کە لەنێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی و ساردییەک هەیە؛ دەبێتە دۆستێکی دڵسۆز و گیانبەگیانی.

- ئەگەر قسەیەکی ناخۆشت لێ بیستن، وابزانە هیچت نەبیستووە، ئەو لە مالّی خۆی، تۆیش لە مالّی خۆت... دەی ئیتر بۆ بە قسەیەکی ئەو مالّەکەی خۆت دەکەی بە زیندان؟ بۆ بەختەوەری لە خۆت تێکدەدەی؟

- چاکە بکە و بیدە بە ئاوا... ئەوە پەندێکی جوانی پێشینانە. ئەگەر چاکە لای خەڵک ون بێت، خۆ لای خوای گەورە ون نابێت... سڵاوی خوا لەو شاعیرە بێت کە فەرموویەتی:

چاکەکار هەرگیز بێبەرهەم نابێت
گەر لێرە نەیبێ، لەولا هەر دەیبێ

❁❁❁

دڵی ماڵە خەسوو بە دەست بێنە (١)

- هەوڵ بدە لێی تێبگەی... هەوڵ بدە بزانی پەیوەندی نێوان مێردەکەت و دایکی چۆنە...

- ناوە ناوە لەگەڵ مێردەکەتدا باسی ڕۆژانی منداڵی مێردەکەت بکە، بەڵام لە بەرچاوی کەسوکاریدا...

- هەوڵ بدە لەو ئەزموونانە تێبگەی کە خەسووت لە ماوەی ژیانیدا پەیدای کردووە... بزانە ئارەزووی چییە؟ دەیەوێ چۆن منداڵەکانی پەروەردە بکرێن... بە گشتی بزانە کەشوهەوای ماڵە خەسوو و خەزورانت چۆنە؟

هەموو ئەو شتانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی لە کەسایەتی ماڵە خەسوو تێبگەی... ئەوانە ڕێگرن لە بەرامبەر ئەو وردە هەڵانەی کە دەبنە هۆی پچڕانی نێوان تۆ و ئەوان...

- ئەو بیرە نەرێنییە کە لە مێشکی زۆربەی تازەبووکەکاندا بەرامبەر ماڵە خەسوو دروست بووە، لە مێشکی خۆتی بسڕەوە... وا مەزانە کە هەموو خەسوویەک زماندرێژە... بووکی خۆش ناوێ... گوێ لە قسەی هاوڕێ و دۆستەکانت مەگرە...

- ڕێزی خەسووت بگرە... وا مەزانە ئەو تەنیا دایکی مێردەکەتە و بەس... خۆ ئەو هەر خەسووت نییە، بەڵکوو نەنکی منداڵەکانتە. مرۆڤە. تەمەنێکی تێپەراندووە... لەوانەیش زیاتر ئەویش وەک تۆ ژنە... بۆیە دەبێت ڕێزی بگیرێت...

- هەمیشە هەواڵی بپرسە... قسەی خۆشی لەگەڵدا بکە... نوکتەی خۆشی بۆ بگێڕەوە...

- هەندێ جار پرس و ڕاوێژی پێ بکە... با بزانێت کە تۆ گرنگی پێ دەدەی...

- جارجـار داوای ئامـۆژگاری لـێ بکـه... ئـەوه لـه هەمـوو شـتێک زیاتـر نێوانتـان خـۆش دەکات...

- هەمیشـه لای مێردەکەتدا باسـی چاکەی دایکت بکـه... پیی بڵێ: جارجـاره دیارییەکی پێشـکەش بکـه... ئیتر گرنگ نییه گەورەبێ یـان بچووک، گرنگ ئەوەیـه دیـاری بێت...

- ئەگـەر ئەویش جارجـار لـه پەروەردەکردنی منداڵەکانـدا هاوبـەش بـوو، متمانـەت پێـی هەبێت... لەوانـه شـێوازی پـەروەردەی کەسـێک بـۆ کەسـێکی تـر جیـاواز بێت، بـەڵام ئـەوەت لەبیـر بێت کـه ئـەو پێش تـۆ منداڵـی پـەروەردە کـردووه... بـه جوانـی و رێکوپێکـی منداڵەکانـی خـۆی بـار هێناوه... بـه بەڵگـەی ئـەوەی کـه تـۆ کوڕەکـەی ئـەوت خـۆش دەوێ...

بـه ئامـۆژگاریکـردن بێـزاری مەکـه... کارێـک مەکـه وا هەسـت بـکا کـه تـۆ متمانـەت بـه نەنکایەتـی ئـەو نییـه... باپیـر و داپیـر رۆڵێکـی زۆر گـەوره دەبینـن لـه ژیانـی منداڵانـدا، بـەڵام زۆر ئاسـاییه ئەگـەر کێشەیەکـی پێشـکەش بکـەی کـه باسـی چۆنیـەتی هەڵسـوکەوتی نەنک بکات لەگـەڵ نەوەکانـی...

- خـۆت بپارێـزه لـەوەی کـه هەمـوو جارێـک لـه کاتێکـی دیـاری کراودا سـەردانی ماڵـه خەسـوو بکـەی... بـۆ نموونـه: هەمـوو ئێوارانێکی هەینـی...

ئەگـەر هەمـوو جارێـک لـه کاتێکـی دیـاری کـراودا سـەردانتان کـرد و جارێـک بۆتـان نەکـرا سـەردانیان بکـەن، ئـەوا وا تێدەگـەن کـه تـۆ مێردەکـەت لـەوان کـردووه و ناهێڵـی بـڕوا بـۆ لای دایـک و خوشـکەکانی...

- منداڵەکانـت فێـر بکـه کـه گرنگـی بـه داپیـره و باپیرەیـان بـدەن... پرسـیاریان لـێ بکـەن...

- ئەگەر جارێک لە جاران خەسووت لە شتێکی تایبەت بە تۆ خۆی هەڵقورتاند، زۆر بە زیرەکی و وشیارییەوە خۆتی لێ ببوێرە...

لەو کاتانەدا بە خۆت بڵێ: ئەگەر ئەوە دایکی خۆم بوایە چۆن وەڵامم دەدایەوە؟ کاردانەوەم چیبوو؟

- کوڕەکەت فێر بکە کە ئەگەر گەورە بوو و ژنی هێنا، چۆن مامەڵە لەگەڵ تۆ و خوشکەکانی بکات... ڕێک وەک ئەوەی خۆت مامەڵەت لەگەڵ خەسوو و دشەکانتدا کردووە...

- ئەگەر خەسووت پیرە و بە سالاچووە، جار جار جلوبەرگەکانی بگۆڕە و بۆی بشۆرە... خۆی ببە گەرماو و بیشۆرە... وابزانە دایکی خۆتە، چونکە خەسوو لە جێی دایکە...

- لە بیرت نەچێت، هەموو جارێک داوای نزای خێری لێ بکە... پێی بڵێ: پووری گیان نزای خێر بۆ خۆم و کوڕەکەت و کوڕەزاکانت بکە... پێویستمان بە نزای خێری تۆیە... نزای دایک بۆ منالەکانی گیرایە...

دڵی ماڵە خەسوو
بە دەست بێنە (٢)

- هەرگیز کێبڕکێ لەگەڵ خەسووتدا مەکە... جێگەی خەسووت لە دڵی مێردەکەتدا جیاوازترە لە جێگەی تۆ لە دڵیدا... بۆیە هەرگیز هەوڵ مەدە کێبڕکێی لەگەڵدا بکەی...

بۆ نموونە: ئەگەر خەسووت لە دروستکردنی چێشتێکدا بەناوبانگ بوو، تۆ هەوڵ مەدە لەو جۆرە چێشتە دروست بکەی، بۆ نموونە خەسووت دۆڵمە، یان سەروپێ زۆر خۆش لێدەنێ، تۆ هەوڵ مەدە دۆڵمە و سەروپێ لێبنێ و کێبڕکێی لەگەڵدا بکەی، چونکە ئەگەر لەو خۆشتر لێبنێی دەبێتە ڕقێک لە دڵی خەسووتدا، ئەگەر وەک ئەویش دەرنەچێ دەبێتە ڕق لە دڵی خۆتدا... من چێشتم بە نموونە هێنایەوە، تۆ خۆت هەموو شتەکانی تر بە پێودانگی چێشت هەڵسەنگێنە و بەراوردیان بکە...

- باسی هەموو شتێکی تابەتی خۆتی لە لامەکە... هەرگیز کێشەی خۆت و مێردەکەت لای خەسووتدا باس مەکە...

- هەرگیز لە لای خەسووتدا ڕەخنە لە مێردەکەت مەگرە... سکاڵای لە دەست مەکە، چونکە خەسووت وا دەزانێ تۆ سوکایەتی بە پارچەیەک لە جەرگی ئەو دەکەی... ئەوکات سەنگینی خۆت لای خەسووت لە دەست دەدەی...

- سەودا لەگەڵ سەربەخۆیی خۆتدا مەکە... کاتێک مێردەکەت دەتبینێ ڕۆژێک لەگەڵ ئەودا سەرت داوە لە دایکی ئەو، ئەو پێی خۆشە و سەربەرزە، بەڵام ئەوەیشت لەبیر بێت کە تۆیش ناوە ناوە ئەوان داوەت بکە و لە ماڵی خۆتدا پێشوازییان لێ بکە...

- کاری مەکە خەسوو غیرەت لێ بکا، کاری مەکە ئەو وا تێبگا کە تۆ تەنیا بە بردنی کوڕەکەی نەوەستاوی و ئێستا ئەتەوێ مێردەکەیشی بخەیتە چەپەری خۆتەوە...

دەبێت ئاگات لە غیرەی مرۆڤی بە تەمەن بێت... لە لای خەسووتدا گاڵتەوگەپ لەگەڵ مێردەکەتدا مەکە...

باسی خۆشەویستی و ئەوینی خۆت و مێردەکەتی لە لا مەکە...

- ئەوەت لە بیر بێت کە ئەویش مافی هەیە بەسەر مێردەکەتەوە... یەکێک لە ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە ئەوەیە کە خەسووت کوڕێکی بچووکی گەورە کردووە و ئێستا بووە بە مێردی تۆ... کەوایە دەبێت سوپاسی بکەی... - ئەم قسە پێچەوانەکەیشی ڕاستە، دەبێت پیاویش سوپاسی خەسووی خۆی بکات، چونکە ئەو بەرهەمی ژیانی خۆی داوەتە دەست ئەو و بووە بە ژنی-.

- ئەو خەیاڵپڵاوییە لە مێشکی خۆتدا بسڕەوە کە خەڵک وێنایان کردووە و خەسوویان وەک گورگی برسی پیشانی بووک داوە... بە تایبەت ئەمڕۆژانە ئەو فیلمانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەبنەوە -بە داخەوە- دش و خەسوو وەک گورگی درەندە وێنا دەکەن - ئێتر کێ وای لێدێ هەر کە مێردی کرد، یەکسەر دش و خەسوو بە دوژمنی خوینخوارەی خۆی دەزانێت... یەکسەر سەنگەریان لێ دەگرێ... ئێ بابە وەڵڵا وا نییە...

- ورد و درشتی ئەو شتانە مەگێڕەوە بۆ مێردەکەت کە لەنێوان تۆ و مێردەکەتدا دەگوزەرێ... ئەگەر ناکۆکییەک کەوتە نێوان تۆ و خەسووتەوە، بە هەڵوەراندنی فرمێسکێک دڵی مێردەکەت ڕاو مەکە و مەیخە داوەوە...

- میردەکەت هان بدە بۆ ئەوەی زوو زوو سەر لە دایکی بدات... زۆری لێ بکە بۆ ئەوەی هەوڵی بپرسێ...

- ئەگەر مێردەکەت شتێکی وەک دیاری بە دایکی بەخشی، تۆ پێتناخۆش نەبێت و خۆتی تیا هەڵمەقورتێنە...

- منالەکانت وا ڕابێنە کە ڕێزی نەنکیان بگرن... ڕێزی پووریان بگرن... فێری ئەوەیان بکە سەردانی داپیرە و باپیرەی خۆیان بکەن...

- کاری مەکە مێردەکەی بکەوێتە دووڕیانی هەڵبژاردنی تۆ یان دایکیەوە... ئەو کارە ئاو بە ئاگری ناکۆکی نێوان بوک و خەسووداناکا، بەڵکوو فوی لێدەکات...

- بە وشەیەک بانگی بکە وابزانە خزمی پلەیەکی خۆتە، پێی مەڵێ: ئامۆژن، خاڵۆژن، بەڵکوو بە دایە یان پووری یان میمکە بانگی بکە...

- ئەگەر چوویتە سەفەر، دیارییەک -ئەگەرچی بچووکیش بێت- بۆ خەسووت بکڕە... ئەو دیارییە لای ئەو هەموو دونیا دێنێ...

چی بچێنی هەر ئەوە دەدووریتەوە...

نزیکەی سی ساڵ لەمەوپێش ژنێکی لەخۆبایی بووم، تازە شووم کردبوو... گوێزم بە کلک دەشکاند... دروشمی -ئازادی بۆ ژنان-م بەرز دەکردەوە...

ویستی خوای گەورە وابوو مێردەکەم لەبەر پرۆژەیەک ناچار بوو خانووەکەمان و هەموو کەلوپەلەکەی ناوی بفرۆشێ و بۆ چەند ساڵێک لەگەڵ خەسوومدا بژین... بەڵێ، چەند ساڵێک لەگەڵ خەسوومدا لە یەک خانوودا ژیاین... دەتوانم بڵێم: ئەو چەند ساڵە ناخۆشترین ساڵەکانی ژیانی ئەو ژنە داماوە بوو... ژن ژن نەبوو، فریشتەی خوا بوو... زۆر خۆراگر بوو...

بەداخەوە من ئامیان و هەوێنی ئەو ناخۆشییە بووم... هاوڕێکانم ئامۆژگاریان کردم کە (چاوی سوور) بخەمە کارەوە و نەهێڵم بە هیچ شێوەیەک بێتە نێو ژیانمانەوە... هاوڕێکانم هەمیشە منیان هان دەدا و دەیانگوت (خەسوو هەر خەسووە)... بۆیە منیش هەوڵم دەدا ئەو لە ژوورەوە بپەستێنم و خۆم ببمە خانمی یەکەمی ماڵەوە... بە چاوی میوانێکی ڕەزاگرانەوە لەو بڕوانم...

نازانم ئەو دەمە چۆن شەیتان هاتبووە بن کلیشەی من و ئەو تاوانەی بە من دەکرد؟ چۆن بە منی سەلماندبوو کە دەبێت پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆم بکەم...

هەموو جارێک جلوبەرگی ئەوم پاش هەموو جلوبەرگەکان دەخستە جلشۆرەکەوە، کاتێ دەمخستە نێو جلشۆرەکەوە لەو کاتە پاکتر و خاوێنتر بوو کە دەرم دەهێنایەوە... مانگی یەک جار ژوورەکەی ئەوم خاوێن دەکردەوە... بۆ یەک جاریش خواردنێکم

بۆ ئامادە نەکرد کە لەگەڵ تەمەن و نەخۆشی ئەوا بگونجێ...

ئەو ژنە داماوە وەکو کێو خۆڕاگر بوو... هەمیشە لێوبەخەندە و بزە بوو... ڕۆژ تا ئێوارە لە ژوورەکەی خۆی بوو... هەر خەریکی نوێژکردن و قورئانخوێندن بوو... بۆ دەستنوێژگرتن نەبێت نەدەهاتە دەرەوە... هەر جارێک خواردنم بۆ ببردایە بە تووندی دەمدا لە دەرگای ژوورەکەی و خواردنەکەم دەخستە ئەودیو دەرگاوە و دەگەڕامەوە...

مێردەکەم سەری بە پرۆژەی خۆیەوە قاڵ بوو... ئاگای لە مەحموی بێ زەواد نەبوو... ئەو داماوەیش هەرگیز ناڕەزایی دەرنەدەبڕی... هیچی نەدەگوت... هەرجارێ بیگوتایە: دایکە چۆنی؟ دایکی دەیگوت: ڕۆڵە سوپاس بۆ خوا زۆر باشم...

هەمیشە دەستەکانی بەرز دەکردەوە و لە خوا دەپاڕایەوە ڕێنوێنی من بکات...

هەرجارێک خۆم دڵم نەرم ببوایە و بەزەییم بەو داماوەدا بهاتایەتەوە، هاوڕێکانم تێژیان دەکردمەوە و دەیانکردم بە گورگی برسی... بە هەموو جۆرێک ئازارم دەدا... ئەویش لە نزای خێر زیاتر وەڵامی منی نەدەدایەوە...

هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بزانم بۆچی ئەوەندە خۆڕاگرە و هەرگیز لای مێردەکەمدا دەردەدڵێک ناکات... چاوی خۆبینی وای لێکردبووم کە کەسم نەدەبینی... تا وای لێهات تەواو نەخۆش کەوت... زانی کە کاتی مردن نزیک بووەتەوە... بانگی کردم، منیش بە بێزارییەوە لایدا وەستام... پێی وتم: ڕۆڵە! تا ئێستا وەڵامی تۆم نەداوتەوە... بۆ ئەوەی مااڵی کوڕەکەم تێک نەچێت... هەمیشە هەوڵم داوە تۆ چاک بکەم... زۆر جار بە مەبەستی ئەوەی بە خۆتدا بچیتەوە بە دەنگی بەرز لە خوا پاڕاومەتەوە ڕێنوێنیت بکا... کچی خۆم! ئەوەندەی خەمی تۆم لە دڵدایە ئەوەندە خەم بۆ خۆم

ناخۆم... دەترسم ئەوەی بەسەر منت هێناوە، بەسەرتدا بێننەوە... تۆ ئێستا وەک من دایکی... کەمێک دڵنەرمی بنوێنە... هیچ نەبێت با لەم ڕۆژانەی دوادوایی ژیانمدا بتوانم لێت خۆشبم...

ئەو قسانەی کرد و مرد... دای لە شەققەی باڵ و فڕی بۆ ئەو دونیا... چاوم پڕ بوون لە ئاو... فرمێسک بە چاومدا هاتە خوارێ، بەڵام سەد مەخابن ئەو نەیبینی... بۆ یەکەمجار ماچم کرد، بەڵام ئەو نەیزانی... پێش ئەوەی لە من خۆشبێت گیانی سپارد... ئەو مرد... مێردەکەم وایدەزانی بە جوانترین شێوە خزمەتم کردووە...

کوڕەکەم گەورە بوو... ژنی هێنا... نەیتوانی خانوویەک بۆ خۆی جەموجۆر بکات... پێموت: ڕۆڵە! دەی خۆ خوشکەکانت هەموویان مێردیان کردووە... باوکیشت مردووە... خانووەکەیشمان خانوویەکی گەورەیە... منیش تەنیام... وەرن لەگەڵ منداا بژین...

کوڕەکەم وتی: زۆر باشە... جا چی لەوە باشتر؟

من چیم بە خەسووم کرد، ئێستا ئەو بە منی دەکات... منیش نارەزایی دەرنابڕم، چونکە دەزانم ئەوە تۆڵەی خودای دادگەرە... خۆم بە خۆمم کرد... جگە لە ئارامگرتن نەبێ هیچیتر ناکەم... لە خوا دەپارێمەوە لە گوناهم خۆشبێت...

ئێستا ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە خوای گەورە ماوەیەک مۆڵەتی مرۆڤ دەدا، بەڵام هیچی لێ ون نابێت... مێژوویش زۆر جار دووبارە دەبێتەوە...

بووکە گیان! خەمی من ئێستا بۆ تۆیە نەک بۆ خۆم... دەترسم تۆیش بە هەمان ڕێی منداا بچی...

چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسوکاری ژنەکەتدا دەکەیت؟

- یەکێک لە پادشاکان کچە هەژارێکی هێنا... کچەکە هەم جزان بوو، هەم دیندار... هەرجارێک ئەم پادشایە لەنێو خەڵکدا خەزووری خۆی ببینیایە لە ئەسپەکەی دادەبەزی و تەوقەی لەگەڵ خەزووری دەکرد و دەستی دەکردە ملی و سەری ماچ دەکرد...

پێیان وت: خۆ تۆ پادشای، بۆ وا دەکەیت؟

پادشا زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: بۆیە وا دەکەم تا لە بەرچاو کورەکانمدا ڕێزی باوکی دایکیان بگرم... بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕێزی دایکیان بگرن...

- مەبە لەمپەر لە بەرامبەر ژنەکەتدا، با سەردانیماڵی باوکی بکات... با سەردانی کەسوکاری خۆی بکات... تۆ خۆت لە جێی ژنەکەت دانێ... باوکی هەیە، برای هەیە، کەسوکاری هەیە... بیریان دەکات... مافیان هەیە بە سەریەوە...

- لای خزمەکانیدا پەسنی بدە و بڵێ: زۆر بە جوانی ماڵ و منداڵەکان بەخێو دەکات... لە بواری پەروەردەدا زۆر سەرکەوتووە...

- پەیوەندی باش لەگەڵ ژنبراکانتدا گرێ بدە... جار جارە هەواڵیان بپرسە... بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە بکە... نامەیان بۆ بنێرە...

- وەک ئەندامێکی خێزانەکەیان هەڵسوکەوت بکە... لەسەر کۆشکێکی بڵندەوە لێیان مەڕوانە... تۆیش ئەندامێک بە لەو خێزانە... لەگەڵیان دابنیشە... قسە و گفتوگۆیان لەگەڵ بکە... جار جارە دیارییان پێشکەش بکە... داوەتیان بکە بۆ ماڵەوە... کارێ مەکە ئەوان بە بێگانەت بزانن...

- لە لای ئەواندا هەرگیز باسی دەوڵەمەندی و هەژاری خۆت یان هی ئەوان مەکە... باسکردنی سەروەت و سامان شتێکی هەستیارە... زۆر جار تێڕوانینی مرۆڤی پێ دەگۆڕێ... بۆیە هەتا دەتوانی خۆت لەو جۆرە باسانە بەدوور بگرە...

- هەواڵی خزم و کەسوکاریان بپرسە... ناوی خزمە نزیکەکانی ژنەکەت لەبەر بکە و بیانناسە... بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر ڕێزت بگرن...

- کاتێک منداڵێکتان دەبێت، پرس بە خەسوو و خەزوورت بکە و بڵێ: بە بۆچوونی ئێوە ناوی بنێین چی؟

ئەگەر ئەوان زۆر ناوێکیان پێ خۆشبوو، ئەو ناوە لە منداڵەکەت بنێ... ئەگەر زۆر ڕقیان لە ناوێک بوو، ئەو ناوەی لێ مەنێ...

- لای خزم و کەسوکاری خۆتدا بە باشە و چاکە باسی خزم و کەسوکاری ژنەکەت بکە... ڕێزیان لێ بگرە... با لەنیوان خزمی هەردووڵادا ڕێز و خۆشەویستی دروست ببێ...

- ئەوەت لەبیر بێت کە مەبەستی هەموو دایکێک لە بەمێرددانی کچەکەی ئەوەیە کە کچەکەی ئاسوودە بێت... بچێتە ماڵی خۆیەوە... ببێ بە دایک... ئەگەر تۆیش دەتەوێ لەگەڵ ژنەکەتدا بە بەختیاری بژین، ئەوا دەبێت ڕەزامەندی خەسوو و خەزوورت بە دەست بێنی... مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە بتوانێ ڕەزامەندی ماڵە خەزووری بە دەست بێنێ...

- خەسوو و خەزووری خۆت خۆش بوێ، بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە...

- تۆ چۆن پێتخۆشە ژنەکەت ڕێزی خزم و کەسوکارت بگرێ، بە هەمان شێوە ژنەکەیشت پێی خۆشە تۆ ڕێزی خزم و کەسوکاری ئەو بگری...

- ژنێک دەڵێ: ڕێزی کەسوکارم بەندە بە ڕێزی خۆمەوە، سووکایەتیکردن بەوان، سووکایەتیکردنە بە من... تۆ دەتەوێ هەرجارێک خزمەکانت هاتنە ماڵەکەمان من بە ڕوویەکی خۆشەوە خێراتنیان بکەم، دەی مافی خۆم نییە منیش پێم خۆشبێت تۆیش بە ڕووی خۆشەوە خێراتنی خزم و کەسوکاری من بکەیت؟ خۆشەویستەکەم! من چۆنم بۆ تۆ، تۆیش ئاوابە بۆ من...

نامەیەك بۆ خەسووەكان...

- یەكێك لە هۆكارەكانی ناكۆكی نێوان بووك و خەسوو كێشەی منداڵنەبوونە...

كاتێ بووكەخان ماوەیەك منداڵی نابێت، خەسوو نیگەران دەبێت... جا هەتا منداڵبوون دوا بكەوێ خەسوو زیاتر نیگەران دەبێت... نێوان بووك و خەسوو وردە وردە ناخۆش دەبێت... خەسوو هەوڵ دەدات كۆڕەكەی ڕازی بكا بۆ ئەوەی ژنێكی تر بێنێت بۆ ئەوەی منداڵیان ببێت... جا لەبەر ئەوە بووك ڕق لە خەسوو هەڵدەگرێ و سەنگەر لە یەكتر دەگرن...

خۆ بووكە ناهەقیشی نییە، چونكە خەسوو دەیەوێ ژیانی لێ تاڵ بكات و هەوەیەكی بۆ پەیدا بكا... هەر لەبەر ئەوە بەیانی و ئێوارە لە بووكە دەپرسێ: ئەرێ ئەوە چبوو؟ دووگیان نەبووی؟

كاكی زاوایش فێر دەبێت قسەكانی دایكی دووبارە بكاتەوە و تاوێ نە تاوێ بە ژنەكەی دەڵێ: چیبوو دووگیان نەبووی؟ وەك بڵێی بووكە بەرپرسی دووگیانبوونە...

دەبێت خەسوو لە كاتی ئاوهادا وەك قەڵا بێت بۆ بووكەكەی... یارمەتی بدا... زۆر ژن هەیە پاش تێپەڕینی چەند ساڵێك و دوای بێئومێدبوون دووگیان دەبێت...

ژنی وا هەیە كۆمەڵێك كچی دەبێت... خەسووخان دەم و لچی لێ دەدا بە یەكدا... هەموو ڕۆژێك پێی دەڵێ: ئەمجارە دەبێت كوڕت ببێت... تەنانەت ناویش بۆ كورەكە دیاری دەكات... بووكی داماویش نازانێ چی بكات؟ خۆ بە دەستی ئەو نییە... خەسوویش كوڕەكەی ڕازی دەكات بۆ ئەوەی ژنی دووەم بێنێ بۆ ئەوەی لەسەر خێران ببێت بە باوكی كوڕان...

- جاری وا هەیە ناکۆکی نێوان بووک و خەسوو لەبەر ئەوە سەر هەڵدەدا، بووکەخان گوێ ناداتە ناومال... منداڵەکانی پەروەردە ناکات، یان گوێ ناداتە خۆی... کارێک ناکا مێردەکەی بە دڵی بێت...

بێگومان دایک بە دڵخۆشبوونی کوڕەکەی دڵخۆش دەبێت... دەی ئیتر خەسوو چۆن دەتوانێ بووکێکی خۆش بوێت کە کوڕەکەی خۆشی ناوێ؟

- جاری وا هەیە کێشە لەسەر ئەوە دەست پێ دەکات کە کێ هەستێت و کاری نامال لە ئەستۆ بگرێ؟

حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوای لێ ڕازی بێت، کاتێت خاتوو فاتیمەی مارە کرد، هەستا و کارەکانی هەموو لەنێوان دایکی و فاتیمەدا دابەشی کرد... هەر کارێک شیاوی هەرکامیان بوایە، بەوەیانی دەسپارد...

- جاری وا هەیە بووکەخان زۆر کەشخە و جوان نییە... خەسوو پێی وایە دەبوو کوڕەکەی ژنێکی جوانتری هێنابا...

بێگومان جوانی سەر و سیما هەموو شتێک نییە... ئاکار جوانی... قسەخۆشی... ڕۆحسووکی... ئەمانە لە جوانیی سەر و سیما گرنگترن...

باشە بۆ خەسوو پێی ناخۆشە بووکەکەی زۆر جوان نییە... کوڕەکە خۆی عاشقی بووە و دڵی چووەتە سەری، خۆ بە زۆر پێیان نەهێناوە؟ هەرکاتێ کەسێکی ئەویندار لەسەر دڵبەرەکەی سەرکۆنە بکرێ و پێی بڵێن: کوێی جوانە؟ دڵت لە کوێی چووە؟ دەڵێ: من بە چوای خۆم دەیبینم، نەک بە چاوی ئێوە...

زۆر ژنی جوان هەبووە بووەتە کێشە بۆ مێردەکەی، بەڵکوو بووەتە کێشە بۆ بنەماڵەیەک... زۆر ژنی وایش هەبووە جوان نەبووە، بەڵام بووەتە هەوێنی خێر و خۆشی بۆ مێردەکەی، تەنانەت بۆ بنەماڵەی مێردەکەیشی...

- هەر خەسوویەک لە پاڵ کوڕەکەیدا نەحەسایەوە، ئیتر وادەزانێت خەتای بووکەکەیەتی... وا دەزانێت بووکی ناهێلێت ئەم خۆشبەخت ببێ...

چۆن دڵی بووکەخان بە دەست دێنی؟

- وەک کچی خۆت سەیری بکە... سۆزی بدەرێ...

- باسی هەڵەکانی مەکە... بە نەرمونیانی ئامۆژگاری بکە... ئەوەیش بزانە کە ئەو لە نەوەیەکە لە نەوەی سەردەمی ئێوە جیاوازە... دونیا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەگۆڕێ... سروشتی خەڵک دەگۆڕێ...

- بۆی ببە بە دایکێکی میهرەبان... بە خوشک و هاوڕێیەکی ڕاستگۆ... با ئەویش بە جۆرێکی شیاو مامەڵە لەگەڵ تۆدا بکات...

- مانای کوڕەکەت لە نزای خێر... لە خۆشەویستی... لە سۆز و میهرەبانی بێبەش مەکە...

خوشکەکەت خۆشەویستە...

زۆرێک لە پیاوان دوای ئەوەی خوشکەکانیان مێردیان کرد، ئیتر لێیان ناپرسنەوە... هەواڵیان ناپرسن... فەرامۆشیان دەکەن... دەڵێی ڕۆژێک خوشکیان نەبووە...

ئەیدەن بە دەستی مێردەوە و ئیتر وا دەزانن کە کاریان بە سەریەوە نەماوە و زاوا لێی بەرپرسیارە...

دەڵێی خوشک هیچ ڕۆڵێکی لە کایەی ژیانی ئەوانەدا نەبووە... گرێبەستی هاوسەرگیری واژوو کرا... کاڵا ڕادەست کرا و ئاو بێنە و دەست بشۆ...

- خوشکەکەت دوای مێردکردنیش هەر پێویستی بە تۆیە...

دوای مێردکردن زیاتر ئاتاجی سۆز و میهرەبانی تۆیە... پێویستی بە ڕاوێژکردنە لەگەڵ تۆدا... خەمی لە دڵدا مەهێڵە... ئامۆژگاری بکە... کاتێ تۆ سەردانی دەکەیت و هەواڵی دەپرسی، ئەو لە خۆشیدا شاگەشکە دەبێت... خەریکە بفڕێ...

ژنێک باسی ئەو کاتانە دەکات کە براکەی سەردانی دەکات و دەڵێ: کاتێ براکەم هەواڵم دەپرسێت، یان سەردانم دەکات، خەریکە لە خۆشیدا بفڕم... ئەو شەوە لای مێردەکەمدا هەر باسی براکەم دەکەم... باسی دڵسۆزی و خۆشەویستی و لێبووردەیی ئەو دەکەم.

بەڵێ... ئەو شانازی بە براکانیەوە دەکات... وەک بڵێی: مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە و زەنگی بۆ لێدەدا بۆ ئەوەی وشیار بێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان نەوێرێ خراپەی لەگەڵدا بکات، چونکە برای هەیە... پشتئەستوورە...

ژنێکی تر دەڵێ: جارجار بە ناچاری لای مێردەکەمدا درۆ دەکەم...

بە درۆوە پێی دەڵێم: براکەم سڵاوی لێدەکردی...

- ئەگەر تۆ هەواڵی خوشکەکەت بپرسی... هەواڵی مێردەکەی بپرسی... دڵنیایی و ئارخەیانی پێ دەبەخشی... وا هەست دەکات کە بە هەموو مافێکی خۆی گەیشتووە... لە چەقی خێر و خۆشیدایە... سڵاوێک و هەواڵپرسییەک و داوەتێک... وا لە خوشک دەکات ئەو ڕۆژە خۆی بە شای ئافرەتانی سەر زەوی بزانێ...

کاتێ مۆبایلی خوشکەکەت زەنگ لێدەدا و ناوی تۆی لەسەرە... بە دەنگێکی بەرز وەڵام دەداتەوە و قسەت لەگەڵدا دەکات... بۆ ئەوەی مێردەکەی گوێی لێبێت کە ژنبراکەی هەواڵی خوشکەکەی خۆی دەپرسێ... بۆ ئەوەی مێردەکەی گوێی لێبێت کە براکەی هەواڵی پرسیوە... خەمی ئەوی لە دڵدایە... پشت و پەنای ئەوە...

بەوجۆرە ژن لە بەرچاوی مێردەکەی ڕێزی زیاتر پەیدا دەکات... نەک جارێ، بەڵکوو هەزار جار گرنگی بۆ دادەنێ... زیاتر ڕێزی دەگرێ... زمانی حاڵی ئافرەتەکە دەڵێ: برا گیان -دوای خوای گەورە- تۆ پشت و پەنامی... بارودۆخ هەرچۆنێک بێت، هەرچەندێ ژیان ناخۆش بێت، من هەر خۆشیمە... تۆم هەیە...

- وریا بە! ژن و منداڵ و کێشەی ڕۆژانە و ژیان... ئەوانە لە خوشکەکەت نەکەن...

خۆ هەر ئەوەندە بەسە کە خوشکەکەت کچی دایکتە... ڕێحانە بۆنخۆشەکەی باوکتە...

- جوانترین و باشترین شتێک کە ژن لە دونیادا هەیبێت، برایە... شوێنی برا بە هیچ شتێ پڕ نابێتەوە...

با هەمیشە دەرگای خۆشەویستی نێوان تۆ و براکانت کرابێتەوە... ئەگەر ئەو دەرگایە دابخەن، ئەوا دەرگایەکی گەورەی خۆشەویستیتان داخستووە...

بە عەرەبێکی دەشتەکییان وت: کورەکەت مرد... وتی: پاداشتم بۆ نووسرا...

پێیان وت: براکەت مرد. وتی: پشتم شکا...

تازە برا نایەتەوە... دایک و باوکم لە کوێ بینمەوە تا برایەکی تریان بۆ من ببێت؟

- ئاگاتان لە خوشک و براکانتان بێت... مەهێڵن شەیتان بکەوێتە نێوانتانەوە... مەهێڵن کێشە و ئاریشەی ڕۆژگار خوشک و برایەتیتان لە بیر ببات‌ەوە...

یارمەتی مێردەکەت بدە بۆ سەرکەوتن (١)

- دەڵێن: لە پشت هەموو پیاوێکی گەورەوە ژنێک هەیە... تۆ هەرگیز بیرت لەوە کردووەتەوە ببی بە ژنێکی گەورە و لە پشتتەوە مێردەکەت بوەستی و بیکەی بە پیاوێکی گەورە؟

زۆربەی ژنان ئاواتیان ئەوەیە ببنە ژنێکی گەورە و لە پشت مێردەکانیان بوەستن و بیانکەن بە پیاوێکی گەورە، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی ئەو ئاواتە دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە و هەوڵی بۆ دەدەن...

ژنی باش و ڕاسڵ ئەو ژنەیە کە دەزانێ بەیانی تا ئێوارە مێردەکەی هەوڵ دەدات و ئارەق دەڕێژێ بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش بۆ ژن و منالەکانی پێک بێنێت...

جا ئەو ژنانە ئێوارە کە مێردەکانیان هاتەوە، کارێک دەکەن ئێش و ئازاری ڕۆژ لە بیر مێردەکانیان دەبەنەوە...

یارمەتی مێردەکەت بدە با بەرەو سەرکەوتن بڕوا... پەسنی هەوڵەکانی بدە... هانی بدە بەردەوام بێت... بەخشندە بێت...

مێردەکەت هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە کە تۆ لە ئێش و ئازارەکانی تێبگەی... قسەی خۆشی لەگەڵدا بکەی... هەر بە بینینی تۆ زۆربەی زۆری کێشەکانی لەبیر دەچێتەوە...

بەیەکەوە و بە مەبەستی ژیانی ڕێکوپێکتر و خۆشتر بە کێوی ژیاندا هەڵزنین... هەمیشە پێکەوە بن... پشتی یەکتر بگرن...

- لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گەنجێک لە کارگەی کارەبادا لە (دیترۆیت) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کاری دەکرد... حەفتانە یانزە دۆلاری هەبوو لە بەرامبەر یانزە کاتژمێر کاری

ڕۆژانه... ئەم گەنجە ئێواران دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە... لە پشتەوەی ماڵی خۆیان کوخێکیان هەبوو... ئەو سیانزە کاتژمێرەی کە کاتی پشوو بوو لەو کۆخە بوو... هەوڵی دەدا دینەمۆیەکی نوێی کارەبایی دروست بکات...

دایک و باوکی گەنجەکە کاری کۆرەکەیان پێ شێتانە بوو... دەیانگوت: بێسوود خۆت خەریک دەکەیت و پشوویەک نادەیت...

هەموو خزم و کەس و برادەر و ناسراوی گەنجەکە گاڵتەیان پێ دەکرد... تەنیا کەسێک کە پشتگیری بوو ژنەکەی بوو... هەمیشە هانی دەدا و دەیوت: من دەزانم سەرکەوتوو دەبیت... بە قسەی خەڵک سارد مەبەرەوە و هەوڵی خۆت بدە...

ئەو ژنە زۆر دڵنیا بوو کە مێردەکەی لە کۆتاییدا دەتوانێت ئامێرێکی نوێ دابهێنێ... هەر لەبەر ئەوە ئەو گەنجە نازانوی (دڵنیا) ی نا بە ژنەکەیەوە و بە (دڵنیا) بانگی دەکرد...

لە کۆتاییدا و دوای سێ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان گەنجەکە توانی ئەو شتەی کە مەبەستێتی دروستی بکات...

ساڵی ساڵی (١٨٩٣) بوو... تەمەنی ئەو گەنجە هێشتا نەگەیشتبوو بە سی ساڵ... دەرگای کوخەکەی کردەوە... لەپڕ عارەبانەیەکی گەورەی چوارتایە هاتە دەرەوە... نە کەس پاڵی پێوە دەنا، نە ئەسپ و گوێدرێژ ڕایاندەکێشا، بەڵکوو خۆی بەهۆی بزوێنەرێکەوە کاری دەکرد و ڕێی دەکرد...

بەڵێ، (هنری فۆرد) و ژنەکەی لە کۆتاییدا سەرکەوتن... ئامێرێکی نوێیان داهێنا کە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بوو بە شتێکی زۆر گرنگ...

هنری فۆرد زۆر بە شانازییەوە باسی ژنەکەی دەکرد...

خۆ ئەگەر بە هنری بوتری (باوکی ئەو داهێنانە)، بێگومان (کلارا)ـی ژنی هنری دایکی ئەو داهێنانەیە...

دوای چل ساڵ لە داهێنانی ئەو جۆرە پێشکەوتووەی ئۆتۆمۆبێل پرسیار لە هنری فۆرد کرا: ئەگەر جارێکی تر تەمەنت بۆ دووبارە ببێتەوە، چ ئارەزوویەکت دەبێت؟

هنری وتی: گرنگ نییە چ ئاواتێکم هەبێت، گرنگ ئەوەیە کلارام لا بێت...

یارمەتی مێردەکەت بدە
بۆ سەرکەوتن (٢)

- هەمیشە ئەوە بیر مێردەکەت بێنەوە کە لە کارەکانیدا نیێتیکی پاک و چاکی هەبێت...

- داواکاری یان کارێکی وا بەسەر مێردەکەتدا مەدە کە لە توانایدا نەبێت... با پەنا بۆ کار و شتی ناڕەوا نەبات...

- ئەوەت لە بیر بێت کە قسەی خۆش وەک سیحر و جادوو وایە... هەتا تۆ قسەت نەرمونیان و خۆش بێت، ئەویش زیاتر خەم و خەفەتی لەبیر دەچێتەوە... چەند ڕستەیەک هەیە دەبێت ژن زوو زوو بەکاری بێنێت و بیدا بە گوێ مێردەکەیدا، بۆ نموونە: خوا سایەی تۆ لەسەر ئێمە کەم نەکاتەوە... خوای گەورە بتپارێزێ... خوا یارمەتیت بدا... خوا تۆمان لێ نەسێنێتەوە... کاتێ ئەو قسانە دەکەیت و دەیدەی بە گوێی مێردەکەتدا سەیرێکی لێوەکانی بکە بزانە چۆن لە خۆشیدا بزەی دەکەوێتە سەر!

- ناڕەزایی لە کاری مێردەکەت دەرمەبڕە... کاتێ سەری قاڵە تۆ پرتەوبۆڵە مەکە...

- گرنگی پێ بدە... قسەیەک مەکە مێردەکەت سارد بکاتەوە... کارێک مەکە مێردەکەت وابزانێ لە کۆمەڵێ ناتەواوی و عەیبوعار پێک هاتووە...

- هەرگیز ڕەخنەی ڕووخێنەری لێ مەگرە... ڕەخنەی ڕووخێنەر نێوان ژن و پیاو دوور دەخاتەوە...

- پەسنی مێردەکەت بدە... کاتێ کارێک دەکات پەسنی ئەو کارە بدە... لەو کاتانەدا مێرد زۆر خۆشحاڵ دەبێت و شانازی بە خۆیەوە دەکات...

- هەمیشە کەشێکی لەباری بۆ ساز بکە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی بیر لە کارە گرنگەکان بکاتەوە... کەشێکی ئارام... کەشێکی پر لە ئاسوودەیی...

- کاتێک مێردەکەت باسی کارەکانی خۆی بۆ تۆ دەکات، بە جوانی گوێی بۆ بگرە...

- بەیانیان باسی کێشەی خێزانی لەگەڵدا مەکە... هەرچەند ئەو گفتوگۆیەیش گرنگ بێت، بەڵام دوای بخە بۆ کاتێکی تر، چونکە بەیانی زوو باسی کێشەی لەلا بکرێ ئەو ڕۆژە تا ئێوارە ناتوانێت بە باشی کار بکات...

- تێبینیەکە کە لە نەبوونی ئەودا تۆیش خەریکی کارێکی گرنگی... مال بەڕێوە دەبەی... منالەکان پەروەردە دەکەی... هەر کارێکیشت لە لا گرانە بە ڕاوێژکردن و یارمەتی ئەو جێبەجێی دەکەی...

- گرنگی بە شتە تایبەتەکانی ئەو بدە... نووسراو و لاپەڕە و دەفتەر و پێنوس و شتەکانی بە باشی هەڵبگرە با پەرتوبڵاو نەبنەوە... با هەرکاتێک هەواڵی پرسی ئامادە بێت و جێگاکەی دیار بێت...

- هەمیشە هەوڵ بدە لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی نزیک بکەیتەوە... ئەگەر زانیت چەند ئامانجێکی لە بیردایە کە هەرگیز نایەنە دێ و ئەستەمن، بە قسەی خۆش و نەرمە نەرمە بیهێنەوە بۆ لای ئامانجە ڕاستەقینەکان... هەڵزنان بە کێوی ئامانجە ناڕاستەقینەکاندا هەڵەیە... هیچ کەسیش لە دونیادا بێ هەڵە نییە، بەڵام مانەوە لەنێو هەڵەدا دەبێتە مایەی زەرەر و زیانی گەورە...

- کارێک بکە مێردەکەت متمانەی بە خۆی هەبێت... پەسنی کارە جوانەکانی بدە... باسی سەرکەوتنەکانی بۆ بگێڕەوە...

- هەوڵ بدە ئەو شتانەی بەرچاو بخەی کە ئەو تێیدا شارەزایە و خوا پێی بەخشیوە... زۆر کەس هەیە لە شتێکدا شارەزایە و خوا پێی بەخشیوە، بەڵام خۆی بە خۆی نازانێت... هەرکارێکی نەشیاویشی هەبوو ئاگاداری بکەرەوە بۆ ئەوەی وازی لێبێنێت... تۆ نزیکترین کەسی لە مێردەکەتەوە... دەبێت تۆ وریاترین کەس بیت و چاوی تۆ لەسەر مێردەکەت تیژترین چاو بێت، بەڵام ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە بە هێمنی و نەرمونیانی ڕەخنەی بونیاتنەری لێ بگری...

دایکی حەکیمی مەخزومی...

- خاتوو (دایکی حەکیم) کچی حارسی کوڕی هیشامی قوڕەیشی مەخزومی یەکێک بوو لەو ژنە مسوڵمانانەی کە پێویستە ژنانی مسوڵمان چاوی لێ بکەن و شوێنپێی هەڵبگرن، چونکە ژنێکی ژیر و لێوەشاوە و ماقوڵ بوو... بە ژیری و لێزانی هاتە ڕێی عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل... عیکریمە مێردی دایکی حەکیم بوو...

دایکی حەکیم وێنای ژنێکی مسوڵمانی باوەڕداری ژیری کرد، ئەو ژنانەی کە دەبنە یارمەتیدەری مێردەکانیان... دەبنە پاڵپشتیان... دەبنە قازانج بۆ دونیا و پەسڵانیان...

دایکی حەکیم مێردی بە سێ هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر(ﷺ) کرد... هەرسێکیان پلەی شەهیدییان بە نسیب بوو...

- دایکی حەکیم هەر بە منداڵی مێردی بە عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل کرد... لە غەزای ئوحود لەگەڵ عیکریمەی مێردیدا لە ڕێزی بتپەرەستان بەرامبەر مسوڵمانان جەنگان...

لە سااڵی هەشتەمی کۆچی لە کاتی ئازادبوونی مەککەدا هاتە ڕیزی مسوڵمانانەوە، بەڵام عیکریمەی مێردی بەرەو وڵاتی یەمەن هەڵات...

دایکی حەکیم ئەو ژنە ئەمەکدارە بوو کە وازی لە عیکریمەی مێردی نەهێنا... دوابەدوای هەڵاتنی عیکریمە ئەو ژنە بەرەو وڵاتی یەمەن کەوتە ڕێ. (بێنە بەرچاوی خۆت بیەوێ لە وڵاتێکەوە بڕوا بۆ وڵاتێکی تر... ئەویش لەو سەردەمەی کە نە سەیارە هەبوو، نە فڕۆکە، نە ڕێگاوبانێکی باش، نە کەشتی و گەمیەی تۆکمە. ژنێک بە تەنیا لە مەککەوە بڕوا بۆ یەمەن!) بەڵێ... ڕێگای یەمەنی گرتە بەر بۆ ئەوەی مێردەکەی لە چاڵی تاریکی دەربێنێ و بیخاتە

نیو ڕۆشنایی... لە لاڕێ بیهێنێتەوە بۆ ڕاستەڕێ... ڕێنوێنی مێردە کلبووەکەی بکات... خۆی شیرینی ئیمانی چەشتبوو... بۆیە پێی خۆشبوو چەشەی مێردەکەی بەو شیرینییە شیرین بکات و تاڵی کوفری لەبیر ببات‌ەوە...

پێش ئەوی بڕوا بۆ یەمەن ڕۆیشتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و داوای مۆڵەتی لێکرد و داوای لێکرد کە ئەگەر عیکریمە هاتەوە گیانی پارێزراو بێت... پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگەی پێدا... بەڵێنی پێدا کە گیانی مێردەکەی پارێزراو دەبێت... ئەویش هێندەی تر بەختەوەر بوو، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) بەڵێنی پێداوە...

دایکی حەکیم بەپەلە وەڕێ کەوت بۆ ئەوەی پێش ئەوەی عیکریمە سواری کەشتی ببێت، پێی بگات... بۆ ئەوەی مزگێنی بداتێ کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بەخشیوە... بەڵێ خوا کردی لە کەنار دەریا لە توهامە گەیشت بە عیکریمە...

هەر لە دوورەوە هاواری کرد و وتی: پسمام! من لە لای بەڕێزترین کەسەوە هاتووم... لە لای چاکترین کەسەوە... خۆت مەفەوتێنە... من بەڵێنم بۆ تۆ وەرگرتووە... دڵنیابە...

عیکریمە وتی: بە ڕاستیتە!

دایکی حەکیم وتی: بێگومان...

عیکریمە دڵی خۆش بوو، بەپەلە لەگەڵ ژنەکەیدا گەڕایەوە... هاتەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)... هاتەوە و مسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند...

عیکریمە لە غەزای یەرموکدا بەشداری کرد و بە شەهیدی گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری میهرەبان...

- دوای ماوەیەک لە شەهیدبوونی عیکریمە، هاوەڵی بەڕێز خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص خوازبێنی دایکی حەکیمی

کرد... دایکی حەکیم مێردی بە خالید کرد... هێشتا خالید دایکی حەکیمی نەگواستبوویەوە جەنگی (مەرەجی سوففەر) هاتە پێشەوە... مسوڵمانان لەگەڵ سوپای بێزەنتینیەکاندا ڕووبەڕوو بوونەوە... خالید ویستی شایی بکات و ژنەکەی بگوازێتەوە، بەڵام دایکی حەکیم وتی: پێم باشە لەم جەنگەدا بەشداری بکەین و دوای جەنگ شایی بکەین... خالید وتی: دڵم پێم دەڵێ من لەم جەنگەدا دەکوژرێم...

دایکی حەکیم وتی: دەی با بە دڵی تۆ بێت... لە شوێنێکدا کە نزیکی پردەکەی سوففەر بوو، خالید دایکی حەکیمی گواستەوە... دواتر ئەو پردە بە (پردی دایکی حەکیم) ناوی دەرکرد...

بۆ بەیانی خالید هەندێ لە هاورێکانی داوەت کرد بۆ نانخواردن... دوای ئەوەی لە نانخواردن بوونەوە جەنگ دەستی پێ کرد... سوپای ڕۆم و سوپای ئیسلام ڕووبەڕووی یەک بوونەوە... پاڵەوانێکی سوپای ڕۆم داوای کرد پاڵەوانێکی مسوڵمان بێت و پێکەوە بجەنگن... خالید ڕۆیشتە پێشەوە و لەگەڵیدا جەنگا... خالید شەهید بوو...

دایکی حەکیم خۆی تۆندوتۆڵ پێچایەوە... کۆڵەکەی ئەو چادەری هەڵکەند کە خالید ئەوی تیا گواستبوویەوە... بەو کۆڵەکەیە حەوت سەربازی سوپای ڕۆمی سەکەت کرد...

ئا لەوێدا غیرەت و ئازایی دایکی حەکیم دەرکەوت... چۆن لەتاو شەهیدبوونی مێردەکەی گڕی تێبەربوو... خۆی بۆ ڕانەگیرا و پاڵەوانێتی و لێهاتوویی خۆیی پیشانی دوژمن دا...

- دوای ماوەیەک لە شەهیدبوونی خالید، خەلیفەی دووەمی مسوڵمانان، حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب خوازبێنی دایکی حەکیمی کرد... حەزرەتی عومەریش هەر بە شەهیدی ڕۆیشتەوە بەر بارەگای خوای گەورە و میهرەبان...

***

کاتێ مێردەکەت ڕێبوارە...

- مێردەکەی شەش مانگ لە ماڵەوە نەبوو... دوای ئەوەی گەڕایەوە پێی وت: زۆرم هەوڵ دا یادگارییەکی ناخۆش لەگەڵ تۆدا وەبیری خۆم بێنمەوە بۆ ئەوەی کەمێک لە تاسە و ئیشتیاقم کەم ببێتەوە... بۆ ئەوەی دەردی دووری نەمکوژێت، بەڵام هەرچی هێنام و بردم تاکە یادگارییەکی تاڵمان نەبوو...

- کاتێ مێردەکەت سەفەرێک دەکات کارێ بکە هەست بکا تۆ لێیەوە نزیکی... لە هەندێ کاغەزی بچووکدا هەندێ کورتە نامەی جوانی بۆ بنووسە و لە باخەڵ و تۆپێی جلەکانیدا بیشارەوە... هەندێ دەستەواژەی ئەویندارانەی بۆ بنووسە... خۆشەویستی خۆتی بۆ دەربڕە... هەندێ شیعری جوانی بۆ بنووسە...

- دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ماڵەوە نەبوو، دوایی هاتەوە، یەکسەر سکاڵای لە لا مەکە... سکاڵاکانت دوا بخە بۆ کاتێکی گونجاو... با هەست بەوە بکات کە تۆ لەو ماوەیەدا بێئەویت پیوە دیار بووە... با هەست بکا تۆ بەسۆزی و ئەویندارێ ئەوی...

- پیاوێک لە سەفەر گەڕایەوە و لە درەناگانێکی شەودا گەیشتە ماڵەوە... تەماشا دەکات ژنەکەی جلوبەرگێکی شڕی لەبەرایە... قژی ئاڵۆزکاوە و شانە نەکراوە... پیاوەکەی لێی تووڕە بوو... وتی: تۆ هەرگیز بیر لە من ناکەیتەوە... مافەکانی من جێبەجێ ناکەی... دوای هەموو شتێک منت لە بیرە...

ئەو پیاوە ماوەی نەدا بە ژنەکەی تا خۆی بۆ بڕازێنێتەوە... لە کاتێکی نەگونجاودا هاتەوە بۆ ماڵ... ئەو پیاوە ئاگای لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەبوو... پێغەمبەر(ﷺ)

دەفەرمویت: «إِذَا دَخَلْتَ لَيْلًا فَلَا تَدْخُلْ عَلَى أَهْلِكَ حَتَّى تَسْتَحِدَّ الْمُغِيبَةُ وَتَمْتَشِطَ الشَّعِثَةُ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە: ئەگەر -لە سەفەر- گەڕایتەوە و شەو گەیشتیتە ماڵەوە، کتوپڕ مەچۆرەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی ژنەکەت خۆی پاکوخاوین بکاتەوە و مووی زیادە لە خۆی بکاتەوە و پرچی شانە بکا...

ئێستا ئێمە -خوا نەیبڕێ- مۆبایلمان هەیە... بۆیە پێویستە ئەوە لەبیر نەکەیت، پێش ئەوەی بچیتەوە بۆ ماڵەوە پەیوەندی بە ژنەکەتەوە بکە و پێی بڵێ: ئەگەر خودا بیەوێ فلان کاتژمێر دەگەمەوە ماڵ...

- کاتی پشووی تۆ و ژنەکەت...

لە کاتی پشوودا ژنەکەت لە بیر مەکە... ئیتر لە ماڵەوە بێت، یان لە دەرەوە... بۆ ئەوەی هەست بە بێزاری نەکات...

حەفتانە ڕۆژێک دیاری بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەتدا بچنە دەرەوە... پیاسەیەک بکەن... هەوایەک بگۆڕن... چاوێک بە دەروودەشتدا بخشێنن...

جاری وا هەیە یەک ڕۆژ پشووت هەیە... جاری وا هەیە حەفتەیەک یان مانگێک...

هەوڵ بدە لە کاتێکدا حەفتەیەک یان مانگێک پشووت هەیە سەفەرێکی دوو سێ ڕۆژەی لەگەڵدا بکەی... بە مەرجێ یەکێک هەبێ چاودێری منداڵەکانتان بکات...

زۆر کەس کاتەکانی پشوو بە خوێندنەوە و نووسین و بەدواداچوون بۆ بابەتێک پڕ دەکاتەوە... ئیتر ژنەکەی لە بیر دەکات و کاتێکیش بۆ ئەو تەرخان ناکات... بۆیە پێویستە لەو کاتانەدا کاتێکیش بۆ ئەو دابین بکەیت... لەگەڵ ئەودا بیت... ئەوین و سۆز و میهرەبانی بۆ یەکتر نوێ بکەنەوە...

چەند خۆشە لەو کاتانەدا شەوێک تا بەیانی نەخەون و پێکەوە قسە بکەن، یان پێکەوە سەفەرێک بکەن... ئەو جۆرە شەو مانەوە و سەفەرانە زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر ژن...

مانەوە لە لای ژنەکەتدا بە مەبەستی ئەوەی نێوان خۆتان پتەوتر و بەهێزتر بکەن، ئەوە کاتبەفیڕۆدان نییە، بەڵکوو کارێکی گرنگە... خوای گەورە داوا لە پیاوان دەکات بە شێوەیەکی باش هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکانیان بکەن و دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ النساء: ١٩ واتە: بە تەرزێکی جوان و ڕەوا لەگەڵیداندا بجوولێنەوە...

پێغەمبەریش(ﷺ) بەبێ پێچوپەنا دەفەرموێت: «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ والدارمي. واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە باشترینە بۆ ژنەکەی.

***

پاداشتی مێردەکەت بدەرەوە...

- بێگومان دیاری و بەخشین هاندانێکە بۆ کەسی بەرامبەر- هەروەها بەخشین و دیاری دەبێتە هۆکارێک بۆ پتەوبوونی پەیوەندی نێوان هاوسەران...

هەتا ژن و پیاو دیاری زیاتر بە یەک بدەن، خۆشەویستی و ئەوینی نێوانیان زیاتر دەبێت... بۆیە وا باشترە هەرەیەکەیان دیاری بەویتر بدات:

- جارجار بە ئەسپایی بکێشە بەسەر پشتی ژنەکەتدا... ژن زۆری پێخۆشە مێردەکەی بە دەستی ئەوینەوە بکێشێ بە ناوشانیدا- چی دەبێت ئەگەر ژنیش وردەوردە بدا بە نێوشانی مێردەکەیدا؟

- پێکەنین و بزە و خەندە، باشترین دیارییە لەنێوان ژن و مێرددا... دەربڕینی هەست و ئەوینە...

- با ژن و مێرد بە گەرمی سوپاسی یەکتری بکەن، چونکە قسەی خۆش و باش خێرێکی گەورەیە...

- لە لای کوڕەکانتدا پەسنی ژنەکەت بدە... هەروەها لە لای خزم و کەسوکاری خۆتدا پەسنی بدە... کاتێ ژنەکەت گوێی لێیەتی تۆ بە چاکە باسی دەکەی گەزگەز بالای پێ دەکات... ئەگەر سەد کەس بۆی بگێڕنەوە هێندەی ئەوە پێی خۆش نییە کە خۆی بە گوێی خۆی ببیستێ...

- ئەوەت لە بیر بێت کە لەم سەر زەوییەدا هیچ ژنێک نییە کە پیاهەڵدان و پەسندانی پێ ناخۆش بێت، یان هەمیشە و بەردەوام ئامۆژگاری پێخۆش بێت، یان مێردەکەی لە ورد و درشتی کاری ماڵەوەدا خۆی هەڵقورتێنێ...

- هیچ ژنێک نییه لەسەر زەویدا لە قسەی خۆش یاس بێت... پێی خۆش نەبێت پەسنی چێشتەکانی بدەی... باسی ئاکارە جوانەکانی نەکەی...

- هیچ ژنێک نییە رقی لە گول بێتەوە... دیاری پێناخۆش بێت... حەزی لە جلوبەرگی جوان نەبێت...

- سوپاسگوزاری چەند جوانە؟

ژنێک بە مێردەکەی وت: لەبەر میوانەکانت خەوم لە خۆم تۆراند... خۆمم هیلاک و شەکەت و ماندوو کرد... حەزت لە هەرچی بوو بۆم ئامادە کردی... داوای هەرچیت کرد جێبەجێم کرد...

قاپم شۆری... مالەوەم کۆ کردەوە و خاوێنم کردەوە... ئەمانە بۆ ئەوە نالێم منەتت بە سەردا بکەم، ئەوانە کاری خۆمە، بەڵام زۆرم پێخۆش بوو جارێک پێم بڵێی: ژنەکە دەستت خۆشبێت و سوپاست دەکەم...

قسەی خۆش هەم خۆشە و هەم خێرە... جا نەخوازە ئەگەر لەگەڵ ژنی خۆتدا بیکەی!

- ئەوەت لە بیر بێت بۆ ئەوەی کەسێک لە دەروونەوە نەڕوخێ پێویستە بەرامبەرەکەی یارمەتی بدات... ئەگەر ئەم یارمەتی ئەوی دا، ئەویش نارووخێ، بەڵکوو زیاتر سوور دەبێت لەسەر یارمەتیدانی ئەو...

- کاتێک ئێواران دێتەوە، بە تایبەت ئەو ڕۆژانەی کە هەر لە بەیانی تا ئێوارە کاری کردووە، تۆ هەوڵ بدە دڵی مێردەکەت خۆش بکەی... یارمەتی بدە بۆ ئەوەی ناخۆشی و نارەحەتییەکانی لەبیر بەرێتەوە...

زۆر خۆشە و ناوە ناوە پیاو قسەی خۆش و جوان لە ژنەکەی ببیستێ... هەروەها ناوە ناوە ژن قسەی خۆش و جوان لە مێردەکەی

ببیستێ... بە تایبەت ئەگەر پەسنی بدا و باسی شۆخوشەنگی ئەو بکات...

- بۆ ئەوەی ژنەکەت مامەڵەی لە تەک تۆدا جوان بێت، دەبێت تۆیش مامەڵەت لەگەڵ ئەوا جوان بێت... کارێ بکە کە تێبگا تۆ لە خۆت زیاتر ئەوت خۆش دەوێ و گرنگی پێ دەدەی...

کارێ بکە ئەو هەست بکات کە تۆ دەتەوێ خۆشبەختی بکەی...

کارێ بکە هەست بکا تۆ تەندروستی ئەوت بە لاوە گرنگە...

ژنەکەم یان لە بازارە
یان لە گەڕانە...

- ژنەکەم لە بازارە:

بازارکردن بە لای پیاوەنەوە فشارێکی دەروونییە، بەڵام بە لای ژنانەوە کەمکردنەوەی ئەو فشارەیە... خۆ نوێکردنەوەیە... چالاکییە...

هەر لەو سۆنگەوە ئەو بیرۆکەیە لای پیاون دروست بووە کە دەڵێن: ژن ئەگەر بیستوچوار سەعاتەی خوا لە بازار بێت تێر ناخوات...

پیاوی وا هەیە لەگەڵ ژنەکەیدا ناچێ بۆ بازار... پێی دەڵێ: خۆت بڕۆ منت بۆ چییە؟

باشە ئەگەر ئەو پیاوە لەگەڵ ژنەکەیدا بچێ بۆ بازار ئەوە نابێتە قەڵا و شورەیەک بۆ ژنەکەی؟ ژنەکەی ناپارێزێت؟ زیاد لەوەیش دڵی ژنەکەی خۆش ناکات؟ نیشانەی گرنگپێدان نییە؟

بەڵام بەو مەرجەی لە بازار لە ژنەکەت تووڕە نەبی و پەلەی لێ نەکەی... کاری بکە وا تێبگا کە تۆ پێتخۆشە لە هەموو شوێنێک لەگەڵیدا بیت، بەڵام دەبێت ژنانیش لەو کاتانەدا ئاگاداری مێردەکانیان بن، چونکە پیاو زۆرمانەوەی لە بازاری بە لاوە سەختە... پێی ناخۆشە دوای دەڕابەداخستن بچنەوە بۆ ماڵ..... ئەگەر شتێکی زۆر پێویست نەبێ پێی ناخۆشە بیکڕن... دەبێت ژنانیش چاو لە گیرفانی مێردەکانیان بکەن... زیادەڕەوی نەکەن و شتێکی پێویست نەبێ نەیکڕن...

- ژنەکەم لە گەڕانە:

پیاوێک ژنەکەی برد بۆ سەردانی خزم و کەسوکار... دوای سەردان پیاوەکە پەیوەندی بە ژنەکەیەوە کرد و وتی: من لە دەرەوەم لەناو سەیارەدا چاوەڕێتم...

ژنەکە کەمێک درەنگ کەوت... هەر سواری سەیارەکە بوو پیاوەکە دەستی کرد بە قسەی ترش و تاڵ... تۆ هەموو جارێک درەنگ دێیتە دەرەوە... هەمیشە دوا دەکەوی... ئێستا کەی کاتی ئەوەیە... ئەمە چی بوو هەر نەبڕایەوە... ڕۆژێک نییە دوو نییە سێ نییە... بێزار بووم تاقەتم نەما...

یان پێش ئەوەی بچن بۆ سەردانەکە ژنەکە کەمێک دوا دەکەوێت و پیاوەکە هەمان قسە ترش و تاڵەکان دووبارە دەکاتەوە... ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە کە دەبێت ئەم ژنە داماوە منداڵەکان بشۆرێ... بیانگۆڕێ... ماڵەکە کۆ بکاتەوە... خۆی بگۆڕێ و جلوبەرگی نوێ و شیاو لەبەر خۆی و منداڵەکان بکا...

خۆزگا پیاوان درکیان بەو شتانە بکردایە... خۆزگە کەمێک خۆڕاگر بوونایە...

با بێینەوە سەر ژنان...

لە ماڵەوە کاتژمێرێک... دوو... سێ، یان زیاتر پێکەوەن... لە کاتی مانەواییی لە یەکتر لە بەردەرگا تازە بە تازە بناغەی چیرۆک و قسەی دوورودرێژ دادەمەزرێنن... ئەی باشە ئێوە ئەو هەموو کاتە لە ژووروەوە چیتان وت؟ چیتان کرد؟ ئەوە بۆ ئەگەر ساڵێک پێکەوە بن ئیللا دەبێت لە بەردەرگایش بەشی خۆتان قسە بکەن؟

ژنێک لەگەڵ مێردەکەیدا دەچێت بۆ سەردانی خزم و کەسوکار... هەر هاتەوە دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لە خزم و کەسوکاری پیاوەکەی... هەزار و یەک تانە و تەشەر لە پیاوەکەی دەدا،

بچووکەکەیان ئەوەیە پیی دەڵێ: توخوا ئەوە خزم و کەسە تۆ هەتە؟ نە دەزانن میواندارى لە کەس بکەن... نە دوو قسەى خۆش دەکەن... نە خەندە و بزەیەک... نە خێراتێک... تەنانەت ناوچاوانیشیان دابووە بە یەکدا...

خانمى بەڕێز... نەکەى ڕەخنە لە خزم و کەسوکارى مێردەکەت بگرى... بە ئەویش کەوکوڕى بۆى دانەنیشێ و هەرچى ڕەخنەى سەر ئەرز و بن ئەرز هەیە بیدۆزێتەوە و لە خزم و کەسوکارى تۆى بگرێ...

چاوپۆشى لە وردە هەڵەى یەکتر بکەن... چاوپۆشى لە وردە هەڵەى خزم و کەسوکارى یەکترىش بکەن... با نێوانتان هەمیشە پڕ لە گوڵ و ئەوین و خۆشەویستى بێت...

قسەی دڵیان کرد...
لە یەکتر بووران...

- هەرکاتێ ژن و مێرد شتێکی یەکتریان بە دڵ نەبوو... پێویستە نەیشارنەوە و بە یەکتر بڵێن... شاردنەوە هۆکارێکی سەرەکی کوڵان و تووڕەبوونە...

- بە یەکتر بڵێن، بەڵام دەبێت بە پەردەی ئاکار و ڕەفتار و قسەی خۆش ڕووپۆشی بکەن... بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت پێی ناخۆش نەبێت و لەبەر دڵی گران نەبێت... پەندێک هەیە دەڵێ: وەک داری سمڵ بە، ئەو بیورە بۆنخۆش بکە کە دەتبڕێ...

- لە کاتی تووڕەییدا قسەی دڵی خۆتان مەکەن و شتە شاراوەکان مەدرکێنن... جاری وا هەیە ژن لە کاتی تووڕەییدا بە مێردەکەی دەڵێ: تۆ ئاوا و ئاوایت...

مێردەکەیش قسەکەی پێ دەبڕێت و دەڵێ: ئەی خۆت بۆ نااڵێی، ئەی تۆیش ئاوا و ئاوا نیت؟

جا هەرەیەکەیان کۆمەڵێک شتی یەکتر باس دەکەن کە پێشتر شاردبوویانەوە و باسیان نەکردبوو... ئێتر شتە ڕاست بێت یان نا! گرنگ ئەوەیە لەو کاتە ناسکەدا دەیڵێن و یەکتری پێ تووڕە دەکەن...

ئەوەندە دەنگ بەرز دەکەنەوە دەڵێی پێشتر کەڕ بوون و گوێیان لە هیچ شتێک نییە...

کاری دەگاتە ئەوەی کە دەروودەراوسێ گوێیان لە قسەکانیان دەبێت و ئەوەی تا ئێستا لە یەکتریان شاردووەتەوە، دراوسێکان هەمووی دەزانن...

- ئەگەر ژن یان مێرد هەندێ شتی بینی کە بە دڵی نەبوو... با بگەڕێ بەدوای کاتێکی گونجاودا... دواتر بە چەند وشەیەکی جوان

و لەبەردلان بۆ بەرامبەرەکەی باس بکات کە فلان شت و فیسار شتی تێدایە و جوان نییە...

- جاری وا هەیە ژن یان مێرد لە ڕووی نایەت بە هاوسەرەکەی بڵێ: فلان عەیبت تێدایە...

لەو کاتانەدا نووسین باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی دەردی دڵی خۆت بە هاوسەرەکەت بگەیەنی...

- سنووری ڕاشکاوی...

هەندێ لە هاوسەرە نوێیەکان دەپرسن: ئەگەر مرۆڤ هاوسەرەکەی خۆی خۆش ویست دەبێت باسی هەموو شتێکی لە لادا بکات؟ هەموو نهێنییەکی لە لا بدرکێنێ؟

- لە ڕاستیدا نەخێر، هەرچەندە هاوسەرەکەت خۆش بوێ، پێویستە هەندێ شتی نهێنی لە دڵی خۆتدا بێت و بۆ ئەوی باس نەکەی...

- پیاو مافی ئەوەی نییە دوای ئەوەی ژنی هێنا زۆر لە ژنەکەی بکات بۆ ئەوەی هەموو چیرۆکی ڕابردووی خۆی بۆ مێردەکەی باس بکات، یان هەندێ پرسیاری لێ بکا، کە ئەو پرسیارانە لەجیاتی ئەوەی نێوانیان خۆش بکات، ئاگر بەربداتە ژیانیان، وەک ئەوە پیاو بە ژنەکەی بڵێ: ڕاستم پێ بڵێ! پێش من کێت خۆش ویستووە؟ کێ داوای کردی؟ لەگەڵ کێدا قسەت کردووە؟ یان هەندێ پرسیاری لەو جۆرانە کە دەبنە سەرەتای ئاژاوە و جیابوونەوە...

ڕاشکاوی و قسە نەشاردنەوەیش سنووری خۆی هەیە... دەبێت تا ئەو سنوورە بڕوا کە ئازاری بەرامبەر نەدات... زیان بە ژیانی هاوبەشی نەگەیەنێ...

هەرگیز ئەو ڕەخنە لای مێردەکەتدا باس مەکە کە کاتی خۆی دایکت لە تۆی دەگرت، یان ئەو ڕەخنانەی کە لە کەسوکاری مێردەکەتی گرتووە...

- هەرگیز باسی ئەو تیرۆرانینە خراپانە مەکە کە پێشتر تۆ لە کەسوکاری ژنەکەت تێگەیشتبووی... ڕەخنە لە جلوبەرگی براکانی مەگرە، یان ڕەخنە لە خواردنی دایکی مەگرە... گاڵتە بە کەلوپەلی نێوماڵیان مەکە... گاڵتە لە شێوازی میواندارییان مەکە...

- ئەو شتانەی کە بەرامبەر کەسوکاری مێردەکەت، لە دڵی خۆتایە بە مێردەکەت مەڵێ... پێی مەڵێ: خوشکەکەتم خۆش ناوێ... پووریتم خۆش ناوێ... هەمیشە بەڕێزەوە باسی کەسوکاری بکە... تۆ چۆن پێتخۆشە ئەو بە باشی باسی کەسوکاری تۆ بکات، ئەویش ئاوا پێی خۆشە تۆ بە باشی باسی کەسوکاری ئەو بکەی...

- هەندێ شت هەیە هی ئەوە نییە مرۆڤ بیدرکێنێ، بۆ نموونە: ئەگەر ژن شکڵ و شێوەی مێردەکەی پێ جوان نەبوو، نابێت پێی بڵێ، ناکرێ ژن بە مێردەکەی بڵێ: لوتت ناشیرین و زلە... ئەو ڕاشکاوییە زیان لە ژیانی هاوبەشی دەدات و دەبێت بەرامبەر لە دڵی خۆیدا بیهێڵێتەوە... خۆ پێشتریش دەتزانی لووتی زلە، بۆ مێردت پێ کرد؟ بۆ پێی ڕازی بووی؟

- ئەگەر مێردەکەت دیارییەکی بۆ کڕیت، سەد جار بە دڵیشت نەبێ، مەڵێ: بە دڵم نییە، ئەوە کەی شتە تۆ بۆ منت کڕیوە؟

- هەرگیز پێی مەڵێ: پەشیمانم لەو هاوسەرگیرییەی لەگەڵ تۆدا کردم... ئەگەرچی لە ڕاستیشدا پەشیمان بیت، بەڵام بە دەم دەری مەبڕە و مەیڵێ...

خۆ خافڵاندن کاری بەڕێزەکانە...

- دیمەنی یەکەم:

پیاوێک ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ... هەر دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتە ماڵەوە پێی لە لەیستۆکی منداڵەکەی هەڵخلیسکا... وەخت بوو تەپڵی سەری بدا بە زەویدا...

لەیستۆکەکەی هەڵگرت و بەرەو موبەقەکە ڕۆیشت... دڵی پڕ ببوو، چونکە ئەگەر خوا بەزەیی پیا نەهاتایەتەوە سەری دەتەپی...

بە زمانی حاڵ دەیگوت: چەند جار پێت بڵێم ماڵەکە کۆ بکەرەوە با ئەوەندە ڕژاو و پرژاو نەبێ؟

گەیشتە موبەقەکە، ژنەکەی بە ڕوویەکی خۆشەوە و بە دەمێکی لێو بە خەندەوە هاتە پێشوازی...

پیاوە تەماشا دەکات ژنەکەی خواردنێکی زۆر خۆشی ئامادە کردووە...

تووڕەیی کتوپڕ دامرکایەوە... بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: دەی باشە ئەوە ئەوەی دەهێنا من خۆم تووڕە بکەم؟

دەی خۆ ئەو بەستەزمانە خەریکی ئامادەکردنی چێشت بوو... دەکرا من خۆم تووڕە بکردایە و لەسەر سفرە بە دڵێکی تۆراوەوە ئەو نانە خۆشە بخۆین؟

- دیمەنی دووەم:

ژنێک چوبوو بۆ ئاهەنگێک... ئاهەنگ تەواو بوو... چاوەڕێ بوو مێردەکەی بێ بە دوایدا و بیباتەوە، بەڵام دواکەوت... یەک کاتژمێری ڕێک بە سەر کاتی دیاریکراودا تێپەڕی... میوانەکان هەموویان ڕۆیشتنەوە... کەس لەوێ نەما جگە لەو ژنە و ئەو خێزانەی کە

ئاهەنگەکەیان سازدابوو... ئەو خێزانە هەروا بۆ ئەوەی ئەو تاقە میوانەیان بە تەنیا بەجێنەهێڵن هەموویان لە ناخدا داگیرابوون، بەڵام بە زمان قسەیان لەگەڵدا دەکرد...

ئەوە تۆ لە کوێی مێردە بێ پەیمانەکەم؟ تۆ بۆ هەمیشە دوا دەکەوی؟ بۆ پابەند نیت بە کاتی دیاریکراوەوە؟

لە کۆتاییدا پیاوەکە هات... ژنەکە بە تووڕەییەوە سواری سەیارە بوو، هەر پرتەوبۆڵەی دەهات... لەبەر تووڕەیی و لە داخدا هەموو گیانی دەلەرزی...

پێش ئەوەی ژنەکە دەم بکاتەوە و قسە بکا پیاوەکەی پێی وت: ئازیزەکەم! ببووورە دوا کەوتم، ئەوە چەند دوکانێک گەڕام تا ئەو هاندەم دەست کەوت کە خۆت دەتویست، ئەوەتا بۆم کڕیوی، لەسەر کوشنەکانی دواوەیە، بینیت؟

ژنەکە لای کردەوە بۆ لای دواوە... بەڵێ ئەوە ئەو هاندە بوو کە خۆی ماوەیەکە داوای دەکرد... هێی مێردە هەژارەکەم چەندێ دڵت پاک و خاوێنە، بەڵام خۆزگا ئاوا منت سەخڵەت نەکردایە... ئێستا نازانم گلەیی لێ بکەم و تووڕە ببم، یان بێدەنگ بم و هیچ نەڵێم و بە بێدەنگی و خۆشی بچینەوە بۆ ماڵەوە؟

- هەندێ پیاو لە هەموو شتێکدا وردەکاتری بەکار دێنن... لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکدا...

ڕۆژانە دەرگای بەفرگرەکەیان دەکاتەوە و دەقیڕێنێ و دەڵێ: ئەوە بۆ ئەو میوە و سەوزانەت ڕێک دانەناوە؟ ئەوە بۆ ئاوی تیا نییە؟ بۆ جامەکانت پڕ نەکردووە، دەی ئێستا سەهۆل کوا؟

بۆچی سەر ئەم مێزە هەر تەپوتۆزە؟ چەند جار بڵێم با خواردنەکە ئەوەندە گەرم نەبێ؟

بەو پرتەوبۆڵانە ژیانیان لێ دەبێت بە دۆزەخ...

- هەندێ ژن زۆر لە کاروباری مێردەکەی دەکۆڵێتەوە و ورد دەبێتەوە... ئەوە مەبەستی لەو کارە چی بووە؟ ئەوە بۆ ئەمسال دیاری بۆ من نەکڕی؟

ئەوە بۆ نەهات هەوالی دایکم بپرسێ؟

ئەو وردە شتانە فوو تێدەکات و گەورەی دەکات و لەناکاو دەتەقێتەوە و ژیانیان دەبێت بە دۆزەخ...

- ناکرێ ڕۆژانە لەسەر شتی ئاسایی جەنگ دەست پێ بکات... بۆ خواردنەکە سوێرە؟ بۆ کەم خوێیە؟ بۆ وا دەڵێی؟ بۆ فلان شتت لە بیر چووە؟ بۆ... بۆ!

- پەندێک دەڵێ: نۆ بەش لە دەبەشی ئاکار جوانی و ڕەوشتبەرزی لە خۆخافڵاندان و خۆنابەڵەدکردنایە...

مانای خۆنابەڵەدکردنیش ئەوە نییە کە مرۆڤ خۆی گێل بکا، یان لە ڕاستیدا گێل بێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە...

گێل هەرگیز نابێت بە گەورەی هۆزێ گەورە ئەوەیە خۆی خافڵ بکا

سڵاوی خوا لە شێخ حەسەنی بەسری بێت کە فەرموویەتی: خۆنابەڵەدکردن کاری گەورە پیاوانە...

چەند پەیامێکی خێرا...

- کاتێ دەچیتە مالەوە با مێشکت خاڵی بێت... هەموو خەم و خەفەتێک لە پشتەوەی دەرگاکە بەجێبێڵە... بزە و خەندە بخە سەر لێوەکانت... مەهێڵە خەم و خەفەتی دەرەوە بەسەر دەکموچاوتدا زاڵ ببێت و پێتەوە دیاربێت... بە سەر خۆتدا زاڵبە...

- کاتێ خۆت بە ژن و منداڵەکانت ببەخشە... نەرمونیان بە ڕووخۆش و گەش بە... هەمیشە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بێنە بەرچاوی خۆت کە دەفەرموێت: «أَلَا كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ؛ فَالْإِمَامُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ زَوْجِهَا وَوَلَدِهِ وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَعَبْدُ الرَّجُلِ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ» مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە: ئاگادار بن! ئێوە هەمووتان چاودێرن، هەمووتان بەرپرسن لەو چاودێرەییەی کە لە ئەستۆتانداية، ئەو کەسەی کە بووە بە گەورە و سەرۆکی خەڵک، چاودێرە، بەرپرسە لەو چاودێرییەی... پیاو چاودێری ژن و منداڵی خۆیەتی، بەرپرسە لەو چاودێرییەی... ژن چاودێرە بەسەر ماڵ و منداڵی مێردەکەیدا، بەرپرسە لەو چاودێرییەی... کۆیلەی پیاو چاودێرە بەسەر ماڵی گەورەکەدا، بەرپرسە لەو چاودێرییەی، ئاگادارین! هەرهەمووتان چاودێرن و هەمووتان بەرپرسن لەو چاودێرییە.

- وامەزانە کە پیاوێتی هەر ئەوەیە لە ماڵ بچیتە دەرەوە و ئێتر ژنەکەت نەزانێ بۆ کوێ دەچیت و کەی دەگەڕێیتەوە... پیاوێتی کاتێ تایبەت بە خۆی هەیە... خوای گەورە بە پێی دەستووری ئاینی

ئیسـلام پیـاوی کـردووه بـه گـەورەی مـاڵ... ئەوەیـش بـۆ ئـەوە نییـە پیاو فیـزی زل بێت و خـۆی بـه گـەورە و زل بزانێت و پـۆز لێبدا...

- منداڵەکانت مافیان هەیە بە سـەرتەوە... ژنەکـەت مافی هەیە بە سـەرتەوە... کارێک مەکە مافی یەکیان لەبـەر ئەویتر پێشێل بکـەی، بەڵکوو وەکـو دوو تـای تـرازوو کـە هـەردوولای بـە ئەندازەی یـەک شتی تیابێ، ئاوا ڕێک ڕایانبگرە... هەرکەسێ و مافی خـۆی پێ بدە...

- بـەو چاوەوە مەڕوانە ژن کە لـە ڕووی ژیـری و دینەوە ناتەواوە، بەڵکـوو وەکـو هاوبـەش و هـاوڕێ لێـی بڕوانـە... وەکـو ئاوێنەیـەک لێی بڕوانـە کـە پێویسـتە جار جار لـە بەرامبەریدا بوەسـتی و خـۆتی تیـا ببینـی... دەرگای ژنەکـەت لـە ڕووی خـۆت و کێشـەکانی خـۆتـدا دامەخـە، بەڵکـوو قسـەی بـۆ بکـە، بـا ئەویش بـە گوێرەی توانـای خـۆی دڵنەواییـت بـکات و ببێتـە ئارامـی و فێنکایـی بـۆ دڵ و دەروونـت... ژن باشـترین هـاوڕێ و یارمەتیـدەری مێردەکەیەتـی... چارەنووسـی ژن بەسـراوە بـە چارەنووسـی مێردەکەیـەوە... دەبێت تۆیش متمانـەت پێی هەبێ... قسـەی دڵی خـۆتی لـە لا بکـەی... لەوانەیـە هیـچ کەسێک وەک ئـەو نەتوانـێ بـاری خەمـت بـۆ هەڵبگرێ و ئاسـوودەت بکا...

- ژنهێنانـی دووەم مەکـە بـە چەکێـک و هەرجـارێ ویسـتت بـەو چەکـە ژنەکـەت بترسـێنی و هەڕەشـەی لـێ بکەیـت...

- ئـەو فەرموودەیـەی خـوای گـەورەت لەبیر بێت کـە دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ ﴾

الإسراء: ٢٩ واتـە: نەکەیـت ئەوەنـدە دەسـتنوقاو بیـت وەک ئـەوەی کـە دەسـتی بـە کـۆت و زنجیـر بـە گەردنیـدا هەڵواسـرابێت، هەروەهـا ئەوەندەیـش دەسـتبڵاو مەبـە (هیچیـت بـە دەسـتەوە نەمێنێـت) لـەوەودوا بکەویتـە بـەردەم لۆمـە و سـەزەنشتی ئـەم و ئـەو و هیچت بە دەسـتەوە نەمێنێت و بـە هەناسەسـاردی و نائومێدی بـۆی دانیشیت.

ئەم ئایەتە بەسەر ژن و منداڵی خۆتدا پێبگرە و کاری پێ بکە... دەستقوچاو و چرووک مەبە... داوای هەر شتێکی ڕەوایان کرد بە پێی توانا و بە پێی بەرژەوەندی بۆیان بێنە... خواردن، جلوبەرگ، پێویستی ژیان... هەر شتێکیان ویست بۆیان بکرە، بەڵام بە گوێرەی پێویستی و بەرژەوەندی...

زۆریش دەستبڵاو مەبە و زیادەڕەوی مەکە، شتێ کە پێویست نییە و هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، مەیکرە و بۆیان مەهێنە...

- ناوە ناوە دیاری بۆ منداڵەکانت بکرە، دڵیان خۆش بکە... گوێ بۆ ژنەکەیشت بگرە... ئەویش لەبیر مەکە...

- لە بەجێهێنانی خواپەرەستیدا یارمەتی ژنەکەت بدە... خواپەرەستی لە خواردن و خواردنەوە گرنگترە... هانی بدە با نوێژەکانی دوا نەخا... ئەگەر لەبەر کارێک ویستی نوێژەکەی دوا بخات تۆ ئەو کارە بگرە ئەستۆ، با ئەو بڕوا نوێژەکەی بکا... بەیانیان بە ئاگای بێنەوە بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکا... هەر ژنێ ترسی خوای لە دڵدا بێت و خواپەرستییەکانی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکا، گوێڕایەڵی میردیش دەکات...

❁❁❁

شەش جۆر ژن

- عەرەب دەڵێ: هەرکەسێک دەیەوێ ژن بێنێ خۆی لە شەش جۆر ژن بپارێزێ:

یەکەم: ژنی نوکن... ئەو ژنانەی کە بە هۆ و بیهۆ هەر دەنوکێنن و هەمیشە هیلاک و نەخۆشن...

دووەم: ژنی بەکرۆز... ئەو ژنەی هەمیشە دەکرۆزێتەوە و بە ژیانی خۆی و مێردەکەی ڕازی نییە و هەمیشە بەراورد لەنێوان مێردەکەی خۆی و پیاوی خەڵکدا دەکات...

سێیەم: ژنی منەتکار... ئەو ژنەی کە هەمیشە منەت بەسەر مێردەکەیدا دەکات...

چوارەم: ژنی چاوباز... ئەو ژنەی کە چاوی کراوەیە بۆ ئەوەی هەر شتێکی بینی بیکڕێ...

پێنجەم: ژنی بەلان... ئەو ژنەی کە هەمیشە خەریکی خۆیەتی و هەر خۆی جوان دەکات و گوێی لە هیچ شتێکی تر نییە...

شەشەم: ژنی زۆربڵێ... ئەو ژنەی بە هەق و ناهەق هەر دەڵێ و دەڕێسێ...

- کاتێ پێکەوە دانیشتوون و گفتوگۆ دەکەن، باسی تاوان و سووچی کەسوکار یان هاوڕێی مێردەکەت مەکە، بەڵکوو باسەکە تایبەت بکە بە خۆتان...

- ناوە ناوە تۆیش دیاری بکرە بۆ مێردەکەت... کێشە نییە با هەرزانیش بێ... گرنگ ئەوەیە هەست بکا کە تۆ ئەوت خۆش دەوێ و شتێکت بۆ کڕیوە...

- هەوڵ بدە هیچ نەبێ مانگی جارێک نانی ئێوارە پێکەوە

لـە دەرەوە بخـۆن... ئەگەرچـی لەفەیەکیـش بێـت، یـان قاوەیـەک یـان شـەربەتێک بێـت... تەنانـەت ئەگـەر هـەر پیاسـەیەکیش بـێ هەرباشـە...

- کاتێک لـە کار دێتـەوە ڕووی خۆشـی بـدەرێ... بـە لێوێکـی بـە خەندەوە پێشـوازی لێبکـە... فێربـە و هـەوڵ بـدە پێـش ئـەوەی ئـەو بێتـەوە تـۆ بەرەڵبێتەکـەت لابـەی... کەمێک بۆنـی خـۆش لـە خـۆت بـدەی... ئـەو مێـردی تۆیـە... بـە کۆمەڵێک پرسـیارەوە پێشـوازی لـێ مەکـە... بـا بێـزار نەبـێ...

- کارێ مەکـە وابزانـێ تـۆ ئـەو بـە پیاوێکـی خـراپ دەزانـی... بـۆ نموونـە: ئەگـەر مێردەکـەت نوێـژ نـاکات پێـی بڵـێ: ئـای چەنـدە ئاواتمـە تـۆ بەرنوێـژی بـۆ مـن و منداڵـەکان بکـەی... منداڵـەکان فێـری نوێـژ بکـەی... هاندیـان بـدەی بـۆ نوێژکـردن، بـەڵام ئەوەیـش بزانـە زوو زوو ئـەم قسـانە دووبـارە نەکەیتـەوە...

- هەرگیز گاڵتە بە قسە و هەڵسوکەوتی مێردەکەت مەکە...

- ئەگـەر دیـای بـۆ تـۆ هێنـا سوپاسـی بکـە و ڕێـزی لـێ بگـرە و ڕەخنـەی لـێ مەگـرە... ئەگـەر ژن گرنگـی بـە دیـاری مێردەکـەی دا، ئـەوە وەک ئـەوە وایـە گرنگـی بـە مێردەکـەی دابـێ...

- باسـی شـتێک مەکـە کـە ئـەو بـە باشـی لێـی تێناگـا... مەگـەر بابـەت نەبـێ کـە تـۆ پێتخۆشـبێت ئـەو بیزانـێ...

- ڕێـز لـە دابونەریتـی مێردەکـەت بگـرە... چـاوت لـە بارودۆخـی بـێ... هـەوڵ بـدە دابونەریتـی خـۆت و مێردەکـەت لـە یەکتـر نزیـک بکەیتـەوە... ئەگـەر دابونەریتێکـی هەیـە نـە بـە گوێـرەی شـەرع و نـە بـە گوێـرەی کۆمەڵگـە نەنـگ و شـوورەیی نەبـوو، ئیتـر هـەوڵ مـەدە پێـی بگـۆڕی و مەیکـە بـە کێشـە و ئاڕێشـە...

- ناڕەزایی لە کاری مێردەکەت دەرمەبڕە... ئەگەر مافی خۆت و منداڵەکانت جێبەجێ دەکات ئیتر تۆ بێزاری لە کارەکەی دەرمەبڕە، بەڵکوو بە پیچەوانەوە ستایشی بکە...

- کاتێ ژن بەرەنگای مێردەکەی دەبێتەوە و گوێڕایەڵی ناکات و خۆی لە لا هەڵدەکێشێ، ئەو کاتانە مێردەکە وا دەزانێ لەجیاتی ئەوەی ژن بێنێت، پیاوێکی هێناوە... نابێت ژن کارێک بکا مێردەکەی بە پیاوی بزانێ... دەبێت ژن بە نەرمونیانی و ڕەفتاری جوانی ژنانەوە هەڵسوکەوت بکات و مێردەکەی بزانێ ژنێکی نەرمونیان و تەواو ژنی هێناوە... ئەوەی ژن بە نەرمە نەرمە بەدەستی دێنێت بە هەزار جەنگ و دەمەقاڵێ بە دەستی ناهێنێ...

چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنێکدا دەکەی کە خۆشت ناوێ؟

خۆشەویستی و ئەوین خەونی گەورەی هەموو ژن و مێردێکە... ئەی ئەگەر ئەو خەونە نەهاتە دی؟

- ئەگەر ژنەکەت خۆش ناوێ، مەیتۆرێنە و مەیکە بە دوژمنی خۆت. چاکەکانی بە بیر خۆت بێنەوە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ». رواه مسلم. واتە: پیاوی مسوڵمان لەبەر کارێکی کرێت دڵی ژنی مسوڵمان ناتۆرێنێت... ئەگەر لە ئاکارێکی ناڕازی بێت، لە ئاکارێکی تری ڕازی دەبێت.

مانای (لا یفرک) یانی: مێرد ژنی خۆی لە خۆی ناتۆرێنێ بە هۆی شتێ کە بە دڵی نییە، بەڵکوو ڕەچاوی کارە باشەکانیشی دەکات.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر(ﷺ) ڕێنمایی هاوسەران دەکات کە بە پێی گونجان و دەستدان لەگەڵ یەک نەرمی بنوێنن... ئەگەر یەکێکیان ئاکارێکی ئەویتری بە دڵ نەبوو، ئاکارە جوانەکانی تر دێنێتە بەرچاوی و لەبەر ئەو ئاکارە جوانانە چاوپۆشی لەم ئاکارە کرێتە دەکات...

- لەوانەیە لە کەسی بەرامبەردا ئاکاری وا هەبێ کە لە هیچ کەسێکی تردا نەبێ...

- هاوسەری وا هەیە دەیەوێ لە پەنای هاوسەرەکەی هەموو بەختەوەری و خەونەکانی بەدێ بێنێ... دەیەوێ خۆی بەختەوەر بێت، ئیتر گوێی لە بەرامبەر نییە... خۆویستە، هەر خۆی دەوێ... هەر دەڵێ: من... من... ئیتر ئەو... ئەو... نازانێ...

- ئەو پیاوەی کە ژنەکەی خۆی خۆش ناوێ نازانێ خێر لە چیدایە... لەوانەیە لەو ژنە منداڵی ئەوەندە چاکی ببێ کە ببێ هۆی ئەوەی خوای گەورە لێی ببووڕێ و بیخاتە بەهەشتەوە... لەوانەیە

منداڵێکی وای لێ ببێ، که دواتر ببێ به هۆکاری گەڕانەوە و چاکبوونی کۆمەڵێک خەڵک... لەوانەیە ببێ بە سەرکردەیەکی باش، کە وڵاتێک لە پەنای ئەودا بحەسێنەوە...

پەڕەکانی مێژوو ناوی تۆمار بکەن و لای خۆیان هەڵیبگرن...

- چەندە جوان و چاکە پیاو بەرگەی ژنەکەی بگرێ و چاوپۆشی لە کەموکوڕییەکانی بکات... ژیانی ژن و مێردایەتی پڕە لە نابەدڵبوون... زۆر جار مێرد کارەکانی ژنەکەی بە دڵ نییە... زۆرجار ژن ئاکار و کاری مێردەکەی بە دڵ نییە... دەی دەبێت ڕەچاوی یەکتر بکەن و لە یەکتر تێبگەن...

- خوای گەورە هەندێ درۆی مێردی بۆ ژنەکەی بە ڕەوا دیوە و حەڵاڵی کردووە...

عن أم كلثوم أنها قالت: لَمْ أَسْمَعْهُ - تَعْنِي النَّبِيَّ(ﷺ)- يُرَخِّصُ فِي شَيْءٍ مِمَّا يَقُولُ النَّاسُ كَذِبٌ إِلَّا فِي ثَلَاثٍ: الْحَرْبُ، وَالْإِصْلَاحُ بَيْنَ النَّاسِ، وَحَدِيثُ الرَّجُلِ امْرَأَتَهُ وَحَدِيثُ الْمَرْأَةِ زَوْجَهَا». رواه مسلم. واتە: ئوممووکەلسوم دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو مۆڵەتی هیچ جۆرە درۆیەکی خەڵکی بدا جگە لە سێ جۆر نەبێ - یەکەم: فرتوفێڵی جەنگ - دووەم - خۆشکردنی نێوانی خەڵک- سێیەم -قسەی پیاو بۆ ژن و قسەی ژن بۆ مێردەکەی...

بەڵێ لە فەرموودەی تردا هاتووە کە دەفەرموێت: الحرب خدعة... واتە جەنگ فڕوفێڵە، واتە تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە: جاری وا هەیە سوپایەک بۆ ئەوەی دوژمن لێی بتۆقن و وابزانن زۆرن، ئاگرێکی زۆر دەکەنەوە و چادری زۆر هەڵدەدەن، بەو کارە وڕەی دوژمن دەبەن...

هەروەها ئەگەر کەسێک ویستی دوو کەسی تۆراو ئاشت بکاتەوە و لای ئەم وتی: ئەو پێیخۆشە ئاشت ببێتەوە و لە کردەی خراپی

خۆی پەشیمانە، لای ئەوی تریش بە هەمان شێوەی وت، ئەوە دروستە و ڕەوایە...

هەروەها ئەگەر پیاو کارێکی ژنەکەی بە دڵ نەبوو، بۆ نموونە: تامی چێشتێکی بە دڵ نەبوو، یا بڵێ: زۆر خۆش بوو دەستت خۆشبێت، ئەوە بە درۆ ناژمێردرێ و پێی تاوانبار نابێت و بە پێچەوانەوە خێرێشی تێدایە...

- لە ئەبوعوسمانی نەیشاپوورییان پرسی: دڵت بە چ کارێکی باشی خۆت خۆشە؟

فەرمووی: کاتێ گەنج بووم خزم و کەسوکارم دەیانەوێست ژنم بۆ بێنن و منیش ژنم نەدەویست، ڕۆژێک ژنێک هات بۆ لام و پێی وتم: باوکی عوسمان! من حەزم لە تۆیە! تو خوا داوام بکە و بمخوازە... ڕۆیشت باوکی هێنا و باوکی لە منی مارە کرد و ئەو ژنە زۆر دڵخۆش بوو...

کاتێک هاتە ژوورەوە و بینیم، دەزانم چاوێکی کوێرە، شەڵە، دەموچاوێشی زۆر ناشیرینە... ئەوەندە منی خۆش دەوێست نەیدەهێشت لە ماڵ بچمە دەرەوە... منیش لەبەر خاتری دڵی ئەو لە ماڵەوە بۆ خۆم دادەنیشتم... بۆ تاکە جارێکیش ناوچاوم لەو ژنەم نەدا بە یەکدا... پانزە ساڵ ژنم بوو... دوایی مرد و ماڵئاوایی یەکجاری کرد...

ئەوەندە دڵم بەو کارەم خۆشە، ئەوەندە دڵم بە هیچ کارێکی ترم خۆش نییە...

زانای مەزن (ئیبنولجەوزی) پەسنی ئەو کارەی ئەبوعوسمان دەدات و دەفەرموێت: ئەوە کاری پیاوانە کە ئەبوعوسمان کردوویەتی!

ئەمەکداریيە دەگمەنەکان...

+ پیاوێک دەڵێ: سێ ساڵە بە پێی شەرعی ئیسلام، ژنێکی بەڕێز و بە ئاکارم هێناوە، بەڵام هەست دەکەم ڕقم لێیەتی... هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە شکڵ و شێوەی ئەوم بە دڵ نییە... پێم جوان نییە... دوای ئەوەیش گواستمەوە بۆم دەرکەوت نەخۆشی (دڵەکوتە)ی هەیە... کێشەکە لە دوای پەیدابوونی منداڵێک -ئەویش بە نەشتەرگەری- زیادی کرد... زگی تەواو گەورە بووە و کێشی تەواو زیادی کردووە... نازانم ئیستا چی بکەم؟

- ئەو ژنە لەبەر ئەوەی ژنێکی بەئاکار و بەڕێزە، لای خۆت بیهێڵەوە... خۆشبەختی تەنیا بە جوانی نییە... مەگەر هەموو ژنانی دونیا جوانن؟

- بێگومان بە و دڵنیابە کە خوای گەورە پاداشتی چاکەت دەداتەوە... بەهۆی ئەو ژنەوە بەڵا و موسیبەتت لێ لادەدا... ڕزق و ڕۆزیت پێ دەدا... شتی وا بە تۆ دەبەخشێ کە خۆت پێی نازانی...

- دڵی ڕابگرە و نیەت و مەبەستت هەر ڕەزامەندی خوا بێت... پشت بە خوا تووشی خێر دەبیت... خۆ ئەگەر لەو ژنە جیا بیتەوە، کێ دەڵێ ژنێکی تر ناهێنی کە تووشی شێرچەنجە نەبێت؟ تۆ چوزانی؟

- ناڕاستەوخۆ هانی بدە بۆ ئەوەی هەندێ دەرمانی خۆلاوازکردن بەکار بهێنێ... هانی بدە با وەرزش بکا... بەتایبەتی ئەو وەرزشانەی کە زگ لاواز دەکەن... گەورەبوونی زگ دوای منداڵبوون ئەوە تووشی هەموو ژنێک دەبێت، بەڵام بە وەرزش چارەسەر دەبێت...

- باسی خراپەی قەڵەوبوونی لە لا بکە... پێی بڵێ: قەڵەوبوون

دەبێتە هۆکاری نەخۆشی درێژخایەن، وەک نەخۆشی جومگە... ئەژنۆکان... شەکرە... فشاری خوێن و ... پەشیمانی داوی ئەو نەخۆشینانە دادی هیچ کەس نادا... هانی بدە لە وەرزشکردن کەمتەرخەمی نەکات و هەموو رۆژێک ماوەیەک بە پێ ڕێ بکا...

دەڵێن: پیاوێک ژنێکی هێنا... ژنەکەی زۆر جوان بوو... ئەویش زۆر زۆر خۆشی دەویست...

دوای چەند ساڵێک تووشی جۆرە نەخۆشییەک هات... دەموچاوی لە چەند لاوە کونێر و سورەکوانی لێهات... دەموچاوە جوانەکەی تێکچوو... جوانییەکەی جارانی نەما...

کاتێ ئەو ژنە دەموچاوی تووشی ئەو نەخۆشییە بوو، مێردەکەی لە سەفەرێکی دوورودرێژ بوو... نەیزانی ژنەکەی نەخۆش کەوتووە و وای لێهاتووە...

لە کاتی گەڕانەوەدا پیاوەکە تووشی ڕووداوێک بوو، هەردوو چاوی نابینا بوون...

ئەو دوو هاوسەرە ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەراند... ژنە جوانەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەر ناشیرینتر دەبوو... پیاوەکەیش کوێر و نابینا... نەیدەزانی ژنەکەی جوانییەکەی لەدەست داوە... چەند ساڵێک ئەو ژن و مێردە بەو ئەوینەی کۆنەوە ژیان...

پیاوەکە وەک جاران و بگرە زیاتریش ژنەکەی خۆش ئەویست... ژنەکەیش بە هەمان شێوە مێردەکەی خۆش ئەویست...

دوای ماوەیەک ژنەکە بە تەواوی نەخۆش کەوت و مرد...

پیاوەکە زۆر زۆر بێتاقەت و پەرێشان بوو...

دوای ئەوەی ژنەکەیان ئەسپەردەی خاک کرد و خەڵک گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی...

پیاوەکە بە تەنیا ڕێی دەکرد...

پیاوێک بانگی کرد و وتی: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

وتی: بۆ مالّی خۆمان...

پیاوەکە بەزەیی بەو پیاوە کوێرەدا هاتەوە و وتی: دەی چۆن دەتوانی بە تەنیا برۆیتەوە؟

هەموو جارێک کەسێک دەستی ئەم پیاوەی دەگرت، بەلاّم ئێستا بە تەنیا بوو...

پیاوە نابیناکە وتی: من کوێر نیم... دوای ئەوەی زانیم ژنەکەم تووشی ئەو نەخۆشییە بووە خۆم کرد بە کوێر و نابینا بۆ ئەوەی خۆی بە شەرمەزار نەزانێت... ئەو ژنەی من ژنێکی زۆر باش بوو... پێم خۆش نەبوو دلّی برەنجێ و خەمبار بێت... دەترسام شەرم لە من بکات و خەم دایبگرێ... منیش بۆ ئەوەی هەست بەو شەرمەزارییە نەکات و خەمبار نەبێت ئەوە چەند ساڵێکە خۆم کوێر کردووە...

ناوا پێشوازی لە مێرد دەکرێ...

- ئەبوتەلحە کوڕێکی هەبوو زۆری خۆش دەویست، کوڕەکەی نەخۆش کەوت... ئەبوتەلحە بە نەخۆشکەوتنی کوڕەکەی زۆر خەمبار بوو...

زۆری پێنەچوو کوڕەکە مرد... ژنەکەی ئەبوتەلحە کە پێیان دەگوت (دایکی سولەیم) وتی: کەس قسە نەکات بۆ ئەبوتەلحە با خۆم قسەی بۆ بکەم...

دایکی سولەیم منداڵەکەی شۆرد، کفنی کرد، بۆنێکی خۆشی لێدا... لە سووچێکی ماڵەوە داینا و قوماشێکی پیادا...

ئەبوتەلحە لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو... هاتەوە بۆ ماڵ و چەند کەسێکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە... ئەبوتەلحە بە دایکی سولەیمی وت: ئەرێ کوڕەکەمان چۆنە؟

دایکی سولەیم وتی: لەو کاتەوەی نەخۆش کەوتووە وەک ئێستا بێ ئێش و ئازار نەبووە... تکام وایە پشوویەکی باش بدا... دایکی سولەیم خواردنی ئێوارەی بۆ ئەبوتەلحە و میوانەکان ئامادە کرد... نان خورا و میوانەکان ڕۆیشتنەوە...

باوکی تەلحە ڕۆیشتە سەر جێگاکەی و ڕاکشا... دایکی سولەیمیش هەستا و ڕۆیشت بۆنێکی خۆشی لە خۆی دا... ئەویش ڕۆیشت بۆ لای باوکی تەلحە و لەگەڵیدا ڕاکشا... ئەوەی کە پیاو و ژن دەیکەن، پێکەوە کردیان...

دوایی دەمەوبەیانی دایکی سولەیم بە باوکی تەلحەی وت: پیاوەکە! ئەگەر کەسێک شتێکت لە لا بە ئەمانەت دابنێ... دوایی بێت و داوای بکاتەوە تۆ پێت ناخۆشە؟ نایان دەیتەوە؟

باوکی تەڵحە وتی: نەوەڵلا پێم ناخۆش نییە و دەیاندەمەوە...

دایکی سوڵەیم وتی: دەی خوای گەورە کوڕەکەی ئێمەی لە لا بە ئەمانەت دانابووین، دوایی بردیەوە... ئارام بگرە و سوپاسی خوا بکە...

باوکی تەڵحە تووڕە بوو وتی: قسەم بۆ ناکەیت تا دێمە لای تۆ و دوایی پێم دەڵێی: کوڕەکەمان مردووە؟

دوایی باوکی تەڵحە وتی: انا لله وانا الیه راجعون... دوایی سوپاسی خوای کرد...

کاتێ بانگی بەیانی درا خۆی شۆرد و ڕۆیشت بۆ نوێژی بەیانی... لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) نوێژی بەیانی کرد...

دوایی بەسەرهاتەکەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: «بَارَكَ اللَّهُ لَكُمَا فِي غَابِرِ لَيْلَتِكُمَا». رواه مسلم و الطبراني و غيرهما. واتە: خوای گەورە پیت و بەرکەت بخاتە ئەم شەوەی ڕابردووتانەوە.

- کاتی پێشوازی لە مێردەکەت دەکەی جلوبەرگە جوانەکانت لەبەر بکە... منداڵەکەنت فێر بکە بە شێوازی تازە و نوێ خێراتنی باوکیان بکەن... بۆ نموونە: باوکیان ماچ بکەن، یان لە خۆشیدا سروود بڵێنەوە...

هەوڵ بدە بۆنی ناخۆشت لێ نەیەت... کاتێ دێتەوە هەواڵی بپرسە...

پیاوێک گلەیی ئەوەی دەکرد کە هەر جارێک دەچێتەوە بۆ ماڵەوە و ژنەکەی دەبینێ، ژنەکەی بۆنی پیازی لێدێ...

دەیگوت: ئاواتمە ڕۆژێک بچمەوە و ئاوی سارد هەبێت و جامێک ئاوی سارد بخۆمەوە... جارێک سەر و سیمای ژنەکەم ڕێکوپێک بێت و قژی ئاڵۆزکا و نەبێ...

- نەکەی لە کاتی ئاهەنگ و بۆنەکاندا جلوبەرگی جوان لەبەر بکەیت و خۆت جوان بڕازێنیتەوە و بۆنی خۆش لە خۆت بدەیت و ئیتر لەوەلا گوێ بە خۆت نەدەی...

خۆ ژن ژنی ڕۆبۆت نییە... ژنی پیاوە... هەستی هەیە... حەزی لە جلوبەرگی جوان و سەر و سیمای جوان و بۆنی خۆشە...

ئەو کارانە وا لە مێرد دەکات کە وردە وردە لە ژنەکەی بیزار ببێت...

ڕازیکردنی دڵی مێرد پاداشتی بۆ نووسراوە... ژن دەتوانێ بە ڕازیکردنی دڵی مێردەکەی خوا لە خۆی ڕازی بکا...

ژن دەتوانێ بە سەر و سیمای جوان و جلوبەرگی ڕازاوە و بۆنی خۆش و قسەی خۆش، دڵی میردەکەی ڕازی بکات...

دەتوانێ بە گرنگیدان بە مێردەکەی دڵی ڕازی بکات... بە نەرمونیانی لەگەڵیدا بجووڵێتەوە و دڵی ڕازی بکات...

کێ سەرکردەیە؟

- ژیانی ژن و مێردایەتی جەنگێک نییە کە ڕووداوەکان لە چوارچێوەی ژیانی ژنومێردایەتیدا باس بکرێ و بنووسرێتەوە...

کێشمەکێش نییە تا بزانن کێ زاڵ دەبێت و کێ ژێر دەکەوێ... کێ دەبێت بە سەرۆکی ماڵەوە...

ژیانی ژن و مێرد هاوبەشییە لەنێوان دوو کەسدا بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێو خێزاندا... هەستانە هەر یەک لەو دوو کەسەیە بەو کارانەی کە ئەرکی سەرشانیەتی و دەبێت بیانکا... لەگەڵ ڕێزگرتن لە یەکتری...

مەبەستی ژن و پیاو تەنیا بڕیاردان نییە... کێ دەبێت بە بڕیاردەر، بەڵکوو بڕیاری کامیان زیاتر بە قازانجی خێزان تەواو دەبێت... بڕیاری گرنگ کامەیە...

بێگومان پیاو گەمیەوانە... ئەو بەرپرسی یەکەمە لە نان پەیداکردن... لە بەخێوکردنی خێزان... هەر وەک خوای گەورە بەو شێوەیە دیاری کردووە و لە قورئانی پیرۆزا فەرموویەتی: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ﴾ النساء: ٣٤ واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە... تەنانەت ئەگەر ژنیش مووچەخۆر بێت ... دەبێت مووچەکەی بپارێزێ و بێ پرسی مێردەکەی تەخشان و پەخشانی نەکات، یان هەڵیبگرێ، یان خێزانەکەی پێ بەخێو بکات...

ئێستا ژنان ئەرکی زۆریان کەوتووە بەسەر شاندا... جگە لەوەی کە مال دەبەن بەڕێوە، منداڵەکانیش پەروەردە دەکات... ئەگەر نەخۆش کەوتن دەیانبا بۆ نەخۆشخانە... دەیانبا بۆ قوتابخانە... لە بازاڕ پێویستییەکانی ماڵەوە دەکڕێ... هەزار و یەک وردە کاری

تریش دەکات...

بەڵێ... ژن بەرپرسە... بەرپرسی ژیان... هاوبەشی و هاوڕێی پیاوە... یارمەتیدەر و پاڵپشتی پیاوە، بەڵام مافی سەرپەرشتیاری لێ ناسێنێتەوە...

- جوانترین شتی ژن نەرمونیانی و ژنێتی ژنە... زۆربەی پیاوانیش هەر ئەوەیان دەوێ... دەیانەوێ ژنەکانیان ژن بن... ڕێزی مێردەکانیان بگرن... شکۆی خۆیان و مێردەکانیان بپارێزن...

پیاو بەدوای ژنێکدا ناگەڕێ بیکا بە شوانی خۆی...

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆژانە زۆرێک لە ژنان دەیانەوێ ئەو سەرپەرەشیاریە لە دەست پیاوەکانیان دەربێنن، خۆیان ببن بە سەرپەرەشتیار... دەیانەوێ پیاو بە دڵی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن... دەیانەوێ پیاو بکەن بە کۆیلەی بن دەستی خۆیان...

باشە ئاخۆ ئەو جۆرە ژنانە دوای ئەوەی جلەوی مال دەگرنە دەست و پیاوەکەیان دەکەنە کۆیلەی خۆیان، دڵیان دادەمەزرێ و ئارخەیان دەبن؟

مێردەکەیان خۆشبەخت دەکەن؟

باشە دەبێت منداڵەکانیان چۆن لەو دایکە بڕوانن؟

خزم و کەسوکار چۆن لێی بڕوانن؟

کۆتایی ئەو ڕێگایە بەرەو کوێ دەڕوا و بە کوێ دەگا؟

هەندێک لەو ئاستە دابەزە کە لە مالی باوکتدا هەتبوو...

هەوڵ بدە کەسایەتی مێردەکەت بەهێز بکەی... متمانەی پێ بکە، با ئەویش متمانەی بە خۆی هەبێ...

ئەو کارانەی کاری پیاوە بەوی بسپێرە... خۆت خەریکی مەبە... ئەگەر نازانی چی بکەی و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەی، عەیب نییە بڕۆ سەردانی ڕاوێژکارێکی شارەزا لە کاروباری خێزانی بکە...

کێشە نییە ئەگەر بتەوێ یارمەتی بدەی، بەڵام نەک بتەوێ بیسڕیتەوە...

ناپلیۆن دەڵێ: ئەو پیاوەی کە ژنەکەی دەیبا بەڕێوە خۆی پیاو نییە و ژنەکەیشی ژن نییە... هیچ کامیان هیچ نین...

برنادشۆ دەڵێ: ژن سێبەری پیاوە... دەبێت شوێنی بکەوێ نەک لێیبخورێ...

پەندێکی چینی دەڵێ: ئەو کولانەیەی مریشک کەڵەشێریەتی زوو خراپ دەبێت و تێک دەچێت...

ئەو ژنانەی هەست بە بێزاری دەکەن...

- ژنێکی گەنج سکاڵای لە دەست ژیان و ڕۆتینیاتی ژیان دەکرد... دەیگوت: ئەمڕۆ هەر دووبارەبوونەوەی دوێنێیە... ماندوبووون و شەکەت بوون... مێردێکی بێدەنگ... کاتێکیش دێتە دەنگ فرمان دەکات... منداڵی هاروهاج... کە لەژێر ئەم ئاسمانە شینەدا شتێکی نوێ شک نابەم... خەریکە دەخنکێم... بە خەوتن نەبێ بە هیچ شێوەیەک ناتوانم خۆم لەم شتە دووبارەبوانە بدزمەوە... کورە خۆ خەویش هەر دووبارەیە، بەڵام ئەوەندەی باشە بێئاگای...

- ئاخۆ ئەم ژنە گەنجە هەرگیز هاتووە بە خەیاڵیدا وەک ئەو دایکە کە هەموو شتێکی لە دەست داوە و کەچی سوپاسی خوا دەکات، ئەمیش سوپاسی خوا بکات؟ ئەو ژنەی کە مێردی لەدەست داوە... کۆمەڵێک منداڵی وردووال... هەموو شتێکی ئەم دونیایەی بووە بە خانووە شرەیەک شەوانە تێیدا ڕۆژ دەکەنەوە... جگە لە سەرینێک هیچیتری نییە سەری قورسی پڕ لە خەفەتی بخاتە سەر... بە حاڵ لەتە نانێک و خواردنێکی سادەی چنگ دەکەوێ و دەیدا بە منداڵەکانی...

ئایا هەست دەکات لە چ ناز و نیعمەتێکایە؟ باشە بۆ سوپاسی خوا ناکات؟ ئیدی ئەوە ژیانە، زۆربەی زۆری ژیان بە ڕوالەت دووبارە بوونەوەیە، بەڵام ئەگەر هەموو زێڕ و زیوی دونیا هی تۆ بێت، ناتوانی دوێنێ بگەڕێنیتەوە...

مەگەر پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرموو: «مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ مُعَافىً فِي جَسَدِهِ، آمِنًا فِي سِرْبِهِ، عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ، فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا». رواه ابن ماجە و ابن حبان. واتە: هەرکەسێک لە ئێوە بە لەشساغی

ڕۆژی -لـه مالّدا- کردەوه و بـه بێترس لەناو مـاڵ و منداڵ و خزم و کەسوکاری خۆیدا بـوو، خۆراکی ئـەو ڕۆژە تـا ئێـوارەی هەبـوو، وابزانـێ کـه دونیـا هەمـووی بـۆ ئـەو کۆبووەتـەوه و هـی ئـەوه.

تۆ نـاز و نیعمەتێکی ئەوەندە گەورەت هەیە کە کەم ژنێک ئەوەی تـۆی هەیـە... بێنـە بەرچـاوی خـۆت چەند بێوەژنـی دامـاو و هـەژار و برسـی زۆرن؟

ژنـی وا هەیـە لەبـەر دامـاوی نایپەرژێتـە سـەر ئـەوه بیر بکاتـەوه تـا بزانـێ ڕۆژەکان لـه یەکتر دەچـن یـان جیاوازن...

بـڕۆ پرسـیار لـەو ژنـە دامـاوانـە بکـە تـا بزانـی چ حاڵێکی خۆشـت هەیـە... بـڕۆ پرسـیار لـە هـەژار و لێقەومـاوان بکـە...

بـڕۆ بـۆ نەخۆشـخانەکان و پرسـیار لـەو ژنانـە بکـە کـە بـە دیـار نەخۆشـێکەوه گیـرۆدەن... بـڕۆ بـۆ بـەردەم زیندانـەکان و تەماشایەکی ئـەو ژنـە دامـاوانـە بکـە کـە هاتـوون مێـردە دیلەکەیـان یـان کـوڕە یەخسـیرەکەیان ببینـن...

بـڕۆ بـۆ ئـەو شـوێنانە ئـەو کاتـە دەزانـی لەناو چ نـاز و نیعمەتێکی گەورەدای...

دەی ئیتـر بـۆ سـوپاسـی خـوا ناکـەی؟ بـۆ سـوپاسـی ناکـەی مالێک و مێردێک و کۆمەڵێک منداڵی پـێ بەخشـیوی؟ بـۆ سـوپاسـی ناکـەی باخـی ژیانـت پـر بـەرهەمـە؟

مرۆڤـی مسـوڵمان بێـزار نابێـت... هەمـوو ڕۆژێـک کاری ئـەو ڕۆژەی خـۆی دەکـات... زیکـری خـوا دەکـات... نوێـژی فـەرز و سـوننەت دەکـات... یارمەتـی هـەژاران دەدات... سـیلەی ڕەحـم بـەجـێ دێنـێ... قورئـان لەبـەر دەکـات...

کـوا تـۆ کـەی خـەریکی نوێـژی؟ کـەی ڕۆژانـە زیکـری خـوا دەکـەیت؟ کـوا کـەی یارمەتـی هـەژاران دەدەی؟ کـەی هـاوکـاری خـەڵک دەکـەیت؟

کەی دەستی میهرەبانی دێنی بەسەر ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی ژیانتن؟

برۆ بەدوای بێوەژن و داماودا بگەڕێ و یارمەتییان بدە... کاری خێرخوازییان لەگەڵدا بکە... لەجیاتی ئەوەی پرتەوبۆڵە دەکەی دوو قسەی خێر بکە...

سوپاسی خوا بکە مێردێکی بێدەنگی پێداوی... بیر بکەرەوە لەو ژنانەی کە ناوێرن دەم بکەنەوە مێردەکانیان هەزار و یەک قسەی ناشیرینیان پێ دەڵێن... سووکایەتیان پێ دەکەن... ژیانیان لێ دەکەن بە دۆزەخ...

سوپاسی خوا بکە کوڕی باش و کچی بەحەیا و حورمەتی پی بەخشیوی... زۆر ژن هەیە چاوەچاوی ئەوەیەتی خوای گەورە منداڵێکی پێ ببەخشێ... دەی ئیتر تۆ چیت دەوێ؟ بۆ لە ژیانی خۆت بێزاری؟ بۆ خۆت ژیانی خۆت ناخۆش دەکەیت؟

وەرە و لەجیاتی ئەوەی بێزاری دەربڕێ سەجدەی سوپاسگوزاری بۆ خوا ببە... لەگەڵ مێردەکەت و منداڵەکانتدا میهرەبان بە... گەشبین و چالاک و ڕاسڵ بە...

خۆتان پشتگوێ مەخەن...

- ژن و مێردی بەڕێز... ئەگەر دەتانەوێ هەمیشە بەختیار بن... یەکتری پشتگوێ مەخەن... لەبیرتان بێت مرۆڤ هەر شتێ پشتگوێ بخات لە دەستی دەچێت...

دارە سەوزەکان گەڵاکانیان وشک دەبن و هەڵدەورێن... گوڵی نێرگس سیس دەبێ و پاشان وشک دەبێت... گژوگیا زەرد هەڵدەگەڕێ...

لەشی مرۆڤ بە گوێپێنەدان نەخۆش دەکەوێ و لەناو دەچێت...

تەنانەت بەردیش بە گوێپێنەدان و پشتگوێخستن تیادەچێت... ئامێرەکان لە کار دەکەون... سەیارە و پێگەڕ کار ناکات...

جا کەوایە با ئەوە بزانن کە بە پشتگوێخستن هەموو شتێک لەناو دەچێت...

دەی ئەگەر ژن و مێرد یەکێکیان ئەویتر پشتگوێ بخا، چۆن ئەوین و خۆشەویستی نێوانیان بەردەوام دەبێت؟

ئەگەر پیاو ژنەکەی پشتگوێ بخا، هەستەکانی بریندار کردووە... لەو ماڵەدا وەک لاشەیەکی بێ گیانی لێدێ... نە قسەیەکی خۆش... نە بزە و پێکەنینێ...

ئەگەر ژنیش مێردەکەی پشتگوێ بخا، ئەوا مێرد هەوڵ دەدا بەدوای کەسێکدا بگەڕێ کە گوێی پێ بدا...

کاتێ ژن ئاگای لە پیاو نامێنێ و پشتگوێی دەخا، ئیتر پیاو جوانی ئەو ژنە نابینێ...

کاتێ ژن ئاگای لە پیاو نامێنێ و پشتگوێی دەخا، ئیتر ڕێزی بیروڕاکانی ناگرێ... بە چاوێکی تر سەیری دەکات...

لە شوێن و جێگایەکی تردا بەدوای خۆشبەختیدا دەگەڕێ...

ئای کە ئەو جۆرە ژیانە چەندێ ناخۆشە... چەندێ پڕە لە ئێش و ئازار...

ژن و پیاوی بەڕێز... خۆتان لە گوێپێنەدان بپارێزن... بایەخ بە یەکتر بدەن... لە خواردندا... لە جلوبەرگدا... لە پاکوخاوێنیدا... لە هەموو شتێکی خێزانیدا بایەخ بە یەکتر بدەن...

- خۆت مەخافڵێنە...

کاتێ پیاو لە کار دێتەوە و ژن لە ماڵەوە چاوەڕێیەتی و خواردنێکی خۆشی بۆ ئامادە کردووە و چاوە چاوی ئەوەیەتی میردەکەی بێتەوە... میردیش پەلەپەلیەتی بگاتە ماڵەوە و چاوی بە ژنەکەی بکەوێ و ماوەیەک پێکەوە دابنیشن و قسە بکەن... ئەو خێزانە چەندێ بەختەوەرن...

بەڵام پیاوی وا هەیە هەست بەو شتانە ناکا... هەر هاتەوە بێ سەلام و کەلام یەکسەر دەست بۆ کونترۆڵی تەلەفزیۆنەکە دەبات و ئاگای لە ماڵەوە نامێنێ...

دەست دەبا ڕۆژنامەکە دەگرێتە دەست و خەریکی خوێندنەوەی شتی سەیروسەمەرە دەبێت... تەنانەت بانگەواز و پرسە و شتی کۆن و ڕابردوویش دەخوێنێتەوە...

یان واقی بە دیار فیلمێکەوە وڕ دەمێنێ و ماڵەکە بار بکەن بە خۆی نازانێ...

هەندێ کەس نازانن ئەم کارەکە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە کار دەکاتە سەر هەستی ژن و ئیتر ئەو ژنە وا هەست دەکات لەو ماڵەدا تەنیا کرێکار و خزمەتکارێکە و بەس...

هەست ناکات میردێکی هەبێ و چاوەڕوانی بینینی ژنەکەی بێ... هیوای بە میردەکەی نامێنێ دوو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکا... پێکەوە تۆزێک پێبکەنن...

ئەو پیاوە نازانێ ڕۆژانە کەمێک قسەی خۆش و گاڵتە و شۆخی لەگەڵ ژنەکەیدا بکات... کەمێک وەک پیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکا... کەمێک خۆی وەک مێردی ئەو ژنە پیشان بدا...

ئەو کارانەی کە پێویستە بیکا و نایکا، وا دەکات ئیتر ژنەکە حەزی لە دانیشتن لەگەڵ ئەو پیاوەدا نەمێنێ، چونکە پیاوەکە خۆی دەستپێشخەر بووە...

دەی برا بەڕێزەکان! ئاگاتان لە شووشەکانتان بێ... نەیانشکێنن... بزانە مامۆستای یەکەم و باشترین مێرد کە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) مامەڵەی لەگەڵ ژناندا چۆن بووە؟

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِك ، قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) فِي سَفَرٍ ، وَكَانَ مَعَهُ غُلاَمٌ لَهُ أَسْوَد يُقَالُ لَهُ أَنْجَشَةُ يَحْدُو، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ(ﷺ): وَيْحَكَ يَا أَنْجَشَةُ رُوَيْدَكَ بِالْقَوَارِيرِ. رواه البخاري. واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە سەفەرێکدا بوو... کۆیلەیەکی ڕەشی لەگەڵدا بوو ناوی (ئەنجەشە) بوو... ئەنجەشە لە وشترەکانی دەخوڕی... -ژنان سواری وشترەکان بوون، ئەنجەشەیش بە خێرایی لە حوشترەکان دەخوڕی - پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا خراپت بۆ نەکا ئەنجەشە! لەسەر خۆت لێبخورە -لەگەڵ ژناندا نەرمونیان بە-.

مەگەر ئەو جۆرە پیاوانە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریان(ﷺ) نەبیستووە کە دەفەرموێت: «إِنَّ مِنْ أَكْمَلِ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا وَأَلْطَفُهُمْ بِأَهْلِهِ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ. واتە: بەڕاستی کاملترین مسوڵمان لە ئیمانداریدا ئەو کەسەیە کە جوانترین ئاکار و ڕەفتاری هەبێ و لەگەڵ ژن و منداڵ و کەسوکاریدا نەرمونیان بێ.

***

گەڕانەوە بۆ ئەوین...

- ئەوانەی کە لە کۆنەوە هاوسەرگیرییان کردووە و ئەوین و خۆشەویستی بە شتێکی تێپەڕیو دەزانن... ئەمە هەندێ ڕێکارە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە مالانە پڕبێ لە ئەوین و خۆشەویستی...

- ناوی دە شت لە کاغەزێکدا بنووسە کە پێتخۆشە لە ژنەکەتدا هەبێ، کاغەزەکەی پێ بدە، یان بیدە لە دەرگای تاکی جلوبەرگەکانی ژنەکەت ... ئەمە وای لێدەکات کە ژنێتی خۆی لەبیر نەچێتەوە...

- ناوە ناوە پشووی پێ بدە... کاتێ تۆ دەستت خاڵییە و هیچ کارێکت نییە، یارمەتی بدە و هەندێ کاروباری ناوماڵ بگرە ئەستۆ... بۆ نموونە: نان و خواردنی ئێوارە ئامادە بکە...

- لە ڕێگای مۆبایلەوە لە مەسینجەر یان ڤایبەر نامەی ئەویندارانەی بۆ بنووسە و بۆی بنێرە...

- خافڵگیری بکە و خواردنێکی بۆ ئامادە بکە... بە تایبەت ئەگەر ژنەکەت فەرمانبەرە، ئەوە زوو زوو ژەمە خواردنێک ئامادە بکە با ئەو پشوویەک بدات...

- خافڵگیری بکە و دیاریەکی بۆ بکرە، گرنگ نییە دیاریەکە نرخی چەندە، گرنگ ئەوەیە خافڵگیری بکەی...

- خانمی بەڕێز... تۆیش هەموو کاتەکانت بە منداڵەکانتەوە مەکوژە... هەندێ کات بۆ مێردەکەت تەرخان بکە... بزانە چی پێویستە بۆی جێبەجێ بکە...

- زوو زوو خۆت بگۆڕە و جلوبەرگی نوێ لەبەر بکە... پیاوان زۆر حەزیان لە شێوازی جلوبەرگە... حەزیان لەوەیە ژنەکانیان هەردەمێک و جۆرە جلوبەرگێکیان لەبەر بێ...

- لە ژووری تایبەت بە خۆت و مێردەکەتدا هەرگیز چەلەحانێ مەکە... کێشەکان لە دەرەوەی ئەو ژوورە چارە سەر بکە... بۆ ئەوەی ئەو ژوورە تایبەت بێ بە پشوودان و حەسانەوە... بۆ ئەوەی ئەگەر مێردەکەت ماندوو بوو... بێزار بوو... پەنا بۆ ئەو ژوورە ببا...

- جار جار ڕۆژێ تەرخان بکە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە بە هیچ شێوەیەک باسی هیچ کێشەیەک لەگەڵ مێردەکەتدا نەکەی... ئەو ڕۆژە باسی ڕۆژانی ڕابردوو بکە... باسی ئەو دەمانەی تازە بە یەک گەیشتبوون... باسی سەرەتای هاوسەرگیریتان... خواردنێکی خۆشی بۆ ئامادە بکە و باسی هەست و سۆزی نێوان ژن و پیاوی بۆ بکە...

- ژنێکی گوێڕایەڵ بە... قسەت خۆشبێ... بە تایبەت بەیانیان بە هەموو جۆرێ خۆت لە قسەی ناخۆش بپارێزە... چاوەڕێی ئەوە نەبی تۆ بەیانی قسەی ناخۆشی لەگەڵدا بکەیت و چاوەڕێ بی ئێوارە ئەو هاتەوە قسەی خۆشت بۆ بکا...

- ئەگەر مێردەکەت زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوە بەسەر دەبات، کارێک بکە و نەخشەیەک بکێشە بە هێمنی و ژیرانە بیهێنیتەوە بۆ ماڵەوە و ئیتر بەپێی پێویست نەبێ نەچێتە دەرەوە...

- هەندێ پیاو -بە تایبەت دوای تەمەنی چل سالی- بە شێوەیەک ئەوین و خۆشەویستی خۆیان بۆ ژن دەردەبڕن کە جیاوازە لە جاران...

کاتێ تۆ بێزاری و ئەو دەڵێ: ئەوە چیتە؟ یان پەرداخێک ئاوت بۆ دەهێنێ، یان دەرمانەکانت بۆ دێنێ... ئەوە لە ڕاستیدا دەڵێ: خۆشم دەوێی...

کاتێ لە کاتی پشوودایە و لە ماڵەوەیە و پێتدەڵێ: ئەوە بۆ قاپەکان ناشۆی؟ ئەوە لە ڕاستیدا پێت دەڵێت: خۆشم دەوێی! تۆ تووڕە مەبە و بەوە تۆمەتباری مەکە کە تۆی خۆش ناوێ...

لەگەڵیان باش بن...

- ژنەکەت باوک و دایکی خۆی بەجێهێشتووە... مااڵی خۆیان و دونیایەکی تری بەجێهێشتووە... هاتووە بۆ الی تۆ بۆ ئەوەی پاشماوەی ژیانی لەگەڵ تۆدا بەسەر ببا...

کاروباری نوێ... ڕەفتار و ئاکاری نوێ... ژیانێکی نوێ... هەموو شتێکی نوێ... کاکی بەڕێز! سەختگیر مەبە لەگەڵ ژنەکەتدا... ئەو هاتووەتە نێو ژیانێکی نوێ... ماوەیەکی پێدەچێت تا بەو ژیانە ڕادێ... خۆ ژن ئامێرێک نییە و بەرنامەی نوێی بۆ دابەزێنێت و ئیتر لەسەر ئەو بەرنامەیە کار بکات... ڕۆژانە شتی نوێی بۆ دەردەکەوێ... تۆی مێرد مەهێڵە بێ باوکی و بێ برایی پێوە دیار بێ... جێگای هەموو خزم و کەسوکاری بۆ بگرەوە... مێردێکی میهرەبان بە... نەرمونیان بە...

- پەندێک دەڵێ: ڕۆژی سێوێک وات لێدەکات نەچیتە الی پزیشک... بەڵێ... ئەگەر ڕۆژانە سێوێک وات لێبکا پێویستت بە پزیشک نەبێ، ئەوا ڕۆژی قسەیەکی خۆشیش وات لێدەکات ڕووبەڕووی کێشەی خێزانی نەبیتەوە...

- ئەگەر دەتەوێ بە جۆرێکی ئاسان ڕەزامەندی بەرامبەرەکەت بەدەست بێنی... وشەی داواکاری بەکار بێنە، نەک فرمان...

- لەدوای خیانەتی هاوسەری، هیچ شتێک بۆ ژن ئەوەندەی ئەوە گران نییە کە هەست بکا مێردەکەی لە کاتی تەنگانەدا گوێی پێ نادا و لەگەڵیدا نییە، یان لە کاتی بۆنە تایبەتەکاندا کە لە الی ئەو گرنگە، مێردەکەی گوێی پێنادا...

تەنانەت ئەگەر ڕۆژانە دیارییەک بۆ ژنەکەت بکڕێ، بە ئەندازەی

ئەوە پێی خۆش نییە لەو کاتانەدا لەگەڵیدا بی... ئەوە گەورەترین دیارییە بۆ ئەو...

- هەموو جارێک کارێک بکە خواپەرستی کۆتان بکاتەوە، بۆ نموونە: پێکەوە نوێژی بەکۆمەڵ بکەن... شەونوێژ بکەن... ڕۆژووی سوننەت بگرن... ئەو کارانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نێوانتان پتەو و پەیوەندیتان بەهێز بکات...

- زۆر پیاو هەیە هەر بۆ خۆشی سەری زمان و بنی زمانی ئەوەیە دەڵێ: نەمرم ژنێکی تر دەهێنم... دەی کاکە تۆ نیازت نییە ژنێکی تر بێنی بۆ گۆشتی خۆت تاڵ دەکەیت؟ بۆ دڵی ژنەکەت لە خۆت دەڕەنجێنی... بۆ خۆت ناشیرین دەکەیت؟ ئەوە زۆر کاریگەرە لەسەر ژن... بە گاڵتەی مەزانە... دڵی ژن بریندار دەکات... ژن هەمیشە پیاو بە پشت و پەنای خۆی دەزانێ... پێی وایە ئەگەر لای پیاوەکەی بێت ئیتر هەموو دونیا دژی بوەستنەوە هیچیان پێناکرێ... پیاویش بەو قسانە ئەو متمانە بەهێزەی ژن لەناو دەبا... ژن ئیتر ئەو پیاوە بە پشت و پەنای خۆی نازانێ...

- پیاوی وا هەیە کاتێ برادەرێکی یان کەسێکی تر باسی چاکەی ژنەکەی خۆی دەکات، ئیتر ئەم لەخۆوە لە ژنەکەی خۆی بێزار دەبێت... ئێ کاکەگیان! بۆ وا دەکەیت؟ بۆ خۆت بێزار دەکەیت؟ زۆر جار خەڵکی پەسنی ژنەکەی خۆی دەدا، کەچی لە ڕاستیدا وا نییە، یان جۆری ژیانی تۆ و ئەوان لە یەکتر جیاوازە... بە هەمان شێوە ژنیش هەیە ئەگەر برادەرەکەی باسی چاکەی مێردەکەی خۆی کرد، ئیتر ئەم ڕق لە مێردەکەی خۆی هەڵدەگرێ و دەڵێ: بۆ تۆیش وەک مێردی فلان کەس نیت؟ ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە و دەبێت ژن و مێرد ئاگایان لە خۆیان بێ... شێوازی ژیان لە مالێکەوە بۆ مالێکی تر جیاوازە...

عَنْ عَائِشَةَ، أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ! أَقُولُ إِنَّ زَوْجِي أَعْطَانِي مَا لَمْ يُعْطِنِي، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) : «الْمُتَشَبِّعُ بِمَا لَمْ يُعْطَ، كَلَابِسِ ثَوْبَيْ زُورٍ». رواه مسلم. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: ژنێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من -لای هەویەکەم- دەڵێم: میردەکەم ئەوە و ئەوەی بۆ کردوم... شتەکەیشی بۆ نەکردوم -یانی بۆ خۆهەڵنان لای هەویەکەیدا وایوتووە- پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو کەسەی خۆی بە شتی -سوڕ- برازێنێتەوە -بۆ ئەوەی خۆی دەربخا- وەک ئەوە وایە دوو جلوبەرگی تاوانی لەبەر کردبێت - لەم نموونەدا یەکێکیان ئەوەیە کە بە درۆ دەڵێ: میردەکەم ئەوەی بۆ کردووم، دووەمیش ئەوەیە کە وای دەرخستووە میردەکەی ئەوی زیاتر خۆش دەوێ-.

- بزانە ژنەکەت چ سیفەتێکی چاکەی هەیە، زوو زوو باسی بکە و پەسنی بدە... هانی بدە بۆ ئەوەی سیفەتە چاکەکانی بە چاکی بهێنێتەوە و ئەوەیشی چاک نییە چاکی بکات...

عَنْ زَارِعٍ وَكَانَ فِي وَفْدِ عَبْدِ الْقَيْسِ، قَالَ: فَجَعَلْنَا نَتَبَادَرُ مِنْ رَوَاحِلِنَا فَنُقَبِّلُ يَدَ رَسُولِ اللهِ(ﷺ) وَرِجْلَهُ، وَانْتَظَرَ الْمُنْذِرُ الْأَشَجُّ حَتَّى أَتَى عِيبَتَهُ، فَلَبِسَ ثَوْبَيْهِ، ثُمَّ أَتَى النَّبِيَّ(ﷺ) فَقَالَ لَهُ إِنَّ فِيكَ خَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللهُ الْحِلْمَ وَالْأَنَاةَ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ: أَنَا أَتَخَلَّقُ بِهِمَا أَمِ اللهُ جَبَلَنِي عَلَيْهِمَا، قَالَ: بَلِ اللهُ جَبَلَكَ عَلَيْهِمَا. قَالَ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَبَلَنِي عَلَى خُلُقَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللهُ وَرَسُولُهُ. رواه احمد والبيهقي في الدلائل واللفظ له. واتە: زارع کە خۆی یەکێک بوو لەو کەسانەی بە نوێنەری ڕۆیشتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: بەپەلە لە وشتر و وڵاخەکانمان دابەزین و چووینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دەست و قاچیمان ماچ دەکرد... مونزیر -وەک ئیمە پەلەی نەکرد- ڕۆشت بۆ لای بوخچەکەی، جلوبەرگە -تایبەتییە-کانی لەبەر کرد،

دوایی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: تۆ دوو سیفەتت تیایە خوا و پێغەمبەری خوا خۆشیان دەوێ، مەندی و سەنگینی... مونزیر فەرموویی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من خۆم مەند و سەنگین دەکەم یان خوای گەورە بە مەندی و سەنگینی دروستی کردووم و سروشتم وایە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویی: نا هەر خوا وای دروست کردووی... مونزیر فەرموویی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە دوو سیفەتی وای بە من داوە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆشیان دەوێ.

ئەها پێغەمبەر(ﷺ) چۆن باسی ئەو دوو سیفەتەی مونزیری کرد و پێی فەرموو: خوا و پێغەمبەر(ﷺ) ئەو دوو سیفەتەیان خۆش دەوێ...

دەی دەبێت ژن و مێردیش چاو لە پێغەمبەر(ﷺ) بکەن، هەر سیفەتێکی باشیان بینی پەسنی بدەن... خۆیانی لێ کەڕ نەکەن... بۆ ئەوەی ببنە هاندەری یەکدی بۆ کاری چاکە...

- نەکەن یەکێکتان بۆنتان ناخۆش بێت، یان جلوبەرگی شڕ و پیسوپۆخڵ لەبەر بکەن... مرۆڤ هەرچەندێ هەژاریش بێت و جلوبەرگی جوانی نەبێ، دەتوانێ خۆی بە پاکوخاوێنی ڕابگرێ... جلوبەرگی پاکوخاوێن زۆر لە جلوبەرگی جوان و پیسوپۆخڵ باشترە...

ژیانی خۆتان
بە هی خەڵکی مەچوێنن...

- ژیانی خۆتان بە ژیانی خەڵکی مەچوێنن... زۆربەی زۆری کێشەی نێوان ژن و مێرد لەوەوە دەست پێ دەکات کە ژیانی خۆیان و ژیانی خەڵک لە بەرامبەر یەک ڕادەگرن و بە ژیانی خۆیان ڕازی نابن و چاو لە ژیانی خەڵک دەکەن...

- مێردەکە چاو لە فلان برادەر دەکات و دەڵێ: ئەو لەگەڵ ژنەکەیدا زۆر بەختەوەر و ئاسوودەیە... دوایی تەماشای ژنەکەی خۆی دەکات ئاخ هەڵدەکێشێ و دووکەڵی خەفەتی دەگاتە تەشقی ئاسمان...

داوا لە ژنەکەی دەکات وەک فلان و فیسار بێت... دەڵێ: ئەوانە مێردەکانیان بەختەوەر کردووە، دەبێت تۆیش وەک ئەوان بی... ژنەکەیش بەو قسە و داواکارییە ڕازی نابێت و دڵی بریندار دەبێت...

ئیتر ژنەکە دڵی لە خۆی دادەمێنێ... نە پیاوەکە بەو بەختەوەرییە دەگا کە خۆی دەیڵێ... نە ژنەکەش بەو پێودانگ و لەبەریەکڕاگرتنە ڕازییە...

- ژنی وا هەیە سەری زمانی و بنی زمانی باسی فلانە ژنە کە مێردەکەی بە تەواوی بەختەوەری کردووە... باسی ئەو ژنە دەگێڕێتەوە و دەڵێ هەموو جارێ باسی خۆی دەکات و دەڵێ: مێردەکەم یارمەتیم دەدا... خواردن ئامادە دەکات... ناومال گەسک لێدەدا... هەرگیز تووڕە نابێت... قسەی خۆشە... هەرچی پێ بڵێم، نالێ: نە... دەمبا بۆ بازاڕ... بەرکم هەمیشە پڕە لە دۆلار و...

دوایی ئەم ژنە داماوە بیر لە خۆی دەکاتەوە، مێردەکەی یارمەتی نادا... خواردنی بۆ دروست ناکا... ناومال گسک نادا... تووڕەیش دەبێت... قسەی خۆش نییە... لە گوێی ناکا... نایبا بۆ بازاڕ... پارەی پێ نادا و...

جا جگه له خەم و خەفەتخواردن هیچی پێ ناکرێ...

کاتێ مێردەکەی لە دەرەوە دێتەوە بۆ مال، بە دەموچاوێکی پڕ لە خەم و تووڵێکی پڕ لە چرچولۆچ دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە و خێراتنیشی ناکا...

- هەمیشە ئەوە لە یاد نەکەن هیچ ژن و پیاوێ لە سەدا سەد بەختەوەر نین... هەموو کەسێ لە لایەکەوە تەواوە و لە دوو لاوە ناتەواو... ژیان پڕە لە خەم و خەفەت و ناخۆشی، بەڵام نابێت مرۆڤ لە بەرامبەر خەم و خەفەت دەستەوسان بێت و خۆی تەسلیم بکا...

هیچ کەسێ نییە کامڵ بێت... هیچ کەسێ نییە مێردەکەی بەو جۆرە بێ کە ئەم بیری لێ دەکاتەوە و خەونی پێوە دەبینێ... ژن دەبێت خۆی ئەو خەون و خەیاڵی خۆی لە مێردەکەیدا بێنێتە دی... دەبێت چاوپۆشی لە هەندێ شت بکا... گرنگترین شتی پیاو ئاکار و ڕەفتار و ئایینە... ئەگەر پیاوێکی بەئاکار و ڕەفتار جوان و دیندار بوو، ئیتر کێشەی سەرەکی نییە... کێشەکانی تر هەموو لاوەکین... ژنی ژیر دەتوانێ خۆی چارەسەری بکا... دەتوانێ بە قسەی خۆش و نەخشەی جوان و پلانی ژیرانە مێردەکەی بێنێتە سەر ڕێگای ڕاست و خەونی خۆی بێنێتە دی...

- هەرگیز بە مێردەکەت مەڵێ: فلانکەس ئەو شتە و ئەو شتە دەدا بە ژنەکەی... دەیبا بۆ فلان جێگا... ئاوا و ئاوا دەکەن...

هەرگیز بە ژنەکەت مەڵێ: ژنی برادەرەکەم چێشتێکی لێنابوو هەرگیز چێشتی ئەوەندە خۆشم نەخواردووە... ئەگەر خۆشیش بوو بڵێ: خۆش بوو، بەڵام وەک هی تۆ دەرنەدەچوو...

- هەرگیز ژیانی مێردەکەت لە کاتی پێش هاوسەرگیریتان و دوای هاوسەرگیریتان بەراورد مەکە... مەگەر ئەوەی پەسنی دوای هاوسەرگیری بدەیت و بڵێ: ئێستا لە جاران میهرەبانتر و ژیرتر

و ماقوولّتری... بەرانبەرکاری لە ژیاندا زەرەری سەد ئەوەندەی قازانجە...

- دەبێت ژن و مێرد هەستی یەکتر بریندار نەکەن... هەرشتێک دەزانن هاوسەرەکەتان پێی ناخۆشە، خۆتانی لێ بپارێزن... قسەیەک مەکەن دڵی بەرامبەر بڕەنجێنن... بریتی چەقۆ زۆر زوو چاک دەبێتەوە، بەڵام بریتی زمان چاکبوونەوەی نییە...

- خراپترین شتێک کە بووەتە هۆکاری تۆرانی دڵی ژن و مێرد لە یەکتری، فیلم و درامایە... بۆ خاتری خوا خۆتان لە سەیرکردنی درامـا بپارێزن... بە تایبەت ئەو درامایانەی کە زیاتر باسی نێوان خێزانەکان و ژن و مێرد دەکەن و پڕن لە درۆ و فیشاڵی گەورە گەورە... پڕن لە ئەوین و ڕۆمانسیەتی درۆودەڵەسە... پڕن لە خیانەتی هاوسەر لە هاوسەر... ئەوانە هەرهەمووی دیوی بەرچاو و درۆیە... تەواو دوورن لە ڕاستییەوە... ئامانجی سەرەکی ئەو درامایانە -کە هـاوردەن و لە وڵاتێکی ترەوە هێنـراون و وەرگێـڕراون- تێکدانی نێوان خێزانەکانە... درامای ناوخۆییش هەیە بێمانا و سوک و پڕ لە قسەی بێتام و درۆودەڵەسە و تێکدانی ژیانی خێزانییە...

ئەگەر کەسیکیش بڕوا نـاکا بـا بـڕوا ژیانی ئەو ئەکتەرانە تاقی بکاتەوە... بۆی دەردەکەوێ کە لە ماڵەوە ناخۆشترین ژیانیان هەیە... نە ژن بە پیاو ڕازییە و نە پیاو لە ژن... بۆیە ئەو ئەکتەرانە زۆر لەگەڵ یەکتر نامێننەوە و لە یەکتر جیا دەبنەوە... هەڵبەت باس باسی هەموویان نییە... باسی زۆرینەیە... زیاتر باسی هاوردەکانە...

تۆ شارێنی ماڵی خۆتی...

- تۆ ببە بە هۆکاری تەکوزی و ڕێکوپێکی ماڵەوە... ماڵەکەت کۆ بکەرەوە... هەر شتێک لە جێگای تایبەت بە خۆی و لە جێگەی دیاریکراودا دابنێ...

- منداڵەکانت فێری ڕێکوپێکی و سەروبەری بکە... کاتەکانی نانخواردن دیاری بکە...

- ئەو ئامێرانەی کە دەبنە هۆکاری ئازارگەیاندن بە منداڵ، با لە بەردەستدا نەبن... لە شوێنێک بن منداڵ دەستی نەیگاتێ... گرنگی بە پاکوخاوێنی منداڵەکان و جلوبەرگی منداڵەکان بدە... لە وانەخوێندندا هاوکارییان بکە... ئەو کتێبانە بخوێنەوە کە تایبەتن بە ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان...

- پەیوەندی خۆت لەگەڵ منداڵەکانتدا بەهێز بکە... بە جۆرێکی وا کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا بۆ باوکیان نەبەن...

- فێری ئەوەیان بکە ڕێزی باوکیان و ڕێزی گەورەتر لە خۆیان بگرن...

- کاتی نزیکبوونەوەی تاقیکردنەوەکان کاری مەکە مێردەکەت وا تێبگا کە ئێوە خۆتان بۆ جەنگێکی دەستەویەخە ئامادە دەکەن...

- سوود لە بچووکترین دەرفەت وەربگرە بۆ ئەوەی دڵی تاکەکانی خێزانەکەت خۆش بکەی... بۆ نموونە: ئاهەنگێکی خنجیلانەیان بۆ ساز بکە...

- یارمەتی منداڵەکەت بدە بۆ ئەوەی بتوانێ جۆرێکی قورئان لەبەر بکات... یارمەتی مێردەکەت بدە لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێ...

- کاتی خەوتن بۆ منداڵەکانت دیاری بکە، بەڵام کاتێکی وا بێ پێش ئەوەی بخەون چاویان بە باوکیان بکەوێ... دواتر ئەوەندە بخەون کە منداڵ تێرخەو بکا...

- کاتێ مێردەکەت هەڕەشەیەک لە منداڵەکان دەکات، یان تۆڵەی شتێکیان لێدەکاتەوە، تۆ خۆت لە کارەکە هەڵمەقورتێنە... خۆهەڵقورتاندن لەو کاتانەدا هەم مێردەکەت تووڕە دەکات و هەم منداڵەکانیش سام و هەیبەتی باوکیان لەلا نامێنێ...

باوک هەرچۆنێک هەڕەشە لە منداڵەکانی بکا با دایک بە ڕوالەت و لە بەرچاوی منداڵەکان پشتگیری لە باوکیان بکا... بە پێچەوانەیشەوە... کاتێ دایک هەڕەشە لە منداڵەکان دەکات دەبێت باوک پشتگیری دایک بکات... ئەگەر یەکێکیان هەڕەشە بکات و ئەویتر لەسەریان بکاتەوە، ئەوا پەروەردەی منداڵەکان تەواو خراپ دەبێت و تێکدەچێت...

- ئامۆژگاری پیاوە بەڕێزەکانیش دەکەین و دەڵێین:

- منداڵەکانت ڕابێنە ڕێز لە دایکیان بگرن... با پێیان شوورەیی نەبێ دەستی دایکیان ماچ بکەن...

- ئەگەر منداڵەکەت داوای شتێکی لێکردی پێی بڵێ: ئەی دایکت چی وت؟ بۆ ئەوەی کارێک نەکەی پێچەوانەی کاری دایکیان بێ...

- جارجار منداڵەکانت ببەرە دەرەوە با دایکیان پشوویەک بدات و کەمێک مێشکی لە قەپوقاڵی منداڵەکان خاڵی بێ...

- دەبێت پیاو و ژن ڕێزی یەکتری بگرن... متمانەیان بە یەکتر هەبێ... مۆبایل و کەلوپەلی یەکتر نەپشکنن... ئەو کارە دەبێتە هۆی بێزاری بەرامبەر و لەدەستدانی متمانە بە یەکتری...

- لە هەموو کارێکدا شەفاف بن... بە دزی یەکترییەوە هیچ کارێک مەکەن... هیچ لە یەکتر مەشارنەوە...

- ڕێز لـه یەکتر بگرن... بـۆ نموونـه ئەگـەر یەکێکتـان تەماشـای بەرنامەیەکـی کـرد، ئەوێتـر دژی نەوەسـتیتەوە... ئەگـەر یەکێکتـان خواردنێکـی پێخـۆش بـوو ئەوێتـر یەعـی لێنـەکا... ئەگـەر یەکێکتـان جلوبەرگێکـی پـێ جـوان بـوو، ئەوێترتـان گاڵتـەی پێنـەکا...

کێ دەرگاکە دەکاتەوە...

- ژن و مێردێک ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بەیانی دەرگا لە هیچ کەسێک نەکەنەوە... ئیتر میوان هەرکەسێکە ئەوە کەیفی خۆیەتی...

بۆ بەیانی کەسوکاری پیاوەکە هاتن دایان لە دەرگا...

ژن و مێردەکە سەیرێکی یەکیان کرد و بەو ڕوانینە پەیمانەکەی خۆیان نوێ کردەوە و دەرگایان نەکردەوە...

کەسوکاری پیاوەکە گەڕانەوە... وێستی خوا وابوو زۆری پێنەچوو کەسوکاری ژنەکەیش هاتن...

دایان لە دەرگا... وێستیان دەرگا نەکەنەوە... کاتێ پیاوەکە سەیری ژنەکەی کرد دەزانێ فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە...

ژنەکە وتی: بەخوا خەریکە دڵم دەبێت بە کەباب باوکم لە بەردەرگا وەستاوە و من دەرگای لێ ناکەمەوە...

پیاوەکە بێدەنگ بوو... خۆی خواردەوە و دەرگاکەی لە خەسوو و خەزوری کردەوە...

چەند ساڵێک تێپەڕی... خوای گەورە چوار کوڕی پێ بەخشیبوون...

پێنجەم منداڵ کچ بوو... باوکەکە لە خۆشی پەیدابوونی ئەو کچە خەریک بوو دەفڕی... چەند ئاژەڵێکی کردە قوربانی و خەڵکێکی زۆری بۆ نانخواردن و گوێزەبانە داوەت کرد...

خەڵکەکە پێیان سەیر بوو... باشە بۆ دەبێت ئەم پیاوە ئەوەندە دڵی بەم کچە خۆشبێت؟ خۆ چوار کوڕیان بووە نیو ئەوەندە دڵی خۆش نەبووە!

پیاوەکە وەڵامی دانەوە و وتی: چونکە هەر ئەمەیان دەرگام لێ دەکاتەوە...

- بەداخەوە ئێستایش و ئالەم سەردەمەیشدا زۆربەی خەڵکی کاتێک کوڕێکیان دەبێت ئەوەندە خۆشحاڵ دەبن و ئەوەندە خۆشی دەردەبڕن، داخ دەنێن بەسەر دڵی ئەو ژنە داماوەی کە تا ئێستا کوڕی نەبووە و هەر کچی بووە...

زۆربەی خەڵک ڕێزی کوڕ دەگرن و بە چاوێکی سوکەوە تەماشای کچ دەکەن... هەرکێ کوڕی نەبێ پێی دەڵێن: ئۆجاغکوێر!

بەڵام لە ئایینی ئیسلامدا ئەو جیاکارییە نەکراوە... کوڕ و کچ وەکو یەکن... مرۆڤی مسوڵمان دەزانێ کە هەموو شتێ بە دەست خوایە، خوای گەورە خۆی فەرموویەتی: ﴿لِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾﴾ الشوری: ٤٩ واتە: هەر بۆ خوایە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، هەرچی بوێت دروستی دەکات، بە هەرکەس کە بیەوێت تەنها کچ دەبەخشێت و بە هەرکەس کە بیەوێت کوڕ دەبەخشێت.

ڕکبوونەوە لە کچ ئەوە کار و ڕەفتاری سەردەمی نەزانی و نەفامییە... هەرکەسێ ڕقی لە کچبوون بێتەوە، ئەوە ڕقی لە بەشی خوایە... ڕەخنە لە کای خوا دەگرێ... پەنا بەخوا...

زۆر سەیرە بە یەکێک بڵێن: کچتان بووە و دەموچاو بدا بە یەکدا و بەخششی خوای گەورەی پێ ناخۆش بێ... ئاخۆ ئەوە چ جۆرە مسوڵمانێکە؟ مسوڵمان کەی زاتی ئەوە دەکات بەخششی خوای پێ خراپ بێ؟

- دەڵێن: باڵوڵی دانا ڕۆیشت بۆ لای خەلیفە، وارێکەوت لەو کاتەدا بە خەلیفەیان وت: قوربان خێزانت کچێکی بووە... خەلیفە تووڕە بوو... لە داخدا نان و ئاوی نەخواردا... باڵوڵ وتی: ئەوە بۆ

ئەوەندە خەمبار بووی؟ ئەوە پێت ناخۆشە خوا منداڵێکی ڕێکوپێکت پێ بدا؟ ئەوە پێت خۆشە خوا کوڕێکی وەک من شێت و دێوانەت پێ بدا؟

خەلیفە خۆی پێ نەگیرا و دەستی کرد بە پێکەنین...

- پێغەمبەر(ﷺ) زۆری پێناخۆش بووە خەڵک جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا بکەن، بۆیە فەرموویەتی: «سَوُّوا بَيْنَ أَوْلَادِكُمْ فِي الْعَطِيَّةِ فَلَوْ كُنْتُ مُفَضِّلًا أَحَدًا لَفَضَّلْتُ النِّسَاءَ». رواه الطبراني. واتە: لە بەخشیندا جیاوازی مەکەن لەنێوان منداڵەکانتان، ئەگەر من جیاوازی بکەم کچ پێش کوڕ دەخەم...

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) لە باسی کچدا دەفەرموێت: مَا مِنْ مُسْلِمٍ لَهُ ابْنَتَانِ فَيُحْسِنُ إِلَيْهِمَا مَا صَحِبَتَاهُ أَوْ صَحِبَهُمَا إِلَّا أَدْخَلَتَاهُ الْجَنَّةَ. رواه ابن حبان. واتە: هەر مسوڵمانێک دوو کچی هەبێ و هەتا ئەوان لای ئەم بن و ئەم لای ئەوان بێ، بە جوانی بیانکات بە خێو، ئەوا ئەو دوو کچە ئەو کەسە دەخە بەهەشتەوە... -یانی خوای گەورە لەبەر ئەوەی ئەو دوو کچەی بەخێو کردووە، دەیخاتە بەهەشتەوە-.

هەروەها دەفەرموێت: «مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ» وَضَمَّ أَصَابِعَهُ. رواه مسلم. واتە: هەرکەسێ دوو کچ بەخێو بکات تا پێدەگەن، ڕۆژی پەسڵان دێت و من و ئەو ئاواین... پێغەمبەر(ﷺ) پەنجەکانی دەستی لکاند بە یەکەوە. -واتە: لە بەهەشتدا لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دەبێت-.

لە ئاست منداڵ سەری بەرز ناکاتەوە...

دوای چوار ساڵ هاوسەرگیری... خەڵکی باسی دەکەن و دەیانگوت: ئەوە چوار ساڵە ژن و مێردن، کەچی هێشتا منداڵیان نەبووە... تۆ بڵێی: خەتا لە کامیان بێت؟

کەس نەیدەزانی خەتا لە کامیانە... خۆی و ژنەکەی ڕۆیشتن بۆ لای پزیشک... پزیشک پشکنینی بۆ هەردووکیان کرد... وەڵامی پشکنینەکان دەیانگوت: ژنەکە منداڵی نابێت و نەزۆکە... پیاوەکەیش هیچ کێشەیەکی نییە...

پیاوەکە لە پێشدا ڕۆیشت بۆ لای پزیشکەکە و لێی پرسی... پزیشکەکە وتی: ژنەکەت منداڵی نابێت و تۆ هیچ کێشەت نییە...

پیاوەکە سوپاسی خوای کرد و دوایی بە پزیشکەکەی وت: جەنابی پزیشک! ئێستا دەچم و بانگی ژنەکەم دەکەم، بەڵام یەک داوام لە جەنابت هەیە، بەڵکوو بڵێی: کێشەکە لە پیاوەکەتایە و تۆ هیچ کێشەیەکت نییە...

پزیشک وتی: شتی وا نابێت و ناکرێ، بەڵام پیاوەکە زۆر پارایەوە و پزیشکەکەیش ڕازی بوو...

دوایی پیاوەکە و ژنەکە پێکەوە هاتنەوە بۆ لای پزیشکەکە... پزیشک بە پیاوەکەی وت: تۆ نەزۆکی و ژنەکەت هیچ کێشەیەکی نییە... وەک چارەسەریش هیچمان پێ ناکرێ... شیفا و چارەسەری تۆ تەنیا لای خوایە...

پیاوەکە لە بەردەم ژنەکەی تەواو خۆی بە نیگەرانی پیشان دا... بە قەزاوقەدەری خوا ڕازی بوو...

گەرانەوە بۆ ماڵ و دوای چەند ڕۆژێک دەنگۆ بە ناو خزم و

کەسوکاردا بڵاو بوویەوە کە کێشە لە پیاوەکەدایە و ژنەکە هیچ کێشەی نییە...

چەند ساڵێک تێپەڕی و ئەم ژن و مێردە بە خۆڕاگری مانەوە... تا کاتی ئەوە هات ژنەکە نارەزایی خۆی دەربڕی... ژنەکە بە مێردەکەی وت: ئەوە نۆ ساڵە من بەرگەم گرتووە... ئیتر لەمە زیاتر بەرگە ناگرم... دەمەوێ لێت جیا ببمەوە و مێردێکی تر بکەم و منداڵی خۆم لە باوەش بگرم...

مێردەکەی وتی: ژنەکە! خۆڕاگرە و سوپاسی خوا بکە... ئەمە تاقیکردنەوەی خوای گەورەیە...

ژنەکە وتی: باشە! هەرچۆنێک بێ ئەمساڵیش بەرگە دەگرم...

مێردەکەی ڕازی بوو و پشتی بە خوای گەورە بەست...

ژنەکە لای خەڵکی وەک پاڵەوان دەرچوو... ژنێکی خۆڕاگری باش کە چەند ساڵێکە بە دیار مێردێکی نەزۆکەوە دانیشتووە و هیچ پرتەوبۆڵەی نەکردووە...

دوای تێپەڕینی چەند هەفتەیەک لەو گفتوگۆیە ژنەکە تووشی نەخۆشی هات... گورچیلەکانی نەخۆش کەوتن...

کەمە کەمە نەخۆشییەکەی زیاتر دەبوو... تا وای لێهات بە تەواوی لە کار کەوتن... پزیشکەکان وتیان: دەبێت گورچیلەیەکی بۆ پەیدا بکەن تا بۆی بچێنین...

ژنەکە لە نەخۆشخانە خەوێنرا... دوای چەند ڕۆژێک پیاوەکە وتی: من دەچم بەڵکوو کەسێکم دەستکەوێ گورچیلەیەکمان پێ ببەخشێ...

دوای چەند ڕۆژێک پەیوەندی بە ژنەکەیەوە کرد و مزگێنی پێدا کە کەسێکی دەستکەوتووە...

ڕۆژێک پێش نەشتەرگەری خۆبەخشەکە هات... سڵاوی لە

مێردەکە و باوکی ژنەکە کرد و کەمێک پێکەوە مانەوە و مێردەکە و باوکی ژنەکە زۆر سوپاسیان کرد...

دوایی مێردەکە بە ژنەکەی وت: من دەبێت بچمە دەرەوە... هەندێ کاروبارم بۆ هاتووەتە پێش دەبێت ڕایانپەڕێنم...

ژنەکە وتی: چۆن لە بارودۆخێکی ئاوادا من بەجێدێڵی؟ تۆ کەی مێردی؟

نەشتەرگەری بە سەرکەوتویی کرا... دوای چەند هەفتەیەک مێردەکەی هاتەوە... بە دەموچاوێدا دیار بوو نەخۆشە...

دوای چەند مانگێک ژنەکە بە تەواوی چاک بوویەوە و دووگیانیش بوو... دڵی هەردووکیان و بنەماڵەی هەردوولایان پڕ بوو لە خۆشی و شادی... منداڵێکی جوان بە ساغوسەلیمی لە دایک بوو...

دوای چەند ڕۆژێک پیاوەکە دەفتەری یاداشتەکانی لە ژوورەکەی خۆی لەبیر چوو... ژنەکەی چەند لاپەڕەیەکی لێ خوێندەوە... بۆی دەرکەوت کە خۆی نەزۆک بووە نەک مێردەکەی... پیاوەکەی خۆی گورچیلەی پێ بەخشیوە نەک خۆبەخش...

بەپەلە پەیوەندی بە مێردەکەیەوە کرد... دەستی کرد بە گریان... زۆر گریا... ئەوەندە گریا مێردەکەیشی هێنایە گریان...

پیاوەکە دەڵێ: ئەوە سێ مانگە ژنەکەم لە ڕووی نایەت لە ئاست منداا سەر بەرز بکاتەوە...

***

گوڵەکەت بە ئیمان ئاودێری بکە...

- گوڵ چەندە دیمەنێکی جوانی هەیە... چ بۆنێکی خۆشی هەیە... بە بیدەنگی دەیگریت و بۆنەی هەڵدەمژی و چێژی لێ دەبینی...

بەڵام... ئەم گوڵە جوانە تاکەی ئاوا بۆنی خۆشە؟ تا ئەو دەمەی ئاوی دەدەی... تا چەند ڕۆژێکە و تەواو دەبێت...

سیس دەبێت و هەڵدەوەرێ...

بەڵام گوڵێک هەیە بەردەوام بۆنی خۆشت پێشکەش دەکات... هەمیشە نوێ دەبێتەوە...

ئەو گوڵە ژیانە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا... ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری... پڕ لە خۆشەویستی و ئەوین... پڕ لە ئەمەکداری...

چ پیاو و ژنێک هەیە ژیانێکی ئاوایان پێ خۆش نەبێ؟

دەی کەوایە گوڵی ژیانی ژن و میردایەتی خۆتان بە ئیمان پەروەردە بکەن... بە ترسان لە خوای میهرەبان...

- خوو بگرن بە قورئانەوە... بەڵێن بدەن واز لە گوناە بێنن...

یارمەتی یەکتر بدەن بۆ ئەوەی چاکە بکەن... پێکەوە شەونوێژ بکەن... ڕۆژوو بگرن...

لە کردنی کاری چاکە و خێردا پێشبڕکێ بکەن... بە ڕزق و ڕۆزی خوای گەورە ڕازی بن...

هەرچیتان لە دەست دێ لەپێناو ئامادەکردنی چینێکی تازەدا دریغی لێ مەکەن...

- تەماشای ئەو وێنەیە بکەن کە پێغەمبەر(ﷺ) وێنای ژیانی هاوسەری پی وێنا کردووە...

«رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّى وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ فَصَلَّتْ فَإِنْ

أَبَتْ نَضَحَ فِي وَجْهِهَا الْمَاءَ، رَحِمَ اللَّهُ امْرَأَةً قَامَتْ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّتْ وَأَيْقَظَتْ زَوْجَهَا فَصَلَّى فَإِنْ أَبَى نَضَحَتْ فِي وَجْهِهِ الْمَاءَ» . رَوَاهُ أَبُو دَاوُد وَالنَّسَائِيّ. واتە: سۆز و بەزەیی خوا بڕژێ بەسەر ئەو پیاوەدا کە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەکات و پاشان ژنەکەی هەڵدەسێنێ، ئەگەر هەڵنەسا ئاو دەپرژێنێ بە سەر و چاویا، سۆز و بەزەیی خوا بڕژێ بەسەر ئەو ژنەدا کە شەو هەڵدەستێ و نوێژ دەکات و پاشان مێردەکەی هەڵدەسێنێ، ئەگەر هەڵنەسا ئاو دەپرژێنێ بەسەر و چاویدا.

ئەو دەمانە چەندێ خۆشن و چەندێ پڕن لە ئیمان...

مەگەر ژیانی ئەم ژن و مێردە شایانی ئەوە نییە کە هەر بە نەمری بمێنێتەوە؟

جا بۆ نا؟ ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ٢٣ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ٢٤﴾ الرعد: ٢٣ - ٢٤ واتە: باخەکانی بەهەشتی -عەدن- یان بۆ ڕازاوەتەوە، بە شادییەوە دەچنە ناوی، هاوڕێ لەگەڵ هەر کەسێک چاک و پاک و خواناسە لە باوباپیران و هاوسەرانیان و نەوەکانیان، جا فریشتەکان دەچن بۆ سەردانیان لە هەموو دەروازەکانەوە... دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت بەهۆی خۆگرتنتانەوە (لە بەرامبەر کێشەکانی ژیان، لە بەرامبەر گاڵتەجاڕیی خوانەناسان)، کەوا بوو ئای چەندە جێگە و ڕێگەیەکی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر کرد.

دیسان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ ٥٥ هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ٥٦﴾ یس: ٥٥ - ٥٦ واتە: بەڕاستی ئەمڕۆ بەهەشتییەکان لەناو خۆشی و شادی و کامەرانییەکی بێوێنەدا سەرگەرمن... خۆیان و هاوسەرانیان لەژێر

سێبەری درەختی جوان و چڕوپڕدا لەسەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان شانیان داداوە.

ئای ژیان ئەگەر هۆکارێک بێ بۆ گەیشتن بە بەدبەختی ڕۆژی پەسڵان و دۆزەخی نەبڕاوە، چەندێ بێنرخە؟

ئای ژیان ئەگەر هۆکارێک بێت بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی ڕۆژی پەسڵان و بەهەشتی نەبڕاوە، چەندێ بەنرخە؟

- پیاوێک گلەیی لە ژنەکەی هەبوو... دەیگوت: ئەوە زیاتر لە دە ساڵە ژنی منە... جارێک نەبوو ئەو من هەستێنێ بۆ نوێژی بەیانی...

کوا ئەو ژنە لە کوێی ئەم ئایەتەدا جێگای دەبێتەوە: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾ المائدة: ٢ واتە: یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی...

کوا ئەو ژنە لە کوێی ئەو فەرموودەیەدا جێگای دەبێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) باسی ئەو ژنانەی کرد ئاو بە سەر سەروچاوی مێردەکانیان دەپرشێنن بۆ ئەوەی هەستن و نوێژ بکەن؟

کوا ئەو ژنە کەی یارمەتی مێردەکەی داوە بۆ ئەوەی چاکە بکات و زانستی چاک فێر ببێ؟

مەگەر تۆی ئافرەت نابێت ببی بە دایکێکی چاک و خواناس و ڕاسڵ؟ نابێت منداڵەکانت بە جوانی پەروەردە بکەیت؟

زۆرێک لە پیاوان ئارەزوویانە ژنەکانیان ببنە نموونەی ژنێکی چاکی پاکی بە ئیمان... بە ڕەوشتی بەرز و ئاکاری جوان ژنانی تر بێننە سەر ڕێگای خواپەرستی... نەک ببن بە ئاوێنەی ژنانی بەدکار و لەخۆڕازی...

❁❁❁

نزا و پاڕانەوە

- بۆ ئەوەی خۆشبەختی نێوانتان بەردەوام بێ... هەمیشە لە خوا بپارێنەوە...

زۆرێک لە هاوسەران ئاگایان لە زیکری خوا بڕاوە... لەبەر ئەوە کەوتونەتە ناو خەم و خەفەتەوە...

ئاگایان لە خواپەرستی نەماوە... نوێژەکانیان ناکەن و یادی خوایان لەبیر چووە... بۆیە دەرد و بەڵا بە جارێ هروژمیان بۆ دەکات...

زۆر ژنی وا هەبووە باسی خۆشبەختی خۆی و مێردەکەی کردووە...

زۆر پیاو هەبووە باسی بەختەوەری خۆی و ژنەکەی کردووە...

بەڵام ئێستا کەوتوونەتە بەر تیری چاوی ناحەزان و خۆشی ژیانیان لێ تۆراوە...

- بە زیکر و قورئان شووڕە و قەلایەک بۆ خۆتان ساز بکەن... بەیانیان و ئێواران یادی خوای خۆتان بکەن... پەسنی بدەن... لێی بپارێنەوە...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: «إِذَا وَلَجَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ، فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ الْمَوْلِجِ وَخَيْرَ الْمَخْرَجِ، بِسْمِ اللَّهِ وَلَجْنَا وَعَلَى اللَّهِ رَبِّنَا تَوَكَّلْنَا، ثُمَّ لِيُسَلِّمْ عَلَى أَهْلِهِ». رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ و الطبراني. واتە: هەرکاتێ پیاو ویستی بچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان با بڵێ: خوایە! من داوای باشترین و چاکترین دەروازە و شوێنی چوونەژوورەوەت لێ دەکەم، دوای باشترین و چاکترین شوێنی دەرچوونت لێ دەکەم، بە ناوی خوا چووینە ژوورەوە، پشتمان بە خوای پەروەردگاری

خۆمان بەست و تەوەکولمان بە ئەوە... دوایی با سڵاو لە ژن و منداڵەکانی خۆی بکات.

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: «إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ فَذَكَرَ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ، وَعِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: لَا مَبِيتَ لَكُمْ وَلَا عَشَاءَ. وَإِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ ; قَالَ الشَّيْطَانُ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَإِذَا لَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ عِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ: أَدْرَكْتُمُ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ» . رَوَاهُ مُسْلِمٌ. واتە: هەرکاتێ پیاو ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆی و لە کاتی چوونە ژوورەوەدا و لە کاتی نان خواردندا، زیکر و یادی خوای کرد، شەیتان -بە شوێنەکەوتوانی خۆی- دەڵێ: ئێرە شوێنی مانەوە و خواردنگەی ئێوە نییە، بەڵام هەرکاتێ ڕۆیشتەوە و لە کاتی چوونەژوورەوەدا ناوی خوای نەهێنا و زیکری نەکرد، ئەوا شەیتان -بە شوێنکەوتوانی- دەڵێ: شوێنی مانەوەتان مسۆگەر بوو، ئەگەر لە کاتی نانخواردنیشدا ناوی خوای نەبرد، شەیتان -بە شوێنکەوتوانی- دەڵێ: شوێنی مانەوە و خواردنتان مسۆگەر بوو.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: مَنْ قَالَ، يَعْنِي، إِذَا خَرَجَ مِنْ بَيْتِهِ: بِسْمِ اللهِ، تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ، لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ، يُقَالُ لَهُ: كُفِيتَ، وَوُقِيتَ، وَتَنَحَّى عَنْهُ الشَّيْطَانُ. رواه الترمذي. واتە: هەرکەس بڵێ ، یانی لە کاتی چوونەدەرەوە لە ماڵ: بە ناوی خوا، پشتم بەست بە خوا و تەوەکولم بە خوایە، هیچ هێز و توانایەک نییە جگە لە هێز و توانای خوای گەورە، پێی دەگوترێ: پارێزرایت و -لە نەخۆشی و دەردوبەڵا- هاوێر کرای و شەیتان لێی دوور دەکەوێتەوە.

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا نَزَلَ مَنْزِلاً قَالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّةِ مِنْ شَرِّ مَا خلق لم يضره في ذلك المَنْزِلِ شَيْءٌ حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْهُ. رواه ابن ماجه. واتە: ئەگەر هەر یەکێک لە

ئیوە کاتێ لە شوێنێکدا جێگیر دەبێت و مەنزل دەگرێ بڵێ: پەنا دەگرم بە وشەکان و زانستی تەواوی خوای گەورە لە شەڕ و خراپەی ئەوانەی کە دروستی کردووە، هەتا دەڕوا هیچ شتێک لەو شوێن و مەنزلەدا زیانی پێ ناگەیەنێ.

- لە بیرتان نەچێ لە دوای هەموو نوێژێک سورەتی (قل هو الله أحد و قل أعوذ برب الفلق و قل أعوذ برب الناس) بخوێنن...

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ قَالَ: «أَمَرَنِي رَسُولُ اللهِ(ﷺ) أَنْ أَقْرَأَ الْمُعَوِّذَاتِ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ». رواه الطبراني. واتە: عوقبە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی پێ کردم لە دوای هەموو نوێژێک سورەتی قل أعوذ برب الفلق و قل أعوذ برب الناس بخوێنم.

لە دوای هەموو نوێژێک و لە کاتی خەوتندا (ئایەتەلکورسی) بخوێنن...

پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری مسوڵمانانی کردووە بۆ ئەوەی ماڵەکانیان پارێزراو بێ، سورەتی بەقەرە بخوێنن... بۆیە دەفەرموێت: «لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ، إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنَ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ». رواه مسلم. واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، بەڕاستی شەیتان هەڵدێ لەو ماڵەی کە سورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێ.

پێغەمبەر(ﷺ) زۆر جار دەیفەرموو: «اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ يَوْمِ السُّوءِ، وَمِنْ لَيْلَةِ السُّوءِ، وَمِنْ سَاعَةِ السُّوءِ، وَمِنْ صَاحِبِ السُّوءِ، وَمِنْ جَارِ السُّوءِ فِي دَارِ الْمُقَامَةِ». رواه الطبراني. واتە: خوایە پەنات پێ دەگرم لە ڕۆژی -ڕەش- و خراپ، لە شەوی -ڕەش- و خراپ، لە چرکەساتی -ڕەش- و خراپ، لە درواسێی خراپ لە شوێنی نیشتەجێبوونداً.

هەتا خەو دەتانباتەوە هەر زیکر و یادی خوای گەورە بکەن...

- خێر زۆر بکەن... ئەو نزا و پاڕانەوانەی کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) هاتووە، بیخوێنن و لە بیری مەکەن... با ببێتە شورە و قەڵایەکی پتەو بۆتان و خوای گەورە بەو شورە و قەڵایە بتانپارێزێ.

خۆ ئەو زیکر و نزا و پاڕانەوانە کارێکی خراپ نییە... بینینی شتی خراپ نییە، بەڵکوو خێر و چاکەیە... ماوەیەک لە سەریان بەردەوام بن خویان پێوە دەگرن...

ژیانم هەموو بۆ خودایە...

- کاتێ بیر و باوەڕ و ئیمان دەگاتە بەندی دڵی مسوڵمان... خۆشبەختی هەموو ئەندامەکانی لاشە دەگرێتەوە... لە گۆشەکانی ماڵەوە دەنگی موناجات و یادی خوای گەورە دەبیسترێ...

کاتێ خێزانەکەت بەو جۆرە دەژین... خوای گەورە ناز و نیعمەتی ئاشکرا و پەنهانی خۆی دادەبارێنێ بە سەرتاندا... خۆشبەختی دەخاتە نێوانتان... منداڵەکانتان بۆ ڕێکوپێک و دامەزراو دەکات...

کارەکانتان ڕێک دەخات... نزا و پاڕانەوەتان لێ وەردەگرێ...

پیت و بەرەکەت دەخاتە نێو ڕزق و ڕۆزیتان...

سەیر نییە ئەگەر بیستین کە پیاو چاکێک ژنێکی لاساری هەبوو... دەیفەرموو: خەتای خۆمە... من خۆم تاوانبارم بۆیە ژنەکەم ئەوەندە لاسارە... تاوانی ژنەکەی خستە ئەستۆی خۆی... واتە ئەگەر ئەو تاوانی نەبوایە خوای گەورە ژنەکەی دەهێنایە سەر ڕێ و لاساریی نەدەکرد... لاساری ژنەکەی بە تۆڵەیەکی خوا زانیوە...

- کاتێ ژن و مێرد دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و تۆبە دەکەن و واز لە گوناە دێنن... ئیتر ژیان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی، چونکە خۆشەویستی و ئەوینی ڕاستەقینە لە دڵێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە پڕ بێ لە ئیمان و خواناسی...

خواناسی خۆشی و بەختەوەرییەکی وا دەڕژێنێ بەسەر خێزاندا، کە هیچ خۆشی و بەختەوەرییەک ئەوەندە گەورە و مەزن نییە...

- کاتێ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە واز لە هەندێ شت دێنی کە بە لای خۆتەوە جوان و باشن... دڵنیا بە خوای گەورە لەو شتانە باشتر و جوانترت پێ دەبەخشێ...

تەنیا و تەنیا نیتی دڵت پاک بێ و تاکە مەبەستت ڕەزامەندی خوا بێ...

- زۆر جار ئەوەندە بەنێو ژیاندا ڕۆدەچین ئاگامان لە پەسڵان و دواڕۆژ نامێنێ... لە بیرمان دەچێتەوە...

بەڵام لە کاتی نزیکبوونەوەی هیچ بۆنە و جەژنێکدا جلوبەرگکڕینمان لە بیر ناچێ!

هەوڵ دەدەین و کێبڕکێ دەکەین خانووەکەمان بە باشترین شێواز و نەخشە... بە جوانترین کەرەستە... بڕازێنینەوە و دروستی بکەین... خۆ ئەمە خراپ نییە ئەگەر زێدەڕەوی تێدا نەکرێ...

بەڵام تا ئێستا ئەوەندەی هەوڵمان بۆ خانووی دونیا داوە، نیو ئەوەندە هەوڵمان بۆ خانووی قیامەت داوە؟

پیاوچاکێک دەفەرموێت: دونیا بەهەشتێکی تێدایە... هەرکەس نەچووبێتە ناویەوە نازانێ تامی چۆنە... تامێکی زۆر خۆش و نەبڕاوەی هەیە... مرۆڤ لەو بەهەشتەدا لەگەڵ خوای خۆیدا دەژی... بە یادی ئەو دڵەکەی دەژی و لێدەدا... خۆشبەختییەکی وای تێدایە هەرگیز کۆتایی نایەت.

- هەتا ژن و پیاو زیاتر منداڵەکانیان پەروەردە بکەن... هەتا زیاتر نیێتیان پاک بێت... هەتا زیاتر مەبەستیان ڕەزامەندی پەروەردگار بێت، ئەوا زیاتر بەرهەمەکەیان پاک و پووختە... زیاتر چاک و دامەزراوە... زیاتر باش و ڕێکوپێکە...

- ژنێک لە خوا دەپاڕێتەوە بۆ میردەکەی:

- خوایە هەموو ڕۆژەکانی پاک و بێگەرد و خاوێن بکەی...

پاکی پاک وەک گیانی خۆی... پیرۆز وەکو دەنگی نزای خۆی...

- خوایە ئەگەر ئەو بەختەوەری یەک ڕۆژی بە من بەخشیبێ، تۆ بەختەوەری هەتا هەتایی پێ ببەخشە...

- خوایە ئەو دەرگای ئەوین و خۆشەویستی لە ڕووی من کردەوە... تۆیش دەرگای سۆز و بەزەیی خۆت بە ڕووی ئەودا بکەرەوە...

- خوا ئەو منی فێر کرد کە چاکە هیچ کاتێ نافەوتێ... خوایە بە سۆز و میهرەبانی و گەورەیی خۆت چاکە بهێنە ڕێی...

خوایە ئەو هەڵە و کەموکوڕیی من دەشارێتەوە و ناهێڵێ کەس پێمبزانێ... تۆیش لە دونیا و قیامەتدا هەڵە و کەموکوڕی ئەو داپۆشە و مەهێڵە کەس پێی بزانێ...

- خوایە ئەو پێی خۆشە لەگەڵ منداڵ قورئان بخوێنێتەوە... خوایە لە قیامەتدا نامەی بدە دەستی ڕاستی و خۆشحاڵی بکە...

***

تەنیا پابەندبوونی پیاوان بەسە؟

- هەندێ لە کچە بەڕێزەکان باوەڕیان وایە کە هاوسەرێ باش و نموونەیی ئەو کەسەیە کە:

ڕیشی بەربداتەوە... پێنج فەرزە لە مزگەوتدا نوێژەکانی بکا...

باشە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بتوانن مالێکی پڕ لە بەختەوەری بونیاد بنێن؟

بێگومان گرنگترین پێوەر بۆ دیاریکردنی میردێکی باش، ئەوەیە کە پابەند بێ بە ئایینی ئیسلامەوە...

پابەندبوون بە ئایینی ئیسلامەوە سوودەکانی ئەوەندە زۆرن کە مرۆڤ ناتوانێت بیانژمێرێ...

پیاوی پابەند بە ئایینەوە ژنی خۆی دەپارێزێ... بە جوانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات... پابەند دەبێت بە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ)... دەزانێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: «اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا». رواه مسلم. واتە: لەمەڕ ئافرەتانەوە داوای ئامۆژگاری چاک لە خۆتان بکەن، یان: لە بارەی ئافرەتانەوە داوای ئامۆژگاری چاک و خێرم لێ بکەن، یان: لە بارەی ئافرەتانەوە ئامۆژگاری چاک و خێر وەربگرن.

ئەو پیاوەی کە پابەندە بە پێنج فەرزەکەوە، ئەوە پیاوێکی نموونەییە... ئەو نوێژکردنە و هەموو چاکەکانی تر لە خوای گەورەی نزیک دەکاتەوە...

دەبێت ئەو خواپەرەستیانە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاکار و ڕەفتار و کار و کردەوەی هەبێ... دەبێت جۆری مامەڵەی پیاو بە جوانی دابڕێژێ... ئەگەر ڕەنگدانەوەی نەبوو، ئەوە هەر نوێژکردن و

پابەندبوون بە هەندێ لە بابەتە ئایینییەکانەوە بەس نییە...

بەداخەوە هەندێ پیاو هەیە نوێژەکانی دەکات... قورئانیشی لەبەرە، بەڵام مامەڵەی خۆش نییە، ڕەقە، گیرە... ئازاری ژن و منداڵەکانی دەدا...

تەماشا بکەن بزانن پێغەمبەر(ﷺ) چی فەرموووە: إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ، إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، وَإِنْ كَانَ فِيهِ؟ قَالَ: إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ، ثَلاَثَ مَرَّاتٍ. رواه الترمذي. واتە: ئەگەر کەسێک هات بۆ داخوازی کچەکەتان و لە ئایین و ئاکار و ڕەفتاری ڕازی بوون، کچی خۆتانی پێ بدەن، ئەگەر وا نەکەن و چاو بۆ جوانی و پارە و سەروەت و سامان و بنەماڵە و نەسەب بدەن، ئەوا بەڵا و موسیبەت و خراپە و گەندەڵییەکی بەربڵاو لەسەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە.

وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەی ئەگەر هەژار بوو، دەستی کورت بوو؟

فەرمووی: ئەگەر کەسێک هات بۆ داخوازی کچەکەتان و لە ئایین و ئاکار و ڕەفتاری ڕازی بوون، کچی خۆتانی پێ بدەن... سێ جار پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی دووبارە کردەوە.

کەواتە ئەوەی گرنگە لە داواکاردا هەبێ دوو شتی سەرەکییە، ئایین و ڕەفتار... هەردووکیان پێکەوە...

پرسیارێک دێتە پێشەوە: باشە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) باسی ئاکار و ڕەفتاری کرد، خۆ دینداری ئاکار و ڕەفتاری باشیش دەگرێتەوە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا هەندێ زانا دەفەرموون: ئایین گشتە (الکل)، بەڵام ئاکار و ڕەفتار بەشێکە لەو گشتە (جزء)ـە...

پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاریی کردن کە دەبێت ئەو کەسەی دێتە

داخوازی کچتان کەسێکی بە ئیمان بێ، ئەوە ئیتر بەشە گەورەکە و گشتەکەی تێدایە، بەڵام باسی ئاکار و ڕەفتاریشی کرد بۆ ئەوەی جەختی لەسەر بکاتەوە، چونکە ئاکار و ڕەفتار زۆر زۆر گرنگە...

بەداخەوە دەڵێم، پیاوی وا هەیە دەستی گرتووە بە خواپەرستی و نوێژ و مزگەوتەوە، بەڵام ئەم نوێژ و خواپەرستیانەی ڕەنگدانەوەی لە ژیانیدا نەبووە... تەنانەت لە زۆرێک لە بنەماکانی ئاکار و ڕەفتاری ئیسلامی بێئاگایە... دەی ئەمجۆرە مرۆڤانە ناتوانن ببنە مێردێکی نموونەیی و باش، بەڵکوو دەبێت بەئاکار و خۆش ڕەفتاریش بن... ئەگەر بەئاکار و خۆش ڕەفتار بن، کاتێ ژنەکانیان خۆش دەوێ ڕێزیان لێ دەگرن، کاتێکیش ڕقیان لێیەتی ستەمی لێ ناکەن...

(منیش دەڵێم: هەرکەسێک پابەند بوو بە خواپەرستییەوە بەڵام ئاکار و ڕەفتاری وەک ئاکار و ڕەفتاری کەسێکی دیندار نەبوو، ئەوە لە دینەکەی تێنەگەیشتووە، ئەوە لەوانەیە شەیتان هەندێ شتی لە بەرچاو جوان کردبێ، یان هەر خوی بە مزگەوت و نوێژەوە گرتبێ و ئیتر نیتی دڵی ڕەزامەندی خوای گەورە نەبێ... خۆ لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) زۆر کەس هەبوون دووڕوو بوون، بە ڕواڵەت نوێژیان دەکرد... بەڕۆژوو بوون... کەچی لە ناخدا بۆگەن بوون... بۆیە دەبێت تاکی مسوڵمان ئاگای لە خۆی بێت، ئەگەر ئاکار و ڕەفتاری بەد و خراپ بوو، دەبێت لە دینداریەکەی بترسێ و...)

- دڵنیا مەبە لە...

- دڵنیا مەبە لە پیاوێک هەر خەریکی دونیایە و خواپەرستی لە بیر چووە...

هەرکەسێک سوپاسی خوای گەورە نەکات، بێگومان سوپاسی مرۆڤیش ناکا...

- دڵنیا مەبە لە کەسێک لە تاوانەکانی نەترسێ... کەسێک ئەوەندە بێباک بێ لە تاوان نەترسێ و فرمانی خوا بشکێنێ، بێگومان ڕێزی ژن ناگرێ و بە چاوێکی سووک سەیری دەکات... مافەکانی دابین ناکات...

- دڵنیا مەبە لە کەسێک نوێژ ناکا... ڕۆژوو ناگرێ... ئەو کەسە کەسێکی خاپێنۆکە... وریا بە نەتخاپێنێ، چونکە ئەوانە بۆ خاپاندنی مرۆڤەکان سڵ لە هیچ شتێ ناکەنەوە...

- دڵنیا مەبە لە کەسێک حساب بۆ ڕۆژی دوایی نەکا، چونکە دوایی حساب بۆ کچەکەی تۆیش ناکا...

- دڵنیا مەبە لە کەسێک لە بیری چووە خوا ئاگای لێیەتی، چونکە فرمێسکەکانی کچەکەی تۆیشی لەبیر دەچێت... ستەمی لێدەکات...

- دڵنیا مەبە لە کەسێک لە خوا ناپارێتەوە و داوای لێخۆشبوونی لێ ناکا، چونکە پارانەوەی کچەکەت کاری تێناکا و بە گوێی ناکا...

لە خۆشەویستی بێزار مەبن...

- ئەگەر لە زۆربەی زۆری ئەو هاوسەرانە بپرسی کە دە ساڵ بەسەر هاوسەرگیریان تێپەڕیوە و بڵێ: ئێستا وەک سەردەمی دەزگیراندارى یەکترتان خۆش دەوێ؟

بێگومان دەڵێن: نەخێر... هۆکارەکەیشی ئەوەیە لە خۆشەویستی بێزار بوون...

باشە بۆ دەبێت لە ئەوین و خۆشەویستی بێزا بن؟

- بێگومان کاری زۆر... چاودێری منداڵ... خۆفەرامۆشکردن و خۆنەڕازاندنەوە... گوێنەدان بە بۆنە خۆشەکانی نێوانیان... ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ لەبیرکردنی ئەوین و خۆشەویستی...

- لەجیاتی ئەو ئەوین و خۆشەویستییە شتێکی تر دێتە پێشەوە... سۆز و میهرەبانی... ئەو سۆز و میهرەبانییە دەبێتە هۆکاری شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی نێوان ژن و پیاو، بەڵام ئەوە لای هەموو کەس وانییە... لای هەندێک لە هاوسەران سۆز و میهرەبانی هیچ ڕۆڵێکی نییە... بە تایبەت ئەوانەی کە زۆر تێکەڵی ڕەگەزی بەرامبەر دەبن... ئەو ئاگرەی کە ئێستا لە پووش و پەڵاشی گیانی زۆربەی هاوسەران کەوتووە...

- لە کاتێکی ئاوادا چی بکەن باشە؟

دەبێت ژن و مێرد ئاگایان لە ڕووخسار و جوانی خۆیان بێ... دەست بێنن بە خۆیاندا... خۆیان برازێننەوە... زۆر لە پیاوان پێی خۆشە کاتێ دەچێتەوە بۆ ماڵ، ژنەکەی بە جوانترین شێوە ببینێ... خۆشترین بۆنی لێبێ... ڕووی گەش بێ... قسەی خۆش بێ... بەو جۆرە خەم و خەفەتی لەبیر دەچێتەوە...

بە هەمان شێوە ژنی وایش هەیە وەک ئەو پیاوەی ئێستا باسمان کرد ئاوایە...

زۆرێک لە کێشەی نێوان هاوسەران لەم خاڵەوە دەست پێ دەکات... خاڵی فەرامۆشی... دەستەخۆبەردان...

ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە: سەردەمی گەنجی بەسەرچوو...

پیاو لە دەرەوە دێتەوە بۆ ماڵەوە... لە ماڵەوە جگە لە کەمتەرخەمی هیچی تر نابینێ...

ژنەکەی جلوبەرگێکی شڕ و وڕی لەبەردایە... لە موبەقە و بۆنی پیاز و ڕۆنی لێدێ... دەنگەدەنگی منداڵیش با لەولاوە بوەستێ...

لە دەرەوە... لە ماڵەوە لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە، چاوی بە کچی بالابەرز و بەژن ڕێک و جوان و بۆنخۆش دەکەوێ... دواتر تەماشای ژنەکەی خۆی دەکات... ئەوان لە کوێ و ئەم لە کوێ؟

ئەگەر ترسی خوای لە دڵدا نەبێ و سڵ لە حەرام و ناڕەوا نەکاتەوە، ئەوا کارە خراپەکە دەقەومێ...

بەڵام ئەوەندە هەیە ئەمیش ئەو شتانەی ژنەکەی لە دڵ دەگرێ و لەبیری ناکا... وای لێ دەکات کە جار جار بیدەنگی بشکێنێ و قسەی دڵی خۆی بکا، یان وەکو کاردانەوەیەک لە بەرامبەر بچووکترین بیانوودا تووڕە دەبێت و دەیکا بە هەرا...

ئیتر لەوەدوا ژنەکە دڵی کرمن دەبێت و غیرە دەکات و لێی بە گومان دەبێت... شەیتانیش باوی بۆ خۆش دەبێت و بە ئارەزووی خۆی بەناو دڵی هەردووکیاندا دێ و دەچێت و ناخونی هەردوو دەستی لە یەک دەسوێ...

- پێشەوا سیوتی دەفەرموێت:

زۆربەی زۆری ژنانیان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە ژنان لە ماڵدا خۆیان بڕازێننەوە... پرچیان شانە بکەن...

بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن...
با میردەکانیان بەو پاکوخاوێنییە دڵخۆش بن...
با ژنان قسەیان نەرم و خۆش بێ...
بێزار و بێتاقەت نەبن...
با کاری بکەن میردەکانیان بە ئەوین و خۆشییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.
دەبێت پیاویش ئەو لایەنە فەرامۆش نەکات، چونکە چەندێ پیاو حەزی لە خۆڕازاندنەوەی ژنە، ژنیش ئەوەندە حەزی لەوەیە کە میردەکەی پاکوخاوێن و بۆنخۆش بێت و خۆی بڕازێنێتەوە.

قسەی خۆش ناکات...

- ئەوە ماوەی چەند ساڵە قسەیەکی خۆشم لە مێردەکەم نەبیستووە...

ڕۆژێک لە ڕۆژان پەسنێکی منی نەدا... تەنانەت پەسنێکی بچووکیش...

بە خوا من درێخی ناکەم... خۆم پاکوخاوێنم... ماڵەوە بە پاکوخاوێنی ڕادەگرم... منداڵەکانم پاکوخاوێنن، بەڵام هیچ سوودی نییە...

زۆر ئاواتمە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێم بڵێ: دەستەکانت خۆشبێت ئەو خواردنەت چەندێ خۆشە... ئەو جلوبەرگەت چەندێ جوانە...

تەنانەت ئەو شەوانەی نەخۆشم نایەت و دەستێ ناخاتە سەر ناوچەوانم و نااڵێ: ئەوە چیتە؟ پێم نااڵێ: خوا شیفات بدات... ئایەتێ یان دوعایەکی باشم بە سەردا ناخوێنێ...

بەڵێ... زۆرم ئاوات بوو من چۆنم بۆ ئەو، ئەویش کەمێک وابێ بۆ من...

من لەپێناو ئەودا زۆر خۆمم ماندوو کرد، بەڵام ئەو هیچی نەبینی...

خوێنەری بەڕێز... ئەمە سکاڵای خوشکێکە لە دەست مێردەکەی...

ئای بێهەستی چەندێ ناخۆشە... کاتێ کەسێک تەنیا بە قازانجی خۆی نەبێ هیچ قسەیەک نەکات ئەوە کەی هاوسەرە؟ کەی خەمخۆری ژن و منداڵیەتی؟ کەی باوکە؟

کاتێ ژن تووشی دەبێت بە تووشی مێردێکی بێدەنگ و قسەنەکەروە، وا دەزانێ بەرامبەر پەیکەرێک دانیشتووە... پەیکەرێکی لاڵ...

نزار قەبانی دەڵێ:

قسەی خۆش بکە گەرچی درۆش بێ

وەختە لە داخی پەیکەرت بمرم!

بەڵێ... لەمجۆرە پەیکەرانە زۆرن، هەر بە بیدەنگی ژنەکانیان دەکوژن...

- دەڵێن: لە نیوزلەندا گادیریەک هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی شیری خۆماڵی هەبوو... دوو لقی سەرەکی هەبوو... لقێکیان لە باکووری نیزلەندا... ئەویتر لە باشوور... بەرهەمی شیری ئەم دوو لقە زۆر جیاواز بوون... کەچی جۆر و ژمارەی مانگاکانیش وەک یەک بوون... ئەمە وای کرد خاوەنی گادیرییەکە لێکۆڵینەوە لەو جیاوازییە زۆرە بکات...

دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد گەیشتە ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر... مامەڵەی کرێکارەکانی لقی یەکەم جیاواز بوو لەگەڵ مامەڵەی کرێکارەکانی تاقمی دووەم... ئەوانەی یەکەم رێزی مانگاکانیان دەگرت... هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی بیاندۆشن دەستێکیان دەهێنا بە سەر سەروچاوی مانگاکاندا... بە مانگاکانیان دەگوت: بەیانیتان باش مانگا باشەکان...

هەر ئەوە ببووە هۆی ئەوەی کە ئەو مانگایانە شیری زیاتریان هەبێ...

دەی لە کاتێکدا قسەی خۆش سوود بە بەرهەمی شیری وڵاخێکی بەستەزمان بگەیەنێ، ئەیچۆن سوود بە مرۆڤێکی ژیر ناگەیەنێ؟

مەگەر نەتبیستووە خوای گەورە ئامۆژگاری بەندەکانی خۆی دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ﴾ الإسراء: ٥٣ واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بە بەندەکانم بڵێ: چاکترین گوفتار بڵێن (جوانترین گوفتار بنووسن)، چونکە شەیتان

بەڕاستی دەیەوێت نێوانیان تێک بدات (هەمیشە هانیان دەدات بۆ وتنی گوفتاری هەڵە و خراپ).

بیر بکەوە بزانە خوای گەورە چی دەفەرموێت: ﴿ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ الإسراء: ٥٣ جوانترین گوفتار... بەڵێ گوفتاری جوان هەیە، بەڵام دەبێت تۆ جوانترین گوفتار هەڵبژێری...

کێ شایانترین کەسە کە ئێمە جوانترین مامەڵەی جوانیان لەگەڵدا بکەین؟ جوانترین گوفتاریان بەرامبەر بەکار بهێنین؟ مەگەر ئەوانە نین کە نزیکترین کەسن لێمانەوە؟

❁❁❁

ژنێکی ژیر و ژنێکی گێل...

هەرچەندێ کێشەیەکی سووکە، بەڵام وەرن با تەماشا بکەین بزانین کاروبار چۆن هەڵدەسووڕێ... نێوان هاوسەران چۆنە و چی دەگوزەرێ؟ با بچینە نێو خێزانێک کە ژنەکە ژیرە... لەگەڵ خێزانێک کە ژنەکە -دوور لە ڕووتان- گێلە...

- خێزانی یەکەم: مێردێک و ژنێک و سێ منداڵ، هەر یەک لە منداڵەکان لە قۆناغێکی جیاوازی خوێندندان...

جارێک ژنەکە لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانی دادەنیشێ... پیاوەکەیش لە ژوورەکەی خۆیدا نوستووە...

دوای بانگی شێوان لە خەو هەڵدەستێ و دەیەوێ لە مال بچێتە دەرەوە... جلوبەرگەکانی لەبەر دەکات، بەڵام پێڵاوەکانی دیار نییە... تووڕە دەبێت و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات و دەڵێ: کوا پێڵاوەکانم لە کوێیە؟ بۆ لە جێگای خۆیا نییە؟

منداڵەکان بە بیستنی دەنگی باوکیان هەموویان بەرزەپێ ڕادەپەڕن و خێرا دەچن بۆ لای باوکیان...

کچە گەورەکەیان دەڵێ: ها باوکە گیان... هەر ئێستا بۆت دەدۆزمەوە...

کچە بچووکەکەیش ئەملا و ئەولایەتی بۆ ئەوەی پێڵاوەکان بدۆزێتەوە...

دایکیشیان لە هۆڵەکەوە بەرەو لای ئەوان دێت و پێڵاوەکانی بە دەستەوەیە و دەڵێ: خۆشەویستەکەم! ها ئەوە پێڵاوەکانتە، کاتێ تۆ خەوتبووی من بردبووم پاکی بکەمەوە... هیچیترت ناوێ ئازیزەکەم؟

پیاوەکە سوپاسیان دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: پێویستی نەدەکرد ئاوا خۆم تووڕە بکەم!

دوایی پێیان دەڵێ: چیتان دەوێ با بۆتان بێنمەوە؟

کچە گەورەکە دەڵێ: دایکم شتێکی دەوێ، بەڵام شتێکی گرنگ، زۆر گرنگ باوکە گیان...

باوکەکە دەڵێ: ئای بەسەرچاو... چی دەوێ کچە جوانەکەم؟

ژنەکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: هیچم ناوێ ئازیزەکەم، تەنیا سەلامەتی تۆم دەوێ...

کچە گەورەکە پێدەکەنێ و دەڵێ: ئەھ باوکە گیان! نەمگوت شتێکی زۆر گرنگی دەوێ؟ دەی چی لە سەلامەتی تۆ گرنگترە باوکە گیان؟

باوکەکە پێدەکەنێ و دڵی خۆش دەبێت و سوپاسیان دەکات... دەیەوێ بچێتە دەرەوە ژنەکەی پێی دەڵێ: پیاوەکە دوانەکەوی، ئێمە چاوەڕێتین، زوو وەرەوە...

- خێزانی دووەمیش ڕێک وەک خێزانی یەکەم ژنێک و پیاوێک و سێ منداڵ... هەمان بەسەرهاتی خێزانی یەکەم لێرەیش ڕووەدا...

پیاوەکە لە خەو هەڵدەستێ... بە دەنگی بەرز هاوار دەکات: کوا پێڵاوەکانم؟ لە کوێ داتاناوە؟

لێرە ژنەکە بە منداڵەکانی دەڵێ: خۆزگەم بەو کاتەی باوکتان خەتووە، چەند خۆشە گوێمان لە قیڕە قیڕی نییە...

ئا لێرەوە درامای خەم و خەفەت دەست پێ دەکات... دوایی ژنەکە بە کچەکەی دەڵێ: هەستە کچێ بزانە پێڵاوەکانی لەکوێیە بۆی بدۆزەرەوە...

کچەکە دەڵێ: من هەقم چییە؟ پەیوەندی بە منەوە نییە... بە خوشکەکەم بڵێ...

باوکەکە دێتە ژوورەوە و تەواو تووڕەیە... دەڵێ: ئەوە یەکێک نییە هەستێ و پێڵاوەکانم بۆ بدۆزێتەوە؟ ئەگەر دایکتان بە جوانی

ئیوەی پەروەردە بکردایە ئێستا ئێوە ئاوا نەبوون...

ژنەکە وەڵامی پیاوەکە دەداتەوە و دەڵێ: من لە تۆ جوانتر پەروەردەم کردوون... ئەوە تۆی نازانی منداڵەکانت پەروەردە بکەی... تۆ هەر نازانی خوا مال و منداڵی پێداوی...

پیاوەکەش دەڵێ: بێدەنگ بە با نەیەم بدەم بە ناو... استغفرالله ئاخ خوایە ئاخ...

ژنەکە دەڵێ: بڕۆ بڕۆ، ئەگ یاخوا نەیەیتەوە... بڕۆ بۆ لای هاوڕێ جوانەکانت...

پیاوەکە دەڵێ: ئەوە دەرمدەکەیت؟ بە تەڵاقم نابێت ئەمشەو لەم ماڵەدا بخەوی... خۆت و منداڵە جوانەکانت بچن... بڕۆن بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن... نامەوێ کەستان ببینم...

بەو جۆرە بەهۆی گێلێتی و نەزانی ژنەکەوە شیرازەی ئەو خێزانە لە یەک دەپچڕێ...

ئەو ژنە ناتوانێت جڵەوی ئەو خێزانە بگرێ... نەیتوانیوە خۆشەویستی باوکیان لەنێو دڵی منداڵەکانیدا بچێنێ...

باشبوون لەگەڵ خێزاندا...

- پێغەمبەر(ﷺ) زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ژن لە مالّی میردەکەیدا مامەڵەی باشی لەگەڵدا بکرێ و پارێزراو بێت... ژنی باشی بە گەورەترین هۆکاری بەختەوەری داناوە... بۆیە دەفەرموێت: ثلاثةٌ منَ السّعادَة وثلاثةٌ منَ الشّقاء فَمنَ السّعادَة: المَرْأةُ الصّالحَةُ تَراها فتُعْجبُكَ وَتَغيبُ عَنْها فَتَأْمَنُها على نَفْسها ومالك والدّابَةُ تكُونُ وَطيئَةً فتَلْحقُكَ بأصْحابك والدّارُ تكُونُ واسعَةً كَثيرةَ المَرافق ومن الشقاء: المرأة تراها فتسوؤك وَتَحْملُ لسانها عَلَيْكَ وإنْ غبْتَ عَنْها لم تأمَنها على نَفْسها ومالك والدّابَةُ تكُون قَطُوفاً فإنْ ضَرَبْتَها أتْعَبَتْك وإنْ تَرَكْتَها لَم تُلْحقْكَ بأصْحابك والدّارُ تكُونُ ضَيّقَةً قَليلَةَ المَرافق. رواه الحاكم. واتە: سێ شت خۆشبەختییە و سێ شت بەدبەختییە... ئەوانەی خۆشبەختین: ژنێکی جوان و دیندار، کاتێ دەیبینی دڵت پێی خۆشە... کاتێک لە مال نیت لێی دڵنیای کە خیانەتت لێناکا، نە لە خۆت، نە لە مالەکەت، هەروەها -یەکێکی تر لەو شتانەی خۆشبەختین- سوارۆیە، سواری دەبی، دەتگەیەنێ بە هاوڕێکانت، هەروەها- یەکێکی تر لەو شتانەی خۆشبەختین -خانووی فراوانە، شوێن و ڕێی زۆرە... ئەوانەی کە بەدبەختین ژنێکە لەگەڵتدا خراپە... زمانی پیسە... ئەگەر لە مال نەبی لێی دڵنیا نیت، نە لە خۆت نە لە مالەکەت، هەروەها سوارۆی خراپ و تەمبەڵ، ئەگەر لێیدەدەی ماندوت دەکات، ئەگەر لێیدەگەڕێی ناتگەیەنێ بە هاوڕێکانت، خانووی تەنگ و ترش، شوێن و ڕێی کەمە.

- کاتێ شەرع دەفەرموێت: پیاوان سەرپەرشتیاری ژنانن، مانای ئەوە نییە ئیتر پیاو هەموو مافێکی ژن پێشێل بکات و لەگەڵیدا

بە خراپی مامەڵە بکات... ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ البقرة: ٢٢٨ واتە: ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بە وێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بەگوێرەی باو و نەریتێک کە پەسەندە لە ئیسلامدا.

پێشەوا (القرطبي) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت: پیاو چۆن مافێکی مێردایەتی بەسەر ژنەوە هەیە، ژنیش ئاوا مافی ژنێتی بەسەر پیاوەوە هەیە، بۆیە ئیبنوعەبباس فەرموویەتی: من خۆم بۆ ژنەکەم دەڕازێنمەوە، وەک چۆن ئەو خۆی بۆ من دەڕازێنێتەوە.

دیسان ئیبنوعەبباس دەفەرموێت: ژنانیش مافی ئەوەیان بەسەر پیاوەوە هەیە کە بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، مافەکانیان جێبەجێ بکەن، وەک چۆن لەسەر ژنانە کە گوێڕایەڵی مێردەکانیان بن و بێگوێیان نەکەن.

- عَنْ أَنَس، قَالَ: كَانَ لِلنَّبِيِّ(ﷺ) تِسْعُ نِسْوَة، فَكَانَ إِذَا قَسَمَ بَيْنَهُنَّ، لَا يَنْتَهِي إِلَى الْمَرْأَةِ الْأُولَى إِلَّا فِي تِسْع، فَكُنَّ يَجْتَمِعْنَ كُلَّ لَيْلَة فِي بَيْت الَّتِي يَأْتِيهَا، فَكَانَ فِي بَيْت عَائِشَةَ، فَجَاءَتْ زَيْنَبُ، فَمَدَّ يَدَهُ إِلَيْهَا، فَقَالَتْ: هَذِه زَيْنَبُ، فَكَفَّ النَّبِيُّ(ﷺ) يَدَهُ، فَتَقَاوَلَتَا حَتَّى اسْتَخَبَتَا، وَأُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، فَمَرَّ أَبُو بَكْر عَلَى ذَلِكَ، فَسَمِعَ أَصْوَاتَهُمَا، فَقَالَ: اخْرُجْ يَا رَسُولَ اللهِ إِلَى الصَّلَاةِ، وَاحْثُ فِي أَفْوَاهِهِنَّ التُّرَابَ، فَخَرَجَ النَّبِيُّ(ﷺ)، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: الْآنَ يَقْضِي النَّبِيُّ(ﷺ) صَلَاتَهُ، فَيَجِيءُ أَبُو بَكْر فَيَفْعَلُ بِي وَيَفْعَلُ، فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ(ﷺ) صَلَاتَهُ، أَتَاهَا أَبُو بَكْر، فَقَالَ لَهَا قَوْلًا شَدِيدًا، وَقَالَ: أَتَصْنَعِينَ هَذَا؟. رواه مسلم. واتە: ئەنەس دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) نۆ ژنی هەبوو، کاتێ کاتەکانی بۆ سەردانی خێزانەکانی دابەش دەکرد، نەدەچوویەوە بۆ لای ژنی یەکەم، هەتا نۆ شەوەکە تەواو نەبوایە -واتە: هەر ژنێک لە کات و سەرەی خۆیدا پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو بۆ لای- جا هەر نۆ ژنەکەی پێغەمبەر(ﷺ) شەوان لە

مالّی ئەوەیاندا کە سەرەی ئەو بوو و پێغەمبەر(ﷺ) لای بوو، کۆ دەبوونەوە، شەوێک پێغەمبەر(ﷺ) لە لای دایە عایشە بوو، دایە زەینەب هات بۆ مالّی دایە عایشە، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی برد بۆ لای دایە زەینەب -نەیزانی ئەوە دایە زەینەبە، چونکە مالّ تاریک بوو، ئەو کاتە چرا و شت نەبوو، ڕۆشنایی نەبوو- دایە عایشە وتی: ئەوە زەینەبە... پێغەمبەر(ﷺ) دەستی گەڕاندەوە، دایە عایشە و دایە زەینەب بوو بە کێشە و دەمەقاڵێیان، تا وای لێهات دەنگیان بەسەر یەکدا بەرز کردەوە، بانگی خەوتنان درا، حەزرەتی ئەبوبەکر لەوێوە تێپەڕی، گوێی لە دەنگی دایە زەینەب و دایە عایشە بوو، هات و بە پێغەمبەری(ﷺ) وت: ئەی پێغەمبەری خوا خۆڵ بکە بە دەمیانەوە و بڕۆ بۆ نوێژ... پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی ڕۆیشت بۆ نوێژ، دایە عایشە وتی: ئێستا پیغەمبەر(ص) لە نوێژ دەبێتەوە و ئەبوبەکر دێتەوە و ئاوا و ئاوام پێدەکات -دایە عایشە کچی حەزرەتی ئەبوبەکر بوو، ترسا بێتەوە و لێی تووڕە ببێت- هەر کە پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژ بوویەوە حەزرەتی ئەبوبەکر هاتەوە بۆ لای دایە عایشە، زۆر بە تووندی قسەی لەگەڵ دایە عایشە کرد و لێی تووڕە بوو، دوایی وتی: ئەوە بۆ وا دەکەن؟

- مسوڵمان دەبێت لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فێری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و منداڵی خۆی بێت، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) باشترین کەس و باشترین مێرد و باشترین باوک بووە... باشترین ئاکار و ڕەفتاری هەبوو... بە جوانترین و باشترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکانیدا دەکرد...

ئایا هاوسەرگیری گۆڕی نەوین و خۆشەویستییە؟

- زۆرێک لە پیاوان وا دەزانن ژنهێنان دەبێتە گۆڕێک بۆ ئەوین و خۆشەویستی...

قسەی خۆش و نوکتەی خۆش و هەڵسوکەوتی جوانیش تەنیا لە ڕۆژانی دەزگیراندارى دەکرێت و ئیتر دوای گواستنەوە هەموو شتێک دەبڕێتەوە و کۆتایی پێ دێ...

لە ڕاستیدا ئەم بیر و باوەڕە، بیروباوەڕێکی تەواو هەڵەیە...

بۆ نا؟ خۆ دەبێت ئەوین و خۆشەویستی و لێبووردەیی و قسەی خۆش دوای مارەبڕین دەست پێ بکات و دوای گواستنەوە گەشە بکا...

- ڕۆژی وا هەیە ژن هەستێکی ناسک ڕووی تێدەکات، کەچی مێردەکەی گاڵتە بە هەستەکانی دەکات...

باشە بۆ دەبێت مرۆڤ بەرامبەر هاوڕێ و هاوبەشی ژیانی هێندە بە ڕەقی مامەڵە بکات؟ بۆ دەبێت دیلی دڵت بڕەنجێنی؟

دەزانی بە گاڵتەکردن بە هەستی ژنانەی هاوسەرەکەت چەندێ ئازاری دەدەی؟

دەزانی ئەو گاڵتەکردنە چەندێ دەگە لە ژنایەتی ئەو ژنە دەدا؟ دەی بۆ ئەوەندە ڕک و لار و کەللەڕەقی؟

هەرگیز مەڵێ: تەمەنم هەڵکشاوە... تازە پێویستمان بە سۆز و هەست و ئەو شتانە نییە... من خۆم ئەوەندە سەرقاڵم بیرم بە لای ئەو شتانەدا ناچێ...

ئەگەر تۆ خۆت پێویستت بەو شتانە نییە، بێگومان ژنەکەت پێویستی پێیەتی... باشە گوناهی ئەو ژنە چییە کە تۆ ئاوا لە گەڵیدا مامەڵە دەکەیت؟ بۆ دەبێت شتێ کە خۆت نەتبی ئیتر بۆ بەرامبەرەکەت ڕەوا نەبینی؟

ڕاستە تۆ ڕۆژانە تووشی کێشە و ئاریشە و تەنگوچەڵەمەی ژیان دەبیتەوە...

بەڵام بۆ دەبێت تۆ داخی هەڵەی کەسانی تر بەو بڕێژی؟ بۆ دەبێت باجی هەڵە و تاوانێک بدات کە ئەو نەیکردووە؟

مەگەر تۆ لە سەرەتای هاوسەرگیریتان باسی خۆشەویستی و ئەوینت لەگەڵدا نەدەکرد؟ هەستی ناسکی ئەوت پێ جوان نەبوو؟ لەبەری نەدەمردی؟ دەی کوا؟ ئێستا بۆ واتلێهاتووە؟

بۆ ئێستا ئەوەندە ڕک و لاساری؟ بۆ ئەوەندە دڵڕەق و بێخەمی؟ بۆ کەمێک نەرمی نانوێنی...

- سروشتی ژن وایە، دەبێتە دیلی دوو قسەی خۆش... بە دوو قسەی نەرمونیان هەموو گیانی دەهەژێ...

هەستی ڕاستەقینەی دەیتوێنێتەوە... مامەڵەی جوان دڵی ڕاو دەکات...

هەموو ژنێکی ئەم سەر زەویە پێی خۆشە وشەی جوان و قسەی خۆش لە میێردەکەی ببیستێت...

- هەموو ژنێکی ئەم سەر زەوییە پێی خۆشە میێردەکەی کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێ... هەم لەگەڵ خۆیدا، هەم لەگەڵ خەڵکدا... ژن ڕقی لە میێردی لاوازە... ڕقی لە میێردی سەرشۆڕ و ڕاڕا و دووڵە...

ژن هەتا میێردەکەی بەهێز و چالاک و بەتوانا نەبێ، هەست بە ژنێتی خۆی ناکات... خۆی بە تەنیا بیر لە شتەکان دەکاتەوە...

بەڵام با پیاوانیش ئەوە بزانن کەسایەتی بەهێز مانای ئەوە نییە کە ستەمکار بن، بەو مانایە نییە کە هەر خەریکی فرماندەرکردن بن... هەر بڵێن: ئەوە بکە... ئەوە مەکە...

بەڵێ... مەبەست ئەوە نییە بەرامبەر ژنەکەی ڕەق و توند و قسەناخۆش بێت... زمان پیس و جوێنفرۆش بێ...

ئەوین چۆن لەناو دەچێت؟

- یەکەم دیمەن لە دیمەنەکانی لە ناوچوونی ئەوین و خۆشەویستی کەم قسەکردنە... پێش گواستنەوە و لە ڕۆژانی دەزگیراندارێدا بەردەوام پێکەوە قسەیان دەکرد... دوای ئەوەیش لە مانگی هەنگوینێدا دەمیان نەدەنا بە یەکدا...

دوای ئەوە وردە وردە قسە کەم دەبێتەوە، تا وای لێدێ پیاو دوانزە کاتژمێر یان زیاتر لە ماڵەوەیە... کەچی دوو قسە لەگەڵ ژنەکەیدا ناکات... چییە؟ بیانووەکەی ئەوەیە کە لەبیری چووە...

- دوای ئەوە قۆناغێکی تر دێتە پێشەوە... کاکم بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێ لە ماڵ هەڵبێ و بچێتە دەرەوە... هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی بیانووی چوونە دەرەوە دەست بکەوێ...

- دوای ئەوە قۆناغێکی نوێی دیکە دێتە پێشەوە... هەردووکیان وەک ڕاوچییەک لە بۆسەدا دانیشتبێ و چاوی لەسەر نێچیربێ و هیچی لە دەست دەرنەچێ، ئاوا لە بۆسەدان بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵەیەک بکات و ئەویتر لێی بکا بە هەرا... هەرچەند پێغەمبەر(a) فەرموویەتی: «لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ». رواه مسلم. واتە: پیاوی مسوڵمان لەبەر کارێکی کرێت دڵی ژنی مسوڵمان ناتۆرێنێ... ئەگەر لە ئاکارێکی ناڕازی بێت، لە ئاکارێکی تری ڕازی دەبێت...

کەچی پیاوەکە دەڵێ: ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر بەرگەی ژنەکەم بگرم... بەوە تاوانباری دەکات کە ئەوی پشتگوێ خستووە و هەمیشە لە خزمەت دایکیدایە...

ژنەکەش دەڵێ: مێردەکەم ئەوەندە تووڕە بووە ئیتر ناتوانم

بەرگەی ئەو هەمووە تووڕەییە بگرم، یان دەڵێ: دایکی خۆی لە هەموو کەسێ پێ گرنگترە...

یان هەر لە سەرەتاوە هەردووکیان بەشی خۆیان هەڵەیان بووە، بەڵام چاوپۆشیان لە یەکتر کردووە و باسیان نەکردووە، بەڵام لەم قۆناغەدا دەیدرکێنن و هەڵەکانی یەکتر شەن دەکەن...

- لە قۆناغی دواتردا پەیوەندی ژن و مێردایەتی بۆ ماوەی هەفتەیەک یان دوو هەفتە، یان زیاتر، سڕ دەکرێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت تا ئێرەیش خۆیان لە تاوانە گەورەکە پاراستووە...

- ئەگەر بارودۆخ چاک بوویەوە ئەوە لە خوا بەزیاد بێ و پیرۆزیان بێ، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر بارودۆخ بەرەو خراپتر ڕۆیشت ئەوا قۆناغێکی پڕ لە بڤە دێتە پێشەوە... ئەویش گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا لە دەرەوەی ماڵەوە... ڕێگای ڕاست ون دەکەن، یان چاویان لە ئاست ڕێگای ڕاست دادەخەن، کارەسات ڕوودەدا... دەچنە قۆناغێکەوە کە خوای گەورە پێی ڕازی نییە...

جۆرەکانی گەڕان بەدوای خۆشەویستی لە دەرەوەی خێزان زۆرن... لەوانەیە سەربکێشێ بۆ لای خیانەتکردن، یان بۆ تاوانی جۆراوجۆر... شەیتانیش مرخی لێ خۆش دەکات و کام ژنە ناشیرینە لە بەرچاو ئەو پیاوە دەیکا بە حۆری و پەری... کام پیاوە ناشیرین و قسەنەزانە، لە بەرچاو ئەو ژنە دەیکات بە پیاوێکی جوان و قسەخۆش...

ئیبنولقەیم دەڵێ: شەیتان شتی وا لە مرۆڤ دەکات کە هەرشتێ هی خۆی نەبێ بە باشتر و جوانتری بزانێ لەو شتەی کە هی خۆیەتی.

بۆیە دەبینی پیاوی وا هەیە ژنێکی هێندە بەڕێزی هەیە کە کەم ژنێک ئەوەندە بەڕێز و ماقوڵە... خەڵک پێیان سەیرە کە مێردەکەی

وازی لێهێناوە و ڕۆیشتووە و دوای ژنی تر کەوتووە؟ ئەوەی دوای کەوتووە نەهێندەی ژنەکەی خۆی جوانە... نە هێندەی ئەو ژیر و ماقوڵە...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: إِذَا جَمَعَ اللهُ الأَوَّلِينَ وَالآخِرِينَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، يُرْفَعُ لِكُلِّ غَادِرٍ لِوَاءٌ، فَقِيلَ: هَذِهِ غَدْرَةُ فُلَانِ بْنِ فُلَانٍ. رواه مسلم. واتە: کاتێ خوای گەورە لە ڕۆژی پەسڵاندا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی مرۆڤەکان، هەموویان کۆ دەکاتەوە، بۆ هەر بێئەمەک و پەیمانشکێنێک لافێتەیەک هەڵدەواسرێ، دەوترێ: ئەمە پەیمانشکێنی و بێئەمەکی فلانکەسی کوڕی -یان کچی- فلانکەسە.

جا ئا لەو ڕۆژەدا تاوانباران بە بەرچاوی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) و بە بەرچاوی هەموو خەڵکەوە سەرشۆر دەبن...

***

دوور لە بیابانی ژن و مێردایەتی

- پەیوەندی نێوان ژن و مێرد چەندێ پەیوەندییەکی جوانە... پەیوەندییەکە خوای گەورە پێی خۆشە... خوای گەورە ئایەتی لە بارەی ئەو ئەوین و خۆشەویستییەوە دابەزاندووە... ئایەتێک هەتا رۆژی پەسڵان دەمێنێتەوە و دەخوێنرێتەوە... ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١ واتە: یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و لەنێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیر دەکەنەوە و تێدەفکرن.

زۆر جار دەیبیستین کە ژنان زۆر سکاڵا لە دەست وشکێتی و بە بیابانبوونی نێوان خۆیان و مێردەکانیان دەکەن... زۆر بە وردی بەدوای قسەیەکی خۆشدا دەگەڕێن...

دەبێت پێش هەموو شتێ ئەوە بزانن کە نهێنی خۆشبەختی نێوان ژن و مێرد ئەوەیە کە ماڵەکە پڕ بکەن لە خۆشەویستی خوای گەورە و گوێڕایەڵیکردنی فرمانەکانی... هەروەها خۆشەویستی پیغەمبەری خوا(ﷺ)... تاوان وەکو پەینە بۆ کێشەکان، بۆ ناکۆکی نێوان ژن و پیاوان...

چەند ئامۆژگارییەک بۆ نەمانی ئەو بیابانە...

- وەک سەرۆک مامەڵە لەگەڵ ژنەکەتدا مەکە... وا مەزانە تۆ سەرۆکی و ئەویش بەردەستی تۆ...

- ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە شێوازی جلوبەرگ و قسە و چێشت و کارەکانی تری ژنەکەت مەگرە...

- بە ناوێک بانگی بکە کە پێی خۆش بێت... ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ بانگی دایە عایشەی دەکرد دەیفەرموو: عایش... وەک لە کوردییەکەی خۆماندا پێی دەوترێ ئایشێ... کەواتە هەرکەسێ ژنەکەی ناوی عائشەیە با پێی بڵێ: ئایشێ وەنەوشێ... وەرە کارم پێتە...

- پەسنی ئەو خواردن و خواردنەوانە بدە کە بۆت ئامادە دەکات... هەوڵ بدە هیچ کاتێ دەست بۆ خواردن نەبەی هەتا ئەویش دێت و پێکەوە لەسەر سفرە دادەنیشن... دوای ئەوە پێکەوە ناوی خوا بێنن و دەست بە خواردن بکەن... تۆ تیکەیەک بکە بە دەمی ئەوەوە، با ئەویش تیکەیەک بکا بە دەمی تۆوە...

- جلوبەرگت بڕازێنەوە... بۆنی خۆش لە خۆت بدە... ئەو کارە دڵی ژنەکەت خۆش دەکات...

- کاتی ژنەکەت خۆی دەڕازێنێتەوە باسی جوانییەکەی بکە، بەڵام زۆر زێدەڕەوی مەکە... کارێک مەکە ئەو وا هەست بکا خۆی وا نییە، بەڵام تۆ لەبەر دڵی ئەو وا دەڵێی...

- پەسنی شێوازی کارکردن و کۆکردنەوەی ژوورەکانی بدە... هەر شتێک دەستی ئەوی بەرکەوتبێ تۆ پەسنی بدە...

- ئەگەر کارێکی قورسی کەوت بە ملدا، یارمەتی بدە... با بە تەنیا کارە قورس و گرانەکان نەکات...

- کاتێ دەچیتەوە با ماڵەوە و دەبینی ژنەکەت خەریکی کارە تۆیش کەمێک یارمەتی بدە...

- یارمەتی بدە پێکەوە منداڵەکانتان پاکوخاوێن بکەنەوە، بۆ نموونە: ئەگەر ژنەکەت منداڵەکانی شوشت، تۆ جلوبەرگیان لەبەر بکە... ژنەکەت چێژ لەو جۆرە هاوکاریانە وەردەگرێ...

- بـه گوێـرەی توانـا یارمەتـی بـدە... گاڵتـە و یـاری بـۆ منداڵـەکان بکـە و لـە کـۆڵ ئەوپـان بکـەرەوە...

- کاتـێ دیاریـیەکـی بـۆ دەکـرێ بزانـە چۆنچۆنـی دیاریـیەکـەی پێشـکەش دەکـەی... بـۆ نموونـە: لـە شـوێنێکدا بیشـارەوە و دوایـی ژنەکـەت بانـگ بکـە و بڵـێ: سـەیری ئـەوێ بکـە بزانـە چـی تێدایـە؟

- ئەگـەر حـەزی لـە کارێکـە و بـە لایـەوە گرنگـە، تۆیـش یارمەتـی بـدە و هانـی بـدە لـەو کارەدا سـەرکەوتوو بێـت...

- هانـی بـدە لای ژنێکـی زانـا و جـێ متمانـە وانـەی ئایینـی بخوێنـێ و شـارەزای فیقـە و ئایـین ببێـت...

کێ زیاتر بێدەنگە، پیاو یان ژن؟

– قسە ناکات... لەسەر هیچ شتێ گفتوگۆ ناکات... تەنیا بێدەنگییە و بێدەنگی...

کاتێ دەمەوێ لەسەر شتێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم سەری ڕادەوەشێنێ... یان سەرکۆنەم دەکات و دواتر بێدەنگ ئەبێ، ئەمما بێدەنگ...

بێدەنگی نەخۆشییەکە زیاتر پیاوان زیاتر لە ژنان تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن...

کاتێ پیاو بێدەنگ دەبێت، ژنەکەی تووشی نیگەرانی دەبێت... بە تایبەت ئەو قسانەی کە ژن بە هەندی وەردەگرێ و حەزی لێیەتی...

جاری وا هەیە ژن پەنا دەبا بۆ کەسوکار یان منداڵەکانی بۆ ئەوەی ببنە نێردە لەنێوان ئەو و مێردەکەیدا...

هۆکارەکانی بێدەنگی لای پیاوان چییە؟

– دوای سااڵنێکی زۆر لە هاوسەرگیری... ژن و مێرد دەگەنە خاڵی لەیەکتێگەیشتن... تەنانەت بەبێ ئەوەی قسەیش بکەن... هەست دەکەن باسکردنی هەستەکانیان بە قسە هیچ سوودێکی نییە...

پێویست بە وشەی نەرم و ئەویندارانە و باسی شتە جوانەکان ناکات... ئەو شتانە منداڵانەن و ئەوان ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە...

– جاری وا هەیە پیاو لە دەرەوە و لەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکات، هەموو وزەی قسەکردنی بەکار دێنێ و تا دەچێتەوە بۆ ماڵەوە هیچ وزەیەکی پێ نامێنێ... ئیتر بێدەنگی وەک پشوویەک بەکار دێنێ...

– جاری وا هەیە پیاو هەوڵ دەدا لەبری دەمەقاڵێیەکی ئاسایی

سـنوورێک بـۆ ئازارەکانـی ناخـی خـۆی دابنـێ... بۆیـە بـە دوو قسـەی ڕەق و ناخـۆش و بریندارکـەر ژنەکـەی لـە کـۆڵ خـۆی دەکاتـەوە... ژنـی داماویـش لەجیاتـی ئـەوەی وەڵامـی بداتـەوە بێدەنـگ دەبێـت...

ئایا (بێدەنگی) پێویستییەکی ژیانە؟

پسـپۆڕانی دەروونناس دەڵێـن: بێدەنگـی کاتێـک، کـە تووشـی هەندێ پیـاو دەبێـت، ئـەوە نەخۆشـی نییـە، بەڵکـوو ڕاکردنـە لـە دەمەقاڵێـی نێـوان خـۆی و هاوسـەرەکەی...

کاتـێ ژن بـە هەمـوو هێـزی خـۆی دەچیقێنـێ و دەڵـێ: پیاوەکـەم بێدەنگـە و قسـە نـاکا... لـە ڕاسـتیدا پیاوەکـە نایـەوێ کێشـەی زیاتـر دروسـت بـکات...

جـاری وا هەیـە ئـەو بێدەنگییـە بەرهەمـی هەندێ شـتە کـە کاریـان کردووەتـە سـەر پیاوەکـە، وەک:

١- بـاری ئابـووری... لاوازی بـاری ئابـووری یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە پیـاو بێدەنـک و مـات دەکات و تاقـەت و توانـای هیـچ جـۆرە قسـەیەکی نامێنـێ و بێدەنـگ دەبێـت...

٢- ڕای جیـاوازی نێـوان ژن و پیـاو... ئـەو ڕاجیاوازییـە دەبێتـە هۆکـاری بێدەنگبوونـی هەردوو لا...

٣- شـاردنەوەی ڕاسـتییەکی دیـاری کـراو... ئـەو کاتـە بێدەنگـی خۆبەخـۆ دێتـە پێشـەوە... لـە پشـتەوەی بێدەنگی ژنەکـە پیـان پیاوەکـە چەنـد شـتێ هەیـە...

٤- گرنگینەدانـی لایـەک بـە لایەکـەی تـر... قسـەکردن هۆکارێکـە بـۆ تێگەیشـتن و گەیشـتنی ژن و پیـاو بـە یەکتـری... کاتـێ بێدەنگـی هاتـە ناوەوە ئیتـر لایەکـەی تر وا دەزانـێ بەرامبەرکـەی بـەو بێدەنگـە گرنگـی بـەم نـادا...

***

چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوسەرێکدا دەکەی کە خۆشت ناوێ؟

- ئەگەر پیاو ژنەکەی خۆی خۆش نەویست، ئەوە کۆتایی ڕێگا نییە... دەکرێ سەرلەنوێ خۆشەویستی و ئەوین سەر هەڵ بداتەوە و یەکتریان خۆش بوێ...

ژنی زیرەک دەتوانێ وزە و توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەوینێکی نوێ لە دڵی مێردەکەیدا بچێنێتەوە...

چۆن دڵی مێردەکەم ڕاکێشم؟

- سەرەتا دەبێت بە بەشی خۆت ڕازی بیت... سوپاسی خوای گەورە بکەی، چونکە قەناعەت و ڕازیبوون بە بەشی خوای گەورە کلیلی خێر و خۆشی دونیا و قیامەتە...

- خوشکی بەڕێز... ئەوە بزانە کە خوای گەورە دەیەوێ تاقیت بکاتەوە... خۆڕاگرە و سوپاسی خوای گەورە بکە... بە قەزا و قەدەر و چارەنووسی خۆت ڕازی بە...

- ئەوەت لەبیر نەچێ، بەو خۆڕاگری و ئارامییەت دەبێتە کەسێک کە خوای گەورە پاداشتی چاکەت پێ دەداتەوە... لەوانەیە ئەوە خێری تێدابێ، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر مێردەکەت تۆی خۆش نەوێ، لەوانەیە ئەوە خێرێکی تێدابێ، چونکە هیچ کەسێ نازانێ خێر لە چیدایە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ البقرة: ٢١٦ واتە: لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت.

- لەگەڵ هەستەکانی مێردەکەت بسازێ... کارێ بکە هەست بکات کە تۆ ئەوت خۆش دەوێ... وەک پیاوی خۆت سەیری دەکەیت و گرنگی پێ دەدەی...

- کارێک بکه مێردەکەت هەست بکا ڕێزی دەگری... کاتی خۆتی پێ ببەخشە... هەوڵ بدە کارێک بکە ئەو تێبگا کە تۆ قوربانی بۆ ئەو دەدەی... کاری بکە متمانەی بە تۆ بەهێز ببێت... هەست بکا تۆ هەر شتێکیت پێخۆشە و لات ئازیزە بەوی دەبەخشی...

- ببە بە هاورێی... قسەی لەگەڵدا بکە... باسی کاروباری بکە... پەسنی بدە و بڵێ: تۆ لەپێناو خۆشگوزەرانی ئێمە خۆت ماندوو دەکەی، ئێمەش سوپاست دەکەین و دەستت خۆش بێ و خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ...

- زۆر بخوێنەوە... بە تایبەت ئەو کتێبانەی کە لە بواری خێزانداری و جۆری مامەڵە لەگەڵ پیاودا ڕۆشنبیرت دەکەن...

- لە بیرت نەچێ گرنگی بە جوانی و جلوبەرگی خۆت بدە...

- هەمیشە هەست بە بەرپرسایەتی بکە، ئیتر کێشە هەبێ یان نەبێ... کاتێ کێشەیەک دروست دەبێت هەوڵ بدە چارەسەری بکەی... کاری بکە ئەو وا لە تۆ تێبگا کە تۆ هەمیشە تۆوی چارەسەریت لایە... هەوێنی ئاشتنی و هێمنی ماڵەکەی... ئەوە وا لە پیاو دەکات کە تێبگا بەبێ ژنەکەی کاری بە هیچ شوێنێک ناگات و دەستەوەستان دەبێت...

- دەست پاک بە... مال و سەروەت و سامانی بپارێزە... وێڵ خەرج مەبە... شتی بێسوود مەکرە...

- ببە بە ئارامگای ئەو... با لە لای تۆ هەست بە ئارامی بکات... لەگەڵیدا بەسۆز بە... خۆشت بوێ... کارێک بکە کە هەست بکا تۆ ناتوانی بەرگەی نەخۆشی و ناخۆشی ئەو بگری...

- لە یەکلاکردنەوەی هەموو کێشە و ئاڕیشەیەکدا لەگەڵیدا بە... ئەوە وای لێ دەکات لە هەموو کاتێکدا پەنات بۆ ببات...

- وای لێ بکە کە هەست بکات تۆ گرنگترین مرۆڤی لە ژیانی

ئەودا... کاری مەکە کە هەست بکات لەو گرنگتر لە ژیانی تۆدا هەیە... تەنانەت ئەگەر باوک و کوری خۆیشت بێ... ئەمەیش پێچەوانەی داب و دەستووری شەرعی نییە و وەک خراپەیەک لەگەڵ باوک و برا و کوڕدا هەژمار ناکرێ... ڕێزی هەریەک لەوانە بە گوێرەی پێویست و مافی هەموویان بدە...

- ناوە ناوە سوپاسی بکە و دەستخۆشی لێبکە... وابکە کە هەست بکات تۆ کار و لێبڕانی ئەوت لە بەرچاوە...

- گرنگی بە جلوبەرگ و شێواز و هەڵسوکەوتی بدە... کاری بکە کە هەست بکا بەبێ تۆ ناتەواوە و بۆشاییەکی گەورە ڕوو لە ژیانی دەکات...

چۆن دڵی هاوسەرەکەت دەتۆرێنی؟

ئەمە چەند ئامۆژگارییەکە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ میردەکانیان لێیان بێزار بن[٤]...

- نەکەی ڕێزی میردەکەت بگری، گاڵتەی پێ بکە، سوکایەتی پێ بکە، بە تایبەتی بە بەرچاوی دایک و خوشک و کەسوکاریەوە...

- هەرگیز لە ماڵدا گرنگی مەدە بە شکڵ و شێواز و جوانی خۆت... ئەو تازە تۆی کردووە بە هاوسەری خۆی و بڕایەوە، خۆ هەموو ڕۆژێک ژن ناهێنێ... ئیتر بۆچی ئەوەندە خەریکی خۆت دەبی؟

- ڕک بە... بە قسەی مەکە... دەمەقاڵەی لەگەڵدا بکە... هیچ کارێکی بۆ جێبەجێ مەکە... بێزاری بکە...

- بخۆ هەر بخۆ... ئەوەندە بخۆ تا تەواو قەڵەو دەبی... توانای هەڵسوکەوتت نامێنێ...

- هەستیار مەبە... سۆزدار مەبە، هەرگیز لە هیچ شتێکدا سۆزی ژنانە بەکار مەهێنە... نە لە قسەدا... نە لە ماڵداریدا... نە لە هیچ شتێکدا... پیاوبە پیاو...

- ئەگەر زانیت میردەکەت کێشەیەکی هەیە و پێویستی بە

---

٤ نووسەر مەبەستی ئەوە نییە کە ژنان هان بدا بۆ ئەوەی کارێک بکەن میردەکانیان لە خۆیان بتۆرێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەیەوێ ئەو خاڵانە دەستنیشان بکا کە دڵی میرد دەتۆرێنن بۆ ئەوەی ژنان لێی نزیک نەبنەوە، ئەمە وەک ئەوە وایە مۆماستایەک ئامۆژگاری قوتابییەکانی بکات و بڵێ: کێ دەیەوێ ئەمساڵ دەرنەچێ با هەوڵ نەدا.. نەیەتە پۆلەوە.. کتێبەکانی فڕێ بدا.. دەفتەرەکانی بدڕێنێ.. گوێ لە مامۆستا نەگرێ و... ئەمە مانای وایە پێچەوانەکانی ئەمانە بکە..

یارمەتی تۆیە، نەچی و یارمەتی نەدەی... ئەگەر دات بە لایدا خۆتی لێ کوێر بکە و لا مەکەرەوە بە لایدا...

- هیچ گرنگی بە مێردەکەت مەدە... دایک و برا و کەسوکاری خۆت گرنگن... شوو چییە؟ وەبزانە هەر نییە... تا دوێنێ نەتناسیوە، ئێستا ئەتەوێ بیکەی بە کەڵەگا بەسەر خۆتەوە؟ نەکەی کاری وا نەکەی... بڤە...

- بیر مەکەرەوە... پێش مەکەوە... پشوو بدە بە ژیری خۆت و بەکاری مەهێنە...

- درۆی لەگەڵدا بکە... هەموو شتێکی لێ بشارەوە... نەکەی کارێ بکەی متمانەی بە تۆ هەبێ...

- هەرگیز گۆڕانکاری بەسەر خۆتدا نەهێنی، مەگەر لە بێزارەکەرەوە بۆ بێزارکەرترین...

- ساردوسڕ بە... با وابزانێ دار و تەختەی... ئاسنی... با بە ژنت نەزانێ...

- خۆت لە خەتی گێلی و نەزانی بدە... وا مەزانە ڕۆژێک لە ڕۆژان بڕوانامەت بەدەست هێناوە... تەنانەت خوێنەواری لە بیر خۆت ببەرەوە...

- هیچ مەخوێنەوە... کتێب! ئای کتێب ئای... هەرچی کتێبت هەیە هەمووی بسووتێنە... برۆ بۆ خۆت تەماشای درامای هەزار و پێنجسەد ئەڵقەیی بکە و مەهێڵە یەک ئەڵقەت لە دەست دەربچێ، یان ئەوەندە بە دیار بەرنامەی چێشتلێنانەوە دانیشە تا چێشتەکەی خۆت دەسووتێ و کەڵکی نامێنێ...

- هەرچیت هەیە بە کەمی بزانە... هەمیشە پرتەوبۆڵە بکە و بڵێ: فلان ئەوە و ئەوەی هەیە... فیسار ئەوە و ئەوەی هەیە... کوا من چیم هەیە؟ تۆ هیچت بۆ من نەکردووە...

- هەرگیز بە گوێی نەکەی... هەمیشە هەر بڵێ: من... من... خووێست بە... کێ بە کەڵکی کێ دێت؟

- ئەو دینارێک پەیدا بکا، تۆ دوو خەرج بکە... قەرزاری بکە... برۆ لەو دوکانانە شت بە قەرز بهێنە و بڵێ: بە ناوی مێردەکەمەوە بینووسن...

- سەرکۆنەی بکە... سووکایەتی پێ بکە... مەهێڵە مێردت بێت... خۆ تۆ کەنیزەک نیت... تۆیش خۆت گیڤ بکەرەوە و بڵێ: ئێستا جاران نییە! ژن مافی هەیە! دەبێت تۆیش وەک من چێتش لێبنێیت... قاپ بشۆری... ناومال گسک لێ بدەی... دایبی لە پێی منداڵەکان بکەی و... قسەیش بکەی دەچم لای ڕێکخراوی... سکاڵات لەسەر تۆمار دەکەم...

پیرۆزە... ئەو خاڵانەی سەرەوە یەکێکیان بەکار بێنە ئیتر لە دەست مێردەکەت ڕزگارت دەبێت و دەچیتەوە بۆ ماڵە باوان...

برا پێتان سەیر نەبێ ژن هەیە وایە... ئەو خاڵانە جێبەجێ دەکات... بەناو ڕێکخراو هەیە ژن هان دەدا بۆ ئەوەی بەو جۆرە بێت... دواییش گلەیی دەکەن و دەڵێن: مێردەکەمان تووڕەیە! نازانم بۆ ئەوەندە تووڕەیە؟ چی بکەم گیرم خواردووە بە دەستیەوە ؟

ئەم هۆکارانەیە بۆیە ڕێژەی تەلاق و جیابوونەوە ئەوەندە زۆر بووە... ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی پیاو بە دوای ژنی دووەدمدا بگەڕێ...

ئەگەر نە ئەم بێت نە ئەوی تر ئەوە ئیتر کەڕولاڵی بووەتە هۆکاری لە یەک جیابوونەوە...

پیاو ڕقی لە چ جۆرە ژنێکە؟

- پیاو ڕقی لە ژنی ڕووترشە... ئەو ژنانەی کە هەمیشە کێشە و ئاڕێشە دروست دەکەن... شتی کۆن دەوروژێنن... کای کۆن بە با دەکەن... کاتێ پیاوەکە لە ماڵ دەچێتە دەرەوە ئەو تووڕە دەبێت... کاتێ دێتەوە هەر تووڕە دەبێت... ڕۆژێکی بێ کێشە و قاڵەقاڵیان نییە...

- ڕقی لە ژنی پرسیارییە... ژنێک بەردەوام پرسیار لە مێردەکەی بکا... ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بە چ شتێکەوە خەریکی؟ ئەوە بۆ گۆڕاوی؟ کەی بچینە دەرەوە؟ کەی دەمبەی بۆ بازاڕ؟ کەی؟ کەی؟ بۆ؟ بۆ؟

ئەو هەمووە پرسیارانە مێشکی پیاو تێک دەدات و تووڕەی دەکات... ژنی وا هەیە تەنانەت کاتێ پیاوەکەی ماندووە یان نەخۆشە دەم بە یەکدا نانێ و هەر پرسیار دەکات و لە شتەکان دەکۆڵێتەوە...

- ڕقی لە ژنی ڕکە... ئەو ژنانەی بەردەوام ڕکن... بە گوێی مێردەکانیان ناکەن... مێردەکەی شتێک بڵێ ئەو پێچەوانەکەی دەکات... هەمیشە ڕای خۆی پێ باشە... دان بە ڕا و بۆچوونی مێردەکەیدا نانێت...

- ڕقی لە ژنی کەمتەرخەمە... ژنێک گوێ بە خۆی نەدات... گوێ بە جوانی جلوبەرگ نەدات... گوێ بە خاوێنی ناوماڵ نەدات... گوێ بە پاک و خاوێنی منداڵ نەدات... گوێ بە نان و چێشت نەدات...

- ڕقی لە ژنێکە غیرەی لە ڕادەبەدەری هەبێ... ژنێک متمانەی بە خۆی نەبێ... وابزانێ مێردەکەی لە دەرەوە لەگەڵ ژنێکی ترداید، یان دەیەوێ ژنێکی تر بێنێ...

لە پاشملە و بە نهێنی ژنەکەی لێکۆڵینەوە دەکات بزانێ داخوا مێردەکەی ژنی تری هێناوە؟ یان دەیەوێ بیهێنێ؟

تەنانەت باخەڵی مێردەی دەپشکنێ... بەدوای بچووکترین شتدا وێڵە...

- ڕقی لە ژنی سفورە... ژنێ کە پابەند نەبێ بە جلوبەرگی پۆشتە و ڕێکوپێکەوە... کراسی بیقۆڵ، پانتۆڵی تەسک و...

جۆرە جلوبەرگێک لەبەر دەکات کە قەبارەی لاشەی بە ئاسانی دیارە و وەک ڕووت بێت ئاوایە...

- ڕقی لە ژنی لەخۆباییە... ژنێ کە خۆی لە هەموو کەسێ بە باشتر بزانێ... وابزانێ کە ئەو شایانی کەسێکە هێشتا نەبووە و نابێت... خۆی لە مێردەکەی بە زیاتر بزانێ... لووتی بەرز بێ... لە لووتبەرزیدا وەکو سەگی ناو گەنم وابێ[٥]...

- ڕقی لە ژنی درۆزنە... ژنی درۆزن خراپترین جۆری ژنانە... درۆ خراپترین و ناشیرینترین خوی مرۆڤە...

- ڕقی لە ژنی خۆوێستە... ژنێک تەنیا بیر لە خۆی بکاتەوە، یان هەموو شتێک بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێ و ئاگای لە کەسی تر نەبێ...

- ڕقی لە ژنی زۆربڵێیە... ژنێک زۆر قسە بکات و هەر نەیبڕێتەوە و بیڕێسێ... بۆیە پیاو لەگەڵ ژنی وادا هەست بە بێزاری دەکات...

- ڕقی لە ژنی هەڵچووە... ژنێک بەرامبەر هەموو شتێکی گەورە و بچووک یەکسەر هەڵچێ و کاردانەوەی هەبێ... لە بەرامبەر شتی بچووکیشدا تووڕە دەبێت، یان دەست دەکات بە گریان...

- ڕقی لە ژنی سکاڵاکارە... هەمیشە سکاڵای هەیە... بەرامبەر بچووکترین شت سکاڵای هەیە...

---

٥ هەرچەند ئەم دەستەواژەیە جوان نییە، بەڵام بەکارهێنانی بەرامبەر مرۆڤی لووتبەرز هێشتا کەمە، لە کوردی خۆماندا هەرکەسێ لووتبەرز پێی دەڵێن: دەڵێی سەگی ناو گەنمە... کاتێ گەنم سەوز دەبێ و گوڵ دەکا، ئەگەر سەگ بە ناویدا تێپەڕێ بۆ ئەوەی بڕی گەنمەکە نەچێ بەلووتیدا، لووتی بەرز دەکاتەوە، جا ئەوە بووە بە نموونە بۆ مرۆڤی لەخۆبایی و لووتبەرز.

- ڕقی لە ژنی بریندارکەرە... ئەو ژنەی کە بە قسەی ناخۆش دڵی میردەکەی دەپێکێ و لە ناوەڕاستی دڵی دەدا...

مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ کەسی بەرامبەر بریندار بکات، بەڵام تیمار و ساڕێژکردنی ئەو برینە زۆر سەختە و هەیهو تا چاک دەبێتەوە، حەزرەتی عەلی دەفەرموێت:

جێ زامی شمشێر چاک دەبێتەوە

زامی زمانیش هەر دەکوڵێتەوە

- ڕقی لە ژنێکە بە چاوی سووکەوە سەیری میردەکەی بکات... لە کاتی قسەکردندا گاڵتەی پێ بکات...

- ڕقی لە ژنی بێموبالاتە... ژنێک کە کاتی هیچ شتێک نەزانێ و گرنگی بە هیچ شتێک نەدا... پیاوەکەی بە ماندوویی لە دەرەوە دێتەوە، ئەمیش یەکسەر قسەیەکی ناخۆشی لەگەڵدا دەکات... لە کاتی خەوتندا گوێ پێ نادا، یان کاتێ پیاوەکە خەم و خەفەتی هەیە ئەم گاڵتەی پێ بکا...

- ڕقی لە ژنی بازاڕکەرە... ئەو ژنانەی هەمیشە دەچنە بازاڕ... خوویان بە بازاڕەوە گرتووە... بە هەق و ناهەق هەر دەچنە بازاڕ...

- ڕقی لە ژنی دووزمانە... ژنێک قسەی ئەم بۆ ئەو... قسەی ئەو بۆ ئەم بگێڕێتەوە... هەر خەریکی فات و فیت بێت...

- ڕقی لە ژنێکە بە هەڵە لە پیاو تێبگا... بۆ نموونە کاتێک ئەم دەنگ بەرز دەکاتەوە و پیاوەکە بێدەنگ دەبێت و ڕێزی دەگرێ، وا دەزانێ لێی دەترسێ... پیرەمێردی شاعیر دەفەرموێت:

پیاوچاک ڕێزت گرت شەرمەزار دەبێت

بەڵام نا ئینسان تابێ هار دەبێت

* * *

ئەی ژنان ڕقیان لە چ پیاوێکە؟

- ژن ڕقی لە پیاوێکە زوو زوو ژن بێنێ... ئەم تەلاق بدا و ئەو بێنێ... زوو زوو ژن تەلاق بدات و ژنی تر بێنێ... وەبزانێ ژنیش وەک جلوبەرگە... ئەم نە ئەو... ئیتر هیچ نرخێک بۆ بەها و ڕێز و مرۆڤایەتی ژن دانەنێ...

- ڕقی لە پیاوێکە بە گومان بێت... هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر و هەموو گومانەکانی سەروبن دەکات بۆ ئەوەی بگا بەو شتەی کە لە میشکیدا دێت و دەچێت... تەنانەت وای لێدێ خەریکە گوێ لە هەناسە و چرپەی پێی ژنەکەی بگرێ... خەریکە بەهۆی گومانە خراپەکانیەوە مالەکە وێران دەکات و شیرازەی خێزان دەپچڕێنێ...

- ڕقی لە پیاوێکە زیاد لە پێویست غیرە بکات و خانەگومان بێ... خانەگومانی ئاگرێکە بەر دەبێتە خێزان و ئەوینی ژن و پیاو لەو نێوەندەدا دەکات بە قەلەپڕوز... ژیانی ژن و پیاو هیچ، ژیانی منداڵی داماویش دەخاتە مەترسییەوە... کەچی بیانوویەکی ڕاست و بێگومانیش بوونی نییە...

- ڕقی لە پیاوی منەتکارە... ئەو پیاوانەی کاتێ پارە بە ژن دەدەن، یان کەرەستەی پێویستی ماڵ دەکڕن، یان لە بەخێوکردنی ماڵ و منداڵدا منەت دەخەنە سەر ژن...

- ڕقی لە پیاوێکە کەسایەتی لاواز بێ... ئەو پیاوانەی بەڕێوەبردنی ماڵ دەدەنە دەست ژن و ئیتر خۆیان بە هیچ شێوەیەک چاودێری ناکەن...

- ڕقی لە پیاوێکە نەتوانێ پشتی پێ ببەستێ... نەتوانێ بەرپرسیاریەتی بگرێتە ئەستۆ... بەرپرسیاریێتی ماڵ و منداڵ بخاتە ئەستۆی خۆیان و ئەم کاری بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێ...

- ڕقی لە پیاوی بێبەڵێنە... ئەو پیاوانەی بەڵین دەدەن و پاشان نایبەنە سەر...

- ڕقی لە پیاوی دووڕووە... ئەوانەی قسەی دڵ و قسەی زمانیان جیاوازە... خۆی باش پیشان دەدا، کەچی خراپترین کەسە...

- ڕقیان لە پیاوی دوو زمانە... ئەو پیاوانەی قسەی ئەو دێنن بۆ لای ئەم... قسەی ئەمیش دەبەن بۆ لای ئەو... لە پاشملە بە خراپی باسی ئەم و ئەو دەکەن... عەیبوعاری باوکی خۆیشیان ناشارنەوە...

- ڕقیان لە پیاوی خۆشگوزەرانە... ئەو پیاوانەی حەزیان لە خۆشگوزەرانییە و خۆیان لە پێناوی ژیاندنی مال و منداڵدا ماندوو ناکەن و خەمی هیچیان نییە...

- ڕقیان لە پیاوێکە گرنگی بە هیچ نەدات... هەموو شتێکی شڕ و شپرزە... ڕێکوپێک نییە... بە بیانووی ئەوەی کە گوایە ڕێکوپێکی کاری ژنانە... ئیتر بێئاگا لەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ». رَوَاهُ مُسْلِمٌ. واتە: خوای گەورە زات و سیفات و کارەکانی جوانە، جوانیشی خۆش دەوێ.

- ڕقی لە پیاوی چاوپیسە... ئەو پیاوانەی کە هیچ نەبێ ڕێز لە ژنەکانیان ناگرن و ڕووبەروو یان بە سیلەی چاو سەیری ژن و کچی خەڵک دەکەن... لە ئاست هیچ کەسێکی نامەحرەمدا چاو داناخەن... تەنانەت ئەو کاتەی لەگەڵ ژنی خۆیدایە تەماشای ژن و کچی خەڵک دەکات...

- ڕقی لە پیاوی بێغیرەتە... ئەو پیاوانەی کە گوێ نادەنە ژن و کچی خۆیان... ئەگەر کاری خراپەیش بکەن بە لایانەوە ئاساییە... لەژێر هەر ناونیشانێک و بە هەر شێوەیەک خراپە بکەن، پێی ئاساییە...

کاتێ پیاوان دەتۆرێن...

- هەندێ ژن ساکاڵا لە دەست مامەڵەی خراپی مێردەکانیان دەکەن، دەڵێن: بە بچووکترین بیانوو دەقیرێنن...

دەڵێن: گوێمان پێ نادەن... تەنانەت جاری وا هەیە لێمان دەدەن... جوێنمان پێ دەدەن...

لەوەلا قۆناغی دابڕان دەست پێ دەکات... ئەم پشت لەو دەکات و ئەویش پشت لەم دەکات...

- خوشکی بەڕێز! پێش هەموو شتێ مامەڵەی خۆت لەگەڵ مێردەکەتدا بگۆڕە... لەوانەیە هەندێ کردەوەت هەبێ کە مێردەکەت بە دڵی نییە و کەچی خۆیشت نازانی... شوورەیی نییە لە مێردەکەت بپرسە و بڵێ: چ کردەوەیەکی منت بە دڵ نییە پێمبڵێ...

- خۆتی بۆ بڕازێنەوە و بە ناسکی قسەی لەگەڵدا بکە... لەوانەیە قسەکردنت زبر بێت و خۆت نەزانی...

- جڵەوی دەستپێشخەری بگرە دەست... ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان... لە کاری خێردا دەستپێشخەر بە...

- خۆتی لێ نزیک بکەرەوە... ئەگەر ئەو تۆڕا، نەکەی تۆیش بتۆڕێی... دەرمانی تۆڕان تۆڕان نییە...

- هەوڵەکانت دووبارە و چەندبارە بکەرەوە... ئەگەرچی مێردەکەیشت گوێت نەداتێ، یان پشتت لێ هەڵبکا... ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرت(ﷺ) لەبیر بێت کە فەرموویەتی: وَخَيْرُهُمَا الَّذِي يَبْدَأُ بِالسَّلَامِ. مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە: باشترینتان ئەوەیە دەست پێشخەری دەکات و سڵاو لەویتر دەکات.

- چاو لەو ژنانە بکە کە هەرگیز دەستپێشخەری ناکەن و

جلەوی دەستپێشخەری ناگرنە دەست، بە بیانووی ئەوەی کە (زۆرم هەوڵ دا)، یان (ئەو بۆچی دەستپێشخەری ناکا؟)، بزانە ئەوانە چیان بەسەردا هات، یان ئەوەتا لە یەکتر جیابوونەتەوە، یان سۆز و خۆشەویستی نێوانیان مردووە و نەماوە... بۆیە ئاگادارببە...

- مەهێڵە کێشەکانت گەشە بکەن...

- کێشەکانت چارەسەر بکە و بە هێوری و لەسەر خۆ و بێ پێچ و پەنا قسەی دڵی خۆتان بکەن...

ئەوەت لەبیر بێت تۆ دەتوانی ژیرانە جلەوی چاکسازی بگرێتە دەست...

- ئەگەر هەڵە و لێخۆشبوون و جارجار وردە کێشە لە ژیانتا نەبێت، ژیان تەواو ناخۆش دەبێت... مرۆڤ لێی بێتاقەت دەبێت... ساردوسڕ وەک ماری بەفرانباری لێدێ...

ویستی خوای گەورە وایە کە ژیان لەسەر یەک ڕێتم نەڕوات... بەختەوەرییەکان جیاواز بن... خۆشییەکان جیاواز بن... ڕێگای ژیان ڕێگایەکی تەخت و پان... جار جارەیش بەرزایی و لێژایی تێدەکەوێ...

خوای گەورە ژیانی مرۆڤی بە خۆشی و ناخۆشی نەخشاندووە... بە بەختەوەری و خەمباری... بۆ ئەوەی نرخی ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە بزانین...

سوپاسی خوای گەورە بکە لەسەر ئەوەی مێردێکی پێ بەخشیوی لە کاتی تەنگانەدا پشت و پەناتە... لە کاتی خۆشیدا هاوڕێ و هاودەمتە...

سوپاسی خوای گەورە بکە بۆ ئەو ناز و نیعمەتەی کە بە تۆی بەخشیوە و زۆرێک لە ژنانی وەک خۆت لێی بێبەشن...

داوا لە خوای گەورە بکە بەختەوەرت بکا... ڕێنوێنی مێردەکەت بکا... ئەوینی ئەو بخاتە نێو دڵی تۆ و ئەوینی تۆیش بخاتە نێو

دڵی مێردەکەتەوە... ئەگەر خوای گەورە ئەوینی ئێوە نەخاتە نێو دڵتانەوە بەختەوەر نابن...

زۆر جار ئەوین و بەختەوەری لە سەرەتای هاوسەرگیریدا دروست نابن... لە سەرەتادا چونکە ژن و مێرد بە زۆربەی زۆری ئاکار و ڕەفتاری یەکتر ڕانەهاتوون، هەرچەند هاوسەری یەکترن، بەڵام هێشتا یەکتر بە بێگانە دەزانن... پاش تێپەڕینی ساڵێک یان دوو ساڵ، یان لەوانەیە زیاتریش بە یەکتری ڕادێن و بەختەوری و ئەوینی ڕاستەقینە دەست پێ دەکات... ئەو کێشە و ئاریشانەی لە سەرەتای ژیان دەست پێ دەکات دەبێت خۆڕاگربن و لە یەکتری خۆش بن، دواتر -بە ئیزنی خوای گەورە- وەک یادگاری بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و پێدەکەنن...

ئاوا هەڵەکان لە بیر دەکرێن...

- هیچ مرۆڤێک نییە لە دونیادا هەڵە و کەموکوڕی نەبێ... هەموو کەسێک بەشی خۆی هەڵەی هەیە...

هیچ مرۆڤێک نییە لە دونیادا هەندێ ئاکار و کرداری جوانی نەبێ... هەموو کەسێک بەشی خۆی چاکەی هەیە...

- ئێوە ئەی ژن و پیاوی بەڕێز...

چەند جار تەماشای یەکترتان کردووە و دڵتان بە یەک خۆش بووە و سوپاسی خواتان کردووە و داواتان کردووە سەرکەوتووتان بکات؟

دەی بۆ لە کاتی کێشەیەکی بچووکدا هەموو چاکەکان لە سفر دەدەن و ڕەچاوی هیچیان ناکەن؟

بۆ هەموو ئاکارێکی باش لەبیر خۆتان دەبەنەوە؟ بۆ لەباتی ئەوەی لەگەڵ یەکدا نەرم بن، کەچی ڕک و ڕەق و لاسار دەبن؟

لە بیرتان نەچێ دەکرێ هەموو کەلێنێک بگیرێت و پڕ بکرێتەوە... هەموو هەڵەیەک شایانی لێبوردنە...

باشترین شتێ کە کەلێنی پێ بگرن، ئەوەیە کە چاکەکانی یەکتر بێننەوە بیری خۆتان...

- بۆ ای بەڕێز... لە سووچێکدا دانیشە و بیر بکەرەوە بزانە ئەو ژنەت چەند جار دڵی تۆی خۆش کردووە؟ چەند جار خۆت بە بەختەوەر زانیوە کە ئەو ژنە ژنی تۆیە؟

بەهۆی بوونی ئەو ژنە لە مال و ژیانی تۆدا، چەند جار هەستت بە ئارامی و دڵنیایی کردووە؟

چەند جار بەهۆی ئەوەی مال و منداڵی تۆی بەڕێوە بردووە و پەروەردەی کردوون، تۆ دڵخۆش و شادمان بووی؟

چەند جار لە تەنگانە و فەرحانیدا، لە کاتی بوون و نەبووندا پشتی تۆی گرتووە و بەجێی نەهێشتووی؟

- تۆیش ئەی خوشکی بەڕێز...

چەند جار ماڵەکەت بەهۆی هاتنەوەی مێردەکەت ڕۆشن بووەتەوە؟ چەند جار لە پەنا مێردەکەت هەستت کردووە ئارخەیان و بێخەمی؟

ئەو باوکی کوڕ و کچەکانی تۆیە... ئەو پارچەیەکە لە دڵی تۆ... ئەو هەستی تۆیە...

چەند جار لەپێناو تۆدا قوربانی داوە؟ چەند جار لەپێناو خۆشبەختی تۆ و منداڵەکانتان قوربانی داوە؟

- ژن و مێردی بەڕێز...

مەهێڵن شەیتان بکەوێتە نێوانتانەوە... مەهێڵن لەنێو دڵتاندا لانە بکا...

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿٥٣﴾﴾ الإسراء: ٥٣ واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بە بەندەکانم بڵێ: چاکترین گوفتار بڵێن (جوانترین گوفتار بنووسن)، چونکە شەیتان بەڕاستی دەیەوێت نێوانیان تێک بدات (هەمیشە هانیان دەدات بۆ وتنی گوفتاری هەڵە و خراپ)، بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئینسانە و (دەبێت وریابێت ئەو دوژمنە تووشی هەڵەی نەکات).

- هەمیشە چاکەی یەکتر بێننەوە بیری خۆتان... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٧﴾﴾ البقرة: ٢٣٧ واتە: چاکە و پیاوەتی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن، بەڕاستی خوا بینایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

- ڕێز لە کەسایەتی یەکتر بگرن... بە ڕێزەوە لەگەڵ یەکتر بدوێن...

- لە هەڵەی یەکتر ببوورن... چاوپۆشی لە یەکتر بکەن... بەو جۆرە خوای گەورەش لێتان خۆش دەبێت... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾ النور: ٢٢ واتە: دەبا لێبووردە بن، دەبا چاوپۆشی بکەن، مەگەر حەز ناکەن خوا لێتان خۆش ببێت، خوایش هەمیشە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

- پێویست ناکا بەهانە و بیانووی یەکتر وەرنەگرن... ئەگەر یەکێکتان بیانوویەکی هەبوو، با ئەویتر لێی وەربگرێ... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «مَنِ اعْتَذَرَ إِلَى أَخِيهِ بِمَعْذِرَةٍ فَلَمْ يَقْبَلْهَا، كَانَ عَلَيْهِ مِثْلُ خَطِيئَةِ صَاحِبِ مَكْسٍ». رواه ابن ماجه والطبراني. واتە: هەرکەسێ بەهانەیەکی بۆ برادەرەکەی هێنایەوە و برادەرەکەی لێی وەرنەگرت، ئەوە ئەوەندەی باج ئەستێنێ -کە بە زۆر باج لە خەڵک بسێنێ- تاوانبار دەبێت.

خۆ ئەو کەسەی تاوانێک دەکات و پاشان پەشیمان دەبێتەوە و تەوبە دەکات، وەک ئەوە وایە تاوانەکەی نەکردبێ... دەی باشە بۆ ژن و مێرد بە بیانوو و بەهانەی یەکتر ڕازی نابن؟ ئەگەر یەکێکیان دانی بە هەڵەی خۆیدا نا، بۆ ئەویتر چاوپۆشی لێ ناکا؟

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ، وَمَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا، وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ». رواه مسلم. واتە: خێر و سەدەقە هیچ سەروەت و سامانێک کەم ناکات... خوای گەورە جگە لە شکۆ و سەبەرزی هیچ زیاد ناکا بۆ بەندە لێبووردەکانی... هەرکەسێکیش لەبەر ڕەزامەندی خوا خاکێتی بنوێنێ خوای گەورە سەربەرزی دەکات.

❁❁❁

دوودڵ مەبە و داوای لێبووردن بکە...

- بەو پێیەی کە ژن زۆر هەستی ناسکە، بە دوو قسەی خۆش دڵی ڕازی دەبێت... دەی برای بەڕێز تۆیش وەک پێغەمبەر(ﷺ) چۆن بوو بۆ دایە عایشە، ئاوا خۆشەویستی و ئەوین و نەرمی بۆ ژنەکەت بنوێنە...

عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ ، قَالَ : جَاءَ أَبُو بَكْرٍ يَسْتَأْذِنُ عَلَى النَّبِيِّ(ﷺ)، فَسَمِعَ عَائِشَةَ وَهِيَ رَافِعَةٌ صَوْتَهَا عَلَى رَسُولِ اللهِ(ﷺ) ، فَأَذِنَ لَهُ ، فَدَخَلَ ، فَقَالَ : يَا ابْنَةَ أُمِّ رُومَانَ وَتَنَاوَلَهَا ، أَتَرْفَعِينَ صَوْتَكِ عَلَى رَسُولِ اللهِ(ﷺ)؟ قَالَ : فَحَالَ النَّبِيُّ(ﷺ) ، بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا ، قَالَ : فَلَمَّا خَرَجَ أَبُو بَكْرٍ جَعَلَ النَّبِيُّ(ﷺ)، يَقُولُ لَهَا يَتَرَضَّاهَا : أَلاَ تَرَيْنَ أَنِّي قَدْ حُلْتُ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَكِ ، قَالَ : ثُمَّ جَاءَ أَبُو بَكْرٍ ، فَاسْتَأْذَنَ عَلَيْهِ ، فَوَجَدَهُ يُضَاحِكُهَا ، قَالَ : فَأَذِنَ لَهُ ، فَدَخَلَ ، فَقَالَ لَهُ أَبُو بَكْرٍ : يَا رَسُولَ اللهِ أَشْرِكَانِي فِي سِلْمِكُمَا ، كَمَا أَشْرَكْتُمَانِي فِي حَرْبِكُمَا. رواه احمد. واتە: نوعمان دەفەرموێت: ئەبوبەکر هات بۆ مالّی پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی چوونەژوورەوەی خواست، گوێی لە عایشە بوو دەنگی بەسەر دەنگی پێغەمبەردا(ﷺ) بەرز دەکردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی لە ئەبوبەکر کرد، ئەبوبەکر ڕۆیشتە ژوورەوە، دایە عایشە -کە کچی خۆی بوو- گرت و فەرمووی: ئەی کچی دایکی ڕومان! ئەوە دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەرز ئەکەیتەوە؟

نوعمان دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) کەوتە نێوانیان ئەبوبەکر و دایە عایشەوە...

نوعمان دەفەرموێت: دوای ئەوەی ئەبوبەکر ڕۆیشتەوە پێغەمبەر(ﷺ) -بۆ ئەوەی دڵی دایە عایشە بداتەوە- دەیفەرموو: ئەها نەتبینی کەوتمە نێوان تۆ و ئەبوبەکرەوە؟ -مەبەستی ئەوەبوو تۆم خۆش دەوێ و بەرگریم لە تۆ کرد دەی ئێتر ئاشت ببەرەوە و واز لە تووڕەیی بێنە-.

نوعمان دەڵێ: دوای ماوەیەک ئەبوبەکر هاتەوە و مۆڵەتی چوونەژوورەوەی خواست، گوێی لێبوو پێغەمبەر(ﷺ) و خاتوو عایشە پێکەوە پێدەکەنن...

نوعمان دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی چوونەژوورەوەی دا بە ئەبوبەکر، ئەبوبەکر ڕۆیشتە ژوورەوە و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەک چۆن لە جەنگی نێوانتاندا بەشداریتان پێ کردم، لە ئاشتیەکەیشدا بەشداریم پێ بکەن.

چەند ئامۆژگارییەک بۆ ژن و مێرد...

- ڕک مەبن... هیچکامتان لەسەر ڕا و بیروبۆچوونی خۆی پێداگر نەبێ... بەرامبەر یەکتر هەندێ نەرمی بنوێنن و چاوپۆشی لە هەندێ مافی خۆتان بکەن...

- وا مەزانن ئەو کەسەی داوای لێبووردن دەکات ئەوە سووکە... بە پێچەوانەوە ئەو کەسەی دەستپێشخەرە و داوای لێبووردن دەکات ئەو کەسە گەورە و بەڕێزە و ئەو کەسە چوکڵی کردووە بە چاوی شەیتاندا...

- باسی جوانی و خۆشی و یادەوەرییەکانی ڕابردووی خۆتان بکەن... باسی ئاکار و ڕەفتاری جوانی یەکتر بکەن... پەسنی یەکتر بدەن... بە هیچ شێوەیەک باسی ئاکار و ڕەفتاری خراپی یەکتر نەکەن...

- ئەوەتان لەبیر نەچێ کە هەمیشە گفتوگۆی هێمنانە کێشەکان چارەسەر دەکات... بە سووربوونەوە و هەڵچوون و تووڕەبوون هیچ کارێک سەر ناگرێ...

- پێویستە بزانن بەرامبەرەکەتان بۆچی تووڕە بووە، بۆ ئەوەی کێشەکە زووتر و ئاسانتر چارەسەر بکرێ...

- دەبێت بەهانە و بیانوو لە یەکتر وەربگرن... وا مەزانن لێبووردن و لێخۆشبوون لاوازی و بێدەسەڵاتییە... ئەگەر وابوایە چۆن خوای گەورە

لە بەندەکانی خۆی خۆش دەبوو؟ ئەی ئەوە نییە مرۆڤ تاوانی سەیر سەیر ئەنجام دەدات و دوایی پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردن لە خوای گەورە دەکات و خوای گەورە لێیخۆش دەبێت؟ خۆ دەسەلاتی هیچ کەسێک و هیچ شتێ لە بەرامبەر دەسەلاتی خوای گەورەدا بوونی نییە و وەک نەبێ وایە...

ئەگەر لێخۆشبوون بێدەسەلاتی بوایە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کاتی دەسەلاتداری خۆیدا لە کەس خۆش نەدەبوو... کاتێ شاری مەککەی ئازاد کرد گەورەترین و بەهێزترین دەسەلاتی بوو... کەچی لە هەموو خەڵکەکە خۆشبوو...

- وا باشترە زۆر بە خێرایی دەست لە سەرکۆنەکردنی یەکتر هەڵگرن، بۆ ئەوەی کێشەکەتان کێشی نەیەت و زوو ببڕێتەوە...

- نەکەن پێش چارەسەرکردن کێشە لەسەر کێشە کەڵەکە بکەن... ئەگەر وا بکەن دوایی بە بچووکترین کێشە، کەڵەکی کێشەکان دەڕۆخێ و پێتان چارەسەر ناکرێ... لەجیاتی ئەوەی چارەسەر ببێ، ئەوەندەیتر خراپ دەبێت...

- جاری وا هەیە کێشە و ئاڵۆزی دەبێتە خوێی ژیان... هیچ شتێ بەبێ خوێ خۆش نییە... دەزانن ئاشتی پاش تۆران چەندێ خۆشە؟ بەڵام ئەمەیش مانای وا نییە زوو زوو کێشە دروست بکەن، مەبەست ئەوەیە کە ژیانی بێکێشە نابێت، بەڵام ئاشتی دوای کێشەیش تاموچێژێکی تایبەتی هەیە...

- هەوڵ بدەن بە گفتوگۆی نەرم و لەیەکبووردن و چاوپۆشیکردن و قسەی خۆش، رێگا چارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە... خۆڕاگربن و داوا بکەن لە خوای گەورە پاداشتی خۆڕاگریتان بداتەوە...

❁❁❁

داوای لێبووردن هونەری دەوێ...

- کێشەی نێوان ژن و مێرد شتێکە هەر بووە و هەر هەیە و هەر دەبێت... ئەوەیش بەهۆی ژیان و ماندووبوونی ڕۆژانە و هەڵە و کەموکوڕی هەردوو لایە...

هەر لەبەر ئەوە دەبێت ژن و مێرد خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و ئەزموون پەیدا بکەن کە چۆن لەگەڵ کێشەکاندا بسازێن... بزانن بە باشترین شێواز کێشەکان بنبڕ بکەن...

دکتۆر (ئارون لازار) لە کتێبی (لێبووردن)دا دەڵێ: کاتێ یەکێک بە یەکێکی تر دەڵێ: بەداخەوەم... ئەمە تەنیا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە دانی بە هەڵەی خۆیدا ناوە، یان دەیەوێ خۆی لێ ببوێرێ...

بەڵکوو ئەوە هەڵوێستێکە لە کەسایەتییەکی بەڕێز و متمانەبەخۆوە دەردەچێت... لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو وشەیە لەسەر زاری ژن و مێرد گرانە...

ژن دەترسێ ئەگەر بە مێردەکەی وت: ببووره... ئیتر کەسایەتی لاواز ببێ، یان متمانە لە دەست بدا...

دیسان باش دەزانێ کە -بە زۆری- مێرد نایەوێ هۆکاری ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوانیان بخاتە ئەستۆی ئەو...

هەرچی پیاویشە ئەوە زۆر جار پێی گرانە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ... مێرد هەمیشە وا گومان دەبا کە لە ژنەکەی بەئەزموتر و شارەزاتر و داناترە... وا دەزانێ ئەگەر داوای لێبووردن بکات دەبێتە گاڵتەجاڕ... وا دەزانێ کاتێ دەڵێ: ببووره... ئیتر سووک دەبێت و شایانی گاڵتەپێکردنە...

خـۆی وای لێکدەداتـەوە ئەگـەر داوای لێبووردنـی کـرد، ئـەوە یانـی: مـن توانـای بەڕێوەبردنـی ژن و مندالـم نییـە و وەک چـاوەڕوان دەکـرا وا نیـم.

لـە ڕاستیدا وشـەی -ببووورە!- جوانترین وشـەی خۆشەویستییە کـە دەکرێ زۆربـەی زۆری کێشـەکان چارەسـەر بکات... وشـەی -ببورە- ئـەو وشـەیەیە کـە هێزی تاوانـدنـەوەی بەستەڵەکی نێوان ژن و پیـاوی هەیـە... دەتوانـێ گەرموگـوڕی بخاتـەوە نێوانیـان...

دەی هیچکامتـان دووڵ مەبن... داوای لێبـوردن لـە یەکتر بکـەن... دڵنیـا بـن بـە داوای لێبـووردن زۆربـەی گەورەییەکـە دەسـت خۆتـان دەخـەن... بـە خێـر و خۆشـی دەژیـن... خۆشـبەخت دەبـن... وشـەی -ببورە- وشـەیەکە کـە نـە بـە پـارە و نـە بـە زێـڕ و زیـو قیـاس ناکرێ...

- درەنگ مەکە و داوای لێبووردن بکە...

قووڵکردنـەوەی خۆشەویستی لەنێوان دڵی ژن و مێرددا باشترین شتێکە هەوڵی بۆ بدەن... خراپترین شتیش ئەوەیـە ئـەو دڵـە بریندار بکەیت وشـەی -ببووورە- نەکەیتـە هەتوانی ئـەو دڵـە...

دەی زووبـن بـەپـەڵـە داوای لێبووردن لـە یەکتری بکـەن... لـە کاتی ڕووداننی کێشـە و ئاڕێشـە، هـەوڵ بـدەن دڵـی یەکتر ڕاگرن و ڕێـزی یەکتر بگرن... داوای لێبووردن نێوانتـان خۆش دەکات و لـە یەکترتـان نزیک دەکاتـەوە... بەربەستی نێوانتـان دەشکێنێ...

دواخستنی -ببووورە- شوێنەروای نەرێنی بەجێ دەهێڵـێ... دەبێتـە مایـەی بریندارکردنـی دڵـی بەرامبـەر... دەبێتـە ڕەشـەبایەکی شـووم و ژیانتـان لـوول دەدات و دەیڕووخێنـێ... ئەویـن و خۆشەویسـتی نێوانتـان لەنـاو دەبـات...

وشەی -ببووره- یەک وشەیە... دەکرێ ببێتە کلیلی دڵتان... ببێتە ڕزگارکەری ژیانتان...

داوای لێبووردن دڵێرەیە... هێزە... کەسایەتییە... بەڵگەیە لەسەر دڵپاکی و ئەویندارێ...

وشەی - ببووره – شیفا و هەتوانی ئێش و برینەکانە... پاسپۆرتی چوونەنێودڵی هاوسەرانە...

وشەی -ببووره- زۆر جار کەشی نێوانتان بێگەرد و پاک دەکاتەوە... متمانە و هێز و گوڕتان پێ دەبەخشێتەوە... هەڵێکی دووبارەتان پێشکەش دەکاتەوە...

ڕێگاکانی داوای لێبووردن

- ببووره - یەک وشەیە... هەرکەسێ بە ڕاستی بیلێ تووڕەیی بەرامبەری پێ دەتوێنێتەوە...

دڵی شکاو و کەسایەتی بریندارکراوی پێ دەرمان دەکرێ... ئاوەکان دەگێڕێتەوە بۆ جۆگای خۆیان... ئەگەر کەسێک بە لایەوە گرانە بە زمان بڵێ: ببورە... ئەوا هەزار و یەک ڕێگای تر هەیە بۆ داوای لێبووردن... ئیتر بە نووسین بێت یان بە ڕەفتار...

- بێگومان داوای لێبووردنکردن ڕاستەوخۆ و بە زمان کورتترین و خێراترین ڕێگای چارەسەرە... هیچ نەنگی و شوورەییشی تیا نییە...

ئەگەر ژن یان پیاو هەستی کرد تاوانبارە با بەپەلە داوای لێبووردن بکات... بە تایبەتی ئەگەر تاوانەکە تاوانی تانە و تەشەردان بوو لە کەسایەتی بەرامبەر...

خۆ گوتنی -ببووره- زۆر سەخت نییە... ئەستەمیش نییە...

مانای وا نییە ئەو کەسەی وتی: ببورە... ئیتر کەسێکی هیچوپووچە، یان مایەی سەرشۆڕییەتی...

بەو مانایەیش نییە کە ئیتر کەسی بەرامبەر هەرشتێکی گوتووە و هەر شتێکی کردووە ڕاست بووە...

- ئەگەر کەسێک بە لایەوە گران بوو بڵێ: ببورە... -بە تایبەتی پیاوان- ئەوا چەند ڕێگایەکی تری ناڕاستەوخۆ هەیە بۆ دوای لێبووردن... ئەو ڕێگایانە ئەوەندە ڕوونن هەرکەسێ بیگرێتە بەر کەسی بەرامبەر دەزانێ بە مانای داوای لێبووردنە... ئیتر کێشەکە سووک دەبێت و دواتر کۆتایی پێ دێ و ئاشتی و خێر و خۆشی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ژن و مێرد...

- بە ژن دەڵێین:

- زۆرێک لە پیاوان وا بە باش دەزانن کە کێشەکەی نێوانیان بە نووکتەیەکی خۆش، یان گاڵتەیەک... بە کۆتا بگەیەنن... نووکتەیەک بگێڕنەوە بۆ ئەوەی ژنەکەیان پێ بکەنێ و ئیتر کۆتایی بە کێشە بێنت... وەک بڵێی: هیچ ڕووینەدابێ...

تۆیش خۆت بە زل مەزانە... فیز مەنوێنە...

- کاتێ مێردەکەت بەبێ هیچ هۆکارێک پرسیارێک دروست دەکات و دەڵێ: ئەگەر پێویستت بە من بوو هاوکاریت بکەم قسە بکە! یان دەڵێ: ناتەوێ هاوکاریت بکەم؟ ئەوە ئەو پرسیارە پەیامی سوپاسگوزارییە... نزیکە لە تۆوە...

- ئەگەر مێردەکەت باسی بەرنامەیەکی دیاریکراوی کرد، یان قسەی لەسەر شتێکی تایبەت بە کاری خۆیەوە یان کاری ناومالەوە کرد... ئەوە سەرەتای ئاشتبوونەوەی پاش تۆرانە... تۆیش وەڵامی بدەرەوە... وابزانە هیچ ڕووینەداوە...

- ئەگەر مێردەکەت لە کاتێکی نائاساییدا پەیوەندی پێوە کردی و پرسیاری شتێکی لێکردی... ئەوە بزانە کە پەیامی ئەوەی بە تۆ گەیاندووە کە نێوانتان ئاساییە... ئەو پەیوەندییە دەستپێشخەرییەکە لە لایەن مێردەکەتەوە... تۆیش دوودڵ مەبە و وەڵامی پەیوەندییەکەی بدەرەوە... لێگەڕێ با هەموو شتێک بچێتەوە باری ئاسایی خۆی...

- هەندێ لە پیاوان وا هەست دەکەن ئەگەر دیارییەک بۆ ژنەکانیان بکڕن، لە سەد داوای لێبووردن باشترە... لەو کاتانەدا دیارییەک یان گوڵێک بۆ ژنەکەی دێنێتەوە... ئەوەیش مانای وایە داوای لێبووردن دەکات و دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێ...

- جـاری وا هەیـە پیـاو یەکێـک لـە کوڕەکانـی دەکاتـە پـردی پەیوەندی نێوان خـۆی و ژنەکـەی... لـە ڕێگـەی کوڕەکەیـەوە دەیـەوێ خـۆی بـە ژنەکـەی بگەیەنێتـەوە...

- پیـاوی وا هەیـە بـە پیاهەڵـدان بـە ژنەکەیـدا داوای لێبـووردن دەکات... بـۆ ئـەوەی ئەوێـن و خۆشەویسـتی خـۆی لـەو ڕێگـەوە دەربـبـڕێ... بـەو جـۆرە داوای لێبـووردن لـە ژنەکـەی دەکات...

بە پیاویش دەڵێین:

- جـاری وا هەیـە پیـاو دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵی خـۆی... پێشتر لەگـەڵ ژنەکەیـدا کێشـەیان هەبـووە... کاتـێ دێتـەوە دەزانـێ ژنەکـەی خـۆی داوە لـە تـەڵ... خواردنێکـی خۆشـی ئامـادە کـردووە... ئـەوە داوای لێبووردنـە و لـە مێردەکـەی دەکات...

- جـاری وا هەیـە ژن لـە ڕووی نایـەت داوای لێبـووردن بـکات... هـەوڵ دەدا دڵی مێردەکـەی نـەرم بکا... بـۆ نموونـە پرسیاری شـتێکی لێدەکات... بـەو جـۆرە دڵی مێردەکـەی بـە لای خـۆیـدا ڕادەکێشـێ...

* * *

بۆچی پیاو داوای لێبووردن ناکات؟ (١)

- شتێکی خۆش دەگێڕنەوە، دەڵێن: دەمەقاڵێ کەوتە نێوان ژن و پیاوێک... ژنەکە داوای جیابوونەوەی لە پیاوەکە کرد...

لە ژنەکەیان پرسی: دەی خۆ لەنێوان هەموو ژن و پیاوێکدا کێشە دروست دەبێت، تۆ بۆ داوای جیابوونەوە دەکەیت؟

ژنەکە وتی: ئاخر ئەو لە بەرچاوی هەردوو منداڵەکەم و خزم و کەسوکارمدا منی شکاندووە... سووکایەتی بە من کرد...

پیاوەکە نەیدەزانی چۆن داوای لێبووردن بکات... کتوپڕ شتێکی بە بیردا هات و کردی... ڕۆیشت لای خۆشنووس لافیتەیەکی بە درێژایی دوانزە مەتر و پانایی حەوت مەتر دا بە کردن و تێیدا داوای لێبووردنی لە ژنەکەی کرد و بە هاوکاری هەندێ دۆست و هاوڕێی خۆی، لەسەر شەقامەکەی خۆیاندا هەڵیواسی...

دوایی وتی: من لە بەرچاوی خزم و کەسوکاریدا ئەوم شکاندووە، بۆیە پێویستە بە بەرچاوی ملیۆنەها کەسەوە داوای لێبووردنی لێ بکەم...

دوای ئاهەنگێکی گەورەی ئاشتەوایی، ژنەکە دوای لێبووردنی پیاوەکەی پەسەند کرد و وتی: کێشە نییە و لێت خۆش دەبم، بەڵام دەبێت بەڵێنم پێ بدەی جارێکی تر دووبارە نەیێتەوە...

لەڕاستیدا من خۆم زۆر سەرسامم بە دڵێری ئەو دوانە... دەبێت چ پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ و چ ئەوینێکی ڕاستەقینەی لە پشتەوە بێت؟

ئەوە داوای لێبووردنێک و چاوپۆشیکردنێکە خەڵک چاوەڕێی نەدەکرد... ئەوەش لە پێناوی تێکنەدانی خێزان...

- باشـه بۆچـی پیـاوان کاتـی هەڵەیـەک دەکـەن داوای لێبـووردن ناکـەن؟ باشـه هـەر بەڕاسـتی پیـاوان داوای لێبـووردن ناکـەن؟

باشـه لـه ژیانـی پێغەمبـەردا(ﷺ) ڕوویـداوه کـه بەرامبـەر ژنێکـی شـتێکی کردبـێ و دوایـی داوای لێبووردنـی کردبـێ؟

عَـنْ صَفِيَّـةَ بِنْـتِ حُيَـيٍّ، قَالَـتْ: مَـا رَأَيْـتُ أَحَـدًا أَحْسَـنَ خُلُقًـا مِـنْ رَسُـولِ اللَّـهِ(ﷺ) لَقَـدْ رَأَيْتُـهُ وَقَـدْ رَكَـبَ بِي مِـنْ خَيْـبَرَ عَـلَى عَجُـزِ نَاقَتِـهِ لَيْـلًا، فَجَعَلْـتُ أَنْعَـسُ فَيَـضْرِبُ رَأْسِي مُؤْخِـرَةَ الرَّحْـلِ، فَيَمَسُّـنِي بِيَـدِهِ، وَيَقُـولُ: «يَـا هَـذِهِ، مَهْـلًا. يَـا بِنْـتَ حُيَـيٍّ، مَهْـلًا» ، حَتَّـى إِذَا جَـاءَ الصَّهْبَـاءَ قَـالَ: «أَمَـا إِنِّي أَعْتَـذِرُ إِلَيْـكِ يَـا صَفِيَّـةُ مِـمَّا صَنَعْـتُ بِقَوْمِـكِ، إِنَّهُـمْ قَالُـوا لِي كَـذَا، وَقَالُـوا لِي كَـذَا». رواه الطبراني. واتـه: دایـه صەفیـه دەفەرموێـت: هیـچ کەسـێکم نەدیـوه هێنـدەی پێغەمبـەر(ﷺ) ئـاکار و ڕەفتـاری جـوان بێـت... بەڕاسـتی مـن پێغەمبـەرم(ﷺ) ئـاوا بینـی، شـەو بـوو... لـه خەیبـەر منـی لـه پاشـکۆی خۆیدا سـواری وشـترەکەی کـرد... مـن خەوەنووچکـه دەیبردمـەوه و سـەرم دەیکێشـا بـه دوای کەژاوەکەدا... پێغەمبـەر(ﷺ) بـه دەسـتی خـۆی دەسـتی لـه مـن دەدا و دەیفەرمـوو: لەسـەرخـۆ... صەفیـه لەسـەرخـۆ... تـا گەیشـتینه صەهبـا، لـەوێ پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: صەفیـه مـن داوای لێبـووردن لـه تـۆ دەکـەم بـۆ ئـەوەی کـه لەگـەڵ خـزم و کەسـوکاری تـۆ کـردم... بەڕاسـتی ئـەوان زۆریـان بـه مـن کـرد، ئـاوا و ئاوایـان پـێ وتـم -یانـی ناوونـاتـۆره و قسـەی خراپیـان بـه پێغەمبـەر(ﷺ) وتبـوو... پەیمانیـان شـکاندبوو-.

بەڵـێ... پێغەمبـەر(ﷺ) داوای لێبووردنـی لـه صەفیـه کـرد... نـەک لەبـەر هەڵەیـەک کـه کردوویەتـی، بەڵکـوو بـۆ ئـەوەی دڵـی بداتـەوه... میهرەبانـی لەگـەڵ بنوێنـێ، چونکـه پێغەمبـەر(ﷺ) لەگـەڵ خـزم و کەسـوکاری ئـەودا جەنگابـوو...

ئەوە هەڵوێستێکە لە کەسی زۆر بەڕێز و گەورەوە نەبێ دەرناکەوێ...

ئەوە کارێکە وات لێدەکات پێش ئەوەی بە زمان صەلاواتێک لە دیداری پێغەمبەر(ﷺ) بدەی، خۆت بۆ نەگیرێ و بە دڵ صەڵاواتەکەی لەسەر بدەی...

دەی ئەو پیاوانە لە کوێن کە وا دەزانن ئەگەر داوای لێبووردن لە ژنەکانیان بکەن، پێی کەم دەبن؟ پیاوەتیان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە؟

کوا چ پیاوێک وەک پێغەمبەر(ﷺ) گەورەیە و خاوەن شانوشکۆیە؟ بێگومان هیچ کەس...

لەگەڵ ئەوەیشدا بە نەرمونیانی و بە ئارامی لەگەڵ ژنەکەیدا دەدوێ و دەفەرموێت: صەفیە من داوای لێبووردن لە تۆ دەکەم بۆ ئەوەی کە لەگەڵ خزم و کەسوکاری تۆدا کردم...

بەڵێ پێغەمبەر(ﷺ) داوای لێبووردنەکەی زۆر بە شێوازێکی جوان دەردەبڕێ... دەفەرموێت: بەڕاستی من... دوایی ناوی دایە صەفیە دەبات و دەفەرموێت: ئەی صەفیە...

خوایە... پێغەمبەر(ﷺ) چی کردبوو وا داوای لێبووردنی لە ژنەکەی دەکرد؟

ئەو تەنیا کەسێکی بەسۆز و میهرەبان بوو...

بۆچی پیاو داوای لێبووردن ناکات؟ (٢)

- بەداخەوە... هەندێ کەس وا ڕاهاتووە کە لای وایە (داوای لێبووردن) لاوازییە و دەگە لە کەسایەتی دەدا...

بۆیە لە کاتێکدا هەڵەیەک دەکات ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەک داوای لێبووردن بکات، بەڵکوو بە ناهەقی بەرگری لە خۆی دەکات... تەنانەت جاری وا هەیە نەک هەر دان بە هەڵەکەیدا نانێ، بەڵکوو بە ڕاستیشی دەزانێ...

کێشەی زۆربەی ئێمە ئەوەیە لەنێو کۆمەڵگایەکدا گەورە بووین کە هیچ کاتێ نەمانبینیوە و نەمانبیستووە باوکمان داوای لێبووردنی لە دایکمان کردبێ...

جاری وا هەیە کێشەکە ئەوەندە ڕوونە منداڵیش بە منداڵی خۆی دەتوانێ تاوانبار دەستنیشان بکا... دەزانێ کێ تاوانبارە و ستەمکارە... کێ بێتاوان و ستەملێکراوە...

لەگەڵ ئەوەیشدا نابینێ باوکی ئەوەندە ڕۆشنبیر بێت و بە دایکی بڵێ: ببووورە... تەنانەت زۆر جار ژنی بێتاوان بە مێردە تاوانبارەکەی دەڵێ: ببووورە...

جا لەو کاتەدا منداڵ لە خۆی دەپرسێ: باشە بۆ باوکم تاوانبارە و داوای لیبووردنیش ناکا؟

جا لە مێشکی منداڵاندا ئەوە دەچەسپێ کە (ببووورە) ژنانەیە و نابێت پیاو بە دەمیدا بێ و بڵێ: (ببووورە)...

- بێگومان ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە فێری (ببووورە) ببین... بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ڕۆشنبیر بن... تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستیان هەبێ...

کاتێ هەڵە دەکەیت و لەگەڵ نەفسی خۆتدا کێشەت هەیە و ناتەوێ داوای لێبووردن لە ژنەکەت بکەی... مەرج نییە بڕۆی لای ژنەکەت بوەستی و سەری خۆت شۆڕ بکەیتەوە و بە شەرمێکەوە بڵێی: بمبووره...

بەڵکوو دەتوانی:

یەکەم: خۆت لەو شتانە بپارێزی کە بەرەو ئەو شەرمەزارییەت ڕادەکێشن...

کەوایە: تووڕە مەبە... ئەگەر تووڕەیش بووی کارێ مەکە لێی پەشیمان ببیتەوە... با هەستەکانت نەکەونە ژێر کاریگەری تووڕەبوونتەوە...

دووەم: دەتوانی بە دەستێدانێکی نەرم، یان هەواڵێکی خۆش داوای لێبووردن لە ژنەکەت بکەیت...

با پارچەیەک لە فەرموودە دوورودرێژەکەی (ئیفک) باس بکەین، دایە عایشە دەفەرموێت: فَلَمَّا سُرِّيَ عَنْ رَسُولِ اللهِ(ﷺ) وَهُوَ يَضْحَكُ، فَكَانَ أَوَّلَ كَلِمَةٍ تَكَلَّمَ بِهَا أَنْ قَالَ: «أَبْشِرِي يَا عَائِشَةُ أَمَّا اللهُ فَقَدْ بَرَّأَكِ» فَقَالَتْ لِي أُمِّي: قُومِي إِلَيْهِ، فَقُلْتُ: وَاللهِ لَا أَقُومُ إِلَيْهِ، وَلَا أَحْمَدُ إِلَّا اللهَ، هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ بَرَاءَتِي، قَالَتْ: فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ جَاءُو بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنكُمْ﴾ النور: ١١ . رواه مسلم. واتە: کاتێ قورسایی و سەنگینی (سروش) کۆتایی پێهات، پێغەمبەر(ﷺ) پێکەنی، یەکەم قسە کە لە دەمی پیرۆزی هاتە دەر ئەوە بوو فەرمووی: عایشە مزگێنیم بدەرێ! بەراستی خوای گەورە پاکانەی بۆ کردی... دایکم بە منی گوت: دەی لەبەر پێغەمبەر(ﷺ) هەستە... -یان: هەستە بڕۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)- منیش وتم: وەڵڵا لەبەری هەڵناسم -یان: وەڵڵا هەڵناسم و ناچمە خزمەتی- سوپاسی خوا نەبێ سوپاسی کەس ناکەم... خوای گەورە پاکانەی منی کردووە و دایبەزاندووە...

دایە عایشە دەفەرموێت: خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارد خوارەوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ﴾ واتە: بێگومان ئەوانەی بووختانەکەیان هەڵبەست، دەستەیەک بوون لە خۆتان.

پێغەمبەر(ﷺ) یەکسەر نەیفەرموو: خوای گەورە پاکانەی کردووی، بەڵکوو سەرەتا پێکەنی و دوایی فەرمووی: مزگێنیم بدەرەێ... سەرەتا دڵی دایە عایشەی خۆش کرد... دوایی فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە پاکانەی بۆ کردی... ئەمەیش جۆرە ڕێزگرتنێکی دایە عایشە بوو...

ئای پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ چەندێ گەورە و مەزنی...

- کاتێ هەڵەیەک دەکەیت... دوایی بەدوای هەڵێکدا بگەڕێ... دەستێ بێنە بەسەر سەری ژنەکەتدا و یەکێک لەم خاڵانە جێبەجێ بکە:

١- مزگێنییەکی خۆشی پێ بدە...

٢- پێی بڵێ: دەمەوێ لە پرۆژەیەکی گرنگدا بەشدارت بکەم، یان پێی بڵێ: دەمەوێ شتێکی ناومالّت بۆ بگۆڕم... چیت بۆ بگۆڕم؟

٣- بە نەرمی قسەی لەگەڵدا بکە... دوایی پێی بڵێ: تۆ ڕاست دەکەیی، قسە قسەی تۆیە...

٤- لە ڕێگەی مۆبایلەوە نامەیەکی بۆ بنێرە... ڕستەیەکی جوان و خۆشی بۆ بنووسە... داوای لێبووردنی لێ بکە...

- خوشکی بەڕێز... تۆیش دەبێت زۆر زوو لە مێردەکەت ببووری... چاو بۆ داوای لێبووردنی مێردەکەت بدە، بزانە بە هەر شێوەیەک داوای لێبووردنی کرد، لێی ببووڕە... چاوەڕێ مەبە هەر بە دەم بڵێ: ببووڕە...

***

هەندێ پیاو زۆر دڵڕەقە...

- هەندێ پیاو زۆر دڵی ڕەقە... ژنەکەی لە مااڵدا دیل کردووە... ناهێڵێ بچێتە دەرەوە... تەنانەت ڕازی نییە بڕوا بۆ ماڵی باوکیشی...

- مەگەر نەتبیستووە کە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾﴾ النساء: ١٩ واتە: خۆ ئەگەر خۆشتان نەوێستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نییە و دەشێت حەزتان لە شتێک نەبێت و خوا بیکات بە مایەی خێروبێری زۆر و بێ سنوور.

- مەگەر شەوێک بۆم نەگێڕایتەوە و نەمگوت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ، إِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ، اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا». رواه مسلم. واتە: لە بارەی ژنانەوە داوای ئامۆژگاری بکەن -واتە: خۆتان فێری مامەڵەکردن بکەن لەگەڵ ژناندا- بەڕاستی ژن لە پەراسوو دروست کراوە... بەڕاستی لارترین و کەجترین شوێنی پەراسوو لای سەرەوەیە... ئەگەر بچێت و بتەوێ ڕاستی بکەیتەوە دەیشکێنی... ئەگەریش لێیگەڕێی وەک خۆی بە لاری دەمێنێتەوە... دەی سەبارەت بە ژنان داوای ئامۆژگاری چاکە بکەن.

- مەگەر لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) تێناگەی کە فەرموویەتی: «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ، وَأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي» رواه ابن ماجه. واتە: باشترین کەستان باشترینە لەگەڵ خاوخێزانی، منیش لە هەمووتان زیاتر بۆ خاووخێزانم باشترم.

- مەگەر نەتبیستووە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: «إِنَّ مِنْ

أَكْمَلِ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا وَأَلْطَفُهُمْ بِأَهْلِهِ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ.
واتە: بەڕاستی کاملترین مسوڵمان لە ئیماندارێدا ئەو کەسەیە کە جوانترین ئاکار و ڕەفتاری هەبێ و لەگەڵ ژن و منداڵ و کەسوکاریدا نەرمونیان بێ.

- مەگەر ئەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەرت(ﷺ) نەبیستووە کە لە کاتی حەجی ماڵئاواییدا هەزاران کەس گوێیان لێ دەگرت، ئەویش فەرمووی: اتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانَةِ اللهِ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللهِ. رواه مسلم و ابوداود. واتە: لە بارەی ژنانەوە لە خوا بترسن... بەڕاستی ئەوانە ئەمانەتی خوای گەورەن لە لای ئێوە، بە وشەیەک کە خوا دیاری کردووە ئێوە کردووتانە بە حەڵاڵی خۆتان.

- خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ النساء: ١٩ واتە: هاوژینییان بە جوانی لەگەڵدا ببنە سەر.

ئیبن کەسیر لە تەفسیر و ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: أَيْ طَيِّبُوا أَقْوَالَكُمْ لَهُنَّ وَحَسِّنُوا أَفْعَالَكُمْ وَهَيْئَاتِكُمْ بِحَسَبِ قُدْرَتِكُمْ، كَمَا تُحِبُّ ذَلِكَ مِنْهَا فَافْعَلْ أَنْتَ بِهَا مِثْلَهُ. واتە: - مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە کە -قسەتان جوان و خۆش بکەن لەگەڵیدا، با کار و کردەوەتان جوان بێ، بە پێی توانا شکڵ و شێوەتان جوان بێ، وەک چۆن تۆی مێرد پێتخۆشە ژنەکەت جوان بێت و ڕێکوپێک و قسە خۆش بێت، تۆیش ئاوابە لەگەڵ ئەودا.

- بە ڕاستی پیاوبە...

- لە کاتی ئاشتیدا بەڕێز بە... لە کاتی تورەیدا پیاو بە... ئەمانە نیشانەی پیاوی بەڕێز و ڕاستەقینەن...

- ئەگەر ژنەکەت خۆش دەوێ ڕێزی بگرە... ئەگەر ڕقت لێیەتی ستەمی لێ مەکە... ئەمانە نیشانەی مێردی خانەدان و بەڕێزن...

- هەڵسوکەوتەکانت ڕێکوپێک بکە... خۆ نابێت تەنیا ژنەکەت هەڵسوکەوتی ڕێکوپێک بێت... تۆیش خۆت چۆنت پێخۆشە ئاوا بی...

- دوور بکەوە لە هەر شتێ ژنەکەت پێیناخۆشە، ئەگەرچی شۆخی و گەپ و گاڵتەیش بێ...

- ژنەکەت هەر سیفەتێکی چاکی هەیە تۆیش چاوی لێبکە... زۆر کەس هەیە کاتێ ژنەکەی دەبینێ ئەوەندە پابەندە بە ئایینەوە، ئەویش پابەند دەبێت بە ئایینەوە، خوای گەورە ژنەکە دەکاتە هۆکار بۆ ئەوەی ڕێنوێنی پیاوەکەی پێ بکا...

- خۆ ناکرێ بۆ ئەوەی لە ژیانی هاوسەریدا خۆشبەخت بی کەسێکی گونجاو بدۆزیتەوە، دەبێت تۆیش گونجاو بی... هەردووکتان پێکەوە گونجاو بن، ئیتر کێشە و ئاڕێشەی گەورەتان نایەتە ڕێ...

- لە لای ژنەکەتدا جارجارە پەسنی کەسوکاری بدە... با خۆی گوێی لێبێ... پەسندانی کەسوکاری ژنەکەت پەسندانی ژنەکەتە... خۆشویستنی ئەوان، خۆشویستنی ژنەکەتە... هەروەها پێویستە ژنیش پەسنی کەسوکاری میردەکەی بدات و ئەوانی خۆش بوێ و ڕێزیان بگرێ... بەو شێوەیە ژیانێکی خۆش پێکەوە بەسەر دەبەن...

- هەرگیز سووکایەتی بە ژنەکەت مەکە... سووکایەتیپێکردنی ژن لە لایەن پیاوەوە کار دەکاتە سەر هەست و بیر و هۆشی... لە دڵیدا دەمێنێتەوە و دەرناچێ... خراپترین سوکایەتی ئەوانەن کە ژن لەبیری نەچێتەوە، هەرچەند بە زمانیش لە میردەکەی خۆشبێ، بەڵام لە دڵیدا بمێنێتەوە... وەک لێدان و جوێنپێدان بە خۆی، یان بە کەسوکاری، یان تانە لە پاکێتی و ناموسی بدەی...

مێردەکەم کەمتەرخەمە...

- هەندێ پیاو گوێ ناداتە کارە گرنگەکانی ماڵەوە و کەمتەرخەمی دەکات... بە بیانووی ئەوەی کە کاری زۆرە، سەرقاڵە، سەفەری زۆرە...

ئیتر ئەو کارانەی کە پێویستە خۆی بیکا، بە شۆفێرەکەیان یان بە خزمەتکارەکەیانی دەسپێرێ...

ئەو جۆرە پیاوانە پێیان وایە دەبێت ژنەکانیان جگە لە پەروەردەکردنی منداڵەکان هەندێ کاری تر بگرنە ئەستۆ، وەک:

- کڕینی هەموو پێویستییەکانی ماڵەوە، وەک خۆراک و خواردن و خواردنەوە...

- ئەگەر منداڵەکانی نەخۆش کەوتن بیانبات بۆ خەستەخانە...

- دەبێت لە کاتی خوێندن و تاقیکردنەوەدا یارمەتی منداڵەکانی بدا...

- دەبێت حەفتانە بە لای کەمی جارێک بیانبات بۆ پارک و شوێنی دورەدەست و پیاسەکردن...

ئەمانە هەر هەمووی ژنەکە بیکات و پیاوەکەیش بە بیانووی ئەوەی کە سەرقاڵە و بۆی ناکرێ لە هیچیان بەشدار نییە...

باری بەڕێز... ئەگەر هەموو بیانوویەکی تۆ ئەوەیە کە سەرقاڵی، خۆ نیوهێندە نە سەدیەکیش نە... زۆر کەمتر لەوەیش وەک پێغەمبەر(ﷺ) نیت، پێغەمبەر(ﷺ) ڕابەرایەتی گەلێکی لەسەر شان بوو... لەگەڵ ئەوەیشدا یارمەتی خێزانەکانی دەدا... لەگەڵ منداڵەکانیدا، لەگەڵ کچەزاکانیدا یاری دەکرد...

عَنِ الأَسود، قَالَ: «سَأَلْتُ عَائِشَةَ مَا كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَصْنَعُ فِي بَيْتِهِ؟

قَالَتْ: كَانَ يَكُونُ فِي مِهْنَةِ أَهْلِهِ يَعْنِي خِدْمَةِ أَهْلِهِ فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ». رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ. واتە: ئەسوەد دەفەرموێت: پرسیارم لە عایشە کرد وتم: پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵەوە چی دەکرد؟ فەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) بە دەم کاری ژن و منداڵی خۆیەوە بوو، یانی: کاری بۆ دەکردن، کاتێ کاتی نوێژ دەهات دەچوو بۆ نوێژ.

- هەندێکی تر بیانووەکەی ئەوەیە دەڵێ: بەخوا من بە ئیشوکاری ماڵەوە ڕانەهاتووم... دایکم هەموو کارێکی بۆ دەکردم... تەنانەت ئەگەر تینووم بوایە ئاوی بۆ دەهێنام بۆ سەر جێگاکەم...

بێگومان ئەو پەروەردەیەی کاتی خۆی دایکی پەروەردەی پێ کردووە هەڵە بووە... دەبێت دایک کوڕی خۆی وا ڕابێنێ، کچی خۆی وا ڕابێنێ کە پشت بە خۆیان ببەستن... دەبێت ئامادەیان بکات بۆ ئەوەی ئەگەر ڕووبەڕووی ژیانێکی قورس و گران و ناخۆش بوونەوە بەرگە بگرن... بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن... نابێت فێری تەمبەڵی و تەوەزەڵی و لەشقورسییان بکات... دەبێت ڕایانبێنێ ڕۆحسووک بن...

- کەمتەرخەمی چۆن چارەسەر دەکرێت؟

خانمی بەڕێز... بۆ ئەوەی مێردەکەت فێری گورجوگۆڵی و پشتبەخۆبەستن بکەی، دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگری...

یەکەم: لە خوا بپارێوە... نزا و لە خوا پارانەوە -وەک دەڵێن- چەکی بێدەسەڵاتی نییە... ئەوە ڕاستی و دەروونپاکییە لەگەڵ ئەو بیر و باوەڕەی کە مرۆڤ هەیەتی... پەنابردن بۆ خوای گەورە زۆر گرنگە... خوای گەورە بە (کن) هەموو کارێک جێبەجێ دەکات و دەچێتە بواری (فیکون)ـەوە...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «وَمَنْ يَتَصَبَّرْ يُصَبِّرْهُ اللَّهُ، وَمَا أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً هُوَ خَيْرٌ وَأَوْسَعُ مِنَ الصَّبْرِ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە: هەرکەسێ

لە خوا بپارێتەوە خۆڕاگری و ئارامگری پێ ببەخشێ، ئەوا خوای گەورە خۆڕاگری پێ دەبەخشێ، هیچ بەخششێک نەدراوە بە هیچ کەسێ ئەوەندەی بەخششی ئارامگری و خۆڕاگری چاک و گەورە بێت.

خانمی بەڕێز... لەم گەشتەدا خۆڕاگری بکە بە هاوڕێی خۆت... پشت بە خوای تاک و تەنیا ببەستە... خوای گەورە باشترین پشت و پەنایە...

دووەم: هەوڵ بدە سەرەتا داوای یارمەتی لێبکە و هەندێ ئەرک و کاری سووکی ماڵەوەی پێ بسپێرە... ئەو کارانەی کە کاتی زۆری ناوێ... بۆ نموونە بانگی بکە و بڵێ: وەرە لەگەڵمدا ئەوشتە هەڵگرە، بە تەنیا نایتوانم... لەو کاتانەدا پەسندی بدە و شانازی پێوە بکە... پێی بڵێ: ئەگەر تۆ نەبووبتایە ئێستا من چیم بکردایە؟

سێیەم: زوو زوو خاڵی دووەم دووبارە بکەرەوە... وای لێبکە بڕوا بە خۆی پەیدا بکات و پێی وابێ دەتوانێ کاری ناومالیش ڕاپەڕێنێ...

هاندان یەکێکە لە گەورەترین ڕێگا و چارەسەرەکان...

پیاوێکم دەوێ...

- پیاوی وا هەیە پێی خۆش نییە خۆی ببەستێتەوە بە کاروباری ماڵەوە... تەنیا دەیەوێ بە ئارەزووی خۆی بڕوات بێت و هەرچی پێ خۆشە بیکا... تەنانەت کەسیش لێی نەپرسێ و نەڵێ: لە کوێ بوویت و بۆ کوێ دەچیت؟ ئەم جۆرە پیاوانە بە زمانی حاڵ بە ژنەکانیان دەڵێن: هەموو شتێکم داوەتە دەست خۆت... مەڵێ: ئەمە بکە و ئەوە مەکە... مەڵێ: لە کوێ بووی؟ مەڵێ: بۆ کوێ دەچی؟ مەڵێ: بۆ دواکەوتی؟

ئەو جۆرە پیاوانە لێدەگەڕێن ژنەکانینا بە تەنیا بچنە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستی ماڵەوە... ژنەکانیان لە دەرەوە کاری پیاوەکەیان دەکەن... لەگەڵ پیاواندا مامەڵە دەکەن... لە کۆچە و کۆڵاندا... لە بازاڕدا... لە خستەخانە و قوتابخانە و...

زۆربەی کات لەنێو سەیارەدا بە تەنیان، یان لە تەکسیدا تەنیا ئەو و شۆفێرەکەن...

لەگەڵ ئەو هەمووە ناخۆشییەدا بەرچاویش دەکەوێ و هاوڕێکانی ئێرەیی پێ دەبەن و پێی دەڵێن: وەڵاڵا مێردەکەی تۆ زۆر پیاوە، ئازادی تەواوی پێداوی، خانەگومان نییە، بە ئارەزووی خۆت دێیت و دەچی...

ئیتر نازانن ئەم داماوە لە ماڵەوە تووشی بووە بە تووشی دێوەزمەیەکەوە بە ناو مێردە...

- ژنێک لەگەڵ مێردەکەیدا قسەی کرد و وتی: تۆ پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵەکانت خستووەتە ئەستۆی من... کڕینی پێداویستی ماڵەوەت خستووەتە ئەستۆی من... ئەمەیش هەر لەبەر ئەوە تۆ

خـۆت بێخـەم لـە دەرەوە لەگـەڵ هاوڕێکانتـدا ڕابوێـری و ئـاگات لـە مالـەوە نەمێنـێ...

مـن کەسێکم دەوێ بەڕێوەبـەری مالەکـەم بێت... هەوالـم بپرسـێت... هەوالـی منداڵەکانـم بپرسـێ... پیاوێکم دەوێ سـەرۆکایەتی مـاڵ بگرێتـە ئەستۆ... خۆشەویستەکەم تۆیش وەک هەندێ پیاو مەبـە... وەک ئـەو جۆرە پیاوانـە مەبـە کـە هەمـوو شتێکیان داوەتـە دەسـت ژن و خۆیـان ئاگایان لـە هیـچ نییـە...

مەگـەر نەتبیسـتووە خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ﴾ النسـاء: ٣٤ واتـە: پیـاوان سـەرپەرشـتیاران بەسـەر هاوسـەرەکانیانەوە...

سەرپەرشـتی دراوەتـە دەسـت ئێـوەی پیـاو، بـەڵام دەبێـت بـە ژیـری و دادگـەری ئـەو سـەرپەرشـتیارییە جێبەجـێ بکـەن...

مـن پیاوێکـم دەوێ سـەرپەرشـتی منداڵەکـەم بـکات... هیـوادارم تـۆ ئـەو پیـاوە بیـت...

- پیـاوی وا هەیـە کەسـانی تـری کردووەتـە سـەرپەرشـتیاری بـۆ ئـەوەی بەڕێـوەی ببـەن... هەمـوو نهێنییەکـی مالـی خـۆی لای هاوڕێکانـی باس دەکات... هەمـوو وردەکاری و نهێنییەکـی مالـی خـۆی بـە ئـەوان دەڵـێ... بـۆ ئـەوەی ڕێگاچارەیەکـی بـۆ بدۆزنـەوە... تـا وای لێـدێ منداڵەکانـی دەچـن و بـە هاوڕێکانـی باوکیـان دەڵێـن کێشـەکانیان بـۆ چارەسـەر بـکات...

ئـەو جـۆرە پیاوانـە ژن و منداڵـی خۆیانیـان کـردووە بـە پاشـکۆ... هاوڕێکانـی لـە ژن و منداڵەکانـی ئەوبەرتـرن... ژنەکـەی بـە کاڵا و کەلوپەلـی ناومـاڵ دەزانـێ...

بەم جۆرە پیاوانە دەڵێین:

- کەسایەتی خۆت و ڕێزی ژن و منداڵەکانت بپارێزە...

- پرس و ڕاوێژیان پێ بکە...دڵی خۆتیان بۆ بکەرەوە... پیاوی ماڵەوە بە...

- کارێ بکە ژنەکەت هەست بکا کە تۆ بەرپرسی ئەو و مال و منداڵەکانیت... ئەوە واتڵێدەکات کە ژنەکەت بە پیاوت بزانێ... ئەو ژنەی کە لە ماڵەوە هاوتەریبی پیاوە و جیاوازییان نییە، هەمیشە دڵی لای ئەوەیە کەسێکی هەبێ سەرپەرشتی بکا... ببێتە بەرپرسی...

- پیاو بە... ببە بەو پیاوەی کە ژنەکەت خەونی پێوە دەدی... ژنەکەت پڕ بە چاو و دڵ تۆی دەوێ... دەیەوێ لە دڵی خۆیدا و لای هاوڕێکانیدا شانازیت پێوە بکا... دەی تۆیش بێبەشی مەکە و مەدە لە حەز و خولیاکانی...

- کارێک بکە کە ژنەکەت ئەو بڕوایەی لا دروست ببێ کە تۆ دەستەبەری ژیانی ئەوی... بە جوانترین شێوە دەیژینی... کارێ بکە متمانەی ئەوەی لا دروست ببێ کە تۆ چاوت لە پارە و دارایی ئەو نییە... لەوانەیە ژنەکەت مووچەخۆر بێت، یان بڕێکی زۆر میراتی ماڵە باوانی بۆ مابێتەوە... هەرگیز چاوت لەو شتانە نەبێ و تۆ ژنی خۆت بەخێو بکە... ژن هەرچەندە زەنگین و دەوڵەمەند بێت هێشتا ئاتاجی پیاوە... هەستەکانی... دەروونی... لاشەی... ئاتاجی پیاوە... بە دەست خۆی نییە خوا وای دروست کردووە... هیچ شتێ ناتوانێت بۆشایی پیاو پڕ بکاتەوە... ژنێکی زۆر دەوڵەمەندی بێ مێرد، خۆزگە دەخوازێ زۆر هەژار بێت، بەڵام سایەی مێردی لەسەر سەر بێت...

- ژن مێردێکی دەوێ کە بتوانێ پشتی پێ ببەستێ... متمانەی پێی هەبێ کە لە لایەتی... خەمخۆریەتی... سایەی سەریەتی... هاوسەر و هاودەم و هاوڕێیەتی...

یەکەمجار مێرد...
دووەمجاریش هەر مێرد...

- هەندێ ژن هەر ئەوەندە خۆشە تا منداڵی یەکەمیان دەبێت... ئیتر جوانی چی؟ سەر شانەکردنی چی؟ خۆڕازاندنەوەی چی؟ ماڵی چی؟ مێردی چی؟

بۆیە مێردەکەیان دەکەوێتە سکاڵاکردن لە دەست ژنەکەی... لە دەست شپرزی و گوێنەدان بە جوانی و سەر و سیمای... لە دەست نەمانی خەندە و بزە و قسەخۆشەکانی...

جا کاتێ ژن ئاوا کتوپڕ دوای منداڵبوون دەگۆڕێ، مێردەکەی هەموو تاوانەکان دەخاتە ئەستۆی ئەوەی کە بە منداڵەکەیەوە خەریکە و ئەمی لەبیر چووەتەوە... دەبێت پشوودرێژ بێت... خۆڕاگربێت... گوێ نەداتە ئەو شتانە...

مێردیش لەسەرخۆ و بە هێواشی بە ژنەکەی دەڵێ: منیش مافم هەیە... نابێت مافەکانم پێشێل بکەی... دەبێت چۆن ئاگات لە منداڵەکەمانە، ئاوایش ئاگات لە من بێ... وەک جاری جاران ئاگات لە جوانی و پاکوخاوێنێ خۆت و ماڵەوە بێ... هەر دایکێک وابزانێ دایکایەتی یانی ئەوە کە ئاگای لە خۆی و هیچ شتێک نەمێنێ و هەر خەریکی منداڵەکەی بێت، ئەوە لە هەڵەدایە... ئەوە کارێک دەکات دوای ماوەیەک هەڵسوکەوتی مێردەکەی بگۆڕێ و ئەویش وەک جاران نەمێنێ...

- پیاوێک باسی ژنی دووەمی دەکات و دەڵێ: منداڵ بەخێوکردن وای لێ نەکردووە ئاگای لە من نەمێنێ... کاروباری زۆری ماڵەوەیش وای لێناکا ئاگای لە من نەمێنێ...

گوناهی ژنی یەکەمت چیبوو؟ خۆ ئەو منداڵەکانی بەخێو کردی... پارچە جەرگەکانی تۆی پەروەردە کرد...

دەبێت ئا بەو جۆرە وەڵامی چاکەی بدەیتەوە؟ مەگەر خوا نافەرموێ: ﴿هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾﴾ الرحمن: ٦٠ واتە: مەگەر پاداشتی چاکە هەر چاکە نییە؟

پیاوەکە وتی: ئاخر ئەو منداڵەکانی لە من زیاتر بە لاوە گرنگ بوو... گوێی بە من نەدەدا... هەرجارێک دەچوومەوە بۆ ماڵەوە ئەو خەریکی منداڵەکەمان بوو... تەنیا بە لاشە لای من بوو... بە دڵ لای منداڵ بوو...

- بێگومان خەریکبوونی ژن بە ماڵ و منداڵەوە و گوێ نەدان بە مێرد، دوو هۆکاری هەیە...

یەکەم: مێرد

دووەم: ژن

پیاوی وا هەیە پەروەردەکردنی منداڵەکانی خستووەتە ئەستۆی ژنەکەی و خۆی هیچ کارەیە و گوێ بە هیچ نادا... ژنیش ناتوانێت بە باشی سەروکاری ماڵ و منداڵ بگرێتە ئەستۆ... چارەسەری ئەم جۆرەیان هێنانی ژنی دووەم نییە...

- خوشکی بەڕێز... لە بیرت بێت کە مێردەکەت مافی هەیە بە سەرتەوە... کاری مەکە دایکایەتی هەموو شتێکت لەبیر بباتەوە... ژنی ژیر و دانا ئەو ژنەیە کارەکانی خۆی بە جوانی ڕادەپەڕێنێ... نە مافی منداڵ پێشێل دەکات، نە مافی مێرد...

- پێکەوە کارەکانی ماڵەوە ڕاپەڕێنن... پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵەوە یارمەتی خێزانەکانی خۆی دەدا... دەبێت پیاوێش ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەروەردەکردنی منداڵدا ببینێت...

- دەبێت ژن هەوڵ بدا کارەکانی خۆی ڕێکوپێک بکات... هەموو کارێکی کاتێکی تایبەتی بۆ دابنێ و کاتیش بۆ مێردەکەی تەرخان بکات...

- کێشه نییه ئەگەر ژن و مێرد پێکەوه ڕێککەون و ناوبڕ بخەنه نێوان منداڵبوونەوه... عن جابر «كُنَّا نَعْزِلُ وَالْقُرْآنُ يَنْزِلُ» . مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. وَزَادَ مُسْلِمٌ: «فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ(ﷺ) فَلَمْ يَنْهَنَا». واتە: جابر دەفەرموێت: ئێمە خۆمان دەکێشایەوە -واتە: مەنعمان دەکرد، مەبەست مەنعی سروشتییە بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێ- لەو کاتانەیشدا قورئان دادەبەزی... لە ڕیوایەتی موسلیمدا ئەوەیش هاتووە کە دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) بیستی کە ئێمە مەنع دەکەین و نەهی نەکرد.

- دەکرێ دایک هەندێ کاروباری منداڵبەخێوکردن بسپێرێ بە کچە گەورەکانی...

- دەبێت دروشمی ژن ئەمە بێت: یەکەمجار مێردەکەم... دووەمجار مێردەکەم...

- لە بەرامبەریشدا دەبێت پیاو ڕەچاوی بارودۆخی ژنەکەی بکات و کاتێ بوو بە دایک چاوەروانی ئەوە نەبێ لە سەدا سەد وەک جاران بێت، چونکە ژن بۆی ناکرێ ماڵ پاکوخاوێن بکاتەوە... خواردن ئامادە بکات... منداڵ بەخێو بکات و وەک جاری جارانیش بە مێردەکەی ڕابگا... بۆ دوای ئەوەی بوو بە دایک، ئەگەر بەشێکی مافەکانی پیاوەکەی وەک جاران نەدا، دەبێت مێرد ئاگای لێبێ و لە هەندێ لە مافەکانی خۆی خۆشبێت.

ژنەکەم خۆی دەکات بە نەخۆش و سکالاّی زۆرە...

- ژنی وا هەیە سکالای لە دەست نەخۆشی و ماندووبوونە... کەچی لە ڕاستیدا هیچ نەخۆشییەکیشی نییە، بەڵام تەنیا تووشی نەخۆشی دەروونی بووە...

زۆربەی زۆری کێشە و ئاڕێشەکان ڕنگدانەوەیان لەسەر مرۆڤ هەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون... وەک ئێش و ژانێکی نادیار لە سینگدا، یان لە زگدا، یان تووشی ژانەسەر دەبن، یان تووشی دڵەکوتە دەبن...

بێگومان ئەو جۆرە نەخۆشییانە زیاتر لە ژناندا هەیە، جگە لەوانەیش دەڵێن: هەرچی ئێسکم هەیە هەمووی ژان دەکات، لاقم، باڵم، پشتم، ئەژنۆم، سمتم... هەموو ئێسکەکانم ژان دەکەن...

سروشتی ژن وایە لە ژیاندا تووشی ناڕەحەتی و دڵتەنگی دەبێت... هەر لە ئێش و ئازاری سووڕی مانگانەوە بگرە تا دەگاتە ئێش و ئازاری دووگیانی و منداڵبوون و منداڵ بەخێوکردن و...

جا خۆڕاگری ژنێک جیاوازە لە خۆڕاگری ژنێکی تر... ژنی وا هەیە زۆر بەهێزە و بەرگەی ئێش و ئازارێکی زۆر دەگرێ... ژنی وایش هەیە کەمتر بەرگەی نەخۆشی و ناخۆشی دەگرێ...

- مێردی زیرەک ئەو مێردەیە کە ئێش و ئازارەکانی ژنەکەی کەم دەکاتەوە... کاتێ ژنەکەی قسەیەک دەکات، یان سکالایەک دەکات ناڕەزایەتی دەرنابڕێ... ناوچاوان نادا بە یەکدا، بەڵکوو هەوڵ دەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئێش و ئازاری ژنەکەی سووک بکات...

وەرن با پێکەوە سەرێک لە مالّی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بدەین...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ دایکە عایشەدا گفتوگۆ دەکات... دایە عایشە دەفەرموێت: سەرم ژان دەکات... پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: منیش وەکو تۆ سەرم ژان دەکات...

بەڵێ... پێغەمبەر(ﷺ) گاڵتەی بە قسەکەی دایە عایشە نایەت... ناوچاو نادا بەیەکدا، بەڵکوو دەفەرموێت: منیش وەکو تۆ سەرم ژان دەکات...

دایە عایشە دەفەرموێت: رَجَعَ إِلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ مِنْ جِنَازَةٍ بِالْبَقِيعِ، وَأَنَا أَجِدُ صُدَاعًا فِي رَأْسِي، وَأَنَا أَقُولُ: وَا رَأْسَاهُ، قَالَ: «بَلْ أَنَا يَا عَائِشَةُ، وَا رَأْسَاهُ» ثُمَّ قَالَ:«وَمَا ضَرَّكِ لَوْ مِتِّ قَبْلِي، فَغَسَّلْتُكِ، وَكَفَّنْتُكِ، وَصَلَّيْتُ عَلَيْكِ، ثُمَّ دَفَنْتُكِ؟» قُلْتُ: لَكَأَنِّي بِكَ أَنْ لَوْ فَعَلْتَ ذَلِكَ قَدْ رَجَعْتَ إِلَى بَيْتِي، فَأَعْرَسْتَ فِيهِ بِبَعْضِ نِسَائِكَ، فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ) ثُمَّ بُدِئَ فِي وَجَعِهِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ. رواه ابن حبان والدارمي.

واتە: ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) -ڕۆیشتبوو بۆ سەرقەبران بۆ بەقیع بۆ ناشتنی مردوویەک- جا لە بەقیعەوە گەڕایەوە و هات بۆ لای من، لەو کاتەدا من -دەمندالاند- و دەمگوت: ئای سەرم... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کورە عایشە من ئای سەرم... دوایی فەرمووی: دەی خۆ ئەگەر تۆ پێش من بمری زەرەر ناکەی... خۆم دەتشۆم... کفنت دەکەم... نوێژی مردووت لەسەر دەکەم... دواییش دەتنێژم. منیش وتم: بەخوا وا دەزانم ئەوە ڕوویداوە و منیش دەتبینم و دوایی دێیتەوە بۆ ماڵەکەی من و یەکێک لە ژنەکانت دێنیتە ماڵەکەمەوە... پێغەمبەر(ﷺ) خەندەیەکی کرد... دوایی ئەو نەخۆشییەی لێهات کە پێی وەفاتی کرد.

هەرچەند پێغەمبەر(ﷺ) خۆی نەخۆش بوو، کەچی سەرکۆنەی دایە عایشەی نەکرد، نەک هەر سەرکۆنە، بەڵکوو شۆخی و گاڵتەیشی لەگەڵدا کرد و فەرمووی: ئەگەر تۆ پێش من بمری زەرەر ناکەی...

خۆم دەتشۆم... کفنت دەکەم... نوێژی مردوت لەسەر دەکەم... دواییش دەتنێژم.

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: «كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) إِذَا مَرِضَ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِهِ نَفَثَ عَلَيْهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ، فَلَمَّا مَرِضَ مَرَضَهُ الَّذِي مَاتَ فِيهِ، جَعَلْتُ أَنْفُثُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُهُ بِيَدِ نَفْسِهِ، لِأَنَّهَا كَانَتْ أَعْظَمَ بَرَكَةً مِنْ يَدِي». رواه مسلم. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: هەرکاتێ ژن یان منداڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش بکەوتایە، پێغەمبەر(ﷺ) هەردوو سورەتی (الفلق و الناس)ی دەخوێند و دوایی فووی دەکرد بە نەخۆشەکەدا... کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) خۆی نەخۆش کەوت و کەوتە حاڵەتی وەفاتەوە من -ئەو سوورەتانەم بە سەردا دەخوێند- و فووم لێ دەکرد و دەستی خۆیم دەهێنا بە لاشەی خۆیدا، چونکە دەستەکانی خۆی لە دەستی من پیرۆزتر و بەفەرتر بوو.

- دەبێت پیاو کاتێ دەزانی ژنەکەی نەخۆشە، یان سکاڵای لا دەکات و دەڵێ: فلانە شوێنم ئازاری هەیە... یارمەتی ژنەکەی بدات و کاروباری ماڵەوەی لەسەر سووک بکات... لە بەرامبەر ئەوەیشدا داوای پاداشت لە خوای گەورە بکات...

- دەبێت ژنیش زۆر سکاڵا نەکات و مێردەکەی بێزار نەکات... خۆی ڕابێنێ بۆ هەموو نەخۆشییەک و بە نەخۆشییەکی بچووکیش سکاڵا نەکات... لە دەست هەموو نەخۆشییەک نەناڵێنێ...

دەبێت هەواڵی خۆی بزانێ و سەردانی پزیشک بکات... لەوانەیە تووشی نەخۆشییەک بووبێ کە چارەسەرەکەی لای پزیشک بێت... دیسان بۆ ئەوەی گرنگی نەدان بەو نەخۆشییە نەبێتە هۆکاری درەنگ چاکبوونەوەی...

- برای بەڕێز... کاتێک ژنەکەت نەخۆشە، زۆر گرنگی پێ بدە... دڵنیای بکەرەوە و ئاسوودەی بکە... ئەگەر کەسێک نەبوو

کاروباری مالەوە بەڕێوە ببا، تا ئەو کاتەی ژنەکەت چاک دەبێتەوە تۆ خۆت گرنگی بە کارەکانی مالەوە بدە و کارەکان بکە...

- خواردنی بۆ ئامادە بکە و زۆری لێ مەکە بۆ ئەوەی هەستێ و کارەکانی ناومالّ جێبەجێ بکات...

- لە خوا بپارێوە شیفای بەپەلەی بۆ بنێرێ، چونکە ژنەکەت لە هەموو کەسێک لەپێشترە بۆ ئەوەی نزای خێری بۆ بکەی...

***

مێردەکەم ناگۆڕێت...

- کاتێ مێردەکەت لە خەو هەڵدەستێنی تووشی کێشە دەبی؟

ڕات چییە لەسەر ئەوەی شێوازێکی نەرمتر و ئاسانتر بەکار بێنی؟

- کاتێ دەتەوێ لە خەو بەئاگای بێنی بە ئەسپایی بچپێنە بە گوێیدا و بانگی بکە...

- کاتێ مێردەکەت لە خەو بە ئاگا دێت و چاوەکانی دەکاتەوە، دەستێ بهێنە بەسەریدا و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێبکەنە...

بێگومان هەست بەوە دەکەی مێردەکەت گۆڕاوە و وەک جاران تووڕە نابێت...

- جاری وا هەیە پیاو پێیخۆشە کەمێک لەگەڵ خۆیدا بێت و تەنیا بێت... دەی لێگەڕێ با تەنیا بێت... زۆری لێ مەکە... مەبە بە چاودێر بەسەر هەموو جموجوڵ و کارێکیەوە... ئەگەر وا بکەی ئەوا هەموو کون و کەلێنێکی لێ دەگری...

هەوڵ مەدە بە زەبری هێز مێردەکەت بگۆڕی... ئەگەر تۆ بتەوێ بە زۆری زۆرکاری سیفەتێکی مێردەکەت بگۆڕی و ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێ بگری، بێگومان ئەویش کاردانەوەی دەبێت و لە ڕقدا پێچەوانەی داخوازی تۆ جێبەجێ دەکات...

بۆ نموونە: ژنێک بە مێردەکەی دەڵێ: تۆ زۆر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەی، واز لە تەلەفزیۆن بێنە...

ئەوە بەو شێوەیە باش نییە، بەڵکوو بڵێ: پیاوەکە! من ئەم کتێبەم خوێندووەتەوە، بەخوا زۆر کتێبێکی بەسوودە، تۆیش لەجیاتی ئەوەی تەماشای تیڤی دەکەی وەرە ئەم کتێبە بخوێنەوە، دڵنیام لێی پەشیمان نابیتەوە...

- لێگەڕێ با مێردەکەت ئارەزووەکانی خۆی بەدی بێنێ... با ناوە ناوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بچێتە دەرەوە، بەڵام بەو مەرجەی بۆ تاوانکردن نەچێتە دەرەوە... پیاوی ژۆژهەڵاتی وەک پیاوی ئەوروپا و ئەمریکا نییە، ناتوانێت لەپڕێکدا لە دۆست و هاوڕێکانی دابڕێ...

- هەندێ پیاو وا پەروەردە کراوە، وا دەزانێ ئەگەر ژن نان و ئاوی هەبێ بیخوا و جلوبەرگی هەبێ بیپۆشێ، ئیتر لە خۆی بەختەوەرتر نییە... بە کورتی: بەختەورەی لە خواردن و جلوبەرگدا دەبینن... بێگومان ئەوە بیرۆکە و ڕا و بۆچوون و پەروەردەیەکی زۆر ناتەواوە... تەنیا مێردەکەی تۆیش وا نییە، زۆربەی پیاوان ئاوان... دەی کەوابوو ئیتر کارەکە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ... تۆیش خۆت و زیرەکی خۆت... بزانە چۆن بە شێنەیی تێیدەگەیەنی و دەهێنیتە سەر ڕاستەڕێ؟

- تەمبەڵی لە پیاواندا...

زۆرێک لە ژنان بە دەست تەمبەڵی مێردەکانیانەوە دەنالێنن... دەڵێن: کاتی زۆر بە فیڕۆ دەدەن و هیچ کارێک ناکەن...

ژنێکی گەنج باسی تەمبەڵی مێردەکەی دەکات و دەڵێ: گومان لەوەدا نییە کە زۆر منی خۆش دەوێ، منیش ئەوم خۆش دەوێ، بەڵام تەمبەڵە... هەڵی زۆری لە کیس خۆی داوە... کەمتەرخەمە... واملێهاتووە ئێستا هیچ گوێی پێ نادەم و بە لامەوە گرنگ نییە...

- خوشکی بەڕێز... وەک جاری جاران گرنگی بە مێردەکەت بدە... بە جوانترین شێواز خێراتنی بکە و مامەڵەی لەگەڵدا بکە... با بزانێ و بۆی دەرکەوێ کە تۆ ئەو ژنە چاک و باشەی کە خوا بەوی بەخشیوە...

- زۆر بە شێنەیی و لەسەرخۆ گلەیی لێ بکە، بەڵام بەبێ هەڵچوون و تووڕەبوون...

- هانی بدە و ببە بە ڕێپیشاندەری بۆ ئەوەی ئەو کارانەی کە مەبەستتە ئەنجامی بدات...

- پێی بڵێ تۆ کارەکە بکە و ئیتر پشت بە خوا ببەستە... خوای گەورە ڕەنج بە خەسارت ناکات... بەوەیش ئەو تێدەگا کە تۆ مەبەستت ئەوەیە هاوکاری بکەیت و لە گەڵیدا تێدەکۆشی...

- دەست بکە بە نزا و پاڕانەوە لە خوای گەورە بۆ ئەوەی ڕێنوێنی بکات و هێز و گوڕی پێ ببەخشێ... هەرگیز لە نزا و پاڕانەوە بێئومێد مەبە...

- ئەوەشت لەبیر نەچێ کە جوانترین سیفەتی مرۆڤ ئەوەیە کە هەوڵ بدات و دوایی خوای گەورە هەرچی پێ بەخشی، پیی ڕازی بێت و سوپاسی خوای گەورە بکات...

***

مێردەکەم لە مااڵەوە دانانیشێ...

- مێردەکەم لە مااڵەوە دانانیشێ، یان لەسەر کارە، یان لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانی...

ئەمە قسەی زۆربەی ژنانە...

بۆچی پیاو لە مااڵەوە نامێنێتەوە و دەچێتە دەرەوە؟

- سروشتی کاری پیاو: کاری هەندێ پیاو وایە دەبێت زۆر لە دەرەوە بێت و کەمتر لە مااڵەوە بمێنێتەوە، دەبێت پابەند بن بە کارەکانیانەوە... هەندێ کەسیش دوو کار دەکات، ڕۆژ و شەو دەداتە دەمی یەک بۆ ئەوەی قەرزەکانی ببڕێرێ، یان خانوویەک بکڕێ، یان پێویستییەکی تری بە پارە هەیە... بۆیە زۆر خۆی ماندوو دەکات و بەردەوام لەسەر کارە...

- پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکانی مێرد: پیاوی وا هەیە هاوڕێی زۆر زۆرە... هێشتا پێی خۆشە لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە دەرەوە بێت، یان خۆی هێشتا وەک هەرزەکار و و زگوورد مامەڵە دەکات... پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەر وەک جارانە و کەمی نەکردووە... بە کورتی: هێشتا وەک سەردەمی زگوردی لێدەخوڕێ و دەڵێی مێشێ میوانی نییە...

- لە مااڵدا ئاسوودە نییە...

مااڵ بووەتە شوێنێکی ناخۆش بۆی... کە دێتەوە مااڵ کێچ دەکەوێتە کەوڵی... بۆیە لە مااڵ هەڵدێ و دەڕوا و درەنگانێکی شەو دێتەوە...

ژنێک باسی مێردەکەی دەکات و دەڵێ: کاتێ لە کار دێتەوە دەنوێ... کاتێ بانگی شێوان دەدا لە خەو هەڵدەستێ و نانەکەی

دەخوا... دوایی دەچێتە دەرەوە بۆ لای هاوڕێکانی و تا بانگی بەیانی نایەتەوە...

- کێشە و ئاڕێشەی زۆری نێوان ژن و مێرد...

کێشە و ئاڕێشەی زۆری نێوان ژن و مێرد یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە مایەی نەمانەوەی پیاو لە ماڵەوە، چونکە ئەو دەرەوەی پێ خۆشترە تا ماڵەوە... خۆی لە کێشەکان دەدزێتەوە...

جا ئەم کێشانە هەروا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو دەبێت سەرەتا هۆکار و سەرچاوەی کێشە و ئاڕێشەکان بدۆزرێنەوە، جا ئەو کاتە بنبڕکردن و چارەسەرکردنی ئاسان دەبێت... ئەمەیش دوای ئەوەی هەردوو لا لە هەندێ هەڵە و کەموکوڕی یەکتر خۆشبن...

چارەسەر چییە؟

- کارێ بکە مێردەکەت لە ماڵەوە هەست بە ئارامی بکات... تاکەڕێگایش ئەوەیە کە تۆ کارێک بکەی ماڵەوەی لە دەر پێ خۆشتر بێت... ئەو خۆشیانەی لە دەرەوە دەیچێژێ لە ماڵەوە زیاتری دەست بکەوێ...

- هەرگیز ناچاری مەکە لە ماڵەوە بمێنێتەوە، یانی با بە زۆر لە ماڵەوە نەمێنێتەوە، چونکە ئەوە وەک مەلی نێو قەفەسی لێ دەکات... هەر دەرگاکەی لێ کرایەوە لە شەقەی بال دەدات و دەچێتەوە بۆ دەرەوە...

- بە بیدەنگی ڕایبکێشەوە بۆ ماڵەوە... شوێنێکی باشی بۆ دانیشتن بۆ تەرخان بکە... هەوڵ بدە ماڵەوە پاکوخاوێن و ڕێکوپێک بێت... هەوڵ بدە بۆنی ماڵەوە خۆش بێ...

- هەرگیز باسی کێشە و ئاڕێشەکانی لە لا مەکە... باسی ڕووداوە ناخۆشەکانی لا مەکە...

- کاتی قسەی لەگەڵدا دەکەی، با هەست بکا لە ڕووی خۆشەویستی و ئەوینداریيەوە قسەی لەگەڵدا دەکەی... ئەوە کارێک دەکات هەست بە چێژ و خۆشی بکات...

- مێردەکەت میوانی تۆیە... هەتا بۆت دەکرێ و دەتوانی ڕێزی لێ بگرە... بە جوانی قسەی لەگەڵدا بکە... بۆ ئەوەی ئەویش زۆرترین ماوە میوانی تۆ بێ...

- هەوڵ بدە هەتا ئەو نەیەتەوە تۆ نەخەوی... کارێک بکە هەمیشە لەگەڵیدا بی...

- هانی مێردەکەت بدە بۆ ئەوەی زوو زوو هاوڕێکانی داوەت بکا بۆ ماڵەوە... تۆیش خواردنێکی باش و شیاویان بۆ ئامادە بکە... بە زمانی حاڵ پێی بڵێ: من تۆ و هەموو ئەو کەسانەیشم خۆش دەوێ کە تۆ خۆشت دەوێن... ڕقم لە هەموو ئەو کەسانەیە کە تۆ ڕقت لێیانە...

- لە هەموو تەنگ و چەلەمەیەکدا هاوکاری مێردەکەت بە و یارمەتی بدە بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ ببێت... لە پشتەوەی مێردەکەت وەکو کێو بوەستە... ئێش و ئازارەکانی کەم بکەرەوە... ئەو کاتە خوو دەگرێ بە خۆشەویستی تۆوە و بەبێ تۆ ئارام ناگرێ...

- هەرکارێک دەکەی داوای پاداشتەکەی لە خوای گەورە بکە و هەوڵ بدە کارەکانت بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار بێت...

ئازیزەکەم! بێرۆ بۆ ماڵ...

- لەم سەر زەوییە هیچ شوێنێک نییە وەک ماڵی خۆت بێت، بەڵام ماڵێکی پڕ بەختەوەری...

ماڵی بەختەوەر ئەو ماڵەیە کێشەی تێدا نییە... تۆران و دڵ لە یەک ئێشانی تێدا نییە...

ماڵێک قسەی ڕەق و ناخۆشی تێدا نەکرێ...

ماڵێک کە ببێتە پەناگە بۆ ئەندامەکانی... هەموویان لەوێدا هەست بە ئارامی و خۆشی و ئاسوودەیی بکەن...

بەڵام جاری وا هەیە پیاو یان ژن، یان هەردووکیان تاوانبارن و ئەو ماڵە خۆشە ناخۆش دەکەن...

- با بزانین ئەم خانمە بەڕێزە گلەیی چی لە مێردەکەی دەکات؟

پێی دەڵێ: کاتێ وەک جاران دواکەوتی و درەنگ هاتیتەوە بۆ ماڵەوە، من چاوەڕێت بووم...

هێشتا نەخەوتبووم... خەو لە چاوم تۆرابوو... چەند جارێک خواردنی ئێوارەم گەرم کردەوە... خولەک و چرکەم دەژمارد بۆ ئەوەی تۆ بێیتەوە...

خۆشەویستەکەم... هاتیتەوە، بەڵام یەکسەر بۆ ژووری نوستن... یەکسەر خۆت داپۆشی و وتت: ژنەکە کاتژمێر حەوت بەئاگام بێنە... ئیتر خەوتی...

ئەی کوا ڕێزی ئەو هەموو چاوەڕوانییەی من؟ ئەی کوا ڕێزی ئەو هەموو نیگەرانی و شەونخونییەی من؟

خۆ من لەبەر تۆ ئاوا خەو و خواردنم لە خۆم حەرام کردبوو... بۆ لە منت نەپرسییەوە؟

ئازیزەکەم... وەرە و لە گەڵمدا دانیشە... وەرە کەمێک دڵم بدەوە... توخوا وەرە...

- ئەمەیش نامەیەکی ترە ژنێک بۆ مێردەکەی نووسیوە... سکاڵای لا دەکات، چونکە نەک جارێک و دووجار، بەڵکوو سەدان جار ئاوا دواکەوتووە و لەگەڵ برادەرەکانیدا لە دەرەوە ماوەتەوە...

ئەو ژنە نووسیویەتی: مێردە ئازیزەکەم... من زۆر بەدحاڵم... من وا هەست دەکەم ئیستا مرۆڤ نیم... ئامێرێکم لە ماڵدا... ئەویش نە ئامێرێکی نوێ، بەڵکوو ئامێرێکی کۆن... تەپوتۆز لەسەر نیشتوو... سەیر نییە...

سەیری زۆر سەیر لەوەدایە چەند ڕۆژێک پێش ئیستا وەک هەمیشە دواکەوتی... من ویستم شتێکت بۆ بکەم بە سوپرایز... شەربەتێکم ئامادە کرد... ماڵەوەم پاکوخاوێن کردەوە... خۆم جوان ڕازاندەوە... ئەو بۆنەی تۆ پێتخۆشە پرژاندم بە هەموو سوچێکی ماڵەکەدا... کاتێ تۆ هاتیتەوە ناوچەوانت دابوو بە یەکدا... دەموچاوت گرژ کردبوو...

تۆ وتت: لێمگەڕێ... ماندووم... من تاقەتی ئەم بەزمە قۆڕەی تۆم نییە... ماندوم دەمەوێ بخەوم...

ئەو قسانە کۆتا قسە بوو کە لە تۆ بیستووم... ئیتر ڕۆیشتی بۆ ژووری نوستن و لێی خەوتی... بۆ بەیانیش سەفەرت کرد و منت بەجێهێشت...

مەگەر تۆ نازانی ژنەکەت مافی هەیە بە سەرتەوە؟

تۆ بەدوای خۆشەویستی هاوڕێکانتدا دەگەڕێی... منیش بەدوای خۆشەویستی تۆ...

پێت سەیر نەبێ ئازیزەکەم... ئاواتمە هێندەی یەکێک لە هاوڕێکانت منت خۆش بوێ... هێندەی بچووکترین هاوڕێت ڕێزم لێ بگری...

نێوان من و تۆ نێوان ژن و مێرد نییە... دەڵێی دوو دراوسێین... دوو درواسێی دوور...

کوا ئەو پەیوەندییەی کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی و هۆگری دامانمەزراند؟ کوا ئەوین و دڵداری؟

من زۆر ئاتاجی تۆم... وەرەوە بۆ ماڵ خۆشەویستەکەم...

ئازیزەکەم بێرۆ بۆ ماڵ... من و منداڵەکان هەموو چاوەڕێتین...

مێردەم لای هاوڕێکانیەتی...

- ژنێک دەڵێ: مێردەکەم لە ماڵەوە زۆر تووڕەیە... بۆڵە بۆڵ دەکات... بە هیچ ڕازی نییە، بەڵام کاتێ دەچینە دەرەوە و لەگەڵ ژنانی دەرەوە، یان لەگەڵ ژنی هاوڕێکانیدا بە جۆرێک مامەڵە دەکات وا دەزانن فریشتەیە... زۆر ڕۆحسووکە... ڕەزاسووکە...

ئەمە قسەی ژنێکە سکاڵای لە دەست مێردەکەی هەیە... ئەو مێردەی لە ماڵدا دڕکەزییە و لە دەرەوە لە لای ژنی خەڵکدا ئاوریشم...

باشە بۆ ئەو جۆرە پیاوانە لە بەهەشتی ماڵەوە هەڵدین و دەرۆن؟ ئەو بەهەشتەی کە خۆیان بە دەستی خۆیان دروستیان کردووە و گوڵ و ڕێحانە و نەمامی جوانیان تیا ناشتووە... بۆ دەچن بۆ لای برادەر و هاوڕێکانیان؟

بۆ لەگەڵ ژنەکەیدا خراپە؟ کەچی بۆ هاوڕێکانی لە چاکیش چاکترە... بە دەمیانەوێ پێدەکەنێ... گاڵتە و شۆخییان لەگەڵدا دەکات... دەتوانێ سێ چوار کاتژمێر لەسەر یەک قسەی خۆشیان بۆ بکات...

بەڵام لە ماڵدا ژنەکەی بە خزمەتکار و گسکێدەر و شێف دەزانێ... نە دەزانێ دوو قسەی خۆشی بۆ بکات... نەدەزانێ سوپاسێکی بکات... نە دەزانێ شتێکی باشی فێر بکات...

دەموچاوی دەترشێ... ناوچەوانی گنج گنج دەبێت... دەڵێی: دەیەوێ خۆی وەک شێرێکی ترسناک پیشان بدا بۆ ئەوەی ژنەکەی لێی بترسێ...

- ژنەکەی پێی دەڵێ: کاتێ تۆ دەچیتە دەرەوە و من لە ماڵدا

تەنیام، هەست بە دڵتەنگی دەکەم... تکایە دوای ئەوەی گەڕایتەوە دوو قسەی خۆش و دوو بەسەرهاتم بۆ بگێڕەوە با ئەو دڵتەنگییەم لەبیر بچێتەوە...

- ژنەکەت خێراترین و کورتترین ڕێگات پێ پیشان دەدا بۆ ئەوەی بگەی بە دڵی... خۆی بە زمانی خۆی دەڵێ: دوو قسەی خۆشم بۆ بکە... کەمێک پێبکەنە... مامەڵەت جوان بکە... کوا بۆچی بیر لەم فەرموودەیە ناکەیتەوە؟

«خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ، وَأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي» رواه ابن ماجه. واتە: باشترین کەستان باشترینە لەگەڵ خاوخێزانی، منیش لە هەمووتان زیاتر بۆ خاووخێزانم باشترم.

- هەندێ کەس لە دەرەوە شەو بەسەر دەبات... تا بانگی بەیانی لە دەرە...

ئەی ئەو کەسەی دێتە دەرەوە و شەو تا بەیانی خەریکی بلیارد و دۆمینە و شەترەنج و نێرگەلەی...

ئەی ئەو کەسانەی شەو تابیانی بە دیار فیلمی خراپ و پڕ لە تاوانەوە دادەنیشن...

ئەی ئەو کەسانەی شەوانە لە دەرەوەن، ئارەق و شەرابی حەرام دەخۆنەوە...

لە خوا بترسن... مەگەر تۆ ڕازیت ژنەکەت وەک خۆت بکا؟ ڕازیت کچەکەت وەک خۆت بکا...

- کاتی بێکاری لە کوێ بەسەر دەبەی؟

ئەمە پرسیارێکە و هەندێ کەس پێی خۆش نییە وەڵامی بداتەوە...

پێیان وایە ئەوە خۆهەڵقورتانە لە ژیانی تایبەتییان، یان ئەوە نهێنییەکە و نابێت بدرکێنرێ...

مێردە خۆشەویستەکەم... مەگەر برادەر و ڕۆیشتنەدەرەوە و

یاری و نێرگەلە و کافتریا هەموو کاتەکانی تۆیان داگیر نەکردووە؟

مەگەر تۆ هیچ کاتێکت بۆ ئێمە تەرخان کردووە؟

مێردە خۆشەویستەکەم... برادەرەکانت لە ئێمە گرنگترن...

وەرە ئاوڕێک لە چەند سەدەیەک پێش ئێستا بدەروە... کەسێک هەبوو کارەکانی زۆر لە کارەکانی تۆ زۆرتر بوو... پاکتر بوو، گەورەتر بوو... وەرە تەماشایەکی ژیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکە و بیکە بە سەرمەشقی خۆت... بزانە چەندێ کێشە ڕووی تێدەکرد... چەندێ خەریکی گەیاندنی ئایینی ئیسلام بوو... چەندێ خەریکی خواناسی بوو... کەچی مافی ژن و منداڵیشی پێشێل نەدەکرد... خاتری ئەوانیشی دەگرت... دڵی ئەوایشی ڕازی دەکرد... مافی هیچ کەسێکی پێشێل نەدەکرد... نموونەی پیاو و باوک و مێرد بوو... نموونەی گەورە و بەخشندە و دڵاوا بوو...

دەی باشە تۆ بۆ هەست بە من ناکەی؟ بۆ دڵم دەشکێنی؟ بۆ لەگەڵمدا ئەمەکدار نیت؟

مێردەکەم بە هیچ ڕازی نییە...

- ژنێک سکاڵا دەکات و دەڵێ: نازانم چۆن دڵی مێردەکەم ڕازی بکەم... ئەو مێردەی من بە هیچ ڕازی نییە... زۆر جار تووڕە دەبێت و لێدانم دەکات... ئێمە کور و کچمان گەورە بوون... پێم خۆش نییە بە بەرچاوی منداڵەکانەوە لێمبدا... بۆ ئەوەی کاریگەری خراپی لەسەر منداڵەکان نەبێ...

ئەگەر مرۆڤ خوای گەورەی خۆشویست ئەوا خوای گەورە تووشی بەڵا و موسیبەتی دەکات... بۆ ئەوەی تاوانەکانی پێ بشواتەوە... پاکوخاوێنی بکاتەوە...

جا بەڵا و موسیبەت جۆری زۆرە... جاری وا هەیە ئەو بەڵا و موسیبەتە کێشەی نێوان ژن و مێردە... کێشەی نێوان منداڵ و دایک و باوکە... کێشەی نێوان خزم و خزمە و...

- هەوڵ بدە بە تەنیا لەگەڵیدا دابنیشی... با پێکەوە قسەی تایبەتی بکەن... با ناخی خۆی بۆ تۆ هەڵڕێژێ... با بزانی بۆچی ئاوا دەکات؟ لێی تێبگە... لەوانەیە کێشەکە لای ئەو زۆر لەوە گەورەتر بێت کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە... لەوە گەورەتر بێت کە ئەو جەنگێکی بچووکی لە پێناودا هەڵگیرسێنێ... لەوانەیە لە دەرەوە تووشی هەزار و یەک کێشەی گەورە گەورە ببێت و نەتوانێ لە ماڵەوە بۆ تۆی باس بکات... وەرە بەدوای سەرچاوەی کێشەکاندا بگەڕێ... بۆ ئەوەی دەرمانی بکەن...

- چاوپۆشی لە کارەکانی بکە... بە چاکە وەڵامی بدەرەوە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ» . رَوَاهُ أَحْمد وَالتِّرْمِذِيّ والدارمي.

واتە: لە هـەر شـوێنێک هـەی، لە خـوا بترسـە... ئەگـەر خراپەیـەکت کرد، بەدوایـدا چاکەیـەک بکـە دەیشـواتەوە... بـە ئـاکار و رەفتـاری جـوان لەگـەڵ خەڵکدا مامەڵـە بکـە.

- کـوڕی وا هەیـە لـە مـاڵی دایک و باوکیـدا نازیـان زۆر پێداوە... زۆر بوونەتـە قوربـان و سـەدەقەی... ئەوەندە بەناز بووە دوای ئەوەی ژن دێنێ لـە ژنەکـەی ڕازی نییـە... هەرچەندە ژنەکـەی گوێڕایەڵـی بێت، ئـەو هێشتا هـەر ناڕازییـە و پرتەوبۆڵـەی دێ...

- دەنگ لـە مێردەکـەت وەرمەگـرە و قسـەی لەگەڵـدا بکـە و داوای پاداشت لـە خـوای گـەورە بکـە... ئـەم دونیایـە شـوێنی تاقیکردنەوەیـە... ژیانیـش بەبـێ پشـوو درێـژی و ئارامگـری ناچێتـە سـەر... نهێنـی خۆشبەختیش بەسـراوە بە ژنی ژیر و داناوە... دونیا شـوێنی مانەوەی هەتـا هەتایـی نییـە... ناکرێ زیاتـر لـە خـۆی گـەورە بکرێ و مـرۆڤ هـەر خەریکی دونیایەکی کاتی بێت و پەسـڵانێکی هەتا هەتایی لەبیر بکات و خـۆی بەدبەخت بکات...

- گۆڕانـکاری ڕۆتینـاتـەی کـە لـە ژیانـدا هەیـە دەبێتـە هـۆکاری بەرەوبـاش چوونـی ژیـان... ئیتـر ئـەو ڕۆتینیاتـە لـە کەلوپەڵـدا بـێ، یـان لـە جلوبەرگدا، یـان لـە خـوو و ڕەوشـتدا... ژنێکی نوێخواز بـە... نوێکاری کارێکـی باشـە و سـەرکەوتنی بەدواوەیـە...

- ژنێـک باسـی سـەرکەوتنی خـۆی دەکات، باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن توانیویەتـی دڵی مێردەکـەی بێنێتـەوە بـۆ مـاڵـەوە... ئـەو ژنـە دەڵـێ:

- هەرکاتـێ لـە کار دوا بکەوتایـە تەلەفۆنـم بـۆ دەکـرد و هەواڵـم دەپرسـی...

- هەرشـتێکی کڕیبـا -ئەگـەر بـە دڵیشـم نەبووایـە- دەمگـوت: نایابـە... زۆر باشـە و زۆر جوانـە...

- حەزی لە چ خواردنێک بوایە، ئەوەم بۆ ئامادە دەکرد...

- ناوە ناوە شوێنی کەلوپەلی مالەوەم دەگۆڕی... دەستم بە مالدا دەهێنا و بە شێوازێکی نوێ رێکوپێکم دەکردەوە...

- هەر خەم و خەفەتێکی هەبوایە منیش خەمم بۆ دەخوارد... هەوڵم دەدا دڵی خۆش بکەم و خەفەتەکەی لەبیر ببەمەوە...

- هەموو جارێک بۆنی خۆشم لێدەدا، بە تایبەتی ڕۆژانی هەینی...

- زوو زوو خۆمم دەڕازاندەوە... پرسم پێ دەکرد و دەمگوت: پێتخۆشە چۆن خۆم بڕازێنمەوە؟ بە دڵی ئەو خۆم دەڕازاندەوە...

- بە شێوازێکی تایبەت داوای شتم لێدەکرد... هەرشتێکم پێویست نەبوایە هەرگیز داوام نەدەکرد... خۆم لەو پەندە دەپاراست کە دەڵێ: کچ لە دونیادا هیچی ناوێ مێرد نەبێت، کاتێ مێردی کرد هەموو شتێکی دەوێ...

- سوور بووم لەسەر ئەوەی خۆم ڕۆشنبیر بکەم و بخوێنمەوە و بزانم ژن چۆن دەتوانێ دڵی پیاوەکەی ڕابگرێ... زوو زوو ڕەفتاری خۆمم دەگۆڕی... لە باشەوە بۆ باشتر و بۆ باشترین... بۆ ئەوەی یەک جۆر نەبم و هەر ڕۆژەی بە شێوەیەک ڕووبەڕووی ببمەوە...

- ئەو پەندەم کردووە بە بەرنامەی ژیانی خۆم کە دەڵێ: ئێمە لەسەر دونیا ناکۆک نابین... هەرگیز لەسەر شتێکی ناومال... لە سەر جلوبەرگ... لەسەر فەرش و مێز... لەسەر قەنەفە و... دەنگە دەنگ ناکەم و نایکەم بە ناخۆشی...

غیرەت... دووکەڵی ئەوین...

- غیرەت هەست و سۆزێکی بەپێز و باشە... تەنیا پیاوانی بەڕێز و ژنانی بەحورمەت غیرەتیان هەیە... ئەوانەی کە شەرەف و کەسایەتی خۆیان دەپارێزن...

پیاوان بۆیە غیرەتیان هەیە، چونکە دەترسن کەسێکی تر ببێ بە هاوبەشیان و بچێتە نێو دڵ و ژیانی ژنەکەیانەوە...

ژنیش مێردەکەی خۆی خۆش دەوێ... بۆیە غیرەت دەیگرێ و نایەوێ هیچ ژنێکی تر هاوبەشی ئەو خۆشەویستی و ئەوینە بێ...

ژن پێی خۆشە مێردەکەی غیرەی لێ بکا... ئەگەر غیرەی لێ نەکات تووڕە دەبێت...

ئەگەر غیرەی لێ نەکات یانی خۆشی ناوێ... بە لایەوە گرنگ نییە... گوێی لێ نییە کەسێکی تر لە ژیانیدا هەبێ...

- غیرەت شتێکە و پێویستە و دەبێت لە ژیانی نێوان ژن و مێرددا هەبێ، بەڵام دەبێت سنووری خۆی تێنەپەڕێنێ... ئەگەر تێپەڕاند و چووە خانەی خانەگومانییەوە ئەوە سەرەنجامێکی باشی نابێت...

- ژنی باش ئەو ژنەیە ئاگای لە غیرەی مێردەکەیەتی... هەستەکانی دەپارێزێ و پێشێلی ناکا...

ئەگەر غیرەی نێوان ژن و مێرد تۆند بوویەوە و بوو بە خانەگومانی، ئەوا ژن و مێرد لە یەکتر بەگومان دەبن... خۆیان دەکەن بە ئەفسەری لێکۆڵینەوە و چاودێری یەک دەکەن... لە هەموو وردودرشتێکی یەکتر دەپرسنەوە... ئەوەیش دەبێتە هۆی ناکۆکی نێوان ژن و پیاو... پەیوەندی نێون ژن و پیاو تێک دەدات و لە سەوزەڵانەوە دەیکا بە زەوییەکی لافاولێدراوی گومان و دووڵی...

- پیاوێک بەهۆی غیرەی زۆر و بێسنووورەوە تووشی خانەگومانی بووە و ژیانی پڕ بووە لە کێشە و دەمەقاڵێ...

بەردەوام خۆی خەریک کردووە بە یەک باسەوە و لێی دەکۆڵێتەوە... ئایا ئەمڕۆ هیچ کەسێ ژنەکەی منی دیوە یان نە؟

چاودێری دەخاتە سەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی... لەسەر جموجوولی... جار جاریش لێدانی دەکات...

- ژنێ کە غیرەکەی لە سنوور تێپەڕێ و خانەگومان بوو چ ژیانێکی ناخۆشی هەیە... چ دڵێکی پڕ لە کینە و نیگەرانی هەیە...

ژنێکی شارەزا و پسپۆڕ دەڵێ: هاوڕێیەکم هەبوو زۆر بەگومان بوو... غیرەکەی سنووری تێپەڕاندبوو... هەرجارێ مێردە داماوەکەی بە تەلەفۆن قسەی بکردایە، یان نامەیەکی بنارداید، یان تۆزێک دڵی خۆش بوایە، یان بزەیەک بکەوتایەتە سەر لێوی... ئیتر ژنەکەی ئاگری تێ بەردەبوو... شەڕی دەفرۆشت...

- هەموو کەسێ هاوڕێی سەردەمی منداڵی هەیە... باسی منداڵی لای یەکتر دەگێڕنەوە... کاتێ کچ شوو دەکات و کوڕ ژن دێنێ، پێیان خۆشە باسی شتە جوانەکانی سەردەمی منداڵی بۆ یەکتر بگێڕنەوە... جا ئەگەر پیاوەکە دەمی سووتا و باسی کچێکی خزمی یان هاوپۆڵی خۆی کرد، یان ژنەکە لە دەمی دەرچوو باسی کوڕێکی خزمی یان هاوپۆڵی خۆی کرد... ئیتر غیرە چەکەرە دەکات و سەر دەردێنێ... بۆیە دەبێت ژن و مێرد ژیر بن و خۆیان لەو جۆرە باسانە بپارێزن...

- ژنی ژیر ئەو ژنەیە کە کارێک دەکات مێردەکەی خانەگومان نەبێت... هەرگیز لای ژنەکەیدا پەسنی پیاوێکی تر نادا... ئەوە یەکێکە لەو شتانەی دەبێتە هۆی خانەگومانی لە پیاواندا، بەڵکوو هەمیشە پەسنی مێردەکەی دەدات و پێی دەڵێ: تۆ تاکە پیاوی ژیانمی... تۆ تاکە پیاوی سەر زەویت...

بـه هەمـان شـێوه دەبێت پیاویش ئـاگای لـه دڵـی ژنەکـەی بێت... هەرگیز پەسنی ژنێکی تر نەدا، چونکه ئاگر بەردەداته دڵی ژنەکەی... ژن سروشتی وایه ئەگەر مێرده لاوەکەی پەسنی پیرەژنێکی هەشتا ساڵه بدا، پێی ناخۆشه... غیره دەیگرێ...

- مەهێڵـه گومـان و دووددڵـی ژیانـت تێـک بـدا... خێزانەکـەت بفەوتێنـێ...

ڕۆژێک عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر بە کچەکەی وت:

کچـی خـۆم... نەکـەی خانەگومـان بیـت... خانەگومانـی کلیلـی تـەڵاق و لـه یەکتـر جیابوونەوەیـه...

نەکـەی سـەرکۆنەی مێردەکـەت بکـەیت و خـۆش گلەیـی بیـت... ئـەوه دەبێتـه هـۆی ڕق و کینـه لـه دڵـی مێردەکەتدا...

هەمیشه ئاگات له خۆت بێت و خۆت بڕازێنەوه...

❁❁❁

غیرەی نێوان ژن و مێرد (١)

زۆر کەس وا دەزانێ غیرە هەمیشە خراپە... دەبێت مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک غیرەی نەبێ... هەرجارێ هەستی کرد غیرە گرتوویەتی دەبێت دڵی خۆی هێور بکاتەوە و لەبیری خۆی ببات‌ەوە...

بەڵام لە ڕاستیدا غیرە هەمیشە خراپ نییە... ڕاستە غیرە هەیە خراپە، بەڵام غیرەی باشیش هەیە...

غیرەی باش:

- کاتێ غیرە لە شتێکی ناڕەوا دەکەی... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «إِنَّ اللهَ يَغَارُ، وَإِنَّ الْمُؤْمِنَ يَغَارُ، وَغَيْرَةُ اللهِ أَنْ يَأْتِيَ الْمُؤْمِنُ مَا حَرَّمَ عَلَيْهِ». متفق علیه. واتە: بەڕاستی خوای گەورە غیرەی هەیە... بەڕاستی مرۆڤی مسوڵمانیش غیرەی هەیە... غیرەی خوای گەورە ئەوەیە کە مسوڵمان کارێکی ناڕەوا بکات -هەر لەبەر غیرەیە بۆیە خوای گەورە کاری ناڕەوای لەسەر مسوڵمانان حەرام کردووە-.

- کاتێ ژن یا پیاو کارێکی ناڕەوا و ناشەرعی دەکات و ئەویتر غیرە دەیگرێ، ئەو غیرەیە غیرەیەکی باشە و لە جێی خۆیەتی... بۆیە ئامۆژگاری بەرامبەر دەکات و پێی دەڵێ: ئەو کارە ناڕەوایە و جارێکی تر مەیکە، بەڵام بە شێوازێکی ژیرانە و دانایانە پێی دەڵێ...

- کاتێ ژن یان پیاو دەبینێ هاوسەرەکەی کارێکی بەگومان دەکات، جێی خۆیەتی غیرەی لێ بکات... ئایینی ئیسلامیش لەگەڵ ئەوەدایە کە ژن و پیاو لەسەر کردنی کاری بەگومان غیرە لە یەکتر بکەن، چونکە ئەوە وا دەگەیەنێ کە پابەندن بە شەرعەوە... پابەندن بە پاراستنی کەسایەتی و شکۆی یەکترەوە...

جاری وا هەیە ژن و پیاو پێکەوەن... لەگەڵ دۆست و برادەری یەکتردا تێکەڵن... پیاو دەبینێ ژنەکەی تەواو خۆی ڕازاندووەتەوە و خۆی لە تەڵ داوە... لەگەڵ پیاواندا وەستاوە... ئەوەندەی لاشەی کە ڕووتە، ئەوەندەی دانەپۆشراوە... قسەی ئەویندارانە و عاشقانە دەکەن... قاقای پێکەنینیان تا ئەوبەری شەقام دەڕوا... پیاوەکەیشی یان لەگەڵ ژنێکی تردا قسە دەکات، یان وەستاوە و گوێ لە ژنەکەی دەگرێ... تەنانەت جار جاریش پێدەکەنێ و بزە دەیگرێ... دەیەوێ وا خۆی دەرخا کە من کەسێکی ڕۆشنبیرم... ئازادیخوازم... مافی ژن دەپارێزم... غیرە و میرەم نییە...

ئیتر بێئاگا لەوەی کە خوای گەورە بە ڕۆشنبیری نازانێ، بەڵکوو بە پیاوێکی بێغیرەت و کەمی دەزانێ...

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ: الْعَاقُّ بِوَالِدَيْهِ، وَالدَّيُّوثُ، وَرَجِلَةُ النِّسَاءِ». رواه الحاكم. واتە: سێ کەس ناچنە بەهەشتەوە... ئەو کەسەی بۆ دایک و باوکی خراپە... ئەو پیاوەی کە بێغیرەت و چاوشۆرە... ئەو ژنەی کە ڕەفتاری پیاوانە دەنوێنێ.

بەڵێ... دەزانن چاوشۆر کێیە؟ ئەو پیاوەی کە گوێی لێ نییە چ پیاوێک دێ بۆ لای ژنەکەی... کێ قسەی لەگەڵدا دەکات... چۆن پێکەوە دەمێننەوە... پێی ناخۆش نییە کە ژنەکەی لەگەڵ کێدا قسە دەکات... چۆن و بە چ شێوەیەک دەچێتە دەرەوە...

ژنێکیش ڕەفتاری پیاوانە لە خۆی دەرکات -نەعە نێرە- ئەو ژنانەن کە جلوبەرگی پیاوانە لەبەر دەکەن... ڕەفتاری پیاوانە دەنوێنن... وەک پیاو قسە دەکەن و دەجووڵێنەوە...

باشە کێ بێت ڕازی بێت بەوەی بە شایەتی پێغەمبەر(ﷺ) چاوشۆڕ و بێغیرەت بێت؟ چ ژنێ ئامادەیە چاوشۆڕی قەبوڵ بکات؟ هەندێ ژن شانازی بە ئەوەوە دەکەن کە توانیویانە بەسەر

غیرەی خۆیاندا زاڵ ببن... گوێیان لێ نییە میردەکانیان لەگەڵ ژنی خەڵکدا قسە بکا، یان هەڵپەڕێ، یا...

نەک هەر ئەوە، بەڵکوو هانیشی دەدا... لە ڕاستیدا ئەوە زاڵبوون نییە بەسەر غیرەدا... ئەوە بەزاندنی سنووری ئاکار و ڕەفتاری مرۆڤانەیە... ئەوە چوونە ناو سنووی ئاژەڵانەیە... ئەوە لادانە لە ڕێگای ڕاست...

جا لەم کاتانەدا غیرە زۆر شتێکی پێویست و باشە، چونکە بەرگریکردنە لە خراپە... خۆپاراستنە لە غەزەبی خوای گەورە...

* * *

غیرەی نێوان ژن و مێرد (٢)

خانەگومانی (غیرەی خراپ)

خانەگومانی بەو غیرە خراپە دەڵێن کە لەسەر بناغەی دڵپیسی بونیات نراوە... کابرا بەبێ هیچ بەڵگەیەک دل لە ژنەکەی پیس دەکات، یان ژن هیچی لە مێردەکەی نەدیوە، کەچی دڵی لێ پیس دەکات...

ئەمەیش تەنیا گومانی بەد و خانەگومانییە و هیچی تر -من پێموایە ناوی خانەگومانیش هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ناوەکە لێکدراوی دوو وشەی (خانە+ گومان)ـە، وشەی یەکەم لە وشەی (خائن)ـی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بووە بە خانە، (گومان) یش وشەیەکی کوردییە، کەواتە خانەگومان یانی ئەو گومانەی کە خائینە و خیانەت لە گومانکەر دەکات. وەرگێڕ-.

پێغەمبەر(ﷺ) نەهی لە خانەگومانی کردووە و فەرموویەتی: «مَنْ الْغَيْرَةِ مَا يُحِبُّ اللَّهُ وَمِنْهَا مَا يُبْغِضُ اللَّهُ فَأَمَّا الَّتِي يُحِبُّهَا اللَّهُ فَالْغَيْرَةُ فِي الرِّيبَةِ وَأَمَّا الَّتِي يُبْغِضُهَا اللَّهُ فَالْغَيْرَةُ فِي غَيْرِ رِيبَةٍ...». رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ. واتە: غیرەی وا هەیە خوای گەورە خۆشی دەوێ، غیرەی وایش هەیە خوای گەورە رقی لێیەتی، جا لەوانەی کە خۆشی دەوێ ئەو غیرەیەیە کە بەڵگەی هەبێ و سەرچاوەی لە گومانێکی بەهێزەوە گرتبێت... ئەوەیشی کە رقی لێیەتی ئەو غیرەیەیە کە سەرچاوەی لە گومانێکی لاوازەوە گرتووە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە -واتە: هەر خانەگومانییە-.

هەر لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لەوەی کە کاتێ پیاو لە سەفەر دێتەوە یەکسەر خۆی بکا بە ماڵدا...

عَنْ جَابِر، قَالَ: «نَهَى رَسُولُ اللهِ(ﷺ) أَنْ يَطْرُقَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ لَيْلًا يَتَخَوَّنُهُمْ، أَوْ يَلْتَمِسُ عَثَرَاتِهِمْ». رواه مسلم. واتە: جابر دەفەرموێت: پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کرد لەوەی کە پیاوێک -ئەگەر لەسەفەرێکی دوور هاتەوە- لە کتوپڕێکدا خۆی بکا بە ماڵدا، نەکا شتێک ببینێ و خانەگومانی بکا، یان چاو بۆ کەموکوڕی بدا.

جا پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لەوەی کە مرۆڤ شۆفاری بەسەر خەڵکەوە بکات، جا چجای ژنەکەی خۆی...

زۆر جار بیستومانە پیاو ئاوا لەناکاو خۆی کردووە بە ماڵدا و دوایی شتێکی بینیوە و بووە بە هۆی خانەگومانی...

ئەگەڕێ بەداوی ژنەکەیدا تا بزانێ لە کوێیە؟ جاری وا هەیە بۆنی کراسەکەی دەکات، بزانێ بۆچی بۆنی خۆشی لێدێ؟ تەماشای بەتانی و شتەکانی دەکات بزانێ تاڵە مووێەکی پیاوی بەسەرەوە نابینێ؟ تەماشای مۆبایلەکەی دەکات بزانێ لەگەڵ کێ و کێ قسەی کردووە؟ نامەی بۆ کێ و کێ ناردووە؟ کێ نامەی بۆ ناردووە؟جا بەبێ هیچ بەڵگەیەک بوختانی گەورەی بۆ دروست دەکات... گومانی خراپ بە قسە و جلوبەرگ و ڕەفتار و کرداری دەبات...

لە زۆر پیاویشمان بیستووە کە ژنەکەی لێی بەگومانە... ئەگەر زەنگی مۆبایلی مێردەکەی لێبدا و هەڵینەگرێ، ئیتر گومانی خراپ بە مێردەکەی دەبا، یان ئەگەر کەسێک بە ئەسپایی لە دەرگای دا ئەم لێرەوە گومان دەبا، یان مێردەکەی کەمێک درەنگتر لە کاتی خۆی گەڕایەوە گومانەکەی بەهێز دەکات و خانەگومان دەبێت...

ئەمجۆرە ڕەفتارانە ژیانی ژن و مێرد تاڵ دەکەن... ماڵ دەکەن بە جەهەننەم... متمانە لەناو دەبەن... ئەستەمە ژن و پیاوێک بەو حاڵەوە بتوانن تا سەر پێکەوە بژین...

دە تۆیش چوارچێوەیەکی فراوان بۆ کارەکانی ژنەکەت دیاری

بکـه... چاودێـری ورد و درشـتی کارەکانـی مەکـه...

ئەگـەر زانیـت غیرەکـەت لـه سـنووری ژیـری دەرچـووه و هیـچ بەڵگەیەکت نییـه و هێشتا دڵت ئارخەیان نابێت، وا باشتره بچی بۆ لای پزیشـکێکی دەروونـی و چارەسـەر وەربگـری...

- بـه کورتـی: غیـره بـه هەمـوو جۆرەکانیـەوه خـراپ نییـه، بەڵکـوو غیرەی خـراپ هەیـه و غیرەی باشـیش هەیـه... غیرەیش هەیـه لەنێوان بـاش و خراپدایـه... ئـەم جۆرەیـان ئەوەیـه کـه لەسـەر بنەمـای ژیـری بێت و سـنوور نەبەزێنـ... لـه چوارچێوەی شـەرعی نەچێتـه دەرەوه...

غیـره سروشـتێکه لـه گیانـی هەمـوو مرۆڤێکدا هەیـه، بـەڵام بـه شـێوەیەکی جیاواز... لـه ژنانـدا غیـره زیاتـره وەک لـه پیـاوان... ناکرێ مێـرد غیـرەی ژنەکـەی لـه بـن ڕیشـەکێش بـکات و بـه زەبـری هێـز لەنـاوی ببـا، چونکـه ئـەوه سروشـتێکه و خـوای گـەورە پێـی داوه...

خۆڕاگری یان ملکەچی...

- هەندێ ژن هەن واز لە زۆرێک لە دینداری خۆیان دێنن... ئەوەیش لەبەر خاتری مێردەکەیان...

ژن هەیە لەبەر ئەوەی مێردەکەی پێی خۆشە سەری ڕووت بێت و سفور بێت، وازی لە باڵاپۆشی هێناوە...

ژن هەیە لەبەر مێردەکەی تێکەڵی پیاوان دەبێت و شۆخی و گەپ و گاڵتەیان لەگەڵدا دەکات و بە دەمیانەوە پێدەکەنێ و بۆی پێدەکەنن، چونکە مێردەکەی ئەوە بە ڕۆشنبیریەت و پێشکەوتن دەزانێ...

سەرەتا بە وازهێنان لە خواپەرستی دەست پێ دەکات... دواتر بە کردنی تاوانی گەورە گەورە کۆتایی پێدێ...

ئێتر ئەو جۆرە ژنانە گوێ نادەنە خواپەرستی... بە مێردەکانیان ناڵێن: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: «لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ». رواه الطبراني و غيره. واتە: گوێڕایەڵی هیچ کارێک دروست نییە بۆ نافەرمانی کردگار.

یان ناڵێن: تۆ پیاوێکی باشی، بەڵام گوێڕایەڵی خوای گەورە لە تۆ لەپێشتر و باشترە...

کورە ژنی وا هەیە پاساویش دێنێتەوە و دەڵێ: الضرورات تبيح المحذورات... واتە: تەنگانە قەدەغە کراوەکان حەڵاڵ دەکات...

- ژنێک گلەیی لە مێردەکەی کرد و بە گوێی مێردەکەیدا چپاندی و وتی: ئازیزەکەم! لەبیرتە کاتێ سەفەرێکمان کرد، لەو سەفەرەدا تۆ پێتوتم: لەچەکەت فرێ بدە؟

ئەوەت لەبیرە بە منت وت: ئەو پزیشکە هەرچەند پیاوە، بەڵام

کێشه نییه برۆ با چاوی پێت بکەوێ بزانێ چیتە؟ کەچی پزیشکێکی ژن هەبوو وەک ئەو زیرەک و بگرە زیرەکتریش بوو...

تەماشای ژنانی بێژەر و ئەکتەر دەکات...

- ئەزانی چەندێ پێم ناخۆشە تۆ بەرامبەر تیڤی دادەنیشی و تەماشای ژنە بێژەر و ژنە ئەکتەر دەکەیت؟

ئەمە قسەی زۆرێک لە ژنانە...

مەگەر ئەو ژنانەی بە لاروڵەنجە دەچن بە رێدا ئەوانە تەپکەی شەیتان نین؟

ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە حەزرەتی عەلی دەفەرموێت: «يَا عَلِيُّ لَا تُتْبِعِ النَّظْرَةَ النَّظْرَةَ فَإِنَّ لَكَ الْأُولَى وَلَيْسَتْ لَكَ الْآخِرَةُ». رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ والدارمي. واتە: عەلی، نەزەر بە دوای نەزەردا مەکە... نەزرەی یەکەم لێت ناگیرێ و -بە تاوان ناژمێردرێ-، بەڵام ئەوی دووەمت لەسەر دەژمێردرێ و -بە تاوان لە سەرت دەنووسرێت-.

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَنْظُرُ إِلَى مَحَاسِنِ امْرَأَةٍ أَوَّلَ مَرَّةٍ ثُمَّ يَغُضُّ بَصَرَهُ إِلَّا أَحْدَثَ اللَّهُ لَهُ عِبَادَةً يَجِدُ حَلَاوَتَهَا». رَوَاهُ أَحْمَدُ. واتە: هەرمسوڵمانێک چاوی هەڵتەقی بە جوانی ژنێکدا و یەکەمجار -بە ناچاری چاوی پێی کەوت- و دوایی چاوی داخست و -سەیری نەکردەوە-، ئەوا خوای گەورە شیرینی ئەو خواپەرستییەی پێ دەچێژێنێ.

مەگەر نازانن چاوداخستن خواپەرستییە؟ مەگەر نازانن چاوداخستن دەتخاتە سەر رێگای بەهەشت؟

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «اضْمَنُوا لِي سِتًّا مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَضْمَنْ لَكُمُ الْجَنَّةَ: اصْدُقُوا إِذَا حَدَّثْتُمْ، وَأَوْفُوا إِذَا وَعَدْتُمْ، وَأَدُّوا إِذَا اؤْتُمِنْتُمْ، وَاحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ، وَغُضُّوا أَبْصَارَكُمْ، وَكُفُّوا أَيْدِيَكُمْ». رواه احمد والحاكم. واتە:

ئێوە ببنە دەستەبەری شەش شتی خۆتان، من دەبمە دەستەبەری بەهەشت بۆتان... کاتێ قسە دەکەن ڕاستگۆ بن... کاتێ بەڵێن دەدەن بیبەنە سەر... کاتێ ئەمانەتتان لە لا دادەنرێ بپارێزن... عەورەتی خۆتان بپارێزن... چاوتان -لە ئاست حەرام و نەزەردا- دابخەن... دەستی خۆتان بگرن و -مەیبەن بۆ تاوان-.

ئەو پیوانەی کە تەماشای ژن و کچی خەڵکی دەکەن، ناترسن خەڵکیش تەماشای ژن و کچی ئەو بکەن و ببێتە مایەی شەڕ و ئاژاوەی خێزانی؟

کوا پیاوەتی؟ کوا جوامێری؟ کوا غیرەت و داوێنپاکی؟ کوا چاوپاکی؟ کوا ڕێزگرتن لە هەستی ژن؟

***

کاتێ داوای شتی پێویستت لێ دەکەم...

ژنێک لە مێردەکەی دەپرسێ و دەڵێ: ئەوە باشە بۆ هەر من داوای پێویستییەکی ماڵەوەم کرد ئیتر تۆ ئاگر دەگری و تووڕە دەبیت؟

چاو دەگێڕی... فشاری خوێنت بەرز دەبێتەوە... هاوار دەکەیت و دەڵێی: هەی وێل خەرج... هەی دەستبڵاو... هەی... هەی...

ئەی تۆ نازانی بە شەرعی خوا و پێغەمبەر(ﷺ) فەرزە لە سەرت بە جوانترین شێوە من بەخێو بکەیت؟

ئەی تۆ نازانی ئەوە مافی خۆمە و ئیسلام بۆ ژنی دیاری کردووە؟

خۆ من ئەو شتانە نابەم بۆ ماڵی باوکم... بۆ خۆمم نییە... نایدەم بە ماڵی کاکم... نایفرۆشم...

هەر بۆ ماڵەکەی تۆم کڕیوە... بۆ تۆ... بۆ منداڵەکانت... بۆ میوانەکانت... بۆ هاوڕێکانت...

تۆ هەموو جارێک بە من دەڵێی: ئاخر من باری ئابووریم لاوازە... مووچە کەمە... چل شە و جارێک مووچە دەدەن... شت گرانە...

دەی خۆ منیش زمانم هەیە، منیش دەڵێم: خۆزگا جارێک باسی ئابووریت نەدەکرد... خۆزگە جارێک باسی نیو مووچە و چلەی مووچەت نەدەکرد... ئاخۆ کەی باری ئابووری تۆ بەهێز دەبێت؟ کەی مووچەکەت زۆر دەبێت؟

گوێ مەدەرێ پیاوەکە... وەرە با پێکەوە ماڵەکەمان ئاوەدان بکەینەوە... با لانەکەمان خۆشتر بکەین...

وەرە با پێکەوە بەرنامەیەک بۆ خەرجییەکانمان دابنێین... وەرە با بزانین چۆن مووچەکە بەسەر ڕۆژنەدا دابەش بکەین...

وەرە با هاوکاری یەکتر بکەین... ژیانی ژن و مێرد بە هاوکاری خۆشتر و پتەوترە...

- بە نەرمونیانی ئەو شتانەی پێ بڵێ... پێی بڵێ: کە بە پێی شەرعی ئیسلام بەخێوکردنی ژن و منداڵ پاداشتێکی گەورەی هەیە...

پێی بڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: «دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ فِي رَقَبَةٍ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ. أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ». رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

واتە: دینارێک لەپێناو خوادا بیکەی بە خێر و دینارێک بیکەی بە خێر بۆ ئەوەی کۆیلەیەک پێی ئازاد ببێ و دینارێک خەرجی بکەی بۆ ژن و منداڵەکانت، باشترین و گەورەترینیان ئەوەیە کە خەرجت کردووە بۆ ژن و منداڵەکانت.

- دەگیرنەوە دەڵێن: پیاوێکی چرووک و بەرچاوتەنگ بۆ بەجێگەیاندنی کارەکانی ڕۆیشت بۆ سەفەرێکی دوور... هیچی بۆ ژن و منداڵەکانی بەجێ نەهێشت... نامەیەکی بۆ ژنەکەی نووسی، ئەمە دەقی نامەکەی بوو:

ژنی خۆشەویستم... ئەم مانگە ناتوانم مووچەکەت بۆ بنێرمەوە، چونکە پێویستمە... شتێکیت بۆ دەنێرمەوە لە مووچەکە باشترە... سەد ماچ... مێردی دڵسۆزت.

باشە دەبێت ژنەکەی چی بکا بەوەی کە مێردەکەی بۆی ناردووە؟

پارە و سەروەت و سامان کۆڵەکەی ژیانە... ژیانی ژن و مێرد وەک درەختێکە... ئەو درەختە دەبێت ئاو بدرێ... خزمەت بکرێ... بۆ ئەوەی بە سەوزی بمێنێتەوە و بەر بگرێ... خۆشەویستی بە تەنیا هیچ سوودێکی نییە...

هـەر بۆیـە ژنێکی دانا بـە مێردەکـەی وت: مێردی ئازیزم... لەگـەڵ ئەوین و خۆشەویستییەکەتدا هەندێکیش پارە بنێرەوە...

بەڵـێ... دەبێت لـە بەخێوکردنـدا دانایـی بخەیتـە کار... نابێت چـرووک و بەرچاوتەنـگ بیت... نابێت زۆر دەسـتبڵاو بیت و هیچت بـە دەسـتەوە نەمێنـێ...

حەزرەتـی ئەبوبەکر دەفەرموێت: مـن ڕقـم لـەو مـاڵەیـە خـۆراک و پێویستی چەند ڕۆژێک بـە یـەک ڕۆژ بـەکار دێنـن...

مێردەکەم پیسۆکە (١)

- دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاوێک هەبوو زۆر پیسۆک و قرچۆک بوو... ژنەکەی مەنجەڵێ چێشتی لێنابوو... لەگەڵ ژنەکەیدا پێکەوە لەسەر سفرەی نانخواردن دانیشتن و دەستیان کرد بە خواردن... پیاوەکە چێشتەکەی زۆر بە لاوە خۆش بوو...

وتی: بەخوا چێشتێکی خۆشە، بەڵام خۆزگە ئەم قەرەبالغییە نەبوایە...

ژنەکەی وتی: قەرەبالغی چی... خۆ دووبەدووین، کەسمان لەگەڵ نییە؟

پیاوەکە وتی: پێم خۆشبوو تەنیا من و مەنجەڵەکە پێکەوە بووینایە...

توخوا شوورەیی نییە پیاوێک ئەوەندە بەرچاوتەنگ بێت نەتوانێ بە دڵێکی خۆشەوە نان بە ژن و منداڵی خۆی بدا؟

چ گەمژەیەک هێندەی ئەو کەسە گەمژەیە کە بەرامبەر ژن و منداڵی خۆی چاوچنۆکە؟

هەتا خۆی لە ژیاندا ماوە دڵی نایەت دینارێ بدا بە ژن و منداڵەکەی... کەچی دوای ئەوەی سەکەت بوو هەموو سەروەت و سامانەکەی بەجێدێڵێ و بە دەستی خاڵی دەچێتە نێو گۆڕی تەنگەوە...

من خۆم پیاوێکی دەوڵەمەند دەناسم، زۆر پیسکە و بەرچاوتەنگ بوو، دڵی نەدەهات ژن و منداڵەکانی خۆی تێر بکا... لە ناچاریدا ژنەکەی پەنای بۆ برایەکی خۆی برد... براکەی مامۆستا بوو...

ئەو ژنە نەیدەزانی مێردەکەی چەندێ پارە و سەروەت و سامانی هەیە... تا رۆژێک پیاوەکە سەکەت بوو... دوای تەواوبوونی

-بە ڕوالەت- پرسە و ماتەمی -لە ناخدا خۆشی و ئاهەنگێڕان- ژنەکەی تەماشا دەکات مێردەکەی یەکێکە لە ملیۆنێرەکان...

باشە ئەو ژیانە کەی ژیان بوو ئەو داماوە تێپەڕاند... هەتا مابوو نە زگی ژن و منداڵەکانی تێر کرد، نە خۆیشی دڵی هات شیشێ کەباب بکرێ و بیخوا... لەگەڵ خۆیدا چی بردە نێو گۆڕ؟ ئێستا دوای ئەوەی مرد، ژن و منداڵەکانی چۆن باسی دەکەن؟

مەگەر خوای گەورە فەرزی نەکردووە لەسەر پیاوان کە ژن و منداڵی خۆیان بە باشی بەخێو بکەن و قسوری نەکەن؟

بە گوێرەی شەرعی پیرۆزی ئیسلام دەبوو ئەو پیاوە خانوویەکی ڕێکوپێک بۆ ژن و منداڵەکانی دابین بکات...

بە گوێرەی سەردەم جلوبەرگی ڕێکوپێک و شایان بۆ ژن و منداڵەکانی بکرێ...

بە گوێرەی سەردەم خواردنی خۆش و باشیان بۆ دابین بکات...

ئەگەر نەخۆش کەوتن بیانبا بۆ نەخۆشخانە و چارەسەریان بکات...

بە گوێرەی پێویست پارەیان پێ بدات...

جگە لەوانەیش دەستگرۆیی هەژاران بکات...

زەکاتی سەروەت و سامانەکەی دەربکات و بیدا بەو کەسانەی زەکاتیان پێ دەشێ...

ئەگەر خوای گەورە سەروەت و سامانێکی بە کەسێک بەخشی، نابێت ئەو کەسە بەرچاوتەنگ و پیسۆک بێت... نابێت ژن و منداڵی لەو ناز و نیعمەتە بێبەش بکات...

ئەو مێردەی کە پیسۆکە و ژنەکەی بە باشی بەخێو ناکات، ئەوە قەرزاری لای خوا و بەندەکانی خوایە... ئەوە ئەرکەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی بەجێ نەگەیاندووە... مافی ژن و منداڵی خۆی نەداوە و پێشێلی کردووە...

پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: «كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُضَيِّعَ مَنْ يَقُوتُ». رواه احمد وابوداود و غیرهما. واتە: بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ تاوانبار بێت کە رزق و ڕۆزی لەو کەسانە بگرێتەوە کە پێویستە بەخێویان بکات.

- بێگومان دەبێت ژنیش ڕەچاوی باری ئابووری مێردەکەی بکات... داوای شتێک نەکا کە مێردەکەی لە توانایدا نەبێ...

جاری وا هەیە ژنەکە شتێکی دەوێ و مافی خۆیەتی کە هەیبێ، بەڵام مێردەکەی هەژارە و ئەو شتەی پێ ناکرێ، بۆ ئەوەی داواکاری ژنەکەی جێبەجێ بکات سێ ڕێگای لەبەر دەمە... سوالکردن... دزی... قەرزکردن... ئەم سێ شتە شیرینەکەیان لە کەکرە تاڵترە...

چ ژنێک ئەوەندە دڵی ڕەقە بۆ ئەوەی خۆی شتێکی دەست بکەوێ مێردەکەی ناچار بە یەکێک لەو سێ کارە دزێوە دەکات؟

دیارە هەر ژنێک بە دڵ و گیان مێردەکەی خۆش بوێ ئامادە نییە مێردەکەی ناچار بکات یەکێک لەو سێ کارە هەڵبژێرێ و پێی بکات...

ئەو ژنەی کە زیاتر لە پێویستی دەوێ، یان زیاد لە وزە و توانای مێردەکەی دەوێ... ئەوە خێزانەکەی ڕووبەڕووی هەژاری و نەداری دەکاتەوە... هیچ ژنێکی ژیر و لێزان کارێک ناکات خێزانەکەی ڕووبەڕووی هەژاری و نەداری ببێتەوە...

لە سەردەمی چاخی زێڕیندا ژنان داب و دەستووریان وابوو کاتێ مێردەکانیان بۆ کارکردن دەچوونە دەرەوە پێیان دەگوتن: لە خوا بترسە... نەکەی شتی حەرام بێنیتەوە ئەم ماڵە... ئێمە بەرگەی برسێتی دەگرین، بەڵام بەرگەی ئاگر ناگرین...

❁❁❁

مێردەکەم پیسۆکە (٢)

- ژنێکی دەوڵەمەند گلەیی دەکات و دەڵێ: مێردەکەم پیسۆکە... خەرجی مالەوە نادا... هیچمان بۆ ناکڕێ... تەنانەت ئەوەندە پارە بە خۆم نادا کە پێویستمە.

ژنەکە خۆی کچی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە... بە ئارەزووی خۆی پارەی تەخشان و پەخشان کردووە... بەوە ڕاهاتووە هەر شتێکی بینی و پێی سەیر بوو بیکڕێ... کەچی ئێستا داهاتی مێردەکەی بەشی ئەو تەخشان و پەخشانەی ناکا... ئەوە وای لێ کردووە بڵێ: مێردەکەم پیسۆکە...

لەڕاستیدا ئەم پیاوە پیسۆک نییە، بەڵکوو ژنەکەی بەو بارودۆخە هەژارانە ڕانەهاتووە... هەر بۆیە وا دەزانێ مێردەکەی پارەی هەیە و پێی نادا... بە پیسۆک و قرچۆکی دەزانێ... نازانێ نەبوونی چییە... نازانێ هەژاری چییە... نەیبینیوە... ئەو جۆرە ژنانە ئەگەر بڕوایان بە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەیە با ئەوە بزانن کە قەناعەت گەنجینەیەکە هەرگیز تیاناچێ... هەرگیز تەواو نابێت... دەوڵەمەند و زەنگینیش ئەو کەسەیە کە دڵی دەوڵەمەند بێت...

لەمەڕ کار و باری دونیا هەرگیز چاو بۆ لە خۆت سەرتر مەگێڕە، چونکە دونیا زۆر زوو تیادەچێت و نامێنێ... دڵنیا بە ئەگەر خۆڕاگر بی و بتەوێ، زۆر زوو لەگەڵ ژیانی نوێ و لەگەڵ بارودۆخی مێردەکەتدا ڕادێی...

دەبێت بە جوانی بیر لەو ئایەتی قورئانە بکەیتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾ إبراهيم: ٧ واتە: ئەگەر شوکرانەبژێر بن، بۆتان زیاد دەکەم...

بەڵێ... سوپاسگوزاری دەبێتە هەوێن و ئامیانی زیادبوونی ڕزق و ڕۆزی...

- حەزی لە تەخشان و پەخشانە...

ژنی وا هەیە هیوای گەورەی ژیانی ئەوەیە کە حەزی لە هەرچی کرد بیکڕێ... ئیتر گوێ ناداتە مێردەکەی کە بە چ ماندووبوون و فەلاکەتێک پارە پەیدا دەکات...

داوای شتی ناپێویست و گران دەکات... مێردی داماویش توانای کڕینی ئەو شتانەی نییە... داهاتی مانگانەی تەنیا بەشی شتە پێویستەکانی ماڵەوە دەکات... ئەو جۆرە پیداگریانەی ژنان ژیانی خێزانی تێک دەشکێنێ و پڕی دەکات لە کون و کەلەبەر...

مێردێکی هەژار ڕوو لە ژنەکەی دەکات و پێی دەڵێ: خۆشەویستەکەم! تۆ وا دەزانی من سکە لێدەدەم؟ گەنجینەم دۆزیوەتەوە؟ پێتخۆشە لەبەر تەتکە و مووروویی تۆ خۆم بکەم بەژێر کۆڵێ قەرزەوە؟ سسکە و پپکە و کرمەک و لەرزانەت بۆ چییە؟ فێس و ژێرچەنە و چاڕۆکە و کۆڵوانەت بۆ چییە؟ تەنیا لەبەر ئەوە یەک ڕۆژ بۆ ئاهەنگی نەورۆز یان شاییەک خۆتی پێ بڕازێنیتەوە و تەواو... دواییش بڵێی: جارێک ئەوانەم لەبەر کردووە و خەڵک بینیومی، ئیتر لەبەریان ناکەمەوە!

ئاخر خوا بەردارە؟ بەنە پێی ڕازییە؟ فەتوای شەرعە؟ حوکمی قازییە؟ بۆ ئاخر بۆ؟

بۆ لەپێناو یەک ڕۆژدا من دەکەی بە ژێر کۆڵێ قەرزەوە؟

خوا بەردارە من بکەومە سەر ساجی عەلی؟ خوا بەردارە ئابڕووی خۆم بکەمە بارمتەی ئاهەنگێ؟

پێت خۆشە من سەخڵەت بم؟ پێتخۆشە تووشی قەرزاری و دڵەڕاوکێ و خەوزڕان بم؟

ژنـی شـیرینم... مـن دەزانـم مافـی خۆتـە کـە هەرچیـت پێویسـت بێ بـۆت بکـرم، بـەڵام دەبێـت تۆیـش رەچـاوی بـاری ئابـووری مـن و داهاتـی مـن بکـەی...

جار جار هۆکارێک لە پشتەوەی چرووکی پیاوەوە هەیە...

- جـاری وا هەیـە پیـاو بـرە پارەیـەک قـەرزارە و دەبێـت بیداتـەوە... هـەر بۆیـە کەمتـر پـارە بـۆ ژن و منداڵەکانـی خـەرج دەکـات بـۆ ئـەوەی کـۆی بکاتـەوە و قـەرزەکانـی پـێ ببژێـرێ...

- جـاری وا هەیـە ژنهێنـان بووەتـە هـۆی قـەرزاری کاکـی زاوا... خـەزووری یـان هاوسـەرەکەی بیانـووی زۆریـان لـێ گرتـووە... مارەیـی زۆریـان لـێ سـەندووە... زێـڕ و خشـڵ و کەلوپەلێکـی زۆریـان پـێ کڕیـوە... دوو سـێ ملیۆنیـان هـەر لـە شـایی و زەماوەنـدا خـەرج کـردووە... ئیتـر ئەویـش قـەرزار بـووە... دەبێـت قەرزەکانـی ببژێـرێ... دەبێـت کەمتـر پـارە بـۆ ژن و منـداڵ خـەرج بـکات بـۆ ئـەوەی بتوانـێ مانگانـە هەندێـک لـە قـەرزەکان بداتـەوە...

- جـاری وا هەیـە پیـاو نـەک هـەر ژن و منداڵـی خـۆی لەسـەرە کـە بـە خێویـان بـکا، بەڵکـوو جگـە لـەوان دایـک و باوکێکـی پیـر و دوو سـێ خوشـکی لـە ماڵـەوە مـاون... دەبێـت ئەوانیـش بەخێـو بـکا... ئەمەیـش بووەتـە هـۆی بارگانـی لـە سـەری... بۆیـە ناتوانێـت وەک پێویسـت پـارە بـۆ ژن و منداڵەکانـی خـەرج بـکات...

- جگـە لەوانەیـش هەندێ پیـاو هـەن بـە دزی ژنەکانیانـەوە یارمەتـی هـەژاران و لێقەومـاوان دەدەن... پیرەژنێکـی بێکـەس بەخێـو دەکـەن... یارمەتـی هەتیوبارێـک دەدەن... ئەوانـە بـە جۆرێـک خێـر دەکـەن پێیـان خـۆش نییـە دەسـتی چەپیـان بـە دەسـتی ڕاسـتیان بزانـێ... زۆر بـە نهێنـی خێـر دەکـەن... تەنیـا خـوا ئـاگاداڕە و بـەس...

- ئەگەر پیاو بە ئەندازەی پێویستی ژنەکەی پارەی پێ نەدا... هەژاریش نەبوو... ئەوە چرووکی و قرچۆکی و بەرچاوتەنگییە... ئەوە ئەو جۆرە پیاوانە لای خوای گەورە بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێن... خوای گەورە سزایان دەدا...

ئەو جۆرە پیاوانە بە ناو پیاون، ئەگینا ڕەگ و ڕیشەی پیاوەتی لە گیانیاندا بوونی نییە... ئەوانە ئەو جۆرە کەسانەن کە دەبنە هۆی تێکدانی ژیان و ناشیرینکردنی پیاوان لە بەرچاوی ژناندا...

قەرزەکان کەڵەکە دەبن...

- زۆر جار بیستوومانە پیاوی وا هەیە کورد گوتەنی، دەیەوێ لە پڕێ ببێ بە کوڕێ... بەبێ ئەوەی پرس و ڕاوێژێ بە کەسێکی لێزان بکا خۆی ئەکا بە ناو کڕین و فرۆشتنێکی گەورەدا... دەم لە بازرگانی دەکوتێ... کەچی تووشی زیانێکی زۆر دەبێت و ئەوەندە قەرزار دەبێت لە ژێری دەرناچێ...

پیاوی وا هەیە قەرز دەکات و بە پارەی قەرز بازرگانی دەکات... هیچیشی لێ نازانێ... شت بە قیست و بە گران دەکڕێ... بە هەرزان و بە پارەی حازر دەیفرۆشێتەوە... پارەکەیش لە شتی بێسوود و بێ کەڵکدا خەرج دەکات... کاتی بە هۆش خۆی دێتەوە دەزانێ قەرزەکانی کەڵەکە بووە و توانای بژاردنی نەماوە...

بە برا بەڕێزەکان دەڵێین:

- دەبێت بزانن کە قەرزکردن ڕ باریکی گرانە... چەندێ عەرشی کەسایەتی پیاو دەخاتە لەرزەوە... هەم لە ژیاندا و هەم دوای مردنیش بارگرانییە بۆ خۆت و مال و منداڵت...

- هەرگیز لە کتوپڕدا خۆت نەکەی بە ناو بارزگانیدا... دەبێت پێشتر بە وردی لێی بکۆڵیتەوە و لێی ورد ببیتەوە... جوان لێی شارەزا ببیت... پرس و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بکەی... دوایی پشت بە خوای گەورە ببەستی و ناوی خوای لێ بێنی...

- دەبێت پیاو لە ژیاندا دەستبلاوی نەکات... قرچۆکیش نەبێ... نە زێدەڕەوی بکات و نە پیسۆکی...

- ئەگەر قەرزاری دەبێت بزانی داهاتی مانگانەت چەندە... دوای ئەوە خشتەیەک بۆ خەرجکردنی پارە و پێویستی ماڵەوە دابنێ...

ئەوەیشی کە زیادە بیدەرەوە بە خاوەن قەرزەکان...

- هەرگیز شتێ بە قیست نەهێنی کە قیستەکەی زۆربێ و نەتوانی بە ئاسانی بیدەیتەوە...

- شتی ناپیویست مەکرە... شتێ کە گرنگ و پێویست نەبێ خۆتی لێ بپارێزە و بەلایدا مەچۆ...

- هەرگیز قەرز بە قەرز نەبژێری، چونکە بارگرانی زیاترت بۆ دروست دەبێت و لای زۆر کەس تووشی سەرشۆڕی دەبی...

بە خوشکانیش دەڵێین:

- دەست بە سەروەت و سامان و داهاتی مێردەکەتەوە بگرە... بەبێ پرسی ئەو خێر مەکە... ئەگەر زانیت ڕازییە و پێی خۆشە ئەوا خێر بکە، ئەگینا مەیکە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا تُنْفِقُ امْرَأَةٌ شَيْئًا مِنْ بَيْتِ زَوْجِهَا إِلَّا بِإِذْنِ زَوْجِهَا. قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا طَعَامٌ؟ قَالَ: ذَلِكَ أَفْضَلُ أَمْوَالِنَا». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ. واتە: هیچ ژنێک بەبێ پرسی مێردەکەی لە مالی میردەکەی نەکات بە خێر... وترا: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خواردنیش؟ فەرمووی: دەی خۆ خواردن باشترین مالە.

- واتە: دروست نییە خواردنیش بکرێ بە خێر مەگەر ئەوەی کە ژنەکە دڵنیا بێت کە مێردەکەی ڕازییە، یان پێشتر پرسی کردبێ-.

- دەبێت ژن مێردەکەی ڕابێنێ بۆ ئەوەی بە پێی پێویستی پارە خەرج بکات... شتێ کە گرنگ نییە نەیکرێ... نابێت ژنان زۆر لە پیاوان بکەن بۆ ئەوەی جلوبەرگی گرانبەهایان پێ بکڕن، یان مانگی جارێک بچن و لە خۆشترین و بەناوبانگترین خواردنگە و چێشتخانە ژەمە خواردنێک بخۆن، یان سالانە جارێک بچن بۆ وڵاتێک یان قەراخ دەریایەک...

- ئەگەر مانگێک مێردەکەت پارەیەکی زیاتری دەست کەوت، بۆ

نموونـه: پاداشـتێکی وەرگـرت، یـان زێـدە کارێکـی کـرد، ئـەوا دەسـت بـەو زیـادەوە بگـرە و خەرجـی مەکـە، بەڵکـوو کـۆی بکـەرەوە و هەڵیبگـرە بـۆ داهاتـوو... نـەکا پێویسـتتان بێـت...

- ئەگـەر مێردەکـەت هەژار بـوو، تۆ لـە سـەروەت و سـامانی تایبـەتی خۆتـی پـێ ببەخشـە... ئەگـەریش هیچـت نییـە ئـەوا خۆڕاگربـە و بۆڵـە بۆڵـی بەسـەردا مەکـە، بەڵکـوو ئـەوە خوایـە لـە لایەکـەوە دەرویەکـی خێرتـان لـێ بکاتـەوە و ژیانتـان خـۆش بکـات...

- لایەنـی مێردەکـەت بگـرەو ببـە بـە پشـت و پەنـای... ئەگـەر منداڵەکانـت داوای شـتێکیان کـرد و مێردەکەیشـت بـاری دارایـی لاواز بـوو، ویسـتی هەرچۆنێـک بـێ داواکاری منداڵـەکان جێبەجـێ بـکات، ئـەوا پێـی بڵـێ: ئازیزەکـەم... مـن دەزانـم تـۆ هیـچ کاتـێ کەمتەرخەمیـت نەکردووە... ئێمـە هەرچیمـان ویسـتبێ تـۆ بـۆت کڕیویـن، بەڵام ئێسـتا و ئالـەم کاتـەدا پێویسـت ناکا زۆر بکـەی لـە خـۆت و داواکاری منداڵـەکان جێبەجـێ بکـەی...

هەرگیـز نەڵێـی: پێویسـت نـاکا بیکـڕی، خۆمـان لـە قنگـی سـەگ سـوال دەکەیـن...

- ئەگـەر بـە پـارەی تایبـەتی خـۆت شـتێکت بـۆ مالـەوە کـڕی، پێـی نەڵێـی: دەمـەوێ یارمەتیـت بـدەم، بەڵکـوو بڵـێ: پێمخۆشـە لەگەڵتـدا هاوبـەش بـم و پێکـەوە پێویسـتییەکان دابیـن بکەیـن...

پیسۆکی کارەساتی لە شوێن دێ...

سەرەنجامی پیسۆکی:

- ژن رِقی لە مێردی پیسۆکە... ژن پیاوی دڵاوا و بەخشندەی خۆش دەوێ...

- کاتێ پیاو لە مااڵەوە پیسۆکە، ژن و منداڵەکانی هەست بە بێبەشی و بێکەسی دەکەن... وا نازانن میرد و باوکێکیان هەیە و لە سایەیدا حەساونەتەوە... جگە لەوەیش لەوانەیە ژن و منداڵ دەست بۆ کاری نارِەوا ببەن و دزی لە مێرد و باوکیان بکەن...

- ژن ناچار دەبێت بەبێ پرسی مێردەکەی، پارە لە دەخیلەی مێردەکەی هەڵگرێ و خۆیی و منداڵەکانی پێ بژێنێ... خوای گەورەیش ئەوەی رِەوا کردووە... ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان زۆر پیسۆکن و بەخێویان ناکەن، دەتوانن بێ پرسی پیاوەکانیان پارە ببەن و خەرجی بکەن، بەڵام بە گوێرەی پێویست... نابێت زێدەرِەوی تیابێ...

عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: دَخَلَتْ هِنْدٌ بِنْتُ عُتْبَةَ امْرَأَةُ أَبِي سُفْيَانَ عَلَى رَسُولِ اللهِ(ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ، لَا يُعْطِينِي مِنَ النَّفَقَةِ مَا يَكْفِينِي وَيَكْفِي بَنِيَّ إِلَّا مَا أَخَذْتُ مِنْ مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمِهِ، فَهَلْ عَلَيَّ فِي ذَلِكَ مِنْ جُنَاحٍ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ): «خُذِي مِنْ مَالِهِ بِالْمَعْرُوفِ مَا يَكْفِيكِ وَيَكْفِي بَنِيكِ». رواه الشيخان. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: هیندی کچی عوتبە ژنی ئەبوسوفیان بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڕاستی ئەبوسوفیان پیاوێکی قرچۆکە... ئەوەندە شتمان پێ نادا خۆم و منداڵەکانی پێ بەخێو بکەم، مەگەر ئەوەی کە خۆم بە

دزییەوە بیبەم... ئایە ئەو کارەی من گوناح و تاوانە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوەندەی کە بەشی خۆت و منداڵەکانت بکا، بیبە، بەڵام بەبێ زێدەڕەوی و ئیسرافکردن.

- جاری وا هەیە ژن بە دزی میردەکەیەوە پارە لە دەخیلە دەردەکات و دەیبا و خۆی و منداڵەکان بەخێو دەکات و قسە ناکات بۆ میردەکەی، لە ترسی ئەوەی نەکا میردەکەی لێی تووڕە ببێ و زیاتر ئاگاداری پارەکەی بێت و چاودێری ورد بخاتە سەر سەروەت و سامانەکەی، یان بیبا لە بانک یان لە شوێنێکی تر دایبنێ و ژنەکە دەستی پێی نەگا...

- پیاوی قرچۆک و پیسۆک سەردانی خزم و کەسوکار ناکا... سەردانی هاوڕێ و دۆستەکانی ناکا... لە ترسی ئەوەی نەکا ناچاربێت شتێکیان بۆ بکڕێ، یان ئەوانیش بێنە ماڵی ئەم و ناچاربێ میواندارییان لێ بکا... هەر لەبەر ئەوە سیلەی ڕەحم لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەپچڕێنێ... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: «الرَّحِمُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ تَقُولُ مَنْ وَصَلَنِي وَصَلَهُ اللهُ، وَمَنْ قَطَعَنِي قَطَعَهُ اللهُ». رواه مسلم. واتە: سیلەی ڕەحم دەستی گرتووە بە عەرشی پەروەردگارەوە، دەڵێ: هەرکەسێ من جێبەجێ بکا، خوای گەورە دەیپارێزێ و پاداشتی دەداتەوە... هەرکەسیش من بپچڕێنێ، خوای گەورە سزای دەدات و بەزەیی پیا نایەتەوە.

- مرۆڤی قرچۆک و پیسۆک لە خوای گەورەوەوە دوورە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «السَّخِيُّ قَرِيبٌ مِنَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْجَنَّةِ قَرِيبٌ مِنَ النَّاسِ بَعِيدٌ مِنَ النَّارِ. وَالْبَخِيلُ بَعِيدٌ مِنَ اللَّهِ بَعِيدٌ مِنَ الْجَنَّةِ بَعِيدٌ مِنَ النَّاسِ قَرِيبٌ مِنَ النَّارِ. وَلَجَاهِلٌ سَخِيٌّ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ عَابِدٍ بَخِيلٍ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيّ. واتە: مرۆڤی دڵاوا و مەرد و ڕەند لە خوای گەورەوە نزیکە... لە بەهەشتەوە نزیکە... لە خەڵکەوە نزیکە...

لە ئاگری دۆزەخەوە دووەم... مرۆڤی قرچۆک و پیسۆکیش لە خوای گەورەوە دووەم... لە بەهەشتەوە دووەم... لە خەڵکەوە دووەم... لە ئاگری دۆزەخەوە نزیکە... بەخوا خوای گەورە مرۆڤی نەزان و دڵاوا و ڕەندی لە خواپەرستێکی قرچۆک و پیسۆک خۆشتر دەوێ.

چەند ئامۆژگارییەک بۆ ژنی پیاوی پیسکە و قرچۆک:

- هەوڵ بدە زیاتر لە حەفتا بیانو بۆ قرچۆکی مێردەکەت بێنیتەوە...

- ئەگەر هیچ بیانوویەک نەبوو، ئەوا پێکەوە دانیشن، سەرەتا بە چەند قسەیەکی خۆش دەست پێ بکە... بەرامبەر هەر چاکەیەک کە دەرهەقی تۆ کردوویەتی سوپاسی بکە... تێبیگەیەنە کە ئەو کەسێکی گرنگە لە ژیانی تۆدا... دواتر بە نەرمونیانی هۆکاری قرچۆکی لێ بپرسە...

- هەر شتێکت دەوێ بە نەرمی و لەسەرخۆ داوای بکە... نەکەی باسی دڵاوایی خزمەکانی خۆت و قرچۆکی ئەو پێکەوە بکەی...

- ئەگەر دڵنیای کە ئەو شتانەی تۆ دەتەوێ مافی خۆتە، ئەوا دەستبەرداری مەبە، بەڵام بە لێزانانە، نەک بە هاوار و دەمەقاڵێ...

- کتێبێک بکرە کە باسی مافەکانی ژن و مێرد بکا لەسەر یەکتر، بە دیاری پێی بدە، یان هەر کتێبێ کە باسی گەورەیی بەخشین و مال و منداڵ بەخێوکردن بکات... هانی بدە با بیخوێنێتەوە...

- بە بیری بێنەوە کە باشترین و گەورەترین خێر ئەوەیە کە پیاو مال و منداڵی خۆی بەخێو بکات و نەهێڵێ ئاتاجی هیچ شتێک بن... پێی بڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووێەتی: «يَدُ الْمُعْطِي الْعُلْيَا، وَخَيْرُ الصَّدَقَةِ مَا أَبْقَتْ غِنًى، وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ، تَقُولُ امْرَأَتُكَ: أَنْفِقْ عَلَيَّ أَوْ طَلِّقْنِي، وَيَقُولُ وَلَدُكَ: يَا أَبَتِ، إِلَى مَنْ تَكِلُنَا؟ وَيَقُولُ خَادِمُكَ: أَطْعِمْنِي وَاسْتَعْمِلْنِي». رواه الطبراني. واتە: دەستی باڵا دەستی ئەو کەسەیە

که بەخشندەیە... باشترین خێرکردن ئەوەیە -دوای خێرەکە- بەشی خۆت مابێتەوە... لەو کەسانەوە دەست پێ بکە کە بەخێوکردنیان لەسەر تۆیە... ژنەکەت دەڵێ: یان بە باشی بەخێوم بکە، یان تەڵاقم بدە... منداڵەکەت دەڵێ: باوکە! تا کەی ئاوا وێڵمان دەکەیت و بەخێومان ناکەی؟ خزمەتکارەکەت دەڵێ: تێرم بکە و کارم پێ بکە.

- لە بیرت نەچێ هەموو جارێک پەنا ببەرە بەر خوای گەورە و لێی بپارێوە...

- با هەمووان لە پیسۆکی و قرچۆکی هەڵێین... با پەنا ببەینە لای خوای گەورەو داوای لێ بکەین لە قۆچۆکی و پیسۆکی بمانپارێزێ... با وەک پێغەمبەر(ﷺ) بڵێین: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحُزْنِ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ». مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە: خوایە پەنات پێ ئەگرم لە خەفەتخواردن بۆ داهاتوو، لە خەفەتخواردن بۆ ڕابردوو... لە بێدەسەڵاتی... لە تەمبەڵی... لە ترسنۆکی... لە قرچۆکی و پیسۆکی... لە قەرزێک توانای بژاردنیم نەبێ... لەوەی خەڵک زاڵبن بە سەرمدا.

❁❁❁

ژنێکی سکاڵاکەر...

- بێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر ژەنگی مۆبایلەکەت یان تەلەفۆنەکەت لێیدا... یەکێک بە دەنگێکی کزۆل پێت بڵێ: تۆ ژنی فلانەکەسی؟ تۆیش بڵێی: بەڵێ فەرموو... دوایی پێت بڵێ: بەداخەوەم مێردەکەت مرد... تۆ ئەو کاتە چۆن هەستێکت دەبێت؟

دوای ئەوە دەزانی مێردەکەت هێشتا زیندووە و نەمردووە... دێتەوە بۆ لات... دەی ژیری و هۆشی خۆت بخە کار... پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ...

- بۆ ئەوەی ژنێکی نموونەیی بێت داوای پاداشت لە خوای گەورە بکە... داوای پاداشتی ئەوەی کە دڵی مێردەکەت لە خۆت ڕازی کردووە... گوێڕایەڵیت کردووە... دڵی مێردەکەت خۆش کردووە... ڕازیبوونی مێردەکەت هۆکارێکە بۆ ڕازیبوونی خوای گەورە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ مَاتَتْ وَزَوْجُهَا عَنْهَا رَاضٍ دَخَلَتِ الْجَنَّةَ». رواه الترمذي و ابن ماجه. واتە: هەر ژنێک بمرێ و مێردەکەی لێی ڕازی بێت، دەچێتە بەهەشتەوە.

ئەوەت لەبیر بێت کە ڕازیکردنی دڵی مێردەکەت بەشێک و جۆرێکە لە خواپەرستی... لە ماڵیشەوە هەر کارێک دەکەی نیێتی ئەوەت هەبێ کە خوای گەورە لە خۆت ڕازی بکەی... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا تُؤْذِي امْرَأَةٌ زَوْجَهَا فِي الدُّنْيَا إِلَّا قَالَتْ زَوْجَتُهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ: لَا تُؤْذِيهِ قَاتَلَكِ اللَّهُ فَإِنَّمَا هُوَ عِنْدَكِ دَخِيلٌ يُوشِكُ أَنْ يُفَارِقَكِ إِلَيْنَا» . رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ. واتە: لە دونیادا هەر ژنێک -بە ناهەق- ئازاری دڵی مێردەکەی بدات، ئەو حۆریانەی کە لە بەهەشتدا دەبنە هاوسەری ئەو پێیاوە دەڵێن: ئازاری مەدە خوا

بتکوژێ... ئەو پیاوە لای تۆ میوانە... زۆری نەماوە بەجێتبهێڵێت و بێت بۆ لای ئێمە.

ئەگەر ویستت ڕۆژووی سوننەت بگری، پێش ئەوەی پرس بە مێردەکەت بکەی، ڕۆژووەکە نەگری...

ئەگەر ئەو ڕازی نەبوو، ڕۆژووەکە مەگرە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ، إِلَّا بِإِذْنِهِ، وَلَا تَأْذَنُ لِرَجُلٍ فِي بَيْتِهَا وَهُوَ كَارِهٌ». رواه الطبراني و ابن حبان و غيرهما. واتە: ڕەوا نییە بۆ هیچ ئافرەتێک کە مێردەکەی لەماڵدا بێت، ڕۆژوو بگرێ، مەگەر بە پرسی ئەو... ڕەوا نییە ڕێ بە هیچ کەسێک بدات بێتەوە ماڵەوە، مەگەر بە پرسی ئەو.

هەمیشە ئەوەت لە بیردا بێت کە زۆربەی پیاوان پێیان خۆشە ژنەکانیان بە ئاشکرا و نهێنی، پابەند بن بە خواپەرەستییەوە... بە گوێرایەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ)... پێیان خۆشە ژنەکانیان ژنێکی باش و دامەزراو و ڕەفتار و ئاکار چاک بن...

- خوشکی بەڕێز... بە مێردەکەت بڵێ: دۆعای خێرم بۆ بکە... ئەو قسە وا لە مێردەکەت دەکات کە هەست بکا تۆ هەمیشە لە پەنای ئەودای، تۆ نیازت بە دوعای خێری ئەوە و ئەوەیشت لێ دەوێ... تۆ هەمیشە هەوڵ دەدەی دڵی ئەو لە خۆت ڕازی بکەی...

پێی بڵێ: هاوڕێکانم خۆزگەم پێ دەخوازن و پێم دەڵێن: مێردی زۆر باشت هەیە... ئەوە وا لە مێردەکەت دەکات کە گومانی ئەوە ببا تۆ لای هاوڕێکانیدا بە باشە باست کردووە... هەرگیز و بە هیچ جۆرێ باسی خراپەکانی ئەوت نەکردووە...

پێی بڵێ: ئەگەر دیسان ببمەوە بە کچە عازەب و بگەڕێمەوە بۆ سەردەمی زگوردی، هەر تۆ هەڵدەبژێرمەوە و مێرد بە تۆ دەکەمەوە... ئەوە وای لێدەکات کە ئارخەیان و دڵنیا بێت کە تۆ لە

ژیانی هاوسەریت ڕازیت... ئەوت خۆش دەوێ... لێی پەشیمان نیت...

- حەزرەتی حەسەنی کوڕی حەزرەتی عەلی بە عایشەی ژنی خۆی فەرموو: کاری خۆت بە دەست خۆت! -یانی: ئەگەر دەتەوێ تەلاقت بدەم، ئەوا تەلاقم دای، ئەگەر دەتەوێ لە لای من بمێنیتەوە، بمێنەوە-.

عایشەی ژنی وتی: بیست ساڵ بە دەستی تۆوە بوو بە باشی پاراستت، ئەگەر کاتژمێرێک بکەوێتە دەستی منەوە، منیش دەیپارێزم و ڕەنجی بیست ساڵەی تۆ نادەم بە بادا... ئەوا کاری خۆتم گەڕاندەوە بۆ خۆت.

حەزرەتی حەسەن ئەو قسەیەی زۆر پێخۆش بوو... لێی ڕازی بوو و لای خۆی گلی دایەوە و دڕێژەیان بە ژیانی هاوبەشی خۆیان دا...

کەللەڕەق مەبە...

- کێشەی هەرە گەورەی نێوان ئەو ژن و مێردانەی کە پێکەوە نایانکرێ، ڕقایەتی و کەللەڕەقییە... جا تۆ چوزانی ڕکایەتی چییە؟

ڕقایەتی و لە کەری شەیتان نەهاتنە خوارەوە، دەبێتە تارمایی و سێبەرێکی ڕەش بەسەر ژیانی ژن و مێردەوە... ڕێگا بۆ شەیتان خۆش دەکات بە ئارەزووی خۆی فوو لە ئاگری نێوانیان بکات... نێوکەکانی خۆی لە یەکتر بسوێ...

- دیمەنێکی ڕکایەتی:

پیاوێک هەر زەنگی دەرگای دەرەوەی لێدەدا... ژنەکەی لە ماڵەوە ڕاکشابوو... هەڵنەسا بۆ ئەوەی دەرگاکەی لێ بکاتەوە... لە دڵی خۆیدا وتی: خۆ خۆی کلیلی پێیە...

باشە بۆ ئەوەندە ڕکە و هەر زەنگ لێدەدا؟ دەیەوێ بەوجۆرە خۆی بەسەر منداڵ بسەپێنێ...

لە کۆتاییدا هەستا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت... دەبینێ مێردەکەی بە هەردوو دەستی کۆمەڵێک پێداویستی ماڵەوەی هەڵگرتووە... بە سەری فشار دەخاتە سەر دوگمەی پلاکی زەنگەکەوە و زەنگ لێدەدا...

ژنەکە دەستی کرد بە چەلەحانێ... وشە بە وشە وەڵامی پیاوەکەی دایەوە... وتی: دەی خۆ دەتتوانی شتەکان لەسەر زەوی دابنێی و دەرگاکە بکەیتەوە... دوایی شتەکان هەڵگرێتەوە...

باشە من لە ئێوە دەپرسم: ئەم ژنە دەیەوێ درێژە بە ژیانی هاوسەری بدات؟

کامیان پێش دەکەوێ... ڕکی پیاوەکە یان ڕکی ژنەکە... کامیان کەللەڕەقن؟

- ئەو پیاوەی لەسەر ڕا نادروستەکەی خۆی سووڕە... ئەو پیاوەی بڕیاری هەڵە دەدات و دەیەوێ بەو بڕیارەی کەللەڕەقی بکات و گوێ بۆ ژنەکەی نەگرێ... ئەوە دوور لە ڕووتان پیاوێکی نەزان و نەفامە...

ئەوە ئەو پیاوە ڕەچاوی ژیانی هاوسەری ناکات... ئەوە فیزی بێمانا دەنوێنێ... ئەوە دەیەوێ شتی وا بسەپێنێ کە تەنیا لە مێشکی ئەودا بوونی هەیە و لە مێشکی هیچ مرۆڤێکی ژیردا جێگەی نابێتتەوە...

جگە لەوانەیش ڕێزی ژنەکەی لەدەست دەدا... چیتر ژنەکەی وەک جاران ڕێزی ناگرێ...

- دەروونناسان دەڵێن: کەللەڕەقی هەم لە پیاودا هەیە و هەم لە ژندا، بەڵام لای ژنان زەقترە... کەللەڕەقی تاکە چەکێکە ژنان بەرامبەر پیاوان بەکاری دێنن... لە بەرامبەر هێز و دەسەڵاتی پیاودا... لە بەرامبەر خۆپەرستی پیاودا...

بێگومان کەللەڕەقی یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی تێکچوونی نێوان ژن و مێرد...

کەللەڕەقی خۆی فڕێ دەداتە نێو ژیانی ژن و مێردەوە... جا ئەگەر ژن و مێرد ژیر نەبن و پێکەوە نەسازێن، ئەوا ئەو کەللەڕەقییە دەبێتە پەتا و منااڵکانیش دەیگرن و ئەوانیش لە پاشەڕۆژدا بۆ منااڵی خۆیانی دەگوازنەوە...

کەللەڕەقی نیشانە و بەڵگەی بێئاوەزی و نەفامییە... هەوڵدانێکە بۆ سەپاندنی ڕا و بۆچوون... ڕەتکردنەوەی قسەی بەرامبەرە بەبێ بەڵگە... ئەگەر داوای بەڵگەیش بکرێ دەست دەکات بە وێڕەوێڕ...

پیاو هەرگیز بەر لە ژن کەللەڕەقی نانوێنێ... مەگەر ئەوەی هەر لە باوانەوە ئەو کەللەڕەقییەی بە میرات بۆ ماوێتەوە...

میـردی کەللـەڕەق هەمـوو هەوڵێکی خـۆی دەخاتـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی زاڵبـێ بەسـەر ژنەکەیـدا... ئیتـر گوێـی لـە نادروسـتی ڕا و بۆچوونـی خـۆی و دروسـتی ڕا و بۆچوونـی ژنەکـەی نییـە...

جـا کاتـێ پیـاو کەللەڕەقـی دەکات... ژنەکـەی دەخاتـە گێـژاوەوە، یـان ئەوەتـە ئەویـش کەللەڕەقـی دەکات، یـان بیدەنـگ دەبێـت و هیـچ نالـێ و خـۆی لـەو ڕەفتـارە قێـزەونـە دەربـاز دەکات و دڵـی دەشـکێ...

***

ژنەکەم کەللەڕەقە...

کێشەی کەللەڕەقی ژن لەوەدایە بە کێشەیەکی بچووک دەست پێ دەکات... دواتر زیاد دەبێت و گەورە دەبێت -خوا پەنا بدا- کار دەگاتە تەلاق و لە یەکتر جودابوونەوە...

کەللەڕەقی ژن لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

- ژنی وا هەیە وا دەزانێ کەللەڕەقی کەسایەتی ئەو بەهێز دەکات... لای مێردەکەیدا خۆشەویستی دەکات... ئیتر مێردەکەی دەبێت بە دێوی قۆرییەکەی عەلادین و داوای هەرچی لێ بکات کتوپڕ بۆی جێبەجێ دەکات...

- جاری وا هەیە کەللەڕەقی بۆی ماوەتەوە... هەر لە دایک و باوکەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە، چونکە ئەوانیش -خوا عەفوویان بکات- کاتی خۆی کەللەڕەق بوون، یان پەروەردەی دایک و باوکی هەڵە بووە، چونکە ئەگەر منداڵ لەسەر شتی بچووکیش سەرکۆنە کرا ئیتر کەللەڕەق دەردەچێت... هەوڵ دەدات داواکارییەکانی جێبەجێ ببێت...

- جاری وا هەیە ئەو کەسەی کە کەللەڕەقە وای پێ گوتراوە... کاتێ منداڵ بووە و پەڵپی شتێکی گرتووە پێیان وتووە: ئەوە کەللەڕەقە تا داواکارییەکەی جێبەجێ نەکەین واز ناهێنێ...

ئیتر ئەو کەللەڕەقییە بووە بە چەکی دەستی و هەرچی ویستبێ یەکسەر بە کەللەڕەقی دەستی پێ کردووە...

- جاری وا هەیە ژنی کەللەڕەق لاسایی دایکی خۆی دەکاتەوە... کاتی خۆی دایکی بەرامبەر باوکی کەللەڕەق بووە، ئێستا ئەمیش هەمان ڕۆڵی دایکی دەگێڕێ و کەللەڕەقی دەنوێنێ... تەنانەت بۆ

ئەوەی خەنی کەللەڕەقی خۆی بێنێتە دی، مێرد بە هەموو کەسێک ناکات، بەڵکوو پیاوێک هەڵدەبژێرێ کە کەسایەتییەکی لاوازی هەبێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی قسەی ئەم سواربێت و زاڵبێت بەسەر مێردەکەیدا...

- جای وا هەیە هۆکاری کەللەڕەقی ژن خۆپەرستی مێردەکەیەتی... مێردەکەی لە هیچ شتێکدا پرس و ڕاوێژی پێ ناکا... ڕای ژنەکەی بە هەند وەرناگرێ... گاڵتەی پێ دەکات... ئیتر ژنەکەیش ڕێگای کەللەڕەقی دەگرێتە بەر و ناگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست...

هەندێ پیاو وادەزانن ڕا و بۆچوونی ژنان هەمیشە هەڵەیە... پرس و ڕاوێژکردن بە ژنان سەردەکێشێ بۆ تێکچوونی خێزان... ئەم بیر و بۆچوونە گەوجانەیە زۆر دوورە لە بەرنامەی ئیسلامەوە... لێرە ئەوەندەمان بەسە کە دوو سێ نموونە باس بکەین:

پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) کاتێ لە ئەشکەوتی حیرا گەڕایەوە پرسی بە ژنەکەی خۆی کرد، پرسی بە دایە خەدیجە کرد... دایە خەدیجە پێغەمبەری(ﷺ) برد بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل...

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕووداوی ئیفکا لە بارەی دایە عایشەوە پرسی بە یەکێک لە خێزانەکانی خۆی کرد، ئەویش دایە زەینەب بوو... ئەویش فەرمووی: جگە لە خێر و چاکە هیچم لە عایشە نەدیوە...

لە کاتی (سوڵحی حودەیبیە)یشدا پرسی بە دایە ئوممووسەلەمەی خێزانی خۆی کرد... ئەویش فەرمووی: تۆ خۆت بڕۆ و سەرت بتاشە و قوربانی بکە، ئیتر هاوەڵانیش خۆیان ئەو کارە دەکەن... پێغەمبەر(ﷺ) بە قسەی کرد و خۆی هەستا و سەری تاشی و قوربانییەکەی خۆی سەربڕی... هاوەڵانیش بە بینینی پێغەمبەر(ﷺ) هەموویان هەستان و سەریان تاشی و قوربانی خۆیانیان سەربڕی...

- جاری وا هەیە کەللەڕەقی ژن لە مامەڵەی ناشیرینی پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ... پیاوەکە نازانێت کە ژن هەندێ پێویستی هەیە و دەبێت جێبەجێ بکرێ...

- جاری وا هەیە ژن لە ئۆدەی ژنایەتی نایەت... ناتوانێت ژنایەتی خۆی جێبەجێ بکات... بۆیە زۆر جار پەنا بۆ کەللەڕەقی دەبات...

چی دەکەیت؟

- ئەگەر کەللەڕەقی لە ژنەوە بوو، وێستی بەو کەللەڕەقییە خۆی زاڵ بکات، ئەوە دەبێت پیاو ژیرانە لەگەڵ ژنەکەیدا بکەوێتە گفتوگۆ... پێش ئەوەی ژیانی هاوسەری بگاتە بنبەست، چارەسەر بکرێ...

- خۆڕاگر و پشوودرێژ بە... هەتا دەتوانی خۆت لە کێشمەکێش بپارێزە... بۆ ئەوەی کەمە کەمە ژنەکەت ئەو کرداره ناشیرینە واز لێبێنێت...

- ڕێزی ژنەکەت بگرە... گاڵتەی پێ مەکە... سوکایەتی پێ مەکە... ئەوە وا دەکات ژنەکەت بە خۆیدا بچێتەوە و ڕێزت لێ بگرێ و واز لە کەللەڕەقی بێنێ...

- کاتێ ژنەکەت کەللەڕەقی دەنوێنێ، تۆ زۆر لەسەرخۆ بە... کارێ بکە کەللەڕەقی ژنەکەت کەم بکەیتەوە...

- لەسەرخۆبە... بە کورتی و پووختی قسەی لەگەڵدا بکە... با قسەکانت یەک ئاراستە بن... تێکەڵوپێکەڵ نەبێت... لە بابەتێکەوە باز مەدە بۆ بابەتێکی تر...

من کەللەڕەقم...

ژنی بەڕێز... ئەگەر ناتوانی کەللەڕەقییەکەت بگۆڕی و بیکەی بە پێداگری بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو و باش، یان بیکەی بە هۆکاری وازهێنان لە خوویەکی نەباش... ئەوا هەوڵ بدە لە کەری شەیتان بێیتە خوارەوە و کەللەڕەقی لابە و قوڕ مەکە بە سەری خۆت و مێردەکەتدا...

- دەبێت ژن ئەوە بزانێت کە بۆیە دروست کراوە، تا ژن بێت... نابێت ڕەفتاری پیاوانە بنوێنێ... تۆران و کەللەڕەقی جگە لە کینە و ئازاوە و پشێوی، هیچی تری لێ سەوز نابێت...

- بیرت بێت بەو کەللەڕەقییەت هەوڵ دەدەی ماڵەکەت وێران بکەی... خۆڕاگری پیاویش سنووردارە... بەسەر دەچێت... کۆتایی دێ... ڕۆژێک دێ ئەویش وەڵامی کەللەڕەقییەکەت بە کەللەڕەقییەکی ڕەقتر بداتەوە...

- نە خوای گەورە و نە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەللەڕەقییان پێ خۆش نییە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: إِذَا صَلَّتِ الْمَرْأَةُ خَمْسَهَا ، وَصَامَتْ شَهْرَهَا ، وَحَفِظَتْ فَرْجَهَا ، وَأَطَاعَتْ زَوْجَهَا قِيلَ لَهَا : ادْخُلِي الْجَنَّةَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتِ. رواه احمد والطبراني. واتە: ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزەکەی جێبەجێ کرد، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی گرت، داوێنی خۆی پاراست، گوێڕایەڵی مێردەکەی بوو، پێی دەوترێ: لە کام دەرگای بەهەشتەوە پێتخۆشە، بچۆرە نێو بەهەشتەوە.

- کاتێ لەگەڵ مێردەکەتدا قسەتان یەک ناگرێ، بە باشی ڕەفتاری لەگەڵدا بکە... نێتی خێرت هەبێت... ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بێنەوە بیری خۆت کە دەفەرموێت: أَلا أُخْبِرُكُمْ بِنِسَائِكُمْ

مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ؟ الوَدُودُ الوَلودُ العَؤودُ الَّتي إذا ظُلِمَتْ قالَتْ: هذِهِ يَدي في يَدِكَ لَا أَذُوقُ غَمْضاً حَتَّى تَرْضَى. رواه الدارقطني و الطبراني. واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کورە پێتان بڵێم کام ژنانەی ئێوە لە بەهەشتدان؟ ئەو ژنانەی کە مێردی خۆیان خۆش دەوێ و لای مێردەکانیان خۆشەویستن، ئەوانەی کە منداڵیان دەبێت، ئەوانەی کە سوودیان بۆ مێردەکانیان هەیە، ئەوەی کە ئەگەر ستەمێکی لێ کرا دەڵێ: ئەوە دەستمە لەنێو دەستتە، نابێت خەو لە چاوم بکەوێ هەتا لەگەڵمدا ئاشت نەبیتەوە و لێم ڕازی نەبیت.

- لە بیرت بێت کە مێردەکەت ئەو گوریسە بەهێزەیە کە پەیوەندی نێوان تۆ و ئەوی بە یەکەوە بەستووەتەوە... ئێوە لە بازرگانیدا هاوبەش نین... ناکۆکیتان لەسەر قازانج و زیانی یەک نییە... سەرکەوتن و دۆڕان لە کایەی نێوان ژن و پیاودا نییە، یان هەردوو لا سەرکەوتوون، یان هەردوو لا دۆڕاو...

ئەو پەیمان و بەڵێنەی کە لەنێوان ژن و مێردە زۆر زۆر گەورەترە لەو پەیمان و بەڵێنەی کە لەنێوان هاوبەش و هاوکاری تردا هەیە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٢١﴾﴾ النساء: ٢١ واتە: جا چۆن دروستە مارەییان لێ وەربگرنەوە، لەکاتێکدا ئێوە چوونەتە لای یەکتر و ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورە و گرنگیان لێ وەرگرتوون (لە کاتی مارەکردنیاندا).

- مێردەکەت بەهەشت و دۆزەخی تۆیە...

عَنْ حُصَيْنِ بْنِ مِحْصَنٍ، عَنْ عَمَّتِهِ: أَنَّهَا أَتَتْ رَسُولَ اللهِ(ﷺ) فِي حَاجَةٍ، فَقَضَى لَهَا حَاجَتَهَا، ثُمَّ قَالَ: أَذَاتُ بَعْلٍ أَنْتِ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. قَالَ: فَكَيْفَ أَنْتِ لَهُ؟ قَالَتْ: مَا آلُوهُ إِلَّا مَا عَجَزْتُ عَنْهُ. قَالَ: فَانْظُرِي كَيْفَ أَنْتِ لَهُ فَإِنَّهُ جَنَّتُكِ وَنَارُكِ. رواه الطبراني. واتە: حوصەین لە

پووریەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: بۆ کارێک ڕۆیشتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) کارەکەی بۆ جێبەجێ کردووە و دواتر فەرموویەتی: تۆ مێردت هەیە؟ ئەویش فەرموویەتی: بەڵێ... پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: تۆ چۆنی بۆ مێردەکەت؟ فەرموویەتی: کەمتەرخەمی ناکەم مەگەر کارێک لە دەستم نەیەت... پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: جوان بڕوانە بزانە تۆ چۆنی بۆ مێردەکەت، چونکە ئەو بەهەشت و دۆزەخی تۆیە. -یانی: ئەگەر باش بیت، ئەوە بە هۆیەوە دەچیتە بەهەشتەوە، ئەگەریش لە گەڵیدا باش نەبی، بەو هۆیەوە دەچیتە دۆزەخەوە-.

- ئەوە بزانە کە ژنی ژیر ئەو ژنەیە کە مێردەکەی ناوروووژێنێت... تووڕەی ناکات... ئەگەر بزانێ کارێک مێردەکەی تووڕە دەکات، هەرگیز ئەو کارە ناکات... ئەوەیش هەر لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار...

- هەرگیز لووتبەرزی نەنوێنی... ئەگەر هەڵەیەکت کرد دان بە هەڵەی خۆتدا بنێ...

- با هەمیشە گفتوگۆکانت سوودبەخش بن... ڕای خۆت مەسەپێنە... گوێ لە بەڵگە و قسەی مێردەکەت بگرە...

- هەموو بەسەرهاتە ناخۆشەکانی ڕابردوو لەبیر خۆت ببەرەوە... لەسەر شتی بچووک کێشە هەڵمەگیرسێنە...

- ئەوەت لە بیر بێت کە ڕەزامەندی لەنێوان و تۆ و مێردەکەت ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی تۆ دەبێت... جگە لەوەیش خوا لێت ڕازی دەبێت... بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگاریش گەورەترین شتە کە مرۆڤ دەستی بکەوێ...

دوای ئەوە خۆشەویستی و ئەوینی مێردەکەت گرنگترین شتە و گەورەترین دەسکەوتە... هاوەڵی بەڕێز ئەبوودەردا بە ژنەکەی

دەفەرموو: ئەگەر زانیت من تووڕەم، هێورم بکەرەوە... ئەگەر منیش زانیم تۆ تووڕەی هێورت دەکەمەوە... ئەگەر وا نەبین پێکەوە نامانکرێ.

- گوێ بۆ هاوڕێکانت مەگرە... هاوڕێی وا هەیە دەڵێ: لەگەڵ مێردەکەتدا کەللەڕەق بە، با بزانێ تۆ بەهێزی... ئێتر بەو جۆرە ڕێزت لێ دەگرێ... ئەو ژنانەی لەو جۆرە قسانە دەکەن، تێکدەرن... ئاژاوەچین... ئەوانە ئێرەییت پێ دەبەن... ئێرەیی بە مال و حاڵ... بە مێردە باشەکەت... بە خۆشگوزەرانیت... دە تۆیش وریا بە و گوێی ئەو جۆرە ژنانە مەخۆ...

❁❁❁

لووتبەرزی کوشتمی...

- ژنێک چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

دوای ئەوەی سەفەرێکی دوورودرێژ و خۆشمان کۆتایی پێ هێنا، من و میردەکەم و کچەکەم و خزمەتکارەکەمان سواری سەیارە بووین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە... لە سەیارەکەدا من و میردەکەم دەستمان کرد بە قسەکردن...

لە ناوەندی قسەکردندا لە باسی شتێکدا ڕای من و میردەکەم جیاواز بوو... دەستمان کرد بە چەلەحانێ و گفتوگۆی نابەجێ... ڕەشەبای شوومی خێزانی هەڵیکرد... ئەو لەبەر ئەوەی پیاو بوو نەیدەویست لە قسەی خۆی پەشیمان بێتەوە...

منیش لەو زیاتر لەسەر قسەی خۆم سوور بووم... نەمدەویست لە قسەی خۆم پەشیمان ببمەوە و هەق بدەم بە میردەکەم، چونکە ئەوەم بە سووکایەتی و سەرشۆڕی دەزانی...

نزیکەی یەک کاتژمێر بە ڕێگادا دەڕۆیشتین و بێدەنگی باڵی کێشابوو بە سەرماندا... کەس یەک وشەی لە دەم ناهەتە دەرێ... میردەکەم چاوەروانی ئەوە بوو من پێی بڵێم: ببورە... منیش لەگەڵ خۆمدا جەنگێکم بەرپا کردبوو... ژیری و ئاوەز دەیانگوت: دەی چییە پێی بڵێ: ببووورە... خۆ کابە کەچ نابێت... با نێوانتان تێک نەچێ...

هەوا و نەفس و لووتبەرزیش دەیانگوت: پیاو پیاو نییە بە تون و بە دۆزەخ... داوای لێبووردنی چی! حەی حەی هەر ئەمەمان کەم بوو... هێشتا تۆ داوای لێبووردن بکەی؟ هەڵەی وا نەکەی... ڕێزی خۆت بگرە و خۆت سووک مەکە...

بەو جۆرە گەیشتینەوە ماڵ... میردەکەم بە هاوکاری

خزمەتکارەکەمان شتەکانی لە سەیارەکە داگرت... دوایی ڕۆیشتە نێو ژوورەکەی خۆی... لەوێش چاوەڕێ بوو من بڕۆم و پێی بڵێم: بمبووره، بەڵام دیسان ژیری و لووتبەرزی جەنگیان بوو... وا دیاربوو لووتبەرزییەکەم زاڵ بوو بەسەر ژیریمدا...

ڕۆژی یەکەم و دووەم و سێیەم تێپەڕی... کار تابێ خراپتر دەبوو... مێردەکەم هەرچی ویستبا لە خزمەتکارەکەی داوا دەکرد...

دەمزانی مێردەکەم لە ناخەوە وەک مەنجەڵێکی پڕ لە ئاو کە لەسەر سێکۆچکە بێت و ئاگرێکی گەورەی لە ژێردا بێت، ئاوا قوڵپەی دەهات، چونکە من خۆم وابووم، بۆیە دەمزانی ئەویش وایە...

شەو بە تاڵی و ڕۆژ بە سەختی تێدەپەڕی... من لەسەر دۆشەکێک لە سکڵ و پشکۆ جینگڵم دەدا...

بەڵام... ڕوویدا... ئەوە ڕوویدا کە هیچ کاتی بە خەیاڵمدا نەدەهات... مێردەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندی لەگەڵ خزمەتکارەکەمان بەهێزتر دەبوو... بە بەرچاوی منەوە بۆی پێدەکەنی... شۆخی و گاڵتەوگەپی لەگەڵدا دەکرد... منیش تووشی نیگەرانی ببووم...

شەوێک بەئاگا هاتمەوە... تارمایی مێردەکەمم بینی لە ژووری خزمەتکارەکەوە دەهاتە دەرێ... ڕاپەڕیم... بەپەلە ڕۆیشتم بۆ لای خزمەتکارەکە... دانی بەوەدا نا کە مێردەکەم لەگەڵیدا خەوتووە...

تەز لای کەسێکی وەک خۆی هەندێ شەرابی هێنابوو... دەرخواردی مێردەکەمی دابوو...

باوەڕم بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد... زۆری پێنەچوو پیاوانی پۆلیس هاتن... بە وردی ماڵیان پشکنی... لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ خزمەتکارەکە کرد... تەز ئەمە خۆی ئەندامی شانەی دروستکردن و گرنگیدانە بە ئارەق و مەی...

مێردەکەم و خزمەتکارەکەیان پێکەوە گرت... هەر لەویا مێردەکەم منی تەلاق دا...

مێردەکەمیان بـرد بـۆ زیندان... منیش ڕۆیشتمەوە بـۆ ماڵی باوکم... کچە بچووکەکەم گرتە باوەش... لە ناوەوەیش منداڵێکی بچووکم هەڵگرتبوو... هێشتا نەهاتبووە دونیا...

کاروباری مێردەکەم تێکچوو... بڕیاری لەسەرکار لادرانی دەرکرا...

دوای ئەوەی لە زیندان هاتە دەرێ، ژنێکی هێنا، بەڵام ئەویشی تەلاق دا... ژنی سێیەم و چوارەمیشی هێنا، بەڵام لە هیچیان سەرکەوتوو نەبوو...

منیش بەبێ مێرد لە ماڵی باوانم مامەوە... لە خۆشی دونیا تەنیا ئەو دوو منداڵەم بۆ مایەوە... هەستم دەکرد کە من هەم بکوژم هەم کوژراو...

ئەو ڕۆژە کەسایەتی مێردەکەمم کوشت... ژیانی خۆم تێکدا... هەر لەبەر ئەوەی نەڵێم: ببووره...

مێردەکەم زوو هەڵدەچێت...

- ئەم جۆرە پیاوانە دەبێت شێوازی مامەڵەیان لەگەڵدا بگۆڕی... دەبێت دەستوور و ڕێسایەکی نوێی بۆ دابڕێژی... لە سەرووی هەموویان: بە هەموو شێوەیەک لە چەلەحانێ و دەمەقاڵە دوور بکەوێتەوە، چونکە هیچ سەرەنجامێکی باشی نابێت...

- کاتی دڵخۆشی و خۆشحاڵی مێردەکەت بە هەل بزانە و لەو کاتانەدا بە هێمنی باسی گفتوگۆی سەرکەوتووی لەگەڵدا بکە... گرنگی زانینی شێوازەکانی گفتوگۆی سەرکەوتووی پێ بڵێ...

- کەسایەتی تایبەتی مێردەکەت بخوێنەوە... زۆر کەس هەیە پێی خۆش نییە کاتێ داوای شتێکی لێ دەکرێ، وەک فرمان داوای لێ بکرێ... هەر ئەوەنە بزانێ کە کەسی بەرامبەر دەیەوێ خۆی زاڵ بکات، یان ڕای خۆی بسەپێنێ، ئیتر بەبێ بیر کردنەوە و تێڕامان شەلم کوێرم ناپارێزم تێ دەکەوێ و دەجەنگێ...

- زوو زوو پێی بڵێ: تۆ ڕاست دەکەی... قسەی تۆ تەواوە... ڕێک وایە کە تۆ دەیڵێی... ئەوەندە ئەو وشانەی بۆ دووپات بکەورەوە تا وای لێدێ کە بڕوا بەوە بکا فەرماندە و بڕیاردەرکەر خۆیەتی... تۆ هەر شتێکت پێ خۆشبێت ئەبێ ئەو بڕیاری بۆ دەربکات...

- ئەگەر ئەو بە دڵ و گیان بڕوای بە شتێ هەبوو، ئیتر لەسەر ئەو شتە چەلەحانێی لەگەڵدا مەکە... وای تێبگەیەنە کە تۆ بە باشی لە قسەکانی دەگەی... تەنانەت ئەو شتانەی کە بە لای تۆوە سەختەن وا پیشان بدە کە لێی تێدەگەی، چونکە لەوانەیە بە لای ئەوەوە زۆر سادە بێت و بە ئاسانی لێی تێبگا...

- هەرکاتێ هەستت کرد تووڕەیە، یان خەریکە تووڕە دەبێت، لێی

دوور بکەوە... داوای هیچ شتێکی لێ مەکە... کاتێ ئەو تووڕەیە تۆ ڕکایەتی لەگەڵدا مەکە... کەللەڕەق مەبە...

- بزانە مێردەکەت چ تایبەتمەندییەکی هەیە... بەهێزی بکە... بزانە چەند ڕەوشتی باش و چاکی هەیە، ئەوانە هەمووی بنووسەوە با لەبیرت نەچنەوە...

- لە کاتی گفتوگۆدا باسی سیفاتە چاکەکانی بکە... چاکەی یەکتر لەبیر مەکەن... بەو جۆرە دڵی نەرم دەبێت... زۆر لەو شتانەی کە لە ناخیایەتی و تۆ پێت خۆش نییە، لای دەبا و دەیسڕێتەوە...

- زۆر بیر لە مێردەکەت بکەرەوە... بزانە بە چ شێوازێک باشە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی... ئیتر هەر بەو شێوازە گفتوگۆی لەگەڵدا بکە...

- نەرمونیان بە... قسە و وشەی جوان بە کار بێنە... مرۆڤ بە قسە و ڕەفتاری جوان دەتوانێ بە مرازی خۆی بگا...

- کاتێ لە دەرەوە دێتەوە، کەشێکی لەباری بۆ بڕەخسێنە... با ماڵەکەتان هێمن و بێدەنگ و ئارام بێ...

- کارێ بکە ڕۆژانە پێکەوە هەندێ قورئان بخوێننەوە... ئیتر دوای نوێژی بەیانی بێت، یان شەوان پێش خەوتن...

- کاتەکانی خۆت بە شتی بەسوودەوە پر بکەرەوە... بۆ نموونە: قورئان لەبەر بکە... وانەیەکی باش بخوێنە... گوێ لە بەرنامەی بەسوود بگرە... خۆت فێری کۆمپیوتەر یان هەر شتێکی تری سوودبەخش بکە... مەهێڵە کاتەکانت بەفیڕۆ بچن... خۆت بە سەیرکردنی فیلم و بەرنامەی بێسوود و خراپەوە خەریک مەکە، چونکە هەم ژینت تێک دەدا... هەم دینت دەبا...

- وەک زۆر جار وتوومانە و ئێستاش دەیڵێینەوە: هیچ کاتێ لە نزا و پاڕانەوە خافڵ نەبیت و لە بیرت نەچێ... بەردەوام لە خوای گەورە بپاڕێوە و داوای لێبکە ڕێنوێنیتان بکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست...

من زوو هەڵدەچم...

- ژنێک دەڵێ: من ژنێکیم زۆر زوو هەڵدەچم... زوو بڕیار دەدەم... ئەمە هەم خۆمی نیگەران کردووە، هەم مێردەکەم... خوا هەڵناگرێ مێردەکەم هەموو جارێک چاوپۆشیم لێ دەکات، چونکە زۆر منی خۆش دەوێ... هەموو جارێک دوای ئەوەی من هەڵچووم و کار لەکار ترازا، زۆری پێناچێ پەشیمان دەبمەوە، بەڵام تازە دوای چی؟ لە پاش سااڵێ سااڵ مااڵێ...

دوایی بە خۆم دەڵێم: جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە... کەچی دەچمەوە سەر حوللەمەرەسێکەی جاران...

هەست دەکەم ئەو تووڕەبوون و هەڵچوونەم بە دەست خۆم نییە... زۆر هەوڵ دەدەم لێی ڕزگاربم، چونکە زیان لە کەسایەتی و شان و شکۆی من دەدات... دەترسم پردی خۆراگری مێردەکەم بپسێ و لە دەستی بدەم... ژیانم تێک بچێ... لانەکەم بشێوێ...

- خوشکی بەڕێز... لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکە بزانە بۆچی بەوجۆرەی... لەوانەیە بە منداڵی وا ڕاهاتبی، یان لە کاتی گەورەبوون و باڵغبووندا کێشەیەکت بۆ هاتبێتە پێشەوە و باری دەروونیت تێکچووبێت...

- کەم کەم و بەرە بەرە دەروونی خۆت خاڵی بکەرەوە... سەرەتا بەوانە دەست پێ بکە کە لە پێشەوەن... مەهێڵە دەروونت پەنگ بخواتەوە... با وەک شووشەیەکت لێ نەیەت کە پڕ بکرێ لە غاز و لەناکاو بتەقێتەوە... کاتێ خەریکە تووڕە دەبی، بڵێ ئەو شتە من تووڕە دەکات و پێم ناخۆشە...

- دوو ڕێگای سەرەکی هەیە بۆ دەبڕینی هەست و ناخ... ڕێگای نەرێنی و ڕێگای ئەرێنی...

رێگای نەرێنـی ئـەم شـتانە دەگرێتـەوە: تووڕەبـوون... شـکاندنی هەنـدێ کەلوپەلـی ناومـاڵ... لێـدان... جوێنـدان و...

رێگای ئەرێنیـش ئـەم شـتانە دەگرێتـەوە: گفتوگۆکـردن... بەدیهێنانـی هەندێ ئارەزووی پەسـەندی وەک وەرزش... وێنەکێشـان... پیاسـەکردن... کاتـێ مـرۆڤ خـۆی پشـتگوێ دەخـات، ئـەوە رێنوێنـی خـۆی دەکات بـۆ ئـەوەی بکەوێتە سـەر رێگای نەرێنی... دوایی کار لە کار دەتـرازێ و پەشـیمان دەبێتـەوە...

- بـەردەوام ڕاهێنـان بکـە بـۆ ئـەوەی زاڵ ببـی بەسـەر مێشـکی خۆتدا... دەرفـەت مـەدە کتوپڕ و بەبـێ بیرکردنـەوە قسـە فڕێ بدەی... پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێت: إِنَّمَـا الْعِلْـمُ بِالتَّعَلُّـمِ، وَالْحِلْـمُ بِالتَّحَلُّـمِ، وَمَـنْ يَتَحَـرَّى الْخَـيْرَ يُعْطَـهُ، وَمَـنْ يَتَوَقَّـى الـشَّرَّ يُوقَـهِ. رواه ابونعيم في الحلية. واتـە: بەڕاستی زانست بـە خوێندن دەست دەکـەوێ... ئارامـی بـە خۆئارامکردن دەست دەکـەوێ... هەرکەسـێ بـەدوای خێر و چاکەدا بگـەڕێ پێـی دەبەخشـرێ... هەرکەسـێ خـۆی لـە خراپـە بپارێـزێ تووشـی خراپـە نابێت.

- هەرکاتـێ هەسـتت کـرد خەریکـە تـووڕە دەبـی، تەفرنجـە بـدە سـەر هەناسـەکانی خـۆت... سـەرنج بـدە سـەر هەناسـە هەڵکێشـان و هەناسـەدانەوەت... هەتـا زیاتـر هەناسـەی قـووڵ هەڵمـژی زیاتـر هێـور دەبیتـەوە... هەتـا هێوریـش بـی کارەکانـت دروسـتتر دەبـن...

- بیـر لـە بەرهەمەکانـی تووڕەبـوون بکـەرەوە... ئەگـەر مێردەکـەت جارێـک و دووجـار و سـەد جـار قسـەی نەکـرد، لـە کۆتاییـدا دێتـە دەنـگ... خـۆ دار و بـەرد نییـە... ئەوێـش مرۆڤـە و هێـز و توانایەکـی سـنوورداری هەیـە... کارێ مەکـە ئـەو بێتـە دەنـگ و ئەوێـش تـووڕە ببێـت... تـۆ تـووڕە و ئـەو تـووڕە، گـرێ ئـەو تووڕەبوونانـە ژیانتـان دەسـووتێنن...

- هەمیشە ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) بیر خۆت بێنەوە کە دەفەرموێت: «لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ». رواه الشيخان. واتە: بەهێزی بە زۆرانبازی و جەنگ نییە... بەڕاستی بەهێز کەسێکە لە کاتی تووڕەبووندا زاڵ بێ بەسەر خۆیدا...

- دواتر چەند ئامۆژگارییەکی پێغەمبەر(ﷺ) هەیە، ئەو ئامۆژگاریانەت لەبیرت نەچێ... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ، فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ وَإِلَّا فَلْيَضْطَجِعْ». رَوَاهُ أَحْمَدُ، وَالتِّرْمِذِيُّ وابن حبان. واتە: ئەگەر یەکێک لە ئێوە تووڕە بوو، لە کاتی تووڕەییدا بە پێوە ڕاوەستابوو، با دابنیشێ... ئەگەر تووڕەییەکەی تەواو بوو ئەوە باشە، ئەگینا با ڕاکشێ.

هەروەها دەفەرموێت: «إِنَّ الْغَضَبَ مِنَ الشَّيْطَانِ وَإِنَّ الشَّيْطَانَ خُلِقَ مِنَ النَّارِ وَإِنَّمَا يُطْفَأُ النَّارُ بِالْمَاءِ فَإِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَتَوَضَّأْ». رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ. واتە: بەڕاستی تووڕەبوون لە شەیتانەوەیە، بێگومان شەیتانیش لە ئاگر دروست کراوە، بێگومان ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە، دەی ئەگەر یەکێک لە ئێوە تووڕە بوو با دەستنوێژی بگرێ.

بێگومان ئەم ئامۆژگاریانە پیاوانیش دەگرێتەوە، هەر پیاوێک تووڕە بوو، با ئەم ئامۆژگاریانە بگرێتە گوێ.

❁❁❁

کاتێ مێردەکەت تووڕەت دەکات...

- کاتێ مێردەکەت تووڕەت دەکات و دەتەوێ دەروونی خۆت خاڵی بکەیتەوە، ئەوە دوو ڕێگا هەیە:

یەکەم: تۆڵەکردنەوە و سزادان... بەو جۆرە دادگەری دێتەجێ و دڵت ئاسوودە دەبێت...

دووەم: لێبووردن و چاوپۆشی بە لە تای دڵەوە نەک هەر بە زمان...

بەداخەوە زۆربەی زۆری هاوسەران مانای لێبووردن نازانن... مانای چاوپۆشی نازانن...

- بەردەوام چاوەڕێی ئەوە نەبی مێردەکەت دەستپێشخەری بکات و بێت لەگەڵتدا ئاشت ببێتەوە...

دە تۆیش جار جار دەستپێشخەری بکە و بڕۆ و ئاشتی بکەرەوە...

- چاوپۆشی لە مێردەکەت بکە، بۆ ئەوەی هەوێنی ناکۆکی نەترشێ و هەڵنەچێ...

- بە تووڕەیی و ڕقەوە ڕووبەڕووی هاوسەرەکەت مەبەرەوە، کورد دەڵێ: بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە...

ئەو تووڕە و تۆ تووڕە سەرەنجامێکی باشی نابێت... ئاگرێکی وای لێ پەیدا دەبێت بە چاوترووکانێک ماڵەکەتان بکا بە قەڵەپڕووز... زۆر ماڵمان بینی گڕی تووڕەیی بە چرکەیەک سووتاندی...

- کاتێ هاوسەرەکەت زۆر تووڕەیە و گڕی لێ بەرز دەبێتەوە داوای لێبووردنی لێ مەکە و مەڵێ: تاوان لە منەوەیە، چونکە ئەوەندە تووڕەیە وا دەزانێ سووکایەتی پێ دەکەی...

- لەو کاتەدا قسە مەکە... ئەگەرچی تۆیش لەسەر هەق بی... کێ

هەیە بڕوا بە قسەکەت بکا... تەنیا هاوسەرەکەتە و هاوسەرەکەت، ئەویش تووڕەیە و بەرچاوی ڕەش بووە و ڕاست و ناڕاست لە یەک جوێ ناکاتەوە...

تەنیا بێدەنگ بە... کاتێ ڕەشەبای تووڕەیی نیشتەوە و شەیتان دوور کەوتەوە ئەو کاتە هاوسەرەکەت خۆی پەشیمان دەبێتەوە و بە دەنگێکی کز و لاوازەوە و بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە پێت دەڵێ: من تاوانبارم... بەخوا خۆشم دەوێی... مەبەستم نەبوو ئازارت بدەم... ببووورە...

- پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری ژنانی کردووە بۆ ئەوەی کەمێک ملکەچی دەرهەق پیاو بنوێنن و بچن مێردەکانیان ڕازی بکەن... بۆیە دەفەرموێت:

أَلا أُخْبِرُكُمْ بِنِسَائِكُمْ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ؟ الوَدُودُ الوَلُودُ العَؤُودُ الَّتِي إِذا ظُلِمَتْ قالَتْ: هذِهِ يَدِي فِي يَدِكَ لَا أَذُوقُ غَمْضاً حَتَّى تَرْضَى. رواه الدارقطني و الطبراني. واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کورە پێتان بڵێم کام ژنانەی ئێوە لە بەهەشتدان؟ ئەو ژنانەی کە مێردی خۆیان خۆش دەوێ و لای مێردەکانیان خۆشەویستن، ئەوانەی کە منداڵیان دەبێت، ئەوانەی کە سوودیان بۆ مێردەکانیان هەیە، ئەوەی کە ئەگەر ستەمێکی لێ کرا دەڵێ: ئەوە دەستمە لەنێو دەستایە، نابێت خەو لە چاوم بکەوێ هەتا لەگەڵمدا ئاشت نەبیتەوە و لێم ڕازی نەبی.

دەروونناسان دەڵێن: نابێت نە ژن و نە پیاو شەو بە تووڕەییەوە بخەون... دەبێت پێش خەوتن ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن... ئاشت ببنەوە، چونکە ئەگەر پیاو تووڕەبێت و بنوێ ڕق لە ژنەکەی هەڵدەگرێ... ئەگەر ژن تووڕە بێت و بنوێ، ڕق لە مێردەکەی هەڵدەگرێ...

ئەوەیش گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) دەردەخات کە ژنانی هان داوە پێش ئەوەی بخەون مێردەکانیان ئاشت بکەنەوە...

زانایەکی کۆمەڵناس دەڵێ: باشترین شتێ کە ئەزموون بۆ منی دەرخستووە ئەوەیە کە ئەو ئاگرەی لەنێوان ژن و پیاو هەڵدەگیرسێ سەرەتا بە پیاڵەیەک ئاو دەکوژێتەوە -یانی بە وشەیەکی وەک ببووڕە، یان قسەیەکی خۆش دەکوژێتەوە-.

ئەوە کەی دادگەرییە کە ژن لەولاوە بنوێ و پیاویش بە دەم تووڕەییەوە لەملاوە؟ خوا ئەوەی پێ خۆش نییە...

دەی خانمی بەڕێز... تۆ چاکە بنوێنە... دەستپێشخەر بە... هەنگاوی یەکەم هەڵگرە... کارێ بکە مێردەکەت شەرم بیگرێ و بە خۆیدا بچێتەوە...

شەوی (٥٨٨) چیرۆکێ ئومامەی کچی حاریسم بۆ گێڕایتەوە، جێی خۆیەتی لێرەش بۆت دووبارە بکەمەوە، چونکە لەگەڵ ئەمشەویشدا گونجاوە:

کاتێ وەختی گواستنەوەی (ئوممو ئەیاس) هات بۆ (حاریسی کوڕی عەمر) پاشای کندە، (ئومامەی کچی حاریس) کە دایکی (ئوممونەیاس) بوو، بانگی کچەکەی کرد و ئامۆژگاری کرد... ئەو ئامۆژگارییە پڕە لە بناغە و هیمی ژیان... پڕە لە بەختەوەری... ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی ژن بزانێ مێردەکەی چی دەوێ؟ چی پێویستە لەسەر ژن...

ئەو ئامۆژگارییە گەورەیی ئەو ژنە دەردەخا... ژیری و زیرەکی ئەو دەخاتە ڕوو... بە خوێندنەوەی ئەم ئامۆژگارییە مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ژنە چەندێ بەئەزموون و لێزان بووە... فەرموون لەگەڵ ئەو ئامۆژگارییە:

(کچی خۆم... ئەگەر کچان پێوستیان بە مێرد نەبوایە و بە

زەنگینی و دەوڵەمەندی دایک و باوک تێر ببوونایە... ئەوا تۆ هەرگیز پێویستت بە مێرد کردن نەبوو، بەڵام وا نییە... ژن بۆ پیاوان دروست کراون... پیاوانیش بۆ ژنان دروست کراون...

کچی خۆم... ئەوا تۆ ئەو شوێنە بەجێدێڵی کە تێیدا گەورە بووی... ئەو لانەیە بەجێ دێڵی کە تێیدا لەدایک بووی... دەچیتە لانەیەکی تازەوە... تا ئێستا ئەو لانەیەت نەدیوە... دەبی بە هاوسەری کەسێک کە خووت پێوە نەگرتووە... ئێتر ئەو دەبێتە پادشای تۆ...

تۆ وەکو کەنیزەک بە بۆ ئەو... ئەویش وەک کۆیلە دەبێت بۆ تۆ...

لەو ئامۆژگارییە گەورەتر ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٠﴾﴾ البقرة: ١١٠ واتە: دڵنیا بن کە هەر کارێکی چاکە بۆ خۆتانی دەکەن، لای خوا بزر نابێت و دەستتان دەکەوێتەوە چونکە بەڕاستی خوا بینا و بەئاگایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

ئەگەر هەنگاوی یەکەمت نا و چاکەت کرد، ئەوا پاداشتی چاکەکە لای خوای گەورە ون نابێت و وەریدەگرێتەوە...

ئەگەر تۆ دەستپێشخەر بیت لە ئەوین و خۆشەویستیدا، ئەوە سوودەکەی بۆ خۆت دەگەڕێتەوە...

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ ﴿٦٠﴾﴾ الرحمن: ٦٠ واتە: مەگەر پاداشتی چاکە تەنیا چاکە نییە؟

❁❁❁

مێردەکەم تووڕەیە...

خانمێک دەڵێ: من بیر لە جیابوونەوە لە مێردەکەم دەکەمەوە، چونکە زۆر تووڕەیە...

کاتێ من دەنگی بەسەردا بەرز دەکەمەوە لێم دەدا، بەڵام دووردڵم... نازانم لێی جیابمەوە یان نە؟ خۆشم دەوێ... ئەویش منی خۆش دەوێ... جگە لەوەیش منداڵمان لە یەکتر هەیە...

مێردەکەم پیاوێکی تا بڵێی بەرێزە... میهرەبانە... کاتێ لێم تووڕە دەبێت و لێمدەدات، زۆری پێناچێ پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردنم لێ دەکات... دیارییەکم بۆ دەکڕێ... زۆر ئارامم گرتووە، بەڵام ئێستا کەسوکارم زۆرم لێدەکەن و دەڵێن: لێی جیا ببەرەوە... منیش دووردڵم... نازانم چی بکەم!

- پێش هەموو شتێ ئەوە بزانە کە لەم دونیا پانوپۆڕەدا مێردێک دەست ناکەوێ کە بە تەواوی بە دڵی ژن بێت... بە پێچەوانەیشەوە ژنێ دەست ناکەوێ لە سەدا سەد بە دڵی پیاو بێ... دە تۆیش ئەو کارە خراپەی مێردەکەت وەک دڵۆپێکی خراپ لە بەرامبەر دەریایەک چاکەدا هەژمار بکە...

- بزانە چ شتێک مێردەکەت تووڕە دەکات، خۆتی لێ دوور بگرە و ئەو کارانە مەکە...

- کاتێک تووڕە دەبێت، تۆ بێدەنگ بە... ماوەی یەک دوو کاتژمێر قسە مەکە... تۆیش تووڕە مەبە... وەڵامی مەدەرەوە... لێگەڕێ با تووڕەیی خۆی بە با بدات و ئارام بێتەوە...

- کاتێک ئەو تووڕەیە خۆت لە وتنی هەندێک وشە بپارێزە، بۆ نموونە: پێی مەڵێ: بێدەنگ بە... شتەکە بەو جۆرەیش نییە... کەم

بڵێ سەرم دێشێ... تاقەتم نەما گوێت لێ بگرم... مێردەکەت لەو کاتەدا نایەوێ بە هیچ شێوەیەک ئامۆژگاری لە تۆ ببیستێ...

- دەستەوسانیش مەوەستە، بەڵکوو بڵێ: دەی پەنا بەخوا شتەکان بە دڵی تۆ دەبێت... تۆ چی دەڵێی هەر ئەوەیە... دەی خۆ ئەوە ئەوەندە ناهێنێ خۆت تووڕە بکەی... بەسەرچاو بەڵێن بێ بە گوێت بکەم...

- هەرگیز پێی نەڵێی: بێدەنگ بە... ئەوە کەی ئەو هەرایەی دەوێ کە تۆ بەرپات کردووە؟ خۆ خۆی هەموو ئەوانە دەزانێ، بەڵام قسەکەی تۆ هێندەی تر ئاگری دەدا...

- پێت چۆنە تۆ دەستپێشخەری بکەیت و هێوری بکەیتەوە؟

کاتێ گفتوگۆ خەریکە دەبێت بە چەلەحانێ و لە رێگاکە ڕاستەکەی خۆی کل دەبێت، تۆ هەوڵ بدە بەرگری لێ بکەیت و نەهێڵی بە لاڕێدا بڕوا... لەجیاتی ئەوەی پێی بڵێی: تۆ لە من تێناگەی؟ چەند جار بە تۆ بڵێم... بڵێ: من لەگەڵ تۆدا هاوڕام... ئەی باشە ئەگەر ئاوابێ باشتر نییە؟

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: مَا كَانَ الرِّفْقُ فِي شَيْءٍ إِلاَّ زَانَهُ وَلاَ نُزِعَ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ شَانَهُ. رواه عبد بن حميد الضياء. واتە: نەرمونیانی لە هەر شتێکدا هەبێ دەیڕازێنێتەوە و لە هەر شتێکدا هەڵگیرا ناشیرین دەبێت.

- دەموچاوی بخوێنەوە و لێی تێبگە... ئەگەر زانیت لە دەموچاویدا دیارە تووڕەیە، یان قەڵسە، یان جۆرێک تەماشا دەکات، یان بە تیژی لا دەکاتەوە، ئەوە بزانە خەریکە تووڕەبوونەکەی دەتەقێتەوە... بۆیە بە نەرمونیانی بیهێنەوە سەر رێگا و مەهێڵە تووڕە ببێ...

- وریا و ژیر بە... رێزی بگرە... زۆری لێ مەکە... بەرەنگاری مەبەرەوە... گاڵتە بە قسەکانی مەکە... ڕای خۆت بە نەرمی و ژیری دەربڕە... رێزی ڕا و بۆچوونی ئەویش بگرە...

- کاتێ کەوا ئارامە، بە ڕاشکاوی قسەی دڵی خۆتی لە لا بکە... پێی بڵێ: من تۆم وەک خۆت دەوێ... تۆم خۆش دەوێ... ڕقت لە چ شتێکە پێم بڵێ با وازی لێ بێنم؟ یان چ شتێک تۆ تووڕە دەکات با من لێی نزیک نەبمەوە...

- هەوڵ بدە بە ڕێگای جۆراوجۆر میێردەکەت ڕۆشنبیر بکەی، بەڵام ناڕاستەوخۆ شتەکانی پێ بگەیەنە... خولی زۆر هەیە لەبارەی پەروەردەی خێزانی... هەم بیستراو... هەم بینراو... گوێ لە کەسانی پسپۆڕ بگرە...

زوو تووڕە دەبێت...
زوو هێور دەبێتەوە...

- دەکرێ بڵێین: زوو تووڕە دەبێت... زوو ئاشت دەبێتەوە...

هەندێ پیاو هەیە بەو جۆرەن... زوو تووڕە دەبن... زوو هێور دەبنەوە و ئاشت دەبنەوە...

ئەم جۆرە پیاوانە ناتوانن بە باشی خۆیان بەڕێوە ببەن...

بە یەک قسە هەڵدەچن... تووڕە دەبن... دوایی بە یەک قسەی تر هێور دەبنەوە و تووڕەییان نامێنێ...

جا جاری وا هەیە لە عانی تووڕەبووندا بەرامبەرەکەی بە قسەیەکی ناخۆش یان ڕەفتارێکی نابەجێ، ئازار دەدا...

جا مرۆڤ نازانێ چۆنچۆنی لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا مامەڵە بکات؟

میزاجییە... ئەمڕۆ بە قسەیەک قەڵس دەبێت و تووڕە دەبێت... دوای حەفتەیەک هەمان قسەی زۆر لە لا ئاساییە... ئیتر پێوەرەێک نییە پێی بپێوی و لێی تێبگەی...

- کەس وا گومان نەبا کە تووڕەبوون بیانوویەکە بۆ ئەوەی هەر قسەیەکی لە دەم دەرچوو، یان هەر کارێکی کرد، ئیتر کەسی بەرامبەر نایگرێتە دل...

با بە نموونە باسی ژنێک بکەین... ئەم ژنە جامی تووڕەیی خۆی بەسەر میردەکەیدا دەڕژێنێ... قسەی نەشیاو دەکات... تەنانەت چنگ بۆ میردەکەی دێنێتەوە و دەیەوێ دەموچاوی بریندار بکات... دوای تێپەڕینی چەند خولەکێک زۆر پەشیمانی دەردەبڕێ و داوای لێبووردنی لێ دەکات...

باشە ئەوە کەی ژیانی هاوسەرێتییە؟ ئیتر ئەو میردە تا کەی

و چەند جار لە وزەیدایە لێی ببووری؟ چەند جار چاوپۆشی لێ بکا؟ باشە ناترسی هیچ نەبێ ڕۆژێک مێردەکەی بە دڵ ڕقی لێ هەڵبگرێ؟ فریشتەکانی خوا بیدەنە بەر نەفرەت؟ خوای گەورە نوێژەکانی لێ وەرنەگرێ؟

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا تُجَاوِزُ صَلَاتُهُمْ آذَانَهُمْ: الْعَبْدُ الْآبِقُ حَتَّى يَرْجِعَ، وَامْرَأَةٌ بَاتَتْ وَزَوْجُهَا عَلَيْهَا سَاخِطٌ، وَإِمَامُ قَوْمٍ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ». رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ. واتە: سێ کەس نوێژەکانیان لە گوێیان تێناپەڕێ -واتە: خوا لێیان وەرناگرێ- ئەو کۆیلەیەی هەڵاتووە، تا دەگەڕێتەوە... ژنێک شەو بکاتەوە و مێردەکەی لێی ناڕازی بێت... پێشەوا و سەرکردەی گەلێک، کە گەلەکەی ڕقیان لێی بێت.

- هەوڵ بدە لە مێردەکەت تێبگەی... هەرگیز تووڕە مەبە... هەرگیز لە خۆتەوە و بەبێ ئەوەی بیر بکەیتەوە، بڕیار مەدە، چونکە کاتێ باسی شتێک یان کەسێک دەکەیت و لە خۆتەوە بڕیارێکی لەسەر دەدەی، ئیتر خۆبەخۆ ئەو بڕیارە لە میشکی مرۆڤدا دەچەسپێ... ئیتر لەو کلاوڕۆژنەوە سەیری ئەو کەسە دەکەیت... بۆیە زۆر گوێی بۆ بگرە... بزانە بە چی تووڕە دەبێت... بە چی هێور دەبێتەوە... هۆکارەکانی لێ بپرسە...

- خۆشت بوێ... سۆزت بۆی هەبێ... پیاو بۆیە ژن دێنێ لە لای ئەو ژنەی خۆی بحەسێتەوە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الروم: ٢١ واتە: یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیر دەکەنەوە و تێدەفکرن.

- دوای تەواوبوونی تووڕەیی، نۆرەی گفتوگۆیە... بە هێمنی گفتوگۆ بکەن... هەندێ ژن لەبری ئەوەی تووڕە ببن، قسە بە مێردەکانیان دەبڕن... ئەوە نیشانەی تووڕەییە... خۆت لەو جۆرە کارە بپارێزە... لەیەکتێگەیشتن بکە دروشمی ژیانت...

- کارێک بکە ئەو بزانێ کە تۆ حەزت لە ژیانێکی پر لە خۆشی و هێمنی و بێ دەردیسەرییە...

- سەرەڕای ئەوەی کە تووڕەبوون کارێکی خراپە، بەڵام دەبێت هاوسەران ئەوە بزانن کاتێ بەرامبەرکەیان تووڕە دەبێت -بە زۆری- مەبەستی شکاندنەوە و سووکایەتیپێکردن نییە... سروشتیان وایە... بە زۆری ئەو مرۆڤانەی کەوا تووڕەن، دڵیان پاکە و بە دوو قسەی خۆش هەموو شتێکیان لا ئاسایی دەبێتەوە...

- هەمیشە ئەوەت لە بیر بێ کە ئامانجی سەرەکی هاوسەرگیری حەسانەوە و لای یەکتر مانەوە و پابەدییە بە ژیانی خێزانی... تەڵاق و لێکجیابوونەوە هەموو جارێک چارەسەر نییە...

سنوورێك بۆ كێشەكان

- كەسایەتیم... گەورەییم... ئەمانە و چەند وشەیەكی تر شەیتان بە گوێی ژن و مێردیدا دەچپێنێ... بە تایبەت لە كاتی دەمەقاڵێدا... شەیتان هەوڵ دەدا دەرگای گفتوگۆ و لە یەك تێگەیشتن لەسەر ژن و مێرد دابخات و دەرگای ئاژاوە و جەنگ و دەمەقاڵێیان لێ بكاتەوە... دەیەوێ جەنگێكی وا گەرم بكات هیچ لایەكیان نەتوانن كۆتایی پێ بێنن... ئاگرێك خۆش بكا كە بە هیچ لایەكیان نەكوژێتەوە...

دوو نووسەر بە ناوەكانی (ژین و شنیدەر) پێكەوە كتێبێكیان بە ناوی (دەستوورەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ هاوسەران)دا نووسیوە، لەوێ چەند ئامۆژگارییەكی گرنگیان هەیە بۆ هاوسەران، لێرە هەندێكی باس دەكەین:

- واز لە باسە سەرەكییەكە مەهێنن و مەچن بۆ باسێكی تر... پێش هەموو شتێك كێشە سەرەكییەكە كۆتایی پێ بێنن و كای كۆن مەدەن بە بادا...

- سەرنجتان بخەنە سەر ئەو كێشەیەی ئێستا ڕوویداوە... بۆ ئەوەی كێشەكە گەورە نەبێ و ڕێگایەك بۆ چارەسەر بمێنێتەوە، مەیبەسنەوە بە ڕابردووە...

- پێویستە هەردوو لا ڕای جیاواز لە یەكتر قەبوڵ بكەن... دان بە ڕای یەكتردا بنێن...

- خۆتان لە ناوونانۆرە بپارێزن... جاری وا هەیە مێرد هەر خۆبەخۆ شتەكان بە گاڵتە دەگرێ... كەچی ژن بەوپەڕی جددییەتەوە لێی دەڕوانێت... ئیتر كێشەكە قوول دەبێتەوە...

- هەر لایەك بۆی دەركەوت هەڵەیە با زۆر دلێرانە دان بە

هەڵەی خۆیدا بنێ... با داوای لێبووردن بکات... هەر ئێستا، نەک سبەی، چونکە هەڵپەساردنی کێشە، خۆی کێشەیە...

- خوشکی بەڕێز! لە کاتی دەمەقاڵێدا دەنگت بەرز مەکەرەوە... هەردووکتان لە قیرە و قیژە دوور بکەونەوە... با ئاگری نێوانتان خۆشتر نەبێ... قیرە و قیژە وەک بەنزینە بۆ ئاگر...

- ماندوبوون و ئیشوکاری یەکتری بەرز بنرخێنن... بە چاوی سووکەوە لە کاری یەکتر مەڕوانن...

- هەوڵ بدە هێور بی... ئەو وشانە بەکار بێنی کە بەرامبەرەکەت تووڕە ناکا...

- مەترسن لەوەی بە بەرچاوی منداڵەکانتانەوە باسی کێشەیەک بکەن و کێشەیەکتان هەبێ، بەڵام بە مەرجێ سنووری ڕێز و ئاکارجوانی نەبەزێنن... ئەوە نەک هەر خراپ نییە، بەڵکوو زۆریش باشە، چونکە منداڵەکان فێری ئەوە دەبن کە دەکرێ بە هێمنی و قسەی خۆش کێشەکان چارەسەر بکرێن...

دوایی منداڵەکانتان دەڵێن: دەگونجێ کێشەیەکمان هەبێ، یان بیروبۆچوونمان جیاواز بێ...

ئێمە دایک و باوکی خۆمان دیوە کە ڕای جیاوازیان هەبووە، کێشەیان هەبووە، کەچی بە هێمنی و بەهێوری چارەسەریان کردووە...

- هەرگیز نەڵێی: زۆر پەشیمانم لەوەی شووم بە تۆ کرد، یان نەڵێی: خۆزگە تۆم نەناسیبا، یان نەڵێی: دەک نەفرەت لەو ڕۆژەی تۆم ناسی، یان نەڵێی: بەخوا لەبەر منداڵەکان نەبوایە یەک ڕۆژ لای تۆ دانەدەنیشتم... دوای کۆتایی هاتنی کێشەکان هەموو شتێ لەبیر دەچنەوە جگە لەو قسە ڕەق و ناخۆشانە نەبێ...

- ئەگەر لە ژوورەکە چوویتە دەرەوە... بە توندی دەرگاکە دامەخە... ئەوە میزدەکەت بە بێڕێزی دەزانێ...

- نەقیژێنی بەسەر منداڵەکاندا... داخی دڵی خۆت بەسەر ئەواندا نەڕێژی... ئەوان چ تاوانێکیان هەیە؟ جگە لەوەیش با باوکیان لە دژی تۆ بەکاریان نەهێنێ...

- هەرچەندێ کێشەکەتان گەورە بێت، بەڵام نەکەن جێگای خەوتن لە یەکتر جیا بکەنەوە و تۆ لەودیو ئەم لەمدیو، چونکە ئەوە واتان لێدەکات دڵتان لە یەک بتۆرێ... ئەگەر کار گەیشتە تۆندی ئەوە قەیناکا بە مەبەستی دەربڕینی نارەحەتی و ناخۆشی کەمێک جێگاکەتان لە یەکتر دوور بخەنەوە...

- زۆر ژن هەیە لەبەر ئەوەی کێشەی لەگەڵ مێردەکەیدا هەیە ئیتر دەست لە ماڵ و چێشتلێنان و... بەردەدا، ئەوە کارێکی هەڵەیە، نابێت کێشەکان لەو شتانەدا ڕەنگ بداتەوە...

- بەهۆی ئەوەی لە یەکتر تووڕە دەبن، کارە جوانەکان واز لێ مەهێنن... کاری جوان هەمیشە جوانە...

چۆن گفتوگۆ لەگەڵ مێردەکەتدا دەکەیت؟

- ژنێک دەڵێ: هەرجارێ لەگەڵ مێردەکەمدا کێشەیەکمان دەبێت و دەمانەوێ قسەی لەسەر بکەین، یەکسەر کای کۆن دەکەین بە بادا و باسی کێشەکانی ڕابردوو زیندوو دەکەینەوە...

ئەمە مانای وایە ئەو کێشانەی ڕابردوو هێشتا چارەسەر نەکراوە... هێشتا بریندن... دەرمانیان نەکراوە... تەنیا لە بیر کراون، بۆیە لە کاتی کێشەیەکی تردا سەر دەردێننەوە و دێنەوە بیری مرۆڤ...

بۆیە پێویستە لەسەر هاوسەران کە نەهێڵن کێشەکانیان بەبێ چارەسەرکردن بمێنێتەوە و کۆن ببێ... ئەو کێشەیەی ئەمڕۆ ڕووەدا، هەر ئەمڕۆ چارەسەری بکەن و مەیخەنە سبەی...

- کاتێ لەگەڵ مێردەکەتدا لەسەر شتێک گفتوگۆ دەکەن، هەوڵ مەدە تۆ براوە بی... قسەی تۆ سەرکەوێ... هەوڵ بدە قسەی ڕاست سەرکەوێ... لە یەکتر تێبگەن... زۆر جار وتراوە و دەڵێینەوە: لەنێوان ژن و مێرددا براوە و دۆڕاو پێکەوە نییە، یان هەردوو لا براوەن، یان دۆڕاو...

بۆیە پێویستە بە هەردوو لاتانەوە ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەکەتان بدۆزنەوە... پێکەوە چارەسەرێکی ژیرانەی بۆ دیاری بکەن... هەریەکە و هەندێ لە مافەکانی خۆی پشتگوێ بخا بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێکەوتن...

- بەو بڕوایەوە لەگەڵ مێردەکەتدا گفتوگۆ نەکەی کە تۆ ڕاستی و ئەو هەڵە... دەست نەکەی بە تۆ... تۆ... ئەوەت لەبیر بێت دەکرێ ڕایەکەی تۆ هەڵە بێت... ئەگەر مرۆڤ ڕک و کەللەڕەق بوو

ڕایەکەی خۆی بە دروست زانی و دانی بە قسەی ڕاستدا نەنا، ئەوە چارەسەر زۆر ئەستەم و گران دەبێت...

- هەندێ ژن و مێرد وا دەزانن دوژمنی یەکترن و سەنگەریان لە یەکتر گرتووە... بۆیە بە هیچ شێوەیەک نەرمی بۆ یەکتر نانوێنن... نەک هەر ئەوە، بگرە دەیانەوێ هەرچۆنێک بووە قسە قسەی خۆیان بێت... هەرچۆنێک بووە سەر بە بەرامبەر شۆڕ بکەن...

- هەرگیز وشەی بریندارکەر بەکار نەهێنن... هەرگیز بە هاوسەرەکەت نەڵێی: خۆشم ناوێی... ڕقم لێتە... خۆزگە نەدەبووم بە هاوسەرت... خۆزگە ببوومایە بە هاوسەری فلانکەس... کورە من توانای ژیانم لەگەڵ تۆ نەماوە... ئەگەر لەبەر منداڵەکان نەبوایە لێت جیا دەبوومەوە و... ئەو قسانە هەرچەند لە کاتی تووڕەییدا دەکرێن و لەوانەیە بنەمایەکی ڕاستیان نەبێ، بەڵام دەبنە برینێک هەرگیز سارێژ نابن... کاریگەری نەرێنی زۆر دروست دەکات... دڵ دەتۆرێنێ...

کاتێ بەرامبەرەکەت تووڕەیە، هیچ ئەوەندەی بیدەنگی باش نییە...

- لە کاتی کێشەدا یەکسەر هەوڵ بدە سیفەتە باشەکانی هاوسەرەکەت بە بیر خۆت بێنیتەوە... ئەوە ئەوەندە مرۆڤ هێور دەکاتەوە کە بەس خوای گەورە دەزانێ چەندێ کاریگەری ئەرێنی هەیە... یارمەتیدەرێکی زۆر گەورە و باشە بۆ تێپەڕاندنی ناخۆشییەکان...

با لەبری ئەوەی یەکتر تۆمەتبار بکەن، بە یەکتر بڵێن: تۆ زۆر خۆڕاگر و لەسەرخۆی، هەمیشە چاکە لە تۆوە بووە...

ئای چەندێ گرنگە هاوسەر ئەوەندە دلێر بێت لە کاتی کێشەدا قسەیەکی ئاوا بکات و یەکسەر ئاوێک بکا بە ئاگرەکەدا...

- شێوازی گفتوگۆ بزانە... بزانە چۆن وشەکان دەردەبڕی... ئەها گوێ لەم ژنە بگرە بزانە چۆن ئامۆژگاری مێردەکەی دەکات بۆ ئەوەی واز لە جگەرەکێشان بێنێت:

مێردی ئازیزم... تۆ کەسێکی خۆش ڕەفتاری... چاکی... خۆزگە لەجیاتی جگەرە سیواکت بە مار بهێنایە... بەخوا هێندەی تر چاک و باش دەبووی...

ژنێکی تر بە مێردەکەی دەڵێ: بەس خوا خۆی دەزانێ چەندێ تۆم خۆش دەوێ... چەندێ دڵم پێت خۆشە... ئای ئەگەر نوێژەکانت بە باشی بکردایە، هێندەی تر گەورە دەبووی... دەبوویتە باشترین پیاوی دونیا...

* * *

بۆچی هەندێ پیاو لە ژنەکەی دەدا؟ (١)

پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ)، گەورەی مرۆڤەکان، ئامۆژگاری پیاوانی کردووە کە لەگەڵ ژنەکانیان باش بن، ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان پیاو و ژندا هەیە پەیوەندییەکی پڕ لە نەرمونیانی و خۆشەویستی بێت... پەیوەندییەکی پڕ لە ستەم و دڵڕەقی و تووندوتیژی نەبێ... مانای ئەو گوێڕایەڵییەی کە ئایینی ئیسلام لەسەر ژنانی فەرز کردووە، ئەوە نییە کە ببنە کۆیلەی پیاوان، یان لە شان و شکۆیان دابەزێنێ، وەک بانگخوازەکانی ڕەوتی بەناو ئازادی ژنان دەیڵێن...

هەروەک چۆن ئەو گوێڕایەڵییە سەبارەت بە پیاوانیش مانای ئەوە نییە ئیتر ستەم لە ژنان بکەن و خۆیان بەسەر ژناندا بسەپێنن و قسە هەر قسەی ئەوان بێت، بەڵکوو ئەو پەیوەندییە تێر و تەواو بوونێکە بە سۆز و میهرەبانی و خۆشەویستی...

ئەو گوێڕایەڵییە تەنیا لە چوارچێوەیەکدا دەبێت هەبێت کە خوای گەورە پێی ڕازی بێ... پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕازی بێ... ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ». رواه الطبراني و غيره. واتە: گوێڕایەڵی هیچ کارێک دروست نییە بۆ نافەرمانی کردگار.

ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لە پیاوان کە لەگەڵ ژناندا خراپ بن... سووکایەتیان پێ بکەن... بۆیە دەفەرموێت: «لَا يَجْلِدْ أَحَدُكُمُ امْرَأَتَهُ جَلْدَ الْعَبْدِ ثُمَّ يُجَامِعُهَا فِي آخِرِ الْيَوْمِ». رواه البخاري. واتە: هیچ یەکێک لە ئێوە لە ژنەکەی نەدا و دوایی ئێوارەیش لەگەڵیدا جوت ببێت...

زۆربەی زۆری ئەو ڕێز و نرخ و مافانەی کە ئایینی ئیسلام

بە ژنی داوە، مسوڵمانان لێی بێئاگان... بۆیە زۆرێک لە پیاوە مسوڵمانەکان بەرامبەر ژنەکانیان تووندوتیژن...

هۆکارەکانی لێدانی پیاو لە ژن:

هەندێ هۆکار تایبەتە بە پیاوەوە، لەوانە:

- تێنەگەیشتن لەو ئایەتەی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِي ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾﴾ النساء: ٣٤ واتە: ئەو ئافرەتانەیش ئێوە دەترسن سەرکەشی و سەرپێچی بکەن سەرەتا ئامۆژگارییان بکەن، (ئەگەر سوودی نەبوو) لەناو جێدا پشتیان تێبکەن، (ئەگەر ئەوەیش سوودی نەبوو)، لێیان بدەن (بە مەرجێک لێدانەکە لە دەموچاو نەبێت و ئاسەوار بەجێنەهێڵێت)، ئەگەر بەم هۆیانەوە لە لادان و یاخیبوون وازیان هێنا، ئەوە ئیتر ستەمیان لێ مەکەن و رێگەی تر مەگرنە بەر (بۆ ئازاردانیان) بێگومان خوا بەرز و بڵند و گەورەیە، (ئەگەر ستەمیان لێبکەن تۆڵەتان لێدەسێنێت).

جا هەندێ کەس ئەم ئایەتە دەکات بە بەڵگە بۆ خۆی و لە ژنەکەی دەدا... ئیتر قۆناغی ئامۆژگاری و قۆناغی جێگا جیاکردنەوە بەجێدەهێڵن و یەکسەر باز دەدەن بۆ قۆناغی سێیەم... کەچی مەبەستی ئایەتەکەیش لێدانێکە کە ئازار بە ژنەکە نەگەیەنێ... بە شتێکی بچووک لە ژنەکە بدرێ، بۆ نموونە بە سیواک و شتی وا... مەبەستی سەرەکی لێدانەکە ئێش و ئازار گەیاندن نییە بە ژنەکە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ژنەکە بزانێ مێردەکەی تەواو پڕ بووە... بۆیە گەیشتووەتە قۆناغی سێیەم، یانی ئەو لێدانە تەنیا نیشانەیەک بێ بۆ ئەوەی کە پیاوەکە گەیشتووەتە قۆناغی سێیەم...

ئەگەر پیاو بە جۆرێک لە ژنەکەی دا ئازاری پێ گەیاند، ئەوە خوا

بـەردار نییـە... پێغەمبـەر(ﷺ) پێی خۆشـە نییـە... ئـەوە زێدەڕەوییـە... ستەمە... پێشێلکردنی مافی ئافرەتە...

- جـاری وا هەیـە هـۆکاری ئـەو لێدانـە پـەروەردەی نـاو خێزانـە... پیاوەکە بـە منداڵی باوکی بینیوە لـە دایکی داوە... لەگەڵیدا ڕاهاتووە... وا دەزانـێ پیـاو ئـەو پیاوەیـە کـە بتوانـێ لـە ژنەکـەی بـدا... تونـدوتیژ بێـت... کـەس نەوێـرێ قسـەی بەرامبـەر بـکا... هەمـوو کـەس لێـی بترسـن... وەک درێـندە خـۆی دەربخـا...

- هەندێ پیـاو وا تێگەیشـتوون کـە بـە لێدان هەمـوو شـتێک چـاک دەبێـت... دونیـا دەبێـت بـە ماسـتی مەییـو... وا دەزانێـت پیـاو بـە لێدان دەبێـت بـە پیـاو و سـام و هەیبەتـی خـۆی دەردەخـا...

- جـاری وا هەیـە هـۆکاری لێدانەکـە لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە پیـاو لـە دەرەوە پڕ بـووە... ماندوو بـووە... ڕووبـەڕووی سـەدان کێشـە بووەتـەوە... ئەوانـە هەمـوویان وایـان کـردووە کـە چیتـر خـۆی پێ ڕانەگیـرێ و لـە ماڵـەوە داخـی دڵـی خـۆی هەڵڕێـژێ...

- جـاری وا هەیـە پیـاو تووشـی نەخۆشـی دەروونـی بـووە... هـەژاری و دەسـتبەتاڵی و بێکاری و قـەرزاری کارێکیـان پێکـردووە جڵـەوی خـۆی لـە دەسـت خـۆیدا نەمـاوە... بـە دەسـت خـۆی نییـە هـەر هـات بـە سـەریدا بـە هـەق و ناهـەق حـەزی لەوەیـە لـە کەسـێک بـدا... هیـچ کەسـی دەسـت ناکـەوێ و ناچـار ژنـی دامـاو دەبێـت بـە داوەوە و تووشـی لێـدان دەبێتـەوە...

- لەوانەیشـە سـەیرکردنی هەنـدێ لـەو فیلمانـە کـە هانـدەری تونـدوتیژیـن ببێتـە هـۆکاری ئـەوەی پیـاو لـە ژن و منداڵی خـۆی بـدا...

***

بۆچی هەندێ پیاو لە ژنەکەی دەدا؟ (٢)

هەندێ هۆکاریش پەیوەندی بە ژنەوە هەیە، وەک:

- کاروباری مال و منداڵ بە باشی بەڕێ ناکا... بەبێ ئەوەی هیچ بیانوویەکی هەبێ -نە نەخۆشە، نە لە سووڕی مانگانەدایە- وەڵامی پیاوەکەی ناداتەوە و لەگەڵیدا ناخەوێ... داواکارییەکانی مێردەکەی جێبەجێ ناکات...

- جاری وا هەیە ژن سووکایەتی بە پیاوەکەی دەکات... سووکایەتی بە بیروڕا و بۆچوونی مێردەکەی دەکات... کارێ دەکات مێردەکەی هەست بە کەمایەتی دەکات... هەر لەبەر ئەوە دەیەوێ بە شێوەیەک ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، جا لە لێدان باشتری دەست ناکەوێ و زرپ دەکێشێ بە ژنەکەیدا...

- هەندێ ژن وادەزانن بە کەللەڕەقیکردن دەتوانن شکۆ و کەسایەتی خۆیان بپارێزن... هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کەللەڕەقییە لای ژنان، ئەو بەناو دەزگا و ڕێکخراوانەن کە ژنان لە دژی پیاوان هان دەدەن...

- پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دەبێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ئەوین و لێبووردەیی دابمەزرێ، لەبەر ئەوە ئەو هۆکارانەی کە باس کرا هیچیان بیانوو نین بۆ ئەوەی پیاو دەست لە ژنەکەی بەرز بکاتەوە...

ژنی وا هەیە لێی دەدرێ و بێدەنگ دەبێت...

- ژنی وا هەیە لە لایەن مێردەکەیەوە لێدان دەکرێ و بێدەنگ دەبێت، ئەوەیش لەبەر ئەوەی نەکا ئەم لە مێردەکەی جیا ببێتەوە و منداڵەکانی ڕووبەڕووی تووندوتیژی باوکیان، یان باوەژن ببنەوە...

بۆیـه بەرگـەی ئـەو لێدانـه دەگـرێ و ژیانـی خـۆی لەپێنـاو ژیانـی منداڵەکانی دەکاتـه قوربانی، یـان جـاری وا هەیـه لەبـەر ئـەوەی نـەکا لێدانەکه سـەختتر و خراپتر بێت بۆیـه دەنگ ناکات و بـه لێدانه کەمەکه ڕازی دەبێت، یـان جـاری وا هەیـه ژن وا بیر دەکاتـەوه کـه ژیانی دوای تەڵاقدان و لێکجیابوونـەوەی لـەم ژیانـەی ئێستای ناخۆشتر بێ، بۆیـه بەرگـەی ئـەو ئێش و ئازارانـه دەگرێ، یـان هیـچ کەسێک نییـه پەنـای بۆ ببـا... دایک و باوکی نەمـاوه... بـرای نییـه، یـان بـرای هەیـه بـەڵام براکەیشی وەک مێردەکـەی توندوتیژه... ژیانی لای برا و براژنی لـه لا گرانـه... پەندێکی کوردی دەڵێ: گۆشتی لاڕانی خۆم دەخۆم و منەتی قەسـاب هەڵناگرم... مێردەکـەی خۆی لاڕانـه و برا و براژن قەسـاب... بۆیـه بـه ناچـاری بەرگـەی ئـەو لێدانـه دەگرێ بۆ ئـەوەی لـه ژیانێکی ناخۆشـەوه نەیەتـه نێو ژیانێکی ناخۆشتر...

- جـاری وا هەیـه ژنەکـه ئەوەندە مێردەکـەی خـۆش دەوێ بەرگـەی ئـەو ئێش و ئـازار و لێدانـه دەگرێ و هیـچ نالێ...

- هەندێ ژنیش بـه خـۆدا دەچنـەوه و دەزانن ئـەوان تاوانبار بوون، بۆیـه لـه دڵی خۆیانـدا دەڵێن: کـورە خـۆ مێردەکـەم پیاوێکی باشـه... ئەوە من خـۆم کارێکم کردووه ئـەو دەسـتم لێ بـەرز بکاتـەوه... خـۆم بـه خراپی لەگەڵیدا جووڵامـەوه...

- هـەر ژنێک مێردەکـەی لێدانی بکات و بیـەوێ ژیانی هاوسـەری لەگـەڵ ئـەو مێـرده درێـژه پـێ بـدات و کارێکیش بـکا مێردەکـەی لێینـەدا، دەبێت لەگـەڵ مێردەکەیـدا بـه ڕاشـکاوی گفتوگۆیـەک سـاز بـدا... مێردەکـەی تێبگەیەنـێ کـه هیـچ کارێ بـه توندوتیژی چارەسـەر نابێت... پێی بڵێ: من پێم خۆشـه لەگـەڵ تۆدا بژیـم... هاوسـەری تۆ بـم، بـەڵام دەبێت تۆیش ڕێزی من بگری... سـوکایەتیم پـێ نەکـەی... هـەر شـتێکت ویسـت ڕاشـکاوانه پێمبڵێ... ئەگـەر لـه توانامـدا بـوو

بەسەر چاو بۆت جێبەجێ دەکەم... دەبێت تۆیش بۆ من وابیت و لەسەر بنەمای ڕێز و ئەوین و خۆشەویستی پێکەوە بژین...

لە کۆتاییدا دەبێت پیاو ئەوە بزانێ کە خوای گەورە بۆیە ژنی پێداوە بۆ ئەوەی پێکەوە بحەسێنەوە... دڵیان لە لای یەک ئارام بگرێ... دەی ئیتر چۆن مرۆڤ لە کەسێک دەدا کە مایەی ئارامی بێ؟

دەبێت ئەوەی لە بیر بێ کە مسوڵمان دەبێت شوێنەکەوتەی پێغەمبەر(ﷺ) بێ... بزانێ ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەر(ﷺ) چۆن بووە، ئەویش چاوی لێ بکا و ڕەفتاری خۆی وەک ڕەفتاری پێغەمبەر(ﷺ) لێبکا... دەبێت ئەو فەرموودەیەی لەبیر بێت کە دایە عایشە دەفەرموێت: مَا ضَرَبَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) خَادِمًا وَلاَ امْرَأَةً قَطُّ. رواه ابوداود. واتە: پێغەمبەر(ﷺ) هەرگیزاوهەرگیز نە لە خزمەتکار و نە لە ژنێکی خۆی نەداوە...

مێردەکەم تووڕەیە و بەردەوام لێدانم دەکات...

- ژن وەک پیاو مرۆڤە... دەبێت ڕێزی لێ بگیرێ... نابێت لێی بدرێ... پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) دەفەرموێت: «خِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِهِمْ». رواه ابن ماجه. واتە: باشترینتان باشترینە لەگەڵ ئافرەتاندا.

پێغەمبەر(ﷺ) زۆری پێ سەیر بووە پیاو لە ژنی خۆی بدا، بۆیە ئامۆژگاری پیاوانی دەکرد و دەیفەرموو: «يَعْمِدُ أَحَدُكُمْ فَيَجْلِدُ امْرَأَتَهُ جَلْدَ الْعَبْدِ فَلَعَلَّهُ يُضَاجِعُهَا فِي آخِرِ يَوْمِهِ». رواه البخاري. واتە: ئەوە پیاوی وا هەیە لە ژنەکەی دەدا وا دەزانێ کۆیلەیە -زۆر سەیرە!- کەچی لەوانەیە ئێوارەیش لەگەڵیدا جووت ببێت...

- هەوڵ بدە ئەو دەمەی ئەو لەسەر بارە و تووڕە نییە، قسەی لەگەڵدا بکە و ڕێککەون... بە تایبەت لەسەر ئەوە ڕێک بکەون کە لە بەرچاوی منداڵەکاندا دەمەقاڵێ نەکەن...

- پێکەوە هەندێ هێڵی سوور دەستنیشان بکەن... بۆ نموونە: نابێت -هەرچەند تووڕەش بیت- لێدانی تیا بێ...

- ئەو دەمەی ئەو تووڕەیە قسەی لەگەڵدا مەکە... چەڵەحانێی لەگەڵدا مەکە... دوور بکەوە لەو قسانەی کە ئەو تووڕە دەکات... دەکرێ دوای ئەوەی ئەو هاتەوە سەرخۆی لەگەڵیدا دابنیشی و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی... بە زۆری ئەو کاتە کاتێکە ژن و پیاو دووبەدوو لە ژووری نوستنی خۆیاندان...

- هەرکاتێ پیاوەکە هەڕەشەی لێدانی کرد، دەبێت ژنەکە لەگەڵ کەسێکی ژیری خێزانەکەی خۆیاندا گفتوگۆ بکا، بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕوون ئاڕاستەی پیاوەکەی بکات و پێی بڵێ: من ناتوانم لەگەڵ

کەسێکدا بژیم کە سووکایەتیم پێ بکات و بیەوێ سەرشۆڕم بکات...

- لێدان هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) داوا لە سابیتی کوڕی قەیس بکا کە حەبیبەی ژنی تەلاق بدا...

عَنْ عَائِشَةَ، أَنَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ سَهْلٍ، كَانَتْ عِنْدَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ فَضَرَبَهَا فَكَسَرَ بَعْضَهَا، فَأَتَتْ رَسُولَ اللهِ(ﷺ) وَسَلَمَ بَعْدَ الصُّبْحِ، فَاشْتَكَتْهُ إِلَيْهِ، فَدَعَا النَّبِيُّ(ﷺ) ثَابِتًا، فَقَالَ: خُذْ بَعْضَ مَالِهَا، وَفَارِقْهَا، فَقَالَ: وَيَصْلُحُ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَإِنِّي أَصْدَقْتُهَا حَدِيقَتَيْنِ، وَهُمَا بِيَدِهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ(ﷺ): خُذْهُمَا وَفَارِقْهَا، فَفَعَلَ. رواه ابوداود. واتە: دایە عایشە دەفەرموێت: حەبیبەی کچی سەهل ژنی سابیتی کوڕی قەیس بوو، سابیت لە حەبیبەی دا، هەندێ شوێنی شکا -لە ڕێوایەتێکی تردا دەفەرموێت: دەستێکی شکاند- دوای بەیانی بوو، حەبیبە هات بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) سکالای خۆی لای پێغەمبەر(ﷺ) کرد... پێغەمبەر(ﷺ) بانگی سابیتی کرد و فەرمووی: هەندێ لە مارەییەکەی ببە و تەلاقی بدە... سابیت وتی: دەی قوربان شتی وا دەبێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ... سابیت وتی: من دوو باخم کردووە بە مارەیی حەبیبە، ئێستا ئەو دوو باخە بە دەستی ئەوە... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کورە هەردوو باخەکە ببەرەوە و حەبیبە تەلاق بدە... ئیتر سابیت باخەکانی بردەوە و حەبیبەی تەلاق دا...

حەبیبە ژنێکی زۆر ماقوڵ بوو... زمانی حاڵی حەبیبە دەیگوت:

خەو لە چاوانم تۆراوە کەچی

چاوانی گوڵە لە خەو ڕاچووە

پیاوی بەڕێز... لەجیاتی جوێندان و سووکایەتی، ئامۆژگاری ژنەکەت بکە... هیچ شتێ هێندەی جوێندان و سووکایەتی دڵی ژن بریندار ناکا... لەوانەیە ئەوەندە تووڕەی بکا کە ئەویش بە ناچاری دەمی بکاتەوە و وەڵامی جوێنێک بە دوو جوێن بداتەوە...

پیاوەتی کەی لەوەدایە لە ژنی خۆت بدەی؟ پیاوەتی کەی لەوەدایە سووکایەتی بە دروستکراوێکی خوای گەورە بکەیت؟ پیاوەتی کەی لەوەدایە بە بەرچاوی منداڵەکانتەوە لە دایکیان بدەی... بێنە بەرچاوی خۆت، تۆ پێتخۆشە زاواکەت لە کچەکەت بدا؟

لە سەردەمی پێغەمبەرا(ﷺ) هەندێ پیاو زێدەڕەوییان کرد... لە ژنەکانیان دا... ژنەکان هاتن و خۆپیشاندانیان لە بەردەم ماڵی پێغەمبەرا(ﷺ) کرد... سکاڵایان لە دەست مێردەکانیان کرد... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: «لَقَدْ طَافَ اللَّيْلَةَ بِآلِ مُحَمَّدٍ سَبْعُونَ امْرَأَةً، كُلُّ امْرَأَةٍ تَشْتَكِي زَوْجَهَا، فَلَا تَجِدُونَ أُولَئِكَ خِيَارَكُمْ». رواه ابن ماجه. واتە: بەڕاستی ئەمشەو حەفتا ژن هاتوون بۆ ماڵی موحەممەد(ﷺ) هەموویان سکاڵایان لە دەست مێردەکانیان بوو... ئەو پیاوانە کە لە ژن دەدەن پیاوی چاک نین!

تەماشایەکی ئەم فەرموودەیەیش بکەن:

عَنْ مُعَاوِيَةَ الْقُشَيْرِيِّ قَالَ: «قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا حَقُّ زَوْجَةِ أَحَدِنَا عَلَيْهِ؟ قَالَ: أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ وَلَا تَضْرِبِ الْوَجْهَ وَلَا تُقَبِّحْ وَلَا تَهْجُرْ إِلَّا فِي الْبَيْتِ». رَوَاهُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ. واتە: موعاویەی قوشەیری دەفەرموێت: لە پێغەمبەرم (ﷺ) پرسی وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی ئێمە چ مافێکی هەیە بەسەرمانەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: مافەکانی ئەوەیە کاتێ برسی بوو تێری بکەیت... کاتێ داوای جلوبەرگی کرد جلوبەرگی بۆ بکەیت... هەرگیز لە دەموچاوی نەدەیت... قسەی ناشیرینی پێ نەڵێی... لە ماڵیشدا نەبێت دەنگی لێ وەرنەگری -یانی: ئەگەر ناخۆشییەک کەوتە نێوانتانەوە نەهێڵی کەس پێی بزانێ، بەڵکوو هەر لە ماڵەوە ڕەنگ بداتەوە و لە دەرەوە ڕەنگ نەداتەوە-.

❁❁❁

ژنەکەم لە من دەدات...

- جارێک پیاوێک ڕۆیشت بۆ خزمەت حەزرەتی عومەر بۆ ئەوەی سکاڵا لە دەست ژنەکەی بکا...

لە بەردەرگای ماڵی حەزرەتی عومەر وەستا بۆ ئەوەی چاوەڕێ بێت تا حەزرەتی عومەر دێتە دەرەوە... گوێی لێبوو ژنەکەی حەزرەتی عومەر دەنگی بەسەردا بەرز دەکاتەوە و بە سەریدا هاوار دەکات... کەچی حەزرەتی عومەریش بێدەنگە و هیچ ناڵێ...

پیاوەکە بە بێدەنگی گەڕایەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: حاڵی عومەر ئاوابێ سەد خۆزگە بە ئێمە... وەڵڵا هێشتا باشین...

لەو کاتەدا حەزرەتی عومەر لە ماڵ هاتە دەرەوە، پیاوەکەی بینی و بانگی کرد... فەرمووی: هێی کاکە! ئەوە چ کارێکت هەبوو؟ بۆچی بە بێدەنگی گەڕایتەوە؟

پیاوەکە وتی: چی بڵێم قوربان؟ هاتم لای تۆ سکاڵا لە دەست مامەڵە خراپی ژنەکەم بکەم... لەگەڵمدا خراپە... کەچی گوێم لێبوو ژنەکەی تۆیش -وەک ئەوەی خۆم وایە- دەنگت بە سەردا بەرز دەکاتەوە و ئاوا و ئاوا دەڵێ... بۆیە بە بێدەنگی گەڕامەوە و لە دڵی خۆمدا وتم: ئەوە عومەر ئاوایە، سەد خۆزگە بە خۆم...

حەزرەتی عومەر فەرمووی: کاکی خۆم... ئەو مافی بەسەر منەوە زۆرە بۆیە بێدەنگ دەبم... چێشتم بۆ لێدەنێ... نانم بۆ دەکات... جلوبەرگەکانم دەشوات... منداڵەکانم بۆ بەخێو دەکات... ئەو کارانە هیچی لەسەر ئەو واجب نییە و هەمووی دەکات...

بەهۆی ئەوەوە من دەتوانم لە حەرام خۆم بپارێزم... دەی دەبێت منیش هەندێ خاتری ئەو بگرم و -کاتێک تووڕە دەبێت بێدەنگ بم-.

پیاوەکە وتی: دەی قوربان بەخوا ژنەکەی منیش هەروایە...

حەزرەتی عومەر فەرمووی: دەی کاکی خۆم پشووت درێژ بێت و خاتری بگرە... ماوەیەکی کەمە... -واتە: ژیانی دونیا و ناخۆشی نێوان ژن و پیاو ماوەیەکی کەمە، تەنیا لە دونیادا وایە، لە بەهەشتدا هیچ کێشە و ناخۆشییەکیان نابێت-.

- وەک چۆن ژن تووشی دەبێت بە تووشی پیاوێکەوە کە مامەڵەی باش نییە، ئاوایش جاری وا هەیە پیاو تووشی دەبێت بە تووشی ژنێکەوە کە مامەڵەی جوان و باش نییە...

کەم مال هەیە کێشەی تێدا نەبێ... دەنگەدەنگی تیا نەبێ...

ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی کە ژن لە پیاوەکەی خۆی بدا، ئەوە ئیتر هیچ سنوورێک نەماوە ئەو دوانە تێینەپەڕێنن...

لە ڕاستیدا لە دونیادا دەنگەدەنگی نێوان ژن و پیاو سنوور بەزاندنی هەردوو لا بووە بە دیاردە... ئێستا لێدانی پیاویش بووە بە دیاردە... لە وڵاتی بەریتانیا ڕێژەی توندوتیژی لەگەڵ پیاودا گەیشتووتە لە سەدا حەفدە...

لە ئەمریکا گەیشتووەتە لە سەدا بیستوسێ...

لە وڵاتە عەرەبیەکاندا لەنێوان لە سەدا بیستوسێ تا لە سەدا بیستوهەشت دێ و دەچێت...

بەڵێ... لە هەموو وڵاتێک دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان زۆر بووە... هەروەها توندوتیژی بەرامبەر ژنانیش زۆر بووە... ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژن و پیاو بە باشی لە یەکتر ناگەن... بە پێی دەستوور و شەرعی ئیسلام لەگەڵ یەکتر مامەڵە ناکەن... خاتری یەکتر ناگرن...

پیاوێک دەڵێ: پیاوێک لە مالی خۆیدا دەستی کرد بە هاوار... دراوسێکان کۆبوونەوە بزانن چی قەوماوە... دەبینن ژنەکە گۆچانێکی

ئەستووری بە دەستەوەیە و دەیەوێ لە مێردەکەی بدا... پیاوەکەیش دەقیرێنێ و هاوار دەکات بۆ ئەوەی یەکێک بێت بە دەمیەوە و نەهێڵێ ژنەکەی لێبدا...

مەگەر ئەوە تۆندوتیژی نییە؟ ئەگەر ئەو ژنە ئەوینی پیاوەکەی نەکوشتووە؟ چۆن دەبێت ژن لە پیاو بدا؟

پیاوێک دەڵێ: دەستی ئەو ژنە گۆچ بێت کە لە ڕووی مێردەکەیدا بەرزی دەکاتەوە...

پیاوێکی شاعیر بە ناوی شەنفری بە تەنزەوە بە ژنەکەی دەڵێ:

گەر کارێکت کرد من پێم خۆش نەبوو
هیچیشم نەگوت تەڵاقم بدە
ئەو کاتە تۆ پیاو، من دەبمە ژنت
منەتت نەبێ بە گۆچان لێمدە

- لە بەرامبەریشدا... نابێت پیاو دەست لە ژنەکەی بەرز بکاتەوە... بە تایبەت نابێت لە دەموچاوی بدا... جا لەژێر هیچ بەهانە و بیانوویەکدا دروست نییە پیاو زلە لە ژنەکەی بدا...

نەکەی بە ژنهێنان هەڕەشە لە ژنەکەت بکەی...

- گەفی هەندێ پیاو لە مالەوە ئەوەیە کە بە ژنەکەی دەڵێ: تەڵاقت دەدەم، یان پێی دەڵێ: ژنت بە سەردا دەهێنم...

- هەرگیز ئەو گەف و هەڕەشانە نەکەی بە گوریسێک و بیخەیتە ملی ژنەکەتەوە... ئەوە کەسایەتی و نرخی تۆ لە دڵی ژنەکەتدا لاواز دەکات... تەنانەت ئەوەش لە دڵیدا دەچەسپێ کە ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە قسەی پیاوی بێدەسەڵات و سووک و سەلیمە...

- نا... نا... هەرگیز غیرەی ژنەکەت نەوروژێنی... هەرگیز لە لایدا نەڵێی: ژنێکی تر دێنم، یان باسی شۆخوشەنگی هیچ ژنێکی لە لا نەکەی، چونکە ئەوە دەبێتە برینێکی قوول لە دڵی ژنەکەتدا... خۆشەویستی و ئەوینی ژنەکەت پێچەوانە دەکاتەوە و دەیکا بە دەریایەک گومان و دووڵی...

- کارێ بکە ژنەکەت هەست بکا کە لە لای کەسێکە ئارامی و دڵنیایی پێ بەخشیوە... کارێ بکە هەست بکا کە تۆ هەرگیز ئامادە نیت دڵی ئەو بڕەنجێنی، تەڵاقی بدەی، یان ژنی بەسەردا بهێنی...

- کارێ بکات هەست بکات کە تۆ زۆرت خۆش دەوێ... ئاتاجی ئەوی... حەزت لە بوونی ئەوە... دڵت پێشکەشی ئەو کردووە...

- ئەو کەسانەی کە لەبری ئەوەی یارمەتی ژنەکانیان بدەن و کێشەکانیان لەگەڵدا چارەسەر بکەن... لەبری ئەوەی سوپاسیان بکەن و بە گوێیان بچپێنن و بڵێن: زۆر سوپاست دەکەم... خۆشم دەوێی...

ئەو کەسانەی کە هەڕەشە لە ژنەکانیان دەکەن و ئەو ڕووخسەتەی کە خوا پێی داون، دەیکەن بە چەکێکی کوشندە و ژنەکانیانی پێ دەترسێنن...

ئەوانە بە شمشێری ترس و تۆقان ئەو شتانە دەست دەخەن کە دەیانەوێ...

ئەوانە کارێ ناکەن کە ژنەکانیان هەست بە ئارامی بکەن و لە پەنا مێردەکانیاندا بحەسێنەوە...

- باشە ئەوانە لەجیاتی ئەوەی شمشێری هەڕەشە ڕاکێشن و هەڕەشەی پشتشکێن لە ژنەکانیان بکەن و کەسایەتی خۆیان بخەنە ژێر پرسیارەوە، ئەوە باشتر نییە کە ڕێزی یەک بگرن و هاوکاری یەکتر بکەن؟

- ئەو هەڕەشانە هەروا شتێکی ئاسان نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژنەکانیان تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ببن...

جا ئەو دڵەڕاوکێ و دوودڵییە لە زۆرێک لە ژناندا دەبێت بە نەخۆشی جەستەیی... سەریان دێشێ... هەموو گیانیان ئازار پەیدا دەکات... مێردەکەی لای ئەم پزیشک دەیبا بۆ لای ئەو پزیشک... دونیایەک پشکنینی بۆ دەکرێ... کەچی هیچ نەخۆشییەکی لێ دەرناکەوێ... ژنی داماو خۆیشی نازانێ کە سەرچاوی نەخۆشییەکە چییە و بۆچی ئاوا تووشی ئەو دەرد و ئازارانە بووە...

- ڕۆژێک لە نۆرینگەکەی خۆم بووم، ژنێک لەگەڵ مێردەکەیدا هاتن بۆ لام... ژنەکە نەخۆش بوو... دەیگوت ئێشێکی نادیار لە سینگمدایە...

تەماشای پشکنینەکانم کرد... پشکنینی دڵ و سینگ هەمووی ئاسایی و باش بوو... کەچی هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئازارێکی سەخت لەنێو سینگیدایە...

بە ژنەکەم وت: بێزەحمەت تۆ بڕۆ دەرەوە... لە پیاوەکەم پرسی: لە ماڵەوە لەگەڵیدا چۆنی؟

وتـی: وەڵـڵا کاکـی دکتـۆر زۆر باشـم، بـەڵام هەمـوو ڕۆژێـک بـە گاڵتـەوە پێـی دەڵێـم: ئەمـڕۆ بێـت یـان سـبەی ژنـی دووەم دێنـم...

منیـش پێمگـوت: دەی ئـەوە سـەرچاوەی نەخۆشـیەکەیە... جارێکـی تـر وای پـێ نەڵێـی... لـەم دونیایـەدا هیـچ ژنێـک نییـە پێـی خۆشـبێت مێردەکـەی ژنێکـی تـر بێنـێ...

پێـی بڵـێ: ئەگـەر هەمـوو ژن و کچانـی دونیـام بـۆ ڕێـز بکـەن، مـن تەنیـا تـۆ هەڵدەبژێـرم... هەمـوو ڕۆژێ وای پـێ بڵـێ ئیتـر چـاک دەبیتـەوە و ئەڵەمـی تیـا نامێنـێ...

دوای ماوەیـەک سـەردانیان کردمـەوە... ژنەکـە هیـچ کێشـەیەکی نەمابـوو...

مێردەکەیـش بـە منـی وت: خـوات لـێ ڕازی بێـت ئامۆژگارییەکـەت زۆر کەڵکی هەبـوو... زۆری سـوود پـێ گەیاندم... بـوو بـە دەرمـان بـۆ ژنەکـەم...

مێردەکەم هەڕەشەی ژنهێنانم لێ دەکات...

- ژنێک مێردی کرد و دوای سێ منداڵ ئیتر دەستی لە خۆی بەردا... گرنگی بە سەر و سیمای نەدەدا... ڕۆژێک لە ڕۆژان بە جوانی خۆی نەڕازاندەوە و پێشوازی لە مێردەکەی نەکرد... سااڵنی پێشوو بوو بە خەون و خەیاڵ...

مێردەکەی گلەیی لێکرد و پێی وت: کوا جوانییەکەی جارانت؟ کوا خۆڕازاندنەوە و بۆنە خۆشەکانت؟

ژنەکەیش بیانووی هێنایەوە و وتی: بۆم ناکرێ و منداڵم وردە... کارم زۆرە...

مێردەکەی بە ڕاشکاوی و بە ڕاستی داوای لێکرد و وتی: تکا دەکەم خۆت وەک جاران لێبکەرەوە... ئەگینا ژن دەهێنم... ئەو کاتە سەرکۆنەی من نەکەی... تاوان لە ئەستۆی خۆتایە...

ژنەکەی قیژاندی و ئەو ڕۆژە ڕەشەی هێنایە بەرچاوی خۆی کە مێردەکەی ژنێکی تری هێناوە و جێگای بەم لێڕ کردووە...

بۆیە ترسی لێ نیشت... وەک جاران گرنگی بە خۆی دا... هەموو ڕۆژێک خۆی دەڕازاندەوە... چاوەڕێی مێردەکەی دەبوو تا کاتی هاتنەوە... بە جوانی پێشوازی لێدەکرد... هەموو ئەمانە لەپێناو ئەوەی چاوی بە چاوی هەوەی ڕەزاگرانی ئێسک قورس نەکەوێ...

- ئەم بەسەرهاتە لە زۆرێک لە مااڵندا دووبارە دەبێتەوە و ڕوودەدا... زۆرێک لە پیاوان ئەو هەڕەشەیە بەکار دێنن... بەو هەڕەشەیە ژنەکانیان دێننەوە سەر ڕێگا و بە کەیفی خۆیان دەیانخولێنەوە...

باشە ئەمە چەکێکە و بە دەستی پیاوەوەیە... ئەی ئەگەر ڕۆژێک

لە ڕۆژان ژنێک بیەوێ مێردەکەی بە دڵی ئەو بێ، چی بکا؟ چۆن چۆنی بیهێنێتەوە سەر ڕێگا؟

باشە پیاوەکە بە هەڕەشە توانی سەر و سیمای ژنەکەی وەک جاران لێکردەوە... ئەی ڕۆح و دل و گیانی؟ ئەی هەڵسوکەوتی پڕ لە سۆز و ئەوینی؟ ئەی دڵە پڕ لە خۆشەویستییەکەی؟

- ئێمە بە خانمانی بەڕێز دەڵێین: خانمی بەڕێز... هەر لە سەرەتاوە خۆت فەرامۆش مەکە... مافی مێردەکەت جێبەجێ بکە و پێشێلی مەکە... تۆ بەرپرسی لە ڕازیکردنی دڵی مێردەکەت...

بەو پیاوانەیش کە دوو ژن یان زیاتریان هەیە دەڵێین: کاکی بەڕێز... لە خوا بترسە... ئەگەر ژنی دووەمت هێناوە، ئەوی یەکەم لە یاد مەکە... وەک چۆن خزمەتی ژنە تازەکە دەکەیت و سەردانی دەکەیت و پێداویستی بۆ دەکڕی، ئاوایش ژنی یەکەمت لە بیر نەچێ... خزمەتی ئەویش بکە... هەرگیز ستەمی لێ نەکەی... ستەمکردن لە ژنی گەورە دەبێتە هۆی سزا و و تۆڵەی پەروەردگار... بزانە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چی دەفەرموێت:

«إِذَا كَانَتْ عِنْدَ الرَّجُلِ امْرَأَتَانِ فَلَمْ يَعْدِلْ بَيْنَهُمَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ سَاقِطٌ» . رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ.

واتە: ئەگەر پیاوێک دوو ژنی هەبوو، لەگەڵیاندا دادگەر نەبوو... ڕۆژی پەسڵان لایەکی گۆج دەبێت و کار ناکا.

- پیاوێک هەبوو لەمێژبوو ژنی هێنابوو، بەڵام ژنەکەی نەزۆک بوو... منداڵی نەدەبوو... ژنەکەی زۆری لە پیاوەکەی کرد و پێی وت: ژنێک بێنە با منداڵێکت لێی ببێت... پیاوەکەیش ئامادە نەبوو ژنی بەسەردا بێنێ... ژنەکەش زۆر جار داوای لێدەکرد ژن بێنێ، لە کۆتاییدا پیاوەکە ڕازی بوو... وتی: دەی ژنێک دێنم خەڵکی ئەم شارە نەبێ و خزم و کەسوکاری لێرە نەبێ...

پیاوەکە ڕۆیشت بۆ سەفەرێک و کاتی هاتنەوە مەرکانەیەکی گەورەی هێنایەوە و جلوبەرگی ژنانەی لەبەر کرد... عابایەکی بەسەردا دا... خستیە ژوورێکی تریەوە... بە ژنەکەی وت: ئەوە ژنی دووەمم هێنا... ئەوەتا لەو ژوورەدا خەوتووە و بڕۆ لە دووڕەوە سەیری بکە...

پیاوەکە ڕۆیشت بۆ کار و درەنگێک هاتەوە... کاتێ هاتنەوە دەزانێ ژنە گەورەکەی دەگری؟ وتی: ئەوە بۆچی دەگریت چی بووە؟

ژنەکە وتی: خانمی ژنت دەزانێ... تۆ ڕۆیشتی تا ئێستا جنێوم پێ دەدا... سووکایەتی نەما بە منی نەکا...

پیاوەکە گۆچانێکی گرت بە دەستەوە و هات بە مەرکانەدا... مەرکانە شکا و هەر لەتێکی کەوتە شوێنێ...

ژنەکە سەری سوورما و وتی: گۆزە بەتاڵە... ناوی هەوێ بێت، وەک کەکرە تاڵە...

با هیچ کەسێ نەزانێ...

- هەندێ خانمی بەڕێز کاتێ لەگەڵ مێردەکەیدا کێشەیەکی دەبێت، دەچێت هەموو خزم و کەسوکاری خۆی تێدەگەیەنێ... هەر لە باوکەوە بگرە تا دایک و برا و خوشک... جگە لەوەیش بە پەیوەندی تەلەفۆنی دەستەخوشکەکانی تێدەگەیەنێ... لەملاوە شەش حەوت کەس و لەولا هەشت نۆ کەس، هەریەکە و بە جۆرێ ئامۆژگاری دەکەن...

با خانمی بەڕێز ئەوە بزانێ کە هەرکاتێ خەڵک بە کێشەی نێوان ژن و پیاوی زانی -هەرچەند دڵسۆزیش بن و بە نیێتکی پاکەوە ئامۆژگاری بکەن- ئەوە کێشەکە هێندەی تر قوول دەبێتەوە و چارەسەری سەخت دەبێت... دەبێتە کێشەی درێژخایەن...

ژنی هوشیار و زیرەک و لێزان ناهێڵێ هیچ کەسێ بە کێشەی نێوان ئەو و مێردەکەی بزانێ... بە تایبەت دایک و باوک...

هەروەها مێردی زیرەک و وشیار و لێزان، ناهێڵێ هیچ کەسێک بە کێشەی نێوان ئەو و ژنەکەی بزانێ، ناهێڵێ هیچ کەسێ بکەوێتە نێوانیانەوە و ئامۆژگاریان بکات...

- بێگومان ڕێگای ڕاست و دروست بۆ نەهێشتنی کێشەی نێوان ژن و مێرد ئەوەیە کە: یان پیاوەکە یان ژنەکە دەستپێشخەری بکات و کێشەکان ڕێشەکێش بکات...

ئەمەیش کاتێ دێتە دی کە ژن و مێرد ڕێککەوتنێکی پێشوەختەیان هەبێ... ڕێککەوتنی سەر قەڵەم و کاغەزی ئاسایی نە، بەڵکوو ڕێکەوتنێک کە بە قەڵەمی لە یەک تێگەیشتن، لەسەر پەڕەی خۆشەویستی و ئەوین نووسرابێتەوە... خاڵی هەرە گرنگی ئەو

ڕێککەوتنە ئەوەبێ: بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە ژیانی هاوسەریمان بدەین، هەریەکە و لە لایەن خۆیەوە چاوپۆشی لە هەندێ لە مافەکانی خۆی بکات...

ئەگەر ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە هەبێ، ئەوە ئیتر پێویست نییە بزانن سەرەتا کامیان بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە...

دیسان پێویستیان بەوە نییە کەسێک ببێتە ناوبژیوان و ئاشتیان بکاتەوە...

- ئەو ژنەی کە ژیرە و هەموو کێشەکانی نێوان خۆی و مێردەکەی دەشارێتەوە و ناهێڵێ کەس پێیان بزانێ، ئەوە نێتی وایە کە گەمییە و کەشتی خۆشبەختیان تا سەر لەنێو دەریای ئەویندا بێت و بڕوا و بەر پێل و ڕەشەبای شووم و نەگبەتی نەکەوێ...

ئەگەر ژن پرتەوبۆڵەی زۆر بوو... قسەی لە دەمدا نەوەستا و گورج خزم و کەسوکار و دەستەخوشکانی خۆی تێگەیاند و کێشەکانی لە لا باس کردن... ئەوە دیارە بە پێچەوانەوە ئەو ژنە نێتی نییە گەمیە و کەشتی خۆشبەختی لەنێو دەریای ئەوین و خۆشەویستیدا بێت و بڕوا، بەڵکوو پێی خۆشە بەر شەپۆل و ڕەشەبای شووم و نەگبەتی بکەوێت و تەختە تەختە ببێت و لەنێو ئەو دەریایەدا غەرق بێت و بخنکێن...

هەرچەند بە زۆری ژنان قسە لە دڵ و دەمیاندا ناوەستێ و کێشەکان ئاشکرا دەکەن و دەبنە هۆکاری ئەوەی خەڵک پێیان بزانێ، بەڵام ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کە مێژوو شاهیدە ئافرەتی ئەوەندە گەورە و لێزان و باش و سەلارە هەبووە، کە لاپەڕەکانی بەحاڵ جێی ناونووسینی ئەو ژنانە دەکاتەوە...

بەڵێ... هەروەک ژنی دەمنەوستاو هەیە، ئاوا پیاویش هەیە دەمی ناوەستێ... نەهێنییەکانی خۆیان لای خەڵکی دەدرکێنێ...

جـاری وا هەیـە پیاوەکـە دەمـی ناوەسـتێ و لای دایکـی باسـی ژنەکـەی بـە خراپـی دەکات... دایکیشـی بـە خـراپ لـە بووکەکـەی تێدەگات و بـە کوڕەکـەی دەڵـێ:

ڕۆڵـە... وریـای خۆتبـە... ئـەو ژنـە دەیـەوێ تـۆ لـە ئێمـە بـکات... دەیـەوێ بە گژ ئێمـەدا بچێتـەوە و سـەردانمان نەکـەی... دەیـەوێ وەک پیـاو دەرنەکـەوێ... دەیـەوێ... دەیـەوێ... ئیتـر ئـەو قسـانەی دایکـی دەبێتـە لەمپـەر و دیوارێـک لەنێـوان ئـەو ژنەکـەیدا و وەک جـاری جاران لێی نارِوانێ... ئـەو ژنـەی کـە وەک مۆتـە شیـرین بـوو، دەبێتـە مۆتەکـە... ئـەو ژنەکـەی کـە وەک جوامێـر و مێـر بـوو، دەبێتـە مێردەزمـە...

ئەگـەر ژنەکەیـش هەمـوو وردەکاری و نهێنییەکانـی نێـوان خـۆی و مێردەکـەی بۆ دایکـی باس کـرد، دایکـی ئەویـش پێـی دەڵـێ: ڕۆڵـە... وریـای خۆت بـە... ئـەوە بزانـە دڵـی لای کەسێکـی تـرە... مـن ئەزموونـم هەیـە، ئەگـەر پیـاو دەمەقاڵێـی لەگـەڵ ژنـدا هەبـوو، ئـەوە یانـی ئـەو ژنـەی نـاوێ...

جـا ئـەم دوو خەسـووە ئـەم لەمبـەرەوە و ئـەو لەوبـەرەوە بـەر دەبنـە گیانـی پیـاو و ژنـی دامـاو و ژیانیـان لـێ دەکـەن بـە دۆزەخ...

هەریەکەیـان بـە ئـارەزووی خـۆی شـتەکان بـە خراپـی لێـک دەداتـەوە و تەفسیری دەکات...

ئیتـر مـاڵـە باوانـی هـەردوو لا -هەرچەنـد نێتیـان باش بـێ- بـەڵام دەکەونـە هەڵـەوە و لەجیاتـی ئـەوەی زامەکـە سـارێژ بکەنـەوە، چوکڵـی لـێ وەردەدەن و ئـەوەندەی تـر دەیکولێننـەوە...

- ئەگـەر دەتانـەوێ خۆشـبەخت بـن و ژیانێکـی باش بـەرنـە سـەر، مەهێڵـن نهێنیتـان لـە دەرگای گوێـی هیـچ کەسـێ بدا...

چونکـە بـە زۆری کەسـوکاری ژن لایەنـی ژن دەگـرن و پشـتی بەرنـادەن... بـە هەمـان شێـوە، کەسـوکاری پیـاو، لایەنگیری لـە پیاوەکـە

دەکەن و پشتی بەرنادەن... ئیتر لەو نێوەندەدا تاوانبار دەستنیشان ناکرێ و جەنگەکەیش هەر گەرم دەبێت...

هیچ شتێ ئەوەندەی ئەوە جوان نییە کە ژن و مێرد خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن و کەس پێیان نەزانێ...

بەڵام ئەگەر خۆیان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو، چارەسەری بکەن، ئەو کاتە باشتر وایە کەسێکی ژیر لە خزمی پیاوەکە و کەسێکی ژیریش لە خزمی ژنەکە ببنە دادوەر و بە باشی کێشەکە چارەسەر بکەن و ئاو بکەن بە سەر ئاگردا... خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزا دەفەرموێت: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا۟ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴿٣٥﴾ ﴾ النساء: ٣٥ واتە: خۆ ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن و مێرد بشێوێت (کێشەیان چارەسەر نەکرێت)، دادوەرێک لە خزمی پیاوەکە و دادوەرێک لە خزمی ژنەکە بنێرن (بۆ ڕێکخستنیان)، ئەگەر چاکسازی و ڕێکخستنیان بوێت، ئەوە خوا پێکهاتن فەراهەم دەهێنێت لە نێوان ژن و مێردەکەدا، بێگومان خوا هەمیشە و بەردەوام زانا و ئاگایە.

❁❁❁

بۆچی خزم و کەسوکار دەکەونە نێوان ژن و پیاوەوە؟

- مەودای ژیرانە...

شەوێک دوو سوچەڕ -نێر و مێیەک- سەرمایان بوو... باوەشیان کرد بە یەکدا بۆ ئەوەی تۆزێک گەرم ببنەوە... کەچی سیخەکانیان دەچوو بە یەکدا و ئازاریان بە یەکتر دەگەیاند...

لە یەکتر دوور کەوتنەوە... دووبارە سەرمایان بوویەوە...

لە یەکتر نزیک بوونەوە... دووبارە سیخەکان ئازاری پێ دەگەیاندن...

لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر زۆر لە یەکتر نزیک نەبنەوە، گەرمیان دەبێتەوە و بە سیخەکانیش ئازاری یەکتر نادەن...

ئەم چیرۆکە ڕاست نییە، بەڵام هێمایەک بۆ گرنگی مەودای نێوان ژن و پیاو... مەودای نێوان مرۆڤەکان... ئەوەندە لە یەکتر نزیک بینەوە کە ڕێزی یەکتر بگرین و کەسایەتی یەکتر بپارێزین... خۆشەویستیمان بپارێزین...

ئەگەر پاراستنی مەودای نێوان ژن و پیاوێک ئاوا سەخت بێ، ئەی دەبێت پاراستنی مەودای نێوان تۆ و خەڵکی چەندە سەخت بێ؟

- بۆچی کەسوکار دەست وەردەدەنە نێوان ژن و پیاو؟

هۆکارەکان جیاوازن... هەندێکی پەیوەندی بە کەسوکارەوە هەیە. هەندێکیشی هەڵەی نێوان ژن و پیاوە... کارێ دەکەن بە ناچاری کەسوکار بێنە دەنگ و خۆیان بتکێننە نێو کێشەی نێوانیانەوە...

- جاری وا هەیە دایک و باوک، چونکە دوای هاوسەرگیری منداڵەکانیان تەنیا دەبن، بۆیە لە ورد و گچکەی ژیانی منداڵەکانیان دەپرسنەوە...

- جاری وا هەیە هۆکارەکەی ئەوەیە کە دایک و باوک متمانەیەکی زۆریان بە منداڵەکەی خۆیان هەیە، یان لەبەر سۆز و عاتیفەیە...

- جاری وا هەیە هۆکارەکەی ئەوەیە کە پیاوەکە ئابووریەیەکی سەربەخۆی نییە... لێپرسینەوە لە خەرجی و شت کڕین دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیان لە ژیانی کوڕەکەیاندا هەڵقورتێنن...

- هەندێ دایک و باوک بیر لە سەربەخۆیی ژن و مێردی ئەم سەردەمە ناکەنەوە... وا دەزانن خۆهەڵقورتاندن لە ژیانی کوڕەکەیان یان کچەکەیان جۆرێکە لە گرنگپێدان و بە خراپی نازانن...

- ئەگەر ژن یان پیاو نهێنییەکانی خۆیانی لە لای ماڵە باوان باس کرد، دەبێتە هۆی ئەوەی دەست بخەنە ژیانیانەوە و خۆیان لە ژیانی کوڕەکەیان یان کچەکەیان هەڵقورتێنن...

- پەنابردنی پیاو یان ژن... جاری وا هەیە بە ڕوودانی بچووکترین کێشە، ژنەکە یان پیاوەکە پەنا بۆ کەسوکار دەبا... دەیەوێ کەسی سێیەم بێت و کێشەکەیان چارەسەر بکات...

- ئەگەر کەسوکار زۆر خۆیان لە ژیانی کوڕ یان کچدا هەڵقورتێنن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کوڕە یان ئەو کچە پەیوەندییە گەرموگوڕەکەی جارانی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا نەمێنێ...

جاری وا هەیە یەکێک دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی ئاژاوەی نێوان ژن و پیاو زیاتر بێت و کێشەکان زۆربن، یان لەوانەیە کەسێک دوو زمانی بکات و ئاگری نێوانیان خۆش بکات... تا وای لێدێ ژنەکە یان پیاوەکە بە تەواوی ڕق لە هاوسەرەکەی هەڵدەگرێ و کێشەکە دەتەقێتەوە و چارەسەری بە زەحمەت دەست دەکەوێ...

نا بۆ دەستتێوەردان...

- لەگەڵ مێردەکەتدا گفتوگۆ بکە... لەگەڵیدا ڕێک بکەوە بزانە لە چ شتێکدا خزم و کەسوکار بەشداری بکەن و لە چیدا بەشدار نەبن و پێتان نەزانن... سنوورێک بۆ دەستوەردانی خزم و کەسوکار دابنێن... سنوورێک بۆ بازاڕکردن و پارە خەرجکردن و قسەکردن بە مۆبایل و... دابنێن... دیارە ئەم سنوورانە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر جیاوازە...

- هەردوو لا هەوڵ بدەن بە تەواوی ڕێزی کەسوکاری یەکتر بگرن... سەردانیان بکەن... بە مۆبایل و تەلەفۆن قسەیان لەگەڵدا بکەن... دیاریان بۆ بکڕن... پێویستییان بۆ جێبەجێ بکەن... هەرشتێ کە پەیوەندی بە ژن و مێردەوە نییە، پرسیان پێ بکەن... با دایک و باوکی هەردوو لا هەست بکەن کە هێشتا گرنگیان ماوە و منداڵ و نەوەکانیان گرنگیان پێ دەدەن...

- هەوڵ بدەن خۆتان پارە و خەرجی سەربەخۆتان هەبێ... تێکەڵی کەس نەبێت... ئەمەیش بە گوێرەی توانای خۆتان...

- بە پێی توانا لەگەڵ منداڵی باوک و برای هیچ لایەکتاندا مەژین... خۆتان بە تەنیا لە خانوویەکی تایبەت بە خۆتان بژین...

- ئەگەر کەسێکتان پرسیارێکی لێ کردن و پێتان خۆش نەبوو وەڵامی ڕاستی بدەنەوە، دەبێت بزانن چ جۆرە وەڵامێکیان دەدەنەوە، نابێت وەڵامەکەتان درۆ بێت، بەڵکوو دەبێت بە جۆرێک بێت دڵی ئەوانیش ڕابگرن و درۆیش نەکەن و ڕاستییەکەیش نەڵێن... بۆ نموونە: دەتوانن قسە بە لای شتێکی تردا بگۆڕن، یان بە شێوەیەکی گشتی وەڵام بدەنەوە...

- هەرگیز هەموو شتێکی خۆتان لای خزم و کەسوکار باس مەکەن... دەبێت هەندێ نهێنی ژیانتان پارێزراو بێت و تەنیا خۆتان بیزانن...

- بە رێزەوە گوێ لە ڕا و بۆچوونی دایک و باوکتان بگرن... بێگومان دەبێت منداڵ بە باشی لەگەڵ دایک و باوکیدا ڕەفتار بکات... ڕێزگرتن بەوە دەبێت دڵیان ڕابگرن، نەک ورد و درشتی ماڵی خۆتانیان بۆ باس بکەن...

- کاتێ ژن یان مێرد گوێ بۆ قسەی خزم و کەسوکار دەگرن، دەبێت ئەوەیان لە بیر بێت کە ژیانی ژن و مێردایەتی هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە... خۆ مەرج نییە هەرچی وترا جێبەجێ بکرێ... دەبێت ژیری و ئاوەز بڕیاردەر بن...

دەبێت بابەتەکان شەنوکەو بکەن... بزانن چ شتێک لە قازانجیانە و چ شتێک بە زیانیان تەواو دەبێت... با ژن و پیاو بتوانن ڕێز لە یەکتر بگرن... نابێت نە ژن و نە پیاو ڕێگە بدەن کەسوکاریان بە خراپە باسی هاوسەرەکەیان بکەن...

- جاری وا هەیە کە پێویستە ژن یان پیاو بە هێمنی لەگەڵ باوکیاندا گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەک یان ڕێگای باشتریان بۆ دیاری بکەن... دیسان بۆ ئەوەی باوکیان هەست بکات هێشتا بە لای منداڵەکەیەوە گرنگە...

- دەبێت ژن و پیاو بزانن کە جگە لە خۆیان هیچ کەسێک ناتوانێت بە تەواوی کێشەکانیان چارەسەر بکات... بۆیە ناکرێ کەسوکار لە هەموو شتێکدا بێنە دەنگ و ڕای خۆیان هەبێ... مەگەر شتەکە پێویست بکا و بە بەشداری نەکردنی کەسوکار کێشەکە گەورەتر ببێت... ئەوە ئەو کاتە بەشداریکردن لە بەشداری نەکردن باشترە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُوا

حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴿٣٥﴾ ﴾ النساء: ٣٥ واتە: خۆ ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن و مێرد بشێوێت (کێشەیان چارەسەر نەکرێت)، دادوەرێک لە خزمی پیاوەکە و دادوەرێک لە خزمی ژنەکە بنێرن (بۆ ڕێکخستنیان)، ئەگەر چاکسازی و ڕێکخستنیان بوێت، ئەوە خوا پێکهاتن فەراهەم دەهێنێت لە نێوان ژن و مێردەکەدا، بێگومان خوا هەمیشە و بەردەوام زانا و ئاگایە.

- نابێت بە هیچ شێوەیەک خزم و کەسوکار خۆیان لە ژیانی ژن و پیاوی ژیردا هەڵقورتێنن... با ژیانیان لێ نەکەن بە دۆزەخ... دەبێت کەسوکاریش ئەگەر بەشداریان کرد، بە نیێتێکی خێرەوە بەشداری بکەن و مەبەستیان بنبڕکردن و چارەسەر کردنی کێشەکە بێت... نەک گەورەکردنی کێشەکە و دروستکردنی کێشەی نوێ...

- هەرگیز سەرکۆنەی هاوسەرەکەت مەکە و پێی مەڵێ: بۆ ئەوەندە خزم و کەسوکارت خۆش دەوێ، یان باسی خراپەی کەسوکاری لە لا مەکە... مرۆڤ خزم و کەسوکاری خۆی خۆش دەوێ... هەمیشە پشتگیریان لێ دەکات...

ئەگەر هەڵەش بن، هەوڵ دەدا ئەو لایەنە خراپەی باس نەکات و باسی چاکەکانی دێنێتە ناوەوە...

❁❁❁

ڕاوێژکردن بە دەستەخوشکان...

- ژنی وا هەیە ئەگەر کێشەیەک بکەوێتە نێوان خۆی و مێردەکەیەوە، یەکسەر دەچێت بۆ لای دەستەخوشکەکانی و باسی کێشەکەی خۆیان دەکات... هەرچی نهێنی نێوان خۆی و مێردەکەیتی لای هاوڕێکانی دەیدرکێنێ... دواتر گوێ لە ڕا و بۆچوونی هاوڕێکانی دەگرێ، بزانێ چ جۆرە چارەسەرێکی بۆ دەستنیشان دەکەن... جا ئیتر هەر هاوڕێیەکی ڕای خۆی پێ دەڵێ و کۆمەڵێک ڕا و بۆچوونی پێ دەگوترێ و لە هەڵبژاردنی ڕایەک لەنێوان ئەو هەمووە ڕا و بۆچوونە گیر دەخوات...

یەکێکیان دەڵێ: شەو مەڕۆ بۆ لای... مەهێڵە لەگەڵتدا بخەوێ... من خۆم ئەزموونم هەیە و هەرکاتێ مێردەکەم لەگەڵمدا خراپەیەک بکات ئیتر وەڵامی نادەمەوە و لە گەڵیدا ناخەوم... بۆیە ئەویش خۆی پێ ناگیرێ و داوای لێبووردنم لێ دەکات...

یەکێکی تریان دەڵێ: بقیژێنە بە سەریدا... مەترێ زمانی لێ دەربێنە... پیاو خوا ناناسێ... ئەگەر بێدەنگ بیت سواری ملت دەبێت، بەڵام ئەگەر زمانت لێ دەرهێنا ئەویش کڕ دەبێت... من خۆم وا دەکەم... ئەگەر مێردەکەم بێدەڵیم بکا دەقیژێنم بە سەریدا و هەرچی بێ بە زمانما نایگێڕمەوە...

سێیەمیان دەڵێ: بتۆڕێ... هیچ وەک تۆران نییە... ئەگەر ژن نەتۆڕا و لای پیاو دانیشت، پیاوەکەی ڕێزی لێ ناگرێ و وادەزانێ لە مااڵی باوکیدا نان نەبووە بیخوا، بەڵام ئەگەر تۆرای ناچار دەبێت و کۆمەڵێک پیاو و ژنی ماقوول دەنێرێ بە دواتدا و ئیتر پێت نااڵێ: ژێر چاوت کڵی پێوەیە...

چوارەم دەڵێ: بڕۆ لای فلان جادووباز نوشتەیەکی بۆ بکە... من نوشتەیەکم کردووە و خستوومەتە نێو جلوبەرگی مێردەکەمەوە، ئێستا وەک مۆم و ڕۆنە...

ئەو ئامۆژگاریانە هەموویان ئامۆژگاری خراپن، بەڵام ئەوەی کۆتایی لە هەموویان خراپترە، چونکە کارێکی زۆر ناڕەوا و گوناهە... پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «مَنْ أَتَى كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ، أَوْ أَتَى امْرَأَتَهُ حَائِضًا، أَوْ أَتَى امْرَأَتَهُ فِي دُبُرِهَا فَقَدْ بَرِئَ مِمَّا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ». رَوَاهُ أَحْمَدُ والحاكم وَأَبُو دَاوُدَ والطبراني. واتە: هەرکەسێ بچێت بۆ لای فاڵچییەک و بڕوا بکا بەو قسانەی کە دەیکات، یان ژنەکەی لە سووڕی مانگانەدا بێت و بچێتە لای، یان لە دواوە بچێتە لای ژنەکەی... ئەوە بەریە لەو -قورئانەی- کە دابەزیوە بۆ موحەممەد(ﷺ).

دیسان پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: العرافة أولها ملامة وآخراها نَدَامَةٌ وَالْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رواه الطيالسي. واتە: فاڵگرتنەوە سەرەتاکەی سەرکۆنە کردنە... کۆتاییەکەی پەشیمانی... سزای ڕۆژی پەسڵانیش لە جێی خۆی.

ئەو ئامۆژگاریانەی کە دەستەخوشکەکان کردیان، هەمووی هەڵەیە... ئەوانە باسی ئەزموون و مێردی خۆیان دەکەن... خۆ نازانن مێردەکەی تۆ چۆنە و چۆن نییە... ئەوان ئەزموونێک باس دەکەن تایبەتە بە مااڵی خۆیان، نەک مااڵی تۆ...

ئەوەت لە بیر نەچێت کە سروشتی دوو پیاو وەک یەک نییە... لەوانەیە ئاکار و ڕەفتاری مێردەکەی ئەو، تەواو پێچەوانەی ئاکار و ڕەفتاری مێردەکەی تۆ بێ...

ئاکار و ڕەفتار بە گوێرەی کات و شوێنیش دەگۆڕێ... لای هەندێ کەس تۆران ئاساییە... کەچی لای هەندێ کەس ئەوەندە سەختە بە ئابڕووچوونی دەزانێ...

تۆ ژنی مێردەکەی خۆتی... خۆ ژنی مێردی دەستەخوشکەکانت نیت...

زۆر کەس بەهۆی ئامۆژگاری هاوڕێ و دۆست و دەستەخوشکەکانیەوە ژیانی بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە و لە ئاکامدا تەواو تێکچووە...

ژنی وا هەیە ماوەی دە ساڵ خەریکە ئاکار و ڕەفتاری مێردەکەی دەگرێ، دواتر گلەیی دەکات و دەڵێ: کاتێ من شووم پێ کرد وا نەبوو... نازانم بۆ وای لێهاتووە؟

هەرگیز مێردەکەت تاقی مەکەرەوە تا بزانی پابەندە بە ژیانی هاوسەری لەگەڵ تۆدا، یان نە... ئەوە وەک ئەوە وایە تۆ هەموو ڕۆژێک گوڵێک بە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەنی و بڵێی: بزانم ڕەگی داکوتیوە؟ دەی چۆن شتی وا ڕەوایە؟

بە زۆری پیاوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ژنی خۆیان خۆش دەوێ... زیاتر هۆگری دەبن... زیاتر پابەند دەبن بە ژیانی هاوسەرییەوە... بە مەرجێ ژنەکەیان ژنێکی لێزان و میهرەبان و ژیر بێت...

تۆیش وەک ژنێکی باش کارێ بکە مێردەکەت تۆی خۆش بوێ... هۆگری خۆتی بکە... لە خۆتی مەتۆرێنە...

کارێ بکە خۆشەویستی و ئەوینی تۆ تێکەڵ بە ڕەگ و خوێنی بێت... نەتوانی بەبێ تۆ ڕۆژ بکاتەوە... شەو سەر بنێتەوە...

منداڵەکان مەخەنە ناو گێژاوی کێشەکانەوە...

- منداڵەکە بە دەنگی قیژە قیژی دایکی بەئاگا هات... لای کردەوە دەبینێ باوکی لەمبەروە و دایکی لەوبەرەوە قسە و ناوونانۆرە بە یەک دەڵێن... قسەی سووک و ناخۆش دێ بە دەمیاندا...

منداڵی داماو هیچی بۆ نەکرا ئەوە نەبێ خۆی پێچا بە بەتانییەکەوە و فرمێسکی گەرم خورخور لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە...

بۆ سبەینێ هەریەک لە دایک و باوک هەوڵیان دەدا منداڵەکە بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن و بیکەن بە لایەنگری خۆیان... باوکی دەیویست ژنەکەی لە بەرچاوی منداڵەکەی بکا بە دێوەزمە...

ژنەکەیش دەیویست مێردەکەی لای منداڵەکەیدا بکا بە گورگی درندە...

منداڵی داماو واقی ورمابوو... هەم دایکی لێبوو بە دێوەزمە، هەم باوکی لێبوو بە گورگی درندە.

ئەمە دیمەنێکە لە زۆربەی زۆری ماڵەکاندا دووبارە دەبێتەوە... کەم ماڵ هەیە وانەبێت، ئەگینا لەو جۆرە فیلمەی تیا پەخش کراوە...

- ئەو فیلمە پڕە لە هەڵە، چونکە دەرهێنەرەکەی دوو کەسن کە ڕۆڵی دێوەزمە و گورگی برسیش دەبینن...

ئەو دوو کەسە هەر لە ڕاستیدا سروشتیان وەک سروشتی دێوەزمە و گورگە... ئەگینا دایک و باوکێک ئەگەر دایک و باوک بن، چۆن دڵیان بڕوایی دەدا منداڵێکی داماوی بێگوناە بە دەنگەدەنگی ئەوان بەئاگا بێت و کاتێ بەئاگا هات ببینێ لە ماڵدا دوو گەورەکە شەڕیانە و قسەی ناخۆش و سووک بە یەکتر دەڵێن و هەژدەر هەژدەر بوختان بۆ یەکتر دروست دەکەن؟

دواتر لەجیاتی ئەوەی دوای ئەوەی کە منداڵەکەیان بەئاگا هات و لەپڕێکدا کەوتە نێو مەیدانی جەنگەوە، هەستن بە دڵدانەوەی منداڵەکە و ئاشتکردنەوەی، کەچی هەریەکە و دەیەوێ بە لای خۆیدا ڕایکێشێ و وێنای ئەویتر وەک درندە و دێوەزمە پیشان بدا...

لەوەیش سەیتر ئەوەیە کە هەندێ ژن و مێرد نازان لە شوێنێکدا دوو بە دوو پێکەوە بجەنگەن، بەڵکوو دەبێت منداڵەکانیان تەماشایان بکەن ئەمجا توانای جەنگیان هەیە...

ئیتر مااڵ پڕ دەبێت لە قیژە و قیڕە و بوختان و جوێن و فرمێسک، منداڵی داماو... دەی وەرە بڕوا بکەی کە دۆزەخ لەوێ ناخۆشترە...

- دەکرێ کێشەی نێوان ژن و پیاو چارەسەر بکرێ و ئاو بگەڕێتەوە بۆ جۆگاکەی خۆی، بەڵام تازە باری دەروونی منداڵەکان نایەتەوە جێگای خۆی... ئەو منداڵە داماوە پاش سەد ساڵ تەمەن ئەو دیمەنەی لەبیر ناچێ و هەر لە بەرچاویەتی... هیچ کاتێ لەو ماڵەدا هەست بە ئارامی ناکات... ئەگەر کچ بێت هەمیشە لە شووکردن دەترسێ... ئەگەر کوڕ بێت زەندەقی لە ژنهێنان دەچێت...

بەردەوامبوونی ئەم کێشە و دەمەقاڵێیانەی نێو ژن و پیاو با جەکەی کێ دەیدا؟ بێگومان منداڵەکان... ئەو منداڵەی کە لەنێو خێزانێکی ئاوادا گەورە دەبێت، ئەویش لە داهاتوودا وەک دایک و باوکی دەردەچێت... لەوانەیە خۆی بە خۆی نەزانێ و کەسێکی تووندوتیژی لێ دەربچێ...

- خۆ ناکرێ بڵێین: لەو ماوە زۆرەدا کە ژن و پیاو لەگەڵ منداڵەکانیان دەژین، نابێت بە هیچ شێوەیەک کێشەیان هەبێ، بەڵێ... ئاساییە ژن و پیاو بە بەرچاوی منداڵەکانیانەوە کێشەیەکیان هەبێ، بەڵام دەبێت دوور بن لە تووندوتیژی... هەروەها چۆن سەرەتا بە بەرچاوی ئەوانەوە کێشەکەیان دروست کرد، بە هەمان شێوە

بـه بەرچـاوی ئەوانـەوە کێشـەکە چارەسـەر بکـەن و ئاشـت ببنـەوە... ناکرێ بـه بەرچـاوی منداڵـەوە دەسـت پێ بکـەن و دوایـی بـه نهێنـی و دوور لـه بەرچـاوی ئـەوان ئاشـت ببنـەوە...

بـەو جۆرە لای منداڵەکانیش ئاسـایی دەبێتـەوە و دەزانـن کـه ژن و پیـاو کێشـەیان بۆ دروسـت دەبێـت و چارەسـەریش دەبێـت...

- یەکێک لـه خـووە خراپەکانـی کۆمەڵگای خۆمـان ئەوەیـه کاتێ ژن و پیـاو دەبێـت بـه ناخۆشـییان، ئەگـەر پیاوەکـه لـه مـاڵ چـووە دەرەوە، یـان ژنەکـه تـۆرا، ئیتـر ئـەو کەسـەیان کـه لای منداڵـەکان دەمێنێتـەوە هـەوڵ دەدا کـه هاوسـەرکەی وەک درێنـده پیشـانی منداڵـەکان بـدا، ئەگـەر بـاوک مایـەوە هـەوڵ دەدا ژنەکـەی وەک درێنـده بـۆ منداڵـەکان وێنـا بکـا... بـه پێچەوانەیشـەوە ئەگـەر دایـک مایـەوە هـەوڵ دەدا مێردەکـەی وەکـو درێنـده وێنـا بکـا بـۆ منداڵـەکان...

- دەبێـت دایـک و بـاوک لەسـەر ئـەوە ڕێـک بکـەون کـه پەروەردەکردنـی منداڵەکانیـان لـه کێشـەکانی نێـوان ئـەوان گرنگتـرە... کێشـەی بـەردەوام زیانـی بـۆ پـەروەردەی منـداڵ دەبێـت... بۆیـه کێشـەکانی خۆتـان لـه بەرچـاوی منداڵـەکان زۆر زەق مەکەنـەوە و هـەوڵ بـدەن بـه بچووکـی پیشـانی ئەوانـی بـدەن... ئەگـەر بـه دڵ لـه یەکتریش زیـزن لـه بەرچـاوی منداڵـەکان بـه دەم یەکـەوە پێبکـەنن... بـا درکـی کێشـه و ئاڵۆزی نێوانتـان نەچـێ بـه جـەرگ و دڵـی منداڵـەکاندا... مەیانکـەن بـه چەکـی دەسـتی خۆتـان...

❁❁❁

لووتبەرزی سەرشۆڕی دێنێ...

- لووتبەرزی سەرشۆڕی دێنێ... ئەمە قسەی کەسانی بەئەزموونە... پەندی پێشینانە...

ژنی وا هەیە خۆی بە دەستی خۆی مالی خۆی وێران دەکات و دەیکا بە کاولە... هەر لەبەر ئەوەی لووتبەرزە... کەمێک جوانە، یان موچەخۆرە، یان مالە باوانی بەناوبانگ و دەوڵەمەند و ناسراون...

- ژنێک چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

من کاتێ مێردم کرد کچێکی جوان و تازە لاو بووم... خوای گەورە چەند کوڕێکی پێ بەخشیم... هەرجارێک منداڵم دەبو و منداڵەکەم کوڕ بوو، ئیتر من لە خۆم بایی دەبووم... جار لە دوای جار زیاتر لووتبەرز دەبووم... دەتگوت من نەبێ کەس کوڕی نەبووە...

من زۆر دڵم خۆش بوو بەو کوڕانەم... هەر جارێ کوڕم دەبوو زیاتر متمانەم بە خۆم پەیدا دەکرد... زیاتر خۆمم بە بەهێز دەهاتە بەرچاو... لە دڵی خۆمدا وامدەزانی دەسم گرتووە بەسەر دونیادا، چونکە ئەو ژنانەی کە بە جۆرێک پەیوەندییان لەگەڵ منداا هەبوو زیاتر کچیان دەبوو...

یەکەم کەسێک بە ئاگری لووتبەرزی من سووتا مێردە داماوەکەم بوو... ئەو پیاوێکی زۆر پاک و چاک بوو... منیش چونکە هەم جوان بووم و هەم کوڕم دەبوو، ئیتر بە خراپی سوودم لە پاکی و چاکی مێردەکەم وەردەگرت...

وای لێهات بڵێسەی ئاگری لووتبەرزیم دەوروبەری منی گرتەوە... ئیتر شەلم کوێرم ناپارێزم هەم خزم پێوە دەبوو، هەم بێگانە، هەم

دراوسێ... وردە وردە هەموو دۆست و خزم و دراوسێکان لێم تۆران... لێم دوور کەوتنەوە... خۆیان لە من لادەدا... کوڕەکانیش گەورە بوون... منیش بەردەوام لای کوڕەکانم بە خراپی باسی باوکیانم دەکرد... دەمگوت: باوکتان پیاوێکی هەژارە... جوانیش نییە و... ئەمەیش بۆ ئەوەی کوڕەکان بێنمە ژێر رکێفی خۆمەوە... بۆ ئەوەی بە چاوی من سەیری دەوروبەر بکەن... بە گوێ من هەموو شتێک ببیستن...

ئەو کێشانەی لەنێوان من و مێردەکەمدا هەبوو هەمووی کێشەی ئاسایی بوو... لەو جۆرە کێشانە کە لە هەموو ماڵێکدا ڕوودەدا، بەڵام چونکە ئەو پیاوێکی هەژار و پشوودرێژ و خۆڕاگر بوو، منیش کەسێکی لووتبەرز و کەم ئیمان بووم، ئەوە وای لێ کردبووم کە هەمیشە خۆم بە ستەملێکراو بزانم... خۆم وا دەهاتە بەرچاو کە دەبوایە من ژنی پیاوێکی دەوڵەمەند بوومایە... بە ئارەزووی خۆم پارەم تەخشان و پەخشان بکردایە...

بەڵێ... ئامۆژگاری و پەروەردەی من وای لە کوڕەکانم کرد کە هەموویان ببنە گەنجی ستەمکار و نەخویندەوار و سەرسەری و لاتولووت... ڕقیان لە خوێندەوای دەبووەوە... هەموویان ڕقیان لە باوکیان بوو... هەڕەشەیان لێ دەکرد... کار گەیشتە ئەوەی کە بە باوکیان وت: یەکجاری تر دڵی دایکمان بڕەنجێنێ ئاوا و ئاوات لێدەکەین...

ڕۆژگار هات و چوو... قەزا و قەدەری خوای گەورە وابوو من تووشی نەخۆشییەکی سەخت بووم... وام لێهات بۆ هەموو کارێکم -تەنانەت ئەو کارانەی کە دەبوا بە تەنیا بکرێ، وەک چوونە سەرئاو- ئاتاجی کەسێک بووم... جگە لە مێردە میهرەبانەکەیشم زیاتر کەس نەبوو لام لێ بکاتەوە... مێردەکەم یەک چرکە درێخی

نەکرد... بەردەوام لەگەڵمدا بوو... یارمەتی منی دەدا... ئەو پیاوێکی خاوەن بەزەیی بوو... سالانێک بوو من ئازاری ئەوم دەدا، بەڵام ئەو ئەوەندە چاکوپاک بوو ئەوانەی لە دڵ نەگرتبوو... کوڕەکانم تاقە ڕۆژێک نەهاتن بە لامدا... هەواڵێکیان نەپرسیم... بیانووی هەموویان ئەوە بوو کە بۆیان ناکرێ و خەریکی ژیانی خۆیانن... نە کوڕێ... نە بووکێ... نە نەوەیەک... هیچ کەس نەهات بە لامدا...

زۆر پەشیمان بوومەوە لەوەی کە لە ڕابردوو کردبووم... من زۆر هەڵە بووم... زۆرم ئازاری میردەکەم دابوو... زۆر بە نەزانانە کوڕەکانم پەروەردە کردبوو، بەڵام لە دڵی خۆمدا هەندێ گلەییم لە میردەکەم هەبوو... باشە بۆچی ئەو دەستی بۆ من شل کردبوو من ئاوام لێهات؟ بۆ هەر لە سەرەتادا منی ڕانەوەستاند؟ بۆچی ئەو لووتبەرزییەی لە من قبوول دەکرد؟

دەبوو میردەکەم سنوور و کەوشەنێکم بۆ دابنێ و نەهێڵێ لەوە زیاتر هەنگاو بنێم... ئەگەر ئەو دەمە ئەو منی ڕاوەستاندبا منیش ئاوام لێ نەدەهات... ئەوەندە بە خۆمدا نەمدەنازی... ئەوەندە لووتم بەرز نەدەبوو... دواتر ئەوەندە سەرشۆڕ نەدەبووم...

- خوشکی بەڕێز... هەرگیز بە جوانی خۆت مەنازە... جوانی شتێکی کاتییە و دەڕوا...

هەرگیز بە منداڵدا مەنازە... هەموویان بەجێت دەهێڵن و دەڕۆن و خەرکی ژیانی خۆیان دەبن...

مافی میردەکەت بدە... مافەکانی خۆت بپارێزە... چێژ لە ژیانێکی خۆش وەربگرە...

ناڵەی پیاوان...

- مااڵی ئێمە تەنەکەی خۆڵە...

پیاوێک دەڵێ: ژنی خۆشەویستم! زۆر بە داخەوەم... وەک جاران توانا و تاقەتی گفتوگۆ و زمانشیرینیم نییە...

تۆ ئەوەندە گوێت بە من نەدا ئێستا ماڵەکەمان بووەتە سەتڵی شتە بێنرخەکان... پڕە لەو شتانەی کە پێویست نین... قاپ و قاچاخ هەمووی شکاوە... لەیستۆک و یاریی منداڵان هەمووی لەو ناوەدا ڕژاوە...

لە هەر شوێنێک دابنیشم کە هەستام شەڕوااڵەکەم لە دوام نایەت، چونکە بنێشت و چوکلێت لکاندوویانە بە قااڵییەکەوە... ناتوانم بە باشی هەنگاو بنێم، چونکە شوێنێک نییە پێی تیا دابنێم...

کاتێ لە کار دێمەوە دەبینم هێشتا جێگاوبانی شەو هەر ڕاخراوە و لە جێی خۆیەتی... بۆگەنی ژوورەکان ملی پیاو دەشکێنێ...

جلوبەرگی منداڵەکان هەر شلە و سوورایی دۆشاوی تەماتەیە... ئەوەندە پیسوپۆخڵن پیاو بێزیان لێ دەکاتەوە...

ژنی خۆشەویستم! بۆ ئاوا گوێ بە ماڵ نادەیت؟ بۆ ماڵەکە ئاوا شپرز و پیسوپۆخڵە؟

ئەگەر دەتەوێ بە ڕوونی پێت بڵێم، پێت دەڵێم، گوێی شەیتان کەڕ بێت خەریکە تاقەتی ماڵی خۆمانم نامێنێ... خەریکە ئەوین و خۆشەویستی تۆ لە دڵمدا کاڵ دەبێتەوە...

- دراوسێکانت بێزار کردووە:

پیاوێک دەڵێ: ڕۆژێک دراوسێکەمان قسەیەکی کرد تەواو شەرمەزاری کردم... بە منی وت: ئەوە بۆ ژنەکەت ئەوەندە دەقیژێنێ؟ دەنگی قیژەی دەگاتە ماڵی ئێمە...

نەمزانی چی بڵێم... نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، هەر ئەوەندەم توانی پێی بڵێم: کورە چی بڵێم، منداڵەکان ئەوەندە لاسارن ناچار ئەویش دەقیژێنێ بە سەریاندا...

خواحافیزیم لە دراوسێکەمان کرد، بەڵام دڵم خەریک بوو بتەقێ... خەریک بوو لە شەرمەزاریدا بتوێمەوە... لە داخی زماندرێژی تۆ خەریکە ماڵ بەجێبێڵم...

کاتێ بانگم دەکەی دەقیژێنێ... بە دەنگی بەرز قسەم لەگەڵدا دەکەی... قسەت ڕەق و تیژ و ناخۆشە... هەر وشەیەکت وەک خەنجەرێکە و لە دڵی منی دەدەی... وەک منداڵێکی بچووک و بێنرخ مامەڵەم لەگەڵدا دەکەی...

تۆ بە خراپی سوودت لە خۆڕاگری و پشوودرێژی من وەرگرتووە... سنوورت بەزاندووە... ڕێزم ناگری... کارێکت کردووە منداڵەکان حیساب بۆ من ناکەن و لە هەموو شتێکدا پرس بە تۆ دەکەن... کاتێ قسەم لەگەڵدا دەکەن دەڵێی قسە لەگەڵ منداڵێکدا دەکەن...

ڕقم هەستاوە لە تۆ... ڕقم لە قسەکانتە... ڕقم لە هەڵسوکەوتتە... ڕقم لە بینینتە... ڕقم لە ڕەفتار و ئاکارتە... پێمخۆشە نەتبینم... پێمخۆشە لە دەرەوە پشوو بدەم و ماڵەوە نەبینم... سەر جادە لە ماڵی ئێمە بێدەنگتر و هێورترە...

- مێردی زگورد:

باشە دەبێت شتێک هەم ڕەش بێت و هەم سپی؟ دەبێت شتێک هەم درێژ بێت و هەم کورت؟

دەکرێ مرۆڤ هاوسەری هەبێت و زگوردیش بێت؟

پیاوێک سکاڵا لە دەست ژنەکەی تۆمار دەکات و دەڵێ: من ژنم هێناوە و زگوردیشم... ئەوە ڕاستی ژیانی منە...

کاتێ من خەوتووم ئەو بەئاگایە و دادەنیشێ... کاتێ من لە خەو هەڵدەستم ئەو دەنوێ...

کاتێکیش هەردووکمان بەخەبەرین منداڵ ناهێڵێ پێکەوە بین...

کاتێکیش منداڵ لەنێوانماندا نەبێ ئەو ئەوەندە داواکاری هەیە خۆشییەکانم لە بیر دەباتەوە...

بۆیە هەموو جارێک پڕ بە دڵی خۆم خەفەت دەخۆم... سەرکۆنەی بەختی خۆم دەکەم... ئاخ هەڵدەکێشم...

ژنە خۆشەویستەکەم... بەزەییت بە لاوازی منداا بێتەوە... من بۆیە تۆم هێناوە ببی بە سوکنایی بۆ من... لە لای تۆ هەست بە خۆشی و ئارامی بکەم... خۆم و ئایین و دینی خۆم بپارێزم و تووشی گوناە نەبم...

***

نالەی ژنان...

زامی قوول:

ژنی وا هەیە ئەوەندە خراپەیان لەگەڵدا کردووە دڵی پڕە لە زامی قوول... وای لێ هاتووە دڵی جێگای ئەوین و خۆشەویستی نزیکترین کەسی خۆی تیا نابێتەوە...

ژنێک دەڵێ: تووشم بووە بە تووشی مێردێکەوە نوێژ ناکا...

ژنێکی تر دەڵێ: مێردەکەم ئارەقخۆرە... سڵ لە تلیاکیش ناکاتەوە... هەر شتێکی سەرخۆشکەری دەست بکەوێ دەیخواتەوە و دەیکێشێ...

ژنێکی تر دەڵێ: مێردەکەم دەیەوێ بە تۆپزی بالاپۆشەکەم پێ فڕێ بدات و جلوبەرگی تەسکوتروسک و نیمچە ڕووت لەبەر بکەم...

ژنێکی تر دەڵێ: شەو تا بەیانی مێردەکەم لە دەرەوە... نایەتەوە بۆ ماڵ... لەگەڵ ئافرەتی سووک و بێڕەوشتدا ڕادەبوێرێ...

بە زۆری باوکی ژنەکە لەو تاوانانە بەرپرسە، چونکە کاتی خۆی یان بە زۆر ئەو کچەی داوە بە شوو، یان پرسی پێ نەکردووە... ئەو ئەمانەتەی زایە کردووە کە خوای گەورە پێی سپاردەوە...

- خانەگومانییەکی کوشندە...

ژنێک دەڵێ: مێردەکەم هەر لە کار هاتەوە و گەیشتە ماڵەوە، دڵی پیس دەبێت و خانەگومانی خەریکە دەیکوژێ... پرسیار دەکات و دەڵێ: تەلەفۆنت بۆ کێ کردووە؟ لە ماڵ چوویتە دەرەوە؟ کەس هات بۆ ئێرە؟

منیش خەریکە لە داخا دڵم دەتەقێ... خەریکە هەوا بە

گەروومـا نەچێتـە خـوارەوە و بخنکێـم... مـن بـە دەموچاویـدا شـتێک دەخوێنمـەوە... ئـەو پێـی ناخۆشـە جارێـک بـە بزەیـەک و ڕووپەکـی خۆشـەوە ڕووبـەڕووی مـن بێتـەوە و منیـش هەسـت بـە ئەوێـن و خۆشەویسـتی و متمانـە بکـەم...

میـردی من! خۆ من جگە لە تۆ کەسم نییە... دەی بە خانەگومانیەکانت مەمکوژە...

خەریکە وام لێدێ لە لای تۆ هەست بە ئاسوودەیی نەکەم...

مانای ژنایەتی نازانێ...

ژنێک دەڵێ: تۆ دەتەوێ خۆشم بوێی؟ دەتەوێ ئەوینی تۆم لە دڵدا بمێنێ؟ دەتەوێ دڵم بە تۆ خۆش بێت؟ ئەگەر وایە بۆ من بە کۆیلەی خۆت دەزانی و لێدانم دەکەیت؟

پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە... مـن هێشـتا تاوانێکـی بچووکیشـم نەکـردووە، کەچـی شـەپازلەکانی تـۆ شـڵپ دەکێشـێ بـە ڕوومەتمـدا...

تاکـە داواکارییەکـم بـۆ جێبەجـێ ناکـەی... هـاوڕێ و دراوسـێکانم هەمیشـە پێـم دەڵێن: ئـەوە بـۆ ڕوومەتـت ئـاوا کنـج و کـەوە بووەتـەوە؟ ئـەوە دەڵێـی لێیانـداوی؟

منیـش هـەرزار و یـەک درۆ ڕیـز دەکـەم بـۆ ئـەوەی ئابڕووم نەچـێ و پێـم نەڵێن: میـردەکـەی لێدانی دەکات... کەچـی فرمێسکەکانم لـەولاوە ڕیسـەکەم لـێ دەکەنـەوە بـە خـوری و ڕاسـتییەکان ئاشـکرا دەکـەن و سـەرشـۆڕ دەبـم...

بە چاوی سووکەوە سەیرم مەکە...

ژنێک دەڵێ: ئیتر توانای ئـەوەم نەمـاوە کـە ببینـم تـۆ بـە چاوێکی سـووکەوە لـە مـن دەڕوانـی... ئـەو ڕوانینـەت دەکـەی بـە نەشـتەر و پـەردەی دڵی منی پێ دەکێڵی...

ئەگەر قسەیەک بکەم گاڵتەم پێ دەکەیت و فشەت بە قسەکانم دێ...

هەموو جارێک پێم دەڵێی: قسەی قۆڕ و بێمانا مەکە...

ئەگەر وەڵامت بدەمەوە پشتم لێ هەڵدەکەیت و دەڵێی من لەگەڵ دیواردا قسە دەکەم...

مەگەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەرت(ﷺ) نەبیستووە کە دەفەرموێت: «بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ». رواه مسلم. واتە: ئەوەندە بەسە بۆ مرۆڤ بە خراپەکار بژمێردرێ کە بە چاوێکی سووکەوە لە برای مسوڵمانی بڕوانێ.

ئەمە بۆ بڕاوی مسوڵمانی ئاوایە... ئەی ئەگەر بە چاوێکی سووکەوە لە دایکی منداڵەکانی خۆی... لە هاوسەرەکەی... لە نزیکترین کەسی بڕوانێ چی؟

تۆ بە گاڵتە و سووکایەتییەکانت پەتی هەموو خۆشەویستی و ئەوینێکت پچڕاندووە... ئیتر چاوەڕێی خۆشەویستی و ئەوین لە من نەکەی... تا دڵی من نابێتە ئەوینگەی تۆ...

ژنانی بێچارە...

- هەندێ ژن دەڵێن: ئێمە بێچارەین... بەدبەختین... یەکێک لە دەست مێردی بەدرەفتار وا دەڵێ... یەکێک لە دەست پیاوێکی لاسار... ئەویتر لە دەست پیاوی جگەرەخۆر و ئارەقخۆر...

- ژن لەو کاتانەدا چی بکات؟

یان ئەوەتا لەژێر فشار و زۆری دابونەریتی کۆمەڵایەتی بە بەدبەختی خۆی بسازێ... چاو لە هەموو ئاکار و رەفتارێکی خراپی مێردەکەی بپۆشێ...

یان ئەوەتا سنووورێکی بۆ دابنێ و بڵێ: لەوە زیاتر بڕۆی من لەگەڵ تۆدا ناژیم و لێت جیا دەبمەوە...

بەڵام پێش ئەوەی ژن بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە باشتر نییە هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئاکار و رەفتاری مێردەکەی بۆ باشە بگۆڕێ؟

ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو هەوڵدانە دەکات و بەرزی دەنرخێنێ... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾﴾ النساء: ١٢٨

واتە: ئەگەر ئافرەتێک لە لووتبەرزی یان پشتهەڵکردنی مێردەکەی ترسا، ئەوە هیچ گوناهیان لەسەر نییە و کارێکی چاکە: ئەگەر نێوان خۆیان چاک بکەن و لەسەر شێوازێک ڕێک بکەون (وەک ئەوەی ئافرەتەکە دەست هەڵگرێت لە هەندێ مافی خۆی تا بەڕێز و سەربەرزییەوە بمێنێتەوە لەگەڵ مێردەکەیدا)، هەمیشە ڕێککەوتن و تەبایی شتێکی چاک و پەسەندە، هەرچەندە خەڵکی بە سروشت حەز بە ڕەزیلی دەکەن و

تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، (ئەگەر قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ لە بەرچاو نەگیرێت) جا ئەگەر چاکەکار و ڕەفتارجوان بن (لەگەڵ هاوسەرانتاندا) و خاوەن تەقوا و پارێزکار بن و ستەمیان لێ نەکەن، ئەوە دڵنیا بن بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام ئاگایە بە کار و کردەوەتان.

- هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت کە ژیانی هاوسەری بە خۆڕاگری و چاوپۆشی و لێبووردەیی دەچێتە سەر... پشت ببەستە بە خوای گەورە و هەوڵ بدە ئاکار و ڕەفتاری خراپی مێردەکەت بگۆڕە و چاکی بکەوە... یەکەم هەنگاو کە ژن بتوانێ هەڵیبگرێ ئەوەیە کە وێستی خۆی پتەو و بەهێز بکات...

- پێش هەموو شت چاکسازی لە خۆتدا بکە... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ الرعد: ١١ واتە: بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێک ناگۆڕێت (لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلییەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن.

پێش ئەوەی ئامۆژگاری ئەو بکەی، چاکسازی لە خۆتدا بکە و هەر ئاکار و ڕەفتارێکی خراپت هەیە ڕێشەکێشی بکە...

- کتێب زۆر بخوێنەوە، یان سوود لە پێگەکانی ئەنتەرنێت وەربگرە، یان گوێ لە وتاری کەسی پسپۆڕ بگرە... بزانە ژنێکی ژیر چۆن مامەڵە لەگەڵ مێردەکەیدا بکات باشە؟

- هەندێ کتێب و کاسێت و نامیلکەی باشی بۆ پەیدا بکە و پێی بدە با سوودی لێ وەربگرێ...

هانی بدە با تەماشای ئەو بەرنامانە بکات کە تایبەتە بە ڕۆشنبیریی خێزانی...

- هەرگیز لەبەر ئاکارێکی خراپ سووکایەتی بە مێردەکەت نەکەی... سووکایەتپێکردن بە کەسێک بەهۆی تاوانێکەوە، وا لەو کەسە دەکات

کەللەڕەقی بنوێنێ و لەسەر کارەکەی خۆی سوور بێت...

- داوای ئامۆژگاری لە کەسێکی جێ متمانە و بەڕێز و لەخواترس بکە... جار لە دوای جار هەوڵی خۆت بدە و بە جارێک و دووجار و چەند جار سارد مەبەرەوە...

- لە بەرامبەردا...

پیاوێک ژنێکی هێنا... ئەو ژنەی ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوەکەی خۆش نەویست... دوای چەند مانگێک تەواو تەکی پێ هەڵچنی... ئەو هەرچەندێ خراپەی دەکرد، بەڵام مێردەکەی هەر چاکەکار بوو...

ژنەکە بڕیاری دا بەبێ ئەوەی هیچ بیانوویەکی لە مێردەکەی هەبێ، داوای جیابوونەوە بکات...

پیاوەکە زۆری هەوڵ دا... زۆر داوای لێ کرد واز بێنێ و داوای جیابوونەوە نەکات، بەڵام ژنەکە هەر مکوڕ بوو... هەر داوای جیابوونەوەی دەکرد...

ناچار پیاوەکە تەڵاقنامەی بۆ ژنەکە نارد... کاغەزی تەڵاقنامەکەی بە ئۆیەیەکی سوور پێچایەوە... خستیە ناو سندووقێکی گچکەوە... سندووقەکەی پڕ کرد لە گوڵی سوور... نامەیەکی نووسی و خستیە ناو سندووقەکەوە... لە نامەکەدا نوسی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ البقرة: ٢٢٩ واتە: ئەوسا یان ڕاگرتنێک باش و خودا پەسەند، یان بە خۆشی و بێ هەرا دەستلێکبەردانە.

من دەترسم نەتوانم ئەوی یەکەم بم...

بەڵام هیوادارم ئەوی دووەمم بە باشی جێبەجێ کردبێت...

خوا پادشتی ئەو کەسانە بداتەوە کە بە ئاکار و ڕەفتاری جوان لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە دەکەن...

❁❁❁

چۆن باسی هەستە نەڕێنییەکانت دەردەبڕی؟

- کاتێ تووڕەی لەگەڵ مێردەکەتدا قسە مەکە و گفتوگۆی لەگەڵدا مەکە... تەنانەت ئەگەر سێ چوار ڕۆژیش تووڕەبوونەکەت بەردەوام بێت گفتوگۆی لەگەڵدا مەکە...

- کاتێ گفتوگۆت لەگەڵدا کرد، قسەی دڵی خۆت بە ژیرانە دەربببڕە... قسەی کورت و مانادار...

- باسی هەستەکانی خۆت بکە و قسەی ناخی خۆت بکە، بەڵام خۆت لە (تۆ... تۆ) بپارێزە...

سەرکۆنەی مێردەکەت نەکەی... مەڵێ: تۆ فلانە کارت کرد... وشەی (تۆ)، پیاو دەوروووژێنێ... وای لێ دەکات کە وەبزانێ تۆ ئەو بە تۆمەتبار دەزانی... بۆیە ئەویش بەرگری لە خۆی دەکات...

باشترین جۆری گوفتار ئەوەیە پێی بڵێی: درەنگ هاتیتەوە... من ترسام... توخوا جارێکی تر وەستت درەنگ بێیتەوە پێشتر ئاگادارم بکەرەوە...

- هەرگیز بڕیاری گشتی یان بڕیاری تاکەکەسی دەرمەکە... بۆ نموونە مەڵێ: تۆ هەمیشە کەمتەرخەمی، یان مەڵێ: تۆ خۆپەرستی و تەنیا خۆت و کارەکەی خۆت خۆش دەوێ...

ئەو جۆرە قسانە ڕەخنەگرتنە لە مێردەکەت و ئەویش بەرگری لە خۆی دەکات...

- با داواکارییەکانت سنووورێکیان هەبێ... پێی مەڵێ: ئەگەر پێشتر دوو قسەی خۆشت لەگەڵدا نەکردبێت پێی مەڵێ: تۆ تەنگەتاو و خەمباری... پیاو بە زۆری کۆتا قسەی ئەوەیە دەڵێ: ئێستا تۆ پێمبڵێ بزانم چیت دەوێ؟

زۆربەی ژنانیش وەلامی ئەو جۆرە پرسیارانە نادەنەوە، چونکە وا هەست دەکەن کە میردەکەیان لێیان تێنەگەیشتوون و لێیان تێناگەن...

- هەرگیز بە بەرچاوی خەڵکەوە سکاڵا لە ژیانی خۆت مەکە... ئەوە لەجیاتی ئەوەی دەرمان بێت کەچی کێشەکان قوولتر دەکاتەوە...

- هەرگیز وا بیر مەکەرەوە کە تۆ کەسێکی بەدبەختیت و بۆت نایە... وا بیر مەکەرەوە کە بەختت نایەتێ... هەوڵ بدە هەمیشە گەشبین بی...

- لای هاورێکانت، هەروەها لە لای کەسوکارت باسی کێشەی نێوان خۆت و میردەکەت مەکە... ئەگەر کێشەیەکت هەیە ڕووبەڕووبوونەوە بێ پێچوپەنا بە میردەکەتی بڵێ...

- زۆرێک لە ژنان کاتێ تووشی کێشەیەک یان ناخۆشییەک دەبن بیدەنگی هەڵدەبژێرن... هیچ ناکەن... پێویستە ژن جووڵەیەکی هەبێ... کارێک بکا بۆ ئەوەی ڕۆتینیاتی ژیانی بگۆڕێ...

- هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت کە میردەکەت فریشتە نییە... مرۆڤ هەرچۆنێک بێت هێشتا کامڵ نییە... ناتەواوی هەیە... بۆیە داوای شتێکی لێ مەکە بە لای ئەوەوە لە بەرەی نەبووان بێت... هەرگیز نەتەوێ کە میردەکەت پیاوێکی کامڵ و فریشتەئاسا بێت...

- ژنێک هەبوو هەرجارێ لەگەڵ میردەکەیدا دەچوونە دەرەوە و کچێک یان ژنێک لەوڵاوە بهاتایە، ژنەکە بە میردەکەی دەگوت: چاو داخە ئەوە کچێکە... ئەوە ژنێکە... سەیری نەکەی...

ئەو ژنە چاک دەیزانی کە میردەکەی پیاوێکی چاوپاک و دیندار و بە ئاکارە، بەڵام خانەگومان بوو... دڵی پیس بوو...

خانەگومانی گۆڕی ژیانی هاوسەرانە... جاری وا هەیە ژن بەهۆی

خانەگومانییەوە کەمە کەمە گۆڕ بۆ ژیانی خۆی و مێردەکەی هەڵدەکەنێ...

دەگێڕنەوە دەڵێن: ژنی یەکێک لە پیاوچاکان لە مێردەکەی دەپرسێ: تا ئێستا لە سەرەڕێدا چەند ژنی جوانت بینیوە؟

پیاوچاکەکە دەفەرموێت: بەخوا جگە لە شوێنپێی خۆم هیچم نەدیوە...

ئەو ژنە دەزانێ پیاوەکەی دۆستی خوایە... پیاوچاکە... کەچی هێشتا ئەوەندە خانەگومانە ئەو پرسیارە نەشیاوەی لێ دەکات...

- ئامۆژگاری هەرە گەورە ئەوەیە کە ژن و پیاو دەبێت بزانن هەرچی بکەن و لە هەرکوێ بن خوای گەورە ئاگای لێیانە...

پیاوچاکێک دەفەرموێت: هەرکەسێ ئەوەی لە بیردا بێت کە خوا ئاگاداریەتی، ئەوا خۆی ئاگاداری جموجوڵەکانی دەبێت...

ئادێری درۆ...

- بێگومان درۆ ئاکارێکی ناشیرین و خراپە... ئەو کەسەی کە درۆزنە لە بەرچاوی خەڵکی کەسێکی ناشیرینە... لە خوای گەورەوە دوورە... لە بەهەشت دوورە... لە شەیتان و ئاگری دۆزەخەوە نزیکە...

درۆ بریتییە لە گۆڕینی ڕاستەقینە، یان شاردنەوەی هەندێکی... بەڵێ شاردنەوەی هەندێ لە ڕاستییەکانی ئەویش هەر درۆیە... ئەو کەسەی کە ڕاستییەک دەگۆڕێ و دەیشێوێنێ، یان هەندێ لە ڕاستییەکان دەشارێتەوە و باسەکە ناشیرین دەکات، ئەوە کەسێکی درۆزنە...

پەنا بە خوا -لەوانەیە درۆ ببێتە خوو بۆ مرۆڤ... ئەگەر کەسێک درۆیەکی کرد و دوایی درۆیەکی تر و درۆیەکی تر، ئیتر خوو دەگرێ بە درۆکردنەوە... دوایی زۆر ئەستەمە ئەو کەسە بتوانێ واز لە درۆکردن بهێنێ...

یەکێک لە بەرهەمە خراپەکانی درۆ ئەوەیە کە کەسی درۆزن متمانەی خۆی لە لای خەڵکدا لە دەست دەدا... تەنانەت ئەگەر قسەیەکی ڕاستیش بکا خەڵک هەر بە درۆی دەزانێ...

ئەو ژنەی لای مێردەکەی درۆ دەکات، ئەوە کارێکی کردووە کە مێردەکەی متمانەی پێی نەمێنێ... گرنگی بە قسەکانی نەدات...

بە پێچەوانەیشەوە... ئەو پیاوەی لای ژنەکەی درۆ دەکات، ئەوە کارێکی کردووە کە ژنەکەی متمانەی پێی نەمێنێ... گرنگی بە قسەکانی نەدات...

- ئایا هەموو درۆیەک ناڕەوایە؟

با وەڵامەکە لەم فەرموودەیەوە وەربگرین:

عن أُمّ كُلْثُوم بنْت عُقْبَة، قَالَتْ: مَا سَمِعْتُ رَسُولَ الله(ﷺ) يُرَخِّصُ فِي شَيْءٍ مِنَ الْكَذِبِ إلاَّ فِي ثَلاَث، كَانَ رَسُولُ الله(ﷺ) يَقُولُ: لاَ أَعُدُّهُ كَاذِبًا، الرَّجُلُ يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ، يَقُولُ: الْقَوْلَ وَلاَ يُرِيدُ بِهِ إلاَّ الإِصْلاَحَ، وَالرَّجُلُ يَقُولُ: فِي الْحَرْبِ، وَالرَّجُلُ يُحَدِّثُ امْرَأَتَهُ، وَالْمَرْأَةُ تُحَدِّثُ زَوْجَهَا. رواه ابوداود. واتە: دایکی کەلسووم دەفەرموێت: گوێم لێ نەبووە پێغەمبەر(ﷺ) هیچ درۆیەکی بە ڕەوا زانیبێت سێ درۆ نەبێ، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: ئەو سیانە بە درۆ نازانم...

-یەکەم- پیاوێک ئاشتەوایی بخاتە نێوان دوو کەس، قسە دەکات -واتە درۆ دەکات- قسەکانیشی هەر بۆ مەبەستی ئاشتکردنەوەی هەردوولایە...

پیاوێکیش لە کاتی جەنگدا درۆ بکا -بۆ نموونە کەسێک بیەوێ دوژمن بترسێنێ و بڵێ: من پاڵەوانم... من دێوبەزێنم... کەس پێم ناوێرێت... کێ پیاوە بێتە مەیدان... -

پیاوێکیش قسە بۆ ژنەکەی بکات، یان ژنێک قسە بۆ پیاوەکەی بکات -بۆ نموونە: پیاوەکە بە ژنەکە دەڵێ: من تۆم لە خۆم خۆشتر دەوێ... تۆم لە هەموو دونیا خۆشتر دەوێ... تاڵەموویەکت نادەم بە هەموو دونیا... نینۆکێکت لە هەموو دونیا گرنگترە... ئەم قسانە هەرچەند درۆیە، بەڵام ڕێگەپێدراوە، بۆ ئەوەی پیاو و ژن بەوجۆرە ئەوین و خۆشەویستی خۆیان بۆ هاوسەری خۆیان دەربڕن-.

- کەواتە مەبەست لە درۆی نێوان ژن و پیاو ئەو درۆیە کەوا پەیوەندی نێوانیان پتەو و بەهێز دەکات... کێشەکان کاڵ دەکاتەوە و نایانهێڵێ...

پیاو بە ژنەکەی دەڵێ: ژنە جوانەکەم! لەم دونیایەدا کەس هێندەی تۆ جوان نییە... کەس وەک تۆ نەرمونیان نییە... کەس وەکو تۆ ژیر و ماڵدار نییە...

لـه ڕاستیدا ژنەکەی وا نییە، بەڵام پیاو بـەو قسانە دڵی ژنەکەی خـۆش دەکات و بـە لای خۆیـدا ڕایدەکێشـێ... مەیدانـی ئەویـن و خۆشەویستی تەخت و بـێ کڵـۆ دەکات... باشـتر لـە یـەک تێدەگـەن... ئـەو درۆیانـە پێیان ناوتـرێ درۆ، بەڵکوو قسـەی شیرینی نێوان ژن و مێردە... خـوای گـەورە و پێغەمبـەر(ص) پێیـان خۆشـە...

بـە هەمـان شێوە ژنیش پەسنی مێردەکەی دەدات و دەڵێ: مێردی خۆشەویستم! تۆ پاڵەوانی... لـەم دونیایـەدا کـەس هێندەی تۆ لێهاتوو نییە... کـەس وەک تۆ چاک نییە... چاکترین مێردی دونیای... باشترین پیاوی... باشترین باوکی...

بـەو قسـە شـیرینانە ژنەکـە دڵـی پیاوەکـەی بـە لای خۆیـدا ڕادەکێشـێ... ڕێـزی لـێ دەگـرێ... زۆرێـک لـە کێشـەکان بـەو قسـانە دەتوێنـەوە و نامێنـن...

بـەڵام ئەگـەر ژن بـە مێردەکـەی وت: ناچمـە دەرەوە و دوایـی ڕۆیشت، یـان وتـی: ئەمـڕۆ پـارەم خـەرج نەکردووە، کەچـی خەرجـی کردبـوو...

یـان پیـاو بـە ژنەکـەی وت: لـە فەرمانگـە کارمـان زۆر بـوو بۆیـە دواکەوتـم، کەچـی لەگـەڵ برادەرەکانیـدا لـە ڕابـواردن بـوو... بـە بیانووی درۆ خۆی دەرباز دەکرد و شـەوان نەدەهاتـەوە بـۆ ماڵەوە...

ئەوانـە هەمووپـان درۆی نـاڕەوان... خـوای گـەورە پێـی ناخۆشـە... پێغەمبـەر(ﷺ) پێـی ناخۆشـە... سـزای تونـدیش بـۆ درۆزن ئامـادە کـراوە...

بەڵـێ... مەبەسـت لـە درۆی نێوان ژن و پیـاو تەنیـا ئـەو درۆیانەیـە کـە خۆشەویستی لـە نیوانیاندا زیـاد دەکات...

پێشـەوا (النـواوی) دەفەرمـوێـت: مەبەسـت لـە درۆی نێـوان ژن و پیـاو، درۆیەکـە پەیوەنـدی نێوانیـان پتـەو بـکات، بـەڵام خەڵەتانـدن و

مافی یەکتر پێشێلکردن، ئەوە بە کۆدەنگی زانایان ناڕەوا و حەرامە... ڕێگەپێدراو نییە.

پێشەوا (ابن حجر)یش دەفەرموێت: مەبەست لە درۆی ڕەوا ئەو درۆیانەیە کە پێشێلکردنی مافی هیچ لایەکی تیا نەبێ... فێلکردن و خەڵەتاندنی تیا نەبێ... بەو درۆیانە فێڵ و خەش لە یەکتر نەکەن.

بۆچی ژن درۆ دەکات؟

هۆکارەکانی درۆکردن لای ژنان:

- جاری وا هەیە هەر لە منداڵی باوکیدا فێری درۆ بووە... -دوور لە ڕووتان- باوکی درۆزن بووە، یان دایکی درۆزن بووە، یان خێزانەکەیان هەموویان دەستی درۆیان هەبووە...

- جاری وا هەیە لاسایی هەڵسوکەوتەکانی دایکی دەکاتەوە کە لەگەڵ باوکیدا کردوویەتی... جاری وا هەیە ژن درۆزن نییە، بەڵام تەنیا لەگەڵ مێردەکەیدا درۆزنە، بۆ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێ... جاری وا هەیە هۆکاری ئەو درۆیە هەر خراپی ژنەکەیە ئەگینا مێردەکە قرچۆک و پیسۆک نییە...

- جاری وا هەیە هۆکارەکە خودی مێردەکەیە... بەڵێنی هەندێ شتی پیداوە و بۆی جێبەجێ نەکردووە، یان پیاوەکە شتێکی لە ژنەکە بە قەرز وەرگرتووە و ئێستا نایداتەوە، یان پیسۆکە و پارە نادا بە ژنەکەی بە گوێرەی پێویست شت بۆ منداڵەوە بکڕێ... بەڵێنی پێداوە هەندێ شتی بۆ بکڕێ کەچی ئێستا بەڵێنەکەی ناباتە سەر...

- جاری وا هەیە لە ترسی کاردانەوەی مێردەکەی درۆ دەکات... پیاوەکە تووڕەیە... زوو هەڵدەچێت... چارەسەری کێشەکان ناکا... بۆیە ژنەکە بە ناچاری درۆ دەکات و بەو درۆیە خۆی دەرباز دەکات...

- جاری وا هەیە پیاوەکە کارێک دەکات ژنە ناچار دەبێت درۆ بکات... ژنی دامە و هەرچی دەکڕێ پیاوەکە بە بێنرخی دەزانێ... هەرچی دەکڕێ پیاوەکەی دەڵێ: خەڵەتاوی... بۆیە زۆر جار ژنەکە بە ناچاری درۆی لەگەڵدا دەکات و ڕاستییەکەی لێ دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی بەر تانە و تەشەری مێردەکەی نەکەوێ...

جاری وا هەیە پیاو هەندێ پرسیاری لابەلا و سەخلەتکەر لە ژنەکەی دەکات... ژنیش بە ناچاری وەلامی ڕاست ناداتەوە.

- ژنیش لە زۆر کاتدا درۆ دەکات... کەچی درۆکەیشی بە درۆ نازانێ... بەو درۆکردنە دەیەوێ خۆی لە هەندێ شت بپارێزێ، بۆ نموونە لە ئێرەیی و چاوپیسی... کەچی هەموو ئەو کەسانەیش لێیەوە نزیکن سوور و ساف دەزانن قسەکەی درۆیە... بە تایبەت لەو شتانەی کە پەیوەندی بە خێزانەوە هەیە... بۆ نموونە: ژنێک لە لای دەستەخوشکەکانیدا دەڵێ: کوڕەکەم نەخۆشە... ئەمشەو تا بەیانی نەخەوتووە... کەچی کوڕەکەی هیچ نەخۆشییەکی نییە... بۆیە ئەو درۆیەی کردووە، چونکە یەکێک لە دەستەخوشکەکانی، یان دراوسێیەکی چاوی بەدە... بۆ ئەوەی بەر چاوبەدی ئەو ژنە نەکەوێ ئەو درۆیە دەکات...

چەند هەنگاوێک بۆ چارەسەر...

- پێویستە لە کەشێکی پڕ لە خۆشەویستی و لەیەکتێگەیشتندا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ... پیاو و ژن متمانەیان بە یەکتر هەبێ و قسە لە یەکتر نەشارنەوە و بە ڕوونی قسەی خۆیان بکەن...

- دەبێت پیاو لە هەڵە و کەموکوڕی ژن ببووری... سروشتی ژن وایە لاوازە... جاری وا هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە لاوازی خۆی بکا، پەنا بۆ درۆ دەبات... بۆ نموونە: دەترسێ پیاوەکەی ژنی بە سەردا بێنێ، یان لە کوڕەکەی بدا... ئەمیش دەست دەکات بە درۆکردن و دەیەوێ بەوجۆرە بەرگری لەو کێشانە بکات...

- دەبێت پیاو ژنەکەی تێبگەیەنێت و پێی بڵێ: درۆ ڕەوا نییە... بە درۆکردن متمانەی نێوان من و تۆ لاواز دەبێت... باشتر وایە هەرشتێ هەیە لە یەکتری نەشارینەوە... پشت بە خوا هەموو کێشەکانت بۆ چارەسەر دەکەم...

- دەبێت ژن هیچ لە مێردەکەی نەشارێتەوە و پێویستی بە هەر شتێک هەیە بە مێردەکەی بڵێ... هەوڵ نەدا بۆ ئەوەی شتێ کە ئەو دەیەوێ و مێردەکەی حەزی لێی نییە، لەپێناو ئەو شتەدا درۆ بکات...

- خۆشەویستی و ئەوین باشترین چارەسەرن... چاوکردن لە کەسانی باش... نموونە هێنانەوەی باش لەسەر ڕاستگۆیی...

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت: «عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللهِ صِدِّيقًا، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللهِ كَذَّابًا». رواه مسلم. واتە: لە سەرتانە ڕاستگۆ بن... ڕاستگۆیی مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات بەرەو چاکە... چاکەیش مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات بەرەو بەهەشت... پیاوی وا هەیە بەردەوام بەدوای ڕاستی و ڕاستگۆییدا دەگەڕێ، تا وای لێدێ لە لای خوا ناوی بە ڕاستگۆ تۆمار دەکرێ... خۆتان بپارێزن لە درۆکردن، بەڕاستی درۆکردن مرۆڤ بەرەو تاوان و خراپە دەبات... تاوان و خراپەیش مرۆڤ بەرەو ئاگر دەبەن... پیاوی وا هەیە درۆ دەکات... بە دوای درۆدا دەگەڕێ، تا وای لێدێ لای خوای گەورە ناوی بە درۆزن تۆمار دەکرێ.

❁❁❁

مێردەکەم درۆزنە...

- ژنێک دەڵێ: مێردەکەم درۆزنە... سەبارەت بە هەموو شتێک، گەورە یان گچکە... تەنانەت ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە، لە هەر هەموویاندا درۆ بەکار دێنێ...

- بە لای هەندێ پیاوەوە ئاساییە درۆ بکات... بۆ نموونە یارمەتیدەری بەڕێوەبەرە، کەچی خۆی وەک بەڕێوەبەر پیشان دەدا...

- جاری وا هەیە پیاو لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری خۆیدا لە چاخانەیەک یان شوێنێکی تر دانیشتووە، ژنەکەی پەیوەندی پێوە دەکات... ئەویش دەڵێ: جارێ ئێستا کاتم نییە... لە کۆبوونەوەیەکی گرنگدام...

- جاری وا هەیە پیاو درۆ دەکات، وا دەزانێ ئەو درۆکردنە کلیلی سەربەخۆیی و ئازادی ئەوە... بۆ نموونە بە ژنەکەی دەڵێ: لە کارگەم، کەچی لە ڕاستیدا لە کارگە نییە و خەریکی شۆفێرییە، یان خەریکی شتێکی ترە...

ئەی نابێت ژن لە خۆی بپرسێتەوە و بڵێ: باشە بۆ مێردەکەم ئاوا درۆم لەگەڵدا دەکات؟

- زۆرێک لە ژنان پیاوەکانیان دەدەنە بەر پرسیار و ورد و درشتی لێ دەپرسن... ناچار پیاو پەنا بۆ درۆ دەبات... سەردانی برادەرێکی کردووە، لە ژنەکەی دەشارێتەوە... سەردانی کەسوکاری خۆی کردووە، لە ژنەکەی دەشارێتەوە...

- ژنی وا هەیە پیاوەکەی خۆی ناچار دەکات بۆ ئەوەی درۆ بکات، چونکە کاتێ ببیستێ پیاوەکەی سەردانی فلانکەس و فیسار شوێنی کردووە، بە تۆندی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات... غیرە

دەیگرێ... پیاوەکەیش پەنا بۆ درۆ یان قسەی پێچوپەنا دەبات و ڕاستییەکە دەشارێتەوە...

- جاری وا هەیە پیاوەکە پیاوێکی بێدەسەڵات و لاوازە، بۆیە پەنا بۆ درۆ دەبات، یان لەپێناوی ئەوەی کارێکی ئاشکرا نەبێت و پێی نەزانن درۆ دەکات...

- درۆ وەک هەر نەخۆشییەکی سەخت، پێویستی بە ماوەیەکی زۆر دەرمانە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو نەخۆشییە لەو جۆرانە نییە کە دەرمانی نەبێت و دەرمانەکەیش لەو جۆرە دەرمانانە نییە کە دەست نەکەوێ..... ئەگەر مرۆڤ نیێتی پاک بێ و ویستی لەگەڵدا بێ دەتوانێ بە گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی دروست واز لە درۆکردن بێنێ...

گرنگترین ڕێکار ئەمانەن:

١- دەبێت کەسەکە خۆی بزانێ درۆ دەکات و لە ناخی خۆیدا بیانوو بۆ درۆکەی نەهێنێتەوە...

٢- دەبێت ئامادەیی تیابێ بۆ وازهێنان لەو خوو و خدە خراپە... بۆ ئەوەی درۆ نەبێتە بەشێک لە کەسایەتی ئەو پیاوە...

٣- لەوانەیش گرنگتر دەبێت لایەنی ئیمانی خۆی بەهێز بکات و بزانێ کە مرۆڤی درۆزن نە خوا خۆشی دەوێ نە پێغەمبەر(ص) و نە مسوڵمانان...

- خوشکی بەڕێز... بابەتەکە لەگەڵ میێردەکەتدا بکەرەوە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ... بۆ نموونە پێی بڵێ: ڕای تۆ چییە لە بارەی درۆکردنەوە؟ مرۆڤی درۆزنت خۆش دەوێ؟ تا چەندێ ئامادەی کە هاوڕێی مرۆڤی درۆزن بکەیت؟

بەڵام بەو مەرجەی هەستی میێردەکەت بریندار نەکەی... ڕووزەردی نەکەیت... قسەی ناخۆش و ناشیرینی لەگەڵدا نەکەیت...

- دوایی هەندێ هەڵوێست و کار و قسەی خۆی پێ بڵێ، بەڵام نەڵێی ئەوە خۆت گوتووتە، بان خۆت کردووتە، بەڵکوو پێی بڵێ: تۆ ڕات چییە لەسەر فلانە شت؟ دوایی قسەکە یان کارەکەی خۆی بۆ باس بکە...

- هەرگیز سەرکۆنەی نەکەی، چونکە سەرکۆنەکردن یەکێکە لە کارە خراپەکان... نەک ئەو نایەتە سەر ڕێ، بگرە کەللەڕەقیش دەکات... دەبێت بە هێمنی و لەسەرخۆ قسەی لەگەڵدا بکەی... کارێ بکە کە هەست بکا تۆ ئەوت خۆش دەوێ... بۆی پەرۆشی... خەمی بۆ دەخۆی...

- هەمیشە لە خوای گەورە بپارێوە کە یارمەتی تۆیش و ئەویش بدات بۆ ئەوەی واز لە درۆ بهێنێ... لە پاشملە زۆر بۆی بپارێوە... بە دیار چاوی خۆیەوە بۆی نەپارێیتەوە، چونکە لەو کاتانەدا هەست بە سەرشۆڕی دەکات و لەوانەیە تووڕە ببێت و بە قسەت نەکات...

- هەوڵ بدە چەند کتێب و نامیلکە و کاسێت و ئەو جۆرە شتانە پەیدا بکە کە باسی زیانی درۆکردن دەکەن، بە شێوەیەک پێی بدە کە وانەزانێ مەبەستت ئەوەیە کە ئەو درۆزنە و تۆ دەتەوێ درۆی پێ تەرک بکەی...

- نەکەی وەک لێکۆڵەر مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و لێپرسینەوەی لێ بکەی...

- هەرگیز مۆبایل و کیف و جانتاکەی نەپشکنی... بەدواداچوون مەکە بۆ ئەوەی بزانی لە کوێ بووە؟ لەگەڵ کێ بووە؟ چی کردووە؟ ئەو لێپرسینانە کەللەڕەقی بە دوای خۆیدا دەهێنێ و نابنە چارەسەر و دەرمانی کێشە و دەردەکە...

***

مێردەکەم باشە، بەڵام سەیری شتی خراپ دەکات (١)

- ئەمجۆرە سکاڵایانە زۆر بووە... مێردەکەم هۆگری کەناڵە خراپە بێڕەوشتەکانە... لە پڕدا چوومە ژوورەکەی شتێکی سەیر و شوورەییهێنم بینی... مێردەکەم بە چات و ئینتەرنێت خیانەتم لێ دەکات...

خوشکێک دەپرسێ و دەڵێ: مێردەکەم پابەندە -بە بەڕێوەبردنی مااڵ و منداڵ و ژیانەوە- بەاڵم بە دزییەوە زوو زوو سەیری کەناڵە بێڕەوشتەکان دەکات...

ئێستا نازانم پێی بڵێم کە من پێمزانیوە؟ ئەگەر پێی بڵێم لەوانەیە زۆر شەرمەزار ببێت... لەوانەیە نەتوانێ لە ڕوومدا سەر هەڵبڕێت... کورە لەوانەیش زیاتر لەوانەیە خۆم نەتوانم پێی بڵێم، بەاڵم خۆ ناشکرێ هەروا دەستی لێ بەردەم و تەماشای وێنە و فیلمی خراپ بکا...

- کاتێ دەرگای ژووری مێردەکەم کردەوە:

خوشکێک دەڵێ: هەرگیز نەمدەزانێ کاتێ مێردەکەم دەچێتە ژوورەکەی خۆی و دەرگاکە کلیل دەدات و بە دیار کۆمپیوتەرەکەیەوە دادەنیشێ، خەریکی سەیرکردنی فیلمی ڕووت و خراپە... کاتێ بەوەم زانی سەرم گێژ بوو... هێزم تیا نەما... چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد... خەریک بوو لە خۆم بچم و بکەومە سەر زەوی...

هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەوەندە بێباک بێ و خیانەت لە من بکات و ترسی خوای لە دڵدا نەبێت و سەیری ئەو فیلمە خراپانە بکات...

مێردەکەم پابەندە بە نوێژ و ڕۆژوو و خواپەرستییەوە... نازانم چۆن وێرای ئەو کارە بکات؟ چۆن وێرای لە ماڵەکەمدا بە دزیی منەوە کارێکی لەو جۆرە بکات؟

ئەی ئەگەر لە بەردەم کۆمپیوترەکەیدا بمری حەیا و ئابڕووی ناتکێ؟

باشە شەرم لە خوا ناکات؟ خۆ خوای گەورە ئاگای لە خشەی پێی مێرووە... ئاگای لە هەموو شتێکە... چۆن وێرای کارێکی لەو جۆرە بکات؟

چی وایکرد لە مێردەکەت تەماشای ئەو شتە خراپانە بکات؟

باشە دەبێت چی بێت؟ بڵێی لەبەر ئەوە نەبێت تۆ خۆتت لە بیر کردووە و دەستێ ناهێنی بە خۆتدا و خۆت جوان ناکەی؟ بڵێی مااڵوە پڕ نەبێ لە کیشە و ئاژاوە و ناخۆشی؟ بڵێی نێوان تۆ و مێردەکەت تەواو بێت؟ باشە دەبێت چی وای لە مێردەکەت کردبێت پێ بخاتە نێو دۆزەخێکی ئاواوە؟ بۆ دەبێت بە سەیرکردنی شتێکی لەو جۆرە خۆی تێر بکات؟

خوشکی بەڕێز... ئەم پرسیارانەی من بۆ ئەوە نییە ماف بە مێردەکەت بدەم و بڵێم: هەقی خۆیەتی سەیری بکات... نا... نا... هەرگیز وا تێنەگەی... مێردەکەت زۆر زۆر تاوانبارە، بەاڵم وەرە بزانە بۆچی خۆی تێکەڵی ئەو تاوانە کردووە؟

ئەگەر تۆ هیچ کەمتەرخەمییەک لە خۆتدا شک نابەی، دەی بزانە هاوڕێکانی خراپ نین؟ لەوانەیە هاوڕێی خراپ پڕی بکەن و بیخەنە سەر الرە ڕێ...

- پێویستە خۆت هێور بکەیتەوە و ڕیشەی کێشەکە بدۆزیتەوە...

- لە بیرت نەچێت مێردەکەت مرۆڤە... چاکە دەکات و خراپەیش دەکات... تاوان دەکات و تۆبەیش دەکات... جاری وا هەیە بەهێزە، سەد شەیتان پێی ناوێرن... جاری وایش هەیە ئەوەندە الوازە بە فووی یەک شەیتان دەڕووخێ...

بۆیـه پێوسـته تـۆ بـه ژیـری دەسـتی بگـری و لـەو تاوانـەی دەربێنیت...

- ئەوەت لە بیر بێت ئا ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر مێردەکەت پێویستی بە تۆیە... ئێستا کاتی ئەوە هاتووە فریای بکەوی... ئێستا کاتـی ئەوەیـە سـۆز و میهرەبانـی خۆتـی بـۆ دەربـبـڕی... ئێسـتا ئـەو لاوازە، تـۆ خـۆت بەهێز بـە و هێزیش بدە بـە ئـەو...

- تـووڕە نەبی... تووڕەیـی خـۆت بخـۆرەوە، چونکـە بـە تووڕەیـی هیـچ کارێک پێک نایـەت... بـە هێمنـی دەسـتی بگـرە و بیهێنـە دەر...

- مەبـە بـە میرغەزەبـی خـۆت و ئەویـش... یەکسـەر بڕیـاری لەسێدارەدان دەرمەکـە... بێگومـان هـۆکارێک لـە پشـتەوەی ئـەو تاوانـە هەیـە... هـەوڵ بـدە ئـەو هـۆکارە ڕیشـەکێش بکـە، ئیتـر ئەویتـر بـە ئاسـانی چارەسـەر دەبێت...

مێردەکەم باشە، بەڵام سەیری شتی خراپ دەکات (٢)

- مێردەکەی تۆ نەخۆشە، تۆ بەبە بە پەرەستار. وەک نەخۆش مامەڵەی لەگەڵدا بکە، ئەو ئێستا پێویستی بە سۆز و میهرەبانییە... پێویستی بە پشتیوان و یارمەتیدەرە... پیویستی بە هاوسەرێکی وەفادار و ئەمەکدارە بۆ ئەوەی لەنێو گێژاوی تاوان دەربێنێ... بۆ ئەوەی کارێکی بۆ بکا چاک ببێتەوە و لەو نەخۆشییە پیسە ڕزگاری ببێ...

چاک ئەوەیش بزانە کە مێردەکەت ئێستا بە بارودۆخێکی سەختدا گوزەر دەکات... هاوکاری بکە با بە ئاسانی تێپەڕێنێ... ئەوەی کە مێردەکەت تێیکەوتووە تەنیا تاقیکردنەوەیەک نییە بۆ ئەو، بەڵکوو تاقیکردنەوەی تۆیشە... ئەگەر تۆ لەو تاقیکردنەوەیە سەرکەویت هەردووکتان سەردەکەون، ئەگەر بکەوی ئەو پێش تۆ دەکەوێ...

- وا نەزانی خۆت یان کەسێکی تر هەرگیز تاوانتان نەکردووە... مرۆڤ هەرچەندێ پلەی ئیمان و تەقوا و لەخواترسانی زۆربێت، هێشتا گوناهی هەر هەیە... جگە لە پێغەمبەران کوا کێ بێگوناهە؟ کامەمان تاوانبار نین؟ ئەگەر ئێمە هەموومان بێتاوان و پاک و فریشتەئاسا بین، ئەی ئیتر دەرگای تەوبە و لێخۆشبوون مانای چییە؟

- ئێستا کات کاتی تۆیە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەی ئیمانی مێردەکەت نوێ بکەیتەوە... کارێک بکەی ڕوو لە خواپەرستی بکاتەوە... لە خراپەی بپارێزی... لە گوفتار و لە کرداردا خۆت بکەی بە پێشەنگی مێردەکەت و ڕزگاری بکەی...

- مەهیڵە و بوار مەدە میردەکەت لە بەردەم تۆڕی ئینتەرنێتدا دابنیشێ... هەوڵ بدە هەمیشە لە لایدا دابنیشی... بە بیانوویەک خۆتی لێ نزیک بکەرەوە و بەجێی مەهیڵە... کارێکیش مەکە ئەو هەست بەوە بکا کە تۆ چاودێری دەکەی، یان متمانەت پێی نییە، بەڵکوو لە تەنیشتیدا دابنیشە و قسەی خۆشی لەگەڵدا بکە، با وا هەست بکات کە تۆ لەبەر خۆشەویستی ئەو بەجێی ناهێڵی... با پێتبڵێم بە چ بیانوویەکەوە لە لایدا دابنیشە:

لە نزیک میردەکەتدا دابنیشە و قورئانێک بگرە بە دەستتەوە و بە ئەسپایی قورئان بخوێنەوە...

یان تەسبیحێک بگرە بە دەستتەوە و زیکر بکە... سەڵاوات بدە...

یان کتێبێکی باش بگرە بە دەستتەوە و بیخوێنەوە، یان خۆت خەریک بکە بە کارێکەوە...

ناوە ناوە قسەیەکی خۆشی لەگەڵدا بکە و مەهیڵە سەرنجی لەسەر ئینتەرنێتەکە بمێنێتەوە... پرسیاری شتێکی لێ بکە...

لەسەر شتێک ڕاوێژی پێ بکە... بە زیرەکی خۆت کاری بکە کە هەست بکا تۆ بەردەوام لەگەڵ ئەودای...

جا جار جارە لێی بپرسە: حەز لە چی دەکەی بۆت ئامادە بکەم؟ شەربەتێک ناخۆیتەوە؟ چا ناخۆیتەوە؟

بە کورتی هەوڵ بدە لێی جیا نەبیتەوە و کارێکیش نەکەی ئەو بە بوونی تۆ ناخۆشحاڵ بێت...

- تۆ ئێستا لە بەرامبەر دونیایەک شتی هەڵخەڵەتێنەردا وەستاوی... هەموویان دەیانەوێ میردەکەت لە خشتە ببەن... ئەگەر ئینتەرنێتیش نەبێ خۆ کۆڵان و بازاڕ هەیە... خۆ تەلەفزیۆن هەیە... خۆ شوێنی تر و جێگای تر هەیە... ئێستا -بە ناشوکری نەبێ- خراپە زۆر بووە و بە ئاسانی دەست دەکەوێ... بۆیە دەبێت ژن

زۆر وریا و زیرەک و لێزانِ بێت بۆ ئەوەی پیاوەکەی لە خشتە نەبرێت -بە هەمان شێوە دەبێت پیاویش زیرەک و وشیار و لێزان بێت بۆ ئەوەی ژنەکەی لە خشتە نەبرێ-.

زیرەک و وشیاربە... بزانە مێردەکەت پێیخۆشە تۆ چۆن بیت، ئاوا بە... خۆت ئەوەندە جوان بکە کە هەر جارێک سەیری تۆی کرد هەناسەیەکی قوولّ هەڵمژێ و ئاهێک بە گیانیدا بێتەوە... ببە بە لانە و شوێنی حەوانەوەی... ببە بەو کەسەی کە ئەو دەیەوێ... ببە بەو کەسەی کە ئاواتیەتی...

- ئەو مێردی تۆیە... تۆ ژنی ئەوی... تۆ پۆشاکی ئەوی... ئەو ئێستا تووشی هەڵە و تاوان بووە... دەبێت تۆ بیشاریتەوە... تاوانەکانی بسڕیتەوە... چاوپۆشی لی بکەی... هەرگیز بە ڕوویدا نەدەیتەوە... هەرگیز کاری نەکەی کە مێردەکەت هەست بکا لە بەرچاوی تۆدا سووک و بێنرخ بووە... پیاو هەمیشە پێی خۆشە لە بەرچاوی ژنەکەیدا باشترین و گەورەترین و بەڕێزترین پیاو بێت... ئەو هەستەی مەشکێنە و با وەک خۆی بمێنێتەوە... با هەمیشە خۆی بە پادشای مالّی خۆی بزانێ...

- لە کۆتاییدا: پشت بە خوای گەورە ببەستە... دەستت بەرز بکەرەوە و لێی بپارێوە... هەرگیز نائومێد نەبی... کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە... هەرگیز کەمتەرخەمی نەکەی...

ئایا ئەم ژنە ژنی سەر زەوییە؟

- ئەمە چیرۆکی پیاوێکە خەریک بوو بەرەو هەڵدێر بڕوات... خەریک بوو ئیمانی خۆی سفر بکاتەوە... خەریک بوو خۆی لەناو بەرێ... فێری سەیرکردنی کەنالە خراپەکان ببوو... ساردی ڕووی کردبوویە ئیمانی... خەریک بوو دەبوو بە بەستەڵەک... شاوەت و حەزی تاوانی گەرم داهاتبوو... خەریک بوو گڕی دەگرت... جوانی و شۆخوشەنگی ژنەکەی لە یاد کردبوو... بەردەوام لە بەردەم شاشەی کۆمپیوتەرەکەیدا بوو... لەم کەنالی ڕووت و خراپ بۆ ئەو کەنال... شوێن نەمابوو سەری لێنەدا و سەیری نەکا...

لەناکاودا شتێک ڕوویدا...

ڕۆژێک لەناکاو ژنەکەی خۆی کرد بە ژووردا، چی بینی؟ دەبینێ مێردەکەی لە بەردەم شاشەی کۆمپیوتەردایە... چاوەکانی زەق زەق لە فیلم و گرتە ڤیدیۆ خراپەکان دەڕوانێ... دەستی لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەی جام بوو... نەیتوانی کۆمپیوتەرەکەی بکوژێنێتەوە... نەیتوانی ئەو گرتە خراپانە لە بەرچاوی ژنەکەی لاببات...

چاری ناچار خۆی دا بەدەستەوە... هیچ قسە و بەهانەیەکی بۆ نەهات... نەیتوانی دەمی بکاتەوە... بەڵێ... دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو... ژنەکەی سەیرێکی پیاوەکەی کرد... دوایی سەیرێکی شاشەی کۆمپیوتەرەکەی کرد... دیسان سەیرێکی تری پیاوەکەی کرد... پێکەنی... بە دەست خواحافیزی لە مێردەکەی کرد و ڕۆیشتە دەرەوە و بە ئەسپایی دەرگاکەی داخستەوە...

پیاوەکە دەڵێ: خوێن لە ڕەگەکانی لاشەمدا وشک بوو... دەمم گۆی نەدەکرد... ڕۆیشتمە سووچێکەوە و لێی کەوتم... هەزار و یەک بیر و

خەیالّی خراپ بە مێشکمدا تێپەڕی... هەناسەم سوار بوو... ئەوەندە تەنگەنەفەس بووم دەتگوت بە دەم و لووتەوە هێندەی کونە دەرزییەک شوێن ماوە بۆ هەناسەدان... چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک... ماوەیەک بەو جۆرە مامەوە، ئەو ماوەیەم بە چەند ساڵێک لێ تێپەڕی...

لەپڕدا زۆر بە ئەسپایی دەرگای ژوورەکەم لادرا... دوایی هەستم کرد یەکێک زۆر لەسەرخۆ دەیەوێ بێتە ژوورەوە... سەرم بەرز کردەوە و چاوم درییەوە... نەمتوانی باوەڕ بە چاوەکانم بکەم... نەمتوانی ئەو شتەی کە بە چاو دەیبینم بە دڵ بڕوای پێ بکەم...

بەڵێ... ژنەکەم هاتە ژوورەوە، بەڵام چۆن بوو؟ شکڵ و شێوازێکی زۆر جیاواز لە ڕۆژانی تر... بە جۆرێک ئێستایش واقم ورماوە... ژنەکەم جلوبەرگی یەکەم ڕۆژی شاییەکەمانی لەبەر کردبوو... بەڵێ جلە زاراکانی لەبەر کردبوو... سپی سپی وەک بەفری یەکشەوە...

ڕوومەتی دەتگوت مانگی چواردەیە... لە شوێنی خۆما وەک مێخ چەقام... جموجوولّم لێ برا، بەڵام ئەو بزەی دەکرد... بزەیەکی شیرین... وەکو هەنگوینی قەندیل... بۆنی عەتر و گوڵاوەکەی ژوورەکەی پڕ کرد لە بۆنی خۆش... منی گێڕایەوە بۆ یەکەم شەوی زەماوەندمان...

خوایە... خوایە! ئێستا من چی پێ بڵێم... ئێستا چ بیانوویەک بهێنمەوە؟ هیچ بیانوویەکم نییە...

ژنەکەم هەستی بە شەرمەزاری من کرد... فرمێسکەکانی منی بینی لە چاوم هاتنە خوارەوە...

هات... هات دەستی گرتم و وتی: هەستە و وەرە لەگەڵمدا...

هەستامە سەرپێ، بەڵام وام هەست دەکرد قاچەکانم دەلەرزێ...

ژنەکەم بە دەستە نەرمەکانی چاوەکانی منی سڕی... سەیرێکی منی کرد و بزەی خستە سەر لێوە جوانەکانی...

منی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا... منیش لەگەڵیدا ڕۆیشتم، بەڵام قاچەکانم بە ئاستەم زەوییان بەر دەدا و بەرز دەبوونەوە...

ئەو پیاوە دەڵێ: دەزانی ئەو بەو کارە جوانە ژیرانەی خۆی بووە هۆکاری ئەوەی من بە تەواوی واز لەو کارە خراپە بێنم؟

دەزانی ئەو بووە هۆی ئەوەی من لەنێوان خۆم و خوای خۆمدا تەوبە بکەم و بگەڕێمەوە بۆ لای خوای گەورە؟

دەزانی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ژنەکەم نەیدا بە ڕوومدا و نە ئێستا و نە ئەوسایش نە بە ڕاشکاوی و نە ناڕاستەوخۆ باسی ئەو ڕۆژەی نەکرد؟

توخوا پێم بڵێن: من چیبکەم و چۆن پاداشتی ژنەکەم بدەمەوە؟ چ دیارییەک شایانی ئەوەیە من بیکڕم و ببەدم بە ژنەکەم؟

خوشکی بەڕێز... ئەوە چیرۆکی ژنێکی ژیر و لێزان بوو... بە ژیری و دانایی خۆی دڵی میردەکەی هێنایەوە بۆ لای خۆی... کارێکی خراپ و تاوانێکی گەورەی پێ تەرک کرد... تۆیش:

- زۆر لە خوای گەورە بپاڕێوە کە ڕێنوێنی میردەکەت بکا... لە خوای خۆت نزیک ببەوە... قورئان زۆر بخوێنەوە... قورئان دەرمانی هەموو دەردێکە...

- هەرگیز لە لای هیچ کەسێک نەهێنی میردەکەت ئاشکرا مەکە... کارە خراپەکانی ڕووپۆش بکە...

- هەرگیز هەستی میردەکەت بریندار مەکە... قسەی ناخۆشی لەگەڵدا مەکە...

- خۆت بۆ میردەکەت بڕازێنەوە... جلوبەرگی جوان لەبەر بکە... بۆنی خۆش لە خۆت بدە... تا دەتوانی دڕێخی مەکە...

- قسەی خۆشی لەگەڵدا بکە... هەرگیز قسەیەک مەکە بۆنی سوکایەتی لێ بێت... کارێک مەکە هەست بکا تۆ خۆت لەو بە گەورەتر دەزانی...

- بە جۆرێک لە جۆرەکان و بە گوێرەی ژیری و دانایی خۆت مەهێڵە پیاوەکەت بە تەنیا سەیری ئینتەرنێت بکات... با شەیتان تووشی هەڵەی نەکات... ئەو دەمانەی پیاو بە تەنیا خەریکی سەیری ئینتەرنێتە شەیتان وەسوەسەی لە لا دروست دەکات و ختوکەی دەدا... کاری دزێو و ناڕەوای لە لا جوان دەکات... تەنیا دوو شت هەن ببنە ڕێگر لە ختوکەی شەیتان:

یەکەم: ئیمانێکی بەهێز...

دووەم: بوونی ژن لە تەنیشت مێردەکەیدا...

***

مێردەکەم ناپاکیم لەگەڵ دەکات

ناپاکی یەکێک لە هاوسەران، نیشانەی لاوازی ئیمان و لە خوا نەترسانە... نیشانەی نەمانی ئاکار و ڕەفتاری جوانە...

نیشانەی ئەوەیە کە لەنێوان ئەو ژن و مێردەدا هەندێ کێشە هەیە کە کەسی بەرامبەری وا لێ کردووە بەرەو ناپاکی بڕوا...

نیشانەی ئەوەیە کە یەکێکیان بە باشی مافی ئەویتریان نادا... مافەکانی پێشێل دەکات...

- چاوێک بخشێننەوە بە ژیانی خۆتاندا... هەڵوێستێک وەربگرن و هەوڵی چاکسازی بدەن...

- خۆت لەو شتانە بپارێزە کە دەبێتە هۆی بەدگومانی هاوسەرکەت...

- خۆت لە خانەگومانی بپارێزە... لە هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەت بەدگومان مەبە...

- لەگەڵ هاوسەرەکەتدا قسەت خۆش بێ... ڕەفتارت جوان بێ... ڕووگەش و ڕووخۆش بە...

- گفتوگۆی لەگەڵدا بکە و ناڕاستەوخۆ بابەتەکەی لەگەڵدا بکەرەوە... بۆ نموونە بە مێردەکەت بڵێ: ئەمڕۆ چیرۆکێکم خوێندەوە... باسی ژنێک بوو... مێردەکەی ناپاکی لەگەڵدا کردبوو...

دواتر لەسەر ئەو چیرۆکە قسەی خۆت بکە و بڵێ:

باشە ئەو جۆرە پیاوانە ناترسن ژنەکانیان پێیان بزانن و ئەوانیش لە داخدا دەست بدەنە ناپاکی؟

ناترسن خوا تۆڵەیان لێ بکاتەوە؟ ناترسن دوایی کچەکانی ئەویش ناپاک دەربچن و سەرشۆڕ ببێت...

- لە مێردەکەت بپرسە و بڵێ: تۆ ڕات چییە لە بارەی پیاوی ناپاکەوە؟

لێی بپرسە بڵێ: ئەگەر ژنێک زانی مێردەکەی ناپاکە چی بکات باشە؟

- جاری وا هەیە مێردەکەت لە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانەدا دێنێ و دەیبا و تێکەڵوپێکەڵییەک دروست دەکات... هەوڵ بدە ڕێگای پێ مەگرە... لێگەڕێ با بۆ خۆی تێکەڵوپێکەڵی بکا... تەنیا گوێی بۆ بگرە... گرنگ ئەوەیە تۆ پەیامی خۆت پێ گەیاندووە...

- لێی بپرسە و پێی بڵێ: ئاخۆ ئەو پیاوانەی کە ناپاکن چۆن دڵیان دێنێ ناپاکی لەگەڵ دایک و کچی خەڵکدا بکەن؟ مەگەر خۆیان پێیان خۆشە پیاو و کوڕی خەڵکی ناپاکی لەگەڵ ژن و دایک و خوشک و کچی ئەواندا بکات؟

- هەوڵ بدە کەشێکی پڕ لە ئیمانی بۆ مێردەکەت ساز بدەی... گرنگی نوێژ و خواپەرەستی و قورئانخوێندنی لە لا باس بکە...

- لە ڕێگەی مەسینجەر یان واتسئاپ یان هەر شتێکی تر لەو بابەتانە، کورتە وتار و ئامۆژگاری کەسانی پسپۆڕی بۆ بنێرە با دوایی خۆی گوێی لێ بگرێ... بە تایبەتی باسی خیانەت و ناپاکی نێوان ژن و مێرد و ئەو کێشانەی کە بەرهەمی ناپاکییە...

- هەمیشە دوعای خێری بۆ بکە... لە خوا داوا بکە ڕێنوێنی بکات و پاکی بکاتەوە...

- باسی ئەو شتانەی لە لا بکە کە ئەوین و خۆشەویستی نێوانتان زیاد دەکات... هەرگیز باسی شتێک نەکەی کە نێوان ژن و پیاو دوور بخاتەوە و تێکی بدا... ئەگەر بەردەوام سۆزی پێ بدەی ئەویش هەست بە تاوانباری خۆی دەکات و لە کاری خراپی خۆی پەشیمان دەبێتەوە...

- هەرگیز ڕۆڵی پارێزەر مەبینە... ڕۆڵی لێکۆڵەر مەبینە... ئەگەر ژن بەدوای وردەکاری تر و نهێنی مێردەکەیدا بگەڕێ، مێردەکەی کەللەڕەقی لەگەڵدا دەکات... زیاتر لە مال دوور دەکەوێتەوە و لە ژیانی خێزانی هەڵدێ... زیاتر خوو دەگرێ بە سەیران و چوونە دەرەوە و کارە خراپەکانی خۆیەوە...

- ژنی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ مێردەکەیدا بکا، گرنگی پێ دەدا... دڵی دێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی...

- بە نەرمی قسەی لەگەڵدا بکە... یادی خودای وەبیر بێنەوە... باسی پادشت و تۆڵەی خوای گەورەی بۆ بکە... باسی ئەوەی بۆ بکە کە هەر پیاوێک ناپاکی لەگەڵ ژن و کچ و خوشکی خەڵکدا بکا، ئەوا خەڵکیش ناپاکی لەگەڵ کەسێکی ئەودا دەکەن... ئیتر ئیستا بێت، یان ماوەیەکی تر...

سەرنج بخەرەسەر ڕاست کردنەوەی خواپەرستی خۆت و مێردەکەت...

ژن دەتوانێ ڕۆڵی دانایەکی زۆر ژیر و پزیشکێکی گەورە بۆ مێردەکەی بگێڕێ... مێردەکەی لە لێواری تیاچوون و گوناهکردن بێنێتەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و دروست...

- ئەگەر بە هەوڵ و دانایی خۆت دەرەقەتی نەهاتی و نەتتوانی بیهێنیتەوە سەر ڕێگای ڕاست، ئەو کاتە وا باشترە داوای کۆمەکی لە کەسێکی ژیر و جێ متمانەی خۆت یان مێردەکەت بکەی... بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات و پێکەوە بتوانن بیهێننەوە سەر ڕێگای ڕاست و دروست.

بە وردی لێی ورد ببنەوە...

- دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەلعەریفی دەڵێ: ڕۆیشتم بۆ سەردانی زیندانێک... گەنجێکی تەمەن بیستوسێ ساڵە لەوێ زیندانی کرابوو... لەسەرخۆ لە سوچێکەوە دانیشتبوو... بە لایدا تێپەڕیم و سڵاوێکم لێکرد...

لە هاوڕێکەم پرسی: ئەم گەنجە بۆچی زیندانی کراوە؟

وتی: سێ مانگ بووە ژنی هێناوە، ژنەکەی خۆیی کوشتووە...

وتم: بۆچی کوشتوویەتی؟ چی کردبوو؟

وتی: ئەم کوڕە لەگەڵ ژنەکەیدا هاوسەرگیرییان کرد و بە خۆشی پێکەوە دەژیان...

کۆمەڵێ کەس ئێرەییان پێ بردبوون... لەوانەیە پێشتر ئەوانە لەگەڵ ئەم کوڕە کێشەیان هەبووبێت، یان یەکێکیان بە تەمای ژنەکەی ئەم بووبێ...

ڕۆژێک یەکێک لەو کوڕانە بەم گەنجەی وتووە: ئەوە دەڵێی سەیارەکەت گۆڕیوەتەوە بە سەیارەیەکی سەوز؟

گەنجەکە وتوویەتی: نەخێر، سەیارەکەی من ڕەشە... خۆ خۆت دەزانی...

کوڕەکەیش دەڵێ: دەی خۆ دوێنێ دام بە بەردەم ماڵی ئێوەدا سەیارەیەکی سەوزم بینی لە بەردەم ماڵتاندا وەستابوو... ژنێک لە ماڵی ئێوە هاتە دەرەوە و سواری سەیارەکە بوو... دوای دوو کاتژمێر دیسان سەیارە سەوزەکە هاتەوە و ژنەکە دابەزی و ڕۆیشتە ماڵەوە... دەی لەوانەیە دوومال پێکەوە لە یەک خانوودا بژین...

گەنجەکە وتوویەتی: نا بەخوا ئێمە بە تەنیا لە یەک خانوودایین... خزمەتکار و شتیشمان نییە... تەنیا خۆم و ژنەکەم پێکەوەین...

ئیتر ئەم گەنجە دڵی لە ژنەکەی پیس کردووە... لێی پرسیوە: ئەمڕۆ کەس هاتووە بۆ ئێرە؟ کەس لێرە ڕۆیشتووەتە دەرەوە؟

دوای دوو ڕۆژی تر یەکێکی تر لەو کوڕانە -کە پێشتر پێکەوە لەسەر بووختانکردن ڕێککەوتوون- بەم گەنجە دەڵێ: هێی لێدە برا دەڵێی سەیارەکەت گۆڕیوەتەوە و سەیارەیەکی سپی ڕەنگت کڕیوە... لێدە برا لێدە...

ئەم گەنجە داماوەیش دەڵێ: نەوەڵڵا سەیارەکەم نەگۆڕیوەتەوە و هەر سەیارە ڕەشەکەی جارانم پێیە...

ئەویش دەڵێ: دوێنێ سەیارەیەکی سپیم لە بەر مااڵی ئێوەدا بینی... ژنێک لە مااڵی ئێوە هاتە دەرەوە و سواری بوو...

دوای چەند ڕۆژێک یەکێکی تر لەو کوڕانە هاتووە و هەمان فێڵی لێ کردووە... دوایی چوارەم کەسیش بە هەمان شێوە...

ئەم داماوەیش خەریک بووە شێت بێت... لەگەڵ ژنەکەیدا بووە بە کێشەیان و ژنەکەی تۆراوە و ڕۆیشتووەتەوە بۆ مااڵی باوکی...

دوایی ئەو کوڕانە دانە دانە هاتوون و پێیان وتووە: ئەو سەیارانەی جاران لە بەر مااڵی ئێوەدا دەوەستا ئێستا لە بەر مااڵی خەزوورتدا دەوەستن... هاکا سبەی و دوو سبەی منداڵێکی هێنایەوە و دای بە کۆڵتدا و وتی: ئەم منداڵە هی تۆیە.

ئەم کوڕانە هەروا بەو جۆرە وەکو شەیتان چوونەتە بنکۆشەی ئەم گەنجە داماوە... ئەویش شەیتان لە لایەک و ئەمان لە لایەک هانیان داوە... بۆیە شەوێک بە دزییەوە دەچێتە لای مااڵی خەزووری و ژنەکەی بەر چەقۆ دەدات و دەیکوژێ و دواتر خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و وتوویەتی: من ژنەکەی خۆمم کوشتووە و خۆمم ئاسوودە کردووە...

ئێستا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە...

- بەڕێزان... سەیر بکەن بزانن چۆن بەهۆی درۆ و بووختانی کۆمەڵێک گەنجی سەرسەری و لاتولووت گەنجێکی داماو تووشی مردۆکوشتن دێت و ژیان لە خۆی و مااڵی خەزووڕانی تێکدەدات؟

ئێوە لەم چیرۆکەوە پەند وەربگرن... هەرگیز بە پەلە بڕیار مەدەن... ئەگەر شتێکیان بۆ گێڕانەوە بە وردی لێی ورد ببنەوە... مەهێڵن شەیتان و مرۆڤی شەیتانسیفەت بتانخەڵەتێنێ...

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓا۟ أَن تُصِيبُوا۟ قَوْمًۢا بِجَهَٰلَةٍ فَتُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَٰدِمِينَ ﴿٦﴾﴾ الحجرات: ٦ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر کەسێکی متمانەپێنەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان، خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکوو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، نەوەکو ئازار و ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی، جا دوایی پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون.

***

ژیان لەگەڵ پیاوی سەرخۆشدا دەچێتە سەر؟

- کچێکی هەتیوی بێدایک و بێباوک لە لای ماڵە مامی گەورە دەبێت... مامی بە مێردی دەدا... دەیدا بە کوڕێک دوایی دەردەکەوێ زۆربەی کات سەرخۆشە... ئەم ژنە داماوە لەو پیاوە سەرخۆشە دووگیان دەبێت... دکتۆرە لەیلا ئەحمەد پێی دەڵێ: تۆ تازە ژنی ئەم پیاوەی... زگت لێی هەیە، بۆیە چەند ئامۆژگارییەکی خوشکانەت دەکەم لێم وەربگرە:

- بڕوات بەوە هەبێ کە ئەمە بەڵا و چۆرتمێکە و تووشت بووە... هیچ شتێک بەبێ خوای گەورە ناکرێ... چارەنووسی تۆ لەگەڵ ئەم پیاوەدا یەکی گرتووە... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ، حَتَّى يَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَهُ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَهُ، وَأَنَّ مَا أَخْطَأَهُ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَهُ». رواه الترمذي. واتە: هیچ بەندەیەک ئیمانی تەواو نابێت هەتا بڕوای بە قەزا و قەدەر نەبێت، چ خێر چ شەڕ و هەتا بڕوای وانەبێت و نەزانێ کە هەر شتێک و -هەر خێر و شەڕێکی- تووش دەبێت بۆ ئەو دیاری کراوە و بۆ کەسی تر ناچێ و ئەو شتانەی کە تووشی نەبووە بۆ ئەو دیاری نەکراوە...

- پەنا ببە بە خوای گەورە... خوای گەورە باشترین پشتیوان و پەنادەرە... خوای گەورە لە دایکی مرۆڤ بۆ مرۆڤەکان بەسۆز و بەزەییترە... هەموو قەزا و قەدەرێک چاک بێت یان خراپ خێرێکی پەنهانی تێدایە، دانایی و حیکمەتێکی تێدایە، بەڵام ئێمە نایزانین...

- هەرگیز نائومێد مەبە و هەوڵ بدە، بەڵکوو بتوانی مێردەکەت بێنیتە سەر ڕێگای ڕاست و لەو تاوانە دووری بخەیتەوە...

- هەرچەندە مەیخواردنەوە تاوانێکی گەورەیە، بەڵام مەیدە بە

ناوچاویدا و بە تاوانباریکی گەورەی مەناسێنە، با ئومێدبڕاو نەبێ، چونکە شەیتان زۆر جار ئومێد لە تاوانبارە گەورەکان دەسێنێتەوە و بە گوێیاندا دەچپێنێ و دەڵێ: تازە تۆ و لێخۆشبوون کوجا مەرحەبا... تەوبەی چی و لێخۆشبوونی چی؟ بەو جۆرە دەیخەڵەتێنێ و ئەویش هەر لەسەر تاوانی خۆی بەردەوام دەبێت...

- نەکەی جێگای لێ جیا بکەیتەوە... بە جوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکە... هەڵسوکەوتی جوان دەبێتە هۆکاری ڕێنوێنی... دەزانم زۆر سەختە ژنێکی پاک بەرگەی بۆگەنی شەراب بگرێ... ئەوەیش دەزانم کاتێ ژنێک لە لای پیاوێکی سەرخۆشدایە خۆی بە بچووک و زەلیل دێتە بەرچاو، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەرگە بگرە، بەڵکوو بتوانی چاکی بکەیت...

- زۆرێک لە پیاوان کاتێ دەزانن بەرپرسیارێتی ژن و کۆمەڵێک منداڵیان کەوتووەتە ئەستۆ، ئیتر خۆیان چاک دەکەن و واز لە تاوان دەهێنن... جاری وا هەیە مرۆڤ گوێی لە تاوانباری خۆی نییە، بەڵام کە بۆی دەردەکەوێ خوای گەورە لەسەر ژن و منداڵیش لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، ئیتر واز لە تاوان دێنێ و تەوبە دەکات و چاک دەبێتەوە، بەڵکوو مێردەکەی تۆیش یەکێک بێت لەو جۆرە پیاوانە...

- ئەگەر بە قسەی خۆش هیچت بە هیچ نەکرد، هەوڵ بدە وەک ئەو ژنە بکەی کە ئەو لەگەڵ مێردە سەرخۆشەکەی خۆیدا کردی...

ژنێک چەند جارێک ئامۆژگاری مێردەکەی کرد واز لە مەیخواردنەوە بێنێت، بەڵام سوودی نەبوو... ناچار هەستا و لە چەند سووچێکی ماڵەوە کامێرای چاودێری دانا... مێردەی وەک جاران دەستی کردەوە بە مەیخواردن... کامێرا لە هەموو لایەکەوە وێنەی دەگرت... ئەمیش بە سەرخۆشی کاری وای دەکرد منداڵی بێئاوەزیش نەیکات... شێت بە شێتی خۆی نەیکا... دوایی ڤیدیۆکەی بۆ مێردەکەی لێدایەوە و

مێردەکەی تێر شەرمەزار بوو... بۆیە سوێندی خوارد کە هەتا ماوە دەم بە مەیەوە نەدات و وازی لە مەیخواردنەوە هێنا و تەوبەی کرد...

- ئەگەر بەو جۆرەیش هیچت بە هیچ نەکرد، دیسان کۆڵ مەدە... بڕۆ ڕاوێژ بە کەسێکی خۆت یان کەسێکی مێردەکەت بکە و داوای هاوکاری لێ بکە، بەڵام با ئەو کەسە کەسێکی ژیر و خوانەناس و ماقوول بێت...

- ئەگەر ئەوەیش سوودی نەبوو ئەمجارە نۆبەی ئەوەیە کە هەڕەشەی لێ بکەی... پێی بڵێ: تا یەک هەفتەی تر مۆڵەتت پێ دەدەم... ئەگەر وازت هێنا ئەوە باش، ئەگینا ئیتر من واز لە هاوسەرێتی تۆ دێنم و دەتۆرێم...

ئەوەت لە بیر بێت وەک دەڵێن: داخکردن کۆتا دەوایە... پێش تۆران و جیابوونەوە چەند ڕێکارێک هەن... سەرەتا خۆنزیککردنەوە... دوایی پارانەوە... دوایی ئامۆژگاری... ئامۆژگاری قۆناخی پش کۆتاییە، چونکە پیاوان بەوە ڕازی نین کە ژن ئامۆژگارییان بکات... کەواتە دوای هەموو شتێک ئامۆژگاری و پاشان تۆران و دواتر جیابوونەوە...

- خۆڕاگربە... خەم مەخۆ... مەترسە... لەوانەیە ئەو بەڵا و موسیبەت و چۆرتمە ببێتە گەشەپێدانێکی ڕۆح و گیانی تۆ... لە خوای گەورەت نزیک بخاتەوە...

نوێژ زۆر بکە... زۆر لە خوای گەورە بپارێوە... بە تایبەتی بەرەبەیانیان...

- دوای چەند مانگێک ئەو خاتوونە هاتەوە بۆ لای دکتۆرە لەیلا و سوپاسی کرد و وتی: مێردەکەم تەوبەی کردووە و ئێستا پیاوێکی زۆر باشە و نوێژ دەکات و بە هیچ شێوەیەک لە مەی نزیک نابێتەوە...

چۆن مێردەکەی ناچار دەکات؟

- هەندێ کەس بڕوایان وایە کە هاوسەرگیری پەیوەندییەکی هەتا هەتاییە و تا مردنە و بە هیچ شێوەیەک جیابوونەوە ڕوونادا... جا ناکۆکی و کێشە هەرچەندێ زۆربێت تازە ئەوان هەر هاوسەرن...

ئەم بیروباوەڕە هەڵەیە وای لە هەندێ ژن کردووە کە دەست لە لاساری و ئاکاری نابەجێی خۆیان هەڵنەگرن... نازانن جەوهەری ڕەش زۆر بە خێرایی بەسەر خامی سپیدا بڵاو دەبێتەوە...

پیاوی دانایش ئەو پیاوەیە لە بڕیاردانداپەلە نەکات...

جارێ ئامۆژگاری... هەڵێک سەرکۆنە... جارێ تووڕەبوون، بەڵام ئەوەندە هەیە هیچی لە بیر ناچێتەوە... هەمووی لە مێشکی خۆیدا هەڵدەگرێ، بەڵکوو ئەوە خوایە ژنەکەی واز لە لاساری و کەللەڕەقی بێنێ...

لەوانەیە ئەو لاساریە شتێکی کاتی بێت، یان لە تووڕەبوونێکەوە سەرچاوەی گرتبێ...

ئەو بەهانە و پۆزشانە هەمووی لە چاکی پیاوەوە سەرچاوە دەگرێ... لە ئاکار باشی و خۆشڕەفتارییەوە سەرچاوە دەگرێ...

جا ئەگەر ژنەکەی وردە وردە هەنگاوی باشی هەڵگرت، ئەوە ئەویش گەشبین دەبێت و چاوەڕێ دەکات تا دەگاتە شوێن و جێگەی مەبەست... ئیتر درێژە بە ژیانی هاوسەری دەدا...

بەڵام ئەگەر هەتا دەهات ئەو بەرەو ئاراستەی پێچەوانەوە دەڕۆیشت و مێردەکەی بێهیوا کرد... ناچاری کرد بیر لە کارە خراپەکانی ڕابردوویش بکاتەوە... تروسکایییەکی نەهێشتبوویەوە بۆ ئەوەی لە کلاوڕۆژنەی هیواکانی بدات و تۆزێک ڕۆشنی بکاتەوە...

کاریکی کرد میردەکەی بۆی دەرکەوت کە لاساری بەشیکە لە کیان و گیانی ژنەکەی... ئیتر ئەویش دەسبەرداری ژیانی هاوسەری دەبێت... ئیتر بۆ هەتا هەتایە کۆچ دەکات و ناگەڕێتەوە... ئیتر جارێکی تر ئەو لەنێو دڵی خۆیدا جێ ناکاتەوە...

ژیان هێشتا بە بەرپەوە ماوە... ئەویش مافی خۆیەتی بە خۆشی پاشماوەی ژیانی تەواو بکات...

- پیاوێک دەناسم دوای بیستوپێنج ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیری، لە ژنەکەی جیا بووبەوە... کوڕەکانی لە کۆلێژ بوون...

پێموت: فلانی... بۆچی لە ژنەکەت جیا بوویتەوە؟

وتی: لاسار بوو... لاسار...

وتم: ئەی هەر لە سەرتای هاوسەرگیریدا بۆت دەرنەکەوت لاسارە؟

وتی: بەڕەوەڵا، بەڵام وتم بەڵکوو باش بێت، بەڵکوو واز لە لاساری بێنێ، بەڵام سوودی نەبوو... بیستوپێنج ساڵ بەرگەم گرت... ئیتر لە وزەمدا نەما... بۆیە بە ناچاری تەڵاقم دا...

- پیاوێک ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو و ژنەکەی، بەڵام ئەمجارە ژنەکە داوای جیابوونەوە دەکات...

پیاوەکە کاغەزێک دێنێ و لە سەری دەنووسێ:

من فلانی کوڕی فلانم... بە هەموو هۆش و ژیری خۆمەوە دان بەوەدا دەنێم کە پیابەند دەبم بە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ژنەکەمدا... هەرگیز لێی جیا نابمەوە... تەڵاقی نادەم... ڕازی نابم جگە لە ئەو هیچ کەسێکی تر ژنم بێت.

پیاوەکە کاغەزەکەی خستە پاکەتێکەوە و دای بە دەستی ژنەکەیەوە و بە تووڕەییەوە لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە...

ژنەکە نەیدەزانی کاغەزەکە چی تێدایە...

دوایی ژنەکە هێور بوویەوە... بیری کردەوە و وتی: باشە بۆ من بە چرکەیەک ژیانم لە خۆم تێکدا؟ باشە ئێستا بچمەوە بۆ مالّی باوکم چی بڵێم؟ چی بکەم؟

لە مێشکی خۆیدا چەند پرسیارێکی لەو جۆرەی لە خۆی کرد... تەواو پەشۆکا...

دوایی لە کتوپڕێکدا مێردەکەی هاتەوە... تا ژوورەکەی خۆی نەوەستا...

ژنەکە ڕۆیشت بۆ لای... بە هەموو جۆرێک داوای لێبووردنی لێکرد... دەیگوت: بەڵێ، بەڵێ... بەخوا هەرچیم وت لێی پەشیمانم... هەرچیم کرد لێی پەشیمانم... لێم ببورە...

پیاوەکە وتی: دەی بەخوا من پەشیمان نیم... کاغەزەکە دەربێنە و بیخوێنەوە...

ژنەکە گریا... گریانی بەخۆڕ... بە دەم گریانەوە کاغەزەکەی دەرهێنا... خوێندیەوە... ئەمجار دیسان گریا، بەڵام گریانی خۆشی... ئەوەی بیر هاتەوە کە هەموو جارێک پیاوەکەی پێی دەگوت: ژنی خۆم... کێشەکان بە لەیەک جیابوونەوە چارەسەر نابن... بەڵکوو بە خۆشەویستی و بە سۆز و ئەوین و میهرەبانی و لە یەکبووردن چارەسەر دەبن...

***

ژنانی ناڕازی...

- ژنی وا هەیە لە ناڕازی بووندا دەستێکی بالای هەیە... ئەگەر ناڕازیبوون بڕوانامەی هەبووایە یەکسەر دەبوو بە پڕۆفیسۆر...

هەرگیز سوپاسی خوای گەورە ناکات... نازانێ مانای قەناعەت چییە... نازانێ ئەگەر کەسێ قەناعەتی نەبێ و بە بەشی خۆی ڕازی نەبێت، ئیتر هەتا ماوە تێر ناخوا...

هەر ئەوەندە پێی بڵێی: دەنگوباستان؟ ئیتر هەزار و یەک گلەیی وەک شەمەندەفەر بە دوای یەکدا ڕیز دەکات... باسی وردودرشتی کێشەکانی نێو خێزانەکەی دەکات...

ئەگەر مێردەکەی هەموو جۆرە خواردن و جلوبەرگێکی بۆ بکڕێ، لەو ناوەدا یەک شتی بە دڵ نەبێت، هەمووی لە سفر دەدات و دەست دەکات بە پرتەوبۆڵە... هەمیشە هەر خەریکی لەبەریەکگرتنی ژیانی خۆی و ژیانی خوشکەکانیەتی... ئەها مێردی خوشکم ئەوە و ئەوەی بۆ خوشکم کڕی... ئەها بردی بۆ سەیران... ئەها چەندێ خۆشی دەوێ... ئەها چەندێ گرنگی پێ دەدا...

ئەگەر زانی ژیانی خوشکەکەی وەک ژیانی ئەم تێر و تەواو نییە ئەو کاتە بۆ ئەویش دەگڕی و ئەمجارەیان باسی جیاوازییەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ ژیانی دراوسێ یان هاوڕێیەکی دەکات...

ئیتر گوێی لەوە نییە ئەو قسانە چەندێ لەسەر مێردەکەی کاریگەرن... چەندێ دڵی دەتەوسێنێتەوە...

گوێی لەوە نییە مێردەکەی چەندێ تووشی خەم وخەفەت دەبێت... چەندێ ئاخ هەڵدەکێشێ و ئەگەر ئاخەکانی دووکەڵی هەبا بەریان بە خۆر دەگرت...

- پاوڵۆ کۆیلۆ دەڵێ: کاتێ دەفرودۆڵە دەشۆی، سوپاسی خوا بکە بۆ ئەوەی دەفرودۆڵەت هەیە بۆ شۆردن...

ئەوە یانی کەسێک یان زیاتر لەژێر چاودێری تۆدان...

ئەوە یانی تۆ سفرە و خوانت هەیە، نان و خواردنتان هەیە...

ملیۆنەها مرۆڤ هەیە پارووە نانێکیان بۆ خواردن نییە... سفرەیان بۆ ڕاخستن نییە!

بەڵێ... زیاد لەوەیش کە پاوڵۆ وتی، ئەوە مانای وایە تۆ لەشت ساغە و دەتوانێ کار بکەی... ئەوەیش ناز و نیعمەتە...

ئەوە یانی تۆ خێزانێکت هەیە و تۆ سەرپەرشتیان دەکەی... ئەوەیش ناز و نیعمەتێکی تر...

ئەوە یانی تۆ بەشی خۆت خواردنت هەیە... نانتان خواردووە... ئەوەیش ناز و نیعمەتێکی تر...

پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) دەفەرموێت: «مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ آمِنًا فِي سِرْبِهِ، مُعَافًى فِي جَسَدِهِ، عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ، فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا بِحَذَافِيرِهَا» رواه الترمذی.

واتە: هەرکەسێکتان ڕۆژی لێ بوویەوە و خۆی و مال و منداڵی بەبێ ترس ئەژیان، لاشەی ساغ بوو، ڕزق و ڕۆزی ئەو ڕۆژەی هەبوو، با وابزانێ کە هەموو دونیا بۆ ئەو کۆ بووەتەوە و هی ئەوە.

پرتەوبۆڵەی زۆر وا دەکەن کە مرۆڤ هەست بە خۆشی نەکات... چێژ لە ناز و نیعمەتەکان وەرنەگرێ... هەم خێر و خۆشی دونیای لێ کەم دەکاتەوە، هەم تووشی سزای ئەو دونیایشی دەکات... جا مەگەر دوایی بڵێ: بە جارێ مالی وێرانم، ئەویشم چوو ئەمیشم چوو...

دیسان پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: «لَا يَنْظُرُ اللهُ إِلَى امْرَأَةٍ

لَا تَشْكُرُ لِزَوْجِهَا وَهِيَ لَا تَسْتَغْنِي عَنْهُ». رواه النسائي في الكبرى. واتە: خوای گەورە بە چاوی سۆزەوە تەماشای ژنێک ناکات کە سوپاسی مێردەکەی ناکات و کەچی ئاتاجی مێردەکەیشی بێت.

هەموو مرۆڤێک پێی خۆشە کەسێک ڕێز لە کارەکانی بگرێ... کارەکانی لە بەرچاو بێت...

مێرد بە بیستنی (سوپاست دەکەم)، یان (خوا خێرت بنووسێ)، یان (خوا پاداشتت بداتەوە)، لە لایەن ژنەکەیەوە ئیتر ئۆخژنی دێت... ماندوێتی ڕۆژی لە بیر دەچێتەوە... هەست بە ئارامی و خۆشی دەکات...

خانمی بەڕێز... سوپاسگوزاری تۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر منداڵەکانت دەبێت... دوایی ئەوانیش فێری سوپاسگوزاری دەبن و ئەگەر باوکیان یان خۆت کارێکیان بۆ بکەن سوپاستان دەکەن...

پێش جیابوونەوە باش بیر بکەنەوە...

- دادوەری یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکان چیرۆکێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

ڕۆژێک من لە دادگا دانیشتبووم... ژنێکی گەنج هاتە ژوورەوە و سڵاوی لێکردم و پاشان داوای لێکردم لە میردەکەی جیای بکەمەوە...

منیش وتم: دەکرێ پێم بڵێی: بۆچی دەتەوێ لە میردەکەت جیا ببیتەوە؟

وتی: بەڵێ... زۆر ئاساییە...

وتم: دەی باشە. ئەوە کاغەز و پێنووس هەڵبگرە و هەرچی ڕەفتاری بێفەڕی میردەکەت هەیە بۆم بنووسە...

چەند خوولەکێک بیری کردەوە... دوایی هات و کاغەزەکەی پێدامەوە، تەماشای کاغەزەکەم کرد تێیدا نووسیبووی:

١- میردەکەم جار جارە لێدانم دەکات.

٢- میردەکەم پیسۆک و قرچۆکە و بە باشی بە خێوم ناکا.

منیش وتم: تەنیا لەبەر ئەم دوو هۆکارە دەتەوێ لێی جیا ببیتەوە؟

وتی: جەنابی دادوەر چ ژنێک دەتوانێ لەگەڵ پیاوێکدا بژی کە هەم لێیبدات و هەم پیسۆک و قرچۆکیش بێ؟

دوای ئەوە من کاغەزێکی ترم پێدا و وتم: هەموو خوو و خدە باشەکانی میردەکەتی تیا بنووسە...

کەمێ بیری کردەوە و دوایی کاغەزەکەی هێنایەوە و هیچی نەنووسیبوو... وتی: میردەکەم یەک ڕەفتاری باشی نییە...

منیش پێم وت: چەندێکە شووت پێ کردووە؟

وتی: دوانزە ساڵە... چوار منداڵیشم لێی هەیە...

وتم: مێردەکەت لەکوێ کار دەکات؟

وتی: لە فلان کارگە... مووچەکەیشی ئەوەندەیە...

وتم: چ کاتێ دێتەوە بۆ ماڵەوە؟

وتی: هەموو ڕۆژێک کاتژمێر سێی ئێوارە، بەڵام زۆر بێزار کەرە... کاتێ دێتەوە بۆ ماڵ دەنگی بەرز دەکاتەوە و لەگەڵ منداڵەکاندا دەیکا بە هەرا و گاڵتەوگەپیان لەگەڵدا دەکات...

دوایی کاغەزێکی تری سپیم پێدا، پێم وت: ها ئەو کاغەزە بگرە و ڕەفتاری باشی یەکەمی مێردەکەتی تیا بنووسە... بنووسە:

یەکەم: هەموو ڕۆژێک لەگەڵ منداڵەکاندا گاڵتەوگەپ دەکات...

دوایی بۆم دەرکەوت هەموو ساڵێک لە کاتی پشووەرگرتندا دەیانبا بۆ گەشتوگوزار...

هێنام و بردم، تا بە دەمی خۆی دانی بە دوانزە ڕەفتاری بەرز و پەسەندی مێردەکەیدا نا...

وتم: بەسە... چینر لە سەری نارۆم...

کاغەزەکانم لێسەندەوە... ئەو کاغەزەکەی کە چاکەکانی تیا بوو خستمە سەر ناولەپی دەستی ڕاستم...

ئەوەیشی کە ڕەفتارە خراپەکانی تیا بوو خستمە سەر ناولەپی دەستی چەپم...

دوایی پێموت: لە مێردەکەت جیات بکەمەوە؟

ماوێەک بیدەنگ بوو... دوایی وتی: بەخوا منت تووشی شۆک کردووە، نازانم چی بڵێم!

کەمێکی تر بیری کردەوە و دوایی وتی: ئاخر نامەوێ ئەو هەم قرچۆک بێ و هەم لێم بدا...

منیش وتم: دەی خۆ منیش نەمگوتووە قرچۆک نییە و نەمگوتووە لێتنادا، بەڵام پیاوەکەی تۆ کۆمەڵێک ڕەفتاری چاک و باشی هەیە... ئەوەندە خراپ نییە تۆ نەتوانی لەگەڵیدا بژیت... هەموو دەردێ چارەسەری هەیە... پشت بە خوا لێدان و قرچۆکی پیاوەکەت چارەسەر دەکەین، بەڵام بە تەڵاق و جیابوونەوە نا، چونکە جیابوونەوە دەرمان نییە...

ژنەکە وتی: باشە جەنابی دادوەر زۆر سوپاست دەکەم... دەچمەوە و بە وردی بیری لێ دەکەمەوە و دوایی دێمەوە خزمەتت...

ژنەکە ڕۆیشت و تا ئەم کاتەیش نەگەڕاوەتەوە...

❁❁❁

ژنێك داوای جیابوونەوەی كرد...

- هەندێ ژن كاتێ ڕووبەڕووی بچووكترین كێشەی خێزانی دەبێتەوە یەكسەر بە مێردەكەی دەڵێ: تەڵاقم بدە...

هەر قسەیە و دەیڵێن، وا دەزانن میوە دەخۆن... خۆزگە بیانزانیایە ئەو قسەیە چەندێ گوناهە و چ تاوانێكی گەورەیە...

مەگەر نەیانبیستووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلَاقًا فِي غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ». رَوَاهُ أَحْمَدُ وَالتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ وَابْنُ مَاجَهْ وَالدَّارِمِيُّ. واتە: هەر ژنێك بە ناهەق و بەبێ هۆ داوای تەڵاق لە مێردەكەی بكات بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرام دەبێت.

- پیاوێك دەناسم لە دەرەوە لە لای خەڵكدا وەك شێر وایە و سینگ دەرئەپڕێنێ دەڵێی مامۆستای موحەممەد عەلی كلای بووە... كەچی لە ماڵەوە لای ژنەكەیدا ئەوەندە سووك قسە دەكات دەنگی دەڵێی گیزەی مێشوولەیە...

ڕۆژێك ئەم پیاوە لەگەڵ ژنەكەیدا كێشەیەكیان دەبێت... ژنەكەی پێی دەڵێ: ئەگەر تۆ پیاوی و مووی پیاوەتیت لێ ڕوواوە تەڵاقم بدە...

پیاوەكەیش بەپەلە دەڵێ: ئەوا تەڵاقم دای... ئەوا تەڵاقم دای... ئەوا تەڵاقم دای...

ئەو شتەی كە ژنەكە هەرگیز بیری لێ نەدەكردەوە و بڕوای پێی نەبوو ڕوویدا...

- لە بەرامبەریشدا ژنێكی تر كێشەیەكی لەگەڵ مێردەكەیدا بۆ هاتە پێش... پیاوەكەی تەواو تووڕە بوو... ژنەكە تاوانبار بوو...

پیاوەکە ئەوەندە تووڕە بوو پێی وت: هەستە! هەستە! جلوبەرگەکانت کۆ بکەرەوە و بچۆرەوە بۆ مالّی باوکت... سبەی دەچمە دادگا و تەلاقنامەت بۆ دەنێرمە مالّی باوکت...

ژنەکە وتی: بەخوا ناچمەوە بۆ مالّی باوکم... تۆ لە هەموو کەسێ بۆ من باشتری... ژن تەنیا لە مالّی مێردەکەیدا رێزدارە...

یەکسەر پیاوەکە هێور بوویەوە و بێدەنگ بوو... دوایی بە هێمنی هەلّەی ژنەکەی بۆ ژنەکەی باس کرد و داوای لێکرد کە جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە...

ژنەکەش وتی: بەسەرچاو...

دوایی پیاوەکە داوای لێبووردنی لە ژنەکەی کرد و وتی: گەردنم ئازا بکە، ئەو دەمە زۆر تووڕە بووم بۆیە وام گوت...

ژنەکەش وتی: گەردنت ئازا بێت تاجی سەرم... تۆیش گەردنی من ئازا بکە، جارێکی تر ئەو هەلّەیە دووبارە ناکەمەوە...

بەوجۆرە لە یەکتر خۆشبوون و درێژەیان بە ژیانی هاوسەریان دا...

- ژنێک بە دەم ئاخهەلکێشانەوە دەلّێ: مێردەکەم زۆر سەختگیرە... زۆر میزاجی و تووڕەیە... ئەوەندە تووڕەیە هەرجارێ تووڕە دەبێت یەکسەر هەڕەشەی تەلاقدانم لێ دەکات... دواییش پەشیمان دەبێتەوە.

- قوربانیدانی ژن لەپێناو هاوبەشی ژیان ئەوە کلیلی پەیوەندی ژانێکی پڕ بەختەوەرییە... بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە مێردە لاوەکان زۆر لە بەرپرسیارەتی خێزانی هەلّدێن... دەبێت ژن و پیاو لەپێناو ژیانی هاوبەشی خۆیان قوربانی بدەن و بە بچووکترین کێشە هەلّنەچن و داوای جیابوونەوە نەکەن...

دەبێت خانمانی بەڕێز ئەوە بزانن کە ئەگەر لە سەرەتای ژیاندا

چەند قوربانییەکیان دا، ئەوا ئەو قوربانیانە دەبێتە هۆی پتەوبوونی بناغە و هێمنی ژیان و بەختەوەری هەردوولا...

- خانمی بەڕێز... پێش ئەوەی داوای جیابوونەوە لە مێردەکەت بکەیت، هەوڵ بدە جوان بیر بکەیتەوە... بزانە چۆن ڕووبەڕووی تووڕەیی و هەڵچوونی مێردەکەت دەبیتەوە، ئەوە فێربە کە مێردەکەت بگری و نەهێلی هەنگاوی هەڵە هەڵبگرێت و بەرەو هەڵدێر بڕوا... هەندێ خاڵ هەیە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ژن بتوانێ مێردەکەی کۆنترۆڵ بکات:

١- هەمیشە هێمن و لەسەرخۆ بە... هەڵمەچۆ... تۆ بەڕێوەبەری خێزانێکی، پەروەردەی ئەو خێزانە بەدەست تۆیە... بۆیە دەبێت لە هەموو تاکێکی ئەو خێزانە هێمنتر و ژیرتر و لەسەرخۆتر بیت...

٢- بە زۆری مێرد پێویستی بە کەمێک سۆز و میهرەبانی هەیە... پێویستی بە کەمێک بوار و هەل هەیە...

٣- کاتی پێویست بە مێردەکەت ببەخشە... با تووڕەییەکەی بنیشێتەوە و هێور ببێتەوە... مەتەڵێکی کوردی دەڵێ: ئەملام تات و ئەولام تات، وەی بابە جیقم دەرهات... ئەو تووڕە و تۆ تووڕە، جیقی خێزان دەردێنن و هەڵیدەوەشێننەوە...

٤- کاتێ نەبوونی ڕوو دەکاتە مالّتانەوە خۆڕاگر و ئارام بە... لەوانەیە لەو کاتانەدا مێردەکەت مێشکی جەنجاڵ بێت و بیر لە هەزار شت بکاتەوە، ئەو جەنجاڵییە وای لێ دەکات زوو تووڕە ببێت... بۆیە دەبێت ژیرانە بارودۆخی مێردەکەت بخوێنیتەوە و ڕەچاوی بکەی...

***

لەسەر ڕێگای تەلاقدان...

- خانمی بەڕێز... گەر دەتەوێ ڕێگای تەلاق بگریتە بەر، ئەوا چەند هەنگاوێکی پێویستە...

یەک لەوانە: ڕەخنەی ڕەق و توندوتیژ... هیرش بکە سەر کەسایەتی مێردەکەت... بۆ نموونە: کاتێ پیاو بڕیارە زوو بێتەوە و لەگەڵ ژنەکەیدا بچنە شوێنێ... کەچی دوا دەکەوێ و درەنگ دێتەوە، ژنەکەی هەست بە بێزاری و سەخڵەتی و تەنگەتاوی دەکات... لە ناخەوە پڕ دەبێت... تووڕە دەبێت...

جا کە مێردەکەی گەیشتەوە ماڵ، ژنەکەی پێی دەڵێ: تۆ هەمیشە هەروای، خۆپەرستی... گوێ بە کەس نادەی... هەر خەمی خۆتتە... لێت بێزار بووم... لە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ تۆدا بێزار بووم...

دەی خۆ ئەم ژنە ڕەخنەی لە دواکەوتنەکە نەگرتووە، بەڵکوو هێرشێکی بەرفراوانی کردووە و لە کەسایەتی مێردەکەی دەدا...

جا لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە هێرشەکەی بە شێوەیەکی وا بکا کە وابزانێ ڕووبەڕووی کەسێکی سووکوسەلیم بووەتەوە... تەنیا بە قسە هێرش ناکا، بەڵکوو بە شێوازی دەربڕینیش هەر هێرش دەکات... دەنگێکی گاڵتەئامێز... پێش هەموو قسەیەک (هـ)یەک دەکات و دواتر قسەکانی بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز دەکات و جوێن بە دوای جوێن و سووکایەتی بەدوای سووکایەتی دادەبارێ...

جا هەرکاتێ تای هەرکامیان پر بوو ئیتر وا دەزانێ لە لایەن هاوسەرەکەیەوە ستەمی لێ دەکرێت و ئیتر ناتوانێت لەگەڵ ستەمکاردا ژیان بەسەر ببا...

جا ئەگەر ئەم جۆرە بیرۆکەیانە ماوەیەک بەردەوام بوو جەنگە

میهرەبانی دەستی هێنا بە سەر سەر و ملی شێرەکەدا... شێرەکەیش لە خۆشیدا چاوەکانی نوقاندبوو... لەو کاتەدا ژنەکە بە ئەسپایی تاڵێکی لە یاڵی شێرەکە گرت و ڕایکێشا و لێی کردەوە و بە خۆشی گەڕایەوە بۆ لای زانای پیر و ژیر...

زاناکە فەرمووی: ئەوە چۆن توانیت ئەو تاڵە مووە بە دەست بێنیت؟

ژنەکەش چیرۆکەکەی بە وردی بۆ زاناکە گێڕایەوە...

زاناکە فەرمووی: کچی خۆم... خۆ مێردەکەی تۆ نیو ئەوەندەی شێر درندە نییە، دەی چۆن شێرەکەت دەستەمۆ کرد، ئاوایش بە میهرەبانی مێردەکەت دەستەمۆ بکە و بە خۆشی لەگەڵیدا بژی...

مێردەکەم دەیەوێ تەڵاقم بدا...

- پیاوێک دەڵێ: سوور و ساف بە ژنەکەم وت: من ژنێکی ترم خۆش دەوێ، دەمەوێ مارەی بکەم، ناشتوانم لەگەڵ دوو ژندا بژیم، بۆیە دەمەوێ سەرەتا تۆ تەڵاق بدەم و دوایی ئەو مارە بکەم...

ژنەکەم زۆر بە نەرمونیانی وەڵامی منی دایەوە... ڕازی بوو بەوەی تەڵاقی بدەم، بەڵام بە دوو مەرج:

یەکەم: دەبێت تەڵاقەکە بۆ ماوەی مانگێک دوا بکەوێ... بۆ ئەوەی تاقە کوڕەکەمان تاقیکردنەوەکانی کۆتایی پێ بێنێ...

دووەم: تا ئەو مانگە تێدەپەڕێ هەموو ڕۆژێک بیکەمە باوەشەوە و لە بەردەم دەرگای ژووری نوستنەوە تا بەردەم دەرگی حەوشە بیبەم...

پیاوەکە دەڵێ: هەرچەند داواکارییەکانم پێ سەیر بوو، بەڵام پەسەندم کرد... مزگێنیم بە یارۆ دا کە دوای مانگێکی تر ژنەکەم تەڵاق دەدەم و تۆ مارە دەکەم...

ڕۆژانە ژنەکەم هەڵدەگرت بۆ ئەوەی لە بەردەم ژووری نوستنەوە تا بەردەم دەرگای حەوش بیبەم... کاتێ کە هەڵمدەگرت و دەمبرد، تا دەگەیشتینە بەردەم دەرگای حەوشە، ژنەکەم بە تووندی منی دەگوشی بە خۆیەوە و دەم و ڕوومەتی منی ماچ دەکرد... جار جار کوڕەکەم ئەو دیمەنەی دەبینی و ئیتر بێخەم بۆ خۆی دەڕۆیشتە دەرەوە و یاری دەکرد، یان دەچووە ژوورەکەی خۆی و خەریکی خوێندنی وانەکانی دەبوو...

دوای ماوەیەک هەستێکی نامۆ ڕووی تێکردم... سەرلەنوێ خۆشەویستی و ئەوینم بۆ ژنەکەم پەیدا کردەوە...

دوای تێپەڕبوونی مانگەکە ژنەکەم زۆر لاواز ببوو... بڕیارمدا ژنەکەم تەلاق نەدەم و ژنی دووەمیش بێنم... یارۆ هات بۆ نووسینگەکەم... پێمگوت: نامەوێ ژنەکەم تەلاق بدەم، تۆ دەهێنم و ئەویش هەر ژنم بێت...

بە بیستنی ئەو قسەیە تەواو تووڕە بوو، بە تووڕەییەوە نووسینگەکەی بەجێهێشت...

گەڕامەوە بۆ لای ژنەکەم و ویستم موژدە و مزگێنی پێ بدەم...

خۆم کرد بە ژووردا، چی دەبینم ژنەکەم نەخۆشە و زۆر حاڵی خراپە، پێموت: ئەوە چیتە؟

وتی: چەند مانگێکە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم، بەڵام لەبەر دڵی تۆ قسەم نەکردووە، وتم با خەفەت نەخوا...

تەز مەبەستی ئەو لەوەی کە ئەو مانگە لە باوەشی بگرم، بۆ ئەوەی بووە کوڕەکەمان خەفەت نەخوا و لە تاقیکردنەوەکانی دەربچێ و نمرەی باش بەدەست بێنێ، بۆ ئەوەیش من لە بەرچاوی کوڕەکەم ناشیرین نەبم...

ژنەکەم مرد، دونیای بەجێهێشت، زۆر خەفەتبار بووم...

دوایی زانیم چ گەوهەر و گەنجینەیەکم لە دەست داوە...

پیاوێک هاتە خزمەت حەزرەتی عومەر و وتی: دەمەوێ ژنەکەم تەلاق بدەم.

حەزرەتی عومەر فەرمووی: بۆ؟

پیاوەکە وتی: خۆشم ناوێ.

حەزرەتی عومەر فەرمووی: بۆ هەموو مالێک لەسەر خۆشەویستی بونیاد نراوە؟ ئەی چاودێری و شەرم و حەیا لە کوێن؟

- فـەرەزدەق شـاعیری بەناوبانگـی عـەرەب ژنەکـەی تـەلاق دا، دوایـی زۆر پەشـیمان بوویـەوە و ئـەو شـیعرانەی هۆنییـەوە:

وەکو گای بەهار چۆن پەشیمانە لە لەوەڕی گیا کاتێ دەتەقێ
من پەشیمانم سەرکز و شێواو، دوای تەلاقدانی نواری ژنم

نـوار بەهەشـتی سـەر زەوی مـن بـوو، وەک بابـا ئـادەم لـە دەسـت خۆمـم دا

خـۆم بـە دەسـتی خـۆم، چـاوی خـۆم دەرکـرد، لێـم تاریـک بـووە دونیـای ڕۆشـنم

بۆ دەربڕینی پەشیمانی خۆم، هیچم پێ ناکرێ جگە خۆکوشتن

دەچمـە کێـوە ڕەش خـۆم هەڵدەدێـرم، دەنگـم پێـی نـاگا، بـا هـەر نەمێنـم

بێفەڕترین حەڵاڵ (١)

- وشەیەکە ئاو لە چاوان دەزێنێت... فرمێسک لە چاو دەتکێنێ... ناخی ژن و پیاو دەهەژێنێ... دڵی کوڕان و کچان دەبرژێنێ... میچی خانووی خێزان دەتەکێنێ...

- وشەیەکە مرۆڤ لە خۆشبەختی و بەختەوەرییەوە دەباتە نێوەڕاستی بەدبەختی و ناخۆشی...

- وشەکەیە شادمانی دەکات بە گریان، بزە دەکات بە گریە...

- وشەی مااڵئاوایی... وشەی دوورکەوتنەوە... وشەی کێشە و ناکۆکی... دۆزەخێکی گەورە و مەزن...

- ئەو وشەیە وشەی (تەاڵق)ە، وشەی لەیەکتر جیابوونەوە...

- مااڵی زۆر کەسی تێک دا... زۆر ئەوین و خۆشەویستی لە بندا ڕیشەکێش کرد... زۆر کوڕ و کچی لە یەک کرد...

- ئای کاتێ ئەو وشەیە جێبەجێ دەبێت چ کاتێکی ناخۆشە... چەندێ کاتێکی پڕ لە ئێش و ژانە... ئەو ڕۆژەی ژن وشەی تەاڵقدان لە دەمی پیاوەکەی دەبیستێت... فرمێسکەکانی بەکوڵ لە چاوی دێنە خوارەوە... مااڵئاوایی لە منداڵەکانی دەکات... لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە... لە بەردەم دەرگای ماڵدا کەمێک ڕادەوەستێ بۆ ئەوەی بۆ کۆتا جار تەماشایەکی ماڵەکەی خۆی بکات... ماڵێکی پڕ لە بیرەوەری...

- ئای ئەو دەمانە چەندێ ناخۆشن کە بەختەوەری و خۆشبەختی لە ماڵێکدا ڕیشەکێش دەبێت... چ بەاڵ و چۆرتمێکی گەورەیە...

کاتێ کێشەکان گەورە دەبن... پیاو بە دڵێکی پڕ لە خەفەتەوە دێتەوە بۆ ماڵ... ژن بە زەلیلی و دڵێکی شکاوەوە ماڵ بەجێ دێڵێ...

دڵی دوژمن خۆش دەبێت و ئێرەبەران ملیان قوت دەکەنەوە و گوێقوڵاخ دەبن...

- بەداخەوە... زۆر بەداخەوە... ئەمڕۆژانە تەڵاقدان و لە یەکتر جیابوونەوە گەلێک زۆر بووە، چونکە پیاوانێک کە بتوانن جڵەوی خێزان بگرنە دەست و چاودێری ڕاستەقینە بن، کەم بوونەتەوە... ژنانێک لێبووردەیی و لێزانی و ژیری بەکار بێنن کەم بوونەتەوە...

- گەنجەکان ئەمڕۆ بە دەم بزە و پێکەنینەوە، بە دڵێکی پڕ لە ئەوینەوە، بە ڕێزەوە، بەڕوویەکی گەشەوە... دەستێ کچێک دەگرن و لە ماڵی باوکی دەیبەنە دەرەوە و دەیبەنە ماڵێکی نوێ و تازەوە...

کەچی دوای دوو سێ مانگ یان زیاتر یان کەمتر، بە دەم گریانەوە، بە دڵێکی پڕ لە ڕقەوە، بە بێڕێزی و بێوەجیەوە... بە ڕوویەکی ترشەوە... دەستیان لێ بەردەدەن و تەڵاقیان دەدەن و دەینێرنەوە بۆ ماڵی باوکیان...

- ئەمڕۆژانە تەڵاقدان و لە یەکتر جیابوونەوە زۆر بووە... هەندێ لە پیاوان بە باشی هەڵناسن بە بەجێهێنانی بەرپرسیارەتی و پیاوەتی خۆیان... مافی خێزان وەک خۆی نادەن... ئەمانەت ناپارێزن... سپاردەکان زایە دەکەن... سەڵای چی و پەراتی چی؟

تا درەنگانێک لە دەر و بازاڕمانەوە... پێشێلکردنی مافی ژن... خواردنی مافی منداڵ...

- ئەمڕۆژانە تەڵاقدان زۆر بووە، چونکە ئیرەبەران زۆر بوون، چونکە تانەدەران زۆر بوون، چونکە خاپینۆک بە ئاسانی خەڵک دەخاپێنێ و زۆجیان دەکات...

مێردی لەخواترس کەم بووە... پیاوی بەخشندە زۆر کەمە... کەسێ بەڵێنی خۆی ببات سەر زۆر کەم بووە... کەسێ لە هەڵە ببووری وەختە بڵێم: هەر نەماوە...

- ئەمڕۆژانە تەلاقدان گەلێک زۆر بووە، چونکە ژنی باش و بە قنیات کەم بووە... ئەو ژنانەی دوور لە شوویان خۆپارێزن و ئاگایان لە مالێ دەبێت، وەکو جاران دەست ناکەون... بە ئارەزووی خۆیان دەکەن... گوێ بۆ مێرد و باوک و برا هەر ڕاناگرن... مافی مێردیان پێشێل دەکەن...

- ئەمڕۆژانە تەلاقدان و جیابوونەوە زۆر زۆر بووە... خەسوو خەزووری هەردوولا، لەنێو ژیانی بووک و زاوا، خۆ دەنوێنن... هەڵدەقورتێن... باوکی زاوا، لەسەر کاری ورد و درشت لێپرسینەوەی لێدەکات... دایکی بووکێ، هەر ئەوەندەی لێدەزانێ کچی تاودا... هەتا کار دەگاتە جێیەک ڕێگای دەربازبوون مەحاڵە... تەنیا چارە جیابوونەوە و تەلاقدانە...

باوکی بەڕێز... دایکی ئازیز... چیتان داوە بەسەر ژیانی کوڕ و کچی تازە لاوی بەیەکگەشتوو؟ بۆ ناهێڵن بۆ خۆ بژین؟ بۆ سەر لە ژیانیان تێکدەدەن؟ چیتان داوە لەم دوو لاوە؟ دەلێگەڕێن، دەوازبێنن... باوکیایەتی و بووکایەتی... دایکایەتی و زاوایەتی... بە دەستوەردان لەنێو ژیانی تازە لاوان، دەکەوێتە ژێر پرسیار و خوا لە خۆتان دەڕەنجێنن...

- ئەمڕۆژانە تەلاقدان و جیابوونەوە زۆر زۆر بووە... هۆکارێکی فرەبوونی ناز و نیعمەت و خۆشییە... پیاو کاتێ دەوڵەمەند دەبێت، چاوسوور دەبێت، یان ژن دێنێ پیان پیاو دەکوژێ... ئەمڕۆ ژنێ، سبەی ژنێ... دڵی لای کەس داناسەکنێ... نوێ بە کۆنە دەڵێ: باڵێک... کۆنە بە نوێ دەڵێ: باڵێ... دڵخۆش مەبە... زۆر زۆر بڕۆی شەش مانگ، سااڵێک...

- ئەمڕۆژانە تەلاقدان و جیابوونەوە فرە زۆرە... لێکتێگەشتن زۆر زۆر کەمە... ڕاگەیاندن ژیانی نێوان ژن و پیاویان وەک بەرەی

جەنگ لێکردووە... ئەم لە لایەک... ئەو لە لایەک چەپەریان لە یەک گرتووە... کێ ئازایە دەستپێشخەر بێت و سەری خەنیم بە قوڕدا بکا...

کەمن ئەو خێزانەی کەوا لە دەست تیڤی و فیلمی بێگانە و خراپی خێزان تێکدەر، ڕزگار ببن...

- ئەمڕۆژانە تەلاقدان و جیابوونەوە فرە زۆر، چونکە ئارەق و تلیاک و مەیخواردنیش گەلێک زۆرە...

* * *

بێفەڕترین حەڵاڵ (٢)

- هۆ ئەو کەسەی لەیەکجیابوونەوەت دەوێ، خۆڕاگرە... خۆڕاگری جوانترین و باشترین چارەسەرە...

ئەگەر ژنەکەت ڕۆژێک لە ڕۆژان خراپەی لەگەڵدا کردووی، بێگومان سەدان ڕۆژ چاکەی لەگەڵدا کردوی...

ئەگەر جارێک لە جاران خەفەتباری کردوی، بێگومان هەزاران جار دڵی خۆش کردووی...

- هۆ ئەو کەسەی تەڵاقت دەوێ... تەماشای ڕۆژانی دوای تەڵاقدان بکە... بیر لە پاشەڕۆژی کوڕ و کچەکانت بکەرەوە...

بەهۆی تەڵاقەوە زۆر خێزان هەڵوەشایەوە، شیرازەیان لە یەک پچڕا، دڵەکانیان لە یەک تۆرا...

- هۆ ئەو کەسەی لەیەکجیابوونەوەت دەوێ... ئەگەر ژنەکەت خراپە، کێ دەڵێ خوا لەو ژنە منداڵێکی ڕاسڵ و باشت پێ نادات؟ لەوانەیە منداڵێکی وات پێ بدا کە ئازارەکانی دایکی لە بیر تۆ ببات‌ەوە...

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾﴾ النساء: ١٩واتە: خۆ ئەگەر خۆشتان نەوێستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نییە و دەشێت حەزتان لە شتێک نەبێت و خوا بیکات بە مایەی خێروبێری زۆر و بێسنوور.

ئیبنوعەببباس لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: مەبەست لە خێروبێری بێسنوور منداڵی ڕاسڵە...

جاری وا هەیە پیاوێکی باش بە دەست ژنێکی خراپەوە گیر

دەخـوات، جوێنـی پـێ دەدات، ئـازاری دەدا... پیاوەکەیـش لەبـەر ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە خۆڕادەگـرێ... داوای پاداشـت لـە خـوای گـەورە دەکات، بەڵـێ، چەنـد سـاڵێ زیاتـر ناخایەنـێ، خـوای گـەورە منداڵێکی باشـی پـێ دەدا خـەم و خەفەتـی ژنەکـەی لـە بیـر دەباتـەوە...

تۆ چوزانی؟ لەوانەیـە ئـەو ژنـەی کـە ئەمڕۆ لـە تۆ بووەتـە دۆزەخ، ماوەیەکـی تـر ببێتـە گولستان و دارستانێکی سـەوزەڵان و خـۆش و پڕ لـە کانـی و ئـاو... تۆ چوزانـی، لەوانەیـە لـە دوا دوایـی تەمەنتدا بگاتـە فریات؟ خۆڕاگـرە... ئارامبـە... کۆتایـی ئارمگرتـن زۆر جوانـە... لـە دوای تەنگانـە خۆشـی و فەرحانـی بەڕێوەیـە...

- ئەگـەر دەتـەوێ ژنەکـەت تـەڵاق بـدەی، پێـش هەمـوو شـت ڕاوێژێـک بـە خـوای گـەورە بکـە... نوێـژی ئیسـتیخارە بکـە... دوایـی ڕاوێـژ بـە زانایەکـی دڵسـۆز بکـە... بـەدوای پیاوچـاک و زانـای لەخواترسـدا بگـەڕێ و ڕاوێـژی پـێ بکـە...

لـە بیـرت بێـت پەنابردنـە بـەر تـەڵاق وەک ئـەوە وایـە پەنـا ببـەی بـۆ بڕینـەوەی ئەندامێکـی جەسـتەی خـۆت، بەڵـێ... بڕینـەوەی ئەندامێکـی جەسـتەت کۆتـا چارەسـەرە... مـرۆڤ هەتـا بتوانـێ و بـۆی بکـرێ چارەسـەری تـر بـەکار دەهێنـێ... ئەگـەر هیچـت بـۆ نەکـرا دواتـر پەنـا دەبـا بـۆ بڕینـەوەی ئەندامێکـی... تەڵاقیـش وایـە... کۆتـا چارەسـەرە... لـە پێشـدا هەمـوو چارەسـەرەکان تاقـی بکـەرەوە ئەگـەر بێسـوود بـوو، دوای هەمـوو شـتێک پەنـا بـۆ تـەڵاق ببـە...

- خـوای گـەورە سـێ تەڵاقـی داناوە... بـۆ ئـەوەی پیـاو ئەگـەر هیـچ چارەیەکـی نەمـا یـەک تەڵاقـی ژنەکـەی بـدا... دوای ئـەوەی پەشـیمان بوونـەوە بـا یـەک بگەنـەوە، ئەگـەر -خوانەخواسـتە- دیسـان بوویـەوە بـە کێشـەیان و چارەسـەر نەمـا، پەنـا بـۆ یـەک تەڵاقـی تـر ببـا... بـۆ جـاری سـێیەمیش پەنـا بـۆ تەڵاقـی سـێیەم و کۆتایـی ببـا...

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖ ﴾ البقرة: ٢٢٩ واتە: تەلاقێک (کە پیاو بتوانێت هاوسەرەکەی تێدا بگێڕێتەوە) دوو جارە، دوو کەرەتە (پیاو بۆی هەیە تەلاقی هاوسەرەکەی بدات و چاکترین شێوازی ئەوەیە کە لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕوون کراوەتەوە)، لەوەودوا واتە بۆ سێهەم جار ئیتر ئەگەر دەیەوێت ژیانی هاوسەریی بباتە سەر (نابێتت تەلاق بێت بە دەمیدا و ئەگەر هات)، دەبێت بە چاکی و بەڕێکوپێکی دەستبەرداری ببێت.

- تەلاقدان ئەگەر بەبێ هۆ و بەبێ بەهانەیەک بوو، ئەوا ناڕەوا و تاوانە، چونکە هەم پیاو و هەم ئافرەت تێیدا زەرەرمەند دەبن... پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ. رواه احمد. واتە: نە زیانت هەبێ و نە زیانیش بگەیەنە. واتە: دروست نییە بۆ قازانجی خۆت زیان بە کەس بگەیەنی و دروستیش نییە بەبێ هۆ زیان بگەیەنیت بە کەس!

- بە داخەوە... ئەمڕۆژانە دەبینین هەندێ لە پیاوان منەت لەو خوایە نازانن کە تەلاقی داوەتە دەستیان... بەهۆی بچووکترین هۆکارەوە یەکسەر تەلاقێکی پیا دەکێشن... ئیتر بیر لە ئەنجامەکەی ناکەنەوە... بیر لە ژن و منداڵەکانیان ناکەنەوە... بیر لە سوود و زیانی تەلاقدان ناکەنەوە...

- پیاوی وا هەیە لە کاتی کڕین و فرۆشتندا تەلاق دەخوا... ئەگەر بیەوێ کەسێک بباتەوە بۆ ماڵەوە تەلاق دەخوا... ئەگەر بیەوێ لەگەڵ کەسێکدا نەڕوا بۆ شوێنێک تەلاق دەخوا... ئەگەر تووڕەبێت تەلاق دەخوا... کورە هەندێک جار هەر بۆ خۆشی و گەمە و گاڵتە تەلاق دەخوا... تەلاقەکەی دەکەوێ... سەری شۆڕ دەکات و بەرەو ماڵ دەچێتەوە... ژنی داماو و هەژاریش لە ماڵەوە

چاوەڕێی مێردەکەیەتی بێتەوە... خۆی جوان ڕازاندووەتەوە... چێشتێکی خۆشی ئامادە کردووە...

پیاوی ناپیاویش پێی دەڵێ: ژنەکە تەڵاقێکم خواردووە و تەڵاقەکەم کەوتووە، بچۆرەوە بۆ ماڵی باوکت...

- جاری وا هەیە تووڕە دەبێت، ژنەکەی تەڵاق دەدا... دوایی زیر و هوڕی منداڵەکانی دەبیستێت پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ و پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام تازە پەشیمانی دادای نادات... پێشتر بیری لەو پەشیمانییە نەکردبوویەوە... بیری لە ئاکارە جوانەکانی ژنەکەی نەکردبوویەوە... بیری لە فرمێسکی منداڵەکانی نەکردبوویەوە...

- لە هەموو ئەوانەیش خراپتر ئەوەیە کە تەڵاق دەخوا و ئیمانێکی پتەوی نییە... کاتێ سەردانی مامۆستایەک دەکات و پێی دەڵێ: تەڵاقەکەت کەوتووە، یەکسەر پەنا بۆ مامۆستایەکی تر دەبات و قسەکە و شێوازی تەڵاقخواردنەکەی دەگۆڕێ و بە شێوەیەک دەڵێ، تەڵاقەکەی نەکەوتبێ، ئیتر قوورِ دەکات بەسەر خۆیدا و ئەو تۆزە ئیمانەی کە جاران هەیبوو، ئەویش سفر دەکاتەوە -خوا پەنا بدا- تاماوە بە حەرامی لەگەڵ ژنەکەیدا دەژی...

کاتێ لە خۆشەویستەکەت جیا دەبیتەوە...

- هەرگیز لە خۆشەویستی ژنەکەت پەشیمان مەبەوە، تەنانەت ئەگەر بیرەوەری تاڵیشت لەگەڵیدا هەبێ... کاتێ گوڵ سیس دەبێت و دەوەرێ و وشک دەبێت و بۆنەکەی نامێنێ... کاتێ جوانیەکەی تەواو دەبێت و تەنیا چەند لقی ڕەقوتەق و دڕکاوی دەمێنێ... ئەوەت لەبیر بێت کە ڕۆژانێک جوانی و بۆنی خۆشی بە تۆ بەخشیوە... ژنەکەیشت بە هەمان شێوە، سااڵنێک خۆشی و چێژی بە تۆ بەخشیوە...

- ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بڕیارت دا کە واز لە هاوبەشی ژیانت بێنی...

تیر مەدە لە دڵی، بریندارى مەکە، تووشی ئێش و ئازارى مەکە...

چەند خۆشە و چەندێ جوانە کاتە جوانەکان لەنێوانتاندا بمێنێتەوە...

- ئەگەر ڕۆژگار ئێوەی لە یەک کرد... با تەنیا هەستە ڕاستەقینەکانت بمێنێتەوە، بە خۆشەویستییەوە باسی بکە...

تەنیا باسی چاکەکانی بکە، باسی جوانییەکانی بکە...

سەردەمانێک ئەو دڵی خۆی بە تۆ بەخشیبوو، تۆیش گیانی خۆتت بەو بەخشیبوو...

دەی چی لە ژیانی مرۆڤدا هێندەی دڵ و گیان خۆشەویستە؟

- ئەگەر ڕۆژێک بە تەنیا دانیشتی، هەوڵ بدە بیرەوەرییە جوانەکانت وەبیر خۆت بێنیتەوە...

هەستە ناخۆشەکان لە خۆت دوور بخەرەوە... ئەو شتانە لە بیر خۆت بەرەوە کە ئێوەی لە یەک ترازان...

هەوڵ بدە هەموو ئەو قسە شیرین و جوانانەی کە لە ئەویندارەکەت بیستبوو وەبیر خۆتی بێنیتەوە...

هەمـوو ئـەو قسـە خـۆش و شـیرینانەی کـە بـۆ ئەویندارەکـەت کردبـوو وەبیـر خـۆت بێنـەوە...

هەمـوو وێنـە جوانەکانـی ئـەو کەسـە کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لەنێـو دڵـی تـۆدا لانـەی کردبـوو وەبیـر خـۆت بێنـەوە و لـە بیرگـەی خۆتـدا بیانپارێـزە...

بـزەی کاتـی خۆشـییەکانی، خەمـی کاتـی ناخۆشـییەکانت، هەمـوو ئەوانـەت لـە بیـر بێـت...

ئـەو هیوایـەی کـە لەنێوانتانـدا ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ گەورەتـر دەبـوو، لقوپۆپـی دادەکوتـی... ئەگەرچـی نەشـمابێت و مردبـێ، بـەڵام وەبیـر خۆتـی بهێنـەوە...

- ئەگـەر ڕۆژێـک لێیـان پرسـیت: کێـت خـۆش ویسـتووە؟ مەیشـارەوە... ڕاسـتییەکەی بڵـێ...

هەرگیـز هـەوڵ نـەدەی وێنـە جوانـەکان بشـێوێنی، تێکیـان بـدەی، بەڵکـوو هـەوڵ بـدە جوانتریـان بکـەی...

لەنێـو دڵـی خۆتـدا شـوێنێکی پـڕ نـهێنـی دابنـێ... نهێنییـەکان و چیرۆکەکانـی ئـەوی تیـا بپارێـزە...

خۆشەویسـتی و ئەوین پێش ئەوەی هەسـت بێت ئاکار و ڕەفتار و ئەخلاقـە...

هەرگیـز هـەوڵ مـەدە حیسـابەکەت سـاف بکەیتـەوە، هـەوڵ مـەدە تۆڵـە لـەو کەسـە بکەیتـەوە کـە خۆشـت ویسـتووە...

پاککردنـەوەی حیسـابەکان کاری بـازاڕی کەلوپەلـە، نـەک بـازاڕی ئەویـن و دڵـداری...

تۆلەکردنەوە کاری مرۆڤی گەورە و بەڕێز نییە... کاری مرۆڤە دڵ گەورەکان نییە...

زۆر هەڵەی ئەگەر بازاڕی دڵ وەک بازاڕی کەلوپەل بزانی، بازاڕی دڵ بازاڕێکە زۆر جودایە لەو بازاڕەی بە چاو دیارە...

- ئەگەر هەر پێویست بوو لە یەکتر جیا ببنەوە...

هیچ دەرگایەکی ئاشتەوایی بەجێمەهێڵە، هەموو ڕێگایەک بۆ ئاشتی بگرە بەر، ئێمە ئاتاجی چاوپۆشی و لێبووردەیین...

دوای لە یەکتر جیابوونەوە...

- زۆرێک لە گەنجان، بە تایبەت ئەوانەی تازە هاوسەرگیرییان کردووە، نازانن ئێش و ئازاری دوای جیابوونەوە چەندێ گەورە و بەژانە... ئەوەی کە دڵ داخ دەکات و گیان دەبژێنێ ئەوەیە کە ڕێژەی تەڵاقدان لە هەندێ وڵاتی عەرەبی گەیشتووە بە نیوەی ڕێژەی ماڕەبڕین و هاوسەرگیری، یانی لە سەدا پەنجای هاوسەرگیرییەکان بە تەڵاق هەڵدەوەشێتەوە...

- دکتۆر خالید مونیف، باسی ئەو دەردە دڵانە دەکات کە ئافرەتی تەڵاقدرا و دەیکات و دەڵێ:

لەنێوان بەیانی و ئێوارەدا کات دەگۆڕێ...

لەنێوان هاوسەرگیری و لەیەکجیابوونەوەدا مەودایەکی زۆر ئێش و ژان و چارەڕەشی هەیە...

لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دڵانێک نوستووە، چەندین هەنگاو کل بووە...

لەنێوان پێکەنین و خەفەتدا چەندین چرا خامۆش بووە و چەندین ڕۆح و گیان ئاوارە بووە...

ژن دەکەوێتە باوەشی ناخۆشی و ستەمەوە... ڕابردوویەکی خەماوی لە ناوی دەبا...

پاشماوەی هیواکان دەیفەوتێنێ... وەک داریک بە ڕاوەستاوی بمرێ...

ڕێگایەکی پڕ ئێش و ژان، ڕێگایەکە کە دەبێت بە ژێر پۆسالێ ستەمەوە...

مۆمەکان کوژاونەتەوە و خۆشییەکان لەناو براون...

بە شکاوی دەگەڕێتەوە... ئیسکەکانی لەژێر باری خەم و خەفەت چەمیونەتەوە...

فرمێسک بە خوڕ لە چاوەکانی دێتە خوار... بیرەوەرییە تاڵەکانی دێتەوە یاد...

لە دەست ستەم سکاڵایەتی، بە گریانی کاتەکان پێدەکەنێ...

جگە لە (ئاخ) هیچ شتێک و هیچ وشەیەک نییە هەستی خۆی پێ دەربڕێ...

سەری قورس بووە، هەناسەکانی پڕن لە بریـن، ئاوی ژیان لەنێو ڕەگەکانیدا وشک بووە...

دڵی بووە بە دوانگەی چیرۆکی پڕ لە کارەسات...

کێ ترپەی مانگ بێدەنگ دەکات؟ کێ تانە لە دڵی ڕۆژ دەدات؟

ئای خوایە... ئاخ بۆ ئەو گیانەی شەو تا بەیانی ئێشککگرە... بۆ ئەو دڵەی لە سەروو هێزی بەشەرە...

دیمەنەکانی دوێنێ دەتگرێنێ، یان ئێش و ژانی سبەی؟

ئەوە ئەو پارچە کاغەزەیە کە ناوی تەڵاقنامەیە، بووە بە گوریسی لەسێدارەدان... نیشتووەتە سەر ملی بێچارەیەکی بێئامان...

دەیخنکێنێ، نەک هەر خۆی، بەڵکوو هیواکانیشی...

دەیتاسێنێ... دەیکوژێنێ... دەیفەوتێنێ... دەیشکێنێ...

ئاگرێکە باخچەی خۆشی دەسووتێنێ... دەیکا بە خۆڵەمێش و تۆز...

هەر زمانە و تانە دەدا... کۆمەڵگەیە و بێدەنگ نابێت... هەر دڵی بەردین و ڕەقە... بێبەزەیی...

تەڵاقدرا... بۆ دەرکرا؟ چی کردبوو؟ بۆ خراپ بوو؟ نەیدەزانی ماڵ بەڕێکا؟ نا نا ئەو کەی ژنە...

وایدەزانـی بێوەژنـی مالێکـی بـاش و هێمنـە... خەتـای خـۆی بـوو... لێی نەزانـی... دەی بـۆ نەیخـوارد؟ بـۆ هاتـەوە؟

ئەو نازانێ دڵی مێرد و میوان و درواسێکانی ڕازی بکا... دەبخۆ بـە نۆشـی گیانت بێ...

دوانگـەی سـتەمکارییەکان لـەدوای تـەڵاق گـەورە و گـەورەتـرن...

سێڵاوی تۆمـەت و بوختان... وەک ڕەشـەبا گرفـە و لرفـە... هەمـوو شـتێ ڕادەماڵێ...

ئیتر خۆ هیچ کەسێ نالێ: یادێ لە باشییەکانی بکەن...

هەڵەکانـی وەکـو پەتـا بـە یـەک دوو ڕۆژ هەتـا ئەوسـەری دونیـا ڕاناوەسـتێ و دەگا بـە گوێـی کـەڕ و لاڵیـش...

چاوی برسی لێی دەڕوانن... تانە و تەشەر هێرش دێنن...

ڕق و ئێرەیی و بێدڵی وەکو کێوی بەر قۆچ و شاخانی دەدەن...

ئامۆژگاری پێش کۆتایی (١)

ژن وەکو زەوییەکی پاک و بە پیتە، پیاو دەتوانێ بە قسەی خۆش و جوان و بە دڵێکی پڕ لە میهرەبانی، تۆوی خۆشەویستی و ئەوین و سۆز و بەزەیی تیا بچێنێ...

هەرکەسێ تۆوی ئەوین بچێنێ سۆز و بەزەیی دەدووریتەوە... هەر کەسێکیش ڕەشەبا بچێنێ، دێوڵکە و گەردەلوول دەچێتێتەوە...

- پێش هەموو شتێک دڵی ژنەکەت بەدەست بهێنە... سەختە مرۆڤ بتوانێ لاشەیەکی بێدڵ بە دەست بێنێ... دەبێت سەرەتا دڵ بە دەست بێنێ، ئیتر لاشە خۆی شوێن دڵ دەکەوێ...

- ئەو شتانەی کە تایبەتن بە خۆت، تابەتن بە ڕۆشنبیریی خۆت... ئەوانە بە زۆر بەسەر ژنەکەتدا فەرز مەکە... بۆ نموونە ئەگەر تۆ گەردوونناسی، چاوەڕوانی ئەوە مەبە کە ژنەکەت وەک تۆ گرنگی بە ئەستێرە و کەلوو و بوورج و ئەو شتانە بدات...

- هەرگیز ژنەکەی لەگەڵ ژنێکی ناسراو یان خزمی خۆت کە تۆ بە کاری، یان بە ڕەوشتی سەرسامی، پێکەوە قیاس مەکە و بە پێودانگی ئەو ئەمیش مەپێوە... چاوەڕێ مەبە ژنەکەت ئەوان بکا بە سەرمەشقی خۆی و چاو لەوان بکات و خۆی وەک ئەوان پێ بکا...

- هەوڵ بدە ئەو شتانەی بۆ دابین بکەی کە ئەو هان دەدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری... هەوڵ بدە ژنەکەت سەرکەوتوو بێت... کەسێکی متمانەبەخۆ بێت...

- خوشکی بەڕێز... تۆیش هەرگیز بەرامبەر خۆشەویستی نێوان خەسووت و مێردەکەت، یان خەزوور و مێردەکەت، غیرە نەتگرێ... ژنی باش چۆن پێی خۆشە هەر سەرەتای ژیانی لەگەڵ مێردەکەیدا

به گوناه و تاوان دەست پێ بکا؟ چۆن دەیەوێ مێردەکەی لە دایک و باوکی بکات و نەهێڵێ ئەوانی خۆش بوێت؟

- کاتی خۆت زۆر بە فەیسبووک و ئەنتەرنێت و تەلەفۆن و قسەکردن لەگەڵ دەستەخوشکەکانت بە فیرۆ مەدە... زۆر خۆت بە ڕۆژنامە و شتی بێسوودەوە بە فیرۆ مەدە... هەم لە ئینتەرنێت و هەم لە ڕۆژنامە و کتێب و هەر شتێکی تر کە بەردەستە، هەوڵ بدە ئەوانەی کە یارمەتی ژیریی مرۆڤ و بەتوانابوونی مرۆڤ دەدەن، ئەوانە بەکار بێنە و بیخوێنەوە و سەیری بکە...

- مێردەکەت تێبگەیەنە کە تۆ لە هەموو هەست و سۆزێکی مێردەکەتدا بەشداری... کاری بکە ئەو هەست بکا کە لە بەهەشتێکی ئارامدایە... دەتوانێ بە ئارامی کار و داهێنانی خۆی بکات...

- ئەگەر لەنێوان ژن و مێرددا قسەی سەرەکی و یەکەم بۆ پیاوە، ئەوا بێگومان ژنیش بەرپرسە لە سەرکەوتن و گونجانی ژیانی هاوسەری... جا هەرچەندێ تۆ خوێنەوار و ڕۆشنبیر و زانا بیت، هەمیشە خۆت بدە پەنای مێردەکەت و دەمەقاڵێ و دیل و داوی لەگەڵدا مەکە...

- پارێزگاری لە ئیمان و بیروباوەڕی خۆت بکە... بە شێوەیەکە مەچۆرە دەرەوە شوێنێکت ڕووت بێت و خەڵک ببینێ... پیاوێک ڕەگی پیاوەتی لە لاشەیدا بێت پێی ناخۆشە پیاو و گەنج و کوڕگەل سەر و سینگ و بەرۆک و قاچوقوڵی ژنەکەی بە ڕووتی ببینن...

- کاتێ پیاو ژنێک دەهێنێ ئیتر وێنەی شیرینی ئەو ژنەی لە میشکیدا دەچەسپێ... پێی خۆشە بە دریژایی ژیانی ئەو وێنە شیرینە لە میشکیدا بمێنێتەوە... بۆیە تۆیش یارمەتی مێردەکەت بدە با بتوانێ ئەو وێنەیە بە شیرینی لە میشکیدا بهێڵێتەوە، وێنەکە تێک مەدە... مەیشێوێنە...

- پارێزگاری لە جوانی و کەشخەیی خۆت بکە... با هەم شێوە و هەم جموجوڵ و هەڵسوکەوتت جوان بن... قسەت شیرین و خۆش بێت... ئەگەر کەشخەیی پشتگوێ بخەی... هەڵسوکەوتت ناشیرین بکەی... قسەت تاڵ و ترش بکەی، ئەوا خۆت بە دەستی خۆت وێنە جوانەکەی نێو میشکی مێردەکەت شێواندووە و کردووتە بە وێنەی دێوەزمە...

- داوای شتێک لە مێردەکەت مەکە کە لە وزەیدا نەبێت... هەموو داواکارییەکانت بە جارێ کۆ مەکەرەوە، با مێردەکەت زەندەقی نەچێ و ڕا نەکا... ئەگەر سوور بووی لەسەر ئەوەی کە هەموو داواکارییەکان بە جارێک جێبەجێ بکات، ئەوا پێی ناکرێ و بە یەکجار هەمووی پشتگوێ دەخات...

ئامۆژگاری پێش کۆتایی (٢)

- با داواکارییەکانت لە سنووری توانای مێردەکەتدا بێت... پەندێکی پێشینان دەڵێ: گەر دەتەوێ لە گوێت بکرێ، شتێ بڵێ کە پێی بکرێ... دەبێت ژن و پیاو هەردووکیان ڕەچاوی بارودۆخی یەکتری بکەن... هەم ڕەچاوی شوێن و هەم ڕەچاوی کات...

- کەسی بەرامبەرت هان بدە بۆ ئەوەی داواکارییەکانت بۆ جێبەجێ بکات... ئەوەیشتان لە بیر نەچێ کە گوێڕایەڵی گوێڕایەڵی بەدوای خۆیدا دێنێ... ئەمڕۆ تۆ گوێڕایەڵ بیت، سبەی ئەو گوێڕایەڵ دەبێت... هەندێ پیاو ئەوەیان لە بیر نییە، یاخود لە بیری خۆیانی دەبەنەوە کە دەبێت مافەکانی ژن جێبەجێ بکەن و بە جوانی بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ بکەن... دەبێت ژن گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێت، پیاویش بە جوانی ژنەکەی بەخێو بکات و بە پێی توانا نەهێڵێ پەکی بۆ هیچ شتێ بکەوێ...

- لە هەموو کاتێک و هەموو شوێنێ، تۆ پێت خۆشە ژنەکەت چۆن بێت، تۆیش بەو جۆرە بە بۆ ژنەکەت... تۆ چیت پێخۆشە، ئەویش ئەوەی پێخۆشە... مەگەر نەتبیستووە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ البقرة: ٢٢٨ هەر وەک ئەرکی ژنانەیان لەسەر شانە، ژنەکانیش مافی ڕەوای خۆیان هەیە؟

- خۆتان لە پشتگوێخستنی جەستە یان سۆز و خۆشەویستی بپارێزن، چونکە کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن هەموو شتێکی جوانی نێوانتان دەکوژێ... لەوانەیە درەگا بە ڕووی زۆر کێشەی گەورەدا بکاتەوە...

- ئەزموونی قسەی خۆش و شیرین بەکار بێنن... لێو بەبزە و

خەندە بن... بەپێی پێویست گەپ و گاڵتە بکەن... ڕووگەش بن... ناوچاوگرژ مەبن... خەماوی و خەفەتاوی مەبن...

- هیچکامتان بەهۆی زانیاری زیاترەوە، یان بەهۆی خانەدانی ماڵە باوانەوە، یان بەهۆی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتەوە، ناز و فیز بەسەر ئەویتردا نەکات...

- لە پێگەکانی ئینتەرنێت و تیڤی و هەر شوێنێکی تر بەرنامەیەکی باش دەست دەکەوێ، ئەوا دەستی خۆتانی بخەن و تەماشای بکەن و ئاستی ڕۆشنبیری خۆتان ببەنە سەر... کاتی خۆتان بە دیار فیلم و دراماى بێسوود و خێزانێکدەر مەبەنە سەر...

- هانی یەکتر بدەن بۆ ئەوەی ئەگەر دەرفەت هەبوو لە دەرەوەی ماڵ هەندێ وەرزش بکەن، بۆ نموونە: پێکەوە بچن پیاسەیەک بکەن... هەوایەکی پاک هەڵمژن... بە دەم پیاسە و هەوای پاک هەڵمژینەوە قسەی خۆش و شۆخی و گاڵتەیش بکەن... لە سەروو ئەوانەیشەوە یادی خوای گەورە بکەنەوە و باسی دەسەڵات و گەورەیی خوا بکەن...

- هەرگیز باسی عەیبوعاری یەکتر مەکەن... ئەگەر لە شوێنێک یان کاتێ یەکێکتان شتێکی نەشیاوی لێ ڕوویدا، یان قسەیەکی بێمانای کرد، مەیدەنەوە بە ناوچاوی یەکتردا، بەڵکوو لە بیر خۆتانی ببەنەوە...

- تەماشای یەکتر بکەن بزانن چ سیفەت و ئاکارێکی جوانتان هەیە... ئەگەر ژن ئاکارێکی بەرز و پەسەندی هەبوو، با پیاو چاوی لێ بکات و ئەویش ئەو ئاکار و ڕەفتارە لە خۆیدا جێبەجێ بکات، بە پێچەوانەیشەوە ژن چاو لە پیاو بکات و ئاکارە بەرز و پەسەندەکانی لە خۆیدا بێنێتە دی...

- هێمنی و ئارامی ماڵەوە بپارێزن... تا دەتوانن خۆتان لە تووڕەبوون بپارێزن... تووڕەبوون سەرەتای دیل و داو و جەنگ

و ناخۆشییە... ئەگەر یەکێکتان هەڵەیەکتان کرد، با زوو دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و داوای لێبووردن بکات... بە دەم تووڕەیی و دڵ عاجزییەوە مەخەون...

- (چاویلکەی سپی) لە چاو بکەن... با هەموو شتێک بە جوانی و بە پاکی و بێگەردی ببینن... لەگەڵ یەکتردا بە گیانێکی بەخشندەییەوە ڕەفتار بکەن... چاوپۆشی لە هەڵەی یەکتر بکەن و لە یەکتر ببوورن... تۆ پێت خۆشە هاوسەرەکەت چۆن ڕەفتارت لەگەڵدا بکات، تۆیش ئاوا ڕەفتار لەگەڵ ئەودا بکە...

- کاکی بەڕێز... ئەگەر تۆ لە ژیاندا ڕاست و پاک بیت، بێگومان ژنەکەت لەگەڵ تۆدا ڕاست و پاک دەبێت... هەرگیز چاو بۆ کەسی بێگانە نەدەی... چاو بۆ خوشک و کچ و ژنی خەڵک نەدەی... نە لە ڕێگاوباندا، نە لە تیڤی و ئینتەرنێت و... وریا بە! فیلم و دراماى ئەمرۆژانە کێشەی گەورە گەورە لەنێوان خێزاندا دروست دەکەن...

- هەمیشە بە یەکتر بڵێن: خوای گەورە لەو دونیا لە بەهەشتدا بمانکاتەوە بە هاوسەری یەکتر... ئەو قسانە دڵی هاوسەر خۆش دەکات... پەیوەندی نێوانتان بەهێزتر دەکات... ئەوین و خۆشەویستی زیاتر دەکات...

- ئەوەتان لە بیردا بێت مااڵ شوێنێ ئارامی و هێمنی و ئاسایشە... شوێنی ئەوەیە هاوسەران ڕێز لە یەکتر بگرن... خواردنێکی تیابێت، ئیتر بە گوێرەی توانای ئەو خێزانە... جا ئەگەر مااڵێک هێمینی و خۆشی تیابوو، ئەگەر خواردنیان لەتێ نانی وشک و کەمێک ئاو بوو، زۆر باشترە لەو مااڵەی کە پڕە لە خواردنی خۆش و میوە و پێخۆری نایاب، بەاڵم هێمنی و ئارامی تیا نەبێ... پەندێکی کوردی دەڵێ: بێمااڵی باشە تا مااڵی پڕ دەنگ، بێکەوشی باشە هەتا کەوشی تەنگ.

***

شەوی ٧٢٨

پیاو ئاوا دەبێت...

پیاوێک خزمێکی خۆی هێنا... کچێکی بەئاکار و ڕەوشتبەرز و سەنگین...

خزمان هەموویان بەوەیان زانیبوو کە ئەم پیاوە زۆر ژنەکەی خۆی خۆش دەوێ، بەڵام سێ ساڵ تێپەڕی و منداڵیان نەبوو... ژنەکە زۆری بۆ پیاوەکە هێنا بۆ ئەوەی بچن بۆ لای پزیشک و پشکنین بکەن بزانن بۆچی منداڵیان نابێت؟

ڕۆیشتن بۆ نۆرینگەی پزیشکێک و دوای تاقیکردنەوە و پشکنین دەرکەوت ژنەکە توانای منداڵبوونی نییە و منداڵی نابێت...

کەسوکار ناڕاستەوخۆ و دواتر دایکی پیاوەکە ڕاستەوخۆ ئەوەی درکاند کە دەبێت ژنێکی تر بهێنێ بۆ ئەوەی ببێ بە باوک...

پیاوەکە پڕ ببوو... هەموو خزمان لە مااڵیان کۆ ببوونەوە، بە دەنگێکی پڕ لە متمانەییەوە وتی: ئێوە وا دەزانن ژنەکەم نەزۆکە؟ نەخێر، نەزۆکی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە توانای منداڵبوونی نییە، بەڵکوو ئەو کەسەیە توانای هەست و سۆزی ڕاستەقینەی نییە... ئەوین و خۆشەویستیی نییە... پاک و بێگەرد نییە... ژنەکەی من هەموو ڕۆژێک دەیان منداڵ بە من دەبەخشێ... من ئەوم خۆش دەوێ و ئەویش منی خۆش دەوێ... بۆیە ڕازیم نییە یەک جاری تر دەرگای ئەم باسە بکەنەوە...

ئەو نەزۆکییەی کە چاوەڕوان دەکرا ببێ بە سەرەتای لێکجیابوونەوە، بوو بە سەرەتای ئەوین و خۆشەویستییەکی نوێ و گەورەتر لە جاران... زۆر لە جاران زیاتر هۆگری یەک بوون... نۆ ساڵ تێپەڕی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم دوانە زیاتر یەکتریان

خۆش دەویست، بەڵام ئەوەندە هەبوو نیشانەی نەخۆشییەکی سەخت لە ژنەکەدا دەرکەوتبوو...

دوای سەردانی پزیشک و پشکنین دەرکەوت کە ژنەکە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە... ئەوەیشیان گوت کە بە گوێرەی زانستی پزیشکی تەمەنی درێژی ئەم ژنە پێنج ساڵی تر دەبێت... ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەخۆشییەکەیش سەختتر دەبێت و باشتر وایە لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە...

پیاوەکە ڕازی نەبوو کە ژنەکەی لە نەخۆشخانە بکەوێ، بەڵکوو وتی: هەموو ئامێرێکی پێویست دەکرم و دەیبەمەوە بۆ ماڵەوە و خۆم دەبمە پەرەستاری...

بۆ ئەو مەبەستە پیاوەکە خانمە پەرەستارێکی بە مانگانە گرت بۆ چاودێری ژنەکەی و خۆیشی لە فەرمانگە داوای مۆڵەتی کرد... بەڕێوەبەر ڕەزامەندی پیشان دا بۆ ئەوەی ڕۆژی لە دوو کاتژمێر زیاتر نەمێنێتەوە و بڕواتەوە بۆ لای ژنەکەی...

پیاوەکە خۆی خواردنی دەکرد بە دەمی ژنەکەیەوە... قسەی خۆشی بۆ دەکرد، دەیلاواندەوە، لە باوەشی دەگرت...

ژنەکە سندووقێکی بچووکی دا بە پەرەستارەکە و داوای لێکرد لای خۆی بیپارێزێ و دوای مردنی بیدات بە مێردەکەی...

ئێوارەیەک باری تەندروستی ژنەکە زیاتر بەرەو خراپی ڕۆیشت و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان کرد...

دوای تەواوبوونی پرسە و ماتەمینی پەرەستارەکە هات و سندوقە بچووکەکەی دا بە دەستی پیاوەکەوە...

دەبێت ئەو سندووقە چی تیابێت؟

شووشەیەکی خاڵیی بۆن...

وێنەیەکی یەکەم شەوی هاوسەرگیری...

زرێ و خوناوکەیەک...

نامەیەک...

شووشەکە شووشەی یەکەم بۆن بوو پیاوەکە بە دیاری بە ژنەکەی دابوو...

وێنەکە وێنەی شەوی زەماوەند بوو...

خوناوکەکە زیو بوو... لێی نووسرابوو (خۆشم دەوێی).

نامەکە نووسرابوو:

مێردی خۆشەویستم... خەم بۆ مردنی من مەخۆ، بەخوا ئەگەر جارێکی تر زیندوو ببمەوە و بێمەوە بۆ دونیا تاکە بژاردەم هەر تۆی، بەڵام تۆ شتێکت دەوێ و من شتێکی تر و خوای گەورەیش شتێک...

پیاوی ئازیزم... داوات لێ دەکەم دوای مردنی من هاوسەرگیری بکەیتەوە، چونکە ئیتر هیچ بیانوویەکت نەماوە... توخوا ئەگەر خوای گەورە کچی پێدای یەکەم کچت بە ناوی منەوە ناوی لێ بنێ... ئەوەیش بزانە من لە گۆڕیشدا غیرە لە ژنە نوێکەی تۆ دەکەم و خۆزگەی پێ دەخوازم.

دەبێت ژن ئاوا بێ (١)

کچێکی خواناسی لەخواترس، پاک و بێگەرد، تیشک و ڕۆشنایی خواپەرستی بە دەموچاویەوە دیار بوو... شەوانە درەنگانێک هەڵدەستا و شەونوێژی دەکرد... لەگەڵ خوای خۆیدا موناجات و گفتوگۆی دەکرد...

کوڕێک هات بۆ خوازبێنی ئەم کچە، پرسیار کرا و ترا: کوڕێکی باش و خواناسە، کچە ڕازی بوو... شووی پێ کرد... شەوی شایی نزیک بوویەوە... کچەکە ئەوەی بە مەرج گرت کە دەبێت هەموو شەوێک کاتژمێر دوانزەی شەو مێردەکەی لە مااڵدا بێت و لە دەرەوە نەمابێتەوە...

کچیان گواستەوە بۆ کوڕ... کاتژمێر نزیک دوانزە بوویەوە... کوڕەکە دەستی کچەکەی گرت و هەردووکیان بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتن...

کچەکە ڕۆیشتە ئەو ژوورەی کە لە مێژ بوو خەونی پێوە دەبینی و دەیەویست تێیدا خەونەکانی خۆی وەدی بێنێ... ئەوە مەنزڵ و ماڵی دوو ئەویندار بێت و پێکەوە شەوانە شەونوێژ بکەن و لەگەڵ خوای خۆیان گفتوگۆ بکەن...

کچەکە هەروا چاوی بەنێو ژوورەکەدا دەگێڕا، لەپڕ وەستا، چاوی بە شتێک کەوت، ئامێری عودی بینی، عودی موزیک، خەمبارییەک ڕووی کردە دڵی... هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا وتی: خوایە شوکرم بە بەشت...

خۆڕاگری هاوڕێی ئەم کچە بوو... دانایی ڕێکاری بوو... باشی لەگەڵ مێرددا بەرنامەی بوو...

کات وردە وردە تێدەپەڕێ... کات گەیشتە سێیەکی کۆتایی شەو... پیاوەکە دەستی کردە ملی ژنەکەی... خۆی پێ ڕانەگیرا و خەوی

لێکەوت، خەوێکی قوول... دوای ئەوەی پیاوەکە خەوی قوول بوویەوە، ژنەکە هەستا و بەرەو ژوانگەی خۆی کەوتە ڕێ، دەستی کرد بە شەونوێژ... دەتگوت گیانی بەرەو ئاسمان دەفڕێ...

پیاوەکە باسی خەوەکەی خۆی دەکات و دەڵێ:

خەوم لێکەوت، خەوێکی قوول... دوایی لەپڕ بەئاگا هاتم، تەماشا دەکەم ژنەکەم لە لا نییە... چاوم بە ژوورەکەدا گێڕا... هەستام و زۆر لەسەرخۆ دەجوولامەوە، نەکا ئەو بەئاگا بێتەوە، با بنوێ... کەچی لەنێو تاریکایی شەودا دەموچاوێکم بینی وەک چرا دەگڕا... ئەو لە سەر دووگردەکەی بوو، زۆر سەرم سووڕما... تەنانەت شەوی شایی و گواستنەوەی وازی لە شەونوێژ نەهێنا... لێی نزیک بوومەوە... ئەو کڕنوشی بردبوو... دوایی سەجدەی برد و لەگەڵ خوای خۆیدا کەوتە گفتوگۆ...

خوایە... ئەوە چ دیمەنێک بوو؟ دیمەنێکی زۆر سەیر... دیمەنێکی زۆر جوان... ئەوە جوانترین دیمەن بو لە ژیانمدا دیبێتم... ئەو هەرچەندە تازەبووک بوو، بەڵام ئەوینی خواناسی و شەونوێژی لەبیر نەچووبوو...

تا ئەو شەوە شتێک لە بیر و خەیاڵی مندا نەبووبێت یادی خوا بوو... هەمیشە خەریکی موزیک و دەهۆڵ و زووڕنا بووم... لەنێو کۆڕی گۆرانی و غەفڵەت و بێئاگاییدا بووم... ئەو بوو بە ژنێکی باش بۆ من... ژنێکی زۆر گەورە و مەزن... ئەو بووە هاوسەر و هاوخەم و هاوخۆشیی من... بزەی خستە سەر لێوی دڵم...

بە جوانترین شێوە پێشوازی لە من دەکرد... دیلی قسە جوانەکان و ئاکارە بەرزەکانی خۆیی کردم... بوومە یەخسیری ڕەفتارە باشەکانی... خۆشم دەوێ... زۆر خۆشم دەوێ... خۆشەویستییەک بە گیان و دڵ...

دەبێت ژن ئاوا بێت (٢)

شەوێک لەسەر بەزمی خۆم بووم... خەریکی مۆزیک و گۆرانی و سەما... ئاگام لە دونیا برا... کات لە دوانزە تێپەڕی...

کات گەیشتە ئەو کاتەی کە خوای میهرەبان نزا و پارانەوەی تیا ناگێڕێتەوە و هەمووی گیرا دەکات...

ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ... ماڵ تاریک بوو... چوومە ژوورەکەم... ژنەکەم دیار نەبوو، گەڕام بە دوایدا... لەپڕ گوێم لە دەنگێکی خۆش بوو قورئانی دەخوێندەوە... تا ئەو کاتە گوێم لە دەنگی ئەوەندە خۆش نەبووبوو... دەنگەکە لە شوێنێکی تاریکەوە دەهات... جوان سەرنجم دایە ئەو شوێنە... دەبینم هەردوو دەستی بەرز کردووەتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە... زۆر بەهیوا بووم نزایەکی خێرم بۆ بکات...

خوایە گیان چیم بیست؟ پێش ئەوەی دوعای خێر بۆ خۆی بکات، بۆ منی کرد... پێش ئەوەی داوای شتێک لە خوای گەورە بۆ خۆی بکات، داوای بۆ من کرد... لە خۆشیدا بزە گرتمی دواتر دام لە پرمەی گریان... هەستەکانم تێکەڵ ببوون... چاوەکانی دەبریسکانەوە، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە، بە کوڵ لە خوای گەورە دەپارایەوە ڕێنوێنی من بکات، بمخاتە سەر ڕێگای ڕاست... بە جار و دوو جار وازی نەهێنا... زۆر لە خوا پارایەوە... ناوە ناوە دەستی دەکردەوە بە گریان، دەنگی هەنیسک و قوڵپەی گریانی خەریک بوو بەندی دڵم بکا بە ئاو... دڵم کەوتە کوتەکوت... دەستەکانم دەلەرزین... لاقەکانم هێزیان تیا نەما... خەریک بوو لە شەرمدا ببمە تکێ ئاو...

ئەم هەمووە مانگ و ساڵە من لە کوێ بووم و خەریکی چی بووم؟ ئەم هەمووە مانگە کە من ببوومە شووی ئەم ژنە خۆڕاگر و ئیماندار و دڵسۆزە، من خەریکی چی بووم؟ ئەو بە ڕۆژ منی سەرپشک کردبوو کە بۆ کوێ دەچم و کەی دێمەوە، ئەو ئەوەی لە من ویست پێش دوانزەی شەو لە ماڵ بم... کەچی من زۆر دوای دوانزە دەهاتمەوە... بە تەنیا ئەوم لە ماڵەوە بەجێدەهێشت... بە تەنیا خەم و خەفەتی دەخوارد... بە تەنیا خەریکی خواپەرستی و لاڵە و کڕوزانەوە بوو... من درەنگانێک لە جەفەنگلێدان و کاوڵی بازی و شایی و لۆغانی خۆم دەهاتمەوە، کەچی ئەو هێشتا لەسەر بەرماڵی خواپەرستی بوو... لە خوا دەپارایەوە من بخاتە سەر ڕێگای ڕاست...

ئای دڵێک بە یادی خودا بژی و کوتەی بە ناوی خواوە بێت لە کوێ و دڵێ لە لای بەزموڕەزمی هەرزەکارانە و کاری بەد و بێفەڕ بێت لەکوێ؟

ئا لەو کاتەدا جگە لە گریان توانا و دەسەڵاتی هیچ شتێکی ترم نەبوو... سەرم کردبوو بە ناوگەڵمدا... فرمێسک خوڕخوڕ بە چاومدا دەهاتە خوار... دەتگوت هەرچی تاوان و خراپە هەیە دەیەوێ لە ڕێگای چاوەکانمەوە بێنە دەرەوە و بەجێم بێڵن... ئەوەندە گریام تا عەمباری ئاوی چاوم چۆڵبوو... ئەسرین و فرمێسکم نەما... نەمدەزانی خەفەت بۆ ئەوەی بخۆم کە خوای گەورە کەسێکی بەدفەڕی وەک منی بەو ژنە ئیماندارە داوە، یان دڵخۆش بم بەوەی کە خوا ژنێکی ئاوا خۆراگر و پاک و چاکی بە من داوە؟

ئەو ژنە زۆر ژنێکی سەیر بوو... هەر کاتێک دەچوومەوە بۆ ماڵەوە ئەو دەم بە بزە و پێکەنین بوو... بە بینینی من ئۆخژنی دەهات... هەمیشە لە سەڵات و پەراتی منداڵ بوو...

هەرجارێک لە مالّ دەچوومە دەرەوە خەم دایدەگرت و چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک و نزای خێری بۆ دەکردم...

زۆری پێنەچوو دەنگی سەلای نوێژی بەیانی لە مزگەوتەکانەوە بەرز بوونەوە...

ئاهێکم بە بەردا هاتەوە... دڵم وەک جاران تەنگ نەبوو، گوشاد و فراوان بوو... دەموچاوی ئەویش دەتگوت مانگی چواردەی چلەی هاوینە دەدەرەوشایەوە...

نوێژی بەیانیم کرد... هەرگیز نوێژێکی ئاوا بەتام و چێژم نەکردبوو...

خۆر هەلات... لەگەل بەیانییەکی نوێدا ڕۆح و گیانێکی تازەیش بۆ من دروست ببوو.

ئەم برا بەڕێزە لە سایەی خوای گەورەوە و بە هاوکاری ئەو ژنە پاکە ئیماندارەی تەوبەی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورە و میهرەبان و وازی لە تاوان هێنا... خوای گەورە دوعا و نزای ژنەکەی گیرا کرد...

ئەو ژنە چونکە ژنێکی باش و دامەزراو بوو... دڵی مێردەکەی ڕادەگرت و شەو و ڕۆژ لە خوای گەورە دەپاڕایەوە تا بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست، خوای گەورە دڵی نەشکاند و نزاکانی گیرا کرد...

دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک و بە دنەدانی ژنەکەی، ئەو برایە بوو بە بانگخوازێکی بەنێوبانگی شاری مەدینەی پێغەمبەری خوا (ص)...

هەموو جارێک دوای ئەوەی ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد، لە کۆتاییدا دەیگوت: مایەی شانازییە بۆ من کە خوای گەورە بەهۆی ژنەکەمەوە منی خستە سەر ڕێگای ڕاست...

❁❁❁

سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان... ڕۆژی ٥- ٤- ٢٠٢٠ لە کاتی کەرەنیتنەدا لێبوومەوە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە.

لە خوای گەورە و میهرەبان دەپاڕێمەوە لەبەر خاتری ناوە جوانەکان و سیفەتە بەرزەکانی خۆم و خزم و کەسوکار و دۆست و برادەران و هەموو مسوڵمانان بە تایبەتی کوردستان، لە هەموو جۆرێک دەرد و بەڵا و تاعوون و ڤایرۆس بپارێزێ و ئەم ڕۆژە ناخۆشانە بە خۆشی بشکێنێتەوە بۆ شوێنکەوتوانی پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ).

***

له لایەن پەیجی (بۆهاوسەران BoHawsaran
کراوە بە PDF بەهاوکاری چەناڵی تلگرامی
(تەنیاحاجی Tanya Haji)

چرپە

خەرمانێك لە نامۆژگاری بۆ هاوسەران

دکتۆر حسان شەمسی پاشا

وەرگێڕانی: نازاد عباس گلێجانی

چرپە

خەرمانێك لە ئامۆژگاری بۆ هاوسەران

ئەگەر ڕێز و خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێرددا نەما، ئیتر ئەو ماڵە وەک پاوانێکی مینڕێژکراوی لێ دێت...

مێرد دەبێت بە مێردەزمە... ژن دەبێت بە ژان... هەر زمانە و درێژ دەبێت... هەر دەنگە و بەرز دەبێتەوە... هەر وشەی تازە کوڕەی ڕەق و ناشیرینە لە کل دێتە دەرێ...

ژیانی ئەو ماڵە دەبێت بە دۆزەخ... دەی کەوایە هەتا ئەتوانن ڕێز لە یەکتری بگرن...

ئالای خۆشەویستی بەرز بکەنەوە، بەخوا خۆشەویستی چاکە و خێر نەبێت هەرگیز شتی خراپ لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت...

- ڕێز لە خزم و کەسوکاری یەکتر بگرن:

بۆ ئەوەی خۆشبەختی هەمیشە یار و یاوەرتان بێت، لەگەڵ کەسوکاری یەکتر باش بن و ڕێزیان بگرن...

زۆربەی کێشەی خێزانی لەوەوە سەر هەڵدەدا لایەک ڕێزی کەسوکاری لایەکەی تر ناگرێت... لەگەڵ خزم و کەسوکاری یەکتردا باش نین...

٩٠٠٠ هەزار دینار

ISBN: 978-9922-626-54-3

9 789922 626543

دار القلم
دمشق

زانین

07501269689
07511408868

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریك- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (١٦)